# مەملەکەتی عیشق



Pdf: ئاسۆز هەولێری

نوسینی ماکوان کەریم

ئێوارەیەك لەم سەفەرەمدا كە لە نەرویجەوە گەڕامەوە بۆ كوردستان ...لەگەڵ پێشرەوەی برام دوام لێكرد بڕۆین بۆ گەرەكی كۆنی خۆمان كە لەو گەڕەكەدا زۆربەی ژیانی لاوێتی و هەرزەكاریم بردبوە سەر ..
چۆین و لەبەردەم دەرگای ماڵەكۆنەكەی باپیرمدا ڕاوەستاین و بە پێشرەوم گووت با تۆزێك بوەستین .. دەرگای دراوسێكەی بەرانبەرمان كرایەوە .. لە پڕ ئەو كچە دەركەوت كە ساڵی ١٩٩٢ خۆشم دەویست .. خۆی هاتە دەرەوە و بەدوایدا ٣ منداڵ هاتن دوو كچو كوڕێك..
ناچار تەماشای ئاویێنەی سەیارەكەم كرد بە پێشرەوم گووت هێواش بڕۆ، هێواش هێواش ئەو دووردەكەوتەوە و بڕینی من قوڵتر دەبووە .. هەموو یادگاریەكانم دەهاتەوە بەرچاو .. چوومە ئەو سەردەمە یادگاریەكانی ساڵانی زوو وەك هەوور دایپۆشیم .. بیرم لەوە دەكردەوە كە ئەم كچە هاتنە گەڕەك وەك هەموو دراوسێیەكی ئاسایی چووین بەدەم باوكییەوە ماڵەكەمان لەگەڵ داگرتن .
بیرمە لەگەڵ هاوڕیەكەم بەناوی سەرباز هاتینە دەرەوە ووتی خەسرەو بەخوا كچە گەورەكەیان جوان بوو ..
ووتم بەخوا ناونجیەكەیان شاز بوو ..
من و سەرباز تەوزیعمان كرد كچە گەورەكەیان بۆ ئەو ناونجیەكەیش بۆ من ، گەڕەكی ئێمە هەموو خەڵكی ناوچەكانی پێنجوین و شارباژێربووین ، بەكورتو كرمانجی واتا هەموو عەشایەر بووین..
ئیتر بەگەڕەكدا بانگدارا .. كە كچە گەورەكەی كاك بەكر بۆ سەربازە ، ئەو ٤ ساڵ لە من گەورە تر بوو، ناوی ڕێزان بوو ، كچە ناوەندیەكەش كە ئەوسەردەمە دەمانگوت ناوەنجییەكە ناوی بەیان بۆ بەندە دانرا .،
ئەم دانرانە تەنها قسەی ناو كوڕانی گەڕەك بوو .. هیچ

.. پەیوەندی بە ئەو کچە فەقیرانەوە نەبوو
رۆژان رۆشتو من و سەرباز هەر باسی رێزان و بەیانمان دەکرد ، بەبێ ئەوەی ئەوان بەخۆیان بزانن ، دەجار شەرم کردوە لەسەر بەیان کە هیچ کورێکی گەرەك بۆی نەبوو .. باسیان بکات
سەربازیش بەهەمانشێوە ، رۆژێکیان بیرمە کەسێکی فیلباز هەبوو لە گەرەکەکەماندا ناوی سەردار بوو ، پێمان دەوت سەرەقەل ، هات بۆ لای من و سەرباز ووتی دووکورِی گەرەکی توی مەلیك فێر بوون بە مێبازی لەگەڵ ئەو کچانەی !.. بکردا ، عەیب ناکەن ئێوەش قوبولی دەکەن
ئیتر منیش شێت بووم ، وام دەزانی ژنی خۆمە، بەبێ ئەوەی بەیان بزانێت و من هیچ باسێکیشم نەکردبوو، سەرباز لە من خراپتر ، دووکورەکە هاتن بەگەرەکی ئێمەدا من و سەرباز رێگەمان پێگرتنو ووتمان بۆ دێن بەم گەرەکەدا ..؟
ئەوانیش ووتیان کاکە ئەمە زەوی خوایە ئارەزوی خۆمانە خۆ نەتانکرِیوە .. بەهەر حاڵ قسە لە من و قسە لەوان بوبەشەرو من ئەبو ئەڵقەم دەرهێنا و دوانمدا لەوان و ئەوانیش دەستی خۆیان وەشاند .. دوایش بۆمان دەرکەوت سەردار درۆی لەگەڵ کردووین ئەو دووکورە فەقیرە کاسب بوون بەدوای شتی ناومالدا دەگەران لە گەرەکاندا ، بەڵکو پارەیان باشتر لە سەردار ئەدا بە شت ئەویش شەرەکەی بە ئێمەکرد ، بەلام لەدوایدا چووین تێرو پرمان لە سەردار داو لەگەڵ . دووکورەکەی تردا بووین بە رەفیق
شەوانیش لەدووکانی پیاوێك کۆدەبینەوە و جاری وا هەبوو گۆرانی و قسەی خۆشومان دەکرد هەریەك لە ئێمە گۆرانی بەسەر خۆشەویستەکەی خۆیدا دەگووت ، ماوەی شەش مانگ بەم شێوەیە مایەوە من گۆرانیم بۆ بالای بەیان ئەگووت و سەربازیش بۆ رِیزان بەبێ ئەوەی ئەو کچە فەقیرانە ئاگایان

.. لەهیچ بێت
تەنانەت ناوەکەی وا رۆشتبوو.. ئیتر ئیحترامەن بۆ من و سەرباز کەس سەیری بەیانو ڕێزانی نەدەکرد ، ئێمەش تەماشای ئەو کچانەمان نەدەکرد کە کوڕانی گەرەک ووتبویان حەزمان لێیانە .. ئەو سەردەمش بە خۆشەویستەکانمان دەگوت دەنکەکانمان..
من بە سروشتی خۆم هارو هاج بووم نەمدەتوانی پێنج خولەك لە جێگایەکدا خۆم بگرم ، بەڵام لەگەرمای هاوینو سەرمای زستان وەك و دار چەقیبووم لەسەرئەوسەربانەی خۆماندا ، ئەوەندەش شەمن بووم، باپیرم داری کڕیبووبۆ زۆپای دار بۆ زستان ، ئەودەمە نەوت نەبوو ، بۆ خۆمەشغوڵ کردن دارەکانم لەمبەری سەربانە کە دەگواستەوە بۆ ئەوەبەری سەربانە، وابزانم زیاد لە چەند سەد جارێك ئەوکارەم کرد ، نەنکیشم هاتبووە سەربانەکە ئەیگوت هەتیو تۆ شتێکت شاردۆتەوە لە ژێر ئەم دارانەدا ، منیش هەر دەمگوت دایەگەورە گیان ئەگەر داری لە یەك جێگادا دابنرێت بۆ موسلەحکە خراپە ، ئەودەمە بە سەربانی کۆنکرێت دەگوترا موسلەح، تاماوەیەك قەناعەتم کرد بە دایە گەورەم ..
منیش هەمووبەیانیەك دەچووم بۆ نان کڕین ، بەڵام لەوکاتەوەی کە ئەوان هاتبوونە گەڕەك دەچووم بۆ نانەوا نانم دەهێناوە بۆ نەنکم و باپیرم ، پێش ئەوەی ئەوانیش بینە ئەوگەڕەکە بەشەق خەبەرم نەدەبووە ، باپیرم دەیگوت بەخوا خەسرەو بووە بە پیاو ئێستا ناهێڵێت ئێمە بچین بۆ نانەوا نان بێهێنین ..!
بەیانیەکایان - بەیان -هاتە دەرەوە بۆ مەکەتەب دەچوو ..
منیش بەبەردەم ماڵەکەیاندا هاتم و هەر ئەوەندە ووتی خەسرەو چۆنی.. !!؟
لەخۆشیدا نیو سەعات وەڵامی چۆنی وچاکیەکەیمدایەوە،

ئەگەر وەك تەجیل هەڵبکرایەتەوە ١٠٠ جار هەڵمدەکردوە ئەو چۆنی وچاکییە
منیش لە خۆشیدا ووتم نان نابیتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئێوەم هێناوە ، لەخۆشیدا هەموو نانەکەم دا بە بەیان و ئەویش سوپاسی کردم ..!
لەخوشیدا وام دەزانی هەموو دنیا هی خۆمە ، پارەشم پێنەبوو نانی تر بکڕم ، چونکە تەنها سێ کەس بووین من و نەنکم و باپیرم ، چوومەوە بۆ ماڵەوە ..
باپیرم ووتی کوا بۆ نانت نەهێناوە ؟
نەشم دەوێرا درۆ بکەم خاوەنی نانەواکە رەفیقی باپیرم بوو، بچوایە دەیگوت خەسرەو نانی هێناوە ، ناچار ووتم: هەندێك کەرم بینی بەڕەڵا کرابوون برسیان بوو نانەکەم دا بەکەرەکان ..
ئەو سەردەمەش کەری زۆر بەرەڵا بووبون لە شاری سلێمانی، منیش وویستم بیکەم بە پیاوەتی ووتم: بەزەیم بەوکەرانەدا نەهاتەوە قەیناکە لە رۆژانەکەی خۆم بیبڕن ، باپیرم ووتی: بەزاتی خوا ئەم کوڕە زۆر گۆڕاوە .. ئەی ئافەرم خەسرەوگیان، ئەو رۆژە ٧٥٠ فلسم وەرگرت روبعێکی زیاتر لە رۆژانی تری دامێ وەك پاداشت و خێرا ناردمی یەوە بۆ نانی تر.
ڕۆژێك کاوەی هاوڕیم بینی لەگەڵ کچێکدا قسەی دەکرد لەڕێگای مەکتەب دەگەڕاوە ، لەسەر جادەی مەکتەبی بنار .. منیش چووم بۆلای کاوە .. ووتم کاوە گیان بەقوربان بم فێرم بکە کە چۆن قسە لەگەڵ کچ بکەم ؟
کاوە ووتی : فێرت دەکەم ، بەڵام دەبێت تێکەڵەیەم بۆ بکڕیت ،. واتا مەحلەبی و شعرییە
ووتم بەسەر چاو بەس فێرم بکە، هەرتۆ تێکەڵ ..
کاوە فێری کردم .. ووتی بەیانی خۆت جوان بگۆڕە کە چوو

بۆ مەکەتەب لە ڕێگا بڵێ کچی باش بەیارمەتی .. بڵێ دەمەوێت پەیوەندیمان هەبێت و من هەموو شەوێك هەر بیرو خەیاڵم لای تۆیە .. حەز دەکەم پەیوەندی زیاترمان هەبێت بەیەکەوە، بڵێ نامەیەکیشم بۆ نوسیویت بەس لەبیرم چووە کاتیکی تر بۆ دێنم ، بۆ ئەوەی مەجالی تر دروست بکەیتەوە بۆ قسەکردن ئەگەر ئەو جارەش ڕازی نەبوو .

خۆم حازرکرد بۆ بەیانی کام جل و بەرگەی جوان بوو کردمە بەرم، ئەوبەیانیە ووتیان دەچیت بۆ نان، ووتم نا ئیشم هەیە ، خۆتان بچن من لەمەکتەب دەرسی زیادەمان هەیە دەڕۆم و دێمەوە با وانە کانم نەفەوتێ..

چوومە بەردەمی بەیان و ڕەفقێکی تری لەگەڵدا بوو ، بەس سوێند بەخوا هەمووگیانم ئەلەرزی .. هەناسەم سوار بووبوو لێوم ووشك بووبوو، دەتگوت دەچم بۆ لای فیرعەون و لەگەڵ فیرعەون قسە دەکەم، بەهەر حاڵ هاوڕێکەی بەیانی جێهێشتو و بەیانیش بە منی گووت فەرموو خەسرەو چیت دەوێت؟

ووتم ئەتوانم هەندێك قسە بەکەین بەیەکەوە ؟

بەیان : بەڵێ ئەتوانیت ئەی بۆ وا سور بویتەوە خەسرەو خۆ هیچ ڕووینەداوە ؟

خەسرەو: نەوەڵا بەس حەز دەکەم قسە بکەین بەیەکەوە ئەگەر مەجال هەیە؟

بەیان : بە دڵنیایەوە فەرموو ..

لەدوای ئەوەی بەیانییەك لەڕێگای قوتابخانە ڕێگام گرت لە
بەیان و داوای ئەوەم لێکرد کە قسە بکەین ..
بەیان زۆر بەسادەی ووتی فەرموو خەسرەو بۆ وا
سوربویتەوە بەم سەرما ..
ڕاستی دەکرد بەیانیەکی ساردی سلێمانی من هەموو گیانم
عارەق بوو لەڕاستیدا ئاو بە گیانما دەچۆری وەك ئەوەی
کرێکاری بکەم .. بەهەر حاڵ کەوتمە قسە لەگەڵ بەیان و
ڕاستەوخو بۆم باسکرد کە حەز دەکەم پەیوەندیەکی
خۆشەویستی لە نێوانماندا هە بێت ..؟
بەردەوام بەڕێگاوە قسەم بۆ دەکرد ووتم خۆشەویستی تۆ
وای لێکردووم ژیانمی هەموو تێکداوە ، ئیتر چارم نەماوە ،
هیچ توانام نەماوە بۆیە پێت دەڵێم بەیان زۆرمخۆش دەویت
، لە خۆشەویستی یەکی پاکیش هیچ داوایەکی ترم نیە لە تۆ
!.
ئەوەندە قسەم نەکرد نازانم چۆن بوو زۆری نەمابوو بگاتە ناو
قوتابخانەی بنار خواخوام بوو ئەو ڕێگایە بە ساڵێك
تەواوبێت ..
بەیان : ببورە خەسرەو ناتوانم !!
خەسرەو : بۆناتوانیت ، بەخوا لە تۆ زیاتر کەسم خۆشناویت
؟
بەیان وەڵامی دامەوە بەتوڕەیی ، ووتی خەسرەو ببورە من
ناتوانم لەگەڵ تۆ خۆشەویستی بکەم ، لەبەر ئەوەی من
لەگەڵ کەمال پەیوەندیم هەیە و نامەوێت خیانەت لە
پەیوەندی ئەو بکەم ..!
کەوای ووت خەریك بوو شێت بم .. ئەوەی لە ژیانمدا رقم
لێیبووە ئەو کەماله بووە زیاد لە دە جار شەڕم لەگەڵ کردوە ،
بۆ نەگبەتی باوکیش شەریکی باپیرم بوو ، دەچوون لە سەر
سنور چرای فانۆس و سێو بستەیان لەگەڵ کێك و نوقڵی

.. مینۆیان دەهێنا
هەستم دەکرد ئەژنۆکانم هێزیان نیە .. هیچم بۆ نەووترا ..
تەنها لەدەمم دەرچوو ووتم، جا توخوا کەماله هیچ پوچ
پیاوی ئەوەیە تۆ حەزی لی بکەیت لوسی وا چییە، بەخوا
!.. بێت بەلاتدا ئەی تۆپێنم
بەیان دەستی کرد بە پێکەنین و، ووتی : خەسرەو ئەی تۆ
بۆچی ناچیت بەلای خۆشەویستەکەی خۆت؟
.. منیش خێرا ووتم بەخوا خۆشەویستم نیە لە تۆ زیاتر
بەیان : ئەی نازانیت دالیا تۆی چەندە خۆش دەوێت ؟
دالیاش دراوسێی ئەوان بوو ماڵیان بە تەنیشت یەکترەوە بوو
!. بەرانبەری ماڵی باپیرم بوون هەردووکیان
!.. خەسرەو: دالیا ئەوەندەی بزانم دەنکی دانا یە
بەیان : نا - وانیە- ئەو شێتی تۆیە تەنانەت ووێنەی تۆشی
! کێشاوە .. لەماڵەوەهەڵیواس‌یوە بە بۆفیەکەیدا
لەڕاستیدا هەروەك چۆن لە نێوانی کوڕەکانی گەرەکدا
کچەکان دابەشکرابوون ، بەئارەزووی کوڕەکان ، هەروەها لە
نێوان کچانی گەرەکیشدا کوڕەکان دابەش کرابوون ، من
نەمزانیبوو کە دالیا حەزی لە منە ، منیش وا هەستم دەکرد
دالیا حەزی لە کوڕێکی ترە ناوی دانا بوو ، بەڵام وا دەرنەچوو
، لە هەمووی ناخۆشتر بۆ من ئەوە بوو دالیا خوشکی
سەربازی هاوڕێی خۆمە ، لەماڵیاندا چەند جار نانم خواردوە
..
بەیان جێیهێشتم و .. کاوە لە دوورەوە چاوەڕێ دەکردم.. بۆ
ئەوەی تێکەڵەی بۆ بکرم بەو بەیانیە زووە ، منیش لەگەڵ
داروبەردا شەڕدەکەم و خەفەتی کەماله لوسیش لەولاوە
..بوەستێت
کاوە بانگی کردم ووتی وەرە چی بووە ؟
منیش دەنگم بەرزکردوە بەسەریدا ووتم هەتیو بێت بەلامە

لاچۆ لەبەرچاوم ، کەلەت ئەتەقێنم ..!
کاوە: هەتیو تورە مەبە ..ئەگەر رازی نەبووە ، کیشە نیە هەر ڕازی دەکەم بۆت، یان درۆ دەکەیت بۆ ئەوەی تێکەڵکەم بۆ نەکرێت..؟
خەسرەو : کورە کەرە ئەوە دەڵێت حەزی لەیەکێکی ترە ، حەزی لە کەمالی شەریفە لوسە .. تۆ بۆ تێناگەیت..
کاوە : بەڕاستە
خەسرەو : نا بەچەپمە .. ؛ ئیتر لەسەر شۆستەی جادە ٣٠ مەتریەکە دانیشتم بەوبیانیە باران دەباری نم نم ..
کاوە : هەستە تەڕ دەبیت
خەسرەو : کاوە توخوا وازم لێبێنە ..
کاوە ڕۆشت و منیش بیرم دەکردوە ، خوایە بڕۆم لە کەمال بدەم و بڵێم نەچیت بەلای ئەوکچە، ووردە ووردە خۆشەویستی دالیا لە دڵم چەکەرەی دەکرد ، سینەمای خەیاڵم بوو بوو بە دووبەش ، بەشێکی لای بەیان بوو ، بەشێکی تریان دالیا داگیری کرد بوو..
نەمدەزانی چی بکەم ، دالیا زۆر لە بەیان جوانترو ناسک ترو منداڵ تریش بوو ، بەڵام دەمێك بوو لەگەڕەکەدا بوون تێکەڵ بووین و سەربازیش هاوڕێم بوو ، زۆر قورس بوو بەلامەوە ، سەربازیش کوڕێکی تا بڵێ ئازاو ڕەفیقی گیانی بەگیانی یەکتر بووین، چەندەها کاری سەیرو سەمەروە وشەڕو شەڕە گەڕەکمان کردوە، هەرگیز یەکترمان بەجێنەهێشتبوو لە خۆشی وناخۆشیدا ، هەندیك جار کە لەماڵەوە دەردەکرا ، یان من دەردەکارم جێگاو پەناگای یەکترمان لای یەکتری بوو ، دوووبەدوو هیچ کەس دەرقەتمان نەدەهات ، ئەگەر لێیانیشمان بخواردایە هەمیشە بەتاك تاك دەیانگرتین لێیان ئەدایـن ، دوایش دووبەدوو تۆڵەی خۆمان دەکردەوە .
چوومەوە بەرەوە ماڵەوە لەبەردەرگا - باوکی بەیان م بینی

سەیارەکەی ئیشی نەدەکرد ، ووتی ئا کاکە خەسرەو گیان پاڵێکم پێوە بنێ..؟
ئینجا وەرە ئەو دڵەت شەق نەبات ناچار ووتم بەسەر چاو وەستا بەکر گیان لەخزمەتام ، لادایەکی ١٩٧٧ پێبوو تا سوچی کۆڵانەکەی ئەوسەر پاڵم پێوەنا کەچی کە سەیارەکەی شۆر کردوە بەرەو مزگەوتی عەلی کەمال خواحافیزیشی لێنەکردم .. ئەو سەگ بابە ، هەزارو یەك جنێوی تریشم پێدا هاتمەوە بۆماڵەوە نەکم و باپیرم هەڵنەسابوون لەخەو ، باپیرم ووتی : ئەچی نان بێنیت : ووتم نەوەڵلا .. تاقەتم نیە ، لەبەر خۆیەوە باپیرم ووتی: کەرێتیەکەت سەری هەڵداوەتەوە ..!
خۆمکرد بە ناو جێگا لەداخا خەوتم : نەنکیشم هەڵینەساندم وایزانی بوو چووم بۆ مەکتەب ، کە خەبەرم بوویەوە سەعات ٢ دوای نیوەڕۆ بوو، سەرم قورس ئەو ماوەیە ماڵی نەنکم بە جێهیشت چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان بۆ لای دایکم ، ئیتر ئەوماوەیە تاقەتی چوون بۆ مەکەتەبیشم نەما، بۆ ئەوەی نەسوڕێمەوە دووکانێکیان بۆ دانام خەریکی فرۆشتی شتی ووشکە بووم .
کوڕانی گەڕەك هەر دەهاتن بۆلام بۆ دووکان دادەنیشتن .. منیش جاروبار دەچوومەوە بۆ ماڵی نەنکم جاروباریش تەماشایەکی ماڵی سەربازم دەکرد دەمگووت بزانم دالیا نابینم ..
جارێکیان بە سەربازم ووت هەرچیتان کردوە باتۆزێك لە کەمال بدەین ، بەهەر حاڵ لێدانەکەی کەمال سەرینەگرت ، کەمال لەبەر ئەوە رقمان لێ بوو ، چونکە پارتی بوون ، ئێمەش زۆربەمان یەکێتی بووین ، تازەش چووبوینە ناو یەکێتی ، پێشتر هەموو حسك بووین ، چونکە ئەوسەردەمە کاکە حەمەی حاجی مەحمود.. چووە ناو پارتی ئێمە لە

شانەکەی مام ئاراس هاتینە دەرەوە هەموو بووین بە یەکێتی، کە گەورەترین شانەی ئەو سەردەمەی حسك بوو لە سلێمانی کوڕێك سەرپەرشتی شانەی ڕێکسختنەکانی دەکردین ناوی کاك محمد بوو، بەهەرحال کە حسك چوونە ناو پارتی ئێمەش هەموو بوینە یەکێتی..

کات ڕۆشت و زەمەن هەمووومانی وەك چەقۆ دەبڕی شەڕی یەکێیتی و پارتی دەستیپێکرد ، سەرباز بووە لیوای تایبەت لای جەلالی عەلی مام قادر لە لیواکەی سالار عەزیز ، منیش چوومە ڕێکخستن لە کۆمیتەی سێ کاسبکاران لای عەبدوڵلای حاجی سەعید ..

بەداخەوە لەشەری ناوخۆ سەرباز کوژرا ، منیش ماوەی ڕابووردوبوو لەساڵی ١٩٩٢ باوکم کوژرابوو دوای دووساڵ، ئەوماوەیەش سەربازی هاورێشم کوژرا ،، ئیتر زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم ..

لە تەعزێکەی سەرباز دایکی سەرباز سەری خستبوە سەر شانی من و منی ماچ دەکرد هاواری دەکرد بەگریانەوە بۆنی سەرباز گیانت لیدێت .. منیش هەموو دەرونم ئەکوڵا ، دالیاش لەولاوە تەماشای دەکردم دەگریا .. بێجگە حاجی سەعیدی باوکی کە بەکوڵ بۆ سەرباز دەگریا .. منیش نەمدەزانی چۆن لەماڵە خۆم دەرباز بکەم ، بۆ حورمەتی سەرباز و خۆشەویستی دالیاش رۆژ بەرۆژ چەکەرەی دەکرد لەدڵما .

دیسان رۆژێك دالیا هات بۆ دووکان بۆ لام لەگەڵ دایکی بۆشتکرین هەندێك پێداویستی ماڵیان کری وەك برنج و رۆنو شەکر چاو ..هتد، ووتم برۆن خۆم دوای بۆتان دێنمەوە ، دایکی سەرباز ..سەبری خان.. ووتی شفتە دەکەم نان مەخۆ لای ئیمە نان بخۆ..؟

ووتم باشە..

چووم بۆماڵیان .. لەوێ دانیشتم لەگەڵ سەروەری برایاندا دانیشتبووین حاجی سەعید هاتوە ووتی دۆمینە بکەین یان کۆنکەن .. ووتم کامیانت پێخۆشە حاجی گیان لەخزمەتاندام ..

..دەستمان کرد بە کۆنکەن و تا درنگانێك
لە دوای ماڵئاوای سەروەر لەگەڵما هاتە دەرەوە خوا حافیزمان کرد .
هەندێك دوور کەوتمەوە دالیا بانگی کردم ووتی : کاك خەسروە وەرە بێ زەحمەت ، قوتوێك دۆشاوی بەدەستەوە بوو، نەمزانی چی دەڵێت هەندێك قسەی کرد لی تینەگیشتم، ... گەڕامەوە بۆلای دالیا
دالیا : بەیانی وەستا بەکر چی پێووتی ؟
!..خەسرەو: زۆر شتی جوانی پێووتم .. دەربارەی تۆ
دالیا: وەك چی
خەسرەو : لێرەدا ناکرێت بەیانی دۆشاوەکە بێهنەو بزانە چی
!.. کۆنتان هەیە لە نۆك و فاسۆلیا بیهێنە بۆت بگۆڕمەوە

لەدوای ئەوەی لەگەڵ دالیا بەڵێنمان دابە یەکتری کە لەدوکان ببیبینم، ماڵئاوایم لێ کرد...
ئەوشەوە لە ناو جێگادا بیرم لەوە دەکردەوە چی پێبڵێم ، تۆ بڵێیت خیانەت نەبێت بەرانبەر بە هاوڕێیەتی من و سەرباز -خوالێی خۆش بێت- ئەو شەوە وەك مریشکی برژاوم لێهاتبوو لە ناو جێگاکەمدا ، هەر ئەم دیواو دیوم دەکرد ..

ڕۆژ بوویەوە وەك پیشەی هەمیشەی بەیانیان دوکانم دەکردەوە ، ئەو بەیانیە زۆر سارد بوو .. عەلادینم داگرساند و ناو دوکانم گەرمکرد ، شریتێکی ماملێم خستە سەری و ووردە ووردە دەستم کرد بە کار ..

لە کاتژمێری ٨ ونیوی بەیانی بەجلی قوتابخانەوە .. بە قردێلەیەکی سوری جوانەوە خۆی کرد بە دوکاندا خۆم و هەموو دووکانەکە پێدەکەنین لەخۆشیدا، وامزانی قاچم بە سەر ئەرزەوە نیە نەمدەزانی چی بکەم لەخۆشیدا، لە هۆلیا ئەفشار دەچوو ..بەو سەرما چووم لای تەها دراوسێ دووکانم دوو ساردی ساردم هێنا ..خۆم گەرمام بوو بەوسەرما ووتم لەوانەیە ئەویش وابێت..!
نازی بەسەر منو چواردەوردا دەکرد.. نازی پێدەفرۆشتم ، بۆنی خۆشیو زەردەخەنەی لێویو لارولەنجەو نازکردنی ئەوەندەی تر جوانی کردبوو ..

دەستمانکرد بە قسە .. هەردوولا بەشەرمەوە ، وەك باوی لێهاتبوو ئەوە سەردەمە دەبوو هەریەك لە کوڕان کچان (دەنکێکیان ) خۆشەویستێکیان هەبێت..

لەنێوانی قەسەکانماندا هەردولا زوو پێدەکەنینو

نەشماندەزانی بۆچی پێدەکەنین . بەهەر حاڵ وەك پیشەی هەمیشەی دووخۆشەویست بەڵێنی ئەوەمان دابەیەکتر ، کە بۆ یەك بین یان بۆ گڵ بین ، هەرچەندە ئەم قسەیە لای من ئەو دەمەش هەر کلاسیکیانەبوو ، چونکە من دڵم شکا بوو لای بەیانەوە زۆر بڕوام بەو قسە نەبوو، وا ئێستا دالیا جێگای بەیانی گرتۆتەوە، لەوە خۆشتر ووێنەیەکی خۆمو خۆی دروست کردبوو بە قەڵەم رەساس تەنها سەرمان بوو، بەدیاری پێشکەشی کردم ، منیش شریتێکی گۆرانی کەمال محمدم پێشکە ش کرد ..

بەڵام دالیام زۆر خۆش دەویست .. رۆژ بەرۆژ خۆشەویستی لە دڵمادا زیادی دەکرد ، بڕیاری ئەوەشمان دا کە بەزووترین کات بچمە داوای ..

بەرنامەمان دانا کە هیچ نەبێت بڕە پارە کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ ئاهەنگ و شەکراو خواردنەوەکە وشتێکمان بەدەستەوە بێت و بۆ کەلەوپەلی ناوماڵیش هەندێك هەوڵی ترمدا ماوەی ساڵێك نزیکەی ٧ هەزار دیناری سویسریم کۆکردوە ، هەردوولامان خۆمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی کە بە کەسوکار بڵێن ..

داوام کرد لە دالیا کە بەدایکی بڵێت ، منیش بە نەنەکم دەڵێم ، بۆیە بەدایکی خۆمم نەدەگووت ، چونکە من هەر نەنکم وباپیرم بەخێویان کردبووم ، دەستمان کرد بەکارکردن لەپرۆسەکەدا ، ئەو بەدایکی ووتبوو، دایکیشی ووتبووی با قوتابخانە تەواو بکەیت، بەڵام دایکی بەئاسایی وەریگرتبوو تا ڕادەیەك پێیناخۆش نەبوو بوو .

منیش بە نەنکمم ووت : ئەویش هەر بەسادەی وەریگرت ووتی جارێ مندالّی ، باخانو مالّی خۆتت هەبێت ئینجا- ژن بهێنە ..

من زیاتر گرنگیم دا بە کارەکە لەگەڵ پاپیرم قسەم کرد ، ووتم ژن دێنم پارەکەم کۆکردۆتەوە ، ووتی باشە خۆشم شتێکت بۆ دەخەمە سەری .. بڕیار بوو باپیرم ٣ هەزار دیناری ترم بداتێ و بیکەین بە ١٠٠٠٠ دینارو دەست بکەم بە کرینی کەلوپەلی ناومالّ بڕیاردا باپیرم کە لەگەڵ خۆی بژیم و نەچمە دەرەوە لەمالّەکەدا، تا ڕادەیەك کارەکەم ئەوەندەی تر ئاسان بوو ، لەتەرەفی خۆمانەوە ، تەنها نەنکم نەبێت منجەمنجی بوو ، حەزی دەکرد ، کچێکی پوری خۆم بهێنم ..

لەداوایدا ئەویش رازی بوو ، نەنکم هەڵسا چوو قسەی کرد لەگەڵ سەبری خانی دایکی دالیا و بۆ ئەو کارە خێرە ، بەڵام وەزعەکە گۆڕا .. دایکی دالیا ووتی: ئێمە کچ نادەین بە خەسرەو ، خەسرەو کوڕی مالّەکەیەو برای دالیایە ، زۆر بەناشرینی وەڵامی نەنکمیان دابووەوە، بەسروشتی خۆشمان بنەمالّەی ئێمە زۆر عەشایەرین قسەمان نابێت بشکێت ، نەنکیشم هاتەوە ئاگر لە کونە لوتی دەهاتە دەرەوە ، بەجنێو قسەوە گەڕایەوە مالّەوە ، دەیگوت ١٠٠ ژنی ترت بۆ دێنم ئەو واووا لێکراوەت بۆ ناهێنم ، منیش زۆر بێتاقەت بوو ، نەمدەزانی هۆکار چییە وام دانابو شتەکان زۆر ئاسای دەڕوات ، هەمووکارەکان دێت بەدەستەوە ، بەڵام بەداخەوە سەد پلە گۆڕا.

دالیا دەنگی نەما .. تەنانەت نەدەچوو بۆ قوتابخانە .. حاجی سەعیدی باوکی بەهیچ شێوەیەك مەرحەبای منیان نەدەکرد ، لای من شتیان نەدەکڕی، زۆر سەیر بوو بەلامەوە..

نەبینیت، بەڵام ئەو نەیزانی عیشقی تۆ لە دڵمادایە نەك لەچاومدایە ..

من دڵم بە عیشقێك دابوو کە دەستی بەتاڵ بوو ، کە بۆ ئایندە و داهاتوی پارەی تەواوی نەبوو ، بەڵام نەیانزانی کە ئارەزوەکانی من نیگای چاوەکانتا بوو نەك لە دەستەکانتا .. ئێستا پەیمانەکەم جێبەجێ دەکەم یان تۆ یان مەرگ..

ئەگەر لەم ژووره بچمە دەرەوە ئیتر بۆ تۆ نابم ، نامەوێت لە جیاتی دەستە گەرمەکانی تۆ دەستی ساردی هیچ غەریبەیەك لە دەستمدابێت..

لێرەدا کۆتای پێدێنم ... ئیتر بۆ مردن ئیزن لە باوکم وەرناگرم ..! بەڵام خەسرەو خۆزگە لێرەبویاتەو دەتبینی ، کەرەنگی سوری خوێن لەگەڵ ڕەنگی سپی جلە بوکێنیەکانم چەندە جوان ڕێکەتون و چ تابلۆیەکیان نەخشاندوە ، ئازیزەکەم ئیتر توانای نوسینم نیە زۆر بیرت دەکەم، ئەمەویت بتبتنم ، دەستم ئەلەرزێت ، شێیوەی چاوە جوانەکانت لەبەرچاومە ، دەستتم بگرە با منیش لەگەڵت بێم .

لەدوای خوێندنەوەی نامەکە.. هەناسەم پێنەما بوو ، لە هۆش خۆم چووم ئاگام لە ژیان نەما ، ئەگەر مەرگ بە پارەبوایە ، هەموو سەروەتی خۆم پێئەدا لەوکاتەدا ، نە هەستم بە بوونی دەستم دەکرد تا خۆمی پێ لە ناوبەرم ، نە هەستم بەقاچم دەکرد تا خۆم هەڵبگریت ، نەمدەزانی چی بکەم ناچار لە هۆش خۆم چووم .. ئەوەندەم ئاگا لێبوو هاوارم دەکرد ...دالیا کوا ؟ کوا دالیاکەم ؟ چاوم لە باپیرم بوو هاواری دەکرد سەیارەیەك ئامادەکەن با کوڕەکە هیچی لێنەیەت .

هاوڕێکانم بە جێیان نەدەهێشتم ،باپیریشم لەدوورەوە
هەرچاودێری دەکردم ، نەیشیان دەهێشت هیچ جۆرە
چەکێکم لەبەر دەستدا بێت ..

ڕۆژێک باپیرم ناردمی بۆ هەولێر .. بۆ هەندێک کاری تایبەت
کە پەیوەندی هەبوو بە کاروباری کەسابەتەوە ، بەڵام
ناردنەکەی فێڵ بوو سێ ڕۆژ منی هێشتەوە لە هەولێر
هیچیشمان بۆ نەهاتبوو ، بەهەرحاڵ کە گەڕامەوە سلێمانی
دوای سێ ڕۆژ خوایە گیان کەس نەیبنێ ..
ئەوەیان بۆ گێڕامەوە دالیان بردوە بە بوکی بە جلی سپی
بووکێنیەوە، باسی ئەوەیان بۆ کردم کە زاوا کێ بووە و ئەوی
ڕوویدا بۆیان گێڕامەوە، باپیرم نامەیەکی دالیای دایە دەستم
لە نامەکەدا

نوسراوبوو ..

سڵاو ئازیزەکەم..
نامەت بۆ دەنوسم .. کۆتایی نامەی ژیانم
چونکە ئێرە ، کۆتایی ژیانمە..
خۆزگە منت بە جلی بوکێنیەوە بدیبایە ، چونکە ئارەزووت
بوو بە جلوبەرگی بووکێنیەوە بم بینی ..

خەسرەو گیان ؛ وا من دەڕۆم تابزانیت من لەسەر قسەی
خۆمم ... ئەبینی دووبارە توانیم قسەت لەگەڵ بکەم !، بەڵام
خۆزگە منیش گوێم لە قسەکانی تۆش بووایە .. وا من
ڕۆشتم، چونکە من سوێندم خوارد تۆش سوێندت خوارد
لەبیرتە ؟، خەسرەو تۆ لێرە نیت ، من جلی بوکێنیم لەبەردایە
ئەی تۆ لەکوێت ..

زاوای دڵم تۆی .. بۆ لەلام نیت ؟

خۆزگە لێرە بویتایەو بتبینابیە دالیاکەت چۆن چۆنی جلی
بوکێنیەکانی بەخوێنی دەمارەکانی بۆیەخ دەکات .. خۆزگە
لێرە بوویتایەو بتدیبایە دالیاکەت ، تا کۆتای لەسەر قسەی
خۆی بوو..
خەسرەو دالیەکت وادەڕوات ، تا بۆت بسەلمێنیت کە خۆشی
ئەوێت ..
ئێستا کە بەرچاوم ڕەش بووە، هەموو گیانم دەلەرزێت ،
ژیانم وەك درامایەك بە بەر چاومدا دێتو
دەڕوات ، ئەو ڕۆژەی کە ڕوانینم لە ڕوانیتا گرێدرا ، لەبیرتە ؟
ئەو ڕۆژەی کە دڵەکانمان لەرزی لەبیرتە ..؟

ڕۆژانی خۆشی عاشقیمانت لەبیرە ، پلانەکانی داهاتومانت
لەبیرە ، خەسرەو من لەبیرمە ، لەبیرمە چۆن گەورەکانمان کە
درۆیان دەکرد و پێیان دەوتین گوایە کە ئێمە هەموو ژیانی
ئەوانین ..!!
پێیان خستە سەر دڵمان ، لەبیرمە ئەوە ڕۆژەی کە
دایەگەورەت لە ماڵی ئێمە هاتەوە چەندە جنێوی دامێ ، هەر
لەبیرمە ئەو ڕۆژەی چووبویتە لای باوکم زلەیەکی لێدابوویت
، پێی ووتبویت ئیتر حەقی ئەوەت نیە ، ناوی کچی من
بهێنیت ، لەبیرمە ئەو ڕۆژ زۆر گیریام تۆ فرمێسکەکانت بۆ
پاکردمەوە ، ووتت کاتێك دەگریت چاوەکانت جوانتر دەبێت،
ووتت کە پێبکەنم.

خەسرەو ئێستا وەرە ببینە چاوەکانم جوان بوون ؟ یان زیاتر
بگریم ؟
ئەزانم کە باپیرت تۆی ناردوە بۆ شارێکی تر بۆ ئەوەی من

نەبینیت، بەڵام ئەو نەیزانی عیشقی تۆ لە دڵمادایە نەك
.. لەچاومدایە

من دڵم بە عیشقێك دابوو کە دەستی بەتاڵ بوو ، کە بۆ ئایندە
و داهاتوی پارەی تەواوی نەبوو ، بەڵام نەیانزانی کە
ئارەزوەکانی من نیگای چاوەکانتا بوو نەك لە دەستەکانتا ..
..ئێستا پەیمانەکەم جێبەجێ دەکەم یان تۆ یان مەرگ

ئەگەر لەم ژووره بچمە دەرەوە ئیتر بۆ تۆ نابم ، نامەوێت لە
جیاتی دەستە گەرمەکانی تۆ دەستی ساردی هیچ غەریبەیەك
..لە دەستمدابێت

لێرەدا کۆتای پێدێنم ... ئیتر بۆ مردن ئیزن لە باوکم وەرناگرم
..! بەڵام خەسرەو خۆزگە لێرەبویاتەو دەتبینی ، کەرەنگی
سوری خوێن لەگەڵ ڕەنگی سپی جلە بوکێنیەکانم چەندە
جوان ڕێکەتون و چ تابلۆیەکیان نەخشاندوە ، ئازیزەکەم ئیتر
توانای نوسینم نیە زۆر بیرت دەکەم، ئەمەویت بتبتنم ،
دەستم ئەلەرزێت ، شێیوەی چاوە جوانەکانت لەبەرچاومە ،
. دەستتم بگرە با منیش لەگەڵت بێم

لەدوای خوێندنەوەی نامەکە.. هەناسەم پێنەما بوو ، لە هۆش
خۆم چووم ئاگام لە ژیان نەما ، ئەگەر مەرگ بە پارەبوایە ،
هەموو سەروەتی خۆم پێئەدا لەوکاتەدا ، نە هەستم بە بوونی
دەستم دەکرد تا خۆمی پێ لە ناوبەرم ، نە هەستم بەقاچم
دەکرد تا خۆم هەڵبگریت ، نەمدەزانی چی بکەم ناچار لە
هۆش خۆم چووم .. ئەوەندەم ئاگا لێبوو هاوارم دەکرد
...دالیا کوا ؟ کوا دالیاکەم ؟ چاوم لە باپیرم بوو هاواری
. دەکرد سەیارەیەك ئامادەکەن با کوڕەکە هیچی لێنەیەت

ماوەی دوو ڕۆژ لە خستە خانە بووم ، دوای ئەوە هاتمەوە بۆ ماڵەوە ، هەموو لایەك دلنەوایان دەكردم ، رۆژان دەچوومە سەر قەبری دالیاو و پاشان قەبری باوكم و سەرباز و هەندێك هاوڕێ ترم .. ئیتر ئاشنایم لەگەڵ مردوەكاندا پەیدا كردبوو ، جاری وا هەبوو ، بە سەعات قسەم لەگەڵ كێلی كۆڕەكەی دالیادا دەكرد، هەستم دەكرد بوومەتە بەندەی گۆڕو خۆشەویستی ! ، هەستی ئەوەم بۆ دروست دەبوو كە زۆر عەیبە منیش خۆم نەكوژم ، تواناى دووكان بەڕێوەبردنیشم نەما بوو برایەكم دەیبرد بەڕیوە یان جوانتر بڵێم ..دووكانەكەم دایە ئەو هەر وازم لە دووكانداری هێنا، .. هەمیشە شەوان بیدار بووم بەرۆژیشدا خەتبووم

ئەو پارەیەشی هەمبوو.. هەمووم خەرج كرد ، بەشتی بێمەعنا .. شەوان دەچوومە نادی هێشوو لەوێ دەمخواردوە، ئیتر كەسێكی بەومەستم لێدەرچوو بوو ، هەمیشە حەزم بەشەڕ كردنو ئاژاوەگێڕی بوو ، شەو نەبوو لەگەڵ ئاسایشەكانی سەرادا نەی كەمە شەڕ، ئەوانیش لەبەر ئەوەی كوڕە شەهید بوو حوورمەتیان دەگرتم و جارو باریش . ناخۆشم دەكرد زیندانین دەكردم

ئەوە سەردەمە ئاواتە خواز بووم بەدەنگی گۆرانبێژێك بەناوی كاك مەحمود محمد یان مەحمود
دەرویش، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو گۆرانێبیژە بەڕیزە كە زیاتر لەناو خەڵكیدا بە (خولە دۆم ) ناسرابوو، وام لێهاتبوو بەتەواوی هۆگری دەنگی بووبوم، چەند جار دانیشت لەگەڵمدا تەنها ماقامی بۆ دەوتم ، ئەویش منی خۆش دەویست، دوای برایەكی خۆی پێناساندم بەناوی كاك ئەحمەد دەرویش، ئیتر هەرچی پارەم هەبوو سەرفم دەكرد لەگەڵ ئەوانەدا بۆ ئەوەی

شەوان بەمقام بملاوێننەوە هەرکەس ناوی دالیای بېردایە
. هەرچی لە گیرفانمدا بوایە ئەمدایە

شەوێکیان زۆر مەست بووم زۆرم خواردبووە ، بەدەم خۆمەوە مقامێکی حەمە جەزام دەگوت فرمێسکێش بەچاومدا دەهاتە خوارەوە ، شەو بوو دەوربەری کاتژمێر نۆی شەو.. بە پێ بە دەم گۆرانی ووتنەوە و سەرخۆشییەوە.. دەمەویست برۆم بۆ سەر قەبری دالیا، لەبیرمە ئەو کاتە لای غازەکەوە پەڕیمەوە بۆ مامەیارە لەونێواندەدا زۆر چۆڵ بوو ، ..دیسان ئارەزوی گۆرانی ووتم کردو هاوارم دەکرد

نا مەچۆ جوانێ مەچۆ واوە مەچۆ
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ
ئەو هەوەس بازانە جێی متمانە نین
هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین

دوای ئەوە دیسان دەستم کرد بە ووتنی ناڵەی جودایەکەی ..مامۆستا هیمن بە ساقی دەست پێدەکات .. هاوارم دەکرد

ساقییا! وا بادەوە, وا بادەوە
ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟
ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە

لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
بۆ کەسێکە مەی: چزیلکی پێوەنێ
!بۆچی ملهورِ لێرە بینی پێوەنێ؟
بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کارییە
بێخەمێک بیخواتەوە, زۆردارییە

ئاگام لێبوو پیاوێك لەدوورەوە رووە من هات ووتی: دانیشە
!.. مەرۆ دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم

.. منیش گۆڕانیەکەم بڕی و ووتم لەخزمەتاندام

هاتە لام پیاوێکی بەڕێزی تەمەن ٣٥ بۆ ٤٠ساڵێك دەبوو ،
تەوقەی لەگەڵ کردم ووتی بۆ کوێ دەچیت بەم شەوە وا
دەگریت و دەنگیشت ناخۆش نیە .. ئەو گۆرانیە خۆشە
.. دەڵێت، ووتی با هاوکاریت بکەم

منیش خۆم پێناساند ووتم ناوم خەسرەوە ئەوە ژیانی منە ،
ئەوی رووی دابوو بۆم باسکرد، عادەتەن سەرخۆش چەناباز
!.. دەبێت حەز بە قسە دەکات

هەناسەیەکی هەڵکێشا ..ووتی با برۆین بەیکەوە بۆ
سەرقەبران ؟

خەسرەو : لەخزمەتم فەرموو، بەس ناوی جەنابتان چییە
قوربان؟

ووتی : ناوم ڕزگارە و خەڵکی قەرادەخم و .. بەس کاك
خەسرەو هەست دەکەم تۆ سەرخۆشی و خواردوتەوە ،

چوون بۆ سەرقەبران حورمەتی خۆی هەیە ، مەرج نیە بێدەنگی لە مردوان دەبینی واتا خامۆشن، بەڵکو ئاگادارن ، دەبێت رێزی سەر گۆڕو قەبرەکان بگیرت، نابێت بەگۆرانی ووتن و لەش پیسی بچیتە سەر گۆڕستان لە کاتێکدا مردوەکان پێویستیان بە دووعای ئێمەیە، لەجیاتی خێریان بۆ بەرین ، کەچی وادەکەین خۆشمان ئەوانیش تووشی تاوان بکەین ، ئایا ئەمەت پێ ڕەوایە ..؟

منیش قسەکەیم بەهەند وەرگرت چونکە باوکم و دالیام زۆر خۆش دەویست ، بۆ ئەوەی خێریان پێبگات بڕیارمدا نەچم ، ووتم قسەکەت ڕاستە ، بەڵام کاك ڕزگار دڵم دەکوڵێت ، دیسانەوە بەدەم گریانێکی زۆرەوە هاوارم کرد چی بکەم ..؟

ڕزگار: مەم خەسرەو گیان بڕۆین بەیکەوە پیاسیەك بکەین، لەجیاتی ئەوەی بچیت بۆ گۆڕستان ؟
خەسرەو : بەڵێ بەخۆشحاڵیەوە لە خزمەتم مام رزگار بەڕێز ..

ڕزگار : بەرەو خوار بڕۆین یان بەرەو سەر ؟

خەسرەو: من هیچ ئیشم نیە ، بۆ کوێ دەڵێت دەڕۆین بۆ ئەوێ .

ڕزگار: دە کەواتە سەرو خوار دەبینەوە بۆلای گۆزەکان و سەیوان ، چونکە من توانای هەورازم نیە و بەپێکەنینەوە ووتی : پیربووم ..؟

خەسرەو: لەخزمەتاندام بەرەو خوار دەڕۆین ..

ڕزگار : خەسرەو ژیان ململانیەکی زۆر سەختە ، ئەگەر بەجدی بیگریت ئەتکوژێت و زوو لە ناو دەچیت ، پێویستە ئەوەندە ڕێزی ژیان بگیرێت تا ڕزگارت دەبێت لەدەستی، چونکە هیچ وەفاو پیاوەتی لە ژیان ناوەشێتەوە ، دەبێت لێبپچڕی ، چونکە ژیان وەستاوە ، ئێمەین دەڕۆینو جوڵاوین، دەنا هەمو شتەکان لە جێگای خۆیاندان ..!

باسی ئەوەی بۆ کردم کە باوکی پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندبوو هەمیشە بەڕێگای بەغدادوە بووە ، ئینجا بەردەوام بوو ووتی: دایکشم ئافرەتێك بوو زۆر گوێ نەئەداینێ ، بەکورتیو پوختی مەبەستم ئەوەیە کە دایکم بەهۆکاری سەفەری زۆری باوکم باش نەبوو لە رووی ئەخلاقییەوە . من لەلایان هەردووکیانەوە پەراوێز خرابووم ..

هیچ گرنگیەکم بەژیان نەبوو ، ڕۆژانە بەبەردەم دوو مەکتەبی کچاندا دەڕۆشتم کچێکم بینی زۆر لام جوان بوو ، هەموو ڕۆژێك دەچوومە بەردەم قوتابخانەکەیان و چاوەڕێم دەکرد تا دەهاتە دەرەوە ، هەموو لایەك لە قوتابیانی قوتابخانەکە زانیان کە من حەزم لەو کچیە.. رۆژێکیان کچکە خۆی هاتە لامو ووتی ئەو پارەیەت لێکەوتوە ، ڕاستی کرد خۆم بە ئارەزوو پارەکەم لە خۆم خستە خوارەوە، تا هەڵیبگرێتەوە ، ئەگەر بۆی هێنامەوە قسەی لەگەڵ دەکەم ئەگەر هەڵیش گرت بۆ خۆی ئەوە دزەو بەکەڵکی ئەوە نایەت خۆمی بۆ ماندوو بکەم ، بەڵام پارەکەی بۆ هێنامەوە .. دوای ئەوە یەکترمان ناسی ..

زانیم ئەم کچە دایك وباوکی نیە لای ئەنکو باپیر بەخێو دەکرێت ، ئەوانیش زۆر دەست کورتن ، ئەو ساڵە پارەی نەبوو

قەمسەڵەیەك بكرێت، من ڕۆژێکیان پارەم لە دایکم دزی چووم بۆم دا بە قەمسەڵەیەك ، زۆرجاریش.. پێشتر قەمسەڵەی خۆم ئەدایە بیکاتە بەری ، دوای ئەوەی کە گەرمی هاتەوە ڕۆژێکیان هات ماچێکی کردم ، تا یەك هەفتە وام .. دەزانی قاچم بەسەر زەوییەوە نیە

خۆشەویستیمان بەردەوام بوو.. تا ماوەیەك من لە زانکۆ دەوامم دەکرد ، ماوەیەکی زۆردیاری نەما .. هەواڵیان بۆ هێنام کە گوایە لەگەڵ کوڕێکی دەوڵەمەندا هاتوو چوو دەکات ، چووم بەدوای ئەو قسەیەدا هەستم کرد قسەکە ڕاستە ، وویستم بچم تۆڵە لە هەردووکیان بستێنم ، بەڵام کچێکی هاوڕێم لە زانکۆ ووتی: ڕزگار پەلە مەکە .. سایە .. نەنك و باپیر زۆر نەخۆش و پیرن ناچارە بۆ نەشتەرگەریەکی باپیری پێویستی بە ٤ هەزار دینارە ، بۆیە لەگەڵ ئەو کوڕەدایە پارەکەی لەو وەرگرتوە ، رووی نەبووە بە تۆ بڵێت زانیویەتی تۆش لەگەڵ باوکت قسەت نیەو توانای .پەیداکردنی ئەو پارەیەت نیە

منیش کە ئەوەم زانی سەنتورێکم هەبوو ، لەگەڵ تەجیلێك و هەندێك شتومەکی کارەبایی هەموویم فرۆشتو چووم ٥ هەزرا دینارم بۆ برد.. دام لە دەرگایماڵیانو هیچم نەووت .. پارەکەم دایە دەستی و گەڕامەوە

دیار بوو بەپارەکە کارەکەی چارەسەر کردبوو ، بەڵام هەر رووی نەبوو بێتەوە بۆ لام منیش نەدەچوم بەلایدا ، تا ڕۆژێکیان بینیم لە جێگایەکدا لەگەڵ ئەو کوڕەدا ە پێشتر بینبوومن ڕێگای پێگرتوە وازی لێناهێنێت، منیش بەپەلە ڕامکرد ، تۆزێکم کێشا بەو کوڕەدا تا پۆلیس هاتوو بڵاوەیان

پێکردین ، دوای ماوەیەکی تر بینیم ئەنکی وباپیر مردوە ..
لای مامی ماوەتەوە ، چووم بە دایکم باوکم گووت ئەوکچەم بۆ مارەکەن ، ئەوان ووتیان ئیمە حەقمان نیەو شتی وات بۆ ناکەین پەیوەندیمان نیە بەسەرتەوە ، ئامۆازیەکمم نارد، ڕازی بوون سایەم هێنا ، شەوی زەواجمان خۆشترین شەو ، وەك دەڵێن مانگی هەنگوینیمان بوو، دوو شەو بوو خێزانم بوو ، تەقەی خۆشی کرا و سایە فیشەکێکی وێلی بەرکەوت و لەوکاتەوە منیش سەرگەردانو وێڵم ..

منیش ئەم شەو لەسەر قەبری سایە گەڕامەوە کە تۆم بینی هاوار دەکەیت دالیاو گۆرانیت بەدەم گریانەوە دەگوت هەستم کرد هەردووکمان یەك دەردو ئازارمان هەیە.

دیسان بەقسەکانی هەردووکمان دەستمان کردوە بەگریان ، زوو زوو ڕزگار بەمنی دەگوت خواگەورەیە گوێمەدەرێ و منیش کە دەم بینی ئەو دەگری و زیاترە گریانی لەمن دەمگووت تەحەمولت بێت مامە رزگار گیان تەحەمولت بێت.

بەدەم گریانی هەردووکمانەوە سەیارەیەکی پۆلیس لای سەرکاریزەوە نزیك فولکەی ئاسۆ دەلاك وەستاو پرسی هیچ ..رووی نەداوە دەگرین

منیش تەحەمولم نەما دەستمکرد بە جنێودان ..
پۆلیسەکانیش دابەزین ، من خۆم داخم لەدڵ بوو ، توشی بەد مەستی بووبوم حەزم دەکرد لەدوای سەرخۆشیم هەمیشە شەڕێك بکەم ، مەستیەکەشم بەدوای بیانویەکی شەڕدا دەگەڕا ، ڕزگاریش ئەوەندە کوڕی چاك بوو ، هیچ بیانوی شەڕێکم لەگەڵ ئەو بۆ دروست نەبوو، تا خوای کردی داخی

دڵی خۆمم بە پۆلیسەکان ڕشت و ڕزگار نەیهیشت لێمبدەن
ووتی : کاکە ئەوە سەرخۆشەو ئینجا ئاگام لێبوو باسی وەزعی منی بۆکردن، منیش لەدوورەوە هەر جنێوم ئەدا .. تا ئەوان ڕۆشتن ، ڕزگار هاتەوە بۆ لام ، دەمەو بەیان بوو چووین بۆ سەروپێ خواردن بۆ ئەسحابە سپی ، بانگی بەیانیدا .. ڕزگار چوو بۆ نوێژکردن منیش تەکسیەکم گرت زۆرم خەو دەهات نەخواحافیزم کرد لەو نەهیچ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە .

نیوەڕۆ هەڵسام لەخەو سواری پاسەکانی هەوارە بەرزە بووم بەرەو بازاڕ بڕۆم .. کچێکم بینی لەناو پاسەکدا .. ڕێك دالیا.. ووتم : بڵێی خەو بێت ، چووم پارەکەم دایە سایەقەکەو جارێکی تر تەماشام کرد بڵێ دالیا بێت.. خۆ لەو دەچێت؟! بڕیارمدا دانەبەزم دوای بکەوم بزانم ئەمە ئەوە یان کەسێکی تره ..

لەدوای ئازارو نارەحەتی زۆر کە لەڕاستیدا بووبوومە بەندەی عیشق ، بەندایەتیم بۆ عیشق دەکرد ، ئەیبردم و ئەیهێنام بەئارەزوی خۆی ، وام لێهاتبوو بۆ عیشق دەژیام بۆ عیشق دەمردم کەی بیوستایە دەیخستمە گریان.. کەی بیوستایە دەیخستمە خەیاڵ، کەی بیوستایە جگەرەی پێدەکێشام ، مەشروبی پێدەخواردمەوە .. بەندەیەکی زۆر ملکەچی عیشق بووم، هەرگیز بێگوییم نەدەکرد ، لە سیحرو جادوو خراپتر بوو، ئەوی بیویستایە دەیکرد لێم .. هەستم دەکرد من بەتەواوەتی بەندایەتی بۆ عیشق دەکەم، بۆ وام لێهاتووە نازانم .. ژیانم بەتەواوەتی تێکچوە دوای داليا .

شەوان هەمیشە بیدارم ، رۆژیش کفت و مەلول ، تەنانەت کەسو کارەکەی خۆشم لێم بێزار بووبون ، نە باپیر نە نەنك مەرحەبایان نە دەکردم... چارەشم نەبوو ، هەر ئەوەندە دەمتوانی بیربکەمەوە، عیشق بۆ خۆی بردبووم ..

دوای نیوەڕۆیەك سواری پاس بووم بۆ ناوبازاڕ زۆر بێزارو بیتاقەت بووم ، لەناو پاسەکاندا کچێکم بینی سیماو باڵای داليا بوو ، دیسان چومەوە بۆ پارە دان بە شۆفێرەکە تەماشام کرد سیمای کتو مت ئەوە .. بڕیارمدا دانەبەزم لە پاسەکە تا ئەو دادەبەزێت .

کچکە دابەزی .. بە هێمنی و بێ ئەوەی بزانێت شوێنی کەوتم تا خۆی کرد بە زانکۆی سلێمانیدا .. وەستام هەر نەڕۆشتم ، تا هاتە دەرەوە و لە لای عەرەبانەی خستەخانەکان وەستا بووم جگرە لەسەر جگەرە دەمکێشا ....!

هاتە دەرەوە شوێنی کەوتم تا گەڕایەوە بۆ هەوارەبەرزە

تاخۆی کرد بە ماڵێکدا، دەست نیشانی ماڵەکەیانم کرد ،
..گەڕامەوە زانیم ئەم کچە زۆر لەدالیا دەچێت

شەوان نزیکی ماڵیان دەبوومەوە، بەڵکو- بێتە دەرەوە سەبوریەکم بۆ بێت، کاتەکانی کە دەچوو بۆ زانکۆ دەمزانی هەمووکات شوێنی دەکەوتم ببوە پیشەی هەمیشەیم هەستم دەکرد خۆشی باش دەزانێت، کوڕێکی پورزام لە زانکۆ بوو ووتم کچێکی لەو شێوەیە لە ناو زانکۆدایە دەیانسی ؟
.. ئەویش ووتی هەواڵت بۆ دەپرسم

ماوەیەکی پێچوو ، ئەو کوڕەی پورزام هەواڵی بۆ هێنامەوە ، کە ئەمە کچی پیاوێکی دەوڵەمەندە براکانی هەموو لەکەندان و ماوەیەکی زۆر لەکەندا بووە ، بەڵام ماوەی دووساڵێکە هاتۆتەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ باوك و دایکی گەڕاوەتەوە ، کچەکە ناوی سۆما یە .. بەڵام ئەوە ماوەی ساڵێکە لە زانکۆیە لەگەڵ هیچ کوڕێکدا نەبووە ، لەگەڵ کەسیش ناگەڕێت ....!

تەنها لەگەڵ چەند کچێك لە کافتریای زانکۆ دادەنیشن، کچەکانیش یەکێکیان پێنجوێنییە خزمی خۆمانە ..!

زۆر خۆشحاڵ بووم کە ناویم زانی و کەسێکی نزیکی خۆشمان هاوڕیەتی، پرسیم کچە پێنجوێنیکە کییە؟ ..پی ووتم کە کێیە ..

تۆزێك ژیانم گۆڕایەوە و گرنگیم دایەوە بەخۆم و بە جلو بەرگو سەرو سیمام ..

ڕۆژێکیان ئەو کچە پێنجوێنیەم بینی و ناوی خۆمم پێگووت

و که ووتم من و بەڕێزت خزمین و جەنابتان وەك خوشکی بەڕێزی خۆمن، ئەم کارە بۆیە بەجەنابت دەڵێم دەزانم دڵسۆزانە دەیکەیت ، بەرێزتانم هەڵبژاردوە ..

ووتی بەڵێ کاك خەسرەو من تۆ خزمین، ئەوەی بە من بکرێت لەخزمەتاندام و درێغی ناکەم ..
ئەوکچە ناوی سروە بوو ..

خەسرەو : سروەی خوشکم کچێك لە زانکۆیە لای ئێوە دەمەوێت بیناسم و تەعاروفێك بکەین بەیکەوە ..

سروە : زانی و راستەوخو پی ووتم : راستەکەی کاك خەسرەو زۆر لە دالیا دەچێت، خوا عەفوی بکات !!

هەناسەم : سوار بوویەوە چاوم پڕبوو لە گریان ، هەستم کرد زۆر خائینو خراپەکارم کەسێك بۆ خاتری من خۆی کوشت ، کەچی وا من بەدوای کەسێکی ترەوەم .. قورگم پڕبوولە گریان و سرەوەم بەجێهیشت ، لەلایەکەوە تەریق دەبومەوە ، لەلایەکی تریشەوە دڵم سوتا بوو بۆ دالیا.
چوومەوە بۆماڵەوە ..تاماوەیەك وازم لەو مەوزوعەش هێنا ، بەڵام ژیانم گۆڕانکاریەکی تری بەسەردا هات ..

١٠٠٠ دینارم هەبوو ، بیرم لەوە کردەوە ، کە هیچ نەبێت دەست بکەمەوە بە کارو کاسبیەك ، باپیرشم قسەی لەگەڵ نەدەکردم لەبەر ئەوەی هەمیشە سەرخۆش بووم ، نەك باپیرم کەس لە خانەوادەکەماندا روویەکی خۆشی نە ئەدەمێ تەنها نەنکم نەبێت جاروبار نازی دەکێشام ، بەڵام ئەویش ئەوەندەی قسە دەکرد و جنێوی پێئەدام بەناوی

.. ئامۆژگارییەوە تاقەتم نەبوو گوێ بۆئەویش بگرم

چووم بۆ لای کوڕێکی ڕەفیقم ناوی کەمەران بوو ، ووتم کەمەرانی برام دەمەوێت کاسبیەك بکەم و هەزاردنیاریشم هەیە ، ووتی ئەتوانیت هەزار دنیاری تر پەیدا بکەیت بیکەیت بە دووهەزار ، جێگا مێزێکت بۆ بکڕم لە قاچاغچیەکان ..؟!

ووتم : هەوڵ ئەدەم ، چووم بۆ لای نەنکەم ووتم هەزار دینارم بدەرێ بە قەرز بۆ کاسبیم دەوێت ؟
نەکم ووتی : نادەمێ ئەیدەی بە گو دەیخۆیتەوە بڕوات پێناکەم ..!

..توڕە بووم نەمویست بەجێمهێشت

چووم بۆ لای باپیرم: ئەویش نەیدەمی و ووتی نیمە ..!

چووم بۆ لای دایکی خۆم هەر دەریکردم ..!

ناچار چوومەوە بۆ لای کامەران ووتم: کامە گیان شك نابەم ئەو هەزارەم هەیە ..

ووتی: با مێزێکت بۆ بکڕم لە بەر مزگەوتی گەورە ئەویش باشە بە ٥٠٠ بۆ ٧٠٠ دینارە ..
ووتم: بیکڕە ..

لەڕاستیدا کڕیو ٣٠٠ دینارەکەشم کرد بە دەست مایە، چووم بۆ قەیسەری نەقیب و بازاری سۆران دامە هەندێك کەلو پەلو لەسەر مێزەکە داماناو دەستم کردوە بەکەسابەت ..

ئیتر ڕۆژانە شتم دەفرۆشت و دەمکڕییەوە دەست مایە کەم زۆر بوو ، دەچومەوە خێرا شتم دەکڕی لە جوملە فرۆشەکان ، وورده وورده دەوڵەمەند بوومەوە ماوەی شەش مانگێك بەردەوام بووم ، باپیرم زۆر بەزەی بەمندا هاتووە سیقەو متمانەم پەیدا کردوە .. ئینجا بڕوایان کرد کە کارەکەم بە جدی و مەشروبو کاری شەوانم تەرك کردوە مەگەر زۆر بە موناسەبەت بخۆمەوە، بەهەر حاڵ ئیشەکەم گەروەترکردو ، لەناوەدا دوکانی تیدابوو تازە دروست دەکرا قەیسەری نوی بوون دەستم کرد بە دوکان کڕینو فرۆشتن ، باپیرم ٥ هەزاردیناری دامێ و دایکیشم ١٠ هەزارو نەنیکیشم ٣ هەزار دینارو ئیتر دەست مایەی باشم هەبوو .. خۆشم لەقازانجی .. کڕینو فرۆشتن ، پارەی باشم دەست کەوت

ماوەیەکی پێچوو.. سروە هات بۆ لام هەندێك شتی کڕی لە لام و ووتی: کاك خەسرەو ببورە ئەو ڕۆژە زۆر بێزارم کردی .. بەڵام بەو خوایە لەبیرم نەچۆتەوە ، بە سۆما و گووت کە تۆ هەواڵت پرسیوە ئەویش یەکسەر ووتی دەزانم کێیەو، ئەوکەسە دوام کەتووە ، لەم ڕۆژانەدا ئەویش هەواڵی تۆی پرسی ووتی بۆ دیار نەماوە ..!؟

منیش لەخۆشیدا هەموو شتێکم بیرچووە ، دیسانەوە خەیاڵم چووە بۆ لای سۆما و بە سروە م ووت ، مەمنون دەبم ژوانێکمان بۆ ساز بکەی؟

سروە : باشە پێ دەڵێم .. چی کڕیبوو سروە هیچم لێنەسەند !..پارە بۆ ئەوەی بێتەوە

چەند ڕۆژێکی پێچوو.. سروە وسۆما هاتنە بەردەمی

!.. مێزەکەم

کەخۆشیدا وامزانی هەموو دنیا هی خۆمە، لەخۆشیدا خولم دەخوارد ەدەوری خۆمدا .. سرەو خۆی مەشغوڵکرد بە شتەوە سۆمای بۆ من بە جێهیشت ، منیش ووتم ڕاستەوخۆ سۆما.. تۆ لە ئازیزێکی من دەچیت ، ئەمەی بۆت باس دەکەم دراماو .. شتی وانیە واقیعە و درۆش ناکەم

ئەویش ڕاستەوخۆ ووتی: خەسرەو ڕاستدەکەیت ، سرەوە بۆی گێراومەتەوە ، بەڵام حەز دەکەم هاوڕێ بین .. بیر لە هیچی تر مەکەرەوە ، دەتوانیت بێت بۆماڵمان بۆ لای دایکم !.. و باوکم بەوانت دەناسێنم

ئیشەکەیم زۆر بەدڵ نەبوو ، چوونم بۆ ماڵیان بۆ لای دایک و باوکی زۆر قورس بوو بۆ من و ئەو کلتورە لەوسەردەمەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو ، بۆیە ووتم نا - هەر حەز دەکەم جارو بار بەیەکەوە پیاسەیەك بکەین ؟

سۆما : زۆر باشە، کەی وویستی ئەوە تەلەفونی ماڵی ئێمەیە !..تەلەفون بکەو ئاگادارم بکەرەوە
خەسرەو: ئاسایە تەلەفونت بۆ بکەم ؟

. سۆما : بەڵێ بەڵێ.. زۆر ئاساییە

خەسرەو: مەبدەئی.. ڕۆژی جومعە دەچین بۆ پشو.. نانێک ..دەخۆین ؟ ئێستاش ئەو چێشتخانەیە ماوە لە سلیمانی

سۆما : خۆشحاڵ دەبم

سۆما : خۆشحاڵ دەبم

.. ماڵئاوایان کرد

لەدڵی خۆمدا ووتم ئەم ئافرەتە چەندە ئاسانە .. زوو هات بەدەستەوە ، زۆر ئازایانە قسەی کرد و هیچ سانسۆریك نەبوو ، بەهەر حال تۆزێك بەکەم هاتە بەرچاوم ، چونکە ئەودەمە ئافرەت تا رەفزی شتی بکردایە لەبەردەم کوڕدا خۆشەویست تر دەبوو، دواییش خۆم پاساوی ئەوەم هێنایەوە کە لە کەندا پەروەردە بووە حەتەمەن بۆیە ئاسانە..!

چەند جومعەمان بەڕێکرد ، دەرۆشتین بیکەوە بۆ هەموو جێگایەك، دیاریام بۆ یەکتر دەکڕی ، وامان لێهاتبوو ، هەموو کەس دەیزانی یەکترمان خۆش دەوێت ، تەنانەت رۆژێك باپیرم ئامۆژگاری کردم ، وایزانی کاری قۆڕدەکەم ، ووتی : ئاگات لەشەرەفو حورمەتی خەڵکی بێت خۆت خاوەنی خوشکو دایکی ..!؟

منیش عەرزمکرد : ئیشی خراپ لە من نابینیت بەس ئەو کچەکم خۆش دەوێت ..
تورەبوو باپیرم ووتی ئەگەر خۆشت دەوێت ئەوە پارە و ئەوە ماڵ چیت دەوێت بۆ دەکەم و بیهێنە ؟

ووتم: باشە ، بەڵام ئەو دەڵیت : تەنها وەك هاوڕێ دەبین -

باپیرم ووتی پێبڵێ ،، دەمەویت بتهێنم و کۆتای پێبینە بەم چونە دەرەوەیەتان بۆ خۆتو خانەوادەی هەردوولا جوان نیە ..!؟

خۆشەویستی تەواو لە نێوانی منو سۆمادا دەستی پێکردبوو ، هەمیشە خەمێکم دەبینی لەناوچاوی ئەوەیشدا .. بەڵام هیچی نەدەگووت ، لە کۆتایدا ووتم سۆما دێمە داوات و دێمە خزمەت مامۆستا جەمالی باوکت ؟

رازی بوو .. بەڵام هەستم کرد دڵم ناشکێنێت دەنا نابەدڵ بوو رازی بوونەکەی !!
دوو شەو دوای ئەوە تەلەفونی کرد ، وامزانی بۆ ئەوەکردویەتی کە بچین بۆماڵیان و خەڵك بنێرمە داوای ، ووتی ئیجازەمان بدە سەفەرێك دەکەین بۆ کەنەداو دەگرێینەوە٢٠ رۆژمان پێدەچێت، ئەوە باوکم دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات ..!

مامۆستا جەمال : تەلەفونکەی وەرگرتو دوای چۆنی وچاکی سڵاومان کردو من بەشەرمەوە قسەم دەکرد و ئەویش یادگاریەکی باوکمی گێرایەوە و ، وەك ئەوەی پێم بڵێت ئێمە دەمێکەیە یەکتر دەناسین و باوکیشت هاوڕێم بووە و دوای موجامەلەیەکی زۆر کۆتایمان بە قسە هێنا !!

تەلەفوون داخرایەوە ، چاوەڕێ بووم داوای ٢٠ رۆژبێینەوە.. نەخێر- بووە مانگێك دیار نەبوون ، دوای ئەوە بووە دوومانگ دەنگ نەبوو ، بووە شەش مانگ هەر دیار نەبوون ..

خەفەتی دنیام خوارد شەونەبوو بە پێ نەچم بۆ گەڕەکەیان گڵۆپی ماڵەکەیان کوژابووە ، تەنانەت دراوسێکانیشیان دەیانسیم کە منیان دەبینی دەیانگوت یەشتا نەهاتوونەتەوە.. !

دوای ٨ مانگ مامۆستا جەمالم بینی و هاتە لام و نەمایەکی دایە دەستم و دووکانم هەبوو لە لاما دانیشت و چایەکم بۆ بانگ کردوو، ئەویش ووتی نارۆم نامەکەی سۆما بخوێنەرەوە .. دەرگای دوکانەکە داخە بەکەس نیەتە ژورەوە

دڵم لەسەر ١٠٠٠ لێ ئەدا ووتم پەشیمان بۆ تەوە مامۆستا جەمال ..؟
ووتی نامەکەی بخوێنەرەوە ..

دەقی نامەکە :

خەسرەو .. نەگریت ، پێبکەنە .. ئەزانی بۆچی نەمدەویست شوپێبکەم ؟
لەبەر ئەوەی من سەرتانم بوو .. دەمزانی دەمرم ، بەڵام تۆ بژی ، ئەبێت بژیت ..!
خەسرەو هەنسك هەڵنەدەیت ، دەزانم زۆر ئاواتت لەسەر ژیانی من بنویاد نابوو ..
ببورە گیانەکەم .. نازانم بۆ دەبیت تۆ خەفەتی منیش و دالیا بێتە سەر شانت .
ئازیزەکەم : ئەزام ئەتویست لێم بپرسی بۆچی غەمبارم ، زۆر جار واهەستت دەکرد خۆشم ناویت، حاشا حەزم دەکرد ماچت کەم بۆنت کەم ، بەڵام ئەوە زانیت بۆ دوورە پەرێزم گرتبوو ! .
خۆشەویستەکەم ، نەمدەویست خۆشیت لێتیك بدەم ، دەمزانی دالیات خۆش دەوێت ، پاشان زانیم جێگای ئەویشم بۆت گرتۆتەوە ، سروە هەمووی بۆ باسکردبووم ، بەڵام ئازایەتی و شەرف بەرزی تۆ زۆر شتی فێری من کرد ، ڕاستە من کۆتای ژیانمەو نامەت بۆ دەنوسم ، بەڵام دڵنیام تۆ

دەبینمەوە و لای سەرتەوە من وەستاوم ئەو کاتەی دیتە لای
من و دالیا .. هەموو کاتەکانت یادگاری .. بمبوورە ئەگەر درۆم
لەگەڵ کردی ، بەڵام بڕواکە خۆشم وویستی.
ئازیزەکەت سۆمای چاوت.

هەناسەم دیسان بۆ نەدرایەوە دەرگای جامخانەی دووکانم
کردوە وویستم ڕاکەم هەناسە هەڵمژم مامۆستاجەمال گرتم
هاوارمکرد هەناسەم پێنەماوە .. بەیارمەتی بەرمدە ، باوەشی
.. پیاکردم .. قسەکەی سۆمای بۆ دووبارە دەکردمەوە

خەسرەو تۆ بژی نەبێت بژیت .

دیسان نائاکامی رووی تێکردمەوە ، هەستم دەکرد زیادم
لەسەر ئەم زەوییە..
چووم بۆ لای هاوڕێیەکم سیلاح فرۆش بوو لە سابوونکەران
..

ناوی جەزا بوو .. هەندێك پارە لە دووکان هەبوو خستبوومە
گیرفانم بۆ سیلاح کرێن و چووم دەمانچەیەکی میکارۆفی
قەلەبچکەم کڕی .. بۆ ئەوەی خۆم بکوژم، هەرچەندە.. جەزا
دەمانچەی نەبوو ، چەندجار ووتی: ئەو دەمانچە بەکەڵك نایە
مەیکڕە وای دەزانی بۆ فرۆشتنەوەمە ، بەڵام من گوێم پێنەدا
، گوایە ئەودەیگوت فیشەکی گرانەو دەست ناکەوێت،
فیشەکەکانی لە چوارقورنە دروست دەکەن ، لەوێدا خێرا
.. شانەیەکی زیادەم کڕی

چووم بۆ گردی سەیوان سەرقەبری دالیا ئێوارەیەکی درنگ و
خوارئاوابوو .. کەس لەدەورم نەبوومیلی دەمانچەم ڕاکێشاو

خستمە سەر سەری خۆم و و دەستم کرد بەقسەکردن لەگەڵ
کێلەکەی دالیاو دەستم لەسەر پەلە پیتکە بوو بۆ ئەوەی
.. بیتەقێنمو نەجاتم بێت

ئەم شیعرەم پێش ئەوەی بەنیازبم خۆم بکوژم نوسیم
لەسیمای ڕەنگەکانەوە
لە پێ دەشتی سینەتەوە
بەرەو لێوی ئاڵت دەڕۆم
بەرەو سیمای پەمەیی و
چاوی شێنی کاڵت دەڕۆم
بەرەو تاڵی بسکی خاوت
هەنگاوی ئەرخەوانی دەنێم
لە فرمێسکی چاوی تۆدا
ئاوازی هەنسک دروست دەکەم
ئەوین...ئەوین... باڵدەگرێت و دەمبات بەرەو خەیاڵی ڕەنگ
...جا من چی بکەم ڕەنگەکانی خۆشەویستی
لە ڕووی تۆدا سەما دەکەن
ئەوینداران سەرسام دەبن
گۆێ لە سەدای پێکەنینت دەگرن
...دەوەرەوە با خۆشەویستان جارێکی تر
جوانی ئەوین لە نیگای تۆدا فێربن
...با لە ئاندێشەی پەلکەزێڕینەی
ناو پرچی تۆدا ئێشک بگرن
ئەوین...ئەوین... باڵدەگرێت و دەمبات بەرەو خەیاڵی ڕەنگ
دیسانەوە لە نێرگزە جاڕی ڕۆحم
خەڵوەت دەگرم
لە بیلبیلەی چاوی مەستت
خۆشی و سۆزی تیا دەپچڕم

...دیسانەوە بە هەنسك
لە ڕووی خۆشەویستی تۆدا سەما دەکەم
تا دوا کۆتایی تەمەنم
لە ناو سیمای ئەویندا ئارام دەگرم
ئەوین...ئەوین... باڵدەگرێت و دەمبات بەرەو خەیاڵی ڕەنگ

لەسەر گۆڕەکەی دالیا وەستام و میلی دەمەنچەکەم ڕاکێشاو خستمە سەر سەری خۆم و دەستم کرد ، بە قسەکردن لەگەڵ کێلەکەی دالیادا دەمگووت دالیا گیان - وا هاتم بۆ لات تکایە بە ئازیزان بڵێت منیش بەرن بۆ لای تۆ ، زۆر ماندووبووم .. دوای تۆ، هەرچی سەرمای ئەم شارەیە لە گیانی مندا پەستیوە ، لەتاواندا لەرزم لێهاتوە ، نازانم ترسە .. یان هاتن بۆ لای تۆییە ..

هەموو گیان وەك شەقشەقە دەلەرزی ، هەستم بەترسێك دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا شتێك لە ناخمدا دەیگووت تۆ ئازایت نەترسی عەیبەیە پێویستە خۆت بکوژی؟ .. ئەوە دالیا بۆ تۆ مرد .. ئەوە سۆما بەجیهیشتی چی دەکەیت لێرە بڕۆ بۆلای ئەوان، نەمدەزانی ئەوە کێیە لەناخمدا ئەو قسانەم بۆ دەکات ، هانی دام بۆ مەرگ، منیش لەپڕ دەستم نا بە پەلە پیتەکەی دەمانچەکەداو چرکاندم لەسەر کەلەسەری خۆم .. هیچ دەنگ نەبوو، نەتەقی..!

جارێکی تر میلم هێنایەوە بۆ ئەوەی پەشیمان نەبمەوە ، لەسەر کەلەی سەرم چرکاندم .. کەچی هیچ رووی نەدا ، ووتم تۆ بڵێی نەم تاقاندبێت ،یاخود گەرماوگەرمە هەستی پێنەکەم ، دەستم دا لەسەری خۆمو سەیری دەستم دەکرد .. هیچ خوێن نەبوو، زۆر ئاسای بووم

جارێکی تر رووکردە سەر قەبەرەکەی دالیاو میلم هێنایەوە چرکاندم ، کەچی تەقی .. کێلەکەی دلیای رووشاند و ، خۆشم داچڵەکیم .. !!

منیش لەداخا خستمەوە سەر سەرم چرکاندم نەتەقی ..

هاوارم دەکردو جنێووم ئەدا بە دەمانچەکە و بەوەشی لێم کڕیوە، دەمانچەکە جووتەی دەکرد، جەزا راستی کرد ، دەبو نەمکڕیایە منیان خەڵتاند دەمانچەکە ئیسپرنگی میلەکەی لاواز بوو لولەکەشی خواربوو رووە ئاسمان و ڕێك نەی دەتەقان، دەبوو تەنها سەربەرو خواری بکەیتەوە .. دوو فیشەکەی ترم نا بە زەویەکەوە ئە تەقی رووم دەکردوە مێشکی خۆم هیچ نەدەتەقی، بە ئێوارەش هاوارم دەکردو .. جنێوم بەملاولای خۆم ئەدات

(ئێستا بیر دەکەمەوە دەڵێم خواپاداشتی ئەوکابرایە بداتەوە !.. کە هەڵی خەڵتاندم و ئەو دەمانچە خراپەی پێفرۆشتم)

بەهەرحاڵ ئاگام لەخۆم نەبوو لەدواوە دەستیان گرتم و دوو کەس باوەشی پیداکردم تەماشام کرد بەوئێواریە لای من قەرەباڵغە زیاد لە ١٠ کەس لەدەورم کۆبوویەوە ئەوانەی قەبر ..هەڵکەن بوون لەگەڵ خێزانێکدا لەسەر قەبران بوون

قەبر هەڵکەنێك زۆر بەهێزبوو باوەشی پیاداکردبووم ، ئەویگووت بەرەڵات ناکەم تا دەمانچەکەم نەدەیتێ، ئاخر تۆ خۆت دەکوژی ..؟

ووتم: وەڵای وویستم خۆم کوژم دەمانچەکە کەڵەك دەکات، هانێ ئەوە دەمانچەکە بەس بەرەڵامکە پەرەسوەکانمت شکاند !..

کە دەمانچەکەم دایە دەستی ئەویش باش بوو ئازادی کردم ، پیاوێکی پیریان لەگەڵ بوو هاتە لام ووتی : کاکۆ- بۆ خۆت دەکوژیت ، دەزانی خۆ کوشتن لە ئاگری دۆزەخدا

بەهەمیشەی دەمێنیتەوە..!

تۆ کورێک جوانخاسو موشکیلەت چییە باوکی من ، با هاوکاریت بکەین ..

منیش دەستمکرد بەقسەو ووتم : ئەوە حاڵو ژیانو گوزەرانی منە ..

ژنو کچێکیش هەر لە نزیکم وەستابوون و پیاوێکی باڵا بەرزی سەر ماش و برنجیشیان لەگەڵ بوو ، زوو زوو .. ژنەکە دەیگووت ئەی دایکی کوێر بێت، ئەم گەنجە جوانانە چیان لێ بەسەرهات ، من هەر باسی شتێکم دەکرد ، ئەو ژنە زوو دەیگوت ئەی دایکت بمرێ ئەو لاوانە چۆن ئاوایان لێهاتوە لەم وولاتەدا ، کچەکەشی بەقسەکانی من قوڵپی گریانی هەڵدابوو هاتبووە تەنیشتمەوە هەنسکی هەڵئەدا..

ئەو پیاوە پیرە ووتی وەرە دەچین بۆ ژورەکەمان چایەك دەخۆین و ئینجا برۆن، دیاربوو ئەوکەسەی کە باوەشی پیاداکردم کوڕی بوو ، پیاوە بەتەمەنەکە ناوی حاجی غەریب بوو کوڕەکەشی ناوی کاك ئەحمەد بوو ..

منیش حەزم دەکرد بچم بۆ ئەوەی لەو خێزانە نەجەتم بێت، لەخۆمەوە تەریق دەبوومەوە.. ووتم بفەرموون بابرۆین دێم لەخزمەتاندا ، حاجی غەریب خولکی ئەو خێزانەشی کرد ، وەڵڵا ئەوانیش هاتن ..!

من خوا خوام بوو نەجاتم بێت لەدەستی ئەوان ، کەچی بەدوامدا ، ئەوانیش هاتن ..

چوومە ژورەکەیان دایشتینو کاك ئەحمەد چای لێناو چامان خوارد .. داوای ئیزنم کرد کەبڕۆم
.. کابرای سەرماشو برنجی ووتی من ئەتگەینەمەوە ماڵەوە

خەسرەو: نا - قوربان گیان پێویست ناکات خۆم دەڕۆمەوە -
.. جەنابتان عەزێت مەکێشە

حاجی غەریب: روویکردە ئەو پیاوە ووتی: من مەمنونی -
جەنابتان دەبم دەست لە خەسرەو بەرنەدەی تا دەیبیتەوە بۆ
.. ماڵەوە

کابرا ناوی کاك ڕیبوار بوو
منیش ووتم کاك ڕێبواری بەڕێز ، من هاتووم خۆم بکوژم ،
بەڵام بەنسیب نەبوو، کەس نەیزانیوە ، منیش کوڕە گەورەی
ماڵم و نامەوێت دایکم و کەسوکارەم بەمە بزانن ، جا تکایە
جەنابیشت و حاجی غەریب ڕێگام بدەن بڕۆمەوە ، ئەم
باسەش لای خۆتان بهێڵنەوە ، دەمانچەکەش لای کاك
ئەحمەدە ، من وەعد ئەدەم بەوەعدی پیاو و شەرەف ئەوکارە
دووبارە ناکەمەوە.

لەڕاستیدا دەترسام ، ئەم بگاتەوە دەمی باپیرو کەسوکارم
ئەوانیش نارەحەت دەبوون لەوانەبوو باپیرشم هەر لەماڵەوە
بم بەستێتەوە ..!ئەوەی لە ژیانمدا لی ترساوم تەنها باپیرم
بووە، کەسی تر نەبووە، ئەوەشی کە خۆشم وویستوە
. هەرباپیرم بووە

ڕێبوار: باشە بەڵام من ئەتگەیەنم قسە ناکەم و .. -
بەمەرجێك بڕۆن بەیکەوە نانێك بخۆین .؟

- خەسرەو : لەخزمەتم کاک ڕێبوارگیان بەخۆشحاڵییەوە..

ئەحمەد هەموو فیشەکی دەمانچەکەی بەتاڵ کردو دەمانچەکەو شانەکەی دایەوە دەستم و ئەم لاولای ماچ کردم و خواحافیزمان کردو منیش دەستی حاجی غەریبم ماچ کرد .

چووین بەرەو سەیارەکەی کاک ڕێبوار .. کاك ڕێبوا دایکی خۆی پێناساندم.. لەگەڵ کچەکەی و دایکی.. دایکی ناوی ئافتاوخان بوو .. کچەکەشی پەروانەی ناو بوو .

من چوومە پێشی لاندگرۆزەکەی ، هەستم دەکرد بەرپرسە .. بە هەر حاڵ قسە لەمن وقسە لەو ئیش چییەو کارت چییە، ئەو ئاشکرای کرد کە پلەی لیوایە و لە مەعەسکەر ساردا و لای تاسلوجە دەوام دەکات..!

لەسەر قەبری دەزگیرانی کچەکەی بون.. بۆم دەرکەوت کە ژنەکەی تەڵاق داوە و کچەکەشی دەگرێتەوە بۆ ئەڵمانیا بۆلای دایکی .. بەم نزیکانە ..!

ئەو شەوە منیان برد بۆ ئوتێل ئاشتی (فندق السلام) لە چێشتخانەکەی نانمان خواردو ، هەر لەوێوە تەلەفوونم کرد بۆ دایکم کە دەرنگ دەگرێمەوە خەمی منی نەبێت، ئەوانیش ئاگادار بوون کە تەلەفوونم کرد .. ئیتر خۆشحاڵ بوو بەناسینی من و منیش زۆر خۆشحاڵ بووم بەناسینی ئەوان.

لەگەڵ پەروانەدا کەوتینە قسە و، باسی ئەوەی کرد کە گوێی لە چیرۆکی من بووە بەکورتی لەسەر قەبری دالیا کە بۆ

حاجی غەریب م باسکردوە ، ئەویش باسی چیرۆکی ژیانی
خۆی بۆکردم ..

پەروانە بۆی گێڕامەوە ..

کە لەدوای ئەوەی دایك وباوکی جیابوونەوە لەیەکتری ، هیچ
خۆشیەکی لە ژیان نەدیوە ، دایکی لەئەڵمانیاو باوکیش لیوا
لە کوردستان .. هەمیشە لەترسی ئەوە بوو باوکی لەدەست
بدات و دایکیشی شوی کردۆتەوە بەکەسێکی تر لە ئەڵمانیا ..

پەروانە گەراوتەوە بۆ سلێمانی .. حەزی بەتێکەڵی کەس
نەکردوە ..لەپڕ کوڕێك دەناسێت ئاشانایەتی پەیدادەکەن ،
دوای پەیوەندیەکی خۆشەویستی ، دێنە داوای پەروانەو
ئەویش رازی دەبێت و، لە پێش ئاهەنگی زەواجیان
کوڕەکەی دەستگیرانی داوا دەکات لە پەروانە کە کۆتا
سەفەری لەگەڵ هاورێکانی بۆ سەیرانگای دووکان بڕوات بۆ
سەیران ، دوای ئەوە ئاهەنگ دەکەن ، وەك پەروانە باسی کرد
گوایە ، پێیووتوە ئەمە کۆتا سەفەری تەنهایم دەبێت ئیتر
بیکەوە هەمیشە سەفەرو سەیران دەکەین .

پەروانە دەستیکرد بەگریان و بەردەوام بۆی دەگێڕامەوە .. کە
ئەو شەوە دەستگیرانەکەی دیاری ناو بووە تەلەفونی بۆ
نەکرد .. دەڵێت: زۆر بیتاقەت بووم تورەش بووم .. من
تەلەفونم کرد بۆ ماڵی باوکی خوشکەکەی هەڵیگرت و دەگریا
، منیش ووتم ئەوە چییە ؟ چیی بووە؟

خوشکەکەی دیاری ووتی: پەروانە گەردنی دیاری ئازاکە ئەو
عاشقی کەسێکی تر بووە ، تۆی بەجێهیشتووە..!!

کەوایگووت تەلەفونم داخستەوە خێرا چووم بۆ ماڵیان ، تەماشا دەکەم قورپێوانە ، ووتم چییە ؟ ئەی هاوار ؟

- ووتیان دیاری عەشقی فریشتەکان بووە لەگەڵ ئەواندا ڕۆشتوە بە کارەساتی سەیارە لە ڕێگای دووکان کۆچی دوای کردوە.

من و پەروانەو نەنکی دەستمان کرد بەگریان و کاك ڕێبواریش هەر فریای دەستەسری کلێنکس دەکەوت بیهێنیت بۆ ئێمەو دوای ئەوەی .. نانمان خوارد .. گەڕاینەوە بەرەو ماڵ منی دابەزاند لەبەر دەرگای ماڵەکەماندا و ووتی ئەوەماڵی ئێوەیە ؟

- خەسرەو : بەڵێ ..بفەرموون با دابەزین ئیسراحەت بکەین .. ؟

- ڕێبوار : واتا ئامینە خان دایکتە کاك خەسرەو ؟

- خەسرەو : بەڵێ دایکەمە، دایکم دەناسیت ، چۆن دەیناسیت ؟

- ڕێبوار : دایکە دابەزە ئەمە ماڵی کاك عەبدولکەریمە بابچین .. سەرێك بدەین لە ئامینە خان

- خەسرەو : بەس کاك ڕێبوار وەعد داوە قسەنەکەن ؟ با دایکم هیچ نەزانیت ؟

- ڕێبوار: کاکە خۆ من منداڵ نیم ساحیب قسەی خۆمم دەڵێم .. ، دوکانێکم لەخەسرەو کڕیوە !

- خەسرەو: دەیفەرموون ..

هاتنە سەروە لەگەڵمدا دایکم بەخێرهاتنی کاك ڕێبواری کرد و زۆر خۆشحاڵ بوو وەك ئێمەو مانان مامەڵەی لەگەڵ کردو .. دەیگوت ڕێبوار گیان بەخێر بێت

ڕێبوار روویکردە من ، ووتی ١٠٠ جار نانی دەستی دایکتم خواردوە ، من پێشمەرگەی باوکی تۆ بووم کاك خەسرەو، ئەوکاتەی کەماڵتان لە قەڵاتێ و جارخ بوو.. بەس نەمزانیبوو کاك عەبدولکەریم کوڕی وەك جەنابتی هەیە ؟

- ئامینە خانی دایکم وەڵامی دایەوە ، ووتی ئاخر ئەو سەردەمە دووکوورم شاردبووە لە ماڵی باوکم و خەزورانم لە سەید سادق سلێمانی .. خەسرەولەماڵی باوکم بوو پێشرەویش لەماڵی خەزوورم ، نەشمان دەهێشت کەس بزانێت منداڵەکانمان لای ئەوانن..!

ڕێبوار هەندێك یادگاری بۆ گێراینەوە ، شەو درنگی کردو .. ڕۆشتن و ماڵئاوایمان کرد

پەروانە..ئەو شەوە زۆر دەیپرسی لە تەمەنم و لەکارو پیشەم و هەستم دەکرد زۆر نزیکە ئەبێتەوە ، ژمارەی تەلەفونی خۆمم دا بە کاك ڕێبوار ..ئەوان ڕۆشتن ..

هەمان شەو- کاتژمێر ١ی شەو بوو لەپڕ زەنگی تەلەفونەکەمان لێدراو ئاگام لێبوو دایکم هەستا .. ووتی خەسرەو تەلەفون بانگت دەکات ؟

- وتم: کێیە ؟

- ووتی: دەنگی کچێکە؟!

تەلەفونەکەم بەرزکردوە ، ووتم بەڵێ فەرموو..

- پەروانە بوو ووتی : کاك خەسرەو حەزدەکەم قسە بکەین ؟

گوێم لەدایکم بوو ، ووتی ئەوە کێیە بەم شەوە سوتاوە وا تەلەفونت بۆ دەکات ؟

وەڵامم نەداوە .. بە پەروانەم ووت خەڵك لەم ژوورە خەوتوە تەلەفونەکە دەبەمە جێگایەک تر..
ئەو شەو دەستماکرد بە قسەکردن.. بەوە دەستی پێکرد کە خەوی لێناکەویت و باوکیش ئیجازەی داوە قسە لەگەڵ من بکات ، نەکو -منیش بێتاقەت بم ، بەڵام زانیم راست ناکات .. ئەو خۆی بێتاقەتر بوو لەمن وحەزی لە قسەش بوو

دەستمان کرد بەقسە و قسەیەك لەمن قسە لەو حەزت لەچیەو چ ڕەنگێکت خۆشدەوێت و، لەم جۆرە قسانە و گوێ لە کام گۆرانی دەگریت ، ئیتر من بۆم باسکرد کە جاروبار شیعر دەنوسم ، تا- دەمەو بەیانی قسەمان کردو تەلەفون داخرایەوە مەوعیدمان دا یەکتر کە یەك ببین ..

ماویەکی زۆر بەردەوام بووین لەسەر یەکتر بینین ، خۆشەویستی دروست بوو لە نێوانماندا !..
ئیتر زۆر هۆگرم بوو بوو لە ئەڵمانیاوە جلی بۆ ئەهێنام و هەمیشە ئەو دەستنیشانی جلو بەرگو ئەو شاتانەی دەکردم ..

پەروانە باوکی کوژرا لەشەری ناوخۆ، دوای کوشتنی باوکی بەداخەوە ئەو کچە شێت بوو، باری دەرونی زۆر ناجێگیر بوو، گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا بۆلای دایکی، تا ئێستاش نەمبینیوەتەوە ، هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەکردومەتەوە ، ئەوەی یادگاری بێت کە لە نێوانماندا مابێتەوە.. بێجگە جلو بەرگ ، تەنها شیعرێکە، کە کاتی خۆی بۆم نوسیوە ، دوای ئەویش تەوام کردوە ، واتا کاتێك بۆ ئەوم نوسی چەند چوارینەیەك بوو ، بەڵام کە ڕۆشتو دەنگی نەما ئیتر کۆتایم بە شیعرەکە هێناوە .

ئەمەش دەقی شیعرەکەیە ..

سروەیەکی بەیان دێت بەڕوما
پەڕەی گوڵە خونچەکان دێت ماچم دەکا
ڕامام بۆ ئەو سۆزە، ڕابوردوم بیر دەخاتەوە
ئەو دەنگە یاری بە ڕۆحم دەکا
ئەی تۆی ئازیزی دڵم چیت دەوێت لێم
لەم غوربەتەی دڵم و قیبلەی بێ نازی عشقەم
وا لەم تەنهایە بوویتە نمای گیانم
خۆ ڕابووردوو بە گیانمادادەچۆڕێ، کەچی واتۆش بویتە
یادگارم
ئەوەندە بارانت باراند لەسەر دڵما وەك مرواری
واچەکەرەی ئەوینت خەریکە سەوز دەبێت دەکا یاری
ئەی نازانیت من نەزرم کردوە نابێت خۆشەویستم هەبێ
من بڵێسەی کۆنە عشقم گرتوە و نێڵەم دێ
بۆ ئەوەندە دەپرسیت لە ڕۆژی لەدایك بوونم
دەبینوسە لای خۆت کەی تۆم ناسی ئەوکاتە من لەدایك بووم
وەك ئۆقیانوس بەسەر ڕازما شەپۆل دەدەی
ئارمانم دەگوشیت و بۆ خۆتی دەبی

ئەوەندە مەپرسە لەبەرزی باڵام ئەی باڵا
ئەگەر ویستت بیکە بە خاچێك و خۆتی پیاهەڵبواسا
ئەوەندە لە ڕەنگی گلێنەم مەپرسە
وەرە لەناویدا دابنیشەو ئارام بە
جاران من دەروێشی ئەڤین بووم
بەڵام کە ئەو تەریقتی جێهێشت منیش بێ لانە بووم
ئێستا ئەو ڕۆح و منیش لاشەیەکی دابڕاوین
چاوەڕوانین لەم بەرزەخەدا لەم کفنە دا دابماڵرێن
زامم هەرشتەی ئازەرەو وا دەم پێچێ
کەچی تۆ نازی ماچت لێم دەوێ
سەر هەڵبڕە سەیری برسکەی ئەو ئەستیرەنە بکە چۆن دەنازن
هەموو لە ڕێگای ئەوین باڵایان گرتوەو وا لا سارن
من ناتوانم وەك ئەوان بم و باڵا بگرم
لەبەر ئەوی من بەدوای کچی ئاودا وێڵم
تۆش ئاگری بڵێسەت دێ
کەچی من کوڕی خاکم و وا گیانم شەقار دەبێ

سەرەتای ناوەندەی ناودەکان بوو دیسانەوە هەوای مەشروبخواردنو سەرسەریەتی کەوتەوە مێشکم، زۆر بیزاربووم لەخۆم، هیچ بۆ نەدەهات بەدەستەوە..دیسانەوە شەڕنگێزی رووی تێکردمەوە ، باپیرم تورەبوو لێمو هەموو پارەیەکی لێسەندمەوە .. تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەدەکردم ، بەهەرحاڵ دەریکردم جاروبار دایکم و نەنکم لە رای خوا ٥ دیناریان ئەدەمێ ، لەسەر ئەوەی فێری قومارو ئەو شاتانە بووم .

لێرەوە شەوێك بەسەرخۆشی خۆم دەکەم بە مزگەوتدا بە دەروێشی دێمە دەرەوە..

شەوێکیان پارەم پێنەبوو چارەکێك عارەقم لە گیرفانی قەمصڵەکەمدا بوو خواردم بەبێ ئەوەی هیچم پێبێت دای لە مەعیدەم، زۆر بیتاقەتی کردم پارەی کاکەبراو کاك حەمە تایەر ی بەقاڵ قەرزار بووم رووم نەبوو برۆم هەندێك شت بینم بیخۆم، بەهەر حاڵ کوڕێکی هاورێم ناوی جەمال بوو ..

- ووتم جەمال چی بکەین پارەو پێیە ؟

-ووتی نەبەخوا هیچ شك نابەم ..!

تۆزێك بەسەر جادەی ٣٠ م کەی دا لای گۆیژە دەگەڕاین و پیاسەمان دەکرد گویم لە دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکان بوو مامۆستاکانی مزگەوتەکان قسەیان دەکردو ووتاریان دەخوێند موناجات بوو دەنگی دەف و سرود لە گۆیژەو شەهیدان و تا دەگاتەوە توی مەلیك هەمووی ئاواز بوو ئەو ناوچە یەك پارەچە نوور بوو، منیش ووتم جەمال ئەوە چیە ئەو فەرتەنەیە.. ووتی ئەی هەتیو نازانیت مەولونامەیە..!

ووتم مەولونامە ئەوەنیە چێشت و گۆشت دروست دەکرێت؟

- ووتی با بەس لە مزگەوت وانیە ..!

- ئەی چۆنە جەمال؟

- ووتی لێرە گوێزو مێووژ و شەربەت و شتی وا دابەشدەکەن.

- ووتم راکە هەتیو با بڕۆین بەشی مەزەکەمان بێنین تا ماوە فریاکەوە .. بڕۆین بۆ کام مزگەوتەیان باشە؟مزگەوتی حەمەی حاجی رەشید یان شێخ عوسمانی سیرێ؟ هەردوو لا نزیک بوون لە گەڕەکی ئێمەوە..

بە هەر حاڵ کە چوین بەرەو مزگەوتی شێخ عوسمانی سیرێ.. من هەر چومە ژوورەوە نیوەی مزگەوتە تەماشای منیان دەکرد زۆربەیان واقیان وڕمابوو..!

پێشتر مەعروف بووم لە گەڕەکدا چوونم بۆ مزگەوت زۆر ئاستەم بوو بۆیە ئەوانەی منیان ناسی لەگەڕەکدا چوومە مزگەوت زۆر بەلایانەوە سەیر بوو..

- منیش هیچ خۆم تێکنەداو چوم لەدواوە دانیشتم پاڵدا بە دیوارەکەوە بۆ ئەوەی کەس تەماشام نەکات، چاوەڕێم کە گوێزو مێووژەکە دابەش بکەن و ئیتر منیش بچمە دەرەوە..

ئاگام لێی بوو لای میحرابەکە لە تەنیشت مامۆستا مەلا ئیسماعیلی دێرەیی دنیایەك زەرفی مێووژ دانرا بوو کاک د.حەسەنی حاجی سابیر ئەو دەمە فەقێ بوو عەریف مەولود بوو، دەبوو ئەو تەوزیعی بکات هەر نەهات خەریك بوو دڵم ئەتەقی، بەهەر حاڵ ناچار دانیشتم بۆ نەهامەتیش من نەمدەزانی کە پیاو بچێتە مزگەوت چی بکات، جەمالیش نەمزانی چی بەسەرهات لێم وون بوو کەس بەحاڵم نەبێت زووزیش هەرچیم ئەبینی تەوقەی گەرمیان دەکرد دەینگوت کاک خەسرەو بەخێربیت، وایان دەزانی عومەری کوڕی خەتاب هاتوە بۆ مزگەوت.. منیش خەیاڵم هەر لای مێووژو گوێزو نوقڵەکە بوو.

دوای ئەوەی گوێزو مێووژەکە لە زەرفێکدا دابەش کراو من دوانم وەرگرت دانەیەك حەقی خۆم و دانەیەکیش بە گەندەڵێ، بەهەر حاڵ ووردە ووردە وویستم خۆم بدزمەوە بێمە دەرەوە.. لەپڕ پیاوێکی زۆر بەرێز بەناوی کاک سەلاح ستار ..هاتە لام و بە توندی دەستی گوشیم و تەوقەیەکی زۆر گەرمو گوری لەگەڵ کردم کۆمەڵێک لاوی تری ئەهلی مزگەوتەکەی لەگەڵدا بوون هەندێکیانم دەناسی وهەندێکیشان یەکەم جاربوون لەوانەی دەمناسی کوڕی گەرەك و قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندی بووین لەوانە کاک ئاراس کە لەبیرم مابێت کاک نەریمان کاک ئەنوەر علوم حدیث ناسراو بوو زۆرێکی تر کاک سابیر کە ئێستا پارێزەرە کاک ڕێبوار شێخەڵمارێنی کەبەردەوام لە فیسبوکەکمەوە بابەتەکانم شێر دەکات، ئەگەر هەڵە نەبم کاک ئازادی شێخەڵمارێنی سەرنوسەری گۆڤاری خود لەدەوری یەك دانیشتین (لێرەشەوە سڵاوی خوای گەورە لە هەموویان بێت و حورمەتی زۆرم بۆ ئەو باقە لاوەی یەکەم جار لە مزگەوتدا ناسیومن)..

هەموو ئەو کوڕانە خەڵکی مولتەزیم و بەرێز بوون، بەتایبەت مامۆستا سەلاح دەرچوی کولییەی شەریعە بوو لە بەغداد ..تا بڵێی پیاوێکی بە ئیمکانیەت بوو لە زانست و قسەکردندا، دەرفەت کراویەوە بۆ قسە و منیش وویستم بڕۆمە دەرەوە پایزێکی خۆشی سلێمانی بوو، دەرەوە زۆر فێنك بوو لەسەر سەکۆی پێش مێحرابەکە دانیشتین ئەوەدەمە سەر بەتاڵ بوو چاك نەکرابوو وەك ئێستا، دوای ئەوەی بەخێرهاتین من کرا و خۆشحاڵیان دەربڕی و یەکەم جار بوو منیش بەخزمەت ئەو خەڵکە بەرێزە بگەم ، ناشزانم جەمالی رەفیقم چی لێهاتوە ، بەهەر حاڵ جێهیشتبووم، دەست کرا بەقسەو منیش بە

ئوسلوبێکی زۆر بازاری دەستم کرد بە قسە زوو زوو کە قسەم دەکرد هەر دەموت (بەشەرەفم بە تەڵاقی پێغمەر ) بۆ ئەوەی یەك کەس لەو پیاوە بەرێزانە قسەم پێببرێت یان قسەیەکی ناشرین دەرحەقم بکەن(چونکە من بەنەزانی کوفرەکەم دەکرد)..!

باسی دەروێشم دەکرد هەر لە خۆمە هیچم نەدەزانی ئەویش جاروبار لە مەجلیسی باپیرمدا گوێم لێبووبوو، چونکە ئەو کۆنە دەروێشی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە بوو، ووتم کاکە ئێمە هەمووومان ئیسلامین بەس ئەم ئیسلامیانە دنیایان تێکداوە بەسەر یەکدا من حەز دەکەم بێم بۆلاتان بەڵام کاکە خۆ منیش یەکێتیم و ئەوەنیە موسڵمانمو هاتووم بۆلاتان نوێژ دەکەم !! بە خوا دەروێشی کاکە حەمەشم!!.. یەک دوو قسەی بێمەعانای ترم کرد ئەو خەڵکە هەموو بێدەنگ بوون..

دوای کاک سەلاح ستار خوای گەورە تەمەن درێژی بکات کە دەستی کرد بە قسە سبحان الله ئەو پیاوە دڵی منی کردوە ئەوەندە بە ئەدەبەوە دەستیکرد بە قسەکردن ئەوەندە خۆش قسەی کرد حەزم نەدەکرد شەوەکە تەوابێت باسی شرك و تەوحیدی کرد، هەرچەندە من وەك وابوو گوێزو مێووژم بۆ بژمێرن بەڵام قسەکانی بەراستی چونە ناومێشکم دوایی لەقسەکانی تێگەیشتمەوە..

بەهەر حاڵ خوا حافیزیەکی گەرمیان لە من کرد و منیش بە کۆڵانی مزگەوتی هاتمە خوارەوە بەکەلاویەکدا دانیشتم تۆزێك لە عارەقەمە پێمابوو وویستم لەگەڵ مێووژو گوێزەکەدا بیخۆم ، خواردمەوە ، بەڵام کەئابەو خەمۆکیەك گرتمی لەژیانمدا شتی وام بەخۆمەوە نەدیبوو، هەر کات بیزار

دەبووم یان دەگریام یان بە مشروب خۆم مەشغوڵ دەکرد بۆ ئەوەی خەمەکانی خۆمم لەبیر بچیتەوە ، من ئەودەمە هەموو ژیانم فشقیات و گۆرانی و ئەم سەرو ئەو سەری گەنجێتی بوو، لەوسەریشەوە بێزاریو بێتاقەتی عیشق لەدەستدانی خۆشەویستەکانم بوو ..

کەچومەوە بۆ ماڵەوە نەنکم یادی بەخێر بێت ووتی ئەوە بۆ عەبوسی پارەت پێنیە دیسان ؟

منیش ووتم لە مزگەوت بووم مەولونامە بوو حەز دەکەم بخەوم..

نەنکم ووتی: چیی ؟ کەری کێ تۆپیوە تۆ چویتە مزگەوت..!

وەڵام نەداوە زۆر بێزر بووم.. نەشمدەزانی چیە؟

کە سەرم کردە سەر سەرین تەنها یەك شت هات بە مێشکمدا.. ئەویش ئەدەبو حوورمەتی ئەو خەڵکەی ناو مزگەوت و جیاوازی لەگەڵ رەفیقەکانی سەرمێزو سەرجادە ٣٠ مەتریکە کە هەمیشە خەریک قسەی بێمعناو گۆرانی ووتنو شەرە جنێو بووین، دوای ئەم کچو ئەو کچ کەوتوبووین.

بەیانی هەڵسام باپیرم ووتی کاکە گوێم لێبوو ووتت لە مزگەوت بووم ؟

- ووتم بەڵێ.

- باپیرم فەرمووی کورم هەر ئیشێکت کرد بە پیاوانە بیکە

باپیرم فەرمووی کوڕم هەر ئیشێکت کرد بە پیاوانە بیکە -
!..یان مەڕۆ مزگەوت

ووتم: ئاخر بابە .. من زۆر تاوانبارم تۆ بڵێی خوا لێم -
خۆشبێت؟

پابیرم ووتی: خوای گەورە خوای خراپەکارانە پیش -
چاکەکاران ، ئەو خوایە تەنها راستگۆی دەوێت کە راستگۆ
.بوویت بە پاکی گەڕایتەوە بۆلای دڵنیابە لێت خۆش دەبێت

قسەکەی باپیر زۆر گاریگەری لەسەرم دروست کرد کە ووتی
خوای پەروەردگار خوای خراپەکارانە پێش ئەوەی خوای
..چاکەکارن بێت

هەڵسام خۆم شۆردو دەستم کرد بە نوێژ کردن و زۆر
پاڕامەوە کە ئیتر کاری خراپ ناکەم بڕیارمدا واز لە هەرچی
.شتە بینم

سێ رۆژ لە ماڵەوە نەچوومە دەرەوە دەستم کرد بە نوێژ
کردنو تەهلیلە و خوێندنی جوزئی عەما و ئیتر سۆفی بەحاڵم
نەبێت، لەماڵ نەدەچوومەدەرەوە، نەنکیشم لە خۆیەوە
!!.. بڕیاری دەرکرد کە من شێت بووم

بە باپیرمی فەرموو: وەك خۆی باسی دەکەم لەفزەکەی" -
حەمە - خەسرەو شێت بوو فریایکەوە یان بە ئامین بڵێ واتا
(دایکی خۆم )، با دوای شتێکی لێنەیە بەخوا ماڵی حەمەی
سەعی حەیامان دەبن، (حەمەی سەعی) باپیرەمە لە تەرەفی
باوکم وە واتا باوکی باوکمە دوایی خونچە حەیمان دەبات

(دایەخونچەش هەر نەنکمە) هەموویان بەرەحمەت بن .
منیش کە گوێم لەم قسەیەو بوو پێشتر ئاقڵ بووبوم ، بەڵام دیسان شێت بوومەوە ، هەزارو یەك جنێومدا و خۆم گۆڕیو .. ووتم هەر نوێژ ناکەم

ئینجا رووم کردە خوا پەروەردگار و ووتم من ویستم لەگەڵ تۆ ببم بە رەفیق وات لێکردم کە پێم بڵێن شێت، ئەوە ئێستا دەچم بۆ نادی تێرو پڕ دەخۆمەوە.. من تۆ رەفیقەیەتیەکەمان تێکچوو خەتای منیش نیە..!

چووم بۆ نادی هێشو لە ئەسحابە سپی خاوەنی نادیەکە ناوی هۆگر بوو ووتی ها سورە چەند رۆژە دیاری نیت ؟

- ووتم لای خوا بووم ، واهاتم بۆ لای شەیتان..

هۆگر زۆر زل بوو ئازایش بوو لەمنیش گەورە تر بوو بەڵام هەندێك قسەی لێ قبوڵ دەکردم لەبەر ئەوەی کوڕی شەهید بووم ، چوم تێروپڕم خواردوە، خەیاڵ بووم بە فایقە رەشەوە گرتم ئەودەمە بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی بوو لەسەر لیستی پارتی ، کەسێکی لێبوو لە نادیەکە ئاسایش بوو هەر ئەیوت کاك فایەق وا و کاك فایەق وایکرد منیش یەکێتیم لە داخی پارتی بەقەدەر هەموو دنیا لەسەر دڵم بوو..

هاتم تا بازاڕی دیلان بۆلای کوڕکی رەفیقم لەخۆم هیچو پوچ تر بوو ناوی سەباحی عەبەی سەلاجەبوو ، دانیشتم دەستم کرد بە جنێودانی فایقە رەش ئەوەندەم جنێودا ئەوەندەم جنێودا تا ئاسایشی موحتەرەم هاتن بۆ لامو وتیان لە ئاسایش بانگت دەکەن ، ئەوەندەی تر جنێومدا ئەوانیش

کەوتنە گیانی من منیش دەمانچە قەلەبچکەی میکارۆفەکەم
پێبوو تەقەم کردڕامکردو خۆم کرد بە ماڵی حاجی فەحلادا و
دەرگاکەیانم کردوە کەس ئاگای لێنەبوو نزیك بوو لە ناوە
پیرەمنسورە سەرو بازاری دیلان یان جوانتر بڵیم سەرو
مزگەوتەکەی بەرانبەر ئەوبازاڕەیە ، دەمەنچەکەم شاردەوە
بەڵام عەزێتم پێگەیشتبوو، هەندێك مامەوە کاك نەسوڵا
بەڕەحمە ت بێت لەماڵەکەی هاتە دەرەوە و ووتی ئەوە چیە
ووتم شەرم بووە چومە ژوورە وە بۆماڵی کاك نەسوڵلا کەس
لەماڵ نەبوو کاك نەسوڵا زۆر پیاویکی بەرێز بوو زانیم لەسەر
پێیە ئەویش دەروات دوایی دەموچاوشتن هاتمە دەرەوە
پێشم ووت دەمانچەکەم شاردۆتەوە ووتی بۆم بێنە دامێ و
ئەو بۆی هەڵگرتم هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی، چووم بۆ لای
عوسمانی سەرپێ ئێواران سەروپێی هەبوو بێ ئێوە ناخۆش
بە خوێن و جلی دراوە تێرو پڕ سەروپێم خوارد ، بەڵام
نەمدەزانی وەزعەکە چون بووە ، بەڵام ئاسایشەکان باشیان
لێدابووم منیش باش لەگەڵیان هاتبوومە دەست بە
سەرخۆشیش یەکێکیانم بە کلکە دەمانچە داغان کردبوو،
ئاسایش بەشوێنمدا دەگڕان..

تۆزیکی پیجوو مەفەرزەیەکی ئاسایش لە سەروپێخانەکەدا
دەبەزینو منیان برد قسەم نەکرد بردنیانمە لای کەسێك پێم
وابێت عەمید بوو ناوی کاك نەجات بوو پارتی بوو
لەئاسایشی سلێمانی خوا هەڵناگرێت زۆر بەرێزبوو، بەڵام
مەفەوزێکی لێبوو ناوی عومەر بوو لاڵ بوو زۆر خوێڕی بوو
ئەو کەسە دەفتەرێکی بەرگ ڕەقی پێبوو بیستبوی لە
ئاسایشە پارتیەکانمداوە یەك دەفتەری کێشا بەسەرمدا..
دووسەعات سجن کرام د. کەمال شاکری یەکێتی مامۆستا
شاهۆی ئاگادار کردبووە کە من گیراوم ئەم بەرپرسانەش

هەموو رەفیقی باوکم بوون دوای دووسەعات بانگیان کردم بۆلای مامۆستا شاهۆ نەسیحەتی کردم و ئەو کاک نەجاتەش کارەکەی بۆ ئاسان کردم بەرەڵایان کردم..

ئەوەی لێردە گرنگە باسی بکەم ، ئەو دوو سەعاتەی زیندانی ناو ئاسایشە..

بەجلی دڕاو سەروگوێلاکی خوێناوی چومە زیندانەکە زۆر قەرباڵغ بوو کەس جێگای نەکردمەوە خۆی قاعەکەش هەر زۆر بچوك بوو، کوڕێك زۆر قۆزو جوانخاس ریش پڕ بانگی کردم ووتی وەرە لای من دانیشە بزانم بۆچی گیراوی؟

منیش وامزانی وەك خۆم وایە ووتم کاکە سەرخۆش بووم لەگەڵ ئاسایشەکاندا بوە بەشەڕم ، ئەم کوڕە چەند قسەی جوانی بۆکردم..

ووتی کاکە خەسرەو مرۆڤ تەمەنی بەشی خۆشەویستی ناکات چۆن شەڕی پێدەکات.. ووتم ئەی تۆ بۆگیراوی ووتی لەسەر شوبهە..

ئیتر نەمپرسی لێی شوبهەی چی .. ئەوەندەی قسە بۆ کردم حەزم دەکرد هەر زیندان بم ئەوەندە قسەکانی خۆش بوو.. ناوی سەیوان بوو یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی حەرەکە کە لەئاسایش زیندان بوو لەدوای شەڕەکەی مابووەیەوە وگیرابوو.. بەهەر حاڵ لە قسەکانی کاک سەیوان لە داهاتوداو لەباسەکانی تردا کاریگەری ئەو دووسەعاتە روون دەکەمەوە کە بانگیان کردم بەئاشکرا ووتم کاکە دەمەوێت زیندان بم هەموو خەڵکی ناو زیندانە دەستیان کرد بە پێکەنین..

بەربووم هاتمەوە بۆ ماڵەوە.. بۆ بەیانی لە کۆمیتەی ٣ بەشی کاسبکارن بانگکرام ئەودەمە ئەندام پۆل بووم لەوێ لای مامۆستا عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە ئێستا نوێنەری مام جەلالە بۆ کاروباری بازرگانیی، بەهەر حاڵ ئامۆژگاری کردم ووتی تۆ لەمەولا ئیشت گەورەترە لای ئێمە.. بەڕاستیش من یەکێتم ئەودەمە لە هەرچی شتە خۆشتر دەویست، بۆ ؟نازانم - ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە زۆرێك لە هاورێکانی باوکم یەکێتی بوون، بەهەر حاڵ چومە ناو دەزگاکانی یەکێتی و زیاتر دەستم کردوە بە ئیش کار دوورکەوتمەوە لە ئەهلی مزگەوت.

خوای گەورە ڕەحمی پێکردم دەنا ئەم چیرۆکەو خاوەنەکەی لەژێر گڵدابوون :

لەدوای ئەوەی مامۆستا عەبدوڵڵا لە چەند دانیشتنێکدا زیاتر ئێمەی لە رووی رێکخستنەکانی یەکێتی و کارکردنی ریکخراوەی زۆر بەهێز کرد .. ئەو ماوەیەش بە بۆنەی "مامۆستا ئومێد ئاشنا" یادی بەخێر هاوڕێیەکی باوکم بوو کەسێکی رۆشنبیر و نوسەرێکی بەناوبانگ بوو، هاوکاری زۆری منی کرد بۆ پێگەیشتنم.. جاروبار ژیاننامەی شەهیدانی یەکێتیم دەنوسیەوە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە پەڕەیی کۆتایی یان پێش کۆتایی.. ئەو دەمە مامۆستا موستەفا ساڵح کەریم سەرنوسەر بوو..

یەکێتی و بەتایبەت مامۆستا عەبدوڵڵا و کاک کەمال کوردی یادی بەخێر بەرپرسی کۆمیتەی دوو و کاک بەرزان و بەتایبەت تر مامۆستا ئومێد ئاشنا باش منیان بەرزکردوە بۆ ئاستێك کە لە تەمەنی خۆم بەرزتر بوو،بەڵام کێشە لەوەدایە

تەمەن ئەگەر لەگەڵ ئەقڵی منداڵیدا ڕێك نەكات هەرگیز ئەقڵێكی ساغ و تەندروست نەبێت لە گەڵ تەمەنەكەدا بگونجێت كە زۆری وەرگرت منداڵی لە دەست ئەدا كە پێشت نەبەخشی گەمژە دەردەچێت پێویستە پێوانەی تەمەن ڕابگیرێت و بەگوێرەی تەمەن منداڵ بەخێو بكرێت، چونكە من بۆ خۆم ؛ هەرچەندە تواناى زانیاری وەرگرتنم هەبوو بەڵام رۆحی موراحیقیو سەرشێتی لەناو جەستەو مێشك و ژیانی مندا قولپی ئەدا، ئەمەش هۆكارێكی زۆر گەورەیە كە مامەڵە لەگەڵ تەمەن نەكرێت، من لەبەر ئەوەی كوڕە گەورە بووم ، مامەڵەم لەگەڵ تەمەنی پیاوێكی ٥٠ ساڵدا دەكرا لە كاتیكدا خۆم ١٨ بۆ ١٩ ساڵ بووم ..

تەمەنی منداڵیم لەدەست دابوو.. دەبوو هەمویشە لە مەجلیسای پیاوەمەعوقلاندا دابیشم .. دەچووم بۆ یاری ، هەموو دیانگوت عەیبناكەیت تۆ كوڕە گەوەری ماڵیت چۆن دەچیت وادەكەیت ، ئەوكاتانەشی كە باوكم ، مابوو هەر خەریكی میوان بەڕێكردنو پێڵاو جوت كردنو چاگێڕان بووین ، یان حیمایەی باوكمان بووین ، ئەمەش وای كردبوو منداڵیمان بە تەواوەتی لەدەست دا .. جاری واهەبوو حەزمان لە فیلم كارتۆن بوو خیرا هەڵیاندەستاندی‌ن دەیانگوتت ..راكەن میوان هات!

ئیتر من لەداخی میوان و پیاوی قسە زلو قەربالغی هەموومنداڵیمان لەدەست دا ١٤ ساڵ بووم دەوری پیاوی چل ساڵمان دەبینی واتا ، لاشەمان وسیمامان منداڵ بوو بەڵام ئەقڵو مامەڵەمان گەورە بوو ..ئەمە بووە هۆكاری ئەوەی لە كاری رێكخستندا زۆر سەركەوتووبم ..

بۆیە زۆر سەرکەوتو بووم لەکەرەکانمدا لە ناویەکێتیدا تەنانەت دەچومە کەرکوك زانیاری دروستم دەهێنایەوە بۆ یەکێتی.. لە ئەو هێلەی کە کارم دەکرد لە ناو رێکخستنەکانی یەکێتی پەیوەست بوو بە خودی تاڵەبانیەوە ئەو سەردەمە بەو شێوەیە کار دەکرا.. هەر لەو سەردەمەوە نازناوی (ماکوان)م بۆ من دانرا لە لایەن مامۆستا عەبدوڵلای حاجی سەعیدەوە .. ئیتر خۆشم دەچومە کەرکوك بۆ کڕینی مەعجونی دان و کرێمی رایشتاشینی ئادەم و شامپۆی سن سن و ئەوجۆرە مادەنە لە سلێمانی پارەی دەکرد و ووردە ووردە دەستم کردوە بە کاسبی و ئەو جۆرە ئەشیاینەم دەهێنا بۆ سلێمانی ، لە کەرکوك زانیاریان پێدابووم کە ئەمنو جاشە کوردەکان لە ناوچەی مەجیدیەی کەرکوکن ، منیش دەچومە ئوتێلێك بەناوی (سیف الدولە) زۆر جاریش بۆ خواردنەوە شەوان دەچومە باڕی ئوتێلێك لە کەرکوك بەناوی "قصر کرکوک" لەگەڵ کەسێك ئاشنا بووم گۆرانی بێژبوو، بەڵام کۆنە طەواری بوو بەناوی مەستەفا رەئوف، بە هۆکاری ئەوەی شەوێك گۆرانی ووت زۆر ناخۆش بوو ، منیش ئەو شەوە خەیاڵم خۆش بوو هەستی کوردایەتیم بەرز بووبوە لە ناو ئەو هەموو بەعسی و عەرەبانەدا .. چووم ووتم یارمەتی ..!هەیە منیش گۆرانیەك بڵێم

مستەفا رەوف ووتی ئاسایە ، منیش بەدڵی خۆم گۆڕانیەکی-مامڵیم ووت، بەناوی فاتمۆکێ..
فاتمۆکێ کوێستانمان کێلەشینە... بۆت نەژیم بەهار بڕوا هاوینە ..

بۆ بەیانی تەماشای گیرفانم کرد ٦٥٠ دیناری تەزویری تێدابوو هەموو ٥٠ دیناری بوو تومەس شەو شاباشیان

دابومێ، بەیانی چومە صیدلیەکەی مەجیدیە بۆ شت کرین لای خاوەن صیدەلیەکە.. مەستەفا رەئوفم دی ووتی کاکە ئەم ،شەو پشتی ئێمەت شکاند بەو گۆرانیە

- ووتم بۆ؟

- ووتی ٢٥ دیناریان بۆ ئەهێنای هەر ئەدگووت من پەنجایی وەردەگرم، بەهەر حاڵ ناسینێکی سادە و ئاسایی لەگەڵ مستەفا رەئوف دروست بوو، بەردەوام من هاتوچۆی ئەو ناوەم دەکرد چەند جارێك لە سلێمانی بۆ ئەوێ ، پاشان بەغداد لە ڕیگای جەبارەوە زۆر جار دەگرامەوە بۆ کفری و کەلار ئینجا سلێمانی، کەرەستەکانم وشتەکانیشم لە ڕێگای لۆریەکانی ماڵی شێخ عەبدولقادری چوێسەوە دەگواستەوە بۆسلێمانی ئەوان هاوکاریان دەکردم ،زانیاری باشم بەدەست هێنا بۆ یەکێتی، هەرچەندە ئەوەش بۆ خۆی چیرۆکێکی ترە کە باسی بکەین ،بەڵام ئەو چالاکیانە هەڵدەگرم بۆ کاتێکی دیکە ، ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم ، ڕووداوێکی زۆر سەیرە کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە دەترسم و هەست دەکەم زۆر !شێتی بووە ..

ئەویش لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی کەرکوك ناوی عەدنان لە ماوەی رابوردو لە سلێمانی بە هۆکاری کرینو فرۆشتن ئاشنا بوبوین، کوڕێکی زۆر باش بوو منداڵ کار بوو یان با بڵێن زۆر کوڕێکی جوان بوو.. برایەکی بەدەستی بەعس کوژرابوو زۆر جار بە بۆنەی ئەوەوە دوکانەکانی کەرکوك شارەزابووم بەتایبەت بایعەکانی کە شتی کۆنیان لا مابوو دەمنکڕیەوە، ڕۆژێك چووم بۆلای تەماشام کرد زۆر بێتاقەتە ووتم عەدنان ئەوە چیە؟ وەڵامی نەدامەوە ، منیش تۆزێك بە کەرکوی قسەی خۆشم بۆکردو

-ووتم حەیاتم دبڵێ چیە؟

ووتی رەعد تەکلیفی رابوردنی لێکردوم وەلەبەرچاو دوو -
سی ئەمنی تردا دەستی بۆ بردووم منیش رامکرد ئیتر
! .. دەستی کرد بە گریان

زۆر تورە بووم، نەك تورە بووم، بەڵکو رەشی چاوی من نەماو
هەمووی سپی بوو
-ووتم عەدە دەمانچە کالاشینکۆف ئاربیچی هیچ شك
دەبیت؟

ووتی ئا- دەمانچیەکمان هەیە هی کاکەمە لەماڵەوەیە -

-ووتم چیە؟

-ووتی تۆکاریۆفە.

ووتم کەڵەك ناکات چونکە عادەتەن ئەوانە کۆنن - دەردی
کەڵکیان لای خۆمە خۆمی نەکوشتوە بۆیە دەترسام

نا ووتی زۆر جوانە و تازەیە -

ووتم چەند فیشەکی لەگەڵدایە -

ووتی یەك شانەیە -

زانیم کەمە بەس ئەوەندە تورە بووم خێرا چوین هێنامان - ..

به عەدنان م ووت بڕوات بۆ سلێمانی و بە کابرایەکی خەڵکی سلێمانی لە کەرکوك بوو سۆپەرێکی پێبوو گرتم بە خصوصی بۆ بەغداد ووتم کەی هاتم بیمە بۆ بەغداد، بەڵام نەجوڵێت لە نزیك چیخانەی مجیدیە دامناو ووتم ئەگەر شەو ڕۆژم پێچوە .. ناجوڵێت

- خوا هەڵناگرێت ووتی بێخەمبە.

عەدنان ڕەعدی نیشاندام پێشتر ئەوەم ووتوبوو بە عەدنان ئەگەر گیرام یان کوژرام بەکەس نەڵێت تەنها مامۆستا عەبدوڵلا حاجی سەعید نەبێت کە بەرپرسی خۆم بوو ، ٩ هەزار دینارم پێبوو دامی بیباتەوە بۆ سلێمانی تەسلیمی دایکمی بکات، بەهەرحاڵ، چومە نا وچایخانەی مجیدیە ڕەعەد یاری دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێکدا ، چومە چایخانەکە داوای چایەکم کرد بە دەنگی نزم و بۆ ئەوەی دەنگم بەرزنەکردەوە کەس سەرنجی پێرانەکێشیت، پێدەنگ دانیشتم و پشتم لەوان بوو، دەمانچەشم لە ناو تەکسیەکەوە خستبوسەرپێ و ئامادەی تەقە بوو بەس تەنها ترسی وەستانی دەمانچەکەم هەبوو لەوکاتەدا ئەگیانا ترسی هیچ لەدڵمدا نەبوو..

لە پڕ مەشغوڵی ئەواندا بەدەم قاقای گرێ خۆیانو قسەی بەرزیان لولەی دەمەنچەم کردە ڕەعد هەر ئەوەندم زانی تەقەم کرد چاوم هیچی نەبینی تا دەمانچەکە فیشەکی تێدابوو تەقاندم رامکرد.. ئیتر شڵەژام دامنابوو خۆم بکەم بە لای چەپی چایخانەکدا ، بەڵام لەتاو شڵەشان بەرەو لای فندقی سێف دەولە رۆیشتم ئەوناوچەیەش منیان دەناسی نێوانی فندق سێف دەولەو قصر کەرکوك ئەودەمە چۆڵ بوو

فرێدا ئەودیوە لە تاو شڵەژان خۆم کردوە بە ناو قەصر کەرکوك و لە پر مەستەفا رەئوفم دی لە نزیك چێشتخانەکەوە..

- ووتی چیە کاک خەسرەو بۆ شڵەژاوی

ووتم شەرمکردوە لەگەڵ ئەو ئەمن و طەواریانە بمپارێزە- لەدەستیان .. هەرچەندە من بیستبووم کە ئەم کەسە خۆی طەواریە بەعسیە ، بەڵام زۆر پیاوانە منی لە چێشتخانەی قەصر کرکوکەوە بردە دەرەوە، تا بردمیە کۆڵانەکانی پشتەوە سواری تەکسی بووم بۆ جێگای ئەو سەیارەی کە گرتبووم بەکرێ بەرەوە بەغداد رۆشتم دەمانچەکەم دایە سایەقەکە کە بە پارە بۆم بینێتەوەبۆ سلێمانی، بەهەر حاڵ سوپاس بۆ خوا سەرکەتوو بووم ئیتر من لەوکاتەوە کەرکوکم نەدیوە تاساڵی ٢٠٠٤ کەچوومە بۆ کوردستان لە ئەوروپاوە واتا لە کۆتایی ناوەندی ساڵی بەوەدەکانەوە ئیتر جێمهێشت دوای من چی روویداو کێ کوژراوە کێ بەرکەتوە هیج زانیاریم نیە..!

ئەوەی کە گرنگە باسی بکەم .. لەوکاتەی خۆم فرێدایە ناو کەلاوکە قسەی کاک سەیوانم بیر کەوتەوە، لە زیندان فێری ئەوەی کردم کە خوام خۆشبوێت لەبەر خۆشەویستی خۆی داوای شتی لێبکەم ، تەنانەت فێری کردم خوای پەروەردگارت لەبەر بەهەشتەکەی خۆش نەوێت، بەڵکو خوام لەبەر زاتی پیرۆزی خۆی خۆشبوێت کە الله یە ، لەوکاتە پەیمانمدا بە خودا و ووتم: خوایە نامەوێت بم پارێزی بەس داوات لێدەکەم ئەگەر مردم لێم خۆشبیت، تۆ لەدڵمادابە تەنها لێم خۆشبە ئەگەر مام و ژیام وەعد بێت کارێك ناکەم تۆ پێت ناخۆشبێت جارێکی تر من نابینیتەوە لەسەر کاری خراپەو

.. ئینجا هەر لەوێدا تۆبەم کرد خۆم ئامادەکرد بۆ مردن

خوای پەروەردگار پاراستمی، لەوکاتەوە دڵنیام ئیتر خوای گەورە سپاردە زایە ناکات، بەڵام بەراستگۆیانە دوام لێکرد هەستم دەکرد زۆر بە دڵسۆزیو صادقانە داوم کرد، بۆیە خوا پاراستمی..

لەگەڕاندنەوەم لە بەغداوە بۆ سلێمانی و لە سلێمانیەوە واز هێنانی یەکێتی لە منو دوورخستنەمەوەی من لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە زنجیرەی داهاتودا باس دەکەین.، وەرگرتنی زانستی شەرعی .

گەڕامەوە بۆسلێمانی.. ئیتر بەغدادم بە جێهێشت لەدوای
ئەوە ساڵەوە تا ئێستا نەمدیوەتەوە.
لەسلێمانی باسەکە و رووداوەکەی کە رووداوو بوو وویستم
بیکەم بە راپۆرتێك و بەرزی بکەمەوە بۆ سەروی خۆمو بۆ
هێڵە ڕێکخستنیەکەم لە ڕێگای م. عەبدوڵلاوە ئەوشەوەی کە
نوسیم لە ماڵی نەنکم نەخەوتم خستمە گیرفانی
کراسەکەمەوە ، دوای لە بیرم چووە لەویادامناوە..

- دایکم ووتی جلی پیست هەیە بۆت بشۆم؟

- ووتم کراسەکەم پیسە؛ چونکە دایکە گەورە ناوی عطیە بوو
واتا نەنکم توانای نیە بەدەست بیشوات، کە دایکی خۆم
ئامینە خان چوو کراسەکەم بشوات، وەك ئێستا چیم بۆ ئێوە
نوسیبوو ئەویش بۆ دەزگاکەی خۆمم نوسیوبوو دایکشم
جوان خوێندبویەوە ئیتر چاوی پڕبوو لە گریان کە من چەندە
کاری ترسناکم کردوە، دایکشم دەست بەجێ هەڵدەستێت
تەلەفون دەکات بۆ چەند بەرپرسێك و چەند کەسایەتیەکی
دیاری یەکێتی، تەلەفونی کردبوو بۆ کاك بەکری حاجی
سەفەر خوا لیخۆش بێت و، کافە خانی خێزانی هەڵییگرت
بوو خوالێی خۆشبێت، بەهەر حاڵ ئەوەی دەست نەکەتبوو،
دوای بۆ مام باخەوانی کردبوو واتا کەسایەتی ناسراوی
پێنجوێن حەمەی دەروێش حەمەساڵح، ئەویش دەست
نەکەوتوبو دادە ئایشێ هەردوکیان بەرەحمە ت بن ووتبویان
کاکە حەمە وخێزانی لە پێنجوێنە.. ناچار تەلەفون دەکات بۆ
کاك حامی حاجی غالی کە ئێستا بەرپرسی ناوەندی مەکتەبی
کۆمەڵایەتی یەکێتیە و لە ژیاندا یە جەنابیان .. وەزعەکەی
تێدەگەینێت بە گریان و بە تووڕەی بە کاك حامید حاجی
غالی دەڵێت: وەك باوکیم لەدەست چووە با کورکەشم

لەدەست نەچێت. کاک حامید پیاوێکە لەوانەی کە زۆر دۆستی باوکم بووە نزیك بوون لەیەکەوە ئێمەی وەك برازا تەماشاکردوە ئێستاش هەروایە ، بەهەر حاڵ ئەویش تەلەفون دەکات بۆ مامۆستا عوسمانی کانی پانکە و بۆ کاک عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە من کاری ڕێکخستن نەکەم و دوورم خەنەوە، بەهەر حاڵ یەکێتی وازیان لە من هێنا، ئەو راستیە من دەیڵێم ، خەڵکی یەکێتی لە دڵسۆزی و وەفاو پیاوەتیان بۆ باوکم منیان دوور خستەوە لە خۆیان منیش دەڵیم ماڵتان ئاوبێت دنیایەك مەمنونتان بووم..

دیسانەوە رووم کردوە هەمان مزگەوت کە بەسەرخۆشی رووم تێکردبوو، چوومەوە خزمەت ئەو پیاوە بەرێزانە پێشتر و هاتنەوە بەرو رووم ئەم جارە هەر وەك موسڵمانێك ، بەڵام ئەم جارە نەیانهێشت بچمەوە دەرەوە بەتەواوەتی ئولفەتیان دامێ و منیش دڵم لایان بوو بەتایبەت مامۆستا سەلاح ستار کە زۆر شتی فێری من کرد خواپاداشتی باداتەوە لە خۆشیندا هەمو شەوێك دەچوم بۆ مزگەوت.

ئەودەمە نێوانی بزوتنەوە یەکێتیش باش بوبو مزگەوتەکان دەرس و دەوریان تێدا دانرابووەو مزگەوتی جیهادیش هەبوو.. هەموو رۆژێك دەرۆشتم بۆ مزگەوت فێری قورئان خوێند فێری رەوشت و فێری رۆشنبیری ئیسلامی و بیروباوەڕی ئسیلام و ژیانی پێغەمبەرو ژیانی هاوەڵان دەبووم، بەردەوام بووم دەقەم بە فیرۆ نەئەدا ، چوونکە لەناو تریکەوە درچووم رووناکیم دۆزیەوە، ئەوەی تاریکی نەبینێت چێژی رووناکی نازانیت چییە.

هەموو شەوێك دەرس هەبوو.. بیرمە شەوانی شەمە

م.طاریق ژیانی پێغەمبەرانی دەووتەوە.. یەکشەمە کاک ئاوات ژیانی هەواڵانی پێشکەش دەکرد ، دووشەمان کاک سەلاح ستار.. بیروباوەڕی ئیسلامی هەبوو، سێشەمان مامۆستا عوسمان دەرسی تەجوید بوو، چوار شەمان مامۆستا حەسەنی حاجی سابیر فیقهی ئیسلامی ئەوتەوە،پێنچ شەمان کاک ئەنوەر بوو عولوم حەدیث ئەوتەوە، جومعان کاک سەلاح ستار بوو دەرسی عام بوو لە مزگەوتەکانی تریشەوە خەڵك دەهات باسی بەنی ئیسرائیل بوو..

بەم شیوەیە سوبحان الله ئەومزگەوتە زانکۆیەکی پەروەردەیی بوو، بیرمە نەیاندەهێشت مامۆستایەکی تر دەرس بڵێتەوە ئەویش کاک ئەنوری حاجی فەتاح بوو من مەجالێکیشم دروست کردبوو دەچوم بۆلای ئەو دەرسم دەخوێنت، نەمدەزانی بۆچی ناهیڵن وام دەزانی زیرەك نیەم بەس دوای بۆم دەرکەوت مەسەلەکە حیزبایتیە جەماعەتی نەهزە ڕێگەیان نەئەدا یەکگرتوو دەرس بڵێتەوە، چونکە یەکگرتوەکان نەیاندەهیشت لەمزگەتەکانی تر نەهزەکان دەرس بڵێنەوە ئیتر شەرە دەرس بوو ، بەڵام سودی بۆ من هەبوو ، واتا هەموو حەفتەکە دەرس هەبوو من دەرۆشتم بۆلای ئەوکاک ئەنورەش دەرسی ئیزافیم دەخوێند.. تومەس ئەمانەی کە دەرس دەڵێنەوە هەموویان نەهزەکان بووم نەیاندەهێشت نە حرەکە نە یەکگرتوو دەرس بڵێنەوە لە مزگەوتی شیخ عوسمانی سێریٚ بێجگە سۆفیو نەهزە ، لە مزگەوتی حەمەی حیٚجی رەشید نەهزەکان بۆیان نەبوو دەرس بڵێنەوە بێجگە یەکگرتو حەرەکە.. لە هەوارە بەرزە حەرەکەو نەهزە بۆیان هەبوو یەکگرتو بۆی نەبوو ، لە مزگەوتەکەی مامۆستا شەماڵ موفتی تەنها یەکگرتو بۆی

هەبوو.. ئیتر حیزبایەتیەکی بێتام ئەو هەموو زانست و زانیاریانە دەچونە ژێری هەژمونی حیزبایەتی.

من وحیزبایەتی ئیسلامی سەرلە نوێ تێهەڵچوونەوە لە سیاسیەت:

لەدوایی ئەوەی رۆژ بەرۆژ خۆشەویستم بۆ ئیسلام زیاتر دەبوو رووناکی ئیسلام تاریکی دڵم و هەناومی رۆشن کردببووەوە، چونکە مرۆڤ زۆر تینو نەبێت چێژی ئاو ناکات تا تینوێتیەکەی بشکێنێت.. منیش بۆخۆم دەمزانی پێشتر لە چ گێژاوێکدا بووم، سەرباری هەموو رۆژ بە رۆژ جیهانبینی من دەگۆڕا، هەموو رۆژێك بەرفراوانتر دەبوو، دیدم بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ و دەسەڵات واڵا تر دەبوو.. ئیتر هەستم کرد ژیان ئەو شانۆگەریە هیچ و بێمانایە نیە کە من پێشتر لێتێگەیشت بووم، بەڵکو ژیان سێبەرێکەو منیش رێبوار ئەوەندەم پێویستە تا لەم ژیانەوە دەچم بۆ دوونیای خولود.

رۆژانە بەردەوام وانەی ئاینیم دەخوێند ، هەر مامۆستایەکم بدیبایە دەمگوت ئەوە دەرسێکم پێناڵێتەوە!!.. بۆ نمونە بێجگە مزگەوتی شێخ عوسمانی سێرێ ..دەچووم بۆ مزگەوتەکانی تریش، پاشان بەرۆژدا وانیەکم لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی بن تەبەق دەخوێند، ئەربەعینی نەوەویم دەخوێند لەگەڵ فەتحول قەریب، دەرسێکم ترم لای کاک صەباحی برای کاک سەلاح هەبوو ئەویش تەفسیر بوو، وانەیەکی ترم لای مەلا حەمەومینی باخی هەبوو لە مزگەوتی کانی ئاسکان باسی ئەقیدە، لە مزگەوتی حمەی حاجی رەشید لای مامۆستا جەلال فەقێی مامۆستا موساو مامۆستا

ئیسماعیل بوو هەبوو جورجانی و زمانی عەرەبی و تێگەیشتن لە بانگەوازم دەخوێند، سەرباری هەمووی لەو بازارو قەیسەریەدا کە خۆم دا کەکارم تێدا دەکرد دووبرا کتێبخانەیەکیان دانا بەناوی کاک سەباحە سورو کاک نەجات، خوا دای بەمن هەموو رۆژێك کتێبێك یان دوو کتێبم دەخوێندەوە، بێجگە ئەوەی لە هەفتەیەکدا دەچومە خزمەت مامۆستا شێخ ئەکرم دەرسی تەصوفم دەخوێند، کاک سەلاح ستاریش دەرسی فەردی دانابوو بۆ من و دووبرای تر پێکەوە..

بەم شێویە بەردەوام بووم .. خوای گەورە زانست و زانیاریەکی باشی بەخشیە من و هەمووی فەزڵی خوای پەروەردگار بوو، پاشان ئەو مامۆستا بەرێزانە .. ئینجا لیرەوە من پاشخانێکی مەعریفی باشم بۆ دروست بوو ، بەڵام زۆر سەرەتایی لەهەمانکاتدا کرانەوە بە رووی ئەم زانستنەداو .. وەرگرتنی بە ئاسانی

خەریکی دینداری بووم.. خۆم بووم و باکم نەبوو بە کەس زۆر مورتاح بووم سبحان الله خوای گەورە رۆژ بە رۆژ پێشی دەخستم لە رووی سومعەو و پارەو هەموو رووکانەوە بەتەواوەتەی هەستم کرد ئیسلام مرۆڤ دروست دەکات، ئیسلام کارگەی دروستکردنی مرۆڤە.. بۆیە سەر لەنوێ من دروست بوومەوە لە رووی کەسایەتیەوە.. زۆر بەهێزتر ئەمجارە نە بەبۆنەی باوکەوە نە بەبۆنەی خانەوادەوە عەشیرەتەوە، بەڵکو .. لەهەمووی گەورەتر بە هۆکاری ئەم ئیسلامەوە.. پیاوی وا هاورێتی دەکردم کە ئەگەر جارانم بوایە یان دەبوو لە ماڵەکەیدا پێڵاوم ریز بکردایە یاخود چام بگێرایە، بەڵام ئیسلام منی دروستکرد.

برایەك هات بۆ لام پێنجوێنی ناوی كاك عەتا بوو ووتی بۆ نایت ببیت بە حەرەكە..
منیش ووتم جا ببم بە حەرەكە چی بكەم ، ووتی لای ئێمە دەرس دەخوێنیت فێری جۆرەكانی چەكت دەكەین و هەندێك قسەی تر.. منیش بی سی و دوو ووتم باشە.

ڕۆشتین بۆ مزگەوتی جیهادو نوێژمان كردوو منیان برد بۆ مقەرەكەیان بە كوڕێكیان ناساندم ناوی كاك یاسر بوو ووتیان ئەمە كاك خەسرەوە دەیەوێت ببیت بە حەرەكە..

- كاك یاسر لە بیرمە ووتی كاك خەسرەو لای كێ دەرس دەخوێنیتو هاتۆ چۆی كام مزگەوت دەكەیت..؟

- منیش ووتم لای كاك سەڵاح ستار دەرس دەخوێنم و هاتو چۆی مزگەوتی شێخ عوسمانی سێرێ دەكەم..

- كاك یاسر ووتی ببورە من وەرتناگرم لەبەر ئەوەی لەگەڵ كاك سەڵاح ئێمە پەیمانمان بەستوە نە من قوتابی ئەو بەرم و نەئەویش قوتابی من بەرێت!!..

- منیش بەسەر سوورمانەوە ووتم بۆ كوێ بەرێت؟

- ووتی بۆ ناو بزوتنەوە.

- ووتم ئەی ئەوان خۆیان چین من وام زانیوە كاك سەڵاح بزوتنەوەیە ؟

- ووتی نەوەڵا براكەم ئەوان نەهزەن..

بۆ یەکەم جار بوو زانیم کاک سەلاح نەهزەیە، بەڵام پێشتر .. من ناوی نەهەزەم بیستبوو

بەهەر حاڵ.. شەو گەڕامەوە بۆ لای کاک سەڵاح و باسەکەم بۆ گێراوە کە من چووم بۆ ئەوەی بەبم بە بزوتنەوە وەریاننەگرتوم و باسەکەم بۆ کرد هۆکار چی بووە..؟

ئەویش بە دوورودرێژی باسی ئەم رێکخراوەی خۆیان کرد ، بەڵام من نەچوو بە مێشکمدا هەر بزوتنەوەم خۆش دەویست ، بە پێچەوانەی جارانەوە چەندە رقم لێیان بوو ئێستا لە خۆیەوە چوونەتە دڵم بزوتنەوە خۆشویستە..

قەناعەتم بە نەهزەکان نەکرد.. بۆ ماوەیەکی تر کاک عەتام بینیوە ووتم کاکە من هەر دەبم بە بزوتنەوە..

لێرەدا لەم کەینو بەینی بزوتنەوە و نەهزەیەدا .. نەهزەکان بۆ منیان تێچاندبوو لای بزوتنەوەکان کە گوایە من وەرنەگرن، چونکە من جاسوسی یەکێتم، چۆنیش زانیم ئەم قسە نەهەزەکان کردویانە لەڕێگایی شێخ ئومێد پێووتم چونکە ناسیاومان بوو ، خەڵکی سەیدسادق بوو لە هێزی سلێمانی بوو.. ئەوە هەڵدەگرم بۆ قیامەت.. بەهەر حاڵ قسەکەش هیچ نەبوو تەنها نەهزەکان بۆیە ئەم قسەیان دروست کرد بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی من وەرنەگرێت و بە نەهزەیی بمێنمەوە..
کە ئەم حاڵەتە روویدا بۆ ماوەی دوومانگ یان سێ مانگێك دەبوو بووم بە نەهزە، نەنکم پێیزانم ، هەموو جارێک ئەفەرموو بە باپیرم یادی بەخێر بێت، دەیگوت .. حەمە چی بکەین خەسرەوە بووە بە (نازە..

جارێکیان بە خۆمی ووت ووتی رۆڵە بیستومە بوویت بە نازە
- ئیتر سبحان الله لەو نازەیەوە ئەو نەهزەیەم
لەبەرچاوکەوت، پێوەری نەهزە بوون چۆن بوو ، ئەگەر دژی
..!حیرەکەو یەکگرتو بویتایە ئەوە موسڵمانی باش بوویت

چوومەوە بۆلای شێخ ئومێد و کاک عەتا ووتم کاکە من -
سەرو گوێلاک و مەکینەم بە نەهەزە ناخوات من هەر
حەرەکەم ، من ئیشم پێتان نیە ئەگەر ئێوە ئیشتان بەمن بوو
..من بە نان و پیازو سیلاحی خۆم لە خزمەتاندام

کاک شوان بەرپرسی هێزی سلێمانی کە ئەم قسەیەی منی
بیست بوو خوای گەورە بەشەهید قوبوڵی بکات .. نارد بووی
بەشوێنمدا ، لەبیرم نەماوە لە رێگای کاک شێخ ئومێد بوو یان
کاک هەڵکەوتی ئیدارە بوو، بە هەر حاڵ ووتی زۆر خۆشحاڵی
خۆی دەربڕی و بە کاک یاسری ووتوبوو کاک یاسریش بە -
د.کامیلی ووتو بو ئێستا دکتۆرە لە سلێمانی .. ئیتر بووم بە
حەرەکە.. خەریکی خوێندنەوە کاری رۆژانەی خۆم ببوم ،
سوپاس بۆ خوا زۆر دەوڵەمەند بووم ئیتر پینجوێنیەکان کە
منیان ناسی و سومعەمیان بەدڵ بوو لەگەڵ چەند کەسێکدا
چوومە جادەی کاوە لەوی دووکانم هەبوو لەگەڵ چەند
کەسێکی ناسیو پێنجوێنی بووم بە شەریك و خەریکی
..کەسابەت بووم

بەڵام سەرەتایی بڵاو بوونەوەی ئەم قسەو دەنگویی من بە
یەکێتی لەم نەهەزەنەوە دروست بوو .. هەر بۆ زانیاری و
ڕایگشتی، ئیتر لەم دوایانەشدا جارێکی تر دروستیان کردوە
وابزانم تا ئێستاش هەر بەردەوامە گوایە من سەر بەیەکێتیم
، منیش باکم نیە ، چونکە سوپاس بۆ خوای پەروەردگار ئیشم

بە هیچ حیزبێك نیەو بە هیچ کەس نیە تەنها بە خوانەبێت، ئیتر ئەوەی کە رقی لێمە لە ناو ئیسلامیەکان دەڵێن جەلالیە و یەکێتیە یان پارتییە ، تەبعان یەکێتیەکانیش وپارتیەکان دەڵێن پیاوی مەلا کرێکارە و یان ئیرهابیە..! تەبعەن هەردووکیان قسەی بێماعناو هیچ و پوچە، چونکە بیروباوەڕم ڕێگام پێنادات کە کاری حیزبی لەگەڵ عەلمانی بکەم، وە پاشان ئەوەندە سوکیش نیم خەڵك بە ئاغا بزانم خۆمم ببم بە پیاوی !، رۆژانێك بوو ە من م، کرێکارم بە مەزلۆم زانیوە من هاوکاریم کردوە رۆژێك لە رۆژان من ئیشم بە مامۆستا کرێکار نەبووە ، هەر ئەو ئیشی بە من بووە، ان شاو الله لە تەوقیتێکی نزیکدا باسی ئەوو رووداوانەش دەکەم واتا لە ساڵی ۲۰۰۸ وە باس دەکەم تا ساڵی ۲۰۱۶...

بەگەڕێنەوە ناو باس ..

لە پاش مردنی کاک شوان بەرەحمەت بێت من دابرام بۆ ماویەك لە هێزی سلێمانی و لە ڕێگای برایەکەوە بە ناوی مامۆستا عیسا پەیوەندیم پێوە کرا بۆ پەیوەندی خوێندکارانی ئیسلامی کوردستان، ئەوماوەیە چالاکییەکانم لەوێ دەکرد، بەردەوام لەگەڵ هێزی سلێمانیش کاک یوسف و دوای ئەویش کاك مەڕوان هەربەردەوام بووم.

لە پەیوەندی خوێندکاران و لاوانی ئیسلامی کوردستان کوڕێکی سوری جوانخاسم ناسی بەناوی فەرهەنگ نامۆ.. لە ڕێگایی مامۆستا عیساو ئەو برایانەی ناو پەیوەندی، ئەوکات مقەرەکەمان لای مەعرەز جەلال بوو لە فولکەی ئاسکەکە.. رۆژێکیان من دەرسم دەخوێند تەلەبەیەك هات بە قاتێك کەتافیەوە لە تەنیشت منەوە دانیشت ، ووتی دەرگای مقرم

دانەخستوە بەس تەنها من و کاک دکتۆر ڕێبوار کۆساری و..
لەم دوایەدا بۆم دەرکەوت کە برای کاک بڵند غەریبی سەرنوسەری ڕێگا بووە، پاشان مامۆستا عیساو کوڕێکی تر بە ناوی کاک سەنگەر و یەکێکی تریشمان لەگەڵ بوو برای کاک عەتای پێنجوینی بوو بە ناوی کاک سەلاحەدین بوو، مامۆستا عیسا توڕە بوو ووتی چەند جارم ووتوە دەرگاکە داخە..کەهاتی لەدوای خۆتان، بەهەر حاڵ وویستی بڕواتەوە م.عیسا ووتی دەچم دایدەخەمو شتێکی پێویست بوو-بیهێنێت، لەو ماوەیەی کە ڕۆشت من و نامۆ تەعروفمان کرد و یەکسەر من ووتم ئەوە چیە ئەڵێی لە ڕەباییەوە هاتووی تۆ لە قوتایانو لاوانی ئەم جلانە چیە لەبەرتا؟

بە پێکەنین و سوبعتەوە، ووتی وەڵڵا برا لە رابایەوە هاتووم -!..لە سەرەوە واتا مزگەوتی جیهاد پاسەوانم

ئەو ڕۆژە بیکەوە دەرسمان خوێندن و هاتنە دەرەوە بە پێ گەراین تا لای حیسیب ساڵح ڕۆیشتین کە ئێستا پێدەوتریت سلێمانی پاڵاس، تەنها تەعروف بوو.. دوای ئەوە ئیتر لەگەڵ فەرهەنگ نامۆ خوای گەورە بە شەهید وەریگرتبێت.. برایەتی و هاوڕێیەتیمان خۆ شبوو من و سنگەرو فەرهەنگ گۆڤاریکمان دەرکرد ٥٠ لاپەرەیی بەناوی گۆڤاری ژیار، بەڵام سەر بە پەیوەندی بوو..زیاتر نزیک بووینەوە لەیەك و پرۆژەی ڕۆشنبیر زۆرمان دامەزراند لەوانە بۆ یەکەم جار من و نامۆ..سمیناری دووقۆڵیمان گرت بە جەولە قسەمان دەکرد

نامۆ بەرەحمەت بێت- زۆر لاسای مامۆستا کرێکاری دەکردوە تەنانەت دەنگی کتو مت وەك مامۆستا کرێکار بوو، منیش زۆرم پێناخۆش بوو ، هەموو جارێك دەمگوت برا دەنگت با

وەك خۆی بێت و وەك خۆت قسە بکە، کە مادەم مامۆستا کرێکار هەیە ئیتر بەسە من لام عەیبە خەڵك لاسایی خەڵکی تر بکاتەوە، ئەگەر خۆی لەتوانیادا هەبێت بۆ توانای خۆت دەرناخەیت، چونکە بەراستی نامۆ بلیمەت بوو حەزی زۆری بە رۆشنبیرو گەڕان و سەرچاوە هەبوو، هەرچەند لەم دوایەشدا خەڵکێك بە خۆمیان دەگوت کاک ماکوان تۆ وەك مامۆستا کرێکار قسە دەکەیت!، کەوایان پێدەووتم نامۆم بیر دەکەوێتەوە، چونکە بەراستی پێش ئەوەی بە خزمەتی مامۆستا کرێکاریش بگەم هەروا قسەمکردوە، جەنابی مامۆستا کرێکاریش هەروا گوی لە من بووە، پێم خۆش نەبوو هەرگیز من وەك مامۆستا کریکار بم ، نەك لە بەر ئەوەی مامۆستا کەمە ، نا- بەڵکو - من ناگەم بە مامۆستا و ناشمەوێت تەقلیدی کەس بکەم، حەز دەکەم وەك خۆم بم..

بەهەرحاڵ لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹۷ بیرم لەدەروەی وولات کردوە کە بڕۆم بۆ ئەروپا، دیسانەوە وەزعی مادیمان وێران بوبوە بە حوکمی ۳۱ ئاب و دوای ئەوەش شەری یەکێتی و پارتی و نەبوونی کارو کەسابەت من بیرم لە ئەوروپا کردوە.

رۆژێك لەدوکان دانیشتبووم پیاوێك خۆی کرد بەدوکاندا ..من و شەریکەم دانیشتبووین ، بە ئێرانیانە ووتی سڵام ..

خەسرەو : سەرچاو فەرموو

کەسە ئێرانیەکە ، ووتی : من دووکانم هەیە لە شاری مەریوان ، مێزی تەلوزیۆن دەفرۆشم دەتانەویت بۆتان بینێرم بۆ سلێمانی ..

منیش : بەخێر هاتم کردنو لەبەری هەڵسام و چام بۆ بانگ کردنو تەعاروفم لەگەڵ کرد بەهەر حاڵ ناوی کاك عەبدووڵای .. پووهی بوو

پرسیم : مێزەکان چین و چۆنن، پرسیارم لێکرد لە چۆنیەتیو نرخەکەی .. تاڕادەیەك وەك ئەو باسی دەکرد ئەقڵی منیش .. دەیگرت

خولکم کرد ، کە بچینەوە بۆ ماڵی خۆمان ووتی لێرە لەماڵی .. ناسیاومانین
.. بڕیار بوو کە مێزەکانم بۆ بنێریت بە پیلەوەردا

کاك فاروقی شەریکم پێش ئەوەی بڕۆت کاك عەبدووڵا ووتی : من پێم باشە خۆت بچیت بیبینیت لە شاری مەریوان و ..ئەگەر بەدڵت نەبو با نەیەتە ئێرەو ببێتە ماڵ بەسەرمانەوە

قسەکەی کاك فاروقی شەریکم مەعقول بوو ،، بۆیە رووم کردە کا عەبدووڵا عەرزمکرد ئەی ئەگەر خۆم بیم بۆ مەریوان پێت چۆنە؟

عەبدووڵاهی پووهی : زۆری پێ باشە بوو ،ووتی : کارێکی .. فرە خاس دەکەیت
.. بڕیامدا لەگەڵیدا بچم بۆ مەریوان

هەڵسا بڕوات .. بۆ بەیانی کە هاتنەوە بڕیار وابوو من بڕۆم ، بەڵام شەو بیرم کردوە خۆم بەتەنها بچم لەگەڵیدا نەڕۆم ، .. چونکە نەمدەناسی

ئەو ڕۆیشت و ئەدەرسی ماڵو دوکانیانم وەرگرت لە مەریوان و ، دوای چەند رۆژێك دەرچووم منیش بۆ مەریوان لە گوزەری هەورامیەکانەوە تەلەفونم بۆکرد ٣ دەقەی پێنەچوو هاتە بەردەمم و شەو چووینەوە بۆ ماڵی کاك عەبدوولا و نەیهێشت بچمە هیچ جێگایەکی تر ، هەرچەندە من کەسوکارم زۆرە لەمەریوان ، بەڵام بەوپێیەی کە بۆلای ئەو هاتووم نەیهێشت بچمە هیچ ماڵێك هەڵەبەت بۆ نان خواردن .. .. نەك مانەوەی شەو

لەکاتی قسەکردندا تەعروفمکرد لەگەڵ ماڵو منداڵەکیدا ، لەپڕ کچێکی جوان خۆی کردە ژورە و کاك عەبدوولا هەڵسا لە بەری و باوەشی پیاکرد ، منیش لەتاو جوانیەکەی سەرم بۆ دەنەخرا ، نەمزانی کێیە دەنا منیش لەبەری هەڵدەسام ..ئەوەندە جوان بوو

خوایە دەمگوت ئەم کچەم دیوە ، دوای بۆم دەرکەووت لە فلیمدا شێوەی ئەم دەموچاوەم دیوە ئەویش فیلمێکی ئەمیر ئەرسلانی نامدار بوو بەفارسی بینیبووم ، باڵا بەرز شەدلار ، چاو ڕەش ..هەموو پێناسەیەکی جوانی لەخۆیدا کۆکردبووە .. منیش بەدیاریەوە حەپەسابووم دایکی هات ئەویش باوەشی پیاداکرد .. خوشکەکانیو ، کاك عەبدوولا تەنها یەك .. کوڕی هەبوو ئەویش لە زیندانی ئێران بوو

خەریك بوو منیش هەڵسم و باوەشی پێدابکەم بڵێم یاخوا ! .. بەخێربیتەوە
بۆم دەرکەوت ناوی ئێرانە کچەکە ، چونکە باوکی ووتی ئێران .. کچم کەی گەیشتیتەوە

- ووتی بابە ئێستا ..

بۆم دەرکەوت لە دانیشگایە .. لە ئەصفهان .. واتا زانکۆی ئەصفەهان ..
منیش خۆم پێنەگیراو کردم بەقسەی خۆش بۆ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشم .. ووتم ناوت ئێرانەو خەڵکی ئێرانیت و لە ئێرانیش دەخوێنیت ؟

..بە پێکەنینەوە ووتی بەڵێ

منیش ووتم دیارە ... شوو بەئێرانیش هەردەکەیت؟

ئێران ووتی : شەرت نیە .. واتا مەرج نیە ..

..ووتم بەخوا نیوەی ئیشەکەم ئاسان بوو

دوای نانخواردن زوو هەڵسام زانیم ئەو خانەوادەیە خۆشحاڵن بە هاتنەوەی ئێران ، هەرچەندە لە ڕاستیشدا منیش هەر خۆشحاڵ بووم بەهاتنەوەی و بینین ... بەڵام دەبوو هەڵسم ..

ئیتر شەو ڕۆژ و ساتەکانم هەمووی بووبوو بەئێران ..

سنورداش کرامەوە بۆ سلۆپی بو لای برادەرانی پارتی، گرتیانم لە دهۆك و بەزیندان کراوی دوای هەفتەیەك ، بەبیانوی ئەوەی پاس ئامادە نیە لە زیندانی دهۆك مامەوە، دوایی ناردیانم بۆ هەولێر بۆ ئاسایشی گشتی ، من و ٥٦ کەسی تریان کردە حەمامێکەوە لە ئاسایشی سلێمانی..

ئەوەی خەڵکی هەولێر بوو دوای لێپێچینەوە ئازادکرا ، ئەوەی ناسراوی هەبوو ئازاد کران ، من و چەند کەسێك ماینەوە لە حەمامەکەدا .. منیش هیچ پێناسێکم پێنەبوو ..

یەکێك لە ئاسیشەکان هاتە ژوورەوە ، ئەوەی پێبڵێن ئەخلاق و ڕەوشت کەرامەت نەیبوو بەجنێوەوە
- ووتی : با بەهادین بێتە دەرەوە، منیش قسەم نەکرد ئی من ناوم خەسرەوە ، هاواری کرد ، با (بەهادینی فەتەکۆپە) بێتە دەرەوە ، منیش هەر قسەم نەکرد تەماشام کرد هەموو ئاسایشەکان تەماشای من دەکەن ، بە جنێوودان ووتیان وەرە دەرەوە هەی پیاوە حیزەکەی سالار عەزیز ..!!

- منیش ووتم :کاکە لەگەڵ منتانە .. ووتیان بەڵێ تۆ ئەڵێین هەی جەلالی بی ئەخلاق واوا لێکراو .. ئیتر جنێو بە خۆمو خوشکوو دایکم .. هەرچی ووتم کاکە بەخوا من ناوم خەسرەوە ، ناوم بەهادین نیە ، هیچ نەیخوارد .. پشت ملیان گرتم تفەنگ لەسەر سەرم بوو بردیانم بۆ ژورێك کوڕێکی موفوەزی لێبوو ..

-ووتی ناوت بڵێ؟

- منیش ووتم : خەسرەو عەبدولکەریم محمد ..

- موفەوەزەکە : هەتیو درۆ بکەی ئەم جارە یەك فیشەکت پێوە ئەنێم ..!

- خەسرەو: ووتم کاکە من خەڵکی پێنجوێنم .. ناوم خەسرەوە کەسێکی پێنجوێنی بانگ بکە ئێوە هەڵەن لێتان تیکچووە ..!؟

- ووتی : ئاخر بەهادینی بێئەخلاق خەڵکی پێنجوێن ئەزانین خۆمان ..!

- ووتم : خوایە چۆن گیرم خواردوە بەدەست ئەمانەوە .. هەربڕوایان نەکرد ، وابزانم بۆم هاتن بە چوار کەس بۆ لێدانم ، منیش خۆم دانابوو بۆ کوشتن زانیم بە بەهادین تێکەتوون دەمو چاومان وەك یەك بوو ، خوای گەورە کردی - کەماله رەشی- کۆنە رەفیقم کە حەزی لە بەیان بوو خۆی کرد بە ژوورا .. ئیتر ووتم کاکە ئەو کوڕە من دەناسێت لی پرسن من کێم ؟

(لێرەوە، ڕێزی زۆرم بۆ بنەماڵەی فەتەکۆپە هەیە وبەتایبەت کاك براهیمی فەتەکۆپە ، کە نازناوی خانەوادە بەڕێزەکەیان بەو شێوەیە ..هیوام وایە دڵگران نەبن وەك خۆی باسم کردوەو کاك کەریمی براشیان جارێك بەخزمەتی گەیشتووم ..هەرچەندە من تا ئێستاشی پێوەبێت، بەندە کاك بەهادینم نەدیوە دەڵێن لە هۆڵەندایە ، دەڵێن لە من نەگەبەت ترو سەرەڕۆتربووە ، بەڵام براهیمی برای لەنەرویجەو هاوڕێمە .. دووبارە حورمەتم بۆ براهیم بەهیوای ئازاد بوونی، کە ئێستا وەك بیستومە لە زیندانە )

کەماله ڕەش ووتی: دەیناسم ناوی خەسرەوە و کوڕی .. گەرەکی خۆمانه ، بەڵام جەلالیەکی پیسه ..بەپێکەنینەوە

لەڕاستیدا نەیهێشت لێمبدەن .. بەڵام هەر بێ ئەخلاقی نواند ، داوای قاپێ عارەقی لێکردم که ببێته کەفیلم .. ووتم پارەم .. پێنیه

- ووتی بەرتنادەم تا بۆمنەکڕیت .

- منیش ووتم عارەق حەرامه بۆت ناکڕم ، کەچی هەر نەبوو بەکەفیلم .

بردیانمەوە بۆ زیندان ..سوجدەی شوکرم برد بۆ خوا ، که .. نەجاتم بوو لەدەستی ئەو جەلادانه
دەمەو ئێواره بوو ، لەپڕ ئاسایشێك هاته حەمامەکەوە من هەموو گیانم عارەق بوو

- ووتی: خەسرەو بیته دەرەوە.. قۆڵی گرتم بردمی بۆ ژووری جێگری بەڕیوبەری ئاسایشی سلێمانی، خویندمەوە ژوورەکه وانوسرابوو..

.. چوومە ژوورەو پیاوێکی قۆز هەڵسا لەبەرم
- ووتی: خەسرەو من دەناسیت ؟

- خەسرەو: نەوەڵلا قوربان ناتناسم

- ووتی من شێخ فازیلم و ئەزانم تۆ جەلالیت و باوکیش هەر جەلالی بووە ..! ئێستا ئەتبەین بۆ ئاسایشی ئاکرێ ، بەڵام هەر

پێدەکەنی پێم ..؟!

- لەڕاستیدا منیش ئەژنۆم شکا ..!

تۆزێکی پێچوو .. وەستا بووم ووتی برسیت نیە ؟

- خەسرەو: منیش تف لەدەما ووشك بووە .. یەك هەفتە نانم نەخواردوە لە نانە رەقەو شتی سادە بەولاوە دوو رۆژیشە هیچم هەر نەخواردە بێجگە ئاو.. ووتم نا سوپاس ..!

- شێخ فازیل: خۆ هەر ئەتبیەن بۆ زیندانی ئاکرێ بۆ نان ناخۆیت ؟

(زیندانی ئاکرێ پیسترین زیندانی پارتیە ، یەکیتیەکانیان تێدا زیندان دەکرد. لای یەکێتیش زیندانی قەڵاچوالان هەبوو بۆ پارتیەکان )..

- خەسرەو: باشە سوپاست دەکەم، چارم نەما ..

- شێخ فازیل : حەز لەچی دەکەیت بۆت بێنن؟

- خەسرەو : هەرچی بێت خوا نەی بڕێت؟

- شێخ فازیل : ئاسایشێکی بانگ کرد ووتی بیبەن بزانن چی دەخوات ؟

منیان برد بۆ جێگایەك هەر لە تەنیشت ئاسایشی سلێمانی لە سەر شەستیەکە ، ناوی مطعم (لیرە) بوو..

چوم تیرو پڕ هەمبەرگرو گەصم خوار بێ ئێوە ناخۆش ، ئاسایشەکەش تەماشای دەمی دەکردم ، منیش لەداخا نەمگووت بخۆ ، چونکە من خۆم داناوبوو بۆ زیندانی ئاکرێ.. دوای نانخواردن گەڕاندمیانەوە بۆ ناو ئاسایشی گشتی .. ! .. ڕەوشەکەم بەلاوە سەیر بوو

سواری سەیارەکەی خۆی کردم شێخ فازیل ، لەدواوە دانیشتم ، پاسەوانێکی لەگەڵ بوو لە پێشەوە دانیشت و منیش بەتەنها لەدواوە و خۆشی سەیارەکەی لێخوری، سەیارەکەش (ئۆڵدزمۆبیل) ی سپی بوو .. بە بیرمدا هات پەلاماریان بەدەم ، بەڵام ئەمە هەرچی تەماشا دەکەم ڕێز گرتنە ، نەك زیندان ..کردن ..دانم بەخۆمدا گرتو هیچم نەگووت

بردمی بۆ گەڕەکێک لەهەولێر.. لەبەردەم دەرگای ماڵێکدا دەیبەزاندم و مامۆستا سەید ئەحمەد پینجوێنی هاتە دەرەوە و بەخێرهاتین کردین و ووتی کاکە خوسرەو گیان بەخێر بێت بابچینە ژوورەوە ..؟
منیش دەستیم ماچ کرد و .. چونکە وەك خاڵمان وایە جەنابی .. مامۆستا سەید ئەحمەد

زۆر بەگەرمی خوڵکی کاك شێخ فازیلی کردو ووتی: نانی ئێوارە ئامادەیە .. شێخ فازیل هاتوو چووینە ژوورەوە تەماشا !.. دەکەم دایکم دانیشتوە !، بەڵام من توشی شۆك بووم

شێخ فازیل: کاکە خەسرەو .. من لەشارۆچکەی سەیدسادق - تەنزیمی باوکی تۆ بووم ئەودەمە من کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووم ئێستا پارتم ..! هەر پێدەکەنی .. ئەیگوت چاکم ترساندی

پاشان بەردەوام بوو فەرمووی: باوکی جەنابت منی دروستکرد و ڕێزو حوورمەتم هەیە بۆ ئامینە خانی دایکشت و ئەگەر ئازارێکیشت داربێت لای ئێمە داوای لێبوردن دەکەین !.. ، خۆت دەزانی ڕەوشەکە چۆنەو پارتیش دووژمنی زۆرە

دوای ئەوە منیش زۆر مەمنونی کاك شێخ فازیل بووم جێگری بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی ، ئەودەمە بەڕێوبەری ئاسایش گشتی ناوی کاك فازیلی مەلیح بوو ، من لەم دوایەدا زانیم شێخ فازیل و فازیلی مەلیح جیاوازن بەیەکێك تیگەیشتبووم ..!

بەهەر حاڵ ئەو شەوە لە خزمەت مامۆستا سەید ئەحمەد بووین، پاشان بۆ بەیانی من و ئامینە خانی دایکم گەڕاینەوە .. بۆ سلێمانی

ماوەی مانگێك لە سلێمانی مامەوە، دیسان لێمدایەوە بۆ تورکیا .. هەر سنورداش کرامەوە، بەڵام لە ئێرانەوە لای .. پارتیەوە نەبوو
. هەرچوومەوە بۆ تورکیا ، لەکۆتایدا گەیشتەمە ئەستەنبووڵ

لەڕێگادا قچاخچیەکان ناویان ..دانا و بەکرو عوسمان بوو، بوو بە شەڕم لەگەڵ دانەیەکیاندا جنێووی ئەدا بە خەڵك، پەلامارم دا ووتم: جنێو بدەی ئەمجارە لێرەدا کەرامەتت دەشکێنم ، زۆریکیش لە نەفرەکان پشتی منیان گرتو قاچاخچیەکان قسەیان نەکرد !! .. منیش بەئاسایی وەرمگرت نەمزانی ئەمانە هەموو سەرو بنی یەکترن و وایان دانابوو کە .. من بگەمە ئەستەنبوڵ لێمبدەن

ئەو ئێوارەی گەیشتینە ئەستەنبووڵ.. شەش قاچاخچیم
.. لێکۆبوویەوە
..گەورەکەیان ناوی ئاریە سور بوو
ئاریە سور
عوسە شەش پەنجە
دڵە شەروال پیس
داناى عەبلی عەبان
بەکری سەعۆلە
.. یەکێکی تریش بوو کە نەمدەناسی

هاتن سەرەتا کوڕێکی لێبوو ناوی کاك عوسمان بوو زۆر بەڕێزبوو ئەوانیشی دەناسی و منیش دەناسی لەڕێگادا نوێژم دەکردو هەستی دەکرد تەنزولم نەدەکرد وخەریکی ماستاو کردن نەبووم .. ئیتر ڕێزی لێدەگرتم لەویٚ ئاگام لی بوو نەیهێشت هی چکاریك بکەن ، هات چپاندی بەگوێما ووتی !.. ئەگەر جنێویشیان پێدای قسە مەکە ئەیانەویت لێت بدەن

بێجگە ئەوشەش کەسە هەریەکە چەورەیەکی تریش لەگەڵ بوو منیش زانیم دەرقەتی ئەم هەمووە نایەم شەری خۆتێڕن ناکەم ، بەڵام سەری مارەکە ئاریە سور بوو ، لە وە پەس بوو بوو، کە ووتم نابم بەنەفەری تۆ نەفەری هیوای قوماشم .. رقی لە هیوا بوو ، هیواش پێنجوێنی بوو پاشان کۆنە .. پێشمەرگەبوو لەگەڵ باوکم و لە پێنجوێنەکان بوو

کەهاتن منش چوومە نزیك مەطبخەکەوە چەقۆیەکم گرت بەدەستمەوە چەقۆی شت پاکردن بوو .. خۆم مەشغوڵ کرد بە شت چاکردن .. ئەوانیش زانیان خۆم ئامادەکردوە .. !.. ووتیان دەڕۆین دواى دینەوە لێی ئەدەین

دوای ئەوەی کە ڕۆشتن ئێوارە بوو بۆ خواردنەوە ، بۆ ئەوەی شەو بینەوە هەرچیانکردوە کەرامەتی من بشکێنن.. ماڵی کاك عوسمان ئاوابێت .. هات و ووتی : کاکە بەخوا تۆم خۆش دەوێت ، بەڵام ئەمانە کەرامتت دەشکێنن یان دەبێت تەحەمول بەکەیت ، یان دەبێت راکەیت لێرە، بەمنیشیان ووتوە ئاگات لە خەسرەو بی ڕانەکات شەو ئەیکەینە مەزەی خۆمان ، منیش بۆ خوا پێت دەڵێم راکە ؟!

زۆر مەمنونی بووم : تەنها کرسێکو پانتۆڵێک کابۆم لەپیدابوو .. هیچ پارەشم پێنیە ، داوای ٥٠ دۆلاریشم کردوە بەناوی ئەو قاچاخچیەوە بێت کە ئاریە سورە ، فریا نەکەوتم ئەو پاریەم بەدەست بگات منیش لە شوقەکە رامکردە دەرەوە نازانم بۆ کوێ بچم ، هیچ جێگایەك شارەزا نیم ، ئەستەنبوڵ زیاد ١٨ ملیۆن کەسە، یەکەم جارەمە بێمە ئەستەنبوڵ مانگی نۆیە .. بەشەودا ئەستەنبوڵ زۆر ساردە

گەڕام زۆر گەڕام کوردم نەبینی ، بەسەر ئەو جادانەدا گۆڕانی ماملێ و حەسەن زیرەك چیم لەبەر بوو هەموویم ووت ، هەموو تورك تەماشای دەکردم ، یەك کوردم نەبینی ، چوومە مزگەوت بۆ نویژەکان ، بەعەرەبی قسەم دەکرد ، یەك مەلا عەرەبی نەدەزانی ..!

شەو ساردەو یەك کراسم لەبەردایە سەرمامە هەڵدەلەرزم . پارەم پێنیە و برسیمە، کەس ناناسم .. تورە بووم سوێندم خوارد دەچمەوە کوردستان تۆڵە لەو قاچاخچیانە دەکەمەوە، ئاگر لەچاوم دەباری . بڕیارمدا ئەمجارە خۆم تەسلیم بکەمەوە بە پۆلیسی ئەستەنبوڵ و بمگەڕێنەوە بۆ سلێمانی ..

ڕۆشتم سەیارەیەکی پۆلیسم بینی و چوومە لای ووتم (بەن (ئیراکیم.. پاسۆپرت ماسپۆرت یووٚک

ئەوەندە فێر بووبووم .. کابرای پۆلیس هەرجوابیشی نەدامەوە .. !!

منیش خۆم تورە کردو ئەو ڕستە سەروگویلاك شکاوەم-ووتەوە ..زانی هەڵدەلەرزم لەسەرماندا .. زۆر پیاو بوو پۆلیسەکە ووتی: بڕۆ ناو سەیارەکە دانیشە ..

ئاگام لێبوو دەستی کرد بە جیهاز کردن .. بەتورکی دای بەیەکداو باسی منی دەکردو عێراقی وپاسپۆرت و .. لەم جۆرە قسانە .. هەستم کرد مەوزوعەکە منم ..

ماوەی چارەکێك لەناو سەیارەکدا بووم ئەوەندەم نەزانی پۆلیسێکیان هات و ووتم دەمبات ئێستا ، یەك دنیا پسکیتو چۆرەك و سمیتی بۆ هێنام ، خواردنێکیان هەیە وەك نان وایە خرە کونجی پێوەیە پێی دەڵێن سمیت.. ٨ ملیۆن لیرەی دامێ..! ئەوکاتە ٨ ملیۆن لیرە زۆر بوو، هەر١٠٠ دۆلار لە تورکیا ٢٣ یان ٣٦ ملیۆن لیرە بوو.!

منیش سمیت و پسکیتەکەم وەرگرتو پارەکەم دایەوە، -کەچی دوو ملیۆنی تری خستە سەری بەدەستی ووتی :ئەوە ١٠ یە ، وەك بڵێ رازیت ..! منیش بەلامەوە سەیر-بوو.. کەچی ووتی دابەزە بە ئینگلیزی : ئێمە پۆلیسی ترافیکین .. واتا مرور بوون ..!

منیش ووتم ئەی ناتوانن بە پۆلیس بڵێن بمگرن بگەڕێنەوە بۆ-

عێراق؟

-وتی با تەلەفونم کردوە ئێستا دێن ئەت بەن ..؟

خۆشحاڵ بوم ، بەس بۆ ئەوەی بگەرێمەوە کوردستان و تۆڵە لەو قاچاخچیانە بکەمەوە..!

سەیارەیەك هات بەلورەلور و منیان برد بۆ جێگایەك ناوی قەرقول بوو.. کەچوومە ژوورەوە .. شتێکی زل دانیشتبوو کەچەڵ ، لەدوورەوە منی بینی ووتی: سن پەکەکە.. دەموچای لەوە دەچوو کە مانگا جووبێتی، ئەوەندە چرچ لۆچ بوو.. ترسناك هەر زیرەم کرد کەوای گووت ..

-منیش ووتم ئەکمەک- ئەکمەك واتا( نان)، ئەویش هەر دەیگوت پەکەکە، منیش ئەمگووت .. ئەکمەك..

موتەرجمێکی کرمانجیان هێنا و وابزانم ١٥ بۆ ٢٠ کەس لەوژورەدا دانیشتووبون هەمووی دەرەجەدارو کەچەڵ و سەیری منیان دەکرد .. منیش لەناوەراستیاندا وەستابووم ، ئینجا وەرە خەسرەو دڵت شەق نەباتو زیرەنەکەیت و پێشت بڵێن پەکەکە..

پرسیاریان کرد .. منیش بەراستگۆی باسەکەم کرد ئەوەی روویدابوو گیرامەوە ، سوێند بەخوا شوێنەکەم بزانیایە کوێیەو بچومایەتەوە سەری ، هەموو ئەو قاچاخچیانەم بەخۆمەوە سنورداش دەکردەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە لێیان لەسلێمانی .. ئەوەندە تورە بووم ..

دوای کە وەزعەکەیان زانی چییە.. ئەوەندەم زانی هەرگەوەرکەیان هەڵسایە سەرپێ .. ووتم بەخوا ئەم سەگبابە بەدەستی خۆی تەعزیبم ئەدات بڕواناکات پێم !!..

کەچی دەستی کرد بەگیرافانیدا دنیایەك پارەی دەرهێنا .. ئەوەنەشی دانیشتبوون هەموو دەستاین کرد بەگیرفانایاندا و پارەیان دەرهێنا .. وابزام ..سەفەتەیەك پارەیان دابە من .. دوای بژاردم بۆم دەرکەوت ٨٠ ملیۆن لیرەیان دامێ !..

نامەیەکی بۆ نوسیم پیاوە گەورەکە لەسەر وەرقەیەك و دایە دەستم بەکرمانەجەکەی ووت بیبە بۆ ئەکسەرای ..!..

کرمانجەکە بردمی تا تۆپقاپی و لەوێوە سواری پاسی ئەکسەرای کردم و بە سایەق پاسەکەی ووتبوو بماتە ئەکسەرای لای وەطن جادە نزیك یابانچی شوعبە ، سایەق پاسکە ووتی لەم ڕێگایەوە برۆ ئەچیتە وەطن جادە .. ئەوە یابانچی شوعبەیە ئیتر ئەتبەنەوە بۆ عێراق !..

منیش گیرفانم پڕە لەپارە و .. نازانم بڕۆم یان نەڕۆم ، بەڵام هەرتووڕەم .. من بە ئەقڵی خۆم وامزانی ئەونامەیە کە کابرا بۆی نوسیووم ..ئەدرەسە ..بەڵام نیشانی هەر کەسم ئەدا دەستی دەکرد بەگیرفانیدا تۆپەڵێك پارەی ئەدامێ !..

لەوانیە لە ١٠کەسم پرسی بێت نائومێدی نەکردم یەك دوو ملیۆنی هەر ئەدامێ .. ناچار قسەی کابرای کرمانجم لەبیربوو ، ووتم وەطن جادە یابانچی شوعبە، ئیتر ناردیانم ووردە ووردە.. ئەو کاغەزەشم نیشانی هەر کەس ئەدا لە ملیۆن لیرە کەمتری نەئەدا !..

له ئەکسەرای لەبەردەم میترۆکەدا دووسەیارەی پۆلیسی لێبوو، چوومە لایان .. ووتم بەن عێراقی و پاسۆپرت ماسۆپرت یووٚك ، نیوەی شەوە .. ووتیان نەچیتەوە بۆ عێراق سەدام ئیعدام دەکات ..!

ئەوشەوە لە ناو سەیارەی پۆلیسەکاندا خەوتم ، ئەوانییش کە نامەکەیان بینی .. دەستیان کرد بەگیرفانیاندا پارەیان دامێ و بەیانیش بەیەکەوە نانمان خوارد و دوای بەسەیارەی خۆیان بردیانمە بەردەم یابانچی شوعبە ..!

چوومە ژورەوە سڵاوم کرد ، یەك کەس وەڵامی نەدامەوە، تەماشای دووگۆڵیان دەکرد دوای ١٠ دەقیقە یەکێکیان رەحمی جوڵا ووتی: چیت دەوێت ، قەوانەکەم لێدایەوە ، بەن عێراقی و پاسپۆرت ماسۆپرت یووٚك.. نامەکەم نیشاندا و .. ووتی ببیەن بۆ سجن ..

ووتم : ئۆخەی گەیشتم بەئاواتەکەی خۆم ..!

کەچووم پڕ بوو لە کورد .. رەفیقێکم بینی ووتی ئەوەبۆ گیراوی؟

ووتم نەگیراوم خۆم هاتووم، ئەویش خەریك بو شێت ببێت - وەرزعەکەم بۆ گێراوە .. ووتی ئەبۆ نەچوویت بۆلای کاك هیوا لە بیوك چکەمەجیە کەمالی برازای لەوێیە .. ووتم جا من چوزانم ..

زۆر ماندوو بووم چاوم چووە خەو .. بانگیان کردم ووتیان : کەریم بابیت بۆ تەحقیق ..

چووم کوڕێکی کەرکوکی موتەرجمم بوو ئەویش خۆی سجن بوو..

موحەقیقەکە ووتی ببورە ئێمە ناتوانین بتگرین دەبێت تۆ لە قەرقەلەوە بێت بۆ لای ئێمەو مەحکەمە بکرێت، ئینجا ئێمە ئەتگرین و سنورداشت دەکەینەوە ، تکایە بچۆ دەرەوە.. ، منیش خۆم تورەکرد ، ناچمە دەرەوە دەبێت بمگرن و لەم قسانە .. کورە کەرکوکیەکەش شێت بووبو، ووتی بۆ وا دەکەیت برۆ دەرەوە.

- ووتم : کاکە کەس ناناسم؟

- ووتی: ئەی هاوار ئەستەنبوڵ پڕە لە کورد .. بڕۆ دەرەوە .. بەخواشانست هەیە تۆ

گەڕامەوە بۆ سجنەکەوە ووتم شتم بەجێهیشتوە باش بوو خێرا بەهاورێکەمم ووت رەقمەکەی هیوای قوماشم بدەرێ .. وەرمگرتو لە یابانچی شوعبە هاتمە دەرەوە

لەدڵی خۆمدا ووتم : خۆ من پارەم پێنەبوو.. ئێستا گیرفانم پڕە لەپارە ، کەس تەعەدای نەکردوە وا خۆم مەشەوەش کردوە .. بڕۆ بۆ بیوك چەکمەچە بۆلای هیوای قوماش و تۆڵە لەبیرکە .. بەرەو ئەوروپا بڕۆ!..

بەقسەی خۆمم کرد .. هەر هاتمە دەرەوە قەمسەڵەیەکی گەرمم کڕی بەڵام شاز .. گۆرەوی تازەو پێڵاوی جوانم کڕی.. پانتۆڵ و ملپێچ.. خۆم نوێ کردەوە .. یەشتا ١١٠ ملیۆن لیرەم پێیە ..

بیوك چەكمەجە ٤٥ دەقیقە لە ئەستەنبوڵ دوورە .. شارێكی سەربەخۆ بوو ، وەك سەرچنارو سلێمانی..

گەیشتمە ئەوێ تەلەفونم كرد .. كورد هات بەدەمەوە چوومە ئەوێ و لەوێ مامەوە .. دەستم كرد بەكاركردن لە غسلەكەی هیوای قوماش ، بە خۆڕای كارم دەكرد ئەو ماوەیە بەس بۆ ئەوەی شەوان جێگام بكەنەوە و بەیكەوە بین ، كاك هیواش حەقی منی كردەوە ٥٠ دۆلارەكەشي بە شەق لێسەندبوونەوە پارەكەی بۆ هێنامەوە بەڵام من هیچیانم نەبینی لە قاچاخچیەكان، رۆژێكیان نەبێت یەكێكیانم بینی لەم شارەی خۆم لە نەرویج ، تەماشام كرد لەمزگەوت هاتە دەرەوە نوێژی دەكرد ، ووتم تۆ عوسمان شەش پەنجە نیت ، ووتی ئەوم یەكسەر زانی تورەم ، ووتی ئێستا نوێژ دەكەم و حەجم كردوە ومالی خوشكێكم لێرەیە بە سەردان هاتووم لە بەریتانیاوە، ١٦ ساڵیش بەسەر وەزعەكەدا ڕۆشتبوو ، ئیتر منیش هیچم نەداوە بەناوچاویدا ڕێزم گرتو ڕۆشتم وابزانم نەیناسیمەوە!

بەرەدوام كارم دەكرد بە خۆڕایی تا شارەزا بووم لە ئەستەنبوڵ ، بەهەر حاڵ دوای چوومە سەمونخانەیەك و دەستم كرد بەكار لەوێ ، هەر لەوی ژورێكیان دامێ و سەیارەیان دامێ سەمونم دابەش دەكرد لەگەڵ كوڕێكدا ناوی رەفعەت ئابێ بوو، هاوكاری ئەوم دەكرد بەیەكەوە واتا ئەو وەستای من بوو .

ژورێكی تریش لە تەنیشتمەوە بوو چەند كوڕێكی كرمانجی تیدابوو .. ئەوانیش لە سەمنوخانەكە كاریان دەكرد زۆر كوڕی چاكو دیندار بوون ، نوێژو شتمان هەر جەماعەت بوو

بەیەکەوە خەڵکی دیار بەکر بوون ، بەڵام من ژورەکەم تەنها بوو ، ئەوان دیاربوون براو ئامۆزاو شتی وابوون ئەوانیش هەموویان بەیەکەوەبوون ٤ کەس بوون ، منیش تەنها بووم، جاروبار هەر بۆ خۆشی دەچوومەوە بۆ غەسلەکە بۆلای هاوڕێکانم ، بەڵام جێگای من زۆر خۆشو لەرووی ئەمنیەوە زۆر باشتر بوو ..

لەوبەریشمانەوە ژوورو نیوێکی لێبوو کۆمەڵێک کوردی تێدا دەژیان دەمزانی قاچاخچین ، بەڵام نەمدەناسین ، هەر ووتم پرسیاریان دەکەم لەوکوڕانەی هاوڕێم، بەڵام هەر لەبیرم دەچوو ،هەر جارێك یەکترمان بدیبایە سڵاومان دەکرد لەیەکتر بەردەوام ئەو ژورەش ٤ کەس بۆ ٥ کەسم تێدا دەبینی بەبەرەدەوامی ناویانم نەدەزانی ..

شەوێکیان گوێم لە قیژەی ژنو کچێك بوو ، بەکوردی هاواریان دەکرد بۆ خاتری خوا ، بۆخاتری پێغەمبەر شەرەفەمان مەشکێنن ، خۆم پێنەگیرا جوومە دەرەوە ، نزیك بوومەوە لە ژورەکە گوێم لێبوو یەکێکیان ئەیگووت هاوار مەکە بەنەمانگرن زوو دایکەنەو بە نەجاتمان بێت ، منیش هەر گوێم گرتبوو، کچەکە دەیگوت ئاخر من کچم حەیام مەبەن دایکیش دەیگوت چیتان دەوێت لەمنی بکەن واز لەوبێینن، یەکێك لە کوڕەکان بە کچەکەی دەگوت من بەدواوە لەگەڵ ڕادەبوێرم مەترسە!! .. هەموو گیان سور بووبووەوە نەمدەزانی چیبکەم ، دەمزانی ٤ بۆ ٥ کەسی لێبیە..

شەرکردن لەگەڵ ٤ بۆ ٥ کەس هەروا ئاسان نیە ..!

چووم سەیدا حیلمیم هەڵساند .. برا گەورەکەیان ناوی حیلمی

چووم سەیدا حیلمیم هەڵساند .. برا گەورەکەیان ناوی حیلمی بوو کرمانجەکان، زۆر دیندارو خواناس بوو ، تا تێمگەیاند گیانم دەرچووو، هاتن بەدەممەوە رۆشتین منیش بە چەقۆوە .. ئەوانیش بە دارو چەقۆیان لەگەڵم هاتن

ترسم نەما

بەتوندی کێشما بەدەرگاکەدا بە سەیدا حیلمی م ووت بە تورکی قسە بکە.. بابزانن تورکین و بلێ پۆلیسین .. هاواری ..کرد (ئامنه قۆیم ) جنێوی تورکەکانە بوو

ووتی پۆلیسین دەرگاکە بکەنەوە دەنا دەیشکێنین ، وەڵا - دەنگ نەما ، منیش هەر ئەمدا لەدەرگاکە ، کچ و ژنەکە .. کردیانەوە
سوپاس بۆ خوا .. فریان کەوتین

ژنکە رووتوقوت بوو .. کچەکەشی جلەکانی دڕابوو.. باوەشی کرد بە مندا بەتانیەکی لە خۆ پێچابوو .. هەر ئەیگووت تەعدا .. تەعدا، وای زانی ئێمە تورکین

منیش ووتم خوشکی من خەم مەخۆ ئاگام لێبوو هاتم کە تەعدادتان لێنەکان، زانی کوردم دانەویوە قۆنەرەکانم ماچ ..بکات

نەمهیشت و، بەڵام دەستم کرد بەگریان بۆیان .. زۆر خەفەتم خوارد ناردمەنە ژورەکەی خۆم و جلو بەرگەکەنیان هێنا و . ئەو خوێریە کوردانەی تریش لە پەنجەرەی حەمامەکەوە .. هەموویان رایانکردبووە دەروە .. کەسی لێنەماوبوو

گڕم بەردایە ژووەکەیان ، بۆ ئەوەی بیر نەکەنەوە بینەوە ..
.. زیاد له ٢٠ وەرقەشم لەگیرفانی یەکێکیاندا دۆزیەوە

بە ژنو کچەکەم ووت نەیەنە دەرەوە بەهیچ شێوەیەك من
ئەوماڵە دەسوتێنم ، خواردن لە سەلاجەکەدا هەیە بەیانیش
دێمەوە بۆلاتان نەینە دەرەوە تکایە .

لەوەی کە ڕابوورد ..
لەوەی کە شکا ..
لەوەی کە نەبوو ..
لەوەی کە ڕژا ..
خەفەت مەخۆن ..
ژیان ئەگەر ئاسان بوایە .. بە گریان دەستی پێنەدەکرد .

ئەو ژوورەم سوتاندو بە سەیدا حیلمی م گووت خۆی
پەیوەندی بکات بە پۆلیسەوە، هەرخۆیشی قسە لەگەڵ
پۆلیس بکات و بەدووریان بخاتەوە لەو ژوورە کە منی لێ
بووم، هەردوو ئافرەتەکەی تێدایە ئێستا، دوای سوتاندی
منیش رامکرد بۆ غەسلەکە و لای جەماعەت مامەوە ،
هەڵکەوتە ڕەش ناسراو بە هەڵە دەبابەو ، شیخ ئەرسەلانی
برای شێخ بورهان لەوی بوون ، زۆر کوڕی چاك بوون هاوڕێی
خۆمم بوون ، بەڵام ئەوان دەیانخواردوە، وویستم بڕۆم
ئەرسەلان ووتی : بەخوا لە بەر تۆ ناخۆمەوە ئەم شەو مەڕۆ
لێرەبە ..؟
. منیش خواخوای خوڵکە گورکانیەیەکمە، ووتم باشە -
دەمەو ئێوارە بوو ، نانمان دروستکرد ، خەریکی قسەی خۆش
و ناخواردن بووین ، یەکێك لەو کوڕانەم بینی لەو ماڵەدا
دەژیا هات و کەمالی دەناسی ، هەر بینیم ئەوەندە توڕە بووم
هەموو گیانم بوو بە بورکان .. هات دانیشت و کەسیان نەیان
دەناسی بێجگە کەماڵ ، کەمال ناساندی بە ئێمە .. ووتی :
ئەوە کاك سیروانە ماڵەکەیان سوتاوە ، ئەم شەو لای ئێمە
!.. دەبێت
.. کە وای گووت من شێت بووم
چپاندم بە گوی ئەرسەلاندا و ووتم : ئەم شەو من ئەم هەتیوە
دەکوژم ؟
ئەرسەلان : بۆ؟
.. خەسرەو: هەموو وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە
.. ئەرسەلان زۆر توڕە بوو لەتواناندا لێوی خۆی دەگەزی
منیش روومکردە سیروان : ووتم ئەو ژورە هی ئێوە بوو کە
دووئافرەتەکەی تێدا سوتا ئەمشەو؟ ئەوە چی بووە؟
..کە وام گووت ، ئەو کوڕە ڕەنگی تێکچوو
!.. ووتی غاز تەقیوە پێیاندا نەفەربوون

ووتم ئەو ناوە بووە بە پۆلیس و من نەموێراوە بمێنمەوە -
هاتووم بۆ ئێرە. کە وام گووت یەکسەر هەڵساو ڕۆیشت ،
هەرچی کەمال ووتی: بمێنەروە ئەم شەولێرە بە ، ووتی
..دەبێت بڕۆم
وەزعیم باش تێکدا ، بەس خێری پێوەبوو کە ڕۆشت ، ئەو
شەوە لەوێ بماییەتەوە من و ئەرسەلان خراپمان بەسەر
دەهێنا، هەرچەندە دوای بیستمان لە یۆنان کوشتیان بەچەقۆ
... لەگەڵ دووکەسی تردا
بەیانی چوومەوە بۆ کار لەگەڵ سەیدا حیلمی قسەم کرد ،
ووتی پۆلیس هاتوون بەس زۆر نەبوون تەنها ئەوانەی
..فەرمانبەری ئاگر کوژانەوە بوون لەوێ مابوونەوە تا درەنگ
تەماشام کرد هەموو هاوکارەکانم لە فرنی سەمونەکە
تەماشام دەکەنو بەجۆریک تەماشایان دەکردم ، خۆشم لام
سەیر بوو، بەتورکی ووتم : نەئولدوو.. نەوار نەیوك؟
واتا چی روویداوە ، چی هەیە ؟ هیچ بووە؟
رەفعەت ئابێ هات ماچی کردم .. بە تورکی چۆخ چۆخ کەی
.. ووت ئیتر زانیم زۆر ڕازییە
چووم بۆ لای حیلمی ووتم سەیدا بە پەترۆنەکەمت نەگووتوە
؟، پەترۆن واتا وەستاکەمان و خاوەن ئیشەکە ناوی ئایدن
..بوو
- حیلمی: بەرێ وەڵڵا پێمان گووتوە.
زۆر ترسام ووتم بەخوا دەرم دەکات ، چەند سەعاتێك
سەمونمان دابەش کرد گەڕانیەوە بۆ سەمونخانەکە ، تەماشام
!.. کرد ئایدن ئابی لەوێییە
..کەمنی دی هاواری کرد .. کەریم کەریم ، گەل
واتا وەرە .. منیش ووتم : ئڤیت ئابێ .. واتا بەڵێ کاکە
چووم ؛ حیلمی بانگ کرد بووە موتەرجمم ، ئایدن ووتی
رۆژانەکەتم کرد بە دوومليۆن نیو، پێشتر ملیۆن ونیێکم

هەبوو ، تەنها یەك مانگ بوو ئیشم دەکرد ... ئینجا ووتی : بڕۆ
ئەو خێزانەی کە پاراستوتانە تا یەك هەفتە مەیەرەوە بۆ کار
ئیشی ئەوان ڕایکە و ئینجا بێرەوە بۆ کارەکەت، ئەویش
پارەی هەفتەیەك بۆ خۆت حەقی ئەوەی لەگەڵ ئەو
ئافرەتانەدا دەبیت و ١٠٠ ملیۆن لیرەشی دامی بیاندەمێ بۆ
دووئافرەتە ، ووتی ئەوە دیاریەو ، پاشا ن دوای هەفتەکە
!.. وەرەوە بۆ ئێرە ئیشم پێتە
زۆر دڵم خۆش بوو .. منیش هەر ئەمگووت چۆخ ساوڵ ئابێ،
.. لەوانیە ١٠٠جار ووتبێتم چۆخ ساوڵ ئابێ
دەستم لە ئیش هەڵگرت و چوومەوە بۆ لای ئەو دوو ئافرەتە
.. .. تەقەم دا لەدەرگا ووتم من خەسرەوم بیکەنەوە مەترسن
دەرگایان بۆ کردمەوە ، زۆر کزۆڵ بوون هەردووکیان ، منیش
یەکسەر ووتم .. تۆ دایکی منیت و ئەویش خوشکی منە ،
بەس بەخوا دایکە نازانم ناوت چییە؟
ووتی : کاکە خەسرەو گیان من ناوم رووناکە و ئەمە کچەشم
ناوی تاڤگەیە، هەستم دەکرد تاڤگە زۆر تەریق دەبووە ،
منیش ووتم تاڤگە ، خوشکێکم هەیە زۆر لە تۆ دەچێت ،
زۆریشم خۆش دەوێت، تۆش وەك ئەو خوشکەم وایت بۆ من
.. ! ئەزانی
خۆشحاڵی خۆمم دەربڕین و ووتم من براو کوڕی ئێوەم
بێخەم بن لەهەمووشتێك ئەم ماڵەش ماڵی خۆتانە ، من
نەمویست هیچ باسێك کەمەوە لەگەڵیاندا ، بۆ ئەوەی باسی
هیچ نەکەن و ئیحراج نەبن .. بەڵام روناك خان ..خۆی
دەستی کرد بەقسە بەگریانەوە ، تاڤگەشی خستە گریانو
. چیرۆکی ژیانی خۆیانی بۆ گێڕامەوە
:رووناك خان ووتی
لەسلێمانییەوە هاتین لەگەڵ چەند قاچاخ چییەك من و
تاڤگەو پیاوەکەم و کوڕەکەم برایەکم ، لێرە لەدوای ئەوەی لە

ئەستەنبوڵ مامەڵەمان کرد لەگەڵ چەند کەسێك بۆ یۆنان ، لەم شەوانەی ڕابردودا پیاوەکەم وکوڕەکەم و براکەم پەڕینەوە بۆ ئەوبەر .. کەچی ئێمەیان گەڕاندەوە ووتیان پۆلیس هاتووە ئەوەیان بەسەر هێنایین کە بینیت و ٢٠ گەڵاشم .. پێبوو ئەونامەردانە لێیان سەندم
.. کەوای ووت من دەستم کرد بە پێکەنین
ڕووناك خان ووتی: خەسرەو گیان بەچی پێدەکەنیت بەخوا !درۆ ناکەم ؟
خەسرەو : بەخوا دەزانم درۆناکەیت ، بەڵام پێکەنیم بەشتێك دێت، کە قسەکانت تەواو کرد . بۆت باس دەکەم ، بڕوانکەیت چی ڕوویداوە، خەمت نەبێت ٢٠ گەڵاکەت لای منە !..ونەفەوتاوە
دوای بۆم دەرکەوت لەئەنجامی قسەکانی کە ئەم قاچاخچیە سەخیفانە لە مێردەکەی و براکەیان جیاکردۆتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ڕابوێرن ئەوە ئیشی بەشێکی زۆر لەو قاچاخچیە ..خوێریانە بووە ، لە تورکیاو وولاتەکانی تر بە گشتی
منیش باسەکەم بۆ کرد و ٢٠ گەڵاکەم دایەوەو ١٠٠ ملیۆن لیرەکەشم دایە و ووتم چیتان دەوێت بۆتان بکەم، باسی ئەوەم کرد کە وەستاکەم بە ئیوەی زانیوە ئەم دیارەشی بۆ ناردوویت هیچ خەمتان نەبیت پارێزراون ، ئێستا چیتان دەویت بۆ تان بکەم..؟
ووتیان: تەنها دەمانەوێت تەلەفون بکەینەوە بۆ کوردستان و بزانین هاوسەرەکەم لە یۆنانە یاخود گیراوە ..؟
چووینە دەرەوە ، من لەبەرچاویاندا نوێژم کرد ، بۆ ئەوەی زیاتر دڵ ئارام بن لەمن و ووتم دەچین بۆ بازار جلو بەرگو خواردن بکڕن ، لە ژیانمدا بەقەدەر ئەو ڕۆژە هیلاك نەبووم، کاکە ئافرەت هەر تەواو نابێت لەبازاڕدا ڕووشم نەدەهات قسە بکەم ٥٠ دووکان چوون بۆ جل هەڵگرتن ، بەهەر حاڵ

،من شڵ بوو بووم ، تەلەفوونیان کرد سوپاس بۆ خوا هاوسەر و براکەی و کوڕەکەی لە یۆنان بوون ، هاوسەرەکەی قسەی لەگەڵ من کرد ، ووتی دەگەڕێمەوە بۆ تورکیا و با- لای تۆ بن زۆر مەمنون دەبم ، ووتم کارێکی باش دەکەیت بێخمە پارێزران وابزانە لەماڵی خۆتاندان .. تا سی ڕۆژ لە ژوورەکەی من بوون منیش دەچووم بۆ لای جەماعەت لەغەسلەکە ، هاوسەرەکەی گەڕایەوە ناوی کاك بەرزان بوو ، زۆر مەمنونی دەربڕی ، ٢٠ وەرقەکەی لە رووناك خان سەندەوە دایە من !. منیش : لێم وەرنەگرت و عەرزی کاك بەرزانم کرد ، بە پارە کارم نەکردوە بۆ خوا کردوومەو بە پارە بوایە ، نە ٢٠ گەڵاکەم ئەدانەوە نەحەقیشم هەبوو بەسەریانەوە ، زۆر مەمنونی دەربڕیو ڕۆشتن و ئیتر نەمزانی چیان لێهات، دوای ٥ رۆژ چوووممەوە سەرکارەکەم و ئاسای کارم دەکرد ، شەوی جومعە کە تەواو بووین لە کار .. ئایدن ئابی هات بۆلام ووتی مەرۆرەوە بۆ ماڵەوە دەچین بۆ ماڵی خۆمان جەماعەتم دەعوەت کردوە.. یەکێکیش لە کرمانجەکان بۆی تەرجوومە دەکردم ..

ئەوشەوە چوین ، بۆ ماڵی ئایدن ئابێ لە - بیوك شار- تا بڵێ جێگایەکی خۆشبوو، ئەو شەوە ئایدن ئابێ ئاهەنگی بۆ من گێڕابوو لەسەرنەوەی خانوەکەم سوتاندوە ئەو دووئافرتەمان ڕزگار کردووە..

کچەکەی ئایدن ئابێ هات ناوی یاسەمین بوو ، لە کچی ناو فیلمو شتەکان دەچوو ، ئەوەندە جوان بوو ژنەکەشی ناوی جەمیلە بوو لە کچەکەی جوانتر بووە بە دایکم بێت ، کرمانجەکان پیان دەگوت ئابڵە جەمیلە و دووکوڕی هەبوون بەناوی ئیبراهیم و عەلی ، زۆر ڕێزیان لەمن گرتو منیش ڕێزم زۆر گرتن ..

هەڵساین بۆ نوێژی شێوان (مەغریب) من پێش نوێژیم کرد

بەدەنگەوە قورئانم خوێند هەستم کرد ، ئایدن ئەگری .. نان
دانرا و لەسەر نان ئایدن بسم الله ی کردو تۆزێك نانی خوارد
.. نیو قاپ عارەقیشی خوارد وە لەسەر نانەکەی
دەستکرا بە قسە یاسەمین بەعەرەبی قسەی لەگەڵ من کرد
.. عەرەبیەکی لوبنانی
- ووتم چۆن فێر بوویت ..؟
ووتی لە ماردین لە زانکۆ لەوێ دەخوێنم بەشی زمانی-
..عەرەبی
خەسرەو : ئەی چۆن ئێستا لە زانکۆ نیت ؟
یاسەمین : ئەم ساڵ نارۆمەوە لەبەر ئەوەی دایکم نەخۆشە
هاوکاری دەکەم ؟
من و یاسەمین قسەمان دەکرد و سەرنجی هەموو
مەجلیسەکەمان ڕاکێشابوو.. ئەویش زوو تەرجومەی
دەکردەوە بۆ باوکی، هەردووکمان حەزمان دەکرد
.. عەرەبیەکەمان دەمە زەرد بکەینەوە
خەسرەو : یاسەمین بە باوکت بڵێ خەسرەو دەڵێت: زۆر
پیاوێکی باشە بۆ نوێژ ناکات ..؟
ئایدن : چۆن نوێژ ناکەم .. هەمو جومعەیەك دەڕۆم بۆ
جومعە !!
تورکەکان عادەتەن یەك هەفتە نوێژ ناکەن دوای دەچن بۆ
جومعە ئیتر دەڵین پاك بووینەوە ..!
دوای قسەی زۆر موناقشە قەناعەتی کرد کە نوێژ بکاتو ئیتر
عارەق نەخوات ..!
یاسەمین : کریم بەرنامەت چییە لێرە ؟
خەسرەو : دەچم بۆ ئەوروپا ..
یاسەمین : دەچیت بۆ یۆنانستان ، تورك بە یۆنان دەڵیت
یۆنانستان ..
خەسرەو بەڵێ..

ئەو شەوە قسەی تر زۆر کرا و زۆر شەوێکی خۆش بوو ، هاتینەوە بەرەو ژوورە ساردو سڕە بێکەسەکەمان و لێی خەوتین بۆ ڕۆژێکی نوێ، بەردەوام خەریکی کار کردن بووم ..

دوای چەند بەیانیەك وەك ڕۆژانی ئاسایی چووین بۆ دابەشکردنی سەموون، من سەیارەکەم لێدەخوڕی لەگەڵ ڕەفعەت ئابێ ، کەوتینە بۆسەی ترافیك و پۆلیسی هاتوچۆ و پۆلیس.. لەبەر موخالەفەیەکی من .. ، وەستاندیانین و داوای ئیجازەی سایەقیان کرد منیش هیچم نیە ئینجا ووتیان .. پاسپۆرت ، بەهەرحاڵ گیرام

کەلەبچەیان کردمو ناردیانم بۆ قەرەقول .. بەرە و سنورداش .. بۆ عێراق

خستمیانە زیندان و هەرچی پارەو پولیش کە هەمە لە ژوورەکەمە .. نزیکەی ٣٠ وەرقەم پێیە .. و دووملیۆن لیرە لە گیرفانمدابوو..

هیچ هیوایەکم نەما، لە- قەرقولی ووژدەرە- لە ئەستەنبوڵ گیرام شەو نزیکەی کاتژمێر یانزەو بوو .چاوم نا بەیەکدا خەوم لێکەوت ، زۆر بێزار بووم پێشتر حەزم دەکرد سنورداش بکرێمەوە، کەچی ئێستا خەفەت دەخۆم بۆ ئەوەی سنورداش نەکرێمەوە ، بەدەم خەم و خەفەتەوە خەوم لێکەوت .. ئەوەندەم زانی دەرگای زیندانەکەم بۆ کرایەوە هاواری کرد کەریم ئابی گل بوردە .. واتا وەرە بۆ ئێرە چووم ووتی : ئازادی .. وامزانی ڕادەبورێت.. کەچی دووبارەی کردەوە برۆ لێرە مەوەستە ، بردمیانە ئەو دیوو دەرگایەکی ترەوە تەماشم کرد ، یاسەمین و باوکی و رەفعەت ئابێ و هەرچی کرمانجە وەستاوە لە ڕێم ، سواری سەیارە مارسیدەکەی ئایدن ئابێ بووم هاتمەوە بۆ ماڵەوە ..!

ئایدن ئابێ بوو بەکەفیلم .. کەفیلی ١٠٠ ملیۆن لیرە لەدوای ١٥

رۆژ لەو وولاتە نەمێنم ، کە بەیانی چوومە سەر کارەکەم ، چوومە لای ئایدن ئابی و ووتم من دەڕۆم بۆ یۆنان .. با پارەکەش لە تۆ نەستێنن، زۆری پێناخۆش بوو.. قسەی نەکرد ..!

خۆم پێچاییەوە چووم کۆڵە پشت و کەرەستەم کڕی بۆ ڕێگای یۆنان وەجبەی هیوای قوماش ئامادەبوو.. بەرەو یۆنان ..

کۆتای شەو یاسەمین هات بۆلام ووتی کەریم ئابێ ، مەڕۆ بۆ یۆنان باوکم ئوتێلێك دەستێنێت لە ماردین دەچی بۆ ئەوەی لەوێ بیکەوە کار دەکەین لە ئوتێلەکەدا .. ئیقامەی تورکیاشت بۆ وەردەگرین .. ؟

خەسرەو : یاسمین .. تۆ من ناناسیت ..منیش تۆ ناناسم ، ناکرێت لەم وولاتەدا بمێنمەوە هیچ داهاتویەکم تێدا دیار نیە ، من پێویستە ژن بهێنم ومندالّم هەبێت و مالّم هەبێت وەك هەمووکەسێکی ئاسای، دەمەوێت بژیم ئێستا ئەم بینی لە قەرەج ئەچم ، نەمالّم هەیە و نە ژیان و هیچم نیە ..!

یاسەمین: کەریم من شوت پێدەکەم و ژیان دروست دەکەین لێرە مەڕۆ بۆ یۆنان ؟

خەسرەو : نوکەتەکی خۆشە.. چۆن شو بەمن دەکەیت تۆ نازانیت من کیم ؟

یاسەمین : تۆ ئەو کەریمەی کە ئافرەتاکانت رزگار کرد ..! ئەوەندە بەسە بۆ ناسینی تۆ؟

خەسرەو : یاسەمین .. ئەوە بریارێکی خێرایە .. رۆژێك کە تۆ پەشیمان بیتەوە ئاسانە ، منیش لێرە وەك ووتم هیچ داهاتیەکم نیە دەبمە سولکەرێ سەرجادەکان .. لەبەر ئەوە زۆر ڕێزی تۆم لایە ..بەلّام ببورە من دەڕۆم بۆ یۆنان و ئەمشەو خواحافیزی دەکەم وهەر ئەمشەویش دەڕۆم .. ونامبینیتەوە لەبەر باوکیشت ١٠٠ ملیۆن غەرامەدەکرێت

یاسەمین: دەستی کرد بەگریان و ملوانکە ی ئاڵتونی لەمل
بوو دایە من و منیش لێم وەرگرت، لە فلیمی براهیم تاتلەس
دەچوو ، زۆر سوپاس م کردو ، دوای دامەوە ، ووتم دیارەکەم
بۆ هەڵبگرە لای خۆت من دەچم بۆ یۆنان با نەفەوتێت پەیمان
بێت دەگەڕێمەوە و لێت دەستێنم ..
خۆی زۆر نزیکم کردوە ، بۆ ماچو شتی وا .. !!
منیش شیعرە تەصوفەکەی مزگەوتم لەبیر مابوو ..
کە دەڵێت :
بەمنداڵی پەستی ..
بەگەنجی مەستی
بەپیری سستی..
ئەی خۆشەویست تۆ کەی خوادا دەپرستی
ووتم یاسەمین .. ئەوەندە خۆتم لێ نزیك مەکەرەوە .. با
هەردووکامان گوناح بار نەبین .. ماچکردن ئاسانە .. بەڵام با
بڕۆیەن جێگایەك کە خوا ئاگای لێمان نەبێت...!
من لە ماچی خۆشەویستەکەم ناترسم هەرگیز .. لەو تاوانە
دەترسم کە لێی پەشیمان نەبمەوە .
ئیتر سوپاس بۆ خوا ئەویش دامرکایەوە و منیش خوای
پەروەردگار رەحمی پێکردم ..
ماڵئاوایمان کردو و، بۆ شەو ١١٠ کەس سواری لۆریەك بووین
بۆ سەر ئاوی گەورە نێوانی یۆنان و تورکیا ..
دوای پەڕینەوە لە ئاوی سنوری تورکیا یۆنان .. ٣ شەو
ڕۆیشتین بەپێ .. گیراین و سنورداش بۆ تورکیا ، تورکیاش
سوناورداشی کردینەوە جارێکی تر بۆ یۆنان ..
هەرچی کۆڵە پشتو خواردن بوو هەموویمان لێسەندرابوو
هیچمان پێنەبوو ..
٣٦ رۆژ بەڕێگاوە بووین گژوگیامان دەخوارد و لاوازو سیس
بووین رێگەمان لێتیك چوو ، چەند جاری تر لە نێوان تورکیاو

.. یۆناندا تۆپ تۆپێنیان پێدەکردین
بەهەرحاڵ من زۆر بیزار بووم .. جیابوومەوە لەو وەجبەیەو
رۆشتم بەرەو دێیەك لە نزیکی دێکە خانویەکی تیدابوو ،
ووتم دەڕۆم لەم ماڵە داوای نان دەکەم.. دایان باشە ، خۆ
ئەگەر نەیاندا یان دەمگرن یان ڕادەکەم .. لەدەرگای
ماڵەکەمدا دەنگ نەبوو کەسی نەیکردوە .. عەسرێکی دڕەنگ
بوو.. لەڕاستیدا زۆر دەترسام .. جلو بەرگم دڕاو و پێڵاوەکانم
بنی پێوە نەمابوو هەمووی کون بوو بوو.. زۆر سارد بوو،
چڵکن وبۆنم لێدەهات و قژو دەموچاو قوڕاوی.. بەسەر
دەرگای ماڵەکەدا چوومە ئەو دیو دەرگاکەوە .. ماڵ کەسی
تیدا نیە ..
چوومە پشتی ماڵەکە ، مەتبەخەکەم بینی ٢٦ رۆژە نانم
نەخواردوە وەك بزن گیام دەخوارد ..
هەرچۆن بوو لەپەنجەرەیەکەوە چوومە ژوورەوە ، کە
سەلاجەم کردوە مریشکێك پاڵ کەوتوە ، بەناوزو مەکرەوە ..
تەماشام کرد پیازو نان و کێك و هەرچی خوا پێ خۆش بێت
لەوماڵەداهەبوو..
منیش دەستم کرد بەنان خواردن مریشك سور کردنەوە .. بێ
ئێوە ناخۆش تێرو پڕم خوارد و خۆم کرد بەحەمامەکەیاندا
جوان و پاك خۆم شۆرد ..!
قیزم نەهات جەلەکانی خۆم بکەمەوە بەرم ئەوەندە بۆ گەنی
دەهات .. کەنتۆری ئەو ماڵەم کردەوە ..
وەك بڵێت ئەو ماڵە چاوەڕی من بن .. ئەوەی من پێویستم
بوو لە کەنتۆرەکەدا هەبوو ، لەگەڵ جوانترین کابۆ.. قاپ و
قاچاخەکانم شۆرد و تاوە و شەتاکانم لەسەر مێزەکە دانا و
گوڵ لاستیکی لیبووماڵەکە گولێکم خستە ناو قاپەکە و
چوومە ژوری نوستنەکەیان ووتم ٢٦ رۆژە لەبەر بارانو
سەرماو دا دەخەوم با تۆزێکیش بخەوم ،خەوتم ..

خەوم لێکەوت ونازانم چەندە خەوتم ، ئەوەندەم نەزانی
تاپڕێك لولەکەی دەکێشیت بەسەمداو .. هەر دەڵێت: ئیلازۆۆ
.. .. ئیلازۆۆ
ژنەکەشی لە پشتیەوە هەر یەگووت : پەریمەنی .. پەریمەنی
تەماشام کرد پیاوێك لە تەمەنی باپیرمدا دەبوو لولەی
. تاپرەکەی لەسەر سەرمە .. خوایە گیان نازانم بڵێم چی
منیش بەکابرام ووت بەئینگلیزی .. من کوردم و رفیوجیم
برسیم بوو هاتومەتە ماڵتان و قسەم بۆ کرد ، هیچ
..تینەگەیشت
لەدڵی خۆمدا زانیم ئەمە زۆر ناحاڵییە دەستم کرد بە پێکەنین
و سەرنجیم ڕاکێشاو .. سێ چوار جار سەرم داخست ووتم :
.. ،پلیس ، پلیس، پلیس
لولەکەیم بەرزکردەوە بەدەست و لەقەیەکم دا لەپیاوەکە
تاپرەکە لەدەستی کەوتە خوارەوە .. تەماشام کرد فیشەکیشی
!.تێدا نیە
پیاوەکە زۆر گوناح کەوتوبوو چووم سەریم ماچکردو
سیلاحەکەم دایەوە دەستی چوومە لا ژنەکەی و دەستیم ماچ
کردوو بە ئیشارەت بانگم کردن جلەکانم نیشاندان و قاپ
وقاچاخەکەم نیشاندان کە بۆم شۆردنو گوڵەکەم خستە ناوی،
زوو ماچی پیاوەکەم کرد دەستی ژنەکەشم ماچ کرد تاپڕەکەم
.. داوە دەستی خاوەن ماڵەکە
هەرچۆن بوو تێمگەیاند ئەو جلانەم پێویستە .. بەڵام بەخوا
پارەم پێنیە حەقەکەی بدەم .. ئیتر زۆر بەئیشارەت و
ئینگلیزی و قسەی کوردی جاروبار بەعەرەبیش لێم تێك
دەچوو هەر قسەم دەکرد بۆ ئەوەی مەمنونی دەربڕمو
نەترسن ، وەڵلا لەم قسانەدا بوون .. ژنەکە دەستیکرد بە قسە
.. ئەلێکس ئەلێکس شوین من کەوت و چوورەسمێکی بۆ
هێنام .. هەر دەگووت تۆ لە ئەلێکس دەچێت دەستی ئەهێنا

بەدەماوچاوی منداو سەیری وێنەکەی دەکردو دەیگووت ..ئەلێکس

منیش تائێستاش نەمزانی ئەلێکس کوڕیەتی ماوە مردوە کچەزایەتی کوڕەزایەتی ، هەر پێدەکەنیم بۆ ئەوەی شکاتم !.. لێنەکەن

تۆزێکی پێچووە ، پیاوەکە دەستی کرد بەگیرفانیدا ١٢ هەزار .. دراخمای پارەی یۆنانی دامێ منیش ووتم نامەوێت وەك چۆن بڵێ کەرە دەبیگرە ، تۆ سەعاتێکە دەپارێیتەوە ، بەس تۆ پێویستت بەپارەیە ، ١٢ هەزار دراخماکەم لێوەرگرت، جارێکی تر دەستی هەردووکیانم ماچکردوە .. چومە دەرگاکەو ووتم بایبای مامەو پاپا .. کەوام گووت پیاوەکە بەدەست بانگی کردم و قەمسەڵەکەی خۆی داکەندو کردیە .. بەری من ، جارێکی تریش دەستم ماچ کردەوە !.. لەخۆشیدا بەکوردی ووتم خوا حافیز

هاتمە دەرەوە، کات شەوە نازانم کاتژمێر کەیە .. ئایا بەیانیە شەوە گەڕامەوە بۆ ئەو جێگایەی کە وەجبەکەم تێدا بە هیشتبوو ، پیاوێکی پێنجوێنمان لەگەڵ بوو خاڵە عومەر کەبابچی ( عومەری حاجی مەلا حەمە ساڵح ) .. ئێستا جەنابیان هەر لە نەرویجە، لە دوورە بینم ووتم خاڵە عومەر ، منی دی بەجلە جوانەکەنەوە ڕایکرد وایزانی پۆلیسم ، منیش هەرچی ووتم خاڵە عومەر خۆمم تا هاتەوە بۆلام ، ئەو بەمنی دەگوت مەلا

ووتی مەلاگیان ئەوە لەکوێ بوویت؛ باسەکەم بۆگێراوە، بەهەر حاڵ چوومەوە نا وەجبەکەی خۆمان ، ئەو جێگایەی کە ئێمەی لێبووین نزیکی شاری سالۆنیکی یۆنان بوو ، قاچاخچیەکان بردینانە ناو سلۆنیك و بۆ ئەوەی بلیتی ئەسینامان بۆ ببڕن ، کە چوویە ناو تەرمینالی پاسەکان ئەو خەڵکەی ئێمە هەموو لە مرۆڤی سەردەمی چاخی بەردین

ئەستەنبوڵ مامەڵەمان کرد لەگەڵ چەند کەسێك بۆ یۆنان ،
لەم شەوانەی ڕابردودا پیاوەکەم وکوڕەکەم و براکەم
پەڕینەوە بۆ ئەوبەر .. کەچی ئێمەیان گەڕاندەوە ووتیان
پۆلیس هاتووە ئەوەیان بەسەر هێنایین کە بینیت و ۲۰ گەڵاشم
پێبوو ئەونامەردانە لێیان سەندم ..
کەوای ووت من دەستم کرد بە پێکەنین ..
رووناك خان ووتی: خەسرەو گیان بەچی پێدەکەنیت بەخوا
درۆ ناکەم ؟!
خەسرەو : بەخوا دەزانم درۆناکەیت ، بەڵام پێکەنیم بەشتێك
دێت، کە قسەکانت تەواو کرد . بۆت باس دەکەم ، بڕوانکەیت
چی ڕوویداوە، خەمت نەبێت ۲۰ گەڵاکەت لای منە
وتەفەوتاوە..!
دوای بۆم دەرکەوت لەئەنجامی قسەکانی کە ئەم قاچاخچیە
سەخیفانە لە مێردەکەی و براکەیان جیاکردۆتەوە بۆ ئەوەی
لەگەڵیاندا ڕابوێرن ئەوە ئیشی بەشێکی زۆر لەو قاچاخچیە
خوێریانە بووە ، لە تورکیاو وولاتەکانی تر بە گشتی..
منیش باسەکەم بۆ کرد و ۲۰ گەڵاکەم دایەوەو ۱۰۰ ملیۆن
لیرەکەشم دایە و ووتم چیتان دەوێت بۆتان بکەم، باسی
ئەوەم کرد کە وەستاکەم بە ئیوەی زانیوە ئەم دیارەشی بۆ
ناردوویت هیچ خەمتان نەبیت پارێزراون ، ئێستا چیتان
دەویت بۆ تان بکەم..؟
ووتیان: تەنها دەمانەوێت تەلەفون بکەینەوە بۆ کوردستان و
بزانین هاوسەرەکەم لە یۆنانە یاخود گیراوە ..؟
چووینە دەرەوە ، من لەبەرچاویاندا نوێژم کرد ، بۆ ئەوەی
زیاتر دڵ ئارام بن لەمن و ووتم دەچین بۆ بازار جلو بەرگو
خواردن بکڕن ، لە ژیانمدا بەقەدەر ئەو ڕۆژە هیلاك نەبووم،
کاکە ئافرەت هەر تەواو نابێت لەبازاڕدا رووشم نەدەهات
قسە بکەم ۵۰ دووکان چوون بۆ جل هەڵگرتن ، بەهەر حاڵ

،من شڵ بوو بووم ، تەلەفوونیان کرد سوپاس بۆ خوا هاوسەر و براکەی و کوڕەکەی لە یۆنان بوون ، هاوسەرەکەی قسەی لەگەڵ من کرد ، ووتی دەگەڕێمەوە بۆ تورکیا و با- لای تۆ بن زۆر مەمنون دەبم ، ووتم کارێکی باش دەکەیت بێخمە پارێزران وابزانە لەماڵی خۆتاندان .. تا سی ڕۆژ لە ژوورەکەی من بوون منیش دەچووم بۆ لای جەماعەت لەغەسلەکە ، هاوسەرەکەی گەڕایەوە ناوی کاك بەرزان بوو ، زۆر مەمنونی !. دەربڕی ، ٢٠ وەرقەکەی لە رووناك خان سەندەوە دایە من منیش : لێم وەرنەگرت و عەرزی کاك بەرزانم کرد ، بە پارە کارم نەکردوە بۆ خوا کردوومەو بە پارە بوایە ، نە ٢٠ گەڵاکەم ئەدانەوە نەحەقیشم هەبوو بەسەریانەوە ، زۆر مەمنونی دەربڕیو ڕۆشتن و ئیتر نەمزانی چیان لێهات، دوای ٥ رۆژ چووومەوە سەرکارەکەم و ئاسای کارم دەکرد ، شەوی جومعە کە تەواو بووین لە کار .. ئایدن ئابی هات بۆلام ووتی مەڕۆرەوە بۆ ماڵەوە دەچین بۆ ماڵی خۆمان جەماعەتم دەعوەت کردوە.. یەکێکیش لە کرمانجەکان بۆی تەرجوومە .. دەکردم

ئەوشەوە چوین ، بۆ ماڵی ئایدن ئابێ لە - بیوك شار- تا بڵێ جێگایەکی خۆشبوو، ئەو شەوە ئایدن ئابێ ئاهەنگی بۆ من گێڕابوو لەسەرئەوەی خانوەکەم سوتاندوە ئەو دووئافرتەمان ..ڕزگار کردووە

کچەکەی ئایدن ئابێ هات ناوی یاسەمین بوو ، لە کچی ناو فیلمو شتەکان دەچوو ، ئەوەندە جوان بوو ژنەکەشی ناوی جەمیلە بوو لە کچەکەی جوانتر بووە بە دایکم بێت ، کرمانجەکان پیان دەگوت ئابلە جەمیلە و دووکوڕی هەبوون بەناوی ئیبراهیم و عەلی ، زۆر ڕێزیان لەمن گرتو منیش ڕێزم .. زۆر گرتن

هەڵساین بۆ نوێژی شێوان (مەغریب) من پێش نوێژیم کرد

بەدەنگەوە قورئانم خوێند هەستم کرد ، ئایدن ئەگری .. نان
دانرا و لەسەر نان ئایدن بسم الله ی کردو تۆزێك نانی خوارد
.. نیو قاپ عارەقیشی خوارد وە لەسەر نانەکەی
دەستکرا بە قسە یاسەمین بەعەرەبی قسەی لەگەڵ من کرد
.. عەرەبیەکی لوبنانی
- ووتم چۆن فێر بوویت ..؟
ووتی لە ماردین لە زانکۆ لەوێ دەخوێنم بەشی زمانی-
..عەرەبی
خەسرەو : ئەی چۆن ئێستا لە زانکۆ نیت ؟
یاسەمین : ئەم ساڵ ناڕۆمەوە لەبەر ئەوەی دایکم نەخۆشە
هاوکاری دەکەم ؟
من و یاسەمین قسەمان دەکرد و سەرنجی هەموو
مەجلیسەکەمان ڕاکێشابوو.. ئەویش زوو تەرجومەی
دەکردەوە بۆ باوکی، هەردووکمان حەزمان دەکرد
.. عەرەبیەکەمان دەمە زەرد بکەینەوە
خەسرەو : یاسەمین بە باوکت بڵێ خەسرەو دەڵێت: زۆر
پیاوێکی باشە بۆ نوێژ ناکات ..؟
ئایدن : چۆن نوێژ ناکەم .. هەمو جومعەیەك دەڕۆم بۆ
!! جومعە
تورکەکان عادەتەن یەك هەفتە نوێژ ناکەن دوای دەچن بۆ
!.. جومعە ئیتر دەڵین پاك بووینەوە
دوای قسەی زۆر موناقشە قەناعەتی کرد کە نوێژ بکاتو ئیتر
!.. عارەق نەخوات
یاسەمین : کریم بەرنامەت چییە لێرە ؟
.. خەسرەو : دەچم بۆ ئەوروپا
یاسەمین : دەچیت بۆ یۆنانستان ، تورك بە یۆنان دەڵیت
.. یۆنانستان
..خەسرەو بەڵێ

بوو شێرە زۆر پیاو بوو دەیگوت چۆن دەچن بەهەمووتان بۆ ..ئەوکوڕە ئاگام لەو قسەیەی بوو

شەر کۆتای هات و بە حەمە نەجم کەلاریم ووت ئەخەوم ئاگات لێم بێت، نەکو لە خەوا بم و لێم بدەن ، چونکە منیش دووجار نزیك بوومەوە لە شوێنی خەوی ئەوان خەتبوو وایانزانی پەلاماریان ئەدەم لەخەودا لێئەدەم .. دوو شەو .. نەمن بەجوانی خەوم لێکەوت نەمەئمونیش

بەڵام من زۆر گەورە تەماشا دەکرام مەئمون لە ئەسیناشدا کەس نەیدەوێرا سەیری بکات چجای ئەوەی شەری لەگەڵ .. بکەیت

دوای دوورۆژ ئەوان هاتن بۆ جێگاکەی من و خاڵە عومەرو کوڕێکی خانەقینی ناوی کاك لوقمان بوو ئاشتی کردینەوە ، ئەو شەوە بەو بونەیەوە دەستکرا بە حەفلە و سریلانکی و عەرەب و فارس بەخۆشی ئێمەوە رەقسو هەڵپەرکێ بوو .. بووین بەرەفیق ، ، بەڵام رەفیقیکی باش ، ئینجا یەك دوو شەڕی ترم توش بوو لەگەڵ روسەکان لەسەر حەمام و بانگدان مەئمون نەبوایە ئینجا هەولێریەکان هاتنە پێشەوە .. لەگەڵمدا ئەوان ببوونە برا

ئەو تەمەنەی من کاتی هەرەتی هەزەکاریم بوو، ڕاستە مولتەزیم و دینداریم بووم ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە مزگەوتو هاوڕێ دیندارەکانم دابڕابووم ئەوەندە پابەندیم نەمابوو بەدینەوە .. تەنها نوێژەکانم دەکرد و جاروباریش سونەتێك ئەگەر بمکردایە نەمکردایە ، هەندێك جاریش بەهۆکاری ڕێگاو نەبوونی حەمام و خۆ پاکردنەوە نوێژەکانم لە کیس دەچوو،

یاخود بەهۆکاری لاوازی ئیمان و نەبوونی هاوڕێ باشو خواناس دوور دەکەوتینەوە لە خواناسی ، بەڵام هەر پابەند بووم بەئیسلامەوە سوپاس بۆ خوا ڕچاوی حەڵاڵ و حەرامم کردوە ، ئەو زەمەنەی منیش بەچەقۆ و هێزی خۆت نەبوایە خەڵکی تر دەیخواردی ، دەبوو بەلای کەمەوە کەسایەتی خۆتو بنەماڵەکەت بپارێزیت، هەر ئەوەندەش تۆزیک ..ئازابوویتایە .. ئیتر خەڵکی تر لەدەورت کۆدەبووەوە

منیش ئەودەمە گوێم بە هیچ نەئەدا بۆ لەتێك نان ئامادە بووم شەرە چەقۆ دروست بکەم ، قسەم لەکەس قوبوڵ نەدەکرد ، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەرگیز دەستدرێژیم نەکردۆ تەسەر خەڵك وهەمیشە ئەوانەی مەزلوم بوون ئەوەندەی توانیبێتم پاراستوومن، بەکوردی پوختی ، نەدەستی کەسم ماچ کردوە نە هیشتویشمە کەس دەستم ماچ بکات،ئەمەش . بەواتای گەورەی و پیاوەتی نا

بەڵام جەماعەت لەزینداندا من هەر بە قاچاخچی دەزانن ، .. وادەزانن لەترسا خۆم ئاشکرا ناکەم

دوای هەر بڕوایان نەکرد ، لە ناو زینداندا مزگەوتم دروستکرد ئەو ساڵە مانگی رەمەزان بوو، کەتووبوە مانگی داونزەوە ، کە نوێژمان دەکرد ٢٠٠ کەس بۆ جەمەعەت دەوستا ، جومعەو جەماعەتمان تیدا کرد ، من و خاڵە عومەر بەربووین لە ساڵۆنیك

ئەو عەسرەی ئازاد بووین من بەڕۆژم ، کەئازاد کراین ماوەی مانگێکە لە نانی ووشکی و ئاو زیاترمان نەخواردوە ، هیچ پارەشمان پێنیە ، ئەوەیش پێم بوو ئەوەماوەیە لە زیندان

.. خەرجم کرد

- خاڵە عومەر ووتی: ڕۆژوەکەت نەشکاندوە مەلا گیان ؟

- خەسرەو : نەوەڵڵا خاڵە عومەر گیان بەچی بیشکینم ؟

- خەڵە عومەر: پیاونەبم ئەم ئێوارەیە گۆشتت دەرخوارد ئەدەم !

تۆزیك ڕۆیشتن زیندانەکە دوور بوو لە شارەکەوە باران دایکرد و بە پێ هەر دەڕۆشتین ..
لەپڕ سەیرەیەك وەستا ووتی : بۆ کوێ دەچن..

خاڵە عومەر ووتی سالۆنیك ، خۆشی خوێندەوارێکی باش بوو ئینگلیزیەکەشی زۆر باش بوو، تێیگەیاند .. ووتی بە ٢٠،٠٠٠ دراخاما دەتان بەم ، خاڵە عومەر دەستی کرد بەگیرفانیا وەرقەی زیندانەکەی دەرهێنا و ووتی ئەوە گوزەرانی ئێمەیە پارەمان پێنیە ..

کابرا جرتێکی بۆ لێدواینو ڕۆشت ..

من زمانم بەڕۆژوو بوو نەمێرا جنێو بدەم ، ووتم خاڵە عومەر گیان لەجیاتی من قسیەك بکە ..!

تۆزێکی تر ڕۆشتین ، هەمان سەیرە هاتەوە وەستاییەوە .. بێ سی دوو سەری خستین .. دیار بوو کابرا ڕەحمی جوڵا بو هاتبووە بۆ لامان بردینی بۆ سالۆنیك نزیك وویستگەی شەمەندۆفێر وەستاندینو سوپاسمان کرد زۆر ڕێگاکەش

.. هەموو ١٥ دەقیقە بوو

من برسیمە ولە ئەو شارە جواندا پارەمان پێنیە .. دەشزانم خوای پەروەردگار ئاگای لە زمانی بەرۆژووی منە خوای
.. مەعبودم یوسوفی پاراست
ئاگام لێبوو خاڵە عونمەر زۆر بێزار بوو ، بەتەمەنیش بوو
..خەفەت دایگرت بوو
: بەخاڵە عومەرم دەگوت
وویستیان یوسوف بکوژن، بەڵام نەمرد - سەلامی خوای لێبت-
وویستیان هیچ بونێکی نەهێڵن لەسەر زەوی، بەڵام ئەرزشی
..زیاتر بوو
..وویستیان بیفرۆشن وبیکەنە کۆیلە، بووە وەزیر
وویستیان خۆشەویستی لە دڵی باوکیدا دەربێنن، باوکی بۆی
کوێربوو
لە پلانی مرۆڤەکان نابێت خۆمانمان پێ موهیم بێت با لە
.. خوا بپاڕێنەوە دڵنیابە هاوکاریمان دەکات
بەردەوام بووم لە قسەکانم دەستم خستە سەر شانی
عەرزمکرد خاڵە عومەر سوێند بەخوا: ئیرادەی خوداوەند
..بەرزترە لە هەموو ئیرادەکان
..یوسوف دەیزانی هەموو دەرگاکان داخراون
بەڵام
..لەبەر خوا بەرەو ڕووی دەرگا داخروەکان ڕایکرد
..وە پەروەردگار هەموو دەرگا داخراوەکانی بۆ کردوە
کەواتە من و تۆش دەبێت بزانین :- ئەگەر دەرگاکانی هەموو
..دنیامان لێدابخرێت
. بەرەو ڕووی دەرگای کراوەی خوای پەروەردگاربا بڕۆین

ئەم قسانەم بۆ خاڵە عومەر دەکرد ، لەپڕ گوێمان لەدەنگی گۆرانی کوردی بوو لە خێمەیەکدا لە ناو بازاردا .. کەچووین دوو کچو کورێکی لێبوون ووێنەی عەبدوڵا ئوج ئالانیان پێبوو لەوێ و گۆڕانی شڤانی لەسەر بوو ، ئەودەمە شڤان لای پەکەکە خۆشەویست بوو.

چوینە لایان و باسەکەمان بۆ کردن .. ئینجا نانیان بۆ هێنانین وامزانی زۆر دەخۆم کەچی تۆزێکم خوارد ئیتر نەمتوانی بەهۆکاری ئەوەماوەیەکی زۆر بوو چەوریم نەخواردبوو گەدەم بچووك ببوەوە .

باسی ئەوەم کرد یان پارەمان بدەنێ بەقەرز بۆتان دەگەرێنینەوە لە ئەسینا ، یاخود هاوکاریمان بکەن تەنها بلیتی ئەسینامان بۆ ببڕن کە کەچوینە ئەسیان پارەکەتان ئەدەینەوە..؟

بەداخەوە بۆیان نەکردین ، نائومێد بووین .. ناچار ووتم خاڵە عومەر چارەمان نیە دەبێت ئەم شەو بمێنینەوە ..

خاڵە عومەر چوو بۆ لای دووپیاوی یۆنانی دەستی کرد - بەقسە ئەوە منیش لەدوورەوە تەماشای دەکەم ، لەدڵی خۆمدا زۆرم پێناخۆش بوو ، ووتم ئەم پیاوە بۆ بەم سەرە سپیەوە تەکلیف لەخەڵك دەکات بۆ پارە ..

بۆ زانیاری بلیتەکەش زۆر گران نەبوو ، هەریەکێکمان ٦ هەزار دراخمامان دەویست بۆ بلیتی سالۆنیك ئەسینا واتا ١٢ هەزار دراخمامان پێویست بوو..

من رووم نەدەهات داوا لەکەس بکەم ، خاڵە عومەر لەگەڵ دوانەکدا بەردەوام بوو دەستایان کرد بەگیرافانایاندا .. شتێکیاندا بەخاڵە عومەر من زۆرم پێناخۆش بوو

کەهات ووتم خاڵە عومەر چییە ؟ ووتی ئەم عینوانەی !.. داویانمەتی بیچیەن لای ئەوان هاوکاریمان دەکەن
منیش ووتم براکەم دەواز بینە توخوا ؟
خاڵە عومەر لێم تورە بوو ، ووتی کاکە تۆ حەقت نەبێت قسەمەکەو مەیە پێشەوە لە دوورەوە بوستە، من قسە دەکەم .. ، ئەزانم تۆ رووت نایە من پارە پەیدا دەکەم

..منیش هیچم نەووت لەبەر حوورمەتی خاڵە عومەر

ئەدەرسەکەمان دۆزییەوە خۆی چووە ژورەوە نەمزانی چییە، ..پێدەچوو وەك سۆسیال وابوبێت

هاتە دەرروە پێدەکەنی ، ووتی ئێستا یەکێک دەنێرن بلیتەکانمان بۆ بکرێت و نانیشمان بۆ دەکرن ..! تۆزێك گۆرانی .. عەلی مەردانی بۆ ووتم .. لەبیرمە ئەوەی بگووتم .. گەردن بلور دیارە لە دوور

کورێکی گەنج هاتە دەرەوە بە ئینگلیزی چۆنی و چاکی کردو تەوقەی لەگەڵ من کردو ووتی بابرۆین ، چووینە ویستگەکە شەمەندۆفێر و بلیتەکانی بۆ کرین بای ١٢هەزار دراخما بوو، یەکی ١٠ هەزار دراخمای دایە منو خاڵە عومەر ووتی بۆرێگا با پێتان بێت.. شەو سەعات ٩ سەردەکە ون کاتژمێر ١٠ بەیانی . لە ئەسینان و، قیتارەکەتان چێنچی نیە

لەوکاتەدا بوولەگەڵ ئێمەدا وەستابوو .. پیاوێکی پیری لێپەیدابوو گەنجەکە چۆنی و چاکیان کرد بیەکەوە و تۆزیك قسەیان کردو پیاوەکە چووە جێگایەکەوەو ئێمە هەر وەستا بووین بلیتەکانی نەداینێ کابرا بە تەمەنەکەی هاوڕی گەنجە یۆنانیەکە گەڕایەوە و بە پێکەنینەوە هاتە لامن و ٢٠ هەزار دراخمای دابەمن و بە ئیگلیزی پێووتم نەیدەی بە باوکت ، ١٠ هەزاریشی دایە خاڵە عومەر،وای زانی خاڵە عومەر باوکەمە..

گەیشتینە ئەسینا .. خەونەکەمان هاتە دی ..

کەچوومە پارکی ئامۆنیا .. ئەو هەموو خەڵکەم بینی لە کارتۆنی جگەرەدا دەخەوتن.. یەکسەر کە ئابە گرتمی خەمۆکیەك دایگرتم ، خەریك بوو بگەڕێمەوە بۆ تورکیا بۆلای ئیدن ئابێ .. من ماندوو بووم خاڵە عومەر منی جێهیشت و چوو بۆلای کوڕەکەی ناوی کاك توانا لەگەڵیدا بوو ئەو پێشتر گەیشتبوە ئەسینا .

منیش کوڕەکەی مامۆستا ساڵح دیلانم بینی کاك هونەر، لە ئوتێلێك بوو .. بردمی ووستم بچمە ئەو ئوتێلە کە بەڕێزیانی لێبوو .. لەڕێگادا کوڕێکی ڕەفیقی خۆمم بینی لە تورکیا بووبوین بە هاوڕێ زۆر کوڕێکی چاك بوو ، ناوی عەبدوڵڵا بوو ، من ناوم نابوو (عەبە ماڵتەپە) ماڵتپە جۆرە جگەرەیەکی هەرزان بوو ئەوەی دەیکێشا بەزۆر خەتەر بوو ئەوجگەرەیە، هەر کەس یەك مانگ بیکێشایە دەیکوشت عەبە ماڵتپە کاری تێنەدەکرد .. دوای چۆنی و چاکی و ئەحواڵ پرسین ..

عەبدوڵا : مامە خەسرەو بۆ کوێ دەچیت؟

خەسرەو : وەڵامامە عەبدوڵلا گیان ئەمە تۆزێکە لە زیندان بەربووم زۆر ماندووم دەچم بۆ ئوتێل هیچ جێگایەکم نیە ، ئیسراحەت دەکەم .

عەبدوڵا : نا مەچۆ شوقەم هەیە منو فاروق و حەسەنی لێین ، جێگەمان هەیە مەڕۆ بۆ ئوتێل و بەیانیش ئەتخەینە سەر ئیش ..!

خەسرەو : داوای ئیزنم لە کاك هونەری مامۆستا ساڵح دیلان کردو ، بەدوای کاکە عەبەگیان کەووتم ،بەڕاستی منی بردە شەوقە ووتی بخەوە وبەیانی وەرە بۆ کار و دەتبەم فێرت دەکەم ..

بۆ بەیانی سەری ساڵی نوێ بوو.،. بە عەبەم ووت فریامکەوە، بیری دایکم و براو خوشك و هەمووی دەکەم ، تەلەفونم پۆ پەیدا بکە کەس نازانێت من لە کوێم ، پەیدای کرد .

تەلەفونم کردەوە بۆ کوردستان ... ئای بیری دایکمم دەکرد ، بیری دایەگەوەرە باوە گەوەرەم دەکرد ، بیری سلێمانیم دەکرد .. قسەم لەگەڵ کردن هەر ئەوەندە توانیم بڵێم چۆنن و من لە ئەسینام ، هەمووگیانم دەگریا.. گوێم لە باپیرم دەگریا، دایکم دەگریا ئەوانیش هەموو دەگریان ..
ماوەی دوومانگ بوو هیچ دەنگێکم نەبوو ، ئیتر هاتنە سەر ئەوەی تەعزێم بۆ دابنێن ..!

من ئەوەندە گریام عەبەو حەسەن فرمێسکەکانی من دەسڕی ، ووتم بەخوا من قسەم بۆ ناکرێت ، تەنها ئێوە قسەم بۆ بکەن .. لەو گریانەدا باپیرم هات قسەم لەگەڵ بکات ، هەڵبەت

باوکی باوکم ، ئەو باپیرەم نا کە بەخێوی کردووم ، ووتی
خەسرەو گیان چۆنی .. ووتم باشی باوە حاجی گیان ، ووتی
ئەی ڕۆڵە کەی دەچیت بۆ خاریج ، کەوای گووت هەموو
دەستمان کرد بە پێکەنین ..وای دەزانی خاریج بەس
ئەڵیمانایە..! یۆنانی بە خاریج نەدەزانی

.. دایکم خێرا ٥٠٠ دۆلاری بۆ حەواڵەکردم .. بۆ ئەسینا

دەستم کردبە کار لە لای کابرایەکی میسری لە ئەسینا
قەمسەڵەم بۆ هەراج دەکرد لە میسر دەیهێنا ، هاوارم دەکرد ،
... وەرنەوە وەرنەوە ، قەمسەڵەیەك بە دەهەزار دراخما

.. ئیلەزۆ ئیلەزۆ.. زێکا کلیاریکی

هەندیك شتی تریش فێر بووم بەوچەند رۆژەوە لەبازارد جل
وبەرگم دەفرۆشت، کارەکەمان وابوو دەڕۆشتن جلمان
وەردەگرت بە بایانیاندا ئێواران تەسلیمان دەکردوە ،
هەریەکەمان ٥٠٠٠ دراخمای هەبوو رۆژانە ، یەکەم ڕۆژ و
دووەم رۆژ کەمم فرۆشت، سەری سێیەم رۆژ دەستم پێکرد
زمانم راهات ، سەمیر بڕوای نەکرد نیوەڕۆ چومەوە داوای
ئەوەندەی ترم لێکرد، رۆژبەڕۆژ باشتر دەبوو وەزعی فرۆشم
.. زیادیکرد، ڕۆژانەکەم بۆمن چوومە ١٠هەزار دراخما

سەمیر : نەیدەتوانی بڵێ خەسرەو . ناوکەم قورس بوو ، ناوی
(نام (شەمس

سەمیر : شەمس من دەچم بۆ میسر ئەشیا دێنم تۆ دابەشی
بکە بەیانیان شتومەکەکان و حساب بالای تۆ بێت ، ئاگاشت

له شوقەکەم بێت ، سیقەکەش لە ڕێگای خواناسی نوێژ کردنەوە و دەست پاکیەوە دروست بوو هیچ ناسیوەیەکەمان نەبوو ، تەنانەت دەمتوانی هەموو شتەکانی بەرم و قسەشی بکردایە ئازارم ئەدا چوونکە هیچی بۆ نەدکرا ، بەڵام هیچ خراپەیەکی لەمن نەدیبوو لەماوەی رابووردا، زۆر هاوکاری کردم .. منیش ڕێزم دەگرت، بەڵام تا بڵێ داوێن پیس بوو، ئەویش زۆر ڕێزی منی دەگرت و کاتی نوێژ هاوکاری دەکردمو جومعان خۆی دەیناردم بۆ مزگەوتی ئامۆنیا و خواردنی حەڵاَمان دەخوارد بەیکەوە هەمیشە ..

ووتم باش .. بڕۆ بێخەم بە ..

ماڵەکەی پڕبووو لەخەڵك دووجار چوومە ماڵیان ، وەك ئاماژەم پێدا بەیەکەوە نانمان دەخوارد من خواردنی حەڵام دەخوارد ئەویش هەر وابوو ، بەدوای حەلاڵدا دەگەڕاین ، هەردوو جارەکە کچێکم بینی زۆر جوان بوو لەلای ..

ووتی ئەو کاتەی تۆ لەوی دەبیت تەنها سێ کەس دێنەوە بۆ شوقەکە ! ..

ماریا . خەڵکی ڕۆمانیا بوو .. قەرەجە

ئەگنێشکا ..کچێکی رووسیە ..

کوڕێکی فارس ناوی مەجیدە ..

خۆشت لەوێ دەبیت ، هەموو ڕۆژێك ٢٠.٠٠٠ دراخمایان لێبستێنە کەدێنەوە، بۆ ماڵەوە !.

ووتم باشه..

لەماوەی ئەو هەفتەیەدا نزیکە ٦٠٠ هەزار دارخمام لا کۆبوویەوە .. پارەیەکی زۆر زۆر بوو

شوقەکەی گەورە بوو ، من چوومە ژورەکەی خۆی واتا ژووری سەمیر دەخەوتم ، مجید لە هۆلەکەدا دەخەوت دوو .. کەچەکەش لەیەك ژووردا دەخەوتن

سەمیر رۆیشت و دەستمان کرد بە کاری خۆمان ڕۆژانە و دەچومەوە بۆ شوقەی سەمیرو پێش من ماریا دەگەڕایەوە .. سەعات ٥ ئێوارە و من ٦ و رووسیەکە ٧ و مەجید ٩ هەموو خەڵکی ئاسای بوون ، بەس نەمدازانی بۆ لەوی دەژین و ئەو پارەیە چییە، ئەیدەن .

بەس ماریا زۆر جوان بوو .. چاوڕەش .. لە خەڵکی وولاتی خۆمان دەچوون خوێن گەرم .. باڵا ڕێك ، زۆر جوان بوو، ناسك قژ خاو و درێژ ، بەنازو مەکر خۆی بائەدا، تۆزێك شێوەی لە دالیا دەچوو، دیسان هەوای عیشق لێدامەوە ..

ئەتوانن بڵێن منی شێت کردبوو..

کەوتینە قسە و باس خواست ، بۆم دەرکەوت ئەمانە کار لەگەڵ سەمیر دەکەن کارەکەیان حەواڵە بوو، لەدوایدا بۆم دەرکەوت خەریکی کڕینو فرۆشتنی دۆلارو پارەی ترن لە یۆنان زۆر قاچاخ بوو ئەوکاتە.. کڕین دۆلارو پارەی رووسی و ئەلبانی وولاتەکانی تر لە بازاری ڕەش دا، تەنانەت هەر کەس بێوەی بگیرایە .. ٦ ساڵ زیندان بوو وەك قاچاخچی هەژمارد دەکرا

سەمیر گەڕایەوە ، حسابمان کرد ئەو هەفتەیە ٥٠ هەزار دراخمای دایە من، ووتم زۆرە نامەوێت ، لەگەڵ ئەوەشدا دیاری زۆری بۆ هێنابووم لە میسر..

هاوڕێیەتیمان خۆش بوو لەگەڵ سەمیر ، رۆژێك بەیکەوە قەمسەڵیمان دەفرۆشت..

ووتم: سمیر ماریا زۆر جوانە ؟

بە پێکەنینەوە ووتی دەستت پێگەیشت ؟

ووتم نا من کاری واناکەم ، بەتایبەت لە ماڵی تۆشدا ..

کەچی ئەو بێقیمەتە ئەیگووت بۆ نایکەیت لەماڵی مندا..

ووتم سەمیر منو تۆ موسڵمانین .. ئەزانی یارانی موسا .. بە بسم الله - لە دەریایەك پەڕینەوە ..
من و تۆ هەموو قورئانم خەتم کردوە یەشتا لەناو ئەم قوڕاوداین ..

تۆزیك ملی باداو ووتی : شمس- ، زۆر حەزم دەکرد برام بوویتایە ..

منیش ووتم: جا ئێمە هەر براین ، وامزانی بۆ ئیسلامەتی دەڵێت

ووتی نا برام بوویتایە منت بەجێ نە هێشتایە لێرە تەنها هەر خۆمم متمانەم بەکەس نیەو کارەکەمان باشەو خێر زۆرە لێرە ؟..!

خەسرەو: من نیازم هەیە بڕۆم بۆ ئەلبانیا بەداخەوە، ئەرێ
وەڵڵا بەجێت دێڵم !!

سەمیر : شمس .. مەڕۆ ماریات ئەدەمی بۆ خۆت ؟

خەسرەو : بۆ کڕیوتە ؟

سەمیر : نا بۆت دەکڕم ..

هەستمکرد خەریکە وەزعەکە خراپ دەبێت .. ماوەیەك
بەردەوام بووم لەگەڵیدا ..
شەوێکیان سەمیر ووتی شمس دەعەوەتی منیت ، بردمی بۆ
چایخانە و مەطعمی ئوم کەلسوم لە یۆنان.. نانمان خوارد و
شیشە میسریمان کێشا و بەرەو ماڵی ئەوان کەوتینە ڕێ

منیش ووتم سەمیر دەگەینم بە پیاسەو دوای دەڕۆمەوە بۆ -
لای کاکە عەبەی ماڵتەپە ..

سەمیر ووتی: ئەم شەوحەز دەکەم لای من بیت شەمس ..

خەسرەو باشە..

لەیۆنان : کەس نەیدەگوت خەسرەو ، هەمووی دەیانگوت
شمس لەسەر زمانی سەمیر .. کەچووینەوە مارياش بانگی
دەکردم شمس ، سەمیر، دەیزانی ڕۆشتنم نزیکە و من دەڕۆم
بۆ ئەلبانیا وەك ڕێزیك گوایە بەمارياى ووتوە لەگەڵ مندا
بەخەوێت ئەوشەوە، وەك خۆی بۆی باسکردم ، تەنها
وویستویەتی ئاواتێکی من بێنیتەدی ..!

تۆزیك دانیشتم و بیرەیان هێنا و منیش نوێژی عیشام نەکردبوو ، هەڵسام بڕۆم سوێندی لێخواردم دادنیشم و منی ناردە ژورەکەی خۆی کە دەفتەری حسابەکەی بۆ بینم ..

کەچووم بەدوایدا دەگەڕام ، ئەوەندەم زانی .. ماریا هات .. بەڵام ماریای چیی خەریك بوو باڵ بگرم لەدواوە باوەشی پێداکردم .. چووم بەئاسماندا .. منیش بەهێواشی دەستیم بەرداو لەسەر بێتەکەی واتا سیستەمەکە پاڵکەوت..

خوای گیان فریام کەویت .. توانام نەماوە .. ئەوەی من دەمویت ئامادەیە..

ئەی هاوار چی بکەم ..

تانەو تەشەرم لێمەدەن .. من خۆم موعتریفم بە هەڵەم..
بۆ ڕسوای خۆم لەبازاڕدا .. خەریکی دەف ژەنینم ..

ئەمەوێت ڕاکەمە دەرەوە و دەوری یوسوف ببینم .. ئەژنۆکانم ناڕوات ، داوای ماریا دەکات ، هەرچی شەیتانی دنیایە لەدورم کۆبۆتەوە ، دەڵێت جارێکی تر شتی وات دەست ناکەویت لەدەستی خۆتی نەدەیت..!

خوایا فریام کەوە ..

بەشێك لە جلەکانی داکەند ئەوەندەی تر جوانی نیشاندام و منی شێت کردوووروژاندمی

خوای پەروەروەردگارم .. لە رووی ..خۆر و مانگ و
.. ئەستێرەکاندا شەرمەندەم
.. لە مرۆڤ و پەرەیەکانیش شەرمەندەم
.. تەنانەت لە رووی شەیتانیش شەرمەندەم
چونکە هەموویان لە کارەکانیان پایەدارن تەنها منم کە
. ناپەیدارم
.. ببەخشە ئیلاهی.. ناتوانم ئیتر خەریك بوو پەلاماریدەم

ووتم: گەر وەکو یوسوفم پێناکرێت با بەدەم قسەیەك بکەم ،
.. بەڵکو - ببێتە حوجەیەك بۆ قیامەتم

ووتم : من نەخۆشی ئایدزم هەیە ماریا .. ئاساییە ؟

..ووتم: بەڵکو بڕوات نەیتەوە بەلامە

ماریا : دەستی کرد بە پێکەنین ووتی : شمس ٣ ساڵە من
!!.. ئایدزم هەیە

کەوایگووت سوپاس بۆ خوا هۆشم هاتەوە بەر خۆم .. خوای
.. گەورە فریام کەوت
.. لەخۆشیدا هەر دەمگووت

ترێ عەدەم بوویت کردیانیت بە شەراب.. تۆ ئەی شەراب
..هەوڵمەدە ببیتەوە بەترێ

هاتمە دەرەوە : بە سمیرم ووت من ئیتر ئیش ناکەم دەڕۆم
بەیانی بۆ ئەلبانیە ..؟

بەیانی بۆ ئەلبانیە ..؟

سەمیر : تورە بوو ، ووتی بۆ شمس نەخەوت لەگەڵتا ووتم با ، بەس ئەوە ئایدزیەتی ..!

کەوامگووت ئەژنۆی شکا سەمیر ، من هاتمە دەرەوە ، سوپاس بۆ خوا شمس بووم خوای گەورە ژیانی روونکردمەوە ..

چاوەڕوان بن لەداخی سەمیرو ماریا یۆنان بەجێدهەڵێم بەروە ئەلبانیا وئیتالیا دەڕۆم..

لە دوای ئەوەی لەگەڵ قاچاخچیەکدا مامەڵەم کرد بۆ ئەلبانیاو پاشان بۆ ئیتالیا ڕێکەوتین .. بۆ ئێوارە سەرکەوتم بە پاس لە ئەسینا دوای ٤ کاتژمێر چوومە ئەلبانیا و چووینە شارێك بەناوی فلۆریا ، هەڵبەت لەڕێگای قاچاخ ..

لەوێشەوە بەنیاز بووین بە بەلەم بپەڕینەوە بۆ جێگایەك لە ئیتالیا بەناوی- لیچە -

بەڵام قاچاخچیەکە .. بەناوی - ئازادی سەعە کەلە - پارەی قاچاخچیەکانی ئەلبانیای نەدابوو ئێمە ١٦ کەس بووین دەست بەسەر کراین لە ئەلبانیا بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ ..

ماوەی ئەو ١٤ ڕۆژە لەماڵێك زیندان بووین لە ئەلبانیا ، دوای ئەوەش کە پارەکە نێرا لەلایەن قاچاخچیەکەوە ١٠ ڕۆژی تر وەستاین بەهۆکاری شەپۆلی زۆری ئاو و نەپەڕینەوە بۆ ئیتالیا..

ئەوە ماوەیەی کە لە ئەلبانیا بووین چەند کوردێك بەیەکەوە بووین هەندێکیان شەو لەتاو بێ ئیشی تووشی قومار بوون..!

کەسێکیان خاوەنی خێزان بوو بەناوی کاك ئاراس ، واتا خێزانەکەشی لەگەڵدا بوو لەگەڵ دوومنداڵدا، ١٠ وەرقەی دۆڕاند بوو .. شەو، بوو بە شەڕ لەناو یەکتردا لەسەر پارە کوڕێکیان بەناوی کارزان زۆری کێشا بە سەروچاوی ئاراس دا پارەیەکی زۆری لێبردەوە.. دەنگە دەنگی ئەوان منیان هەڵساند لە خەو . خێزانی ئاراس لەکاتی شەڕەکەدا وابزانم پەلاماری کارزانی دابوو، ئەویش پاڵێکی نا بەژنەکەی ئاراس و خستی بەسەر مندا ، زۆرم پێناخۆش بوو ، منیش تۆزێك

تورەبووم ، ووتم دەدانیشە هەتیوە قومارچیە پیسە ..
ئەوەندە ئیزعاجن.

شەڕەکە دامرکاوە، کەمێکی پێچوو من لەگەڵ منداڵەکانی ئاراس بەینم خۆش بوو کچ و کوڕێکی جوانی هەبوو ئەو ماوەیە لە ئەلبانیادا، لەگەڵ ئەومنداڵانە هاورێیەتیم خۆش بوو..

کەچوومەلایان تەماشا دەکەم کاك ئاراس خێزانەکەی کە ناوی ئاوازخان بوو هەردووکیان دەگرین .. !

خەسرەو : کاك ئاراس ئەوە بۆ دەگریت ؟

ئاراس : هەرچی پارەمان پێبوو ئەو کارزانە خوێریە لێی بردمەوە ..

خەسرەو : خەتای خۆت بوو چۆن لەم کاتەدا ١٠ وەرقە دەکەیت بە قومار، کاکە خۆت تاوانباری ئەبێ بەرپرسیاریەتی هەڵگری ..؟

ئاوازخان : کاك خەسرەو ئەم پیاوەی من هەر خوێری بووە ، ڕاستی کارزان خوێری نیە، بەڵکو ئاراس خوێریە ..!

خەسرەو: بۆ خاتری خوا دەنگت نزم بکەرەوە لە ناو ئەوخەڵکەدا چۆن قسە بە هاوسەرەکەت دەڵێیت ئاواز خان با ئەوەندەی تر سوك نەبێت لەبەرچاوی ئەو گەنجانەی تردا ، دوایی شەخسێتی نامێنێت، من دەچم قسە لەگەڵ کارزان دەکەم بزام نیوەی لێناسەنمەوە بۆتان ..

ئاوازخان : مەمنون دەبین کاك خەسرەو گیان ، ئاراس قسەی نەدەکرد وەزعی زۆر نارەحەت بوو..

چووم بۆلای کارزان .. ووتم مامە کارزان ١٠ وەرقەت بردۆتەوە لە کاك ئاراس، ئەزانم دەی تریشت لە جەماعەت بردۆتەوە ، تەکلیفێکت لێدەکەم پارەکەی کاك ئاراس بدەرەوە خاوەن خێزانەو، دوومندالّی هەیە ، قەیچێکە بیکە بەدیاری دەستت ؟

کارزان : زۆر بیئەدەب بوو یەکسەر ووتی دەبا گوو بخوات .. کێ ووتی قومار بکات ..

خەسرەو : مامە کارزان من تەکلیفت لێدەکەم ..؟

کارزان : مامە خەسرەو کێ لەم وەزعەی ئێستادا تەکلیف قوبولّ دەکات ، ئێمە یاریمان کردوە خۆی هاتووە دانیشتووە بەزۆر بانگمان نەکردوە خۆ مندالّ نیە..؟ ..

بەجێم هێشت زانیم قسەکردن لەگەلّیدا هیچ سودی نیە ، ناچار ٤٠٠ دۆلارم پێبوو ، ووتم ٢٠٠ دۆلاری بۆ ئێوە ٢٠٠ دۆلاریشی بۆخۆم ..

ئاوازخان : وەلّلا نایدەیتێ ئەویش دەکات بەقومار ، هەلّیگرە بۆ خۆت .. منیش لەژێرەوە ٢٠٠ دۆلارەکەم دا بە ئاواز خان،

ووتم: با پێتان بێت ، ئەو ئافرەتە زۆر بەحوورمەت بوو ، لێی وەرنەگرتم ، ووتی پارەی ترم شاردۆتەوە ، خەمت نەبیت خەسرەو گیان ..

بەس هەستم کرد راست نیە ، تەنها ئافرەتێکی شەرف بەرزو تەبیعەت قورس بوو..

شەو دانیشتین من و کوڕێکی تر نوێژمان دەکرد ، ٤ کەس لەوانیش قوماریان دەکرد ..

ئاگام لێبوو کارزان ..تانەو تەشەری ئەدا لە کاك ئاراس ، ووتی : لە کوردستان قومارمان کردوە ئەگەر کەسێك پارەی پێنەبوایە .. دەمانگو لەسەر ژنەکەت دەیکەین ..؟!

کەوای گووت خەریك بوو جنێوی بدەمێ، بەڵام دەم بەزیکری خوا بوو .. زۆر توڕە بووم نەشم دەتوانی هیچ بڵێم ، چونکە ناڕاستەوخۆ قسەی دەکرد .. ئاگام لە ئاراس بوو لای ئێمەی بەجێهیشتو چووە بۆ لای منداڵەکانی بۆ ژورێکی تر زۆر بەزەیم پێداهاتەوە ..

چوومە لای کارزان منیش ووتم کارزان: دەزانی کاتی خۆی منیش دەرپێیم بەخەڵکێك داکەندوە لەسەر قومار و دەرپێکەشیم لێبردۆتەوە ، بەڵام سوپاس بۆ خوا..ئێمە بووین بە پیاو وازمان لە کاری قۆڕ هێناوە .

کارزان : تۆ پیاوی ئەوەنیت ، ئەوە عەرزو ئەوە گەز ئەگەر پیاوی یاریکە ..؟

خەسرەو : ئاخر ئەوە کەی ئیشی پیاوە .. حەرامە دەنا تۆ جوجکەی..

کارزان : وەرە بزانە ناتکەمە فروج ..

خەسرەو: بانق دانێ هەر ریزێك ١٠٠ دۆلار بڕوات .. بەیاری ٢١

.. دەستم کرد بەیاری قومار ، من هەر ٤٠٠ دۆلار شك دەبەم

سەرەتا ٣ ڕیز ڕۆشت دۆڕاندم لەچوارەمدا هات لە پێنجەمدا زیاتر هات بەدوایکەدا هەمووی نەخش بوو ووتم دەرچۆ دام .. لە بانقکەی ٧٠٠ دۆلار بوو

بانقەکەیم برد ، خۆم دەستم کرد بەتەوزیع .. تا شەو درەنگ یاریمان کرد ئەمبردو ئەدۆڕام تەنانەت ئاوازخانیش هاتبوو تەماشای دەکردم بەدەم گۆارنیەوە توشیی ئەعصابم کردبوو ..٢٣ وەرقەم بردەوە لێیان ، هەر لەسەر یارەیەکە دا بووم ١٠ وەرقەکەم داوە بە کاك ئاراس ..لەبەرچاوی کارزاندا ووتم .. ئێمە پیاوین

کارزان پارەی پێنەما.. ووتم لەسەر دەرپێکەت یاری دەکەم .. ؟

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین .. ئەویش جنێوێکی دابەمن بۆی هەڵسام نەیانهیشت شەڕبکەین ، ووتم یاریکە ..؟

. ووتی یاری ناکەم ماندووم

خەسرەو : درۆ دەکەیت لاتم کردی هیچت پێنەماوە .. ؟

کارزان : لە تۆ زیاتر پارەم پێیە ..ئێستاش

دیاربوو درۆی دەکرد هیچی پێنەمابوو. ووتم: درۆ دەکەیت .. ٢٣ وەرقەم پێیە ئێستا هەموویدەسوتێنم ، من پارەی حەرامم نا خۆم کەوام ووت هەموویان خەریك بوو شێت دەبوون .. جەبارمان لەگەڵ بوو کوڕێکی سلێمانی ٢٠٠ دۆلاری دۆڕاند بووبەمن .. ووتی بیکە بۆ خاتری خوا پارەکەم بدەرەوە مەیسوتێنە .. یەکسەر دامەوە پێی و ووتی غڵامی قۆنەرەکانتم !.

ئەوی تر ناوی فەرمان بوو خەڵکی دووکان بوو ١٠٠ دۆلاری دۆڕاندبوو داوای کردەوە دامەوە بەویش.. مەمنوی خوێنەر بوو..

تەپڵەکێکی جگەرەم هێنا بیست وەرقەکەم دانا لەبەرچاوی کارزان چەرخم نا بە ١٠٠ دۆلارەوە ، بەس بۆ ئەوەی زەلیلیکەم داوای کاتەوە .. ئاگام لێبوو عارەقی کرد کە گڕم بەردایە ١٠٠ دۆلاریان جوان سوتا، هەرچی جەماعەت دەیانگووت بۆخاتری خوا مەیسوتێنە وەڵاهی گوناحت دەگات، دەچین .. ئەیدەین بە خواردن بۆ هەموومان

منیش زوو زوو دەمگوت ئەگەر پارەی ئێوەیە با بداتندەمەوە ؟

هەمووی ئەویانگو نا..

کارزان هەر قسەی نەکرد .. ئاگام لێی بوو .. زۆر نارەحەت بوو.. ١٠٠ دۆلاری ترم دەرهێناو ، وویستم چەرخی پێوە بنێم ، ئاواز خان ووتی کاکە خەسرەو بیکە بەخاتری پێڵاوەکانی خۆت مەیسوتێنە و بیدەرەوە بە کاك کارزان .. ؟

خەسرەو : کارزان پارەکەت بدەمەوە لەبەرخاتری پیلاوەکانی ئاواز خان ؟

!.. کارزان : خۆت دەزانی

خەسرەو : دەبڕۆ داوای لێبوردن لە ئاواز خان بکەو ئەوەیش پارەکەت ، یەکسەر ١٩ وەرقەکەم دایەوە دەستی و ووتم بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر زەلیلی نەکەم .. چپاندم بەگوێیدا چ قسەیەکی قورسی کردبوو، بەرانبەر بە ئاراسو ئاواز خان ..؟

کارزان خێرا هەڵسا چووە لای ئاواز خان داوی لێبوردنی کرد، ووتی خوشکی بەڕیزی منیو دەستیان کردە ملی ئاراسیش.

ئەو شەوە لەبەرچاوی هەموویاندا داوای لێخۆش بوونم لە خواکردو چوومە سەر بەرماڵ و توبەم کرد لەبەرچاوی هەموویاندا دوورکعات نوێژی تەوبەم کرد و دوای نوێژیش ١٠٠ دۆلارم لەگیرفانی خۆم دەرهێنا دام بە کارزان .. ووتم ئەو ١٠٠ دۆلارە مافی من نەبوو بیسوتێنم ، بەڵام ئەوە ١٠٠ .. دۆلارەکەت .. من هەڵە بووم

سەری کارزانم ماچکرد .. ووتم : ببورە مامە کارزان گیان ئێمە !.. برای یەکین

هەڵسا و ووتی بەشەرەفم بەشەرفم نایەتە گیرفانم !..

خەسرەو: ئەی هاوار بۆ سوێند بەشەرف دەخۆیت شەرەف سوێندی پێناخورێ ، چونکە مامە کارزان زۆر جار شەرەفی

خۆشمان لەسەر قومار دەدۆڕینین ، تەنها باسوێند بەخوا
بخۆین کە هەرگیز نامرێت و بەهەمیشەی ئاگای لێمانە ..

کارزان : خەسرەو بابە وازمان لێبێنە تا ئێستاش باوکم
دەرسێکی وای دانە داوم و تەمێی نەکردووم. کاکە ئەوەندە
بریندارم مەکە ، تەواو .. پارەم ناوێتو بەخوا زۆر قسە بکەیت
خۆم ١٩ وەرقەکە دەسوتێنم ..

ئەوشەوە کۆتای هاتو ناخۆشترین شەوی من بوو ، دوای
دوورۆژ چووینە ئیتاليا ..

وولاتی ئیتاليا ڕسواتر بوو لە ئەسینا ، هەر جێگا نەبوو..
ئوتێل گران تر بوو پارەکەی گیرفانم بەشی چەند ڕۆژێکی کرد
، داوای پارەم کرد لەماڵەوە .. پارە حازر نەبوو، حەزیشم
نەکرد زەخت بخەمە سەر ماڵەوە ، دایکم ووتی: ئەگەر زۆر
زەروور نیت چەند ڕۆژێك بوەستە تا پارەیەك دێتە دەستمان ،
ئەوکاتەش ١٠٠ دولار بە ٢٠٠٠ دیناری سویسری بوو ..!
منیش برا و خوشکم زۆر بوو نەدەکرا لەبەر خۆم دەستی
ئەوان ببەستم ..

پارەم پێنەبوو لە ئیتاليا ، چووم بۆ کرێکاری بەبۆنەی کوڕێکی
کوردەوە لە ڕوما ، ٥ ڕۆژ چووم بۆ بارکردنی ئاسن و تەختە بۆ
چەند قاتێك لە ڕۆما ئیشم بۆ کابرایەکی مەغریبی دەکرد،
دوای ٥ ڕۆژەکەش پارەکەیان نەداینێ دەریان کردین ، ووتیان
قسە بکەن دەچین پۆلیستان بۆ بانگدەکەین .. پۆلیسیش
بهاتایە ، ئێمە زمانمان نەدەزانی دەگیراین و ئازاریان ئەداینو .
لەوانە بوو قسەیکیشمان بۆ دروست بکەن ، ناچار بارمان
لاربوو..دوایش نەمان دەزانی چیمان لێدەکەن .. بەهەر حاڵ

من ئاسنێکم کێشا بە پشتی ئەو مەغریبەیە ئیشی پێدەکردین و بەعەرەبی پێم ووتی (هذا هو حقي ) خستم لە عرەزەکەدا، . ڕامکرد و چوومەوە بۆ ڕۆما

بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم تەنانەت خوێنم دادەنا ئەو چەند ڕۆژە ، خوای گەورە تۆڵەی زیاتریشیان لێبستێنیت، هاتمەوە بۆ ناوشار.. چوومە چایخانەیەک لە ڕۆما دانیشتبووم .. کوڕێکی کرمانج هات ووتی ئیش دەکەیت؟

.. ووتم دەیکەم .. بردمی بۆ ماڵ گواستنەوە

من و دووکوڕی تر بووین .. دوای تەواو بوون کرمانجە هیچ ... وپوچەکەش بەجێهیشتی و رایکرد ، هاتینەوە بۆ ڕۆما

ئەو ئێوارەیە زۆرم برسیمە .. ماندووم هیچ پارەم پێنیە ، نزیك تەنەکە خۆڵێك بوومەوە، بەڵکو- شتێکی تێدا دەربێنم بیخۆم .. بە دزیەوە چوومە لای تەنەکە خۆڵەکەوە هەر تەماشام دەکرد ، چاوم بەناو تەنکە خۆڵیکەدا دەخشاند ، دەستم برد شتێك دەربێنم ، کوڕێکم بینی ناوی لوقمان بوو هات بۆ لام ووتی مامە خەسرەو چۆنی، ئەوە چیدەکەیت لێرە ؟

!.. ووتم تۆ تەماسی ئەم هتیوە ناکەیت چۆن پەیدابوو لێرەدا

منیش ناسیمەوە کە لەزیندانی سالۆنیك بیەکەوە بووین .. ئەو کوڕە خانەقینییە بوو ، لە کاتی شەڕی منو مەئمون لە پشتم وەستا ، ووتی ئەوەچی دەکەی لێرە ووتم وەڵڵا چاوەڕێ کوڕێك دەکەم ، لەڕاستیشادا چاوەڕێ کەس نەبووم،

.. لەتەنکە خۆڵدا بۆ نان دەگرام بیخۆم

لەم قسانەدا بووین ، ئەوەندەم زانی ئاراس مێردی ئاوازخان لەویدا پەیدا بوو .. ووتی مامە خەسرەو چی دەکەیت ، لەگەڵ لوقمان دەستی کرد بەقسە وتی ئەم کوڕە ئەو کوڕەیە کە ئاواز بۆی باسکردی پیاوەتیەکی زۆر گەورەی لەگەڵ .. کردووم

.. ئاراس زاوای لوقمان بوو واتا ئاواز خان خوشکی لوقمانە

لوقمان ووتی چی دەکەیت برۆ دەچین بۆ چایخانەی .. عەرەبەکان دەعوەتی منی

ووتم :ئاخر چاوەڕێ کوڕێکم دێت بۆ لام هیچ نەبوو بەس خۆم باداو خۆم قورس کرد خەریکە دەمرم لەبرساندا ، دەستی کرد بەگیرفانیدا بۆیەکەم جار مۆبایلم بینی بەدەستی .. لوقمانەوە بینیم ووتی تەلەفونی بۆ بکە

ووتم تەلەفونی نیە کێشە نیە دێم لەخزمەتاندا .. چووین .. بۆ ئەوێ قۆزیان بۆ بانگ کردم و بامێ و تێرو پڕ نانم خوارد .. سوپاس بۆ خوا، تێرم خوارد

لوقمان ووتی ، من لە زیندان بۆم باس نەکردی نەموێرا ، بەڵام بۆ زانیاریت من جنسیەی ئەڵمانیم هەیە و خەریکی قاچاخچیم لە ئیتالیا بۆ ئەڵمانیا .. وەرە بەیەکەوە کار بکەین و تۆش کوڕێی ئازاو باشی وچاونەترسی ئەم ئیشە بە منو تۆ دەکرێت ..؟

لەم قسانەدا بووین ، کابرای کرمانجم بینی لوقمانم بەجێهیشت ، چاوم زەوی نەدەبینی ئەوندە تورە بووم لەو سەگ بابە ، و رووکردە کرمانجەکە ئیخەیم گرت ، ووتم ئەو پارەیەم دبدەرێ ووتی نات ناسم کرمانجەکە هەر ووتی نات ناسم هەتا توانیم یەك کەلەم کێشە بەدەمیدا پرم کرد لە خوێن ، ئەوکاتە باش بوو بە شەق ٦٠ لیرەی ئیتالیم وەرگرت لە کابرای کرمانجی خوێری و وازم لێهێنا..

لوقمان ووتی بۆ ٦٠ لیرە وادەکەیت ٦٠ لیرە چییە، ئەی ئەگەر بگیریت سنورداشت دکەنەو ەبەخوا ئیرە خەترە ؟

خەسرەو: باسەکەی خۆمم کرد بۆ لوقمان ، کە هیچ پارەم پێنیە ، ئەوە وەزعەکەمە ، ٥ رۆژ ئیشم کردوە پارەیان نەدوامەتێ ئەم کابرایەش بردومی بۆ ئیش هەر پارەی نەداومەتێ.. ئەی چی بکەم مافی خۆشم وەرنەگرمەوە، ئەوکاتەی منت بینی لای تەنکە خۆڵیکەوە بۆ خواردن دەگەڕام ..!!

کەوام گووت لوقمان زۆر بێتاقەت بوو .. بردمی بۆ ئوتیلەکەی خۆی خۆم شۆردو جلی سەرتاپا بۆ کڕیم ، مۆبایل و ٢٥٠ دۆلاریشی دامێ .. ووتی لیرە نەفەرم بۆ کۆکەروە .. لەم ئوتیلەی منیش بە من دەیانبەم بۆ ئەڵمانیاو سێ سەیارمە هەیە لەگەڵ دووکوڕی ئیتالیا شەریکم تۆش لیرە کۆیانبکەرەوە هەر نەفەری ٥٠٠ دۆلاری لیوەربگرە و ١٠٠ دۆلاریش بۆ خۆت.!

خەسرەو : مۆبیلەکەم دایەوە و ٢٥٠ دۆلارەکەشم بۆ دەرهێنا.. ووتم : قاچاخچێتی بە من ناکرێت ئەوە کاری من نیە ،

خۆشت من باش دەناسی نابمە چەورەی کەس .. لەم قسانەدابووین ، ئاوازخان خۆی کرد بەژووردا ، وەك ئەوەی من برای ئەو بم لوقمان هیچ ، چەند جارێك ووتی بەخوا لە لوقمان خۆشتر دەویت .. بەردەوم بوو لەقسەکانی ووتی شەرفی منی کرپییەوە لە ئەلبانیا دەنا ئەو ئارسە خوێریەی .. مێردم ئەیدۆڕاندم

منیش عەزرزی ئاواز خانم کرد تۆ خوشکی گەورەو ئازیزی منیت بەخوا لوقمانی برایشت ئەو مەصلەحیت چییە .. من دەڕۆم پارەی جلەکانیش ئەدەمەو ەبا تۆزیك ئیش بکەم مامە .. لوقمان گیان

لوقمان : ئیشی چی باشە ئەگەر کار ناکەیت لەگەڵم وەرە ئەتبەم بۆ ئەڵمانیا ئەم شەو، خۆ ئەتوانم پیاوەتی ئەوەت .. لەگەڵ بکەم ؟

خەسرەو : ئەوە قسەی پیاوە .. مەمنون دەبم ئەگەر ئەو ەبکەیت

ئاوازخان : لوقمان بیبەو ئەوەی خەسرەو دەیەویت بۆی بکە ..

مەمنونیم دەربڕی بۆ لوقمان

لوقمان : زۆر باشە سبەی ئێوارە خۆت ئامادەکە ٤ کوڕی ترت لەگەڵدا دەنێرم یەکی ٥٠٠ دۆلاریان لێوەربگرە و تەکسیەك .. دێت بە شوێنتاندا سەرکەون یەکسەر- میوشن بۆ ئەڵمانیا

خەسرەو : چی بکەم لەپارەکە ؟

لوقمان : ٥٠٠ دۆلاری بدە بە سشۆفێرەکەو با پێت بیێت هەڵیگرە بۆ خۆت ؟

!.. خەسرەو : نامەویت بۆچیمە کاکە

.. ئاوازخان ئەوە دیاری خوشکی خۆتە با هەر پێت بێت

شەو سەرکەتم خۆم لە پێس سەیارەکەدا دانیشتم و چواری تریش لەدواوە ٢٠ وەرقەشم لێوەرگرتن .. دوای ٥ وەرقەم دایە کابرای ئیتالی و چوومە ئەڵیمانیا کات ژمێر ١١ شەو بوو ، یەك جار دابەزین لە نەمسا و من بنیشتم کڕی و لەگەڵ هەندێك .. خواردنی تر

پۆلیس لە ئەڵمانیا لە بانۆفی مویشن گرتمی بانۆف واتا وێستگەی میرۆکانی ئەڵمانیا لە ژێر زەویدا بوو ، بنێشتم و ساردیەی کە پێم بوو نەمساوی بوو .. ووتیان تۆ لەنەمساوە . هاتوویت ڕێك سنورداشیان کردمەوە بۆ نەمسا

لەدوای ئەوەی لەشاری میوشن گیرام درامەوە بە نەمسا ،
..بەهۆکاری چەند کەرەستەیەکی نەمسایی کە پێم مابوو

هەر ئەو شەوە چوومە زیندان ، بۆ بەیانی ناردیانم بۆ
..زیندانێکی تر پڕبوو لە جەزائیر و مەغریبی و نەتەوەکانی تر

ماوەیەك مامەوە و کەسم تیدا نەناسی .. ٥٠ بۆ ٦٠ کەس لەو
هۆڵەدا بوون ، کاتی نوێژی نیوەڕۆ رووومکردە دیوارەکەو کاتی
نوێژ بوو، یەکێك لە جەزائیریەکان هاتە لام ،، ووتی قیبلەکەت
خوارە راستی بکەرەوە ، نوێژم کرد ئەو کەسەش لەگەڵمدا
نوێژی دابەست کە سەلامم دایەوە ماشاء الله لە دوامەوە ٢٠
.. کەس نوێژی کرد

کەسێك بەناوی عەبدولقادر هاتە لام ووتی بۆ گیراویت.. حاڵ
.. و گوزەرانی خۆمم بۆ ڕونکردەوە

عەبدولقادر: ئەگەر بێتو خۆت نەخۆش نەخەیت لێرە بەروە
دادگات بەرن ئەوا یەك مانگ حوکوم ئەدرێت ، ئینجا ئەڵێن
!.. برۆ داوی ئیقامە بکە

.. خەسرەو : ئەی چۆن خۆم نەخۆش بخەم عەیبم نیە

عەبدولقادر هەولبدە ماسیەکی قوتو هەڵبچرە با کۆن بێت و
بۆگەن بکات، ئە ورۆژەی بانگت دەکەن بۆ دادگا پێشتر بخۆ..
بەڵکو ، نەخۆش بکەویت تیکت بدات، کە پشکنیان بۆکردی
دەزانن نەخۆش ، بی دادگا هەر هەفتەیەك زیندانی
!..دەکریت

قوتیەك ماسی دامێ هەڵم بچریو خستمە جێگایەك بۆ ئەوەی میکروب و ڤیرۆسی باشی بۆ بچێت.. دوای سێ رۆژ ناوم هاتەوە بۆ دادگا .. بۆشەوەکەی .. دەستم کرد بەخواردنی .. ماسیە بۆگەنەکە

عەبدولقادر: هەر سەری سەعاتێك دەهات دەیگووت .. هیچت لێنەهات ؟

!.. خەسرەو : نەوەڵلا عەیبم نیە

عەبدولقادر: دوای چەند سەعتێکی تر هەر پرسیاری کردوە .. من ناونا بوو کوردی

.. ووتی کوری عەیبت نیە

.. ووتم نا - هیچ گوڕانکاری رووینەداوە

شەو خەوتم بەیانیی بردیانمە دادگاو یەك مانگ حوکوم درام ..

لەماوەی ئەومانگەدا .. لەگەڵ لیبیەکاندا فێری زمانی عەرەبی بووم ، باشترین قوتابخانە بوو بۆ زمانەکەم ، هیچ کوردی تیدانەبوو .. هیچ رووداوێکی وا رووینەدا لەوماوەیەدا کە .. جێگای باسکردنو گێرانەوە و سەرسامی بێت

بۆیە بازێك هەڵئەدەین و دەرۆینە ژیانێکی نوێوە .. ئەوەیش :-

دوای ئازاد بوونم لە ڤێنا هاتمە دەرەوە ناردیانم بۆ کەمپ .. دوای سەعاتێك سەیارەم گرتو هاتمەوە بۆ ئەڵمانیا ..

چوومەوە میوشن و دیسان گیرامەوە ، ناردیانم بۆ کەمپی بایەروت ..

لەوێ پڕبوو لەعەرەب وکۆسۆڤۆی ٤ کوردی تیدابوو بەخۆمەوە ، شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو زیندانی کۆنی نازیەکان بوو کردبوویانە کەمپ .. یەك دوو هەورامی لێبوون زۆر کوڕی چاك بوون، بەڵام بۆ من وەك کۆسۆڤۆی وابوون هەر بەهەورامی قسەیان دەکرد ، منیش تەجیلێکم دۆزییبووە چاکم کردەوە .. شریتم پێنەبوو .

چووم بۆ لای ئەو هەورامیانە ووتم هیچ شریتێکتان لایە ؟

ئەوانش شریتێکی هۆرەی هەورامیو نێ موسیقا و گۆڕانی چەپلەی هەورامیان هەر بێ موسیقا دامێ و گۆرانی بێژەکە ناوی عوسمان کێمنەیی بوو..

شریتم خستە سەری ، من ئاگام لینەنیە تەواوی دەنگ دابووبە هۆرە گوڕانیەکانی عوسمان کێمنەیی، بەرپرسی کەمپەکەو هەرچی کۆسۆڤۆی و عەرەبە .. هاتن ئەیانگووت توخوا .. مێشکمان تەقی ئەوە چیە داتناوە

منیش لامبرد ..

.. منیش لامبرد

ماویەکی پێچوو ڕەفزم وەرگرت .. شریتی عوسمان کێمنەیم خستەوە سەری هەورامیەکان دابوویانە خۆم ، بەرپرسی کەمپەکە هات ووتی ئەو شریتە نافرۆشی ..

ووتم : با ووتی ۲۰۰ مارکت ئەدەمێ بەس بیشکێنە ووتم باشە ..

ئەم شاکاندو دامەوە بە هەورامیەکان و لەڕێگای کوڕێکی گەڕەکی خۆمانەوە ناوی چەند خزمێکی خۆمم دۆزیەوە لەنۆرمبیرگ و کەمپم بەجێهیشت، ماوەیەکی زۆر لە کەمپ مامەوە ، هیچم پێنەبوو .. لە نۆرمبێرگ کوردەکان شەرە چەقۆیان کردبوو لەنێوانی یەکێتیو پارتیدا .. ئەو دەمە مام رۆستەم لە نۆرمبێرگ بوو .. ڕۆژێك لای مزگەوتی تورکەکانەوە دەگەڕامەوە بۆ جێگایەك پیان دەگووت مارکاووف.. گێرام.. ڕێك مەلەفم ئاشکرابوو کە لەنەمسا گیرام نەمسا ووتی نامەویت پەنجەمۆری ئیتالیا هەیە ، ئیتالیا ووتی نامەویت پەنجە مووری یۆنانی هەیە.. یۆنان ووتی نامەویت لە تورکیاوە هاتووە ..

سواری تەیارەیەکی موحتەرمیان کردم بۆ یەکەم جار سەرکەوتوم بە فرۆکە بۆ تورکیا بەزیندان کراوی ..!

ناردمیانە ئەنقرە هەرچۆن بوو لەمطار خۆم دزییەوە نەگیرام سوپاس بۆ خوا هاتمە دەروە لە ئەنقرە بەرەو بیوك چەکمەچە کەوتمە ڕێ بۆ فرنی سەمونەکەی ماڵی ئایدن ئابێ..

چوومە ئەوەی سەیدا حیلمی هات بۆلام ووتی ئەوە چییە کەریم نەرۆشتوویت ووتم بەرێ وەڵلا لەئەڵمانیاوە سنورداش کروامەتوە .. زۆری پێناخۆش بوو .. لەلایان دانیشتم تا ئایدن هاتەوە .. ئەویش باوەشی پێداکردم خۆسحاڵی خۆی دەربڕی باوکی لەگەڵ بوو من هەر پێم دەگوت (دەدە) واتا باپیرە.. کلیلی ژورەکەی خۆمیان دامەوە، چوومەو ئەو ژورە ساردو سڕە، بۆ بەیانیە دەستم کردەوە بە ئیش کردن لەتورکیا وەك .. ژیانی سالو سالو شتێك لەمەوبەر

تەلەفونم کرد بۆ دایکم .. دوای هەوڵ پرسین و خۆسحاڵی خۆیان دەربڕی و ووتیان شکور گەیشتویتە جێگای خۆت دایکم ووتی لە کوێت .. منیش یەك درۆی زلم بۆ کرد ووتم لەئەڵمانیام ، ئەویش ناوی خزمە کەسوکاری بۆ هەڵئەدام لە ئەڵمانیا کی لێیەو کێ لێنیە،منیش زۆر بەزەیم بە خۆمدا .. دەهاتەوە

دەفتەری تەلەفونەکەم پێبوو ..شەوێکیان چوومە دەروە خەوم لێنەدەکەوت بەسەر دەریا لە بویك چەکمەجە تەلەفونم .. کرد بۆ لوقمانی قاچاخچی هاوڕێم

لوقمان ووتی لە کوێت ووتم: تورکیا

وای زانی گاڵتەی پێدەکەم

.. دوای بۆم باسکرد چیم بەسەر هاتووە

لوقمان ووتی : برایەکم لە تورکاییە لەمرۆژانەدا دەردەچن بۆ یۆنان لەسەر ئاو بە سەیارەکەی خۆم چاوەڕێیان دەکەم ،

تۆش لەگەڵ ئەوان وەرە دوو ووێنەی خۆشت بگرە لەوێوە بۆم بهینە ، با خێرا پاسپۆرتێکت بۆ دروست بکەم ..

خەسرەو : نەفەری کێن ؟

لوقمان :کوڕێکی ئێرانیە ناوی شهرامی بەلەمە، ئەدەرەسی دامی تەلەفونم داخستەوە ! ..

دوای جەند رۆژێك دۆزیمەوە ..

لەو ماویەدا ئایدن ووتی یاسەمین لە ماردینە هەواڵم داوەتێ کەتۆ هاتویتەوە زۆری پێخۆشە مانگی داهاتو دینەوە لەگەڵ عەلی کوڕمن لەوێ زۆر مەشغولی ئوتێلکن، لەوانەی تۆش بچیت بۆ ماردین و یاسەمین ووتویەتی بابێتە ئێرە کار بکات..

منیش زۆرقسەم نەکرد بەس تەنها بەپێکەنینەوە ووتم لای تۆ کار دەکەم ئایدن ئابێ..

شەهرامی بەلەمم دۆزییەوە ، خوایە چیمدی ، چومە شوقەکەی یەکێك تلیاك دەکێشیت، یەکێك حەشیش، یەکێکی تر هەمووگیانی خوێنە دووان لەولاوە دەخۆنەوە ، منیش ووتم کامەیە کاك شەهرام .. یەکێکی جیقنی بۆگەن هات بۆلام ووتی : من شەهرامم ..بزانم چیت دەوێت ؟

منیش ووتم خەسرەوم لوقمان ناردومی بۆلای تۆ کەدەردەچن لەگەڵ براکەیدا بۆ سەر ئاو ، دەمەیت کاك شیرزادی برای کاکلوقمان ببینم ئەمانەتم پیە بۆی ..

چونکە من نزیکەی ١٠ وەرقەم پێبوو ، لوقمان ووتی ئەگەر .. پارەت پیە بیاندەرێ تاکو دەگیتە لام لەسەر ئاو

شەهرام ووتی : خۆشحاڵم ئاغا خوسرەو ئاغا لوقمان باسی تۆی بۆ کردووم، نۆکەریت دەکەم ، فەرموو بیرەیەك قلیانێك چی دەکیت لەخزمەتتدام .

خەسرەو : سوپاس کاك شەهرام گیان ، بەڵام کاك شیرزاد لەکویە ؟

سەیارەیەکی فیاتی پێبوو خۆی بردمی .. بۆلالی کاك شێرزاد لە شوقەیەکی تر بوون ..چومە لایان و ٨ وەرقەم دایە شیرزاد ووتم من لەو جێگایەم وئەوە پارەیەش کاك لوقمانی برات بوی ناردوویت ..بەشەهرامیشم ووت کەی دەردەچین ووتی .. شوێنکەتم پێبڵی خۆم دیم بۆلاتو ئاگادارت دەکەمەوە

هەفتەیەکی پیچوو بەردەوم کارم دەکردلای ئایدن ئابی بەڵام یەك لیرەم لێوەرنەدەگرت ، ئەویش وای دەزانی داوای ناکەم .. بۆئەوەی کۆبیتەوە پێویستم بە پارەیە

دوای ئەوە ئێوارەیەکایان شەهرام هات بۆلام ، وووتی .. ئەمشەو دەردەچین وەرە ئەو جێگایە

ماڵئاوایم کردوە بەس لەحیلمی وهیچم نەگووت ، بەئایدن .. خەریکی پێچانەوەی کۆڵە پشتێك بووم ، ئایدن دای لەدەرگاکەم وهاتە ژورەکەو : بە دۆلار ٥٠٠ دۆلاری دامێ.. تەوقەی لەگەڵ کردمو ڕۆیشت وابزانم ووتی یاسمەین دێتەوە بۆلات بەداخەوە تۆ نابینێت ، بەس من

.. باشتینەگیشتم ، هەر نەمگوت الله رازئۆڵسن

دەرچووم چووینە سەرئاوی گەورە، لەوێ تەماشا دەکەم شەهرام لەگەڵ کوڕێکی تری فارسدا لەپەنای دارێکدا رادەبوێرێت، نەمزانی چی بکەم ..چوومەوە بۆلای شێرزاد ، ووتی شتێکی وابووە دەمەویت لەو هەتیوە پیسەبەم .. ووتی کاکە تۆ حەقت نەبێت ئیمە ئیلاقەمان چیە هەرچووینە ئەوبەر لەمان جیادەبینەوە .., بەلەم ئامادەکرا وویستان ژنەکەی شیرزاد بەرە ئەوبەر بەتەنها و شیرزاد بمنێت، قوبوڵم نەکرد ، شێرزاد ووتی ئاسایە، ووتم ئاسایی نیە کاکە یان .. لەگەڵ خۆتدا دەبیت یان نابێت

پەڕینەوە لوقمان چاوەڕێمانبوو سواری سەیارە بوین و یەکسەر بۆ بولغاریا و ڕۆمانیا دایبەزاندم چووم پەنجە مۆری پێکردم لە دوکانێکداو خسیتە سەر پاسۆپرتەکەم و پاسپۆرتی دامێ بە قسەی خۆش و دووڕۆژ بە بەڕێگاوە بووین بەئیسراحەت تا گەیشتینەوە سلۆفاکیا و هەنگاریاو چیك و پاشان ئەڵمانیا و لەویوە منی سواری سەیارەیەکی ترکرد بۆ . نەرویج و ٨٠٠ دۆلارەکەشی دامەوە

هاتمە ووڵاتی نەرویج.. خۆم تەسلیم کرد .. ئەوەی کە منی نارەحەت کرد،ئەوە بوو دوای دوو ساڵ بیستم لوقمان لە . یۆنان لەشاری ئەسینا بەچەقۆ کوشتویانە

نەرویج بۆ من ووڵاتێکی نوێ بوو، لەهەمانکاتدا نامۆ بوو ، دوای چەند رۆژێك بردیانین بۆ شارێك بەناوی ئامرفیێست ، کە لوتکەی جیهان بوو ، شەو رۆژ تیدا یەکسان بوو نیوەش ەو رۆژ ەئاسمانەوە بوو لە هاینەکەیدا ، لەزستندا هەر شەو

بوو ..ئەی خواد کە بیزار بووم ، چۆن لەگەڵ ئەم ژیانە نوێەدا هەڵبەکەینو چی ڕووئەدات و چی دێتە پێشەوە ..؟

ژیانێکی نوێ و لەنەرویج و سەرەتای چالاکیەکان

لە دوای گەڕانێکی زۆرم بە جیهاندا و تێڕامانم لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە پیاندا تێپەڕیوم، وە وورد بوونەوەم لەژینگەو، کەش هەوای ئەو جێگایانە، لە هەمان کاتدا ئەو هەست وناخەی کە کوردەکان لە دەرەوەی وولات تیدا دەژیان، دووری لە وولات و لە کەس وکار هەموو ئەمانە ..کاریگەریەکی یەکجار زۆریان خستبووە سەر خودی

خۆم و پەیوەندەکانی‌شم، زۆرکات دوو کەسایەتیم لە خۆمدا بەدی دەکرد، واتا کەسایەتیەکەی دوو جەمسەریم هەبوو لە زانستی دەرونیدا پیدەوترێت دەروونی پارسۆیی دوو .جەمسەری

کەسیاتی یەکەم : زۆرناسك بوو لە کاتی جوڵاندنی هەست وسۆزم ،بەکارێکی زۆربێ بایەخ فرمێسک لە چاوانمدا ڕێژنەی .. دەکرد

کەسایەتی دووهەم : زۆر دڵ ڕەق زۆر بێ بەزەیی زۆرجار لەسەر ،پارچە نانێك لەو زیندانانە کە لە وولاتانەی پیدا تێپەڕیبووم دەم کردە شەڕە چەقۆ لەو کاتانەدا زۆر کەسێکی دڵ ڕەق بووم ..هەموو ئەمانەو، جێگربوونم لە و وولاتەی کە تیدا نیشتەجێ بووم نەزانینی زمانی ئەو وولاتەو دوور خستنەوەم بۆ شارێکی ، بچوك و تێکەڵ نە بوونم لەگەڵ . خەڵکی دا ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە سەرم

جاری وا هەبوو شەوان لە بەر تەنهایی فرمێسک لە چاوەکانمدا گۆمیان دروست دەکرد، زۆرجار ڕوباری گریان بەچاوانمدا سەریان دەکرد لەسەر کولمەکانم ڕێچکە ی گرتبوو بێ لەوەی بەدەم
گریانەوە بیرەکانی خۆم دادەمرکاندەوە.

تا ماوەیەکی زۆر بەو شێوە مامەوە بەڵام بێزاری زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنیم .

لە دوایدا هەر لەو شارە خولێکی زمانی ئەو وڵاتە کرایەوە منیش بەشدار بووم.

تۆزێك سەبووری بە دڵ و دەرونمادا هات، بۆماوەی ساڵێك بەردەوام بووم زۆر بەسوود بوو توانیم سەرەتایەکی باش فێربم.

وورده وورده لە گەڵ بەکارهێنانی ووشەکانی توانیم لەگەڵ خەڵکیدا بکەومە گفتو گۆ.

لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو ئەو جێگایە زۆربەی کاتەکانی شەو بوو یان ڕۆژ واتا هاوین لەنیوەی شەودا ڕۆژ بەسمانەوە بوو وەك نیوەڕۆ لەزستانیشدا خۆر هەڵنەدەهات لەنیوەڕۆدا ئەستێرە بە ئاسمانەوە بوو.

ئەو کەشە زیاتر باری دەرونیمی ئاڵۆز تر کرد بوو زۆر نامۆ بوو بەلەمەوە، هەندێ پیوەندیم لەگەڵ خەڵکی پەنابەرەکاندا درست کرد بوو وەك کورد وعەرەب و هەندێ نەتەوەی تر دا.

ئێوارەیەك ماسیەكی زۆرم ڕاو كردبوو زۆر حەزم لە ماسی
بوو بەبرژاوی لەگەڵ لیمۆ و تەماتە پیاز...هتد بێ ئێوە
ناخۆش گەڕامەوە باڵەخانە پەنابەرەكان و كە خۆیشم هەر
لەوێ دەژیام

هەر گیز پێم خۆش نەبوو بە تانها خواردن ئامادەبكەم هەر لە
بەر ئەوە پیاوێكی بە تەمان لەگەڵمدا بوو خەڵكی بەغداد بوو
لە هەمان كات دا كەسێكی بە تەمەن بوو وە كەسیەیەكی بە
هێزی هەبوو لەناو هەموو پەنابەرەكاندا وە پێشتر لە عێراق
پزیشك بوو .
زۆر ڕێزی لە من دەگرت زۆر جار لە بەر ئەوەی زمانی
ئینگلیزی باش بوو یارمەتی منی دەدا لەكاروباری ڕۆژانەم لەو
وولاتە ئەویشم بانگێشت كرد و دانیشتین بەیەكەوە دەستمان
كرد ماسی خواردن، كەوتینە باسی گێڕانەوەی وولاتی خۆمان
و جاروبارێش گلەیمان لە بەختی خۆمان دەكرد.
لەم گفتو گۆ ئاڵو گۆڕ كردنی بیرو باوەڕو ووشەدا بووین...

لە ناكاو بە هێمنی لە درگایی ژورەكەی من دراو منیش هاوارم
كرد فەرموو لەبەر ئەوەی دەرگایی ژورەكەم دانەخستبوو
بەڵام جارێكی تر هەر لەدرگاكە درایەوە من كە بەروڕوو
دەرگاكە چووم سێ ئافرەتێ ئەو وولاتە لەگەڵ پیاوێك لەبەر
دەمی دەرگایی ژورەكەی مندا بوون داوایان لە من كرد كە
بێنە ژورەوە منیش ووتم بە خۆش حاڵیەوە فەرموون؟

لە ڕاستیدا من زۆرم پێخۆش بووبۆ یەكەم جار بوو خەڵكی
ئەو وولاتە بێتە لای من !
منیش كەسێكی كۆمەڵایەتی بووم زۆر حەزم بە تێكەك بوونی
خەڵكی بوو .

له دوای خۆناساندنیان به من پزیشکه‌كه‌ی هاوڕێم كه‌ووتنه پرسیار لێمان که خه‌ڵکی کام ووڵاتن هه‌ندێ ووته‌و باس ، له‌پاشاندا پیاوه‌كه ڕووی کرده من و پێی ووتم ڕۆژی شه‌مه کاتژمێر پێنج ئێواره بانگێشتت بۆ کڵێسای (ئه‌نطۆنیۆ) له وێ سه‌یری فیلمك ده‌كه‌ن و پاشان هه‌ندێ کێك و چا به‌یه‌كه‌وه ده‌خۆین؟

منیش ڕووم کرده پزیشكه‌كه‌ی هاوڕێم وتم ده‌ڵی چی ؟

خۆ ئێمه بێ کارین با بڕۆین کارمان چیه کات به سه‌ر ده‌بین و هه‌ندێ کێك ده‌خۆین ده‌ڵی چی؟

. ئه‌و ووتی باشه بێ کارین با بڕۆین من پێم خۆش ده‌بێت

که ئێمه ره‌زامه‌ندی خۆمانمان نیشاندا ئیتر ئه‌وانیش ڕۆیشتن

من پزیشکه‌كه‌ی هاوڕێم هاتینه ده‌ره‌وه چوینه لای په‌نابه‌ره‌کانی تر ویستمان به‌وان بڵێین، دیار بوو ئه‌وان پێش . ئێمه بانگێشت کرا بوون

!له‌ویا بۆمان ده‌ر كه‌وت که ئێمه دواین كه‌س بووین

چاوه‌ڕێ بووین تا ڕۆژی دیاری کراو له له به‌رده‌م باڵه‌خانه‌ی په‌نابه‌ره‌کاندا هه‌موو په‌نابه‌ره‌کان خۆیان ئاماده کردبوو، هه‌ندێکیان له‌وانه خۆیان گۆڕی بوو وایان ده‌زانی بۆ ئاهه‌نگ .ده‌چن

له ئافرەتێکی کوردم پرسی : ئەوە بۆ وا خۆت گۆڕیوە بەرگی کوردیت لە بەردایە ؟ ،

پێی ووتم کورە با تۆزێ هولپەڕم خۆ دڵم شەقی برد لەم کەمپەدا .

ووتم ئێمە بۆ ئاهەنگ ناچین کەس هەڵناپەڕێت ئەوە کڵێسایەو جێگایەکی ئاینیە !.

ووتی بۆ ئاخوندن؟

دیاربوو لە ئاخوند ڕایکردبوو.

هەر لەو کاتەدا پەشیمان بوو وە ووتی من حەزم پێ نیە وام زانی هەڵدەپەڕین؟

بۆم باس کرد کەئەمانە ئاینێکی جاوازن و لەوانە نین کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە .

دیار بوو بەتەواوی پەشیمان بوووە، چونکە ئەو خۆی بۆ هەڵپەڕکێ ئامادە کرد بوو، بەڵام بە داخەوە ئاواتەکەی نەهاتە دی.

لە دوای چاوەروانیمان لە ناو پاسێکی شین کە لە بەردەم باڵەخانەکەدا ئامادە بوو تا هەموو پەنابەرەکان سەرکەوتن ناو ئەو پاسە، بەرەو کڵێسای(ئەنطۆنۆ) بەڕکەوتین.

کەگیشتینە جێگای مەبەست لەدوای پێشوازیەکی گەرم و، پاشان فیلمی عیسای کوڕی مەریەمیان بۆ لێداین ، لەدوای تەماش کردنی فیلمەکە کە دوو کات ژمێری خایاند،لە کۆتایدا .کەمێك دانیشتین و دەستمان کرد بەکێك چا خواردن

لەدوایدا کەسێك بە ناوی سیامەک خەڵکی ئەهواز ئێران بوو، ئەیتوانی بە زمانی فارسی و عەرەبی وئینگلیزی و زمانی ئەو وولاتە باش بە دەزانی ، لە پاشاندا قەشەی کڵێساکە داوای لێ کردین چی سەرنج وتێبینیەکمان هەیە دەربارەی فیلمەکەی !عیسا بە ئازادی دەری بڕن؟

لە كڵێساكەدا تەماشای فیلمەكەی عیسامان كرد ، دوای ئەوەی چا و كێك خواریەوە یەكێك داوای كرد لە ئامادە بووان كە ببنە گاور؛ زۆر لەوانە بە ئاسانی وولامی بەنگەشەكەی (تۆماسی)یان دایەوە كە قەشە بوو لەو كلێسایەدا ٣ لە كوردەكان بوون بە مەسیحی، یەكێك لەوانە خەڵكی سلێمانی بوو ناسرا بوو بە جەزای زەڕەنگەر لەگەڵ چەند كەسێكی تر كە نەمدەزانی خەڵكی كام وولاتن بەهەرحاڵ زۆرم بەلاوە سەیر بوو نەم زانی بوو، كە گۆڕینی بیروباوەڕ هەروا ئاسانە.

ئەوە دەمە زانستی وام نەبوو لەسەر ئاینی نەسرانی ، بەڵكو زانیاری سادە هە بوو، ئەوانەشی كە هاتبوون تەنها بە ناو موسڵمان بوون،هەموو زانیاری زۆر سەرەتایان هەبوو لەسەر ئیسلام ، بەڵام زۆریان بڕوایان هەبوو كە هەموو ئایینەكان لە لایەن كەسێكەوە نێراوەو بەیەك چاو سەیری هەموو پێغەمبەرانیان دەكرد، محمد (صلى الله علیه وسلم ) لە هەموو پێغەمبەران خۆشەویست تر بوو بەلایانەوە.

هەندێكیشیان ئەوەندە شارەزا بوون و كەخاوەنی ئاینی ئیسلامن ، ناكرێت هەروا بەئاسانی واز لە دینی دایك و باوك و كەس و كارم بهێنن ..

ئەوە خەڵكەش یەكجار بەو شیوە نەبوون هەر كەس ووتی فكری خۆتانم بدەرێ ئەوانیش بڵێن بەسەر چاو ..! ئەو كارە زۆر گران بوو بەلایانەوە ، یەكێك لە تەنیشت نمەوە ووتی ئەرێ كاكە بۆ دەبێت هەمیشە ئەوان ڕاست بن ئێمەش هەڵە، من وەك موسڵمانێكی سادە بەو بانگ هێشتە ڕازی نابم ، وەڵا عەیبە ئەو خەڵكە دینی خۆی بگۆڕێت بۆ كێك و شەربەت..!

هاتە سەرەی من کە ببمە گاوو، منیش تەنها سوپاسم کردن و بۆ کێکەکەو ووتم موسڵمانم هاتمە دەرەوە .. بەلام زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ئەو موسڵمانانە بوون بە مەسیحی وە زۆر ئاستەم بوو بەلامەوە بەڵام چار نەبوو مرۆڤ ئازادە وە ئەشم زانی کە ئەو جەزای زەرەنگەرە کەسێکی سوکە کورێکی ڕانییەیم لەگەڵدا بوو ناوی کاك محمد بوو پێی ووتم لەماڵی شێخ عوسمانی بیارە لە ئەستەمبوڵ ئەم جەزایە بەیانیان بۆ نوێژی بەیانی خەلکی ئاگادار دەکردەوە کە گەیشتە یۆنان هەر لەو جێگایەش ماستاو و جەورەی بۆ قاچاخچیەکان دەکرد ، کە کاك محمد ئەوەی بۆ باس کردم ئیتر زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو دیار بوو کەسیکی بودەڵە و سوك و کەم کەسایەتی بوو..

من لەگەڵ کاك محمد لەدەرەوەی کلێساکە وەستابووین گفتوگۆمان دەکرد تۆماس لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن ٢٦ساڵ کە ناوی - یەنیکا - بوو لەگەڵ ئاغای ئێرانی سیامەك هاتنە لای من و کاك محمد دوای سڵاو، پێیان ووتین بۆ نابن بە مەسیحی من بێدەنگ بووم، بەڵام کاك محمد ووتی ئاوە شتێکە پێویستە بیری لێبکەینەوە وە، منیش لەسەردڵم گەورە بووە بە زەردەخەنەیەکەوە ووتم ئەی ئێوە بۆ نابن بە ئیسلام.

دەستیان کرد بە پێکەنین تۆماس دەستی خستە سەر شانی من پێی ووتم بە ناوی باوکی ئاسمان قسەت لەگەڵ دەکەم من وا هەست دەکەم تۆ کەسێکی زۆر باشیت خوا دەیەوێت پاکت بکاتەوە، ئێستا ئەوانم لە ژوورەوە بە ئاو پاك کردەوە واتە مەسحم کردن پێم خۆش کە تۆش لەو کەسانە بیت کە عیسا خۆی لەخاچ دا لەبەر تاوانەکانمان داوات لێ دەکەم با دڵ و دەرونت پاك بێتەوە خۆت بکە بەناو دەریای ئیماندا لە

ناو مەسیحیەتدا.

زۆر شەرم گرتمی لەوەی کە زۆر بە ئەدەبەوە وسوکانی دا بە گوێمدا و نەیهێشت کە من هیچ وەڵامێك بدەمەوە پاشان بەوە وازیان نەهێنا بەدەم قسە کردنەوە منی بردەوە ناو کلێساکە وە بردمیە بەردەم تابلۆیەکی بەناو مەریەم کە بە خەیاڵ دروست کرابوو باسی مەریەم و عیسا و باوکی بۆ دەکردم کە هەرسێکیان خوایان پێك هێناوە. لەو کاتەدا منیش داوای کاتم لێ کردن
ووتم من هیچ زانیاری یەکم نیە لە بارەی ئاینی مەسیحیەوە پێوستم بە سەرچاوە هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ئاینەکەتان.

لە هەمان کات دا ویستم لە و پەنجەرەو خۆم دەرباز بکەم ...

وە سەرنجی ڕابکێشم بۆ لای خۆم ووتم ئەگر دەکرێت هەندێ سەرچاوەی مەسیحیم بۆ پەیدا بکە تا بتوانم سەرنجی خۆم هەبێت و وە کوێرانە دوای نەکەوم ئەگەر هەر بیرو باوڕێك هەڵبژێرم لە هەمان کاتدا کاری بۆ دەکەم .

دیاربوو ووتەکانی من سەرنجی ڕاکێشاو، ووتی تۆ فیلمی ژیانی عیسات بینی ئەوە بەس نیە ؟

دیاربوو پێ وابوو منیش وەك پەنابەرەکانی تر هەر وا بە ئاسانی بیرو باوەڕی خۆم دەخەمە دەستی ئەو بۆیە من هەر سور بووم لە سەر پێشنیارەکەی خۆم کە کاتم پێویستە..!

توماس ووتی : باشە من هەوڵ دەدەم هەندێ سەرچاوەت بۆ

. پیدا بکەم بە زمانی عەرەبی یان کوردی
من زۆر سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە بەڵام هەر خۆ دەرباز
!کردن بو لە تۆماس

بەپەلە خۆم گەیاندە کاك محمد پێم ووت ئەمانە دەڵی بنێشتە
تاڵن لە کەس نابنەوە، ئەی تۆ چیت لێ بە سەرهات بۆم باس
بکە؟

بۆی باس کردم بەهەمان شێوە خۆی دەرباز کردو داوای کاتی
لێکردن و لە پرسیارو داوەکانیان ووتی داوام لێکردن کە
کاتێکی تر فیلمەکە عیسا ببینمەوە بۆ ئەوی باشتر تێبگەم لەو
ئاینە
. رازی بوون بە داواکەم

بە هەر جۆرێک بوو گە ڕاینەوە بۆ باڵەخانەکەی کە لێی
دەژیان، جەزای زەرنگەر لە ناو پاسەکەدا لەلای منەوە دانیشت
بوو
ووتم ئەوە بۆ بوویت بە گاور؟

!جەزا ووتی ئاخر بۆ ئیقامەکەم باشە

زۆر پرسیاری ترم لێ نەکرد زۆر گرنگ نەبوو بولامەوە.

لەدوای چەند هەفتەیەك هەر لە هەمان کات دا هاتنەوە لای
من هەندێ پەرتوك و ئنجیلێکیان بە زمانی عەرەبی بۆ
..هێنابووم

پیان ووتم لە دوای خوێندەوەی تکایە سەرنج و بیبینی خۆت

مان پێ بڵێ؟

ووتم بە گوێرەی توانای خۆم بە سەر چاو ئاگادارتان .. دەکەمەوە

بەڵام ئەو ئێوارە- یەنیکا - لەگەڵ تۆماس لێ من مانەوە زۆر پرسیاری تایبەت بە خۆمیان کرد ، لە ڕاستیدا منیش ترس گرتمی گومانی ئەوم بوو کە ئەمانە پۆلیسی نهێنی بن منیش زۆر پاشەڵم پیس بوو، پەنجە موری زۆربەی زۆری وولاتەکانی .ئەورپام هەبوو

لەهامان کات دا لەوەدەترسام کە پێم بزانن بم گەڕێنەوە..هەر چۆن بوو کات ڕابوورد لەڕاستیدا من توانای خوێندەوەی پەرتوکەکان وئینجیلەکەم نەبوو، من زۆر گرنگ نەبوو بەلامەوە چونکە من بەدوای وەرگیران و بەدەست هێنانی هەندێ پارە بووم بۆ ئەوی بینێرمەوە بۆ کەس و کار و وە بتوانم ژیانێك بۆ خۆم دابین بکەم ئیسلامەتی خۆشم خۆش دەویست

لە دوای دوو ساڵ دەربەدەری خاوەنی هیچ نەبووم هەمیشە وەك قەرەج ئەم وولات و ئە وولاتم دەکرد ژیانی من تەنها گەڕان بوو بە داوای دروست کردنی ژیانێك بۆ خۆم و گاوکاریەکی کەس وکارەکەم لە بەر ئەوەی لە وولاتی خۆمان زۆر جارهەژارو دەولەمەندیم و کەم دەستیم بە خۆمەوە بینی .. بوو

ئێوارەیەکی هاوین بوو زۆر بێزار بووم تەنهاییم کردوە هاوڕێم پێم ووت: با بیکەوە پیاسەیەك بکەین بە یادی

جارانی شارەکەم، لە سەنتەری ئەوشارە کە تێیدا نیشتەجی . بووم دەسورامەوە لە سەر کورسیەك ئەو بازارە ئارامم گرت

لە ناو ئۆتۆمۆبیلێکدا ئافرەتێك بانگی کردم خەسرەو کە نزیک . بوومەوە -ئەنیکا- بوو
پرسی پێت خۆشە پیاسەیەک بکەین ؟

ووتم نابورە چاوەڕوانی هاوڕیەکم لێرا یەکتری ببینین.

لە ڕاستیدا بێزار بووم لە تۆماس ویەنیکاو کڵێسا هەر ئارەزومەند بووم بەوەی وازم لێبێنن،بەجێی هێشتم.

هەر لەگەڵ خۆم دا کەوتومە گفتو گۆ،گەنجێك هاتەلام و .. بەزمانی ئنگلیزی پرسی

یەو جێگایەی کە پەنابەرەکانی لێ نیشتەجێن لەکێویە؟

من لەم شارەدا تازەم ءێستا من گەیشتوم ئەگەر دەکرێت یارمەتیم بدە.

منیش لێم پرسی خاڵکی کام ووڵاتی ؟

ووتی (تونس).

بە عەرەبی کەوتمە ووتوێژ لەگەڵیدا پێم وو کەمنیش هەر لەوێ دەژیم ،دیاربوو زۆر خۆشحاڵ بوو کە کەسێکی ناسیوە بەزمانی خۆی ئاخافتن بکات یارمەتیمدا هەندێ لەکۆڵ بارەکەیم بۆ هەڵگرت و بەرەو جێگای مەبەست کەوتینە ڕێ،

هەر لەوێ لەگەڵ پرسگەکەدا کەوتە وتوێژو وە ژورێکیان بۆ دەست نیشان کرد.

بەڵام من هەر لەگەڵیدا بووم تا کەلو پەلەکەیم لەگەڵ هەڵگرت..

وە داوام لێکرد لە پاش حەسانەوەت وەرە لای من تا خواردن ئامادە دەکەم بەیەکەوە نانێك بخۆین ئەوندەی تر خۆش حاڵ بوو، گەڕامەوە دەستم کرد بە خواردن ئامادەکردن لە داوای چەند کاتژمێرێك چوومەوە بۆلایی و بانگێشتم کرد وە زۆربەی پەنابەرەکانم ئاگادار کردەوە بۆ ئەوی کەمێك لە ئازاری نامۆیی ئەو گەنجە کەم بکەینەوە وە ئەوانیش بەخێر هاتنێکی گەرمیان لێ کرد .

ئەویش خۆی ناساند کە ناوی( عیمادە) خەڵکی وولاتی تونسە تا درنگانیک بەیەکەوە بووین هەر خەریکی گفتوگۆ ئاڵو گۆر کردنی بیرو ڕا بووین ،بەڵام عیماد کوڕێکی زۆر وتوێژ شیرین بوو وەخاوەنی زانیاریەکی باش بوو، بەڕاستی منی سەرسام کرد بە زانیاریەکانی .

لەسەر مێزی چەرپاکەم ئینجیلەکەی بینی ووتی تۆ مەسیحیت؟

ووتم نەخێر من موسڵمانم سوپاس بۆ خوا

ووتی سوپاس بو خوا..

ووتم ئەو پرسیارەت تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئینجیلە لەم

ژورەدایە

ووتی ڕاستە ئینجیل لای خوای پەروەردگارەوە هاتووە ..کە بۆ پێغمبەر(عیسا) سڵاوی خوای گەورەی لێبێت، بانگەوازی بۆ کردوە بەڵام ئێستا ئەو ئاینە دەست کاری کراوە گۆڕاوە ! .ئارەزو ویستی پیاوانی کڵێسای تیادا تێکڵاو بووە

منیش باسەکەم بۆ کرد کە چۆن ئەم ئینجیلەم دەست کەوتوە تا بیخوێنمەوە وە ئەو کۆمەڵەکە لێرە خاوەنی بەڕێوە بردنی کڵێسای ئەم شارەن چاوەڕوانی بە گاور بوونی منن بۆیە ئەم پەرتوکانەیان بۆ هێناوم، بەڵام سوپاس بۆ خوا بیروباوەڕ . دامەزروام و شوێن شتی کوێرانە ناوکەوم

عیماد دەستی خستە سەر شانم و ووتی:
تۆ نەوی سەلاحەدینی ئەیوبیت خوای لێ رازیبێت ئەو داکۆکی کردوە لەخاکی موسڵمانان و لە عەرەب بە تایبەتی کەبیان پارێزێت لە گاور بوون وە خاکی موسڵمانی لە ژێر دەستی گاورەکان سەندەوە، تۆ ئەگەر باپیرە گەورەت خزمەتی ئیسلامی بەوشێوەیە کرد بێت دەبێت تۆش هەر وا ! .بیر بکەیتەوە نابێت ڕێگاکەی فەرامۆش بکەیت

منیش سەرێکم بۆ بادەو ووشەیەکی دووبارە کراوەم بیستبوو کە گوایە سەلاحەدینی ئەیوبی هیچی بۆ کورد نەکردوە زۆر گرنگ نیە بەلامەوە، هەرچەندە ئەمە بڕوای خۆم نەبوو قسەی . لاوەکانی ناو کۆمەڵگاکەم بوو دووبارەم کردەوە
! زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەو ووتەیەم پێ ووت

ووتی ڕاستە سەلاحەدین کورد بوو، بەڵام ئەو نە بۆ عەرەب

کاری کردوە نەبۆ فارس و نە بۆ کورد، بەڵکۆ سەرکردەیەکی موسڵمان و کورد بووە، جڵەوی موسڵمان لە ژێر دەستی ئەودا بووە

هەموو موسڵمانان و عەرەب وعەجەم ومەسیحی لە ژێر ڕکێفی ئەودا بوو با من پرسیارەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە...؟

سەلاحەدین موسڵمانێکی کورد بوو ئەو دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەموو وولاتانی عەرەب موسڵمانان بە گشتی لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دا بوو، واتا کورد حوکمی کردوە ئەگەر نەتەوەی بیر دەکەیتەوە هەر چەند ئەو وەك موسڵمانێک کاری کردوە ، بەڵام خاچ پەرستەکان دەیانەوێت لە بەر چاوی ئێوەی کورد لە شان و شەوکەتی ئەو کەم بکەنەوە تا ئێوەی کورد شانازی بەو کەڵە سەرکردەوە نەکەن و کە کورد خاوەنی سەرکردەیەکی وا قارەمانە وبەئەمەکی موسڵمانانە،ئەوە گاور و بێ باوڕەکانە دەیانەویت لە ناو ئێوەی کوردە سەرکردەی وا قارەمان دروست نەبێتەوە لە ڕاستیدا ئەو شکستەی بە دەستی سەلاحەدین بینیویانە هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە، ئێستا لە هەموو مێژوەکانی خۆیاندا باسی دەکەن پێوەی دەناڵێنن، خۆ ئەگەر شەڕی نێوان فەرنساو فەڵەستین بوایە یان شەری نێوان سوریا و ئیتالیا بوایە یان کوردستان و یۆنان بوایە دڵنیابە کە سەلاحەدین ئەو کات بو نەتەوەکەی خۆی دەجەنگاو بە ناوی کورد ئالای بەرز دەکردەوە ، بەڵام عەرەب تورك، فارس ،کورد هەموو موسڵمان بوون، کوردێکی موسڵمان سەرپەرشتی دەکردن ئەو سەردەمە نەتەوە هیچ بایەخێکی نەبووە لە ژێر ناوی ئوممەتی ئیسلامی کاریان دەکرد، ئەوان بە ناوی خاچ پەرستەکان لەگەڵمان دەجەنگان خۆ زۆربەی خاچ پەرستەکانیش خەڵکی وولاتی جیاواز بوون بریتی بوون لە فەرنسا وئیتالیا و...هتد ..، لە ژێر ناوی خاچ

پەرستەکان دەجەنگان تا سەلاحەدین تێك و پێکی شکاندن.

لە دوای بیرکردنەوەو ئە ووشانەی عیماد کە بۆی ڕوونکردمەوە زۆر دڵم خۆش بوو هەستم کرد کەمن کورد ، کەم نیم و خاوەنی سەرکردەیەکی بە ئەمەك و قارەمانم وە خۆشەوستی لە دڵمدا زیاتر چەسپی لە ڕاستیدا ووتەکانی عیماد هەموو ئەقلانی بوو .

ئینجا تێگەیشتم دابەش کردنی وولاتی من هەر وا بێ هۆ نەبووە ، دیارە نایەنەوێت سەلاحەدینێکی تر دروست بیتەوە بۆیە هەر ژێر دەستەین.

لە پاشاندا عیماد درێژەی دا بە گفتوگۆ کە وبەردەوام باسی چاکەو پیاوەتی کورد و باسی ئەبوبەکری باقەلانی بۆ کردم و باسی ئیبنو تیمیە بۆکردم و باسی سنانی فوراتی ئەسەدی بۆکردم و باسی جەزەری و محیدین رەئیس و زۆری تر ،،کە ئەمانە هەموو زاناو ناوداری کورد بوون ..

لە ڕاستیدا بۆ یەکەم جار بوو باسی هەندیك ئەو مرۆڤە بەڕێزانەم بیستبوو کە کورد بووە لە سەردەمی خۆیدا نۆینەری جیهانی ئیسلامی بووەبۆ گفتوگۆلەگەڵ گاور جولەکەکاندا باسی لێهاتوی و زیرەکی ئوی بۆ کردم کە چۆن لە ئاستی ئە پیاوەدا چۆن دەم بستراو بوون نەیان توانیوە ئاخافتن بکەن.

ئەوەندەی تر شانازیم بە خۆمەوە دەکرد و بەئیسلامەتیەکەم ەوە ، هەڵسام بۆ ئەوی ئینجیلەکە فرێبدەم

ووتی ئەوە گوناهە کارێکی باش نیە، موسڵمان کاری وا ناکات
!.. بیدەوە خاوەنەکەی

زۆر سەرسام بووم لە گفتوگۆ شێوەی دوانەکەی زۆرم خۆش
ویست ، وا دیار بوو کەسێکی بە توانا بوو لە ڕووی ئاینی
پیرۆزی ئیسلام.

.. خەسرەو : داوامکرد ببێتە مامۆستاو فێرکاری من
عیماد بەمەرجێك : لەقسەم دەرنەچیت .. تۆ بڕیار نادەیت من
.. بڕیار ئەدەم وەك مامۆستا چی بخوێنیت و چی پێدەڵێمەوە

خەسرەو باشە..

پاشان ئەو شەوەمان بە ووتوێژ بردەسەر گەڕاوە بۆ ژورەکەی
خۆی هەر لەو دەمەوە پەیوەندی و هاوڕیەتیمان زۆر خۆش
بوو کەسێکی زۆر یارمەتی دەر بوو.

هەمیشە عیماد ئەوی بیری من دەخستەوە کە چۆن یەکەم
جار یارمەتیم داوە بە گەرمی پێشوازیم لێکردوە ، دیارە هەر
لەو کاتەوە سەرنجی من دا بوو ڕەوشتی من بە دڵ بوو،
. عیماد تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو ، ئەو دەمە من ٢٢ ساڵ بووم

بە هەر جۆرێك بوو زەمەن چرکەکانی وخولەك و کاتژمێرە
شەو ڕۆژ و هەفتەو مانگ و ساڵ هەموو پێشبڕکێیان لەگەڵ
دەکردین ئێمەیش لەو نێوەندە بە جێ مابووین .. ڕەمەزان
هاتو هەموو بەڕۆژوو دەبوین بیکەوە ، خەریکی وەرگرتنی
زانست بووین لە بیروباوەڕو تەفسیرو فەرمودەو
..هەموبورەکان ، نوێژو تەرویحمان هەموو بەیکەوە بوو

نیوەڕۆیەک لە خولی زمانەوانی گەڕامەوە عیماد بە خێرای
بەرو ڕووی من هات وام زانی توشی شەڕ بووە لەگەڵ جەزای
زەرنگەر، چونکە جەزا زۆر ڕقی لە من و عیماد بوو .
پرسیم خێرە چی بووە؟

ووتی مژدەم بەرێ پۆستێکت لە بەشی پەنابەروناوە بۆت
هاتوە منیش خۆم پێنەگیراوە کردومەتەوە سوپاس بۆ خوا
لەم وولاتە وەرگیراویت مژدەم بەرێ...

لە خۆشیدا هاوارم کرد دام قیڕاند، ووتی سوجدەی سۆپاس
گوزاری بەرە بۆ خوای تاک تەنها
لە سەر ئەو شەکرە بەفرەی وولاتی سارد سەرمایە سوجدەی
شوکرم برد بۆ خوای پاک بێ گەرد
بە کامەرانیەوە گەڕاینەوە لە پاشاندا لە دوای چەند
هەفتەیەك..نامەیەك بۆ جەزای زەرنگەر هات لە بەشی
پەنابەرانەوە بە داخەوە وەرناگیرا بوو، زۆر نارەحەت بوو من
لە ڕاستیدا پێم ناخۆش بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاسایی
بوو بەلامەوە ، لە بیرمە کاتی خۆی پێی ووتم بۆیە دەبم بە
مەسیحی بۆ ئیقامەکەم باشە.!!

بەڵام دڵم نەهات لەوکاتەدا پێی بڵێم کاك جەزا
ئیقمەکەت جوانە، ووتم : باکێشە دروست نە بێت وازم لێهنا.

من زۆر دڵ خۆش بوو بە دوای کاردا وێڵ بووم ویستم ئەو
جێگایە بە جێبێلم بەرەو شارێکی گەورە تر بڕۆم و هەر لە
پەیوەندی کردندا بووم لە گەڵ هاوڕێکانمدا .
ئێواریەك لەگەڵ عیماد کاك محمد لە ناو بازاردا دەسوراینەوە
دیسانەوە تۆماسی قشەی کڵێساکمان بینی و هات بۆ لامان

سڵاوی لێکردین بەگەرمی هەواڵی من و کاك محمد پرسی ، لەدوای باسێکی زۆر پیرۆزبای لە من و کاك محمد کرد، کە وەرگیراوین لەمووڵاتە و تۆماس ووتی خەسرەو ئنجیلەکەت خوێندەوە ؟

منیش ووتم کاتم زۆر نەبووە بەڵام چەند لاپەڕەیەکم لێخوێندۆتەوە، هەرچەندە عیماد شطێکی فر کردبووم لەسەری هەڵیکانی هەمووو دەست نیشان کردبوو بۆم .

ووتی: سەرنج بۆچونت چیە ؟

لەڕاستیدا سەرنج و تێبینم زۆرە تۆماس، بەڵام لێرە نابێت کێشەیەکی تر دێتە پێش ئەویش ئەوەیە کەناتوانم ئەوەی لە دڵم دایە دەری برم خۆت دەزانی من زمانەکەم زۆر باش نیە پێویستمان بە سیماک دەبیت، بۆ ئاخفتنو گفتوگۆ؟

تۆماس : باشە کەی پێتان خۆش بوو وەرن بۆ کلێسا بەڵا کاتێك دابنێن ؟

خەسرەو: خۆم ووڵامت دەدەمەوە ماڵ ئاوایمان لەیەکتر کرد ڕووم کردە عیماد و پێم ووت کە من نەوی سەلاحەدینم .. ئیتر کاتی ئەوەیە کە پیان دەڵێم کەئاینەکەیان دەستکاری کراوە..!

بەڵام دیار بوو عیماد زۆری پێ ناخۆش بوو حەزی بەو دانیشتنە نەبوو، بەڵام من داوام لێکرد کە لەگەڵماندا بێت لە دوای ئەوەی کە زۆرم لێ کرد ڕازی بوو، بەڵام ووتی بە مەرجێك تۆ نابێت ئاخافتن بکەیت، تەنها من گفتوگۆ دەکەم

.منێش لە بەر ئەوەی عیمادم باش دەناسی دەمزانی من خۆشی دەوێت بە دوای چاکەی مندا دەگەڕێت ڕازی بووم، بەڵام زۆرم بەلاوە سەیر بوو ووتم بۆ عیماد گیان؟

لەبەر ئەوەی تۆ شارەزا نیت لە ئاینی ئیسلام سەرتاتە هەست و سۆزت ناسکە لەوانەیە زوو هەڵبچیت یان بە ووشەیەکی ئەوان بیرت بگۆڕێت، یان زۆر جار بە هۆی فرێدانی ووشە مرۆڤ لە ئیسلام دەردەچێت ، لەوانەیە ئەو کەسێکی بە توانا .بێت لە کاتی ئاخافتندا بیرو هزری تۆ بشێوێنێت

لە ڕاستیدا ووتەکانی عیمادم بە باش زانی کە من تەنها گوێگر بم بەڵێنم دا کە تانها دانیشم بە هیچ جۆرێک ئاخافتن . وموناقشەیەك نەکەم

چوین بۆ کتێبخانە ئەو شارە لە پرسگەکەی هەندێك پەرتوکی نوسی تا بۆی دەستە بەر بکەن یەکێک لەوانە بیرم دێت پەرتوکێکی احمد دیداد بوو، بۆ یەکەم جار ناوی ئەحمەد دیدادم لەوێ بیست ، پرسیاری لە من کرد ئەمانە لە سەر چ بیرو باوەڕیکن، واتا،ئۆرتۆدۆکس، کاتۆلیك، پرۆتستانت بە هەر حاڵ من نەم دەزانی بەڵام ئەو زانیاریەمان وەرگرت لە پاشاندا کە پەرتوکەکانی بە دەست گەیشت لە دوای یەك مانگ ئەوکات ئامادەی خۆی نیشاندا و ووتی من ئامادەم بە ! .پشتیوانی خوای گەورە

من زۆرم بەلاوە مەبەست بوو کە گوێم لە ووتوێژی عیماد تۆماس بێت بۆیە خێرا پەیوەندیم کرد بە تۆماسەوە کرد کە کات دیاری بکات بۆمان.. ئەویش بە خۆشحاڵیەوە کاتی بۆ دیاری کردین و وە من ووەڵامەکەم داوە بە عیماد،بەڵام ..دیاربوو عیماد زۆر دەترسا

پێم ووت زۆر شڵە ژاو دیاریت عیمادی برام ؟

ووتی ئەمە شەرە دەمە دەترسم توانایی ئەوشەرە دەمەم نەبێت .

پاشان بیری چەند کەسێکی وەک تۆ تێک بچێت لە پاشەڕۆژدا من بەر پرسیار بم ئەم ئاینە کێشەکەی لەوەدایە کە بەئارەزوی خۆت ناتوانیت ووتوێژ بکەیت بۆیە دەترسم برا گیان دەستی کرد بە گریان باوەشی پێدا کردم و من ئەوەندەی تر خۆشەوستی عیماد چوە ناو دڵم، گەورەی و پاکی ئەم دینی ئیسلامەم بۆ دەرکەوت دڵ خۆشیم دایەوە ئەو ئایەتەم بیر خستەوە کە دەفەرموێت (وإن كنتم في ريب مما نزلنا على عبدنا فأ توا بسورة من مثله کە خوای گەورە بە هەموو خەڵکی دەڵێت ئەگەر ئێوە لە گوماندان لە قورئانەی کە بۆ پێغمبەرمان ناردوە وەرن سورەتێك وەک ئەوە بنوسن کە هەرگیز ناتوانن بۆ کۆتایش هەر ناتوانن بێگومان هەرگیز ناتوانن.

لەپاشاندا بیرم خستەوە هیچ نوسراوێک لەم بونەدا ناتوانێت ئاوا بێ پەردە بەخەڵکی راگەینێت کە ئەو هیچ خێچ خوارێکی تێدا نیە گەر راست دەکەن وەرن ووردبنەوە لە قورئان، بەڵام نوسەرانی هەموو پەرتوكێك دەڵێن جێگای رەخنەیە تەنها قورئان نەبێت، تۆ بە قورئان ئاخافتن بکە کە ئەم ووشانەم بۆ باس کرد باوەشی پیدا کردمەوە دووبارە ووتی خوای گەورە بت پارێزێت بە دەنگە خۆشەکەی خۆی سەرەتایی سورەتی کەهفی بۆ خوێندمەوە..

پاشان بە دڵ ئارامیەوە بەرەو کڵێساکە کەوتینە ڕێ کە گەیشتینە ئەوێ زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین رێزێکی زۆر باشمان گیرا توماس ڕووی کردە من ووتی بە پێکەنینەوە بزانم چی سەرنجی ڕاکێشاویت ؟

ووتم من سەرنجەکانی خۆم بۆ عیماد باس کردوە ئەو ئینجیل و پەرتوکەکانی خوێندۆتەوە ئەگەر دەکرێت تۆ سیامەك و عیماد ووتوێژ بکەن من جارێ گوێگر دەبم ، تا کۆتایی ووتوێژەکانتان ئەو کات من بە گوێرەی توانایی خۆم لە دیرۆکەکانتاندا بەشدار دەبم، بەڵام تۆماس؛ هەرچی عیماد بیلێت ئەوە من لەگەلیدا هاوڕام واتا زۆر بێ پەردە دەڵێم ئەو نوێنەری منە هەرچی ئەو بیڵێ من پشتگیری دەکەم .

کەوام ووت عیماد زۆری پێخۆش بوو بە هێمنی ووتی خوا بت پاریزێت .

من چاویکم لێدا گرت ووتم ئێمە نەوەی سەلاحەدینین دەستی کرد بە پێکەنین بەڵام سیامەك مۆڕەی لێ دەکردین.

لەو کاتە دا تۆماس ڕووی کردە عیماد ووتی من بانگێشتان دەکەم بۆ ئەم دینە من مژدە دەرم بۆ ئێوە تا لەو بەهەشتەی کە عیسا خۆی بۆ لە خاچ دا بۆ جێگایەك بۆئێوە دابین بکەن من خۆشحاڵ دەبم کە ببنە گاورو خۆش بەخت بن نەوەک سەرگەردان و بێ ئاین بسوڕێنە وە زۆر بەی زۆری کوردەکان و عەرەبەکان لەسەر دەستی من بوون بە گاور هیوادارم ئێوە چاو لەوان بکەن ئێمە هیچمان ناوێت لە ئێوە تەنها ناسنامەی ئاینی خۆتان بگۆڕن ..!

لە کاتەدا یەنیکا خوی کرد بە ژورەکەدا لەگەڵماندا دانیشت
بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین وە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی
بەهاتنمان، تۆماس هەر بەردەوام بوو لە ووتەکانی دۆسیەکی
بۆ من عیماد دەرهێنا و کە گوایە چەن یارمەتی خەڵکی
لێقەوماو دەدەن لە ئەفریقا و ئاسیا و ووڵاتانی تری جیهاندا ،
بەڵام عیماد هەر بێ دەنگ بوو تۆماس ڕووی کردە من ووتی
بۆ بێ دەنگن؟

ووتم چاوەڕێ عیماد دەکەم تا بکەوێتە گفتوگۆ سەیرێکی
عیمادم کرد ووتم ئەگەر ناتەوێت ئاخفتن بکەیت با بڕۆینەوە
؟..

عیماد : بە سیامەك ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم ئەتوانیت
وەریگێڕیت بۆ زمانەکەی ئەوان ؟
سیامەك ووتی من ماوەی ٢٨ ساڵە لەم ووڵاتەم توانم باشە بۆ
وەرگێڕان، من هەندیك پرسیار دەکەم
لە دوایدا وەڵامان بدەنەوە ئەگەر وەڵامەکانیان جێگایی بڕوا
بوون ئەقڵ بڕوای پێکرد ئەوا من خەسرەو هەردوکمان دەبینە
مەسیحی و بە دڵی ئێوە دەبین وە کاریشی بۆ دەکەین لە
پێناوی دا

عیماد بەردەوام بوو لە ووتوێژەکەی سەرەتا سوپاس و
ستایشی خوای تاك و تەنهای کرد خۆی ناساند کەمو
سڵمانێکی تونسیە هەموو پێغەمبەرانی وەک یەك خۆش
دەوێت کە پێنج پێغەمبەریان جێگایەکی تەیبەتیان هەیە و
پاشان ووتی لە ناو ئەو پێغەمبەرانە کەسیکیان کە ناوی
(محمد) (صلی الله علیه وسلم ) کۆتایی هێناوە بە
پێغەمبەرایەتی لە دوای ئەو ئازیزە نێراوی تر نایەت وە

بڕوامان وایە کە (عیسای کوڕی مەریم ) سڵاوی خوای گەورەی لێبیت، بەندەو نێراوی خوای گەورەیە وە برای پێغەمبەری ئازیز (محمد) (صلى الله عليه وسلم )هەموویان کاریان بۆ ئەوە کردوە کە نیشانی بدەن بەندایەتی لە خواکانەوە بۆ یەك خوای باڵا دەست بگۆڕن و تەنها بەندایەتی بۆ خوای کردگاری ئەم بکەن..

وە زۆر بە راستگۆی پێتان دەڵێم ئەو دینەی ئێوە دەست کاری کراوە وە گۆڕاوە تەنانەت ئینجلەکەتان بە ئارەزو قەشەکانتان نوسراوە زۆر بەی مێژووی نوسان و لێکۆڵەرەوەکان ئەویان سەلماندوە، وە باشترین بەڵگەیش بۆ ئەم ووتانەی من ئەوەیە کە پێنج سەدە دژایەتی ئێوە کراوە واتان لێهات بوو کە بەهەشت وجەهەنمتان بە خەڵکی دەفرۆشت وە فەیلەسوفی فەرەنسی (ڕینان)دەڵێت گەر دەتانەوێت لەژیانی(مەسیح) تێبگەن هەرگیز لای قەشەکان و کتێبە مەسیحەکان فێر نابن لە بەر ئەوەی هەموو درۆی گەورەیە بۆ مەسیح بەرەو سەر لێشێواوی و تاریکیتان دەبات.

مێژوو نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی کە کەسێکە لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی ئینگلیز و ئەوروپا بەگشتی ناسراوە ئەویش(ویلز) کە دەڵێت : سەر هاڵدان و گۆرینی ئاینی مەسیحی بە دەستی (شاوڵ ترسوسی)یان (بۆڵس) کە لە راستیدا ئەم کەسە یەهودی بوو ڕاستە هەندێ سەرچاوەی یەهودی ئەو زانیاریە ڕەت دەکەنەوە ، بەڵام زانراوە و کە گومانی تێادا نەماوە
کەشتیوانیك بووە لە (لاهوتیات ئەسکەندەریە هلینی ) (لاهوتيات الاسكندرية الهلينية) هەر لە قوتابخانەی فەلسەفی (الهلينية)خوێندوێتی زۆر کاری گەری فەلسەفی لێکچواندنی

لەسەر بووە هەر لەو سەردەمەدا لە ناو خەڵکی دا بە عیسای ناسری ناسراو بووە، زۆر بەی زۆرتان باش دەزانن ئەو نوسراوانەو دەقانە هەمووی لە شاوڵ وەرگیراوە کە ئێستا رەنگ دانەوەی هەیە لە ئینجەلەکەتان دا زۆربەی زۆری لە بیری ئەوە وەرگیراوە .

بە هەر حاڵ هەموو لەلایەك دەزانیت لە دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئێوە لە ڕۆژ ئاوادا ناونراوە بەچێ ؟

ناوناراوە سەردەمی لە دایك بوونەوە، واتا ئێوە خەڵکیتان لە ناو دەبرد تەنها بەگزادە وپاشاکان و قشەکان سود مەند بوون کاتێک (عیسای کوڕی مەریەم ) سەلامی خوای لێبیت ئەو داکۆکی لەمافی هەژاران دەکرد من چۆن بروا بە ئاینیک بکەم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەدوای دەستکاریەوە مافی خەڵکی تێدا نە پارێزراوە .

لە پاشاندا ئێمەی موسڵمان بروامان بە خوایەکی تاك و تەنها ..
هەیە کەچی ئێوە بروواتان بە سێ کەس هەیە کە خوایە تیان پێکهناوە لە ڕاستیدا هیچ مرۆڤێکی خاوەن بیر و تێڕامان لەم گەردوونە ئەوی پێ قبوڵ ناکرێت و پەسەند نیە، گریمان ئەگەر خوا باوکی عیسا بێت وە مەریم ژنی خودا بێت کە پەنا بەخوای مەزن ئەمە درۆیەو کوفرە کەواتە خودا پێویستی بە منداڵ هەیە منداڵەکەیش عیسایە ئەم خودایە بەکەڵکی خویەتی نایەت لە بەر ئەوەی پێویستی هەیە، نابێت خودا پێوستی هەبێت ، خۆ ئەگەر ئە پێویستدار بێت ئەوە خوا نیە، چونکە خودا واتا خودی خۆی هەموو شتێک دەبەخشێت وە ئەمە جێگای بڕوایە، نەك - خوایەك پێکهاتبێت لە کۆمەڵێك

بەش وە خوای گەورە لە قورئاندا بە ڕونی باسی دەکات دەفەرموێت (سورەتی الاخلاص)واتا خوای گەورە تاك ە تەنهایەو پاك و نیّ نیازە نە منداڵی دەبێت وە نە ئەو لە کەس بووە.

وە پاشان من پرسیارێك دەکەم لە ئێوە بەڵام تکا دەکەم بە ڕاستی ووەڵام بدەنەوە ؟

ئایا ئێوە بڕواتان بە پێغەمبەرایەتی (محمد) ((صلی الله علیه وسلم))هەیە؟

تۆماس گۆتی بێگمان نەخێر.

عیماد ووتی کەواتە مسڵمانەکان لە ئێوە باشترن ئەوان بڕوایان بە (عیسای کوڕی مەریەم ) و هەموو پێغەمبەران هەیە

سڵاوی خوایان لێبێت وە هەر (عیسای کوڕی مەریەم ) بوو مژدەی دا بە ئێوە کە پێغەمبەرێك لە دوای من دێت ناوی (ئەحمد)ە ئەتوانن بڵێن نوسراوی وا نەنوسراوە من گومانم نیە لەوەی کە بێ دەنگن لە ئاستی ئەوەدا، بەڵام زۆر جار دڵی خۆتان بەوە خۆش دەکەن کە گوایە ناوی ئەحمدە نەك محمد ، بەڵام(احمد ،محمود ،محمد ) هەرسکیان یەك واتا دەدەن بەدەستەوە واتا سوپاس کراو وە ئێمە بڕوامان وەك ئێوە هەیە کە عیسای کوڕی مەرێم دێتە خوارەوە لە ئاسمان وە سەر لە نویّ شەڕی خاچ پەرستەکان و جەلەدەکەکان دەکات وە دەبێتە کەسیك لە شوێن کەوتوانی پێغەمبەری ئیسلام ئەمەیش بە جۆرێک لە ئینجلی پیروزدا نوسراوە بەڵام دەڵێت خەڵکی ئازاد دەکات منیش دەڵێم کام خەڵکی ، ئەگەر (عیسی کوڕی مەریەم)لە قودس بێتەوە خوارەوە دژایەتی هاوپەیمانانی جولەکەو مەسیحی و جولەکەکان دەکات، وە

ووشەی قودس بەکارهاتوە لە ئینجیل و تەوراتدا نە ووشەی هەیکەل وە نە ڤاتیکان وە نە کڵێسای مەریەمی عەزرا لە فەلەستینە بە کار نەهاتوە تەنها قودس خۆتان باش دەزانن کە قودس مزگەوتی موسڵمانانە و( عیسی کوڕی مەریەم) لەوێ دێتە خوارەوە و پشتگیری موسوڵمانان دەکات.

لەگەڵ ئێمەدایە نەک ئێوە تۆماس! من بانگێشتان دەکەم بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئاینی چاکەو بێگەردی خواوەندە وە ئێمە بڕوامان بە هەموو پێغەمبەران و پەڕتوکە ئاسمانیەکان هەیە ، وە ئەگەر دەتانەوێت لە ئاینی مەسیحی تێبگەن تەنها لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتوە وە تەنها عیسی پێغەمبەرو بەندەی خوای گەورەیە.

نازانم ئێوە هەمووتان بێدەنگن لەئاستی دانوستانەکەی من چۆن ئێستا ئێوە شەریعت لە ئینجیلی سەردەمی کۆنەوە وەردەگرن واتا تەورات بۆ جارێکیش لە سەرچاوەی پاکی ئیسلام هەڵگۆزن لە کاتێکدا کە ئێمە بڕوامان بە عیسی هەیە، بەڵام جولەکەکان نە بڕوایان بە ئینجیل هەیە وە نە بڕوایان بە( عیسی کوڕی مەریەم)هەیە، بەڵکو (عیسی کوڕی مەریەم) بە درۆزن و دایکیشی بە داوێن پیس لە قەڵەم دەدەن لە ڕاستیدا ئێوە (عیسی کوڕی مەریەم)تان خۆش ناوێت وە یاری بە ئاینی پاکی مەسیحی کۆن دەکەن، تا ئارەزوەکانی خۆتانی پێ دابمرکێننەوە وە دەسەڵاتی بە ناو کڵێسای خۆتان لەدەست نەدەن، لەگەڵ ڕێزمدا بۆتان .. من ئیتر گفتوگۆ ناکام زیاد لە پێویست دوام تاکو وەڵامی پرسیارەکانم نەدەنەوە من پرسیاری تر ناکەم ؟

هەرچەندە دەریایەك پرسیار خۆی مات داوە لە سینەمدا.

یاری بە ئاینی پاکی مەسیحی کۆن دەکەن، تا ئارەزووەکانی خۆتانی پێ دابمرکێننەوە وە دەسەڵاتی بە ناو کڵێسای خۆتان لەدەست نەدەن، لەگەڵ ڕێزمدا بۆتان .. من ئیتر گفتوگۆ ناکام زیاد لە پێویست دوام تاکو وەڵامی پرسیارەکانم نەدەنەوە من پرسیاری تر ناکەم ؟

هەرچەندە دەریایەك پرسیار خۆی مات داوە لە سینەمدا.

عیماد سوپاسی هەموویانی کرد بۆ گوێ گرتنیان وە بە بێدەنگی دانیشت منیش لە دڵی خۆمدا دەم ووت ئێستا هەڵنە

چووینە ئۆسلۆ بۆ کارکردن ، کارمان دەکرد، هەموو رەبەن بووین ، هەر ٣ کەسو چووینە شوقەیەك بەیکەوە دەژیان .. .. ژیانێکی سادە ئاسیمان هەبوو

لە ئێوارەیەکی ساردی ئەم وولاتی سەهۆڵستانەدا دا خەم خەیاڵ لە دەروازەی مندا خەریکبوو دەڕوایەوە ، ڕەمەزانێکی زۆر خۆش بوو دڵم ئارامی گرتبوو ، ئەو ساڵە بە ڕۆمان و شعری تەراویح وا بەسەتە بووم .

هەمیشە ئاوازی من لە سورەتی(الكهف ) , (الأخلاص) و ) ( الواقعة ) , ( الرحمن ) دا سەرچاوەی گرتبوو ، ئێوارانی بەربانگم بە سێ دەنک خورما و لە پاشاندا بە تەلەفۆنێک بۆ دایکە ئازیزەکەم ، فرمێسک لە چاو قەتیس ماوەکەم دەشکاند ، تاماندووی کاری دەسەعاتم لە دەنگی ئەو دا بێ کە پێم دەڵێ : ڕۆڵەَ بە و دوعا و نزا خێرانە بی کە من بۆتی دەکەم .

لە پاشاندا خۆشەویستی ئەم ئایینە وای لێ کردبووم کە لە وولاتی تاراوگە دا ئولفەتم گرتبوو بە دوو هاوڕێ ی خۆم کە هەردووکیان وا بەستەی دینی پیرۆزی ئیسلام بوون .

دەبوایە سەعات چواری ئێوارە ئەوان ڕۆژویان بشکاندایە بەڵام لەبەر ئەوەی کە من سەعات شەش لە کار تەواو دەبووم وە خۆشەویستیان بۆ من چاوەڕێ یان دەکرد وە هەموومان بەیەکەوە ڕۆژمان دەشکاند ، تادوانزەی ڕەمەزان بەم شێوەیە بردمانە سەر .

بەڵام ئێوارەیەکیان زۆر بە پەلە دەستم لە ئیش هەڵگرت زۆر غەریبی دایکمم دەکرد ، دڵم وەک باخە هەنارەکانی شارەبان و سێوە لا سورەکانی بلکیان و باخە ترشەکەی سەر ودێمەکە کە چۆن شەماڵێک لارولەنجە ی پێ دەکات ئاوا بیر وهۆشم یادی

ووڵاتی بێ کەسی دەکرد .

کە لە کارەکەم دەستم هەڵگرت بە خێرای دەستم خستە ناو گیرفانی کۆتە سارد و سڕەکەم ، بەفریش پڕۆشەی دەکرد، تەنانەت برژانگەکانی چاوومی گرتبوو بە ئاستەم بەرپێی خۆم دەبینی ، بەدەم خەیاڵە وە سەرکەوتم بەرەو ماڵی ساردووسڕم کە وتمە ڕێ بەڵکو - حەسانەوەم لە مەحزونی نەجاتی بێت .

پشویەکی خۆشەویستی و دەست نوێژێک بۆ ئارامی دڵ و دەرونم بگرم ، چونکە هەموو ئەو کاتانەی کە خەفەتبار دەبم بیر لە وە دەکەمەوە کە چۆن چڵکی تاوان بە ئاوی دەست نوێژ پاک کەمەوە .

کە گەیشتمە بەردەرگای باڵەخانەی ماڵە خنجیلانەکەم ، لەبەردەم دەرگای ئەو باڵەخانەیەدا گوێم لە دەنگی گریانێکی ناسک و زۆر مەحزوون بوو . سەرنجی ڕاکێشام سەیرم کرد لەبەردەمی دەرگاکە دا کیژۆڵەیەکی ئەگریجە ڕەش دانیشتبوو ، سەری خستبووە سەر باڵەکانی و بۆ زەوی سەری شۆڕ بو بوو .

چیچکەیەکی نەرم و بەردەمیشی سێ چوار دڵۆپی فرمێسکی چاوی تەڕی کرد بوو، زۆر ئاستەم بوو بەلامەوە دەبێ لەم وڵاتی باکورەدا کە ئازادی ڕەها دراوە بە ئافرەتان بۆ دەبێ ئەم ناسکە بەم شێوەیە ئەشک و حەسرەت دەرببڕێ. ؟

لەو کاتە دا وەیلێ لە حالَی دڵم وەیلێ لە ناڵەی خەمم پێم ووت بەزمانی باکور سڵاو ؟

ئەو زیاتر هەنسکی هەڵدەدا و منیش زیاتر خەفەت بارتر دەبووم دووبارە پێم ووت ، ئەگەر دەکرێت یارمەتیت بدەم؟
ئەگەر سەرماتە من دەتوانم بت بەمە لای خۆم؟
ئەکەر پێویستت بە پارەیە ئەوە لای من ئاسانە ؟
گەر برسیتە نانت بەمێ وە ئەگەر نەخۆشی با بەرەو خەستەخانەت بەرم . دیار بوو قسەکانی من کاریگەر بوون، چونکە لە ناخی دڵەوە ئاراستەم کرد بۆیە بە کەساسی سەری بەرز کردەوە دیم تاڵی ئاڵۆزکاوی قژی بە ڕوومەتی فرمێسکاوی یەوە وەستاوە و شکوفەی خەمی لێدەوەرێ .

هەناسەی لە تاوهەنسک سەمفۆنیای گریانی لێدەباری .

بە تێڕامانێکەوە و بە لێوێکی چرچی خەمبارە وە بەمنی ووت...
تۆ خەڵکی چ وولاتێکی ؟

زۆر خێرا ووتم : من کوردم .

بۆ ئەوەی پیاوەتی و شەرەفمەندایەتی کورد دەربخەم ، لە بیرم دێت لە ئەستەمبوڵ هاوڕێ یەکی پیرم هەبوو زۆرم خۆش دەویست .
پێ ی ووتم : لە وولاتی غەریبستان تا دەتوانێ کاری جوان بکە، چونکە تۆ کارەکتەر و شانۆمەندی وولاتەکەتی ، بۆیە خێرا ووتم : کوردم .

کەچی ئەو زیاتر فرمێسکی وەک هێشوی بەرسیلەی ترێ سپیکە دەهاتنە خوارێ .

ئەو زیاتر هەنسکی هەڵدەدا و منیش زیاتر خەفەت بارتر دەبووم دووباره پێم ووت ، ئەگەر دەکرێت یارمەتیت بدەم؟
ئەگەر سەرماتە من دەتوانم بت بەمە لای خۆم؟
ئەکەر پێویستت بە پارەیە ئەوە لای من ئاسانە ؟
گەر برسیتە نانت بەمێ وە ئەگەر نەخۆشی با بەرەو خەستەخانەت بەرم . دیار بوو قسەکانی من کاریگەر بوون، چونکە لە ناخی دڵەوە ئاراستەم کرد بۆیە بە کەساسی سەری بەرز کردەوە دیم تاڵی ئاڵۆزکاوی قژی بە ڕوومەتی فرمێسکاوی یەوە وەستاوە و شکوفەی خەمی لێدەوەرێ .

هەناسەی لە تاوهەنسک سەمفۆنیای گریانی لێدەباری .

بە تێڕامانێکەوە و بە لێوێکی چرچی خەمبارە وە بەمنی ووت...
تۆ خەڵکی چ وولاتێکی ؟

زۆر خێرا ووتم : من کوردم .

بۆ ئەوەی پیاوەتی و شەرەفمەندایەتی کورد دەربخەم ، لە بیرم دێت لە ئەستەمبوڵ هاوڕێ یەکی پیرم هەبوو زۆرم خۆش دەویست .
پێ ی ووتم : لە وولاتی غەریبستان تا دەتوانێ کاری جوان بکە، چونکە تۆ کارەکتەر و شانۆمەندی وولاتەکەتی ، بۆیە خێرا ووتم : کوردم .

کەچی ئەو زیاتر فرمێسکی وەک هێشوی بەرسیلەی ترێ سپیکە دەهاتنە خوارێ .

ئەو ناسکەش پێی ووتم بە زمانی شیرینی کوردی ، نەفرەت
لە تۆ و لە وولات و لە خاک و ئاوت
هەر کەمتیارێکی کورد بوو بە ناوی ئازادی دەروازەی لەشی
منی ئازاد کرد..!
من سەربڕاوی دەستی ئێوەی کوردم ماڵی وێران و دەربەدەری
و سەرما خواردووی ئێوەی کوردم ..؟
لە دوایدا خێرا بێدەنگ بوو سەری خستەوە سەرباڵەکانی وە
هەر هەنسکی هەڵدەدا .

زۆر سەرسام بووم لە تورەی ئەو نامۆیە وە ترسی ئەوەم لێ
نیشتبوو گەرمن خۆم تورەکەم دەترسام هەوری ڕەشی تورەی
ئەوزیاتر بێت و من هیچ لەو تێنەگەم ؟

بۆیە کوردە نامۆسی سەرم شۆرکرد لەبەردەمی ئافرەتێکدا و
بەڵام بە دەنگێکی سامناک پێم ووت : خوشکی خۆشەویست
تۆزێک هێمن بە من تەنها مەبەستم چاکەیە و بەدوای خێردا
دەگەرێم .
چونکە کەوتوومەتە وولاتێک خێر لە ناویدا زۆر ئاستەمە ؟
لەپاش چاکەو پیاوەتی قسەم پێ دەڵێیت؟ وە بە خراپە ناوی
وولاتە بێ کەس و خامۆشەکەم دەبیت ، خۆشت خەڵکی
ئەوێت؟ گەردنت ئازاد بێت..!

لەبەر خوا پاشان لەوانەیە دەردە داریان کردبێتیت ، بەڵام
ئازیز من لەم دنیا نەم بیستوە وە نەم دیوە کە پەنجەکانی
دەست وەک یەک بن ، بە هەرحاڵ من گومانم لە خەمباری
تۆدانی یە تۆ ئازادی وە هەر ئازادیشە کە تۆی هێناوە تە
بەردرگای ماڵەکەی من ..!

ئازادی یە تۆی لە خێزانت دا بڕاندوە وە دەنگ بەسەرمندا
!.. بەرزدەکەیتەوە کە دەستی یارمەتیت بۆ درێژدەکەم

بەڵام بەرهەرحاڵ فەرموودەی پیاوێکی بەرزم بیرکەوتەوە دەڵێ :لەگەڵ خەڵکی دا وەک دارێکی بەرداربن ئەگەر بەردیان تێگرتن ئێوە بەرهەمیان تێ بگرن . من هیچ خراپەیەکم نە کردووە ...
بۆ دوا جار پێت دەڵێم ئەگەر یارمەتیت پێویستە با یارمەتیت بەم ئەویش لەبەر ئەوەی کە بە کوردی قسەت کرد ، هەر چەندە زۆر ناشرین دوایت بە زمانەکەم ، بەڵام دوا جاریش دەڵێم هاوکاریت دەوێت؟

. سەری بەرزکردەوە بەدەمی چکەیەکی زۆر سەیری کرد پێ ی ووتم : بڕۆ من پێویستم بە تۆنییە و عەرەبانەکەت ڕاکێشە .

بەس ئەگەر دەکرێت دەرگاکە لە دوای خۆت دامەخە . باسەرمام نەبێت چونکە هاڵاوێکی گەرم دێت لەوێ وە ووشەی عەرەبانەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، وە جوابم نەدایەوە و بەرەو هەڵکێشی باڵەخانەکە ڕۆشتم ، تا هاتمە .ماڵەوە و دەرگای ژوورەکەم کردەوە
براکانم دانیشتبوون چاوەڕێشیان دەکرد ئەوەندەمان یەکتری خۆش دەویست ڕۆحمان تێکەڵی ڕۆحی یەکتری بوو بوو هەمیشە بە ئازار و خەمی یەکتریمان دەزانی بۆیە خێرا (( سەرخێڵ )) ووتی : خەسرەو ی برام بۆ خامۆشی و بزەی ئێوارانت نییە؟

یوسوف ووتی : ( سەخێڵ ) وازی لێ بێنە تۆ ئە تەوێت بە ئاسانی توشی خەمی بکەیت من دەزانم برسییەتی و زۆر ماندووە لە هەمان کاتیشدا بیری دایکی دەکات، بزانە دوای ئەمانە و تەراویحیش وازمان لێ دێنێ کە کەسمان بخەوێن !.

من و ( سەخێڵ ) پێکەنینمان بە قسەکانی ( یوسف ) دەهات .

نانیان تێکردوو منیش بەزۆر توانیم کەوچکێک بۆ دەمم بەرم هەر خەیاڵم لای ئەو کچە بوو ، زوو زوو دەم ووت تۆ بزانە لێم پرسی ناوی چی یە؟

بۆ خۆش بەختی دەبوو ئەو ڕۆژەش من قاپ و قاچاخ بشۆم کە ناخۆشترین کاربوو بەلای منەوە .
ووتیان : هەستە ئەوە (( ئیزرائیل ))چاوەڕێ تە لەبەردەمی سنگەکە دا بڕۆ بەلۆعەی مردن بکەرەوە و لاشەی خۆت بشۆ ..!

بە تەوەزەلی هەڵسام دەست بکەم بە قاپ شۆردن . کە سەیرم کرد سابوونی قاپشۆردن نەمابوو پرسیام کرد : ئەرێ برایان زاهیمان نییە ؟
هەموو سەری یەکمان کرد ( یوسوف ) ووتی : ویستم بیکرم لە یادم چوو ئەگەر دەتوانی لە جیاتی من تۆ پانتۆڵەکەت لە پێ دایە با من خۆم نەگۆڕم ئەچی بیکریت ؟

خێرا ووتم : بەسەرچاو ئەویش سەرسام بوو . لەو بیرە دا نەبوو کە بە و ئاسانی یە من رازی بم ، بەڵام ڕازی بووم ..!

موگناتیسێک ڕای دەکێشام ئەویش ئەو کیژۆڵەی بەردەرگای باڵاخانەکە بوو.

کە چوومە خوارێ دیم ئەو جێگایە چۆڵ و هۆڵە زۆرم پێ ناخۆش بوو وەستام و هەڵوێستەیەکم کرد پرسیم لە خۆم ئەم هەڵوێستەیە چی بوو بۆ ئەو کیژە شەرمەزاری یە بۆ تۆ دڵیشم دەیوت نابابە تۆ دەتەوێت خێر بکەی خێرا بە خۆمم ووت ڕاستە من دەمەوێت خێر بکەم ، بەڵام بە داخەوە دەستم نەکەووت ئەو خێرە .

بۆ دواجار دوای هیقی دڵی خۆم کەوتم لە دوڕیانی خێرکردن و بەزەیم بۆ ئەو کچۆڵە ، ملی ڕێگام گرتوو بەرە و ( سابوون ) کڕین کەوتمە ڕێ تاقاپە کان بشۆم کە هەریەکەیان لە ڕەنگێک بوون ، هەر لە قاپی قەرەچ دەچوون .

چەند هەنگاوێک دوور کەوتمەوە لە کڕێوەی بەفروتاریکی ئەو زستانە . ملی ڕێگام گرتبوو لە پێشی خۆم سەرم هەڵبڕی دیم دووگەنجی سۆماڵی لەگەڵ ئافرەتێکی باکوردا بەسەر لاشەی ئەو کیژۆڵەیەوە وەستابوون منیش زوو ناسیمەوە کە خۆیەتی ئەوەیە کە من گلاراو بووم بە شوێنی دا ..!

خێرا دەستم خستە ژێر سەری و وا خۆم نیشان دا کە دەیناسم.. خێرا ووتم :
کێ وای لێ کرد . گەنجەکان ترسان پاشەکشەیان کرد ووتیان ئێمە ئاگادرای هیچ نین تەنها بینیمان کە لەوێ دا درێژ و بێ هۆشە، جارو باریش هەڵدە لەرزێ ئەوان ڕۆشتن بەڵام ئافرەتەکەی باکور لەگەڵمدا مایەوە پێ ی ووتم : دەیناسی ؟

ووتم : بەڵێ.

ئەویش ووتی : ئەم ناسیاوەی تۆ کۆردۆین ، هێرۆین ، مۆرفین یان حەشیش وەیان تلیاکی سادە بەکاردێنێت ؟!

زۆر ترسام ووتم : تۆ باسی چی دەکەی ئەو هیچ لە مانە بەکار ناهێنێت ، بەڵکو تەنها توشی نەخۆشی دەرونی بووە تۆزێ بێتاقەت بووە بەزەردە خەنەیەکەوە پێ ی ووتم (OK) .

منیش خێرا بە دەستی یەکەم تەلەفۆنم کرد بۆ ئامبولانس ( ئۆتۆمۆبیلی فریاگوزاری نەخۆش خانە ) .
ناونیشانی جێگاکەم پێ ووت پشتی ئەو کچەشم خستە سەر ئەژنۆم بە چاکی کۆتەکەم سەریم داپۆشی تا تۆزێک گەرمی بێتەوە بەڵام بە داخەوە (ئەمبولانس ) هەر نەگەیشت .
خۆشم لە سەرما دا هەڵدەلەرزیم بێ ئەوەی کەسێک لێم بپرسێ ئەرێ کابرا لەگەڵ ئەم ئافرەتە چێتان بەسەرهاتووە تەنها بە لامدا تێدەپەڕین و زوو زووش دەیان ووت ئەی بێ چارە وەک نەم بینین کە دوو مرۆڤی ڕۆحانی بین تەنها خۆمان بەلای یەکترەوە ئاراممان گرتبێ ، زوو زووش لە دڵی خۆمدا دەموت بلێ ی ئەو ئافرەتە ڕاست بکات ئەمە تلیاکی بێت، هەر لە دووریانی دڵی خۆمدا مابوومەوە دەمووت خێرکە خێر ئەمە پێویستی بە تۆیە هیچ نەبێت کوردە ، هاوڵاتی خۆتە ئافرەتیشە ئاگادار بە .
لە پڕ لورەی ئوتۆمبێلی ئامبولانسم گوێ لێبوو هەستامەوە ڕووم کردە ئەوان بە دەستم سەرنجی خێرایی ئەوانم ڕاکێشا بۆ ئەوەی زوو بگەنە لامان گەیشتن و بە چاپوکی هەڵیان گرتوو پێیان ووتم: بۆ وای لێهاتووە . ؟

ووتم : نازانم بەس ئەوەندە دەزانم کە ئەمە کوردە و خەڵکی وولاتی منە . تەنها حەزم کردوە یارمەتی بدەم دەتوانم لەگەڵتانا بێم بۆ یارمەتی ئەو نەوەک زمان نەزانێت تا یارمەتی ئەویش بدەم ڕازیم کردن بەو ووتە ووتیان باشە .

لەگەڵ تەرمی بێ هۆشی ئەو دا کەوتینە ڕێ تاگەیشتنە جێگای مەبەست کە نەخۆشخانە بوو، بەمنیان ووت : ناوی چی یە ؟

ووتم : نازانم .

ووتیان بگەڕێ بزانە ناسنامەیەکی پێ یە ؟

دەستم کرد بە گیرفانی دا یاداشت نامەیەک لە گیرفانی دا بوو .

لە یاداشت نامەکە دا نووسرا بوو . ( ترێ جمال فرەج ) لەگەڵ ژمارەی دەستی یەکی دا .
خێرا تەلەفۆنم کرد بۆ ئەو ژمارەیە زەنگی ئەو ژمارەیە لە گێرفانیدا لێ ی دە دا .

ئیتر بۆ دوا جار گومانم نەماکە ئەمە ناوی خۆیەتی و تەنها ( ٥٠ کرۆن ) ی تێدا بوو ( پارەی نەرویجی ) لە بەینی یاداشت نامەکە دا بوو لەوێ تا سەعات هەشتی شەو من لە هۆڵی چاوەڕێ چاوەڕێ ی ترێ م دەکرد .
دەم ووت : دەبێ ئاخۆ نەخۆشیەکەی چی بێت یا خود ئەم بێ چارەیە تووشی چی بوو بێ پەرەستارێک هاتە لام ووتی :
ترێ پێویستی بە کە سێکە لە ژوورەکەیدا بێ کاتێک کە بە

ئاگا بوو . پێویستی بە کەسێکە کە لەلای بێت بۆئەوەی لەو حاڵەتە دا ئارام بێتەوە .

لێم پرسی حالةٰتەکەی چی یە ؟

ووتی : ئەوە ئیشتی من نی پێت بڵێم..!

منیش ووتم :باشە . چووم بۆ ژوورەکەی وەک زۆپای دار خەفەبوو بوو هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشاو ، منیش بەزەیم پیا دەهاتەوە حەزم نەکرد بەلایەوە دانیشم خێرا چووم دەست نوێژێم گرتوو دەستم کرد بە نوێژکردن نوێژی عیشا و تەراویحم هەر لە ژوورەکەی ئەو دا کرد و جاروباریش دوعای خێرم بۆ دەکرد کە خوای گەورە شیفای بە خێری بۆ بنێرێت و بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست .

لە ڕکاتی کۆتایی نوێژدا بووم هەڵسایەوە بەسەر سوڕمانێکەوە سەیری منی کردوو بە بێ دەنگ دانیشت هیچی نە ووت تامن لە دوعا و وویردەکانم بومەوە منیش خێرا هەڵسامە سەر پێ و ووتم : خوشکی ئازیز سڵاوی خوات لێ بێ شوکور بۆ خوا باشیت ، چی حەز لێ دەکەیت بۆت بێنم من کە لێرەم تەنها دەموێت خزمەتی جەنابتان بکەم لەبەر خاتری خوا .

لە بیریشت نە چێت زۆر دوعام بۆ کردی کە خوای گەورە شیفای بە ڕەحمەتت بدات چاک بیتەوە جا چیت ئەوێ بۆت بێنم ؟

ئیتر زۆر بە کەمی خۆم پێشان دا بۆ ئەوەی پەردەی شەرمی

بشکێت و بە ئاسانی قسەم لەگەڵ دا بکات . ئەویش بە شەرمێکەوە لە ژێر لێوەوە پێ ی ووتم :
زۆر حەزم لە شیرینی یە ئەگەر دەکرێت بۆم پەیدا بکەیت ؟

ووتم :بەسەر چاو هەر تۆ و شیرینی ، هەر ئێستا تۆ خۆت شیرینی خۆشکی شیرینم دەستی کرد بە پێکەنین و پێ ی ووتم بە ڕاستی تۆ لایەقی هەموو شتێکی باش و جوانیت ئەتوانم بپرسم ناوی بەڕێزتان ؟
منیش ووتم : ( ترێ ) خان من ناوم ( خەسرەوە) یە و کوڕێکی زۆر چاکم بە پێکەنینەوە ..
هەر دووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین . من بە پێکەنینەوە دەرگاکەم کردەوە و بە رەو فرۆشگای ناو خەستەخانەکە کەوتمە ڕێ .
لە ناو فرۆشگاکە دا هەندێ شیرینم بۆ کڕی زۆر بە خۆشحاڵی گەڕامەوە بۆ لای کە چووم ڕاکشابوو کە منی بینی خێرا بە ئەدەبەوە هەڵسا و
ووتی : بورە.
منیش ووتم : خوای گەورە بمان بوورێت ئارام بە جەنابتان چۆن پێتان خۆشە ئاوا درێژبن ئازادن .
پرسی لێم چۆن ناوی منت زانی ؟
بۆم باس کرد بەسەرهاتەکە ، زۆر ئاستەم بوو بەلایەوە .
پێی ووتم : توو خوا لێم ببورە؟

منیش دووبارە ووتم : خوای گەورە بمان بوورێت . من تەنها مەبەستم چاکەیە لەگەڵ ئێوە دا ، ئەگەر خوای گەورە لێم قبوڵ بکات .
ووتی : زۆر ناوی خوا دەبەیت بۆ شتێک هەیە لەم کەونەدا ناوی خوا بێت ؟

به زەردە خەنەیەکەوە پێم ووت : ئەگەر لەبەر خاتری خوا نەبوایە من یارمەتی تۆم نە ئەدا ؟

زۆر بوون ئەوانەی کە بەلاتا تێدەپەڕین و بڕوایان بە خوا نەبوو کە تۆیان دەبینی وازیان لە لاشەی تۆ دەهێنا و دەڕۆشتن ؟

سەری داخست و ووتی : ببورە؟

منیش ووتم : خوا بت بورێت .

ووتی : گوایە بۆیان باس کردوم کە ئەوانەی باوەڕیان بە دین هەیە ئافرەت زۆر بە کەم سەیر دەکەن، بەڵکو- هەمیشە وەک کارەکەرێک یان ژمارە دوو سەیری دەکەن .

خێرا پێم ووت : ( ترێ ) خان ، ئەوەی کە جەنابتان فەرمووتان تەنها قسەی کۆمەڵێک نەزانن و بێ ئاگایانە لە دین بە تایبەت لە دینی پیرۆزی ئیسلام . کە من زۆر وابەستەم بە دینی پیرۆزی ئیسلامەوە .

هەر ئەویشە فێری کردووم دەستی یارمەتی درێژ بکەم بۆ خەڵکی لێ قەوما و بێ هیچ مەبەستێک چاوەڕوانی کەرەمی خوای گەورە بم، پاشان فێری کردم کە ئافرەت و پیاو وەک یەک سەیر بکەم ، بەمانای ئەوەی کە هەر دووکیان مرۆڤن ، بەڵام لە بیرت نە چێ لە دینەکەی مندا بە هەشت و خراوەتە ژێر پێ ی تۆ بەڵام ئەو وەعدە بەمن نە دراوە .

ئایا کامیان مافیان زۆر ترە ، وە لە ئاینی مندا پاداشتی چاکە و خراپە وەک یەک بەشدارن ، بەڵام چۆن شەو و ڕۆژ هەیە شەو تامی تایبەتی خۆی هەیە و ڕۆژیشیش تامی تایبەتی خۆی،بەڵام بە هەر دووکیان دەوترێت زەمەن ئاوا ژن و پیاویش تامی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەرك و فەرمانیان جاوازە ، بەڵام بە هەر دووکیان دەوترێت مرۆڤ .

زۆر جوان گوێ بیستی قسەکانم بوو خێرا ووتی : بە خوا ڕاستە تا کاتێ لە وولاتەکەی خۆم بووم منیش وا بەستە بووم بە ئایینەکەی تۆ زۆر باش بوو ڕێز و حورمەتێکی باشم لەناو خەڵکی و کەس و کاردا هەبوو، بەڵام بەداخەوە هەموویم لە دەست دا ..!
وا بە تەنها لە ناو ئەم جێگایە دا بێ کەس کەوتووم و گۆرانی بۆ تەنهایم دەڵێم..!

منیش کردم بە قسەی خۆش لەگەڵیدا و خێرا پێم ووت کەواتە ئێوەی ئافرەت هیچ نرخێک بۆ پیاو دانانێن، کەچی خۆتان داوای مافەکانیش لە ئێمە دەکەن، ئەی من کەس و برای تۆ نیم مەگەر پیاو لای ئێوە ژمارە دووە ، دەستی کرد بە پێکەنین و ووتی : خەسرەو بەڕاستی من لە ئاستی تۆ دا شەرمەزارم نازانم چیت پێ بڵێم مەگەر بت کوژم ئەو جا چاکەی تۆ بەمەوە .

منیش بە زەردەخەنەیەکەوە ووتم ...

نەوەڵلا چاکەی وام ناوێت تۆ من بکوژیت، ئیتر دەستمان کرد بە پێکەنین و هەندێ نوقلیشمان خوارد کە مێک بێ دەنگی ڕووی تێ کردین . بێ ووت و وێژ ..

ووتم : ئەتوانیت باسی ئەم بێ تاقەتیەی خۆتم بۆ بکەی بۆ گیرۆدەی بە گریانەوە ؟
ترێ ووتی : باس و بەسەرهاتی من زۆر درێژە چۆن ئافرەت دەکەوێتە ناو خوێن و بۆگەن ناشرینەوە باسەکەی منیش باسی شەرمەزاریە ، باسی خۆمت بۆ بکەم یان کڵۆڵی و بێ ئاگایم لە دونیا و ساویلکەیم لە بەرامبەر مرۆڤەکاندا و دڵپاکی خۆم بۆ خەڵک .. نازانم لە کوێ وە دەست پێ بکەم با ناوی لێ بنێم شەوی سوور وە لە شەوی سورەوە دەست پێ بکەم .

شەش مانگ لەمەوبەر جەژنی لە دایک بوونی من بوو لە قوتابخانە نەم ویست کەس بزانێ، بەڵام دوو هاورێ ی کوردم لەگەڵدا بوو پێیان ووتم تۆ دەبێت بە ( ٢٥ ) ساڵ جوانترین تەمەنی مرۆڤە بۆجەژنی لەدایك بوون ناگریت؟
ئەمانەو چەند قسەیەکی تر وای لێکردم کە ڕازی بم بە ... قسەکانیان بە گوێیان بکەم ئەویشم بە بیردا هات ووتم : نەوەکو بڵێن ( ترێ ) یە نایەوێ پارەبەکار بێنێت کچێکی دەست داخراوە ووتم باشە چوینە دەرەوە
سەرەتا وتیان : دەچین بۆ کافێیەک (قاوەخانە ) لەوێ دادەنیشین دوو ( کەپەچینۆ ) دەخۆینەوە کە چوین دانیشتین و دەستمان کرد بە قسەی خۆش و گاڵتە وگەپ لە پڕ دوو گەنجی جوانخاس هاتنە لامانەوە و چۆنی و چاکیان لەگەڵ ( ئاڤانی ) هاورێم کردوو ئاڤانیش ئێمەی بە ( نامۆ و ئازاد ) ناساند کە گوایە ئەم دووانە هونەرمەندن گۆرانی بێژن .

. داوایان کرد کە لەگەڵمان دانیشن

ئاڤان ووتی : ئەمڕۆ جەژنی لە دایک بوونی ترێ یە . هەموو پیرۆز بایان لێ کردم بەڵام ئازاد زۆر بە شێوەیەکی سەیر تەماشای منی دەکردوو ووتی : هاوڕیان ئەگەر پێتان خۆشە وەک دیاری یەک بۆ ترێ خان.. پێم خۆشە من بانگێشان بکەم ، من خاوەنی ئەم مێزە دەبم زۆر بە بەردەوامی ئەم قسەیەی دوبارە دەکردەوە و وای لە من کرد کە ڕازی بم ، زۆر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و خێرا باسی ئەدەبیاتی کرێکاری کرد لەسەر ئازادي مرۆڤ بەتایبەتی ئافرەت، ئیتر وام زانی کە ئەمە باوکی (مارکس ) ە و لەلای ( سارتەر ) گەڕاوەتەوە و دایکیشی ( سیمون دیبۆفوار ) ە و باسی زۆربەی تابلۆکانی فانکوخی بۆ دەکردم و هونراوەیەکی تایبەتی هەبوو بۆ ژیان لە ڕێگای بیرو هزری چەپی ڕادیکاڵەوە باسێکی فەلەسەفەی ( پۆست مۆدێرنی ) بۆ کردم، چونکە حەزم لە فەلەسەفە دەکرد .

ئیتر زیاتر سەنجی ڕاکێشام زوو زووش ناوی منی دەهێنا و سەیری دەست و پەنجەکانی دەکردم وام لێهات بوو بە ئاراستەیەک بڕۆم کەخەیاڵم لە ئەسپی ئەودا تاو بدەم زۆر بە و قسانەی سەرنجی منی گرت .

دوای ئەوەی تری بەردەوام بوو لە گێرانەوەی ژیانی خۆی و .. ئازاد

تری ووتی : ئازاد ..ژمارەی تەلەفۆنەکەی لێوەرگرتم تا کۆمەڵێک کتێبم بۆ پەیدا بکات ، منیش زۆر بە خۆشحاڵی یەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەم دایە ، ئەو ڕۆژەمان بەو شێوەیە بردەسەر بەهەفتەیەک دوای دانیشتنەکەمان لە کتێبخانەیەکە وە تەلەفۆنی بۆ کردم ئەگەر دەکرێت من ببینێ و چونکە .. کتێبی باشی بۆ پەیدا کردووم بۆ ئەوەی بمداتێ

منیش چووم بۆ کتێبخانەی گشتی بینم چوینە کافتریایەکەوە دەستمان کردن بە قسەکردن زۆر باسی ئازادی ئافرەتی بۆ کردم ، تەنانەت وام لێهات بوو وامدەزانی ئافرەت سەرکردە و شای هەموو بوونەوەرەکانە لە ڕووی ئازادییەوە بۆیە زۆر بە لێزانانە منی هەڵخەڵەتان و بە شێوەیەک کە منی کردە پەیکەری ( ڤینۆس ) و خۆشی کردە بەندەی من، ئیتر لەباسی ئازادی یەوە بەرەو خۆشەویستی منی برد و منی کردە !.. خۆشەویستی خۆی

بە ئازادی منی هەڵخەڵە تاند تاوای لێهات هەموو لەشی منی بۆ خۆی ئازاد کرد وە زۆر دووری خستمەوە لە دایک و باوک و خوشک و براکانم ، گوایە کە من ئازادم و پێویستم بە کەس !..نییەو ئابوری ئازادم هەیە لەم وولاتەدا
تا بە ئازادی بێ کەس بووم ، ئازادیش دادی منی نەدا پاشان فێری شتێکی تری کردم کە ئەو ناوی لێنا بوو ( مەزاج ) من !... نەم دەزانی چییە

ڕۆژێک پێ ی ووتم حەزدەکەیت بڕۆین بەرەو بەهەشتێک کە

من و تۆ تێدا سەرکردە بین ؟
. ووتم : بەڵێ

پێ ی ووتم : بۆنی ئەم سپیایە بکە و نزیکی بکەرەوە لای لوتت بزانە چەند جوان مەزاجت خۆش دەبێت هەرچی ووت کردم ، کردم ، کردم ، کردم تا بە ئازادي ڕسوای کردم، لە کۆتایشدا فڕی ی دامە سەرجادە و تۆش وەك شتی فڕیدراوی سەرجادە منت هەڵگرتەوە ، تۆزیك منتەکاندوە لەوانەی تۆش !!سودم لێوەربگریت؟
.. کەوای گووت زۆرم پێناخۆش بوو بەڵام قسەم هیچ نەکرد

کەمێک بێ دەنگ بوو دڵی پڕ بوو لە گریان هەستم کرد فرمێسک بە چاویدا وەک بۆڵە ترێ دێتە خوارێ وە لە نێو ... چاوانیشیدا عارەقی شەرم دەتکێ

پێم ووت : ئارام بەرەوە کۆتای بە باسەکە بێنە گرنگ ئەوەیە کە تۆ ئێستا لە شوێنێکی هێمن دای وە برای خۆت لە تەنیشتەوەیە و ئامادەیە هەموو خەمەکانت لە کۆڵ بگرێت
...!

ترێ خان : پێویست ناکات ئاوا بە کوڵ بگریت ئارام بە ، شەویشمان درەنگ کردوە من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە تۆش پشویەکی ئەرخەوانی بدە ، سبەینێ خوا یار بێ دێمەوە لایت ، تکایە هەست بە هیچ نارەحەتی یەک مەکە وەک پێش تریش پێم ووتی: مەبەستی من تەنها چاکەیە وە دەمەوێت کە لە دەروازەی خێر دا ئارام بگرم و هیچ ئیشم بەتۆ نیە..جارێ بە خوات دەسپێرم من دەڕۆم ئەوەشت لە بیر نەچێ ئەو خوایەی من سپاردە زایە ناکات دەستم کرد بە

گیرفانمدا تا مه بلەغێک پارەی بۆ بە جێ بێلم نەوەک پێویستی بە پارە بێ ، پارەکەم خستە ژێر سەرینەکەی و سەرم داخست و گەڕامەوە دواوە دووبارە ماڵ ئاوایم لێکرد.

لە ژێر لێوەوە ووتی : خوات لەگەڵ ، بەڕاستی نمونەی مرۆڤ ئەتوانم لە تۆ دا ببینم ماڵ ئاوا .

هێدی هێدی کە وتمە ڕێ لەو شەوە دا خۆشی یەک بەری دلمی گرتبوو وە ئارامیش وەک چەرچەفێکی ناسک هەموو ڕۆحی داپۆشیبوم ، هەر چەندە کۆتەکەم لە ژوورەکەی ئەو دا بە جێ هێشتبوو بەلام سەرمای ئەو باکورستانە هیچ کاری لە لاشەی من نە دەکرد بۆیە زوو زووش بە دەم ڕێگاوە دەمووت وەرە ئێستا بگەڕێوە ماڵەوە بەم هیلاکییە دەست بکە بە قاپ شۆردن ، کە گەڕامەوە هێشتا (سەرخێڵ ) و ( یوسوف ) لە ژێر جێگا کە یانەوە بە بێ دەنگی و بە چرپەوە باسی منیان دەکرد . گوێم لێبوو ( سەرخێڵ)ووتی : ئەوە ئەو زاڵمە گەڕایەوە هەر لەبەر ئەوەی کە قاپەکان نەشوات چۆن خۆی لە ئێمە وون کرد ، ئێستا هەزار و پێنج سەد عوزرمان بۆ دێنێتەوە و ڕازیمان دەکات..!

منیش چوومە نێوان هەر دووکیان دانیشتم و پاڵم دا یەوە بە دیوارەکە بە زەردەخەنەیەکەوە ئاهێکی خۆشیم هەڵکێشا ..

یوسفی هاوڕێمان شاعیر بوو زۆر جار بەئەدەبیانە قسەی دەکرد ..

یوسوف ووتی : دەی چیت پێ یە باسی بکە بۆمان نازانم پێت بلێم دلت خۆشە یان بێزاریت؟ زەردەخەنەی لێوت

پرشنگی خۆشەویستی دەڕوێنێ و ئاهەکەشت لەگەڵ
هەناسەت حەسرەتی مەئیوسی پێوە دیارە لێت تێناگەم؟
جاروبار وا دەت بینم کە هەنگوینت لە دار گوێز دا
دۆزیبێتەوە و هەناسە کەشت ئەشک و خەفەت تیایدا
بەرجەستە دەبێت ....!؟

سەرخێڵ ووتی : واز لەم قسە ئەدەبیانە بێنن چی بووە بیڵێ
وامن خەریکە گوێرەکەیەکم دەبێت؟

منیش دیسانەوە ئاهێکی ترم هەڵکێشا و ووتم جارێ پێم بڵێن
قاپەکانتان شۆردووە تاریکە هیچ نابینم ، چونکە ئەگەر
قاپەکانتان نەشۆردبێ تواناى ئەوەم نامێنێ کە پێتان بڵێم
چی ڕوویداوە ؟!

سەخێڵ ووتی : تواناتت هەبێ خەسروە گیان هەر منی کڵۆڵ
نیم ئەبێ لە زەحمەتا جێگری تۆ بم و لە خۆشیشدا یوسوفی
برام جا لەبەر ئەوە قسەکانت بکە بە ئارامی.

یەکسەر باسی هەناسە ساردی کچۆڵەیەکم کرد کە بەدوای
ئازادی و یەکسانی دا وێڵ بووە وە ئازادی وەک زەرنەقوتەی
بێ دایک برسی کردوە وەک منالانی بێ سەریەرست کە هیچ
هەستێکی نەبێت بۆ ژیان یەکسانی ڕەقی کردبووەوە.

تا لە هەوری دنیادا وەک ئاوێنە بە مەلولی خۆی لەسەر
شەقامی ئەم وولاتەدا دەبینیەوە وەک بوخچە و پریاسکەی
ژنە لادێ ی تەلاق دراو لوول کرا بوو لەبەردەمی دەرگایەکدا
بە چیچکەوە بوخچەکەی ڕۆحی دەمی کرد بووە وە .
پریاسکەی نانەکەی کەڕووی کرد بوو ، هەناسەی وەک

بەنەخوێنی شەڕواڵ پیسەکان ڕەوابوو بووە لە نگێز بوو بوو، هەرەس ماتی کرد بوو بورانەوەش وەک هاوسەری دەستی لە ملی ئەو کرد بوو خۆشی لێ بوو بوەوە دێوە زمەیەک وە ئەو چۆلەکە و پەپولانەی کە خەیاڵی بە هەشتین بە سەرسەری یەوە وەك مۆرفین و کۆردۆین سەمایان دەکرد ..تلیاک و حەشیش بوبونە ئەسپی سپی باڵدار بەرەو زەبەلاحێکی بێبەزەی هەڵی دەگرت و دەیبرد بۆ لای هێکسێک کە بە سحری ووتە .. وای لێکردبوو لەبەر دەمیا وەک یوسفی کەنعان خۆی نیشان دەدا...!

تا ئێرەتێ گەیشتووم لە وە زیاتر نەمویست درگای دەمی ئەو زێرا بە بکەمەوە و بۆگەن و هاڵاوەکەی بەسەرمدا بێت بۆیە زوو خەفەم کرد وەک زۆپای دار هەموویم کردە ژێلەمۆ لەسەنگەری بەرگری دا دامنا و خۆم ئامادەکرد بۆ مەتەرێزی شەرەف بەتەواوی بەسەرهاتەکەم گێرایەوە بۆ یوسف و سەخێڵ..

ئاگام لە یوسوف بوو کە لە تاواندا باوەشی کردبوو بە بەتانیەکەیدا و زوو زووش پەنجەی خۆی دەگەست سەرخێڵ یش دەیووت کوا پیاوەتی ؟ کوا ئازادی ؟
ئەمە بەس تەنها جێگایەتی بکوژرێ و لە ناو قەبردا سەربەرەو خواری دابنرێ ئاخ و حەسرەت بو بونە گۆرانی لە بەینی یوسوف و سەخێڵ دا یارییان دەکرد یوسوف وەک حەیرانی دەشتی هەولێر دەیسەندەوە و سەرخێڵ یش وەک مەقامی بەیات و وەیلای بوو بەلایەوە هەر دووکیشیان مۆرەی ڕقیان لە من دەکرد ،کەسێک نەبوو کە ڕقی ئەوان دابمرکێنێتەوە ..!

بۆ یە ووتم : من هیلاکم بە یانی سپێدە کە نوێژمان کرد

دوعای خێری بۆ دەکەین لە پاشان ڕووە و جەستە دا ڕووخاوو ڕۆحە بە زیوەکەی ترێ دەڕۆین تا بزانێ کە سێ کۆڵەکە و سێ پایە لە ڕووی ئەو دا دیوان دەگرن ؟ مەبەستم ئەوەیە یەکێکیان بۆژێر باڵی ڕاستی و یەکێکی کە یان بۆ ژێر باڵی چەپی و ئەوی کەشیان لە پشتەوە ئامادە باشی خۆیان دەربڕێ .

ببخەون تا بەیانی خوا لە سوڵتان محمود گەورەترە کە چوینە لای شتی زیاتر ڕوون دەبێتەوە .

دە خۆشەویستان شەوتان شاد .

سەخێڵ لە ژێر جێگاکەیەوە هەر ئاخی قینی هەڵدەکێشا .

دەگوت : ئاخ چۆن کەوتینە ووڵاتێک کە غیرەت و شەرەفمەندەی بۆتە هەڵمی ئاو وە زۆر بە ئاستەم دەبینرێت ...!

زوو زووش پرسیاری لە من دەکرد ماڵی ترێ لە کوێ یە و دایکی ترێ کێ یە و ئایا باوکی ماوە ئەی براکانی ئێشیان چی یە وە پرسیاری زیاتر و زیاتر؟؟

پێم ووت : ئەگەر دەکرێت با بخەوێن بە یانی خۆت دەتوانی هەموو پرسیارەکانتی لێ بکەیت ئێستا لە کۆڵی من بەرەوە هەر دەڵێ ی پیرێژنەکانی ئەم ووڵاتەی ئەوەندە پرسیار دەکەیت ؟

توڕە بوو پێی ووتم : گەردنت ئازاد نەبێت . ئیتر بێ چرپە لێ ی خەوت تاکاتی نوێژ ، هەڵسانیەوە و من خۆم گۆڕی و یوسف و سەخێڵ خێرا بە دوامدا هەڵسانەوە دەستم کرد بە پێ کەنین ووتم :

ئەگەر ئەوە کوڕ بوایە دەهاتن لەگەڵمدا ..؟

یوسوف پێدەکەنی و سەخێڵ ووتی: من نایەم ئەگەر بێم خۆ لە بەر خاتری تۆیە دانیشت و دەم و چاوی دا بەیەکدا من هەر بە پێ کەنینەوە خێرا چوومە لای دەستم خستە سەر شانی ماچی سەریم کرد . ..ووتم :ئەوە چی یە شێتە گیان کەس ناوێرێ بلێ بەری چاوت کلی پێوەیە؟

یوسف ووتی: ناماسکارای پێوەیە باوی کل نەماوە بەزەردەخەنەوە هەڵساوە و پێڵاومان کردە پێمان و بەرەو نەخۆشخانە کەوتینە ڕێ بە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ ... چوینە ناو نەخۆشخانەکەوە

یوسوف ووتی : خەسرەو برۆ پێ ی بلێ کە ئێمە هاتووین بۆ لای نەوەک ئامادە نەبێ با ئاگادار بێ .
منیش ووتم :باشە چوومە ژوورەکەی سەیرم کرد لە ژوورەکەیدا نەبوو وا هەستم کرد کە چو بێت بە لایەکدا یان ئیشکی تایبەتی هەبووبێت زۆر چاوەڕێم کرد، بەڵام هەر دیار نەبوو چووم لە پرسگەی نەخۆشخانەکە پرسیارم کرد لە پەرەستارێک ووتی : کە ئەم شەو درەنگ ڕای کردووە وە نازانین کە بەرو کوێ ڕۆشتووە ، بەڵام ئێمە بە تۆ هەڵخەلەتاین ووتمان کە لایدا دەمێنیتەوە تۆ چۆن خوشکی خۆت لەو کاتەدا بەجێ دەهێلیت ئەی دکتۆر پێی نە ووتی کە نابێت پارە یان شتی گران بەهای پێ بێت وەک زێڕ و زیوو؟

زۆر سەرسام بووم ووتم : نەخێر نە ئەو خوشکی منە و نە دکتۆر هیچی بە من ووتوە پەرەستارەکە ووتی کە ترێ لە ناو پەرتوکی زانیاری نەخۆشخانەکەدا ناوی تۆی بە برای خۆی

بردووە بە داخەوە ئەو ڕای کردوە، چونکە پێویستی بە مادده سرکەرەکان بووە !.

دەبوو تۆش و ئێمەش زیاد لە پێویست ئاگادار بوینایە بە داخەوە .

ئیتر من تێگەیشتم کە هەڵەیەکی زۆر گەورەم کرد کە پارەم بۆ بە جێ هێشت زۆر بە مەئیوسی گەڕامەوە لای یوسوف و سەخێڵ زۆرمات بوو بووم.

سەرخێڵ : ها ئەوە چی یە چی ڕووی داوە خۆ سەلامەتە ؟

ووتم : نەخێر .

خێرا سەرخێڵ ووتی : مرد .

ووتم : نا بەڵام خۆزگەم بمردمایە و پارەم بۆ بە جێ نەهێشتایە بە داخەوە ڕای کردووە، چونکە لەشی پێویستی بە مادده سرکەرەکان هەبووە !.
نازانم چی بکەین با بڕۆین دیارە ئەوەی کە ئێمە چاوەڕێمان ئەکرد نەبوو ،خێرەکەمان تاکۆتای نە بردە سەر، بەڵام خوا چاکەی چاکەکاران وون ناکات بەویستی خۆەتی با بڕۆین برایان .

سەرخێڵ ووتی : خەسرەو ئەی تۆ نەت ووت کە کاتێ ترێ بێ هۆش بوو ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئەوت لێداوە .
منیش ووتم با وا بوو .

سەخێڵ ووتی :کەواتە سەیری ناو دەستی یەکەت بکە بزانە ژمارەکەی چەندە تەلەفۆنی بۆ بکە تا بگەڕێتەوە یان بچین بی بینین ، بۆ چونەکەی سەرخێڵ زۆر باش بوو گەڕام بە دوای ژمارەکەیدا و دۆزیمەوە بەڵام هەر چەندە من پەیوەندیم پێوە دەکرد بە داخەوە تەلەفۆنەکەی داخرابوو ..! هەرچۆن بووژمارەکەیم لە ناو دەستی یەکەمدا یادداشت کرد تا لیم وون نەبێت .

گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ئەو ڕۆژە هەموو داوای پشومان کرد بوو لە کارەکانمان ، یوسوف یش شێخ مەحشی یەکی خۆشی بۆ دروست کردبووین بۆ بەربانگ بێ ئێوە ناخۆش خواردمان .

سەرخێڵ ووتی : من دووجار قاپ پیس دەکەم جارێک لە پاداشتی دوێنێ جارێکیش ئەمڕۆ

پاشان لە دوایدا دانیشتین و قسەی خۆشمان دەکرد . بیرم هاتەوە کە جارێکی کە پەیوەندی بکەمەوە بە ترێ بە ( سەرخێڵ ) م ووت : کە دەتوانم کە تەلەفۆنەکەی تۆ بەکار بهێنم.؟

سەرخێڵ ووتی : دیسان بۆ ترێ خانە بە کاری بێنە تا دەیدۆزیتەوە، بەڵام من تێناگەم تۆ بۆ ئەوەندە خۆتی پێوە هیلاک دەکەی .
ووتم دیارە لەبەر تەلەفۆنەکەی‌تی کەوا دەڵێ ؟

ڕووم کردە یوسوف و پێم ووت : یوسف ئەوی تۆ بەکار دەهێنم .

سەرخێڵ سوێندی خوارد کەمەبەستی ئەوە نییە، بەڵکو-مەبەستی منە ،دەویەوێت ئارام بم وە خۆم بەوەوە وابەستە نەکەم تا ژیانم وەک جاران بە ئاراستەی سادە و ساکاری خۆیدا بڕوات.

سەرخێڵ ووتی : خۆم و دەستی یەکەشم لە خزمەت داین هەموو جارێک بەمن دەڵێیت شێتە ئارام بە ، بەڵام ئەم جارە سەرەی منە پێت بڵێم لە من شێت تر ئارام بە . دەستمان کرد بە پێکەنین و دەستییەکەم دایەوە دەستی سەرخێڵ و ووتم ڕاست دەکەی پێویست ناکات ئەوەندە سەر ئێشە بۆ خۆم دروست بکەم باکۆتایی بەو باسە بێنین خوای گەورە بمان پارێزیت چ دنیایەک تێکەووتوین برایان من تێناگەم ئەو کەسانەی کە باسی ئازادی ژن دەکەن دەیانەوێت ئافرەت بکەنە کەرەستەیەک بۆ خۆشی یەکانی خۆیان کە باس لە ئازادی ئافرەت دەکەن دەبێت ئافرەت خۆی دانەپۆشێ ئەمەش لەبەر ئەوەنییە کە مافی ئەوان زیاد بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئارەزووە شەهوانیەکانی خۆیانی پێ دابمرکێننەوە هەمیشە ئەو پیاوە شەهوانیانە یان ئەوانەی کە سەرمایەداری گەورەن دەیانەوێت کە ئافرەتان بکەنە داردەستی خۆیان .

سەرخێڵ ووتی : چۆن ؟ من تێناگەم لێت دەتوانی بۆمان ڕوون بکەیتەوە.

ووتم : برای بەڕێزم کاکە سەرخێڵ گیان ، کاتێک کە باسی ئازادی دەکرێت بۆ ئافرەت دەیانەوێت ئافرەت ئازادبێت نەک لەبەرانبەر خۆیاندا وەك مافی مرۆڤ، بەڵکو ئازادی لەشی دەکەن بۆ نمونە کاتێ شۆڕشی ئافرەتان کرا لە شیکاگۆ لە

ئەمریکا بۆ ئەوە نەبوو کە ئافرەتان ڕزگار بن، بەڵکو جولەکەکانیی شیکاگۆ دەیان ویست ئەو کارخانەیە ئیفلاس پێ بکەن کە زۆربەی زۆری ئافرەتان ئیشیان تێدا دەکرد، بۆیە دەیانِ ویست کە ڕێگای ئەوانەوە کارخانەیە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان کە مەسیحیەکان سەرمایەیان تێدا کۆ کرددبووەوە، بۆیە ئەو شۆڕشەیان ناو نا شۆڕشی ئازادی ئافرەتان.

هەر لە وکاتەوە سەرمایەداران ئافرەتیان کردە داردەست بە ناوی ئازادی یەوە وە توانیان مۆنۆپۆلی لاشەی ئافرەتان بکەن ..

ئێوە دەزانن نوسینەوەی مافەکانی ئافرەت چەند ئافرەتێکی سۆزانی نوسیویانتەوە؟!!

یوسوف چۆن!

بزوتنەوەی ئافرەتان کە دامەزراوە بە پێی فەرهەنگی جیهانی نوێ کە لە هەناوی قوتابخانەی سەرمایەداریەوە سەرچاوەی گرتوە، دەگرێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس، یەکەم جار لە جاڕنامەی ئافرەتێکی داوێن پیس کە ناسراوە بە (ئۆلیم دی ژۆژیە) ی فەرەنسی لە ساڵی١٧٩١ هاتووە، پاشان لە ١٧ مادە پێك هاتووە یەکەم کەس کە راڤەی کردوە ئافرەتێکی ووجودی خێزانی سارتەرە بە ناوی (سیمۆن دی بوفوارە) کتێبەکە بەناوی رەگەزی دووەم نوسراوە، پاشان ئەم بزوتنەوە ژنانە نەهەمەتیە بۆ ئافرەت لە سەدەی نۆزدەدا ئەو یەهودیە پیسانە. جموجوڵێکیان پێدروستکردن لە ئەوروپاو ئەمریکا نارەزای و تا چەند کۆڕو سمینارو شتی لەوبابەتەیان بۆ گیراو دوایی لەگەڵ گەشەی مارکسیەت و شۆڕشی ١٩١٧

ئۆکتۆبەر زۆرگرنگی پێدرا لە لایەن مارکسیەکانەوە لە سەدەی بیستدا لە بەر کۆمپانیا گەورەکان بۆ دەستەبەرکردنی کرێکاری زۆرترو هێنانە دەروەی ئافرەت لەماڵەکانیانو بەپارەی کەم، ئەو ڕاپەڕینەی سەرتاسەریەی پێ هەڵسێنرا کە لە ئێرلەنداوە دەستی پێکرد تا ئوستراليا، داوای رێزگرتو مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرا..

کە بە درێژای..مێژووی ئیسلام ڕێزو حورەمەتی لەئافرەت گرتوە لە هەموو کایەکانی ژیان بەشداری پێکردوە، مەگەر هەندیك پۆستی دژوارو سەرەکی نەبێت لەبەر سۆزو هەست ناسکی ئافرەت لە هەندێك پۆست دورخراوتەوە، لەبەریتانیا بەهەمانشیوە ئافرەتێکی دەمشرو داوین پیس لە بە ناوی(پانك هریست) کە لەبەر جوانی و شەدەلاری کچەکانی کە زیاد لە ١٩ کچی هەبوو هیچی کچی خۆی نەبوو ئەوئافرەتانە بوون بۆ لەشفرۆشی بەکار دەهاتن پیاوانی شەهوەت بازیش بۆ خاتری جوانی و تێری حەزی خۆیو ماستاوکردنی لەبەردەم ئافرەت بزوتنەوەکانیان بە ناوی کچەکانی میسز پانك ناونرا..!

لە ئەمریکای سەرمەیەداری لە وولایەتی وایۆمنگی لە ساڵی ١٨٦٩ مافی ئافرەت درا تەنها مافی دەنگدانیان هەبێت ئەویش ئافرەتی سپی پێست ئەوە ڕەش پێست هەر حسابی بۆنەدەکرا بۆ پیاوەکانیشیان، ئەویش لە ١٩٢٠ لە دەستوری ئەمریکی بووە قانون برپاری لەسەردراو تۆمارکرا ، لە نیوزلەندا ١٨٩٣، لە ئوسترالیا١٩٠٢، لە نەرویج وسوید دانیمارك ١٩١٣، لەکەنەدا١٩١٧، لە بەریتانیاو نەمساو پۆڵەنداو مەجەرو جیکسلۆفاکیاو روسیا ١٩١٨ بەلجیکا ١٩٤٥ بۆ زانیاریت ووڵاتی سەرمەشقی عەلمانی کەفەرەنسایە ١٩٤٦ تەنها مافی

دەنگدانیان بەخشیە ئافرەت، دوای هەریەکە مەدرەسیەکی دروست کرد بەناوی قوتابخانەی شوعیەت ، وسوسیالستەکان، لیبراڵ دیموکراسی و مەدرەسەی ئاینی جولەکەو مەسیحی، کە مەسیحو جولەکە ئافرەت بە رۆحی پیس دەزان بۆ خزمەتی پیاو دروستکراوە..

ئەمە مافەکانیانە ، بەڵام بەخۆیان نازانم مافیان تەنها لای پیاو رووتکردنەوەیان بۆ حەزی پیاو

لە ئیسلامدا مافی ئافرەت لە سەردەمی خدیجەوە دەست پێدەکات کە سەروەتو سامانی خۆی بۆ پشتیوانی هاوسەرەکەی دەخاتە کارو یەکەم شەهیدی بۆ خەبات کردنی سومەیەیە..ئیتر ئەوانە سەرمەشقی ئەو پەیامەن، یەکم پاسەوانی ئافرەت ئەمعیماریە ، یەکەم موفتی خاتو عائیشەیە، یەکەم بەریرسی حەسبە ئافرتە خولەیە ، یەکەم دەنگی ئۆپۆزسیۆن ئافرتە لە ئیسلامدا کە هەڵشاویەوە بەدەم عومەری کوڕی خەتابدا ووتی تۆ ناتوانیت دەستنیسانی .. ماریمان بکەیت.. زۆری تر لەم باسانە

هەروەها بۆیە لە جێگا گشتی یەکاندا ئافرەت جوانەکان دایاندەمەزراندن، بۆ ئەوەی جێگای سەرنج بن بۆ پیاوە شەهوانیەکان وە کۆکردنەوەی سەرمایە بێت بۆ پیاوە دەوڵەمەندەکان باشە بۆ سەرپۆش بووە بەمۆرکی ئیسلام ، من پێم وایە ئەوان تەنها دەیانەوێت ئەو حورمەت و ئازادی و خۆشبەختی یە کە ئیسلام داویەتی بە ئافرەت بی پۆکێننەوە تا ڕەوشت لە فەرهەنگی ئەواندا نەمێنێ وە لەبەر شەهوەتی خۆیان ئافرەتان ئازاد بکەن، بەڵام چۆن ئازادی یەک کە ئازادی بێت تەنها بۆ کڕین و فرۆشتن و لە تەنیشت کاڵاکانی خۆیاندا

بازرگانیان پێوە بکەن ئەم داپۆشینە تەنها لەسەر ئیسلام کراوە بە ماڵ ، کەچی بەهەمانشێوە لە ناو هەموو ئایینەکاندا ئافرەت نابێت ڕووت بێت بێجگە لە ئایین لە فەرهەنگی زۆربەی زۆری وولاتاندا بە تایبەتی فەرەنسا سەرپۆش باوەبوە تەنانەت بۆتە مۆدێلێکی جوانی خۆیان کە پێ ی دەڵێن مۆدێلێکی لەچکی فەرەنسی ، هەروەها پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لە کلتور و فەرهەنگی میللەتاندا هەمیشە ئافرەتان داپۆشراو بوون تا ئەو کاتەی شۆڕشەکەی شیکاگۆکرا ، تەنها بۆ ئازاد کردنی لەشی ئافرەتانی دونیا بوو . بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشینەی گەلی کورد ئەوان هەردەم داپۆشراو بوون زیاد لە پێویست بەڵام ئیسلام هات تۆزێک ئاسان تری کرد ، چونکە ئەو وەختە سەروفێست و و کۆڵوانە و چارشێو یان عەبایان بە کار دەهێنا خۆ ئەگەر سەیری سەروفێست بکەین زۆر گران بوو بەسەر ئافرەتانەوە بە هەر جۆرێک بێت ئەمانە دەیانەوێت ئافرەت وەک تریێ لێ بکەن، هەمیشە وەک لۆتیەکان دەهۆڵێک و مەیمونێک بە دوای خۆیان دەخەن دەڵێن ئیسلام دوو ئافرەت بە شاهێدێک قبوڵ دەکات ئەم قەوانە ئەوندە لێدراوە کورد ووتەنی قەوانەکەیان سواوە .

جوانتر بڵێم ئەوان لای ئێمە ئەوان شازادە و ئێمەش خزمەت کاری ئەوانین ، بەڵام بە داخەوە زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانە لەمە تێناگەن و نازانن کە ئەوان مامۆستا و سەراپای ئەوان لە ڕووی ڕەوشت و بونیادنانی خێزانەوە لە ئەستۆی ئەوانگیراوە کە چی داوای مافەکانیشیان لە پیاو دەکەن دەبوو ئەوان مافەکانی خۆیان بەسەر پیاودا بسەپێنن و سەرچاوەی مافەکانیان لە قورئانەوە وەربگرن کە خوای گەورە مافی ئەوانی دابین کردبێ کەواتە موسڵمانان لە ئاست فەرمانی خوای گەورە دا ملیان تاڵە موویەکە، بۆیە دووبارەی

. دەکەمەوە کە ئەوان سەرکردە و ئێمەش جەنگاوەر

ئاگادار بووم سەرخێڵ سور بوو بووە وە بۆیە خێرا ووتی :
ئەرێ توانا تۆ ئافرەتت کرد بە چی وات لە من کرد کە نەوێرم
!. . لە ژیانما ژن بێنم زۆر قورسی مەکە برا لەسەرمان

خەسرەو: سەرخێڵ برام ئەمە ڕاستی یە دەبێ هەموو بزانین
کە ئێمەی پیاو بێدادین و ئەوانیش خۆیان ساویلەکەن
هەمیشە داوای ماف لە پیاو دەکەن بۆ یە دووبارەی
دەکەمەوە دەڵێم سەرخێڵ گیان ئەگەر ئەوان تێگەیشتبێتن
لەو پەرتوکەی کە خوای گەورە ناردویەتی بە خەڵات بۆ محمد
( صلى الله عليه وسلم ) وە بۆ ئوممەتی ئیسلام ئەویش کە
فرقانە واتە فەرقە لە بەینی حەق و باتڵ دا دەبێ لەو
دەقانەوە مافەکانی خۆیان بە دەست بێنن لە و کاتە دا زەنگی
تەلەفۆنەکەی من لێ یدا ، بەڵام دیار نەبوو کەلە کێوەیە کە
.. هەڵم گرت

: ترێ بە دەنگێکی ناسکەوە ووتی

ئێوارە باش کاک خەسرەو . داوای لێبوردن دەکەم کە نەدەبوو
ئاوا بە جێت بێڵم، بەڵام توانام نەمابوو دەبووایە هەڵبێم لە
دەست چارە سەرکردن، خۆت ئاسای نەک بم بەخشە بەڵکو
گەردنم ئازاد، کە چەند خۆش بوو کە گوێم لە ووشە
جوانەکات بوایە لە دەمی گوڵبارانی تۆ ڕۆحی منی بۆن خۆش
ئەکرد بم ببورە من زۆر بێ هێزم داوات لێدەکەم دەستم لێ
!.. بەرنەدەیت

ووتم :تەلەفۆنەکەت داخراوە ، بیکەرەوە تا من پەیوەندیت

لەگەڵ بکەم .؟

ووتی : دووسەعاتی کە تەلەفۆنەکەم دەکەمەوە من پارەم پێ نەما جارێ بە خوات دەسپێرم ئاگادار بووم کە قورگی پڕ بوو لە گریان ، بەڵام بە زۆر خەفەی کرد دیسان هەوای ترێ ! . کەوتەوە ناو هەست و بیرم

سەرخێڵ و یوسف ووتیان : یارمەتی بدە، چونکە زۆر ! . بێچارەیە بەڵکو خوای گەورە توشی خێرمان بکات

. ووتم : باشە ، با چاوەڕێ بین تا دەستی یەکەی دەکرێتەوە

هەر چۆن بوو کاتمان بردە سەر تا کاتژمێر ڕابوورد تەلەفۆنم کردەوە بۆی، بەڵام دەستی یەکەی داخرابوو کەمێکی کە چاوەڕێمان کرد دووبارە پەیوەندیمان لەگەڵ گرت زەنگی لێدا . خۆی بە دەنگێکی هێمنەوە ووتی : بەڵێ

پرسیم کرد بۆ نەخۆشخانەکەت بە جێ هێشتووە تۆ نازانیت کە پیویستت بە چارەسەر هەیە ؟
.
کەچی ئەو هەر قوڵپی گریانی دەدا لێ ی پرسیم کە کەست لەلایە ؟ من لەبەر ئەوەی کە ئەو شەرمەندە نەبێ ووتم : . نەخێر

ووتی ئەگەر دەکرێت من دێم بۆلات چونکە زۆرم پێویستم بە حەوانەوە هەیە زۆرماندووم ئەکرێت بۆ چەند سەعاتێک بێت بێمە لای تۆ تا بحەسێمەوە . ؟

ووتم: فەرموو ، وا من چاوەڕێت دەکەم ، بەڵام من لەگەڵ دوو هاوڕێمدا دەژیم دوای سەعاتێک ئەوان دەگەڕێنەوە ماڵەوە . ؟

لەبەر ئەوە وام بە ترێ ووت بۆ ئەوەی هێلێکی پێشین بۆ خۆم و یوسوف و سەرخێڵ دا بنێم .
ووتم وەرە بە زووترین کات وە تەلەفۆنەکەم داخستەوە . ؟

یوسوف و سەرخێڵ خێرا خۆیان پێچایەوە ووتیان دەڕۆین بەڵام من ترسێکم بۆ دروست بوو بوو نەم دەزانی چی یە . بە سەرخێڵ و یوسوفم ووت ئەگەر کرا دوای هاتنی ئەو بە کاتژمێرک بگەڕێنەوە ، چونکە نەوەک شتێکی لێبێت و بەسەرمدا ساغ بێتەوە .؟

سەرخێڵ دەستی کرد بە پێکەنین ووتی بۆ بە تەمای چیت ئاگاداری خۆت بە ..!

خۆ ناتخوات لەوانەیە داوای پارەی تر بکات بۆ مەزاجەکەی ئەگەر وابوو پشت ملی بگرە و فڕێ یە دەرەوە، پاش چەند خولەکێکی کەم لە جێگایەکی کەوە پەیوەندی کردەوە بە منەوە و .
ووتی : پاش پێنج دەقیقەی تر من دێمە بەردەم ماڵەکەت ..١

ووتم : باشە زۆرم بەلاوە سەیر بوو زوو ماڵەکەم پاکردەوە هەوای ژوورکەم گۆڕی و ئاوم گەرم کرد تا چای ئامادە بکەم پسکیتم خستە سەر قاپ و خۆشم پێکەنینم دەهات ، وام زانی کە ئەلیزابێتی یەکەم ڕوولە ماڵەکەم دەکات،، بە ئاستەمێک چوومە بەر دەرگای باڵەخانەکە و دیم وا بە

کەساسی ڕووە و من سەر دەکێشێت و کۆتەکەمی لەبەر دایە وە دەستی خستوەتە ناو گیرفانەکانی و وەک هەوری ڕەش چۆن مانگی تابان دەگرێت ئاوا شەرم ڕووی ترێ ی گرتبوو بە کەساسی یەوە سڵاوێکی کرد.

ترێ : بم ببورە من مایەی ناڕەحەتی و سەر ئێشە بووم بۆ تۆ .

دیسان پێم ووت : خوا بت بورێت خوشکی ئازیز تۆ خوشکی بەڕێزی منی ئەگەر هەر دوو خوشکەکەی خۆم لێرە بوونایە هەر ئەوەندەی تۆ بەڕێز و خۆشەویست بوون فەرموو با بڕۆینەماڵەوە ماندوو دیاریت من پێش کەوتموە ئەویش بە دوامدا برد ماڵەوە بە هێمنی شریتێکی قورئانم خستە سەر چووم بەلای چا تێکردنەوە بەڵام کاتێک گوێم لە ئاوازی ( منشاوی ) بوو کە سورەتی ( مەریمی ) دەخوێندەوە، هەموو گیانم ئارامی باڵی بەسەردا گرتبوو لە دەروازەی بە هەشت و دۆزەخدا خۆم دەبینەوە چومە لای تەجیلەکەوە و کزم کرد کە بە ئاستەم گوێم لێبوو ووتم :
ترێ خان بۆ ڕۆشتی لە نەخۆشخانەکە زۆر بێتاقەت بووم . ؟

بۆی گێڕامەوە کە لاشەی پێویستی بە ماددەی سڕ کەر هەبووە دەبووایە بڕۆشتایە .

ووتم : دەکرێت من برا بچوک یان ناوی لێبنێ کوڕی خۆت یان من قوتابی و تۆ مامۆستا چیت هەیە بیگێڕەوە ئەگەر چاک بوو با فێربم خۆ ئەگەر خراپ بوو با خۆمی لێ دوور بخەمەوە وا بزانە کە من تەنها بۆ گوێ گرتن دروست کراوم فەرموو با گوێم لێ بێ بیگێڕەوە با یارمەتی یەکتری بدەین؟

ترێ ووتی : زۆر باشە بەڵام سوێندم بۆ بخۆ کە ئەوەی پێت دەڵێم بەس تەنها بەینی خۆم و تۆ بێت .
ووتم : ناتوانم سوێند بخۆم لەبەر ئەوەی من دوو هاوڕێم هەیە ناویان سەخێڵ و یوسوفە وە ئاگاداری هەموو شتێکی تۆن تا ئەو کاتەی کە هاتویتە لای من، چونکە من و ئەوان یەک گیان و یەک باوەڕین، جوانتر بڵێم تەواوکەری یەکترین، ئەوەش بزانە کە چەپڵە بە دەست لێنادرێت ...
سێ ژیری بکەونە کار باشترە تالەیەک دانە لێرەوە سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەوان لە من دڵسۆزترن بۆ تۆ !

ووتی : لە چاوی تۆوە بڕوادەکەم بەوانەی کە تۆ پشت گیریان دەکەیت، چونکە بە ڕاستگۆی هەموو شتەکان دەخوێنمەوە لە ئێوەدا.

قسەکانیم پێ بڕی و ووتم : خوشکی ئازیزم ئەگەر دەکرێت با بانگیان بکەین بڕوام پێ بکە کە ئەوان پشت گیری تۆو منیش دەبن، چونکە ئەوان لە دەروازەی میحرابدا پەروەردە کراون هەر چۆن بێت کۆڵەکەن بۆ تۆ؟!

ڕازیم کردوو ئەوانیشم بە تەلەفۆنێک بانگ کردەوە . سەرخێڵ و یوسوفم پێناساند، بەڵام ترێ سەرسام بوو لەوەی کە دەستی برد لەگەڵ یوسوفدا تەوقە بکات ، یوسوف تەوقەی لەگەڵ نەکرد، بەڵکو دەستی گرت بە سنگی یەوە بۆی ، بەڵام سەرخێڵ دەستی هێناو بە گەرمی لاواندی یەوە و بە خێهاتنی کرد وە لە دوایدا دانیشتین وەک منالێک چۆن داپیرە چیرۆکی بەر ئاگردانیان بۆ دەخوێنێتەوە گوێ بیستی قەسەکانی ترێ بووین ..!

هەموو لە ئاستی ئەو دا سەرمان داخستبوو بۆ ئەوەی بتوانیێت بە ڕاشکاوانە قەسەکانی خۆی بکات دیار بوو ترێ ، کەشێکی باشي بۆ دروست بووبوو ڕەوشەکە بەلاوە سەیر بوو بۆیە ووتی پێشتر زۆر سانا بوو بەلامەوە کە لەگەڵ پیاواندا قەسە بکەم.. بەبێ هیچ پەردە و شەرمێک، بەڵام لەگەڵ ئێوەدا زۆر شەرم دەکەم هەر چۆن بووە قسەکانم وەک خۆی دەگێڕمەوە ئەگەر توانیتان یارمەتیم بدەن خۆ ئەگەر نە تانتوانی لەبیریکەن ناوم بانەزرێ لەوە زیاتر ئەگەر زۆریشم بۆهات خۆم دەکوژم یان خۆم دەسوتێنم .

خێرا پێم ووت : ئێمە بە دڵنیایی یەوە جێگای باوەڕی تۆ دەبین تکا دەکەم بەردەوام بە ئێمە گوێ بیستین فەرموو.

ترێ ووتی : لە دوای ئەوەی کە خۆم فێربووم بە کۆردۆین و مۆرفین بەکارهێنان ئێستا (( ئازاد ))داوای ئەوەم لێدەکات کە هاوڕێکانی خۆم فێربکەم و لەگەڵیاندا بیفرۆشم ئەوان باندێکی زۆر گەورەن لە (( دووکەسی ئەلبانی و سێ کەسی فارس و چوار کورد و بە منەوە پێنج ئافرەت کە دووانیان بێچارە کراون کە دوانیان فارسن و ئەوانی کە خەڵکی وڵاتی باکورن وە سەرۆکی ئەم باندە پیاوێکی دەوڵەمەندی ئەم باکورەیە ناوی ـ فین ئەندریاسە (( finn Andrijas)) ئێستا ئەگەر من شکاتیان لێبکەم خۆم ماڵ وێران دەبم، چونکە کەسێکی کە نا ناسم تا بتوانم ئەو ماددەیە بۆ خۆم دەستە بەر بکەم ، لە هەر دوولاوە ڕۆچووم ئەگەر واز بێنم ئەوا ئەوان خەڵکی کەی وەک من فێر دەکەن بۆیە پێتان دەڵێم تو خوا یارمەتیم بدەن ئیتر ئەوەندە گریا فرمێسک و هەنسک و دەنگی تێکەڵی یەک بوو بوون ...!

یوسوف تەحەمولی نەما دەستی کرد بە گریان ، سەرخێڵ لە تاواندا لێوی خۆی دەگەزی و منیش وەک بیری ئیرتوازی هەناسەکەم قوڵ تر دەبوو .

سەیرێکی یەکترمان کرد و یوسوف ووتی برایان چی بکەین ؟

سەرخێڵ ووتی: با بچین بیان کوژین .

یوسوف ووتی : سەرخێڵ گیان ئەوە ڕێگا نییە و بە ئێمە ناکرێ، چونکە ئێمە پیاو کوژ نین .
سەرخێڵ هاواری کرد ئەی چی بکەین چی دەبیڵێن ؟

من بێ دەنگی دایگرتبووم نەم دەزانی کە بۆ کوێ هەنگا و بنێین ؟

یوسوف کوڕێکی زۆر ئیماندار بوو ئیمانی تر بوو لە ئێمە پێی ووتین گوێ بگرن برایان ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ترێ یە ؟

یەکەم : بابزانین چۆن ترێ بپارێزین لە دەستی ئەوانە و بشتوانین کە ئەو ماددەیەی بۆ دەستە بەر بکەین .
دووەم : هەموو یاساکانی دونیا دژی ئەو کارەن با ئێمە بەرپرسیاران ئاگادار بکەینەوە ئەوانیش ڕێگامان بۆ دادەنێن و لە دوعای خێریش یەکتری بێ بەش نەکەین .

بەلای منەوە ڕاکەی زۆر پەسەند بوو .

یوسوف دیسانەوە ووتی ئەگەر هاتوو سەری نەگرت ئێمە لە دینەوە فێری ئازایەتی بووین وە هەر بەم ئاینە پیرۆزەش

زەلیلیان دەکەین، چونکە کاری ئێمە بۆ خوایە وە خوای گەورە پشت و پەنای لێقەوماوانە بۆیە پێتان دەڵێم بە قسەم بکەن و بە هێمنانە کارەکان ئەنجام بدەن ؟

سەرخێڵ : چۆن ؟

یوسوف ووتی : برام هێمن بە زۆر ئاسانە ئەو کەسانەی کە بە دوای خراپە دا دەگەڕێن زۆر ترسنۆکن من لەگەڵ ترێ دا دەچم بۆ پۆلیس لە وێ سکاڵای خۆمان دەکەین، بەڵام ت

دوای ئەوەی هاوڕێکانم جێیان هێشتم و هەریەکە بەلای کارو و بەڕێوەبردنی ماڵ و ژیانی خۆی بوو منیش ، بەتەنها لە شوقەکەدا مامەوە ، ڕۆژانە دەچومە سەر کارەکەم ..

وولاتی نەرویج بڕیارێکی دەرکرد کە ئیقامە لە دووهەزار کوردی عێراقی وەردەگرێتەوە ، یەکێك لەوانەی بەندە بوو بەرئەوبڕیارە کەوتم ، بەوهۆکارە کارەکەم لەدەستدا .. لەڕاستیدا ڕێگای کارکردنم بۆ هەبوو سەرەتا ، بەڵام دەبوو مانگانە بچومایە نوێم بکردایەتەوە ، ئەو کۆمپانیایە من کارم بۆ دەکرد ئەوەی قوبوڵ نەکردو ، کارەکەم لەدەست دا ..

کرێ شوقەکەم زۆر گران بوو بەتەنهاش بووم ، ئەوە بڕیارەش بووە هۆکاری ئەوەی کە زۆرێك لە کوردەکان ئەو ووڵاتە بەجێبهێڵنو بڕۆن بۆ بەریتانیا ..منیش ئەو بیرۆکەیم لە مێشکدابوو ، بەڵام نەمکردبووە بڕیار..!

بەیانیەك بەلا مارکێتێکدا ڕۆیشتم نوسرابوو خەڵکمان پێویستە بۆکار، مەرجی وەرگرتنی کەسەکەش دەبوو بیزانیایە ..لە کاشێر و داواکردنی کەرەستەی مارکێتەکەو ناوی هەمووکەرەستەکانی بزانیە بەزمانی نەرویجی و هەندێك کاری تریش ..!

لەڕاستیدا منیش هیچم نەدەزانی؛ تەنانەت زمانەکەشم باش نەبوو ، پێشتر کاری بەقاڵیو کرێکاریم دەکرد ، چوومە ناو مارکێتەکە ..کچێك لەسەر کاشێرەکە دانیشتبوو ، واتا داخیلەکە ، بەزمانە شەق شڕەکەی خۆم ووتم :دەمەوێت قسە لەگەڵ بەڕێوبەرکەی بکەم ..

کچەکە زۆر بەئەدەبەوە هاتو بە پێکەنینەوە بردمیە بەردەمی دەرگایەك لە پشتی مارکێتە .. هاواری کرد عاتیف عاتیف .. کوڕێکی گەنجی پاکستانی هاتە دەرەوە .. تەوقەمان کردو ووتی: فەرموو؟

منیش: بەئاسای پێم گووت بەدەرگای مارکێتەکەوە ئیعلانێکم بینیوە هاتووم کار بکەم ؟

عاتیف : لە ئیشی مارکێت دەزانیت، هیچ ئەزمونێکت هەیە ؟

خەسرەو : بێخەمبە هەمووی کاری خۆمە ، بەڵام تۆزێك زمانەکەم باش نیە ..!

عاتیف: نا- زمانەکەشت باشە ئێستا بڕۆ دەست بکە بەکار ..!

ووتم باشە .. ئەوکارەش لەنەرویجدا نادریت بەهەموو کەسێك دەبێت زۆر شارەزابیت و بتوانیت موشتەری بە ڕێبکات..زۆربەی کوردەکانی ئەو ووڵاتە کە خاوەن جنسیەش بوو ئەوکارەیان وەرنەدەگرت، من تەنانەت ئیقامەکەشم لەدەست داوە..!

عایتیف هاواری کرد ، لە کچی سەر داخیلەکە .. لیندا ، لیندا .. وەرە ئەم هاوکارە نوێیە بەرە فێری هەندێك شتی بکە..!

لیندا : جۆنی باشی ، چی دەزانیت لە کاری مارکێت ..؟

خەسرەو : زۆر شت ، بەڵام لەبیرم چۆتەوە هەندێکیم فێر بکە..!

ليندا دەستی کرد بە قسە کردن ، خۆی لەبنەڕەتدا دایکی ئەمسای بوو باوکیش نەرویجی بوو وای دەزانی من نەرویجیەکەم زۆر باشەو موهیمە وەك نەرویجی مامەڵەی لەگەڵ کردم ..

من هەر هیچ تینەگەیشتم .. هەر دەمگووت بەڵێ.. بەڵێ ، بەزمانی نەرویجی هەردەمگووت .. یا .. یا .. واتا بەڵێ

هیچم نەدەزانی کاتی نوێژی نیورۆ بوو ، چومە پشتیی مارکیتە دەستنوێژم گرتو نوێژم کردو هاتمەوە بۆ ناو مارکێتەکە هەر هەڵدەخوالم هیچم نەدەزانی ..

لە دوای کاتژمێر دوو وە بوو .. کوردێك خۆی کرد بە مارکیتەکداو چووە ژورەوە هاوتەمەنی خۆم بوو جلی گۆڕی و دەستی کرد بەکارو ليندا رۆیشت ، چوومەلای ووتم کاکە ناوم خەسرەوە من هیچ نازانم ئیقامەشم نیە ، ئەمڕۆ دەستم کردەوە بەئیش ، تکایە هاوکاریم بکە بە دەرنەکریم پێویستم زۆر بەکارە، ووام دانابوو کوردە هاوکاریم دەکات؟

ئەویش ووتی باشە .. هەرچی چووم بەدەوریدا هیچی پێنەوتوم فێری هیچی نەکردم ، دواى چوو بوو لای خاوەن کارەکە بەدزیەوە شکاتی لێکردم ووتی : ئەم کوڕە بۆ کاردەکات ئیقامەی نیە..!

عاتیف : بانگی کردم ووتی : ببورە تۆ بەیانی مەیرەوە بۆ کار .. تەلەفونەکەت دابنێ کەی پێویستم پێت بوو بانگ دەکەم

زانیم دەرکارم .. منیش هیچم نەگووت ٤٠٠ کۆرۆنی دامێ ..

..وەرمگرتو هاتمە دەرەوە
لەپشتی مارکێتەکەوە رۆشتم تەماشام کرد ٢ پیاو کوڕێکیان داوە بەسەر سەیارەیەکەدا لی ئەدەن ، هەمووی پاکستانی ، جا شەڕی پاکستانیش زۆر ترسناکە ، لەنەرویج تایفەیان هەیە، بە دەمانچەو سیلاح شەڕدەکەن ، من لەدورەوە چاوم لێبوو زۆریان دا لەو کوڕەی تردا بەودوانە ..

منیش ڕامکرد بۆ ناوبژی.. بۆ ئەوەی نەهێڵم شەر بکرێت ، هەرچی بە نەرویجی ووتم برا مەکەن برا وامەکەن ..؟ بەخوا یەکێکیان یەك شەقی هەڵدا لەمن خوا رەحەمی پێکردم لە پیاوەتی نەکەوتم ..

زۆر ئازارم پێگەیشت.. ئینجا منیش کەوتمە کوتانی ئەو کەسەی کەشەقەکەی تێهەڵدام ، من حەقی شەقی خۆم دەکەمەوە نازانم ئەوە کێیە لیێان دەخوات ، ئەویش کەمنی بینی باش شەردەکەم ، ئازابوو ، ئەوی تریان گرتو دەستی کرد بەلێدانی، بەڵام من زۆر داخ لەدڵ بووم شەقەکم بەناحەق خواردبوو ، وازم لێندەهێنا.. لەوانیە دەجار پێما کێشابێ..

تۆزێکی پێچوو، سەیارەکی تر هات دوانی تری تێدابوو .. نەمدازانی لە سەر ئێمەن یا دژمانن .. بەوکوڕەم ووت، ئەمانە فامیلی تۆن ؟

ووتی: ئەمانە کیسە گوون ؛ بۆ شەر هاتوون ، جنێوێکی نەرویجیە ، بەیەکتر دەڵێن کیسە گوو ..

لەدڵی خۆمدا ووتم خۆم باش تووش کرد ، لەهەوڵی ئەودا بووم ڕاکەم ، ووتم جا من حەقی ئەم هەتیوەم چییە؛ با

ڕاکەم ، بەخوا یەکێکیان بۆم هات لە ئەمیتا باباجان دەچوو، زۆر درێژ بوو..
چوومە لای کوڕەکەوە ووتم چەقۆ دار بەرد هیچ پێنیە ووتی : ئەوە سەیارەکەمە تیدایە .. فریا نەکوتم دەستیان وەشاند منیش هەرچۆن بوو دەستم وەشاندەو خۆم گەیاند لای سەیارەکەی ، داشبۆردی سەیارەم کردەوە دەمانچەیەکی تیدایە ...
لەدڵی خۆمدا ووتم: ئەی بەقوربای ئەو خوایە بم ..ئیشم دەڕوات.. ٧ ملمێکی زۆر باش بوو نوێ تازە ، ئەوەندە جوان بوو خەریك بوو بیبەم بۆ خۆم هەر شەڕنەکەم ، بەڵام ئەو کەسەی کە لەئەمیتا بابجان دەچوو وازی لێنەهێنام هەر دەهات ، وای دەزانی من باوکیم کوشتوە .. میلی دەمانچەم هێنایەوە .. رووەتێکرد ..

ی بەیەکدا بەپاکستانی هەرەسوپاس بۆ خوا لاڵ بوو ..د تنەگەیشتم ، منیش بەکوردی جنێومئەدا بەخوا ئەوانی تر ڕایانکرد و سەیارەکەیان بەجێهیشت.. کوڕە پاکستانیەکە هاتە لام یەك دوو شەقمان بەهەردووکام لە دریژەکەدا ئەویش رایکرد .. دەمانچەکەی لەمن سەندو خستیە ناو سەیارەکەی تێڵایەکی دەرهێنا لەسەیارەکەی خۆیدا دەستی کرد بە جام شکاندی سەیارەکەی ئەوان ، ئاودیەکی زۆر جوان بوو ئینجا من ئەوم دەگرت..

.. کراسو شتەکەم هەموو دڕابوو

ئەو کورە بەمنی ووت سەرکەوە برۆین خۆمان بگۆڕین ، سواری سەیارەکەی بووم ، هەر سوپاسی دەکردم، بەنرویجی قسەی دەکرد لێ تینەگیشتم زۆر لەبەردەم ڤیلایەکدا وەستا

چووینە ژوورەوە ، ژن هات بەرەورووومان و پیاوێکی پیر و لەگەڵ ئەودا قسەیان کرد ، منیش هەر لەبەر دەرگاکە .. راوەستاوم

دوای کە تەواو بوو بیریان کەوتەوە منی لێم ناردمیە حەمامەکە خۆیان و دەموچاوم شۆردو بەس هەر خوێن .. دەهات بە رومەتمەوە جێگای چرنوکی ئەوانی تربوو

کراسو پانتۆلی خۆی بۆ هێنام و لەبەرمکرد تۆزێك گەورە بوو .. بەس چار نەبوو، ئەوانەی خۆم بەکەڵك نەدەهات دانیشتین و دوای نانخواردن .. عاتیف خاوەن دووکانە خۆي کرد بەژووردا و تەماشای منی دەکردو بە پاکستانی لەگەڵ ئەوکوڕەدا قسەی دەکرد ، زانیم ئەو کوڕە ناوی شاهیدە .. برا بوون شاهید برا گەورەی بوو ،خاوەنی مارکێتەکە بوو ٤ !.. مارکێتی تری وایشی هەبوو، باوکیان ناوی موشتاق بوو

من نەمدەزانی چی دەڵێن دوای چەند کاتژمێرێك ، خواحافیزیم کردنو پاشان ووتم ئەوە ژمارەی من ..لای عاتیف .. هەیە چیتان پێویست بوو من ئامادەم

!.. کەوام ووت، شاهید ووتی بەیانی وەرە بۆ کار

ووتم : کام کار .. ئیشی مارکێت یان شەڕ

شاهید : دەستی کرد بەپێکەنین ، ووتی تۆ برای منیت، بەیانی .. وەرە خۆم لەوێ یەکتر دەبینین

بەیانی کەچووەمەوە ، مەقیفم بەهێز بوو : ووتم شاهید من

زمان نازانم وەرقەی کارم هەیە ، بەڵا ئیقامەم نیە .. واتا من .. ئیشی سپی دەکەم . ژمارەی بانقیشم هەیە هیچ کێشەم نیە .. بەڵام ئەوە گوزەرانی منە

شاهید ووتی : خۆم فێرت دەکەم هەموو ئیشەکان و لینداش فێری زمانت دەکات، تۆ سەرپەرشتی دووکان بکە ..!

ماوەی یەك مانگ بەردەوام بووم فێری هەموو شتەکانی ناو دووکانە کە بووم خۆم هەموو ئیشەکانم دەکرد .. ئیتر بەیانیان کاتژمێر ٨ بەیانی مارکێتەکەم دەکردەوە و ١١ شەو .. دامدەخست
ئەوەندەم پارە پەیدا کرد نەمدەزانی چی لێبکەم ..هەمیشە ژێر فەرشی ماڵەکەم پڕبوو لە هەزار کرۆنی ، پیاوەتیم لێدەکرد دەمناردەوە ، من لەو وولاتەشدا بۆم نەبوو هیچ موڵکێکم هەبێت بێجگە کارکردن ، بەهەرحال بەردەوام بووم ، لەگەڵ لیندادا بەینمان خۆش بوو .. زۆر هەوڵمدا لەگەڵیدا ..ببیتە موسڵمان .. هیچ نەبوو

لە یاقوت و مرواری دەچوو ، ئەوەندە جوان بوو، هەرچی ئافرەتی دنیایە لەبەرچاوم کەوتوبوو تەنها لیندام دەبینی..قژی ئاڵتونی باڵای بەرزو ناسکو بەفر ئاسا .. وەسف ..ناکرێت بۆم ئەوەندە جوان بوو

من چەندە ئەوم خۆش دەویست دەمزانی ئەویش هەر ئەوەندە .. هەمووجارێك دەیگووت تۆ لەچی دەترسی ؟

دەمگوت لەخوا ، من ئەمەوێت بتهێنم و شوم پێبکەیت، بەو مەرجەی ببیتە موسڵمان ؟

.. ئەوە دەیگوت باشە؟ بەس موسڵمان نابمە موسڵمان

پرسیارم کرد ، لەزانایان ئایا دەتوانم کچێکی بێدین بینم ، !.. هیچ دینێکی نەبوو

مامۆستا عەبدوڕەحمان بەرزنجی ، زانایەکی گەورەیە لە نەرویج ، ووتی ناتوانیت کاکە خەسرەو بیهێنیت ، یان دەبێت .. مەسحیەکی پابەند بێت، یاخود بێیتە موسڵمان

ئەمجارە چووم بەلیندام دەگوت بۆ نابیتە مەسیحی .. ووتی بڕوام پێی نیە، هەر درۆی لەگەڵ نەکردم ، منیش نەمتوانی درۆ لەگەڵ خوا بەکەم ،لەبەر خاتری حەزەکەی خۆم و بیهێنم بڵیم مەسیحیە ..؟

زۆر هەوڵمدا لەرووی شەرعەوە شتێکم دەەست بکەویت، هیچم دەست نەکەوت ، ناچار هەردوو لا وازم لە یەك هێنا، ئەوەندەی بزانم ئێستا ليندا لە بانکۆکە لە تایلەند .. لەکۆمپانیەکی نەرویجی کار دەکات

ئەمە ئە شیعرەیە کە بۆ لیندام نوسیوە

بەفرێکی چاو سەوز

وەرزی ئەوینم ووشکە
بەڵام....
جوانێکی بەستەڵۆکی باکور
ئاوپرژێنی ڕێبواری سازان دەکات
بەچاوانی ڕێگای وون بووم ڕۆشن دەکات

...لەدەروازەی خەمی مندا
!گۆرانی و ئاواز دەپچڕێ
...لە هەواری بن دەواری وەرزی خەندە
بەفری چاوسەوز دەبارێنێ
... دە وەرە دەی دەستم بگرە
تا لە شەو ڕێی ڕێبواراندا ڕێگا بگرین
...تا لە جوانی ڕووی تۆ
تەماشای سورەیاو یا قوت و گەوهەرت کەم
...دەوەرە جارێکی تر
با عەتر بارانی گەردنی مواریت کەم
...تا لەم باکورە
گوڵ پرژێنی بەفرە پرچ ئاڵەکانت کەم
یان هەناسە ساردی خۆمت کەم
چی یە بۆ بێدەنگی لە دانوستانی من؟
چی یە بۆ چاوت بڕیوە تە چاوم
وەك ئاوێنە سەیرم دەکەیت
چی یە بۆ تاڵی قژی کاڵت
سەری چاوتی گرتوە
!بە دانیشت لێوت بە خواری دەگەزیت
بۆ هەناسەی قوڵ هەڵدەکێشیت
یان دەتەوێت دڵی پشکۆم بکەیتە ژیلەمۆ
بۆ یاری بە هەستی سوتاوم دەکەیت
وەك چەمی خوڕ دەست لە ئاوی دڵم ڕادەگوازیت
دیسان گەمە بە هەستی ناسکی سازان دەکەیت
...دەوەرە دەی
سەرت بنێ بە سینەی بۆن کڕوزی ئەوینی من
لێوت بخەرە سەر سنگی من
سەر و قژت بنێ بە دەمە

...با هەڵمی ئەم سەرما و بەفرە
... نە تۆ ببەستێ
نە منیش سەرما بردەڵە بکات
ئاخ چ بۆن خۆشە بۆنی ئەو قژ و هەناسە گەرمە
سۆزی من
ئاوازی من
دڵی من
چ بۆن خۆشە ئەو قژەی تۆ

کە نائومێد بووین لەیەکتری .. من هەر لەبیری ئەوەدا بووم چۆن بڕۆم لەووڵاتی نەرویج ، زۆر رقم لە سەرماو کەش و هەوای ئەم ووڵاتە بوو، حەزم دەکرد بڕۆم تیدا ...

کوڕێکی خزمم لەم ووڵاتەیە دەمێکەیە .. میوانێکی لە سویدەوە هاتبوو ڕەبەن بوو واتا زگوردی بوو ئەو خزمەی منیش خاوەن خێزان بوو، حەزی نەدەکرد لەماڵی خۆیاندا بیخەوێنیت ناردی بۆ لای من ، هەڵەبەت هاتبوو لە سویدەوە بۆ نەرویج بۆ ئیش دەگەڕا .. ئیشم بۆ دۆزیەوە ، ئەهاتەوە لای من ماوەیەك کاریکرد بەس دیار بوو زۆر حەزی بە نەرویج نەبوو گەڕاییەوە بوسوید ، تەلەفون لە نێوانماند اهەبوو ..

ڕۆژێك لەسوید لە ڕادیۆی باسی منی کردبوو کە شیعر دەنوسم ، کۆڕێکی شیعری گیرا بۆ چەند شاعیرێك منیشیان بانگ کرد ، چووم ، لەدوایدا هەرێم دەست خۆشی لێکردم و ووتی دەچینەوە بۆ ماڵی ئێمە بۆ ناخواردن ، کەچووم لەماڵی ئەوان کچێکی لێبوو ، ناوی نەوژین بوو ، چاوم چوە سەری .. ئەویش دیاربوو ئاگای لەچاوی من بوو ، بەڵام من گەڕامەوە

بۆ نەرویج و لەدوای چەند رۆژێك تەلەفونكرا و ئەحواڵ پرسی هەواڵی نەوژینم پرسی ، ووتم هەرێم بزانە شوناكات و پەیوەندی نێوانمان ڕێك بخە....

هەرێم: بەسەرچاو خزمی خۆمە و تابڵێ کچی چاکە ..

خەسرەو : زۆر باشە ..ئاگادارم بكەرەوە بەزووی ئەگەر ئەوە بێیت بەنسیب ناڕۆم بۆ بەریتانیا ..!

دوای دووهەفتە هەرێم تەلەفوونی کرد ، ووتی قسەم لەگەڵ نەوژین کردوە پێخۆش بووە ووتیەتی با لەگەڵ خەسرەو قسە بەکەم ؟

لێرەدا .. عیشق مانای نامنێت ، تەمەنە بەرەو سەردەڕوات و مرۆڤ هەست بە دامەزراندنی خۆی دەكات دەبیت ئیتر ماڵ دروست بكات ژیانی هەبیتو ببیتە خاوەنی منداڵ ، وەك پرۆسەیەکی كۆمەڵایەتیە دەبیت هەموو كەسێك پیدا بڕوا ..

بەو هۆکارەش دەبوو من بەدوای ژندا بەگڕامایە ، چونکە بەهۆکاری ئەوەی خەڵکانیکی وەك ئیمەو مانان کاری داوێن پیو سو نەدەچووینە دیسکۆکان و ژیانیکی ئاسایو سادەمان هەبوو ، بوارێکی ئاسای بوو دەگڕاین بەدوای دروستکردنی خێزاندا ، هەرچەندە ئەمە لای هاوڕێ نا پاپەندەکانمان بە ئیسلامەوە ، جێگای گاڵتە پێکردنوو ، دەیانگوت خۆی توش کرد بە ژنەوە ..!

لێرەو عیشق موراحیقانە ، باوای نامنێت و گۆڕنکاری قۆناغێکی ترە، بەڵکو بەرو ڕووشدێکی تر مرۆڤ دەڕوات ،

..ئەویش دروسکردنی کەسایەتیو بونیادنانی خۆیەتی

لەدوای قسەکردن لەگەڵ نەوژین و بەتەلەفون گۆڕینەوەی
!..بیرو ڕا ڕازی بووین کە ببهینیم

لە کوردستان کەسوکارم نارد بۆ داوای و لێرەش خۆم داوام
کرد لە خوشکێکی گەورەی و برایەکی .. هەموولا ڕازی بوون
..

بڕیاردار کە من لە نەرویجەوە بچمە ستۆکهلم دانیشم ژیان
.. دروست بکەم

دوای هەموو شتێك جیابوونەوە روویدا بۆ؟

چوومە داوای نەوژین و هەوولایەک ڕازی بوون ، وا هەستم دەکرد ژیانم خۆش دەبێت، نەوژین تا بڵێ کچێکی چاکو خاوەن حورمەت و ئەدەب بوو و جوانیش بوو ..

ئەوە لەوە دەترسا کەمن دڵم پیس بێت..

منیش لەوە دەترسما ڕۆشنبیری من قوبوڵ نەکات ، چەند جار ئەوەمدا بەگوێدا کە مرۆڤی دڵ پیس نەخۆشی دەرونی هەیە ، خۆی پیسە بۆیە دڵیشی پیس بووە ..

بەڵام کاتێك مرۆڤێك پارێزەری حەییاو حوورمەت و کەسایەتی خێزانیەتی ئەمە ناکاتە دڵ پیسی ، بەڵکو ڕاگرتنی خێزانە، چونکە پیاو هەمیشە پێشنگە بۆ هاوسەرەکەی ، ئەگەر پایوەکە درزۆن بوو یان داوین پێس بوو ، یاخود دز بوو یان هەر کارێکی بەد ڕەوشتی تر ، ئەوا هاوژینەکەی یان چاوی لێدەکات ،یاخود تۆڵیی لێدەکاتەوە ، یان خێزانێك سوك و هەمیش ەئاژاوە لەماڵیاندایە ..!

دیار بوو ، نەوژین ئافرەتێکی تابڵێت ناسك و هەست جوان بوو ، بەڵام دنیای ئەو دنیا من دوو شتی جیاواز بوو ، ئەو حەزی دەکرد لەناو خەڵکیدا خۆی بنوێنیتو شانزای بەهاوسەرەکەیوە بکات ، ئەمە لەڕاستیدا بەشێکی باشەی تیدایە زۆر خراپ نیە ، خراپەکە لەودا بوو ، کە دەیویست لەسەر برینی خەڵکی تر یاری بکات ، دەیوسیت خۆی بابدات لای هاوڕێکانی ئەوان خاوەن هاوسەر نەبوون خاوەن دەستگیران نەبوون ، چەند جار دەمگووت ، سەما مەکە لەسەر برینی ئەوان ، کیشە نیە ئەوەی تۆ پیت خۆشە لەمندا دەیکەم ، حوورمەتت دەگرم چام ناچیتە سەر هیچ ئافرەتێکی

تر هەرگیز خیانەت ناکەم ، لەهەمانکاتدا مەنەتیشت بەسەردا ناکەم بڵێم بۆ تۆی دەکەم .. نا - بەڵکو ئەوە ڕەوشتی خۆمە تۆ خێزانم بیت و یان نەبیت من هەروادەبم !

ئەوەی من دەمویست ببێت داپۆشراوی بوو .. کەچی ئەو بەدڵ پیسی تێدەگەیشت..!
ئەوەی من دەمویست ببیت خواناسی بوو .. کەچی ئەو وای دەزانی من کەسێکی داخراوم ووشکم !

ئەوەی من دەمویست کە ئافرەتی خۆی ببپارێزیت و وەك ئافرەتانی شەرقی رەفتار ، چونکە ئیمە ئەوروپی نین ..

بە پیچەوانەوە ،ئەویش دەیوسیت من کەسێکی خۆی ئاسای بم ، ئەوروپی رەفتار بکەم ، جلوبەرگم جلوبەرگێکی نامۆ بیت ، تێکلاوی هەموو کەس بکەم ..وەهەروەها ..

لەگەڵ ئەوەی زۆر یەکتریمان خۆش دەویست ، بەلام نەمدەویست من درۆی لەگەڵ بکەم ، هەستیشم دەکرد من تەلەفزیۆنم نەکڕیوە، یاخود سەلاجە تا گرنتی لەگەڵ بێت، بۆیە رۆژێك هەردووکمان بەیەکەوە چووینە دەرەوە بۆم باس کرد کە من تۆ زۆر دوورین لەیەك ..

ڕاستە یەکترمان خۆش دەوێت ، بەڵام خۆشەویستی و حەز لەیەکترکردن جیاوازە لەگەڵ رەحمەتی نێوانمان و گرێدانی خێزانی وهاوسەرگیری ، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات من لە جەمسەری باکور و تۆش جەمسەرێکی تر بگریت ، ئەوا خۆشەویستی دەبیتە رقو کینەو بوغزو ، منیش پیاوێکی تورەم دەترسم ئازار بخۆیت بەدەستم .. پێت چۆنە لەم

لوتکەیدا جیابینەوە ، یان ئەوەی من دەمەوێت وابیت؟

دیاربوو ئەویش داواکانی منی پێقوبوڵ نەکراو زۆر بەهێمنیو بەئاسای جیابووینەوە تەنانەت ئەو ئێوارە کە لەماڵی خوشکەکەی نامن خوارد هەموو شیك کۆاتی پێهات ، هەموولا دەستیان کردە گرینو نارەحیت بوون بە ڕەوشەکە، بەڵام چار نیە ، خۆشەویستی خێزانی چەند ڕۆژژێك نیە ، من .. گەڕامەوە بۆ نەرویج بۆسەرکارەکەم

کۆاتی بەو ژیانە هات ، ئاگام لێبوو خەڵکی زۆر باسی دەکردم ، دەیانگوت خەسرەو لەگەڵ کەس ناگونجێت ، بەڵام من گوێم بەقسەی کەس نەدا، ئەو ساڵە ئیقامەی ساڵێکم بۆ نوێکرایەوە ، سەفەرمکردەوە بۆ کوردستان ، گەڕامەوە بینیم شەهید وعاتیف دوکانیان پێداخستنو شەهید ڕایکردوە بۆ بەریتانیا.. !.. ٥ ملیۆن کرۆنی لە حوکومەتی نەرویجی دزیەوە

وازم لەوان هیناو گەڕام بەدوای کاردا دووبرای فارس بەناوی بوون ، (eleven سەعید و کاوە خاوەنی کۆمپانایی (7 چوومە ئەو دووکانە دەستم کرد بەکار ، ماوەی ساڵێك کارم کرد یەکەمی هەموو نەرویجم گرت بۆ زۆر فرۆشی ، رۆژنامەو گۆڤارو تەلەڤزۆن باسی کردم ، ١٠ کرۆنم بەدیاری وەرگرت لە کۆمپانیەکە بلیتێکی تەیارە بۆ ئیسپانیا و لۆگۆیەکی ئاڵتونی کۆمپانیاکە کە نزیکەی بای ١٥ هەزار کرۆن .. بوو

پاسۆرتەکەم ٢ مانگی تێدابوو وویسم بچم نوێی کەمەوە ، کەچوومە پۆلیس لێنوەرگرتمەوە ووتیان خۆت ئامادە بکە بۆ ناردنەوە بۆ عێراق ، تۆ لەم وولاتەدا هیچ مافیکت نیە و

!..سەدام ڕووخاوە و وولاتی ئێوە ئاسایشە

منیش ئەوەی بڕوام نەدەکرد ئەوە بوو، چوومەوە بۆ کار
سەعید خاوەن کارەکە ووتی بۆ بێزاری ؟

!.. بۆم باسکرد حالو گوزەرانەکەم

خێرا تەلەفونی کرد بۆ پارێزەرێك باسی کێشەو کێسی منی
بۆ کرد و داوای ٦ هەزار کرۆنی کرد بی ئەوەی من قسە بکەم
وپێم بلێت خستیە سەر ژامرەی بانقی پاریزەرەکەو دوای
..تەواوبوونی کارەکەشم ١٠ هەزار کرۆنی تری دەوێت

منیش بە سەعیدم ووت وامەکە من نانیرنەو ەچونکە ئەوە
راستە بڕیارە ، بەلام جێبەجێ ناکریت و دلنیابە ناتوانن
..بمنێرنەوە

ئەوندەی کە سەعید خەمی بوو من هەر خەمم نەبوو ، بەهەر
حالٚ هەموو سەرمانگێك رەفزێکم بۆ دەهات ، ئەوەی کە
پارێزەرەکەم کردی ئەویش هەر رەفزم بۆ هاتەوە مەلەفم
.. بەتەواوی داخرا لەنەرویج ..! هیچ هیوایەك نەما

هەرچی شتم هەبوو فرۆشتم هیچم نەما ، خۆم ئامادە
کردبوو بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ بەریتانیا لەوی داوای پەنابەری
.. بکەم زۆربەی هاوڕێکانم ڕوشتن

کۆمەڵێك خزمی خۆمان هەبوون مەریوانی لەشارێکی بەناوی
.. هاوگەسوند

پێشتر یەکترمان دیوو، ئەوان پەیوەندیان بەمنەوە کردبوو بەهۆکاری پیاویکی پێنجوێنی رەفیقم منیان دۆزییەوە ، ووتیان ئێمە خزمین ، منیش زۆرم خۆش دەویستن ، یەکجار سەفەرم کردبوو بۆلایان و چووبومە خزمەتی هەموویان ، ئەوان بۆ من ماڵە باوان بوون ، داوای کچێکم لێکردبوون ،کچەکە منی نەدیبوو منیش کچکەم نەدیبوو ، بەڵام لەسەر وەسفو پیاو چاکی باوکی من رازی بووم ، لەبەر ئەوەی خانەوادەکەی کچەکەو خانەوادەی من تیکەڵ بوون پێش لەدایکبوونیشمان باوکی کچکەو باوکی من هەردوکیان بەیکەوەپێشمەرگە بوون دنیایەك یادگاریو برایەتی لە نیوانیاندا بووە ، بەکچەکەشیان پیان ووتوبوو ، مەلا خەسرەو دێتتە داوات ، زۆر وەسفی منیان کردبوو ووتبویان زۆر موسڵمانەو سەیری تەلەفزیۆناکات ئەمریشیەتیو وەك ئوسامە بن لادن وەسفی منیان کردبوو ، ئەو کچە فەقیرەیان ترساندبوو وای زانبوو ، مەلا خەسرە و بە جبەو عەمامەوە دەچێتە داوای ، هەر نەیبینیبووم ، یەکسەر رەفزێکی موحتەرەمی دابومێ وەك نەرویج ، ئەمەی باسی دەکەم پیش رێکەوتنم بوو لەگەڵ نەوژیندا ، منیش ووتم رەفزی داوە ئاساییە ، بەدوای ژنی تردا گەڕام ، دوای ئەوەی کە ۆکتای بەهەموو شتێك هات لەنەرویج بە ئیقامەو بە ژنهێنانو بەفرۆشتی کەلوپەلی ناوماڵ و هەموو لەناوبردبوو ئامادە بووم بۆ دەرچوون بۆ بەریتانیا ..!

تەلەفونم کرد ، بۆ ئامۆزایەکی ئەو کچە ناوی کاك کاوەیە ، بەبنەماڵەی قادرزادە ناسراون ، ووتی کاکە بەخوا ناهیلم برۆیت ، چۆن دەبیت کوڕی عۆەبدولکەریم لەم وولاتە بیتو لە ئێمە دور بکەوێتەوە ، ووتی دەبی بیت بۆئەم شارەی ئێمە دوای زۆر لێکردنم ، هەڵبەت ووتی ئەگەر رازی نەبووی ئەو..

..جا بڕۆ

چووم بۆ هاوگەسوند شاری ماڵی خزمان .. ئاسیاو خزمان هاتن بەدەمەمەوە شەو دانیستن کاک عەلی برا گەورەیان ووتی من دەچمەوە داوای شەوبۆ بۆت ، کاک حسێن فارس ئەویش هەر پێشمەرگەی کۆنی یەکێتیە و هاوڕێ باوکەم ووتی منیش دێم لەگەڵتا ، با خەسرەو نەڕواتو لێرە دامەزرێت؟

کاک عەلی ووتی باوکی ئەو کچە، ناوی کاک جەلال بوو خوالێ خۆش بێت- جۆرێکە پیاوێکی رەقە لەگەڵ هەموو کەس نەرم و نیانو خولکی نیە ، ئەگەر لەبازار تۆی بینی و خولکی گەرم نەبوو ئاسای وەریگرە ، هەرچەندە رەفیقی باوکتە ..؟
کاک حسین ووتی بەخوا من زۆرم خۆش دەویت ئەوەتەی .. هاتومەتە ئەمشارە خولکی نەکردووم
.. منیش ووتم ئاساییە

بۆ بەیانی چوونە دەرەوە منو کاک حوسین فارسو کاک عەلی خەلیفە ، لەباضاردەگەڕاین ، کاک جەلال بەروروومان هات ، کاک عەلی ووتی ئەوە ان شاء الله خەزوری موستەقبلەتە؟

دوای سڵاو چۆنو چاکی لە کاک عەلی و لەکاک حووسین ، زۆر بە ئاسای مەرحابای منی کرد و ، کاک حوسین وتی کاک جەلال ئەم کوڕە نانسیت؟

کاک جەلال : نەوەڵا کێییە ؟

کاک حوسێن فارس: ئەوە کوڕە گەوەرەی عەبدولکەریمی

.. حەمەی سەعی پێنجووێنیە

کاك جەلال : چاوی پڕبوو لەئاو باوەشی پیا کردم ووتی تۆ برازی منیت و ئەچینەوە بۆ ماڵی خۆمان ، ئەوندە گەرمو گوڕ بوولەگەڵمدا ، ئاگام لێبوو کاك عەلی خەلیفەو کاك حوسین سەریان سوڕما، بەمنی ووت ڕۆڵي بۆچوویت بۆ جێگای تر ماڵی ئیمە ماڵی خۆتە و دەبی بیتەو ەبۆ ماڵی ئێمە ، رووی کردە کاك عەلی ووت دەچم بۆ بازاڕ هەندیك شت دەکڕم و تۆ !.. کاك حوسین بینەو ەبۆ ماڵی ئێمە

کاك عەلی خەلیفە : طەڵاقی خوارد، ووتی کاکە جەلالم ( ئامۆزای گەوەرەیان بوو پیان دەوت کاکە جەلالم ) تائێستا خوڵکی کەسی نەکردوە بەو شێوەیەی تۆ ، کاك حووسینیش ووتی با منیش طەلاق بۆ بخۆم کە کاك جەلال خوڵکی کەسمانی نەکردەوە ، بۆ ئەوەی نەڵیت بوختانیان بۆ ئەم !..پیاوەکرد و کەچی وانەبوو

بەهەر حاڵ چووم بۆ ماڵی کاك جەلال ، من وەك سروشتی خۆم کابۆیەکم لەپیدابوو لەگەڵ کراسو چاکەتیکدا ، شەبۆ منی بینی بوو ، لەگەڵ خوشکێکی تری کەتوبونە قسە ، خوشکەکی پێووتبوو ، بۆ شوی پێناکەیت وەڵا مەلا نیە !.. دیسۆکیەو دەستو پەنجەشی زۆر جوانە

!..ئیتر شەبۆ سوپاس بۆخوا رازی بوو

دوای چەند رۆژیك کاك عەلی خەلیفەو کاك حوسێن فارس و کاك کاوە چوونە داوای بۆم ، کاك جەلال ووتبووی ، من نەمزانیوە لێرە دەنا خۆم ژنم بۆدەهێنا ، ئەگەر کچەکەم رازی

بێت ئەوە من لە ئیستاوەڕازیم ، کاك عەلی هەڵسابوو دەستی ماچ بکات، لە جیاتی من ، کاك جەلال ووتی دەستم بۆ ما چ دەکەیت خەسرەو لە من نزیکترە تا لە تۆ ، خۆم دەبێت دەستی بۆ ماچ بکەم .!!

ئیتر ئەو قسەم هەرگیز لەبیر نەچووە ، تاو ئەو رۆژەشی ئەمری خوایکرد بچوایتە تەولیست وباهاتیتەوە لەبەری هەڵدەستام ، زۆرم خۆش دەویست ، بوبوە باوکم لەم وولاتی غەریبییەدا، ئەگەر باوکیشم بمایە هەر ئەوەندەی کاك جەلالی بۆ دەکردم ..

شیعر پەخشانێکم نوسی بۆ شەوبۆ ووتم نەکو ئەمجارەش رەفزم بداتێ ، باش بوو بەو شیعر پەخشانە هەڵمخلەتاند.. ئەمەش دەقی قصیدەی شەونامە یە

شەو نامە

وا شەو درەنگەو کەچی ڕوخسارێك، بە پەنهانی دەمخەوێنێ
سینەی کەسێك وەك دیلانێ، لاروڵەنجەی ڕۆحم دەگرێ
دڵم شێتانە مەستی لێوی پیاڵەی مەی گێڕێکە، چاومەستێك دەی تروکێنێ
دەم و لێوی نازەنینێك، فەرامۆشی ڕۆح ودڵ و گریانی ناو بێشکەی دایکی ..
عشقان دەگرێنێ.
پەنجەم ماندووی گۆشینە ،هەروەك گاڵۆکی پیران قرچەی پیری لێ دێ
کەچی ئەو هێشتا پێکەنینی مردنی خۆی بۆ جوانی من دەلەنگێنێ

لێوی سور بووی بە خوێنی من دەبزوێنێ
من گەڵای تەمەنم گەرچی سەوزە بەڵام کرمەڕێزە هەڵدەوەرێ
ڕوباری خەم ،عشقی تازە دەشواتەوە و نامەی خۆشەوستی
خۆی دێنێ
گڵی ژێر پێم کەڕووگرتوە، بۆنی ساردی لێ دێ
کەچی تاسەی ماچ وهەوا سەرمەندی کوێستانی بۆ دێ
کەحێلەی ئەسپی ئەوین وەك باڵدارێك،پەیامی سەرزەنشتی
بێ وەفای لێ دێ
نە ووشەی جوان.....نەوەفا....نە دڵ .....نە تامەزرۆ....نەگوڵ
ناپشکوێ
بۆ هەوێنی ئەم شعرەم خۆمرەی زۆر دەوێت و هەر نامەێ
خۆشم نازانم گەرچی شوێنەکەشم گەرمە کەچی شلقەشلقی
بۆ گەنی لێ دێ
سەردەمێکە ئاوازی خۆم ... بەکەمانی گریانی دەنگ
بە چیلکەی تاری فرمێسك....بە دەفی ڕوومەت...بە گیتاری
قژ
سەمفۆنیای گریانی هەتاهەتای لێدەبارێ
وەرزی بەهاری من خەزانە لەوساتەدا لە جیاتی گۆڵ
بپشکوێنێ
چۆن خۆشەوستان پەڕەی گۆڵ بۆ تامەزرۆی بەیەکگیشتنی
ئەوینەکەیان هەڵدەوەرێنێ
چرکەی کاتژمێری هەناسەی من لەسەر هەسارەی بلۆتۆیە
.... بەدەیان ساڵ
ئاهو حەسرەتی خۆی وەك دووکەڵی سیگاری دەمی جوتیارێك
بەبای دەکاو دەیفرێنێ
ئەی ئەو کەسەی نە بۆ جارێك،نە بۆ ڕۆژێك،نەبۆ مانگێك،نە بۆ
ساڵێك....
نە بۆ ماچێك ئاسمانی من ترشقەی خۆشەوستی لێ بێنێ

گەرچی شعرم وەك باڵدارێك دەچێتە لای جوانێك هەروەك قیبلەیەك...
سوجدەی هەوێنی شیعری لێ دێنێ
من هەوێنی .. شنەی شعرم وەك گوڵە شەوبۆ چۆن شەونمێك
شەوانە تەڕی دەكات
ئاوا سەر لەنوێ بۆنی گۆڵە ژاڵەی لێ دێ.....
تا ئارامی هەموو جوانان بە سەر گوڵاڵەی سوری
خۆشەوستاندا بیارێنێ
چرۆی دەم بە پێكەنینم بۆ شەیدایەك پێ بكەنێ.

كۆتای هاتوو شەبۆ بووە خێزانم ، ئەو نازناوی ماكوانی
پێجوان بوو منیش ئەو ناونا بە باران ..

مارەمكرد لەمزگەوتی بەدیوع و زەمان لە ئۆسلۆ لای
كرمانجەكانی باكور و مارەیەكی قورئانێك بوو ، بەڵام ئەو
پاسپۆرتی سیاسی هەبوو، هیچ سودی نەبوو ، دیسان نامەم
بۆ هاتەوە ..ووتیان خۆت ئامادەبكە ئەتنێرینەوە ..
بۆكوردستان .. پێشتریش بە شەوبۆم ووتبو من هیچم نیە ،
ئەگەر منیانرد بۆ جەهەنم دێت لەگەڵم ؟

ئەویش وەعدی دا كەدێت لەگەڵم ..

خێزانم پێکهێنا .. سوپاس بۆ خوا ژیانمان زۆر خۆش بوو .. ڕاستە ئەگەر بڵێم هەر هیچ کێشەیەکمان نەبووە ئەمە ڕاست نیە ، چونکە هەموو ماڵێك هەر دەنگ بەرزکردنەوە رووئەدات تێیدا ، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە ڕێزو ئیحترام دەرنەچووە ، ئەمەش دوو هۆکارە .. هۆکاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ خێزانم ، چونکە هەر کات من تورە بوبێتم ئەوە بێدەنگ بووە و زانیویەتی لەکوێدا بێدەنگ دەبێت، بەدڵنیایەوە منیش ڕێزی تورە بوونی ئەوەم گرتوە ، شەوبۆ هەرگیز هەوڵی نەداوە دژی من کار بکات یاخود قسە بکات، هەرگیز لە پاش ملە لای کەس باسی خراپەی منی نەکردوە ، بۆیە منیش لە بەرچاوم نەکوتوە هەر خوشم وویستوە ، ئەوەی منیش حەزم لێبووبێت ئەو بۆی ئامادە کردووم ، بەواتای ئەوەی توانیویەتی بەڕاستی ژنێکی زۆر باش بێت ودایکێکی با شبێت ..

ئەمە هۆکاری ئەوە بوو کە زیاتر حەزمانکردوە ژیانمان بەردەوامی هەبێت .

هۆکاریکی تریش کە من بیرم لێکردۆتەوە ئەوەیە -: من ئیتر تەمەنم ٣٩ ساڵەو بەرەوە کامڵ بوونی تەمەن دەڕۆم ، تازە تەمەن بەشی ئەوەی تێدا نەماوە بەدوای کاری بێمعناو شتی خراپەوەبم و ئاینەکەشم ڕێگەم نادات، چونکە مرۆڤ هەر هەڵەیەك بکات ، لە تەمەنی ٢٠ تا ٢٥ ساڵی کات و زەمەنێکی لەبەردەستدایە خۆی هەڵبستێنیتەوە، کەسایەتی خۆی دروست بکاتەوە ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە ٣٠ بۆ ٣٥ ساڵی هەڵەی کرد بەدەرنگ کەسایاتی خۆی بۆ دروست دەکرێتەوە، خۆ تەمەنی ٣٥ بۆ ٤٠ ساڵی بەڕاستی زۆر ئاستەمە هەستانەوەی کەسایەتی مرۆڤ.

جا ئەم ڕووشدەو پێگەیشتنە لە رووی ئەقڵ و کەسایەتیەوە زیاتر هانت ئەدات بۆ ئەوەی پابەندبیت بە خێزانەوە ، وەك خەڵکێکی تەندروست هەمیشە بیربکەیتەوە .

ساڵی یەکەم خێزانم هێنا هیچ ئیقامەم نەبوو ، بەڵام بەردەوام مافی کار کردنم هەبوو ، ساڵی دووەم ئیاقەمەو وەرقەی کاریشم لێوەرگیرایەوە .. هیچ نەمابووم .. هەموو سەری مانگێك نامەیەکم بۆ دەهات لە دەوڵەتی نەرویجیەوە دەیانگووت ، خۆد ئامادە بکە بۆگەڕانەوە ، ئەگەر خۆت بیتە لامان پارەی بلیتەکەت بۆ ئەدەین و بەلاشە، تەنانەت چەند جار نەخۆش کەووتم چوومە خستەخانە هیچ ناوێکم نەبوو ناچار هەروا دەهاتمەوە دەرەوە بێچارەسەر ، نەمدەتوانی هیچ خانویەك بەکرێ بگرم، چونکە ناوم نەمابوو لە فەرمانگەی تۆمار (رجستێر) ، یەك چارەم هەبوو دەیانگوت دەبیت بگەڕیتەوە بۆ شارەکەی کە یەکەم جار لەوی بووم ..!

خۆ ئەگەر بمردمایە .. نەدەچوومەوە بۆ ئەو شارە ئەوەندە ناخۆشبوو..

سوپاس بۆ خوا من هەر ژیانم باش ، پارەم هەبوو هەرگیز کەمو کورتیم بەخۆمەوە نەبینی، رۆژێکیش لە رۆژان نەچوومەتە سۆسیالی نەرویجی داوای پارەیان لێبکەم .. یەکەم جار کە ماڵیان دامی یەك جار وەرمگرت ، نوسرابوو فەقیرانیە ، ئیتر ئەوەندەم خەفەت خوارد هەر ئەومانگە وەرمگرت یەکسەر چووم بۆ کارکردن ..!

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ بوو خۆم و خێزانم بڕیارماندا بڕۆین بۆ وولاتێکی تر، لەو ووڵاتانەی هەڵمان بژارد مالیزیا و سعودیا و

.. سودان و کەندا و وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

بۆ ئەم مەبەستە چووین بۆماڵی خەزوورم قسە باسی لەسەر بکەین ، لەگەڵ خەزوورم قسەم کرد بەرحمەت بێ ، دیاربوو زۆر پێخۆش نەبوو ، بەڵام ووتیشی : کە ژیانی ئێوەیە و .. خۆتان باشتر دەزانن بڕیار بدەن بۆ ژیانتان

خێزانیشم داوای نوێ کردنەوە پاسپۆرتە سیاسیەکەی کردبوو ، کەچی پێنگووتبو تۆ فەڵەستنیت بۆت نوێ ناکەینەوە ، ئەوەیش توشی کێشە بوو، بەهۆکاری هەڵەی خۆیانەوە تا ، !..پەیوەندی کردوە مەلەفەکەیان تەماشاکردوە زۆری پێچوو

بەهەر حاڵ ئەو وەریگرتوە ، لەماڵی خەزورم هاتینەوە ، خێزانم دەستوپەنجەی زۆر موهیمە بۆ شفتە ، داوام لێکرد شفتە دروست بکات و ، تەڕە تیزەم کردبوو لە حەوشەکەی ماڵی خۆماندا ، بەوە بیخۆین ، کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە سندقی پۆستەکەمان کردوە نامەیەکی تیدابوو ، لە .. فەرمانگەی هیجرەوە هاتبوو ، من زانیم رەفزە

..ووتم : شەوبۆ مەیکەرەوە با نانەکەم بۆ بخورێت

شەوبۆ بەقسەی نەکردم خەریکی کردنەوەی بوو ، منیش بەجێم هیشتوو چوومە لای تەڕەتیزەکە خەریك بوو دەمرێ !.. .. ئەوەندەم نەزانی قیژاندی ، وامزانی مار پێوەیدا

ووتم :ئەوە چییە؟

ووتی : مژدەم بەرێ بوویبەخاوەنی ڕەگەزی نەرویجی

جنسیەت وەرگرت ؟

وامزانی پێم ڕادەبورێ .. ئەگەروەرقەی کارکردنی بوتایە ڕێ تێدەچوو ، من چاوەڕی ئەوەم وەرقەی ئیشم بدەنەوە ، بڕوام نەبوو ئیقامەش وەربگرم ، ئێستا دەڵێت جنسیە.. زۆر دوورە لە ڕاستیەوە ..!!

ووتم :ڕادەبویری ؟

ووتی : خۆت بیخوێنەروە ؟

کە خوێندمەوە نوسراو بوو نەرویج پیرۆزبایت لێدەکات بوویتە خاوەنی ڕەگەزنامەی نەرویجی ، هەموو مەلەفو دۆسیەشت لای ئێمە ئاشکرایە، سەرەڕای ئەوەش ڕەزامەندیمان دەربڕی بۆت ..!

بە شەوبۆم گووت : ئەری زلەیەك چرنوقێك شتێکم پیادابکێشە بزانم خەو نییە؟

هیچ .. کە زانیم ڕاستە سوجدەی شوکرم برد بۆ خوا .. بوومە خاوەن ڕەگەزنامەی نەرویجی .. خەڵکی ٢٥٠٠ کرۆنی ئەدە من ئەوەشم نەداوە ..! ئاهەنگێکشیان بۆ کردم نەرویجیەکان ، بەڵام نەچووم ، دەستم کردوە بە ئیشو کاری خۆم ..

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ وە بەڕاستی ژیانم زۆر فەرقی کرد ، لەرووی زانستی و لەرووی کەسایەتی و..هتد.

بەتەواوەتی دامەزرام لەم وولاتەدا .. سوپاس بۆ خوا بومە

خاوەنی ئەوەی کە دەمویست ، لە ژن لە منداڵ لە خانوو لەسەیارە لە پارە لە دوکانو بزنس و کارکردن ، ئینجا بیرم لە خوێند کردوە .. هیچ کێشەیەکم نەمابوو سوپاس بۆخوا ..

بەردەوام بووم لە کارو چالاکی لە مزگەوتەکان و ئاشنا بووم بە تۆری کۆمەڵایەتی پاڵتۆك و ئەوەی زیاتر منی بردە پێشەوە جەنابی مامۆستا کرێکار بوو ..

هەرچەندە لەم دوایانەدا تۆزێك دڵم شکا لەهەندێك کەسی دەوروبەری ، بەڵام هەرگیز فەزڵی مامۆستا کرێکارم لەبیر ناچیتەوە ، بەڕاستی من دان دەنێم بەوەی کە لە لایەن جەنابییەوە شت فیر بووم ، بەڵام هەرگیز وەك مامۆستام نەبووە و منیش وەك قوتابی .. بەڵام ئەو باوك ئاسا لەگەڵ مندا هەمیشە مامەڵەی کردوە ، هانی داوم بۆ کاری باشە و بۆ چالاکی زیاترو هەر شتێکم پێویست بووبێت لەسەرچاوە ، خێرا بۆی ئامادە کردووم ..

هەرچەندە زۆر حەز ناکەم لەم باسەدا ئاماژە بەو کارو چالاکیانە بکەم، چونکە دەبێت ئەو باسانە ئامادە بکەین بۆ مەملەکەتی سیاسەت و فیکر، بەڵام بە پێویستم زانی کە رۆلی مامۆستا کرێکار لەبەرچاو بگیرێت و لەم باسەدا بۆ پێگەیاندی بەندە ئاماژەیەکی کورتی پێبکەم ، تاکاتی مەملەکەت خۆی دێت .

ئینجا کەوتمە سەفەرکردن ئەوەی حەزم لێدەکرد لە وولآتان چووم گەڕام ، هەمووی فەزڵی خوای پەروەردگار بوو بەسەرمەوە ، بە بیرما هات بەرەوە ئەڵمانیا بڕۆم بۆ لای هاوڕێ و ئەوانەی دەمناسین ..

بلیتم بڕی و چوومەوە بۆ شوێنەکانی کە پێشتر یادگاریم
تێیدا هەبووە لە ئەڵمانیا ..

لە سەفەرەکەمدا لە "بایەروتەوە" دڕۆشتم بۆ "نۆرمبێرگ" بە
شەمەندەفەر لە ئەڵمانیا چەند ڕۆژێک لای کوڕێکی خاڵۆزای
باپیرم مامەوە میوانی ئەو بووم دوایی بەرەو "هالە" و
"قوبەتاڵ" کەوتمە رێ بە فۆغن تکت ..

ناو شەمەندەفەرەکە زۆر قەرەباڵغ بوو.. منیش تەلەفونم
دەکرد لەگەڵ خێزانم و باسی ئەڵمانیام بۆ دەکرد کە حاڵو
وەزعم چۆنە ئەم چەند ڕۆژەی کە لەوێم..

لە پڕ کەسێک هاتە تەنیشتمەوە بێدەنگ بوو تا تەلەفونەکەم -
تەواو کرد گوێی لە دەنگم بوو..
ووتی: تۆ ئەو ماکوانە جینایەت کارە پیاوکوژەکە نیت کە لە
پاڵتاک قسە دەکەیت لە ژوورەکان..؟

تێبینی : چونکە ناوم ماکوان بوو لە پاڵتاک و قسە کەریکی
باش بووم ، ناوی خەسرەو نامنێت دەبێت بە ماکوان ..

منیش بە سەرسامیەوە وتم : خۆیەتی ئەو ماکوانەیە، بەڵام -
بەخوا تا ئێستا پیاوم نەکوشتوە، بەس بریندارم کردوە
جینایەتیشم نەکردوە، ئەی جەنابتان کێن؟

ووتی: من لە ژورەکان گوێت لێدەگرم ئاگام لێیە کە قسە
دەکەیت..

- ووتم: باشە تۆ چۆن بە من دەڵێیت: پیاو کوژ کێم کوشتوە بەڵگەت پێیە ، بەڵام چاوم چەخماخەی ئەدا و حەزم لە شەڕ بوو لەگەڵیدا دانم بە خۆمد اگرتبوو چونکە ناو قیتار بوو، زۆر رقم هەڵسابوو..

- ووتی: منت کوشتووە!

- ووتم: دەستم خۆش بێت ئەوە نیە هەناسە ئەدەیت؟

- ووتی: ماکوان بە هۆکاری تۆ ماڵ و منداڵم لێجیابوونەتەوە. من تەمەنم ٥٣ ساڵە ئێستا خێزانم تورەیە جیابۆتەوە.! ئەویش ئەیەوێت بمکات بە ئاخوند، ئەوەندە گوێی لە تۆو جەماعەتەکەت گرتوە..!

- هەستم کرد بە برینداري قسە دەکات، منیش لەبەر تەمەنەکەی هێمن بوومەوە، بەڵام هەر تورەیی لە دڵمدا بوو.. ووتم :کاکە ئێوەی کوردی رۆژهەڵات زۆربەتان بێدینن و خوا هەر ناناسن، ئیسلامەتی لە چاوی کۆماری ئیسلامیەوە تەماشا دەکەن.. ئینجا ووتم: باشە چۆن منت ناسی؟

- ووتی: هەمڕاکەت- بە دەستەوە بوو گوێم لە دەنگت بوو ناسیمیتەوە کە ئەوەی..!

هەڵسا رۆیشت و ووتی: ئێوەی موسڵمان هەر پیاوکوژ وجیانیەت کارن ماڵی منت وێرانکرد.. ئێستا ئەگەر کورد نەبویتایە شکاتم لێدەکری ئەموت ئەمە پیاوی ئوسامە بن لادنە..!

- ئەوەندەی تر تورە بووم.. بەڵام کە هەڵسا ڕۆیشت ئیتر ئیهمالم کرد، بەس پێم ووت بە خوا ژنەکەت باشی ناسیوی کە زانیویەتی پیاونیت بۆیە لات دانەنیشتوە..! ئەوەندیتر بریندارم کرد

هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕۆیشت..

ئەودڵەم خەریک بوو ئەتەقی.. هەڵسام رۆشتم بۆ تەوالێت ..

تەماشم کرد دوو کورسی لە دوای خۆمەوەیە، مۆڕەیەکم لێکرد .. ئەو هەر حسابیشی بۆ نەکردم.. کە گەڕامەوە تەماشیەکی کردم.. کورسیکەیم بەجێهێشت، بەڵام لای ئەو مەجالی دانیشت نەبوو.. گەڕامەوە بە دواداو بۆ لای و.. ووتم: ئەوە بۆ نایتە لای من هەندێك قسە بکەین..؟

- ووتی : لاییە باوە دەبێت بەشەڕمان..!

- ووتم: تۆ وەرە من شەڕ ناکەم..

هەڵمساند.. چوم دوو قاوەم هێنا و دامنا و دەستمان کرد بە خواردنەوەی قاوەکان، ووتم ئادەی بۆم باسکە بۆچی ڕقت لەمنە، من چیم کردوە خێزانت بۆ تۆی بەجێهێشتوە..؟

لەگەڵ ئەو کەسە ئێرانیەدا کەوتینە قاوە خواردنەوەو
گفتوگۆ.. بەڵام پێش ئەوەی قسە بکەین.. لێم پرسی ناوت
چیە؟
ووتی: ناوم عەبدوڵلا یە ناسراوم بە عەبدوڵلا غەمگینی.. -
.. خەڵکی شاری سنەم خەڵکی بە کاکە عەبە بانگم دەکەن
..ماکوان : دەی کاك عەبدوڵلا فەرموو باسەکەم بۆ بکە-
کاکە عەبە: شەوێکیان باسی تەڵاق و ئافرەتان بوو لە ژورێك -
لە ژورەکان..باسی ئەوەت کرد کە پیاو تەڵاقی بە دەستە ،
بەڵام ئافرەتیش شتێکی بەدەستە کە لە تەڵاقی پیاو زۆر
...بەهێزترە.. ناوەکەم لە بیر نەماوە چی بوو
ماکوان : خولع..م ووتوە حەتمەن؟ -
کاکە عەبە : ئائا خۆیەسی .. ئیترلەو شەوەوە ژنەکەم -
..!..گۆڕا
ماکوان : بۆ گۆڕا چی بوو؟ تەنها لەسەرئەوەی ووتم-
ئافرەتیش خولعی بەدەستە.. خۆ ئافرەت لە ئەوروپا لە پیاو
بەهێزترە هەرچییەك بڵێت گوێ بۆ ئەو دەگرن ..؟
کاکە عەبە : نا- تۆ ئەو شەوە ووتت ئافرەتی موسڵمان نابێت -
لای پیاوی کافرو بێدین دابنیشێت ئەگەر ئافرەتەکە
دیندارببێت.. هەروەها ئامازەت بەوە دا کە هەرکات پیاوە کە
دەچێتە لای وەك زینا وایە ، باسی ئەوەت کرد ئاخر چۆن
.ژنێکی دیندارو خواناس لای پیاوێکی بێدین دادەنیشیت
!...لەسەر تۆ من و خێزانم بوو بەشەڕمان
ئیتر لەو شەوە وە ئەو ژنەم شەڕی بە من فرۆشت هەتا
جیابوینەوە.. کاکە پێشتر وانەبوین، هەمووی خەتایی تۆ بوو،
..نازانم ئەو شەوە سحرت لێکرد یان نوشتە؟
خەسرەو: باشە کاك عەبدوڵلا تۆ بڕوات بە خوا دینداری -
نەبوو؟
کاکە عەبە : بەرێ وەڵا.. بەڵام جەمەعاتی ئیرانیەکان -

ئەوەندەیان ووت دین وانیەو هیچ نیەو ئیتر منیش ووتم
!..لەوانیە راست بکەن ووتم دینم نیە
- ماکوان : لای ژن و ماڵو منداڵەکەت ئەم قسانەت دەکرد؟..
- کاکە عەبە: ئەرێوەڵا کە نوێژی دەکرد گاڵتەم پێدەکرد، ئەمگووت ئێمە لە ئەوروپاین ئیتر واز لەم کۆنە پەرستیە بێنە..
- ماکوان : ئەی باشە ئێوە باسی مافی مرۆڤ و ئافرەت و ئەو شتانە ناکەن، ئەی چۆن گاڵتەت پێدەکرد، ئەی کوا مافی ژنەکەت؟
-کاکە عەبە : ئاخر دەمگوت با وازبنێت، ئەو برادەرانەی خۆم دەهاتن گەڵتەیان پێدەکردم..!
- ماکوان : ئەو برادەرانەی خۆت کێ بوون هەر لە گروپ و جەماعەتەکەی خۆتان بوون، چەپ بوون؟
- کاکە عەبە: ئەرێ..
- ماکوان : تۆ بڕوات بە دینی ئیسلام نیە وایە؟ خێزانیشت ئافرەتێکی موسڵمانە وایە؟..
- کاکە عەبە: وەڵلا چی بێژم ..
- ماکوان: ئەوەی کە خۆت بڕوات پێیەتی ئەوە بڵێ؟
- کاکە عەبە: سەری دنیام لێشێواوە، ئاخر بەم تەمەنەوە من هی ئەوەم ماڵو منداڵ بە جێم بێڵن..؟
- ماکوان : ئاخر خۆت لە ئاستی ئەوەدا نەبووی کە ماڵو منداڵ لات دابنیشن، بەناوی ئازادیو قسەی بێماناى چەپانە خۆت وانیشانداوە کە یتوپیا ئەفلاتون بۆ ماڵو منداڵ دروست دەکەیت.. کەچی هەموویانت ئیزعاج کردوە، هەرلە داخی تۆ رۆشتوون، چونکە ئافرەت ئەگەر پیاوەکەی ئیزعاجی نەکات کەم ئافرەت هەیە حەزی بەجیابونەوە بێت، ئێ قسەکەی منیش تەواوە برۆ بەدوای ئافرەتێکی تردا بگەرێ با وەك خۆت کافرو بێ دین و مولحید بێت، بۆ ئەم ئافرەتە موسڵمانەش بە

خۆتەوە ئەبەستیتەوە ئەویش والێدەکەیت وەك تۆ بێت، یاخوا دەستی خێزانت خۆش بێت کارێکی زۆر مەردانەی ..کردوە

- کاکە عەبە: توخوا ماکوان وازم لێبێنە تۆش مەخسرەم پێدەکەیت..؟

- ماکوان : نا- بەڵام من هەست دەکەم تۆ بۆ خۆت پیاوێکی باشیت و هەر نازانی چەپو ئەم قسە بێ واتایانە چیە.. ئێوە هەندێکتان وەك ئەبولەهەبی مامی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم وان.. هەر لە خۆتانەوە دوای قەربالغی کەوتون، شوێن برازاکەی خۆی نەکەوت، تا خوای گەورە ڕسوای کرد ماڵو منداڵی لێیجیابوویەوە، داوای توشی نەخۆشیەکی پێست بوو، بە دارێکەوە بەستیانەوە تا گیانی دەرچوو لە تەنیشت خۆییەوە چاڵێکیان بۆ هەڵکەند تا مرد دوای بە بە دارێکی درێژ فڕیاندایە ناو چاڵەکە هەر بە جلەکانی بەریەوە، ئێ تۆش وەك ئەو وایت.. هیچ نازانیت و هەر لەخۆتەوە شوێن قسەی بێ مەعنای خەڵکی ڕۆژهەڵات کەوتوی هەڵبەت چەپەکانیان و ئەوانەی کە کۆمەنیزم و تودەیەکانن.. ئادەی پێم بڵێ چەند کتێبت لەسەر ئەدەبیاتی چەپ خوێندۆتەوە؟ یان چەپ دەزانی مانای چیە؟ چەند کتێبت لەسەر مادی و جەلدەلێتی ماتریالزمی خوێندۆتەوە؟

- کاکە عەبە : وەڵڵا هیچ.. هەر جگەرە دەکێشم..

- ماکوان : دەزانم ئاگام لێتە هەموو ژیانت دراوە بەسەریەکدا بە شتی تەزویر خۆشت قەناعەتت پێی نیە..

- کاکە عەبە: ئاخر هەندێك کەس لە پاڵتاکدا قسە دەکەن ئەڵێن دین راست نیە.. منیش گوێیان زۆر بۆ دەگرم..

- ماکوان : کێن ئەم قارەمانانە..؟

- کاکە عەبە: عوسمانی مەلاو مەریوان هەڵەبجەیی و گەرمیانی و هەندێکی تری ووت..

- ماکوان : بەخوای عەرزو ئاسمان بە هەموویان نیو پیاوی تەواویان تێدا نابێت.. جا من هەندێکیان دەناسم .. بە تایبەت ئەوەی کە خەڵکی لای ئێوەیە ئەوە ماڵوێرانترین کەسەو ئەوەی لای ئێمەش درۆزنترین و کەسە هەردووکیان یەك لەیەك بێ رەوشترن .. هەردوکیشیان لە نەرویج لەو وولاتەن کەمنی لێدەژیم..
- کاکە عەبە : لایبە باوە باسی کەس ناکەین..
- ماکوان : باشە من لە ئەڵمانیام کێشەکەش لەسەر من دروست بووە ، باشە من چیم پێدەکرێت بۆت بکەم تا یەك هەفتەی تریش لە ئەڵمانیا دەبم .. پێم بڵێ من چیت بۆ بکەم .. بەڵام بە مەرجێ ... تۆش بە قسەی من بکەیت؟
- کاکە عەبە: باوە لایوە تۆ تازە هیچت پێناکرێت؟..!
- ئێ ووتم خوا ماڵت ئاوا کات : تۆ لەوساوە ئێخەی منت گرتوە دەڵێیت لەسەر قسەی من بووە، یان تۆ شەڕ بە من دەفرۆشی، ئەگەر لەسەر قسەی من بووە ئێ حەتمەن من شتێکم هەر پێدەکرێت، ئەگەر وایش نیە کاکە بۆ شەڕم پێدەفرۆشی..
لە پڕ تەلەفونەکەی من لێیدا، ئەو رەفیقەم بوو کە دەچووم بۆ ماڵیان.. کاک مەلامحمد بە تەلەفون ووتی ئەرێ کاکە لە کوێت من چاوەڕێی تۆم بۆ نەگەیشتی دەبو ئێستا بگەیت، ووتم وەڵا بەڕێوەین، ووتی کاکە ئەوە نیوسەعات لە کاتەکەی خۆشی لایداوە..؟
لە کاک عەبدوڵڵام پرسی ئەزانی من شارەکەی خۆمم هەڵە کردوە.. بە هەرحاڵ کاک عەبدوڵڵا تۆزێك سەری هیناو سەری برد تومەس بە دەم قسە ئەویش دەمێکەیە شارەکەی لێوون بووە ، نەیدەزانی لە کوێین .. بە هەر حاڵ تەلەفونم کردەوە بۆ مەلامحمد ووتم قوربان ئێوە چاوەڕێی من مەکەن ئێمە وون بووین، تا لە بانۆفێك دەوەستین و بزانم کوێیەو دوای

.. قسه ده‌كه‌ینه‌وه
به‌هه‌ر حاڵ دابه‌زین كه‌ پرسیارم كرد .. من ده‌بوو سێ سه‌عات پێشتر شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌كه‌م بگۆڕایه‌، به‌ڵام دیار بوو قسه‌كانمان له‌گه‌ڵ كاك عه‌بدوڵڵا سه‌ری بردبوین و سه‌رگه‌رم بوبووین به‌ قسه‌وباسه‌وه‌، كه‌ بۆمان روونبویه‌وه‌ ئێمه‌ له‌ نزیك كۆلنین و له‌نزیك شارێكی سنوری هۆڵه‌ندین و كه‌ به‌ نیوسه‌عات ده‌چوینه‌ ناو شاری ئارنێمی هۆڵه‌ندا.. ووتم ئاخر كاك عه‌بدوڵلا وا من خه‌ڵكی ئه‌م جێگایه‌ نیم، ئه‌ی تۆ بۆ نه‌تزانی..
- كاكه‌ عه‌به‌ : باوه‌ واز له‌ من بێنه‌ من هه‌ر شاره‌زانیم..
من هه‌ندێك هاوڕێ و دۆستی خۆم هه‌بوو له‌ ئارنێم ئه‌وێ نزیكتر بوو بۆ من وویستم خوا حافیزی بكه‌م له‌ كاك عه‌بدوڵلا بڵێم من ده‌ڕۆمه‌ ئارنێم، تۆ ته‌له‌فونێكی خۆتم بده‌رێ كه‌ من په‌یوه‌ندیت له‌گه‌ڵ بگرم..؟
- ووتی ماكوان بۆ كوێ به‌ جێم دێڵی به‌ خوا پاره‌م پێنییه‌ و هیچیش نازانم..!!
- كه‌وای ووت زۆر خه‌فه‌تم خوارد ووتم كاكه‌ عه‌به‌، ئه‌ی چه‌ند ساڵه‌ له‌م ووڵاته‌ی؟
- كاكه‌ عه‌به‌ : هه‌شت..
له‌ دوای ئه‌وه‌ی كه‌چوینه‌ هۆڵه‌ندا له‌ ئارنێم ته‌له‌فونم كرد بۆ ئه‌و هاوڕێیانه‌م كه‌ له‌وێ ده‌ژیان، خێرا هاتن به‌ ده‌ممانه‌وه‌ چوینه‌وه‌ بۆ ماڵی ئه‌و برایانه‌، خزمه‌تێكی باشیان كردین ئیتر ئه‌و شه‌وه‌ زیاد له‌ ١٧ كه‌س هاتن و هه‌موو به‌یه‌كه‌وه‌ چوین بۆ مزگه‌وتی مه‌غریبیه‌كان.. پێش ئه‌وه‌ی بچین ووتم كاكه‌ عه‌به‌ ماندووه‌ با هیلاكی ده‌رچێت بچێت خۆی بشوات، چپاندم به‌ گوێدا ووتم كاكه‌ عه‌به‌ خۆ ده‌زانی غوسڵ ده‌ركه‌یت، ووتی ئه‌رێ... ووتم برۆ ئاوێكه‌ به‌خۆتا ، تا دێیته‌ ده‌ره‌وه‌ به‌و برایانه‌ ده‌ڵێم قاتێكت بۆ ئاماده‌ بكه‌ن.. كاكه‌عه‌به‌ بێ پێچوپه‌ناو

موجادەلە کردن رازی بوو خۆی شۆردو کراسو پانتۆڵێك و
لیباسێکی مەغریبیان بۆ هێنا زۆر جوانبوو.. پێش خۆمان
خست بۆ مزگەوت.. نوێژی مەغریبمان کردو گەڕاینەوە بۆ
چێشتخانەیەك لەو دەورەبەرە بێئیوە ناخۆش من ساوەری
تورکی زۆر حەز لێدەکەم ئەوانیش دەستیان کرد بە پیتزا
خواردن.. ٧٠ئیورۆم پێبوو بە دزیەوە کردمە گیرفانی کاکە
عەبە و ووتم دوایی لەسەر کارتە پارەی ترت بۆ دەردێنم..
هیچی نەوت و هەڵیگرت
تیروپڕ نانمان خوارد ئەو برایانە لە هۆڵەندا کە
فەرمودەیەکیان باس دەکرد یان ئایەتێکیان باس دەکرد یان
قسەیەکییان دەکرد روویان دەکردە کاك عەبدوڵلای غەمگینی
وایان دەزانی مەلای دوانزە عیلمە.. کاکە عەبدوڵلا کەوتە
قسەکردن ئەو شەوە.. ئیتر شەرفی دەخوارد و قسەی
بازاری.. وەڵا جەمعەت تەماشایەکی منیان کردو ووتیان ئەرێ
کاکە ئەوپیاوە شرك دەکات.. ووتم چۆن ووتی ئەوە کە
..قسەمان بۆ دەکات هەر دەڵێ بە سەری ئێوە بە چاوی ئێوە

منیش بەسەرهاتەکەم بۆ چەند برایەک گێڕایەوە، یەکێکیان -
زۆر رەق بوو ئەی ووت کاکە ئەم کابرایە سەگە.. جائیز نیە
لەگەڵماندا بێت، تا من تورە بووم لەو برایە ووتم چۆن شتی
وادەڵێیت ئەوە لەگەڵ منە ئەگەر ئەبو جەهلیش بێت.. چۆن
حورمەتی من دەگرن دەبێت حورمەتی ئەو پیاوە بگرن ، خوا
..دەزانێت ..بەڵکو ژیانی لەگەڵماندا بگۆرێت
بۆ نوێژی عیشا چوینەوە بۆ مزگەوت.. دوایی نوێژ ئەوبرایانە
..ووتیان کاک ماکوان شتێکمان بۆ باس بکە
منیش دەستم کرد بە ..بەسمەلەو و ستایشی پێغەمبەر و
.. رووەمکردە کاکە عەبەو ووتم
هەرکەس بە دڵسۆزی دینەکەی خۆی بپارێزێت، ئەو دوونیای

..لا بچوکە
کاتێك هاوەڵان فێری ئازایەتی و ئیخلاس بوون.. قەدری خوای گەورەیان دەگرت و دەیان زانی خوا بە ئاسمانەوە لە هەموو شت گەورەترە، ئێمە کە خۆمان بە موسڵمان دەزانین، رۆژانە چەند جار "الله اکبر" بە گوێماندا دەدرێت، بەڵام تێناگەین کە خوای گەورە لە هەموو شتێك لەم گەردوونەدا .. گەورە ترە

هاوەڵان دوو شت فێربوون .. بۆیە ئازا بوون بۆیە زوو ئیخلاسیان بۆ دروست بوو، کەوتنە کارکردن بۆ ئەم ئیسلامە، بۆیە خاکی پیرۆزی مەککەو مەدینەیان بە جێهیشت بۆ ئەم ئاینە لە پەنا شاخ و شارو کەناری رووبارەکاندا شەهید بوون، بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام بڵاو بوونەوە.. ئەمە نهێنیەکە دەبێت هەموو کەس بیزانێت .. نهێنییەکەش بریتیە لە دوو ..زانست
یەکەم : خوێندنەوەی کتێبی خوا کە قورئانەکەیەتی و خوای .. باڵادەست خۆی پێی ناساندوین
دووەم: خوێندنەوەی دروستکراوەکانیەتی کە گەردوون و ..مرۆڤ و دروستکراوەکانی دەروپشتمانە

..( واتا زانستی (کتاب الله المقروء، کتاب الله المنظور ئیتر خوایان ناسی و ئەوانەشی شوێن کەوتوی ئەو هاوەڵانە بوون وەك ئەوان پەروەردە بوون، بێجگە پەروەردگار لە کەس نەدەترسان هەر لەویش دوایان دەکرد، هەموو کاروبارێکی ..خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ لای پەروەردگاریان
من چۆن بتوانم ئەم ووتەیەی خۆمتان بۆ بسەلمێنم؟ وەرەن تەماشای ژیانی ئەم هاوەڵە کەن تەنها نمونەیەك دێنمەوە کە ژیانی پڕیەتی لە سەروەری و ئازایەتی و دڵسۆزی و

خۆساغکردنەوە بۆ ئەم ئاینە..
ئەویش عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەیە- ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت-
لە ساڵی ١٩ کۆچی عەبدوڵڵا بە دیل دەکەوێت بەردەستی ڕۆم و "هەرقل" پاشای ڕۆم خۆی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەم هاوەڵەبەرێزەماندا دەکات- ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت- ..
- هرقل دەبیستێت کە هاوەڵانی محمد (صلی الله علیه وسلم) هەموو پیاوی ئازاو چاونەترس و خۆڕاگرن..!
دەیویست تاقیکردنەوە بکاتە لەسەر چەند دیلێك کە بەردەستی کەوتوە لەوانە عەبدوڵڵاکوڕی حوزافەیە.. بانگی دەکات و دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا..
سەرەتا پرسیار لە عەبدوڵڵا دەکات و دەڵێت: من دوایەکت لێدەکەم ئەگەر کردت ئەوا ئازادت دەکەم..؟
- عەبدوڵڵا کوڕی حوزافە دەڵێت: چییە؟
- هەرقل دەڵێت: ببە بە نەصرانی و واز لە ئیسلامەکەت بێنە.. ئەگەر واتکرد ئەوا من ئازادت دەکەم و وازت لێ دێنم و ڕێزیشت دەگرم.
- عەبدوڵڵای کوڕی حوزافە زۆر بە ئارامی و بە هێمنی دەڵێت: پێم خۆشە هەزارجار بمرم لەوەی کە تۆ بانگی منی بۆ دەکەیت.
- هەرقل توشی یەئس نەبوو، بەڵکو بەردەوامە چونکە ئەوێت بڕوای پێبنێت.. پێ ووت: دەتبینم پیاوێکی خاوەن شەهامەت و کەرامەتیت.. ئەوەی کە دوام لێکردی بیکەیت (واتا بوون بە نەصرانی و مەسیحی) ئەوە نیوەی موڵکی خۆمت لەگەڵ دەکەم بە دوو بەشەوە لە پۆستەکەشمدا دەتکەمە شەریك واتا دەبیتە پاشا.؟ واتا ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی چی تێدابێت دەیکات بە دوو بەشەوە لەگەڵ هاوەڵێکی ڕەشوڕوتی

پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) پاشان کە دیلەو لە دیلیەوە
!..دەبێت بە پاشای رۆمان
لێرەدا دەبێت عەبدوڵلای کوڕی حوزافە چی بکات..؟ چونکە دوونیای لای بچوك بوو خوای پەروەردگاری لا گەورە بوو هەموو سەروەت و سامانی هەرقلی لەبەرچاو وەك پوشێك وابوو.. لە چاو ئیسلامەکەیدا هەمووی ناگاتە باڵە مێشولەیەکیش

- عەبدوڵلا کوڕی حوزافە بە زەردەخەنەو پێکەنینەوە و گاڵتە پێکردنەوە دەڵێت: بێگومان گاڵتە کردن بە هەرقلی رۆم هەروا گاڵتە نیە و قسەی هەرقلیش هەروا ئاسان وسانە نیە لەبەردەم هەموو سیناتۆرو ئەندام پەرلەمانەکانیدا ئەم قسەیەی کردوە..

دەڵێت : سوێند بەخوا هەموو ئەوەی کە تۆ خاوەنداری دەکەیت، ئەوەی عەرەب خاوەنیەتی و ئەوەیشی لەسەر زەویدایە بمدەیتێ من واز بێنم لە دینی محمد (صلی الله علیه وسلم) یاخود بۆ چاو تروکانێك من پەشیمان نابمەوە لەم ئاینە..! یاخود بڵێ پەشیمان بەرەوە بگەڕێوە بۆ ئیسلام تەنها یەك چاوتروکان ئەو کارە بکە.. بەخوای پەروەردگار ئەویشت بۆ ناکەم..سوێند بەخوا ئەمجارەش هەرچی هەیە لەسەر ئەم گۆی زەویە بمدەیتێ ئینجا واز لەم ئیسلامە ناهێنم..

- هەرقل ووتی: ئاخر دەتکوژم .. ئیتر کەوتە ئیرهاب و تۆقاندنی..

- عەبدوڵلا کوڕی حوزافە ووتی: چیت لە دەست دێت بیکە..

- هەرقل فەرمانیدا: کە بە تیر.. رەمی بکەن، لە قاچو دەستیەوە دەست پێ بکەن بۆ ئەوەی ئازاری زۆری پێبگات، فەرمانیدا بەوانەی کەشارەزابوون واتا قەنصەکانی رومان، ووتیشی مردنیم ناوێت دەبێت بە زیندووی بمێنێتەوە.. تەنها

بۆ ئەوەی ئیخلاس کەم بکاتەوە پەشیمانی بکاتەوە لەئیسلام و بیکاتە نەصرانی.. بەڕاست و چەپیدا تیریان دەهویشت و هەندێکی بە نەرمی بەرقاچو دەستی دەکەوت، هەموو جارێکیش هەرقل دەیگوت پێی پەشیمان نەبیتەوە دەتکوژم ، ئەویش بەردەوام دەیفەرموو: چی دەکەی بیکە، من واز لە دینی خۆم ناهێنم..

هەرقل بەرەو شتێکی خراپتر ڕۆشت کە تۆقاندو ئیرهابێکی - زۆر گەورە بوو فەرمانی دا کە لە مەنجەڵی گەورەدا تا دەتوانن زەیت و رۆن گەرم بکەن تا بەتەواوەی دەقرچێت.. ئینجا موسڵمانێکی دیلی تریان هێنا خستیانە ناوی، کە دەریان هێنایەوە تەنها ئیسقانەکانی مابوو، هەموو گۆشتەکەی تووابووە سوتا بوو، ئەم کارە تۆقاندو ئیراهابیەش لەبەرچاوی عەبدوڵڵای کوڕی حوزافە- ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت- دەیانکرد

پاشان دیسانەوە سەرلە نوێ هەرقل داوای کردەوە لە عەبدوڵڵا کە ببێتە نەصرانی .. ئینجا لە جاران زیاتر رەفزی دەکرد و رەتی کردەوە، ئیتر هەرقل ئارامی لێبڕاو فەرمانیدا بیخەنە ناو رۆن و زەیتەکە.. لەو کاتە دا عەبدوڵڵای کوڕی حوزافە- ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لێبێت- چاوەکانی پڕ بوو لە گریان..، هەرقل لە خۆشیاندا گەڕایەوە ووتی داخو چی بێت..؟ وا دەستی کردوە بە گریان، ووتی : کاریگەریمان هەبوو لەسەری پەشیمان دەبێتەوە لە دینەکەی، وای پەی برد هەرقل کە گوایە لە مردن دەترسێت، بۆیە گریاوە..

هەرقل ووتی : بۆم بێنن بزانم بۆچی گریاوە.. دیسانەوە - ووتی ببە بە نەصرانی، ئەویش بەوپەڕی ئازایەتیەوە لە جاران زیاتر رەتیکردەوە.. ئیتر ئەوەندەی تر هەرقل توڕەبوو بە توورەییەوە ووتی ئەی بۆچی دەگری چی تۆی گریاند؟ عەبدوڵڵای کوڕی حوزافە- ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری

-:لێبێت

ووتی: ئاواتە خوازم بەوەی کەچەند رۆحێکم هەبوایە لە پێناوی خودا بمبەخشیایە، بۆ ئەوە دەگریم.. بەڵام کە داخ دەخۆم بۆ ئەوەی کە یەك جار دەمرم ..حەزم دەکر لە ڕێگای خوای گەورەو ئەم دینە چەند جار گیانی خۆمم پێشکەش بەم ئاینەی محمد بکردایە..! بەڵام بەداخەوە کە یەك جار دەمرم..

هەرقل توشی مەئویسی بوو داوایەکی زۆر عەجیبی لێدەکات..

ووتی بە عەبدوڵڵا: دوات لێدەکەم بەس وەرە ناو چاوم ماچ بکە ئەوا ئازاد دەکەم..؟

ئینجا عەبدوڵڵا ووتی: من مەرجم هەیە ماچی دەکەم، بەڵام دەبێت هەرچی دیلی موسڵمانە ئازادی بکەیت..؟ پەیمانم دەدەیتێ؟

هەرقل ووتی : پەیمان بێت کە ناوچام ماچ بکەیت خۆت و -هەموو دیلە موسڵمانەکان ئازاد بکەم..

پاشان عەبدوڵڵا دەڵێت : لە دڵی خۆمدا ووتم ئەگەر من ناوچاوی ئەم دوژمنەی خوای گەورە ماچ بکەم.. هیچ زەرەرێکم لێناکەوێت بەو هۆیەشەوە کۆمەڵێك موسڵمان لە مردن رزگار دەکەم، هیچ کێشیەکم بۆ دروست نابێت لە لایەن بیروباوەڕەکەمەوە ، دەڵێت: ناو چاوی هەرقلم ماچکردو .. ..ئەویش هەموو دیلەکانی موسڵمانانی ئازادکرد

کە ئەم باسەی عەبدوڵڵایان بۆ عومەری کوڕی خەتاب گێڕایەوە، زۆر خۆشحاڵی خۆی بۆ عەبدوڵڵا دەربڕیو، داوای کرد لە موسڵمانان کە هەموو هەستن دەرحەق ئەوکارەی عەبدوڵڵا ناوچاوی عەبدوڵڵا ماچ بکەن ... خۆی یەکەم کەس بوو کە ماچی کرد.

کۆتایم بە باسەکەم هێناو.. چاوی خۆم گریانی پێوە بوو ووتم

يرزقنا الإخلاص في القول والعمل، وأن يعظم قدره في قلوبنا، حتى لا نرى أحدا سواه، إنه ولي ذلك والقادر عليه.
دووعای هیدایەتم کرد بۆ کاک عەبدولا.. لە مەجلیسەکە هەڵساو چودەرەوە.. جگەرەیەکی داگیرساندو ئاگام لێبوو پیاسەی دەکرد.. چووم بۆلای ووتم، بەیانی کەی بڕۆین؟
- ووتی : ماکوان ئەو ژن ومناڵانەم بۆ ئاشت بکەرەوە؟
ووتم با بڕۆین بۆ ماڵی مەلامحمد ئەو ئیشەکمان بۆ دەکات ان شاء الله ..
لە ئارنێمی هۆڵەنداوە گەڕاینەوە بۆ ئەڵمانیا و رووەو هالە کەوتینە رێ پرسیارم کرد لە کاك عەبدوڵلا ماڵتان لە کام شارە.. ناوی شارەکەی ووت. پاشان بردم لە گەڵ خۆم بۆ ماڵی مەلا محمد لە رێگا قسەمان زۆرکرد لە بارەی دینەوە، ئەوەی کە منی زۆر بێزار کردبوو لەم پیاوە، قسەی زۆر سادەو سانا بوو، پاشان هیچ کاریگەریەکی ئاینم نە ئەدی لەسەری جگەرە لەسەر جگەرەش دایدەگرساند بۆنی تەپڵەکە جگەرەی لێدەهات، هەرچۆن بوو تەحەمولم کرد، لە دڵی خۆمدا ووتم مادام هۆکاری منە کێشەی بۆ دروست بووەو لەگەڵیشم هەڵدەستێت بۆ نوێژ کردن، من پەیوەندیم بە دڵو دەرونییەوە نیە کار لەسەر رووکەش دەکەم، دەمگوت ئەم کەسە یان زۆر سادەیە، هیچ نازانێت، یان وەك ناوچەی پێنجوێنی ئێمە هەرکەس فێڵباز بێت دەڵێن زۆر زۆڵە.. یاخود دەمگوت ئەمە زۆر زۆڵە.. چوینە ماڵی مەلا محمد، خوای گەورە ماڵی ئاوەدان بکات خزمەتی باشییان کردین خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ناو ماڵو منداڵو رزقو رۆزیشی..
لەگەڵ مەلا محمدا باسی کێشەکەمان کرد مەلا محمد فەرمووی ..
کاك عەبدوڵلا ئێستا خێزان و ماڵ ومنداڵت لەکوێن ؟..
- کاکە عەبە : وەڵلا نازانم..

ووتمان: ئەی چۆن بیاندۆزینەوە؟ -
کاکە عەبە : ئاشنایەکم لێرەیە ئەو لەوانەیە بزانێت خزمی -
خۆمانەو هەردوولامان دەناسێت..
داوای جێگاو مەکان و تەلەفونی ئەو پیاوەمان کرد لە کاك -
عەبدوڵلا و وەرمانگرتو.. داوامان کرد کە بچینە لای و قسەو
باسی لەگەڵ بکەین بەڵکو هاوکارمان بێت..
کاك مەلا محمد ووتی : کاك عەبدوڵلا ئەو پیاوە دەچینە -
ماڵی ئەویش کۆمەنیستە؟
کاکە عەبە : بەخوا کاکە ئەو پیاوە دینی هەر نییە.. -
مەلا محمد بە منی ووت کاک ماکوان تۆ مەیە..! -
ماکوان : بۆ؟ -
مەلا محمد ووتی : کاکە تۆعەصبیت ئەترسم توڕەبیت، ئێمە -
دەچین بۆ ئەوێ کێشە چارەسەر بکەین ئەو ئەگەر قسە بکات
لە ماڵی خۆیدایە دەبێت ئێمە بێدەنگی بین..!
ماکوان : بڕوا ناکەم ئەو کەسە بزانێت ئێمە هەردووکمان -
خاوەنی ئەم ئیسلامەین و دینداریین ئەوەندە بێحورمەت بێت
لە ماڵی خۆیدا قسە بکات جا ئەگەر وای کرد هەڵدەستین و
دێینە دەرەوە..
مەلا محمد پێی وابو کە من نەچم باشترە..! .. کاکە عەبەش
زوو زوو دەیوت ماکوان گیان تۆ مەیە قەیناکا خۆمان دەچین
تۆ بۆخۆت لەگەڵ کوڕەکانی مەلامحمدا بڕۆ بۆ پیاسە..
بە هەر حاڵ، هاتمە سەر ئەوەی بە قسەیان بکەم من نەڕۆم،
بەڵام لە کۆتایدا ووتم هەر دێم، من وا لێکمدایەوە کە من بۆ
خۆم طەرەفم لەم کێشەیەدا دەبێت ووجودم هەبێت، بەهەر
حاڵ کەوتینەوە رێ بەرەو هانۆڤەر.. چوینە ماڵی ئەو پیاوە
کە ناوی کاک بەهرۆز بوو لە هانۆڤەرو پیشتر ئاگادارمان
کردبوو کە دێینە ماڵەکەت.. چوین لە دەرگاماندا ڕێزێکی
زۆرمان لێگیرا..

لەوێ من بەناوی خۆمەوە خۆم ناساند کە ناوم خەسرەوە
.. وخەڵکی پێنجوێنم وەهەروەها
دوای ئەوەی کاک مەلا محمد دەستی کرد بە قسە و ووتی
دەمانەوێت بچینە لای میهناز خاتون، بەڵکو ئاوێك بکرێت بەم
..ئاگرەدا
پاش چا خواردن کاک بەهرۆز دەستی کرد بە قسە رووی کردە
من و کاک مەلا محمد ووتی: یاخوا ئێوە بەخێربین من رێزی
هەموو موسڵمانێك دەگرم، جا زۆر خۆش دەیوت کاك
خوسرەو بە فارسی ، دەستی کرد بە جنێودان بە ماکوان
.. کەریم، بەڵام نەك ئیسلام

ووتی کاک خوسرەو کەسێکی تیرۆرستی ئیرهابی پیاوکوژ
هەیە لە ناو پاڵتۆکدا کاکە ئەمە ماڵی ئەم کاکە عەبەی
وێرانکردوە.. ئەم ماکوانە لە جەمعاتی مەلا کرێکارە کاکە
خەڵکی بەردەست بکەویت سەری دەبڕێ، جا ئەم ماکوان
جاشە ئەمە کوڕی شێخە لەگەڵ قاعیدەو ئەو ئیرهابیانەی
تردا دەستی تێکەڵە، کە قسەیش دەکات لە پاڵتاکو ئەو
شوێنانەدا مەلا کرێکار قسەکانی پێدەڵێت و بۆی دەنوسێتەوە
.. !ئەگینا خۆی هیچ نازانێت

مەلا محمد تەماشی منی دەکرد ئاگام لێبوو کاك عەبدوڵڵای
غەمگینی هەر دەیویست مەوزوعەکە بگۆڕێت، بەڵام
دەسەڵاتیان نەبوو ، هەتا توانی منی پڕ جێنوکرد، منیش
بۆخۆم هەر دەموت راستدەکەیت، ئەو ماکوانە هەر زۆر
هیچو پوچە، تۆ بزانە چی کردوە، هەڵسا رۆیشت لەلای ئێمە،
تکام کرد لە کاك عەبدوڵڵاو کاک مەلا محمد، ووتم هیچ مەڵێن
با من ئاشکرا نەبم هەر با وابڕوات ئەم پیاوە خۆی پیاوێکی
باش دیارە من نا ناسێت تا خۆمی پێدەناسێنم ، کاك عەبدوڵڵا

دەستی منی ماچکرد ووتی توخوا چی ووتوە بۆ من کاک
ماکوان خەجاڵەتم.. منیش دەستیم ماچ کردەوە و ووتم هەوە
هەر کێشە نیە..

بەهەر حاڵ جارێکی تر هاتەوە کاک بەهرۆز، داخی زۆر لە دڵدا
بوو ، ئەوەندەی تر منی دایەوە بەر جنێو، خەریک بوو
ماکوان والیبکات، ئیتر وامزانی ١١ سێپتەمەبەرو ناردنی
زەرقاوی بۆ عێراق هەمووی لە دەستی مندا بووە..

منیش زوو زوو دەموت وەڵلا ئەم ماکوانە عەجیبە، ئەی -
باشە ئەمە لەکوێیە ئەم کوڕە..ئەی چۆن ئەوروپا نایگرێت..؟

کاک بەهروز دەیگوت: کاکە ئەمانە بەس لەپاڵتاك قسە -
دەکەن کەس نایانناسێت..!

ماکوان : ئەی چۆن ئەم هەموو شتەی پێدەکرێت کە کەس -
نایناسیت..؟

کاکە عەبە : کاکە ئەمانە گروپن دێن و دەچن لە عێراق و لە
ئەوروپاو شتی وای دەوت لە قتوی هیچ عەتارێکدا دەست
نەدەکەوت..

منیش زوو زوو بۆ ئەوەی ئەو رقی هەڵسێت، دەمگوت براڕۆ
ئەم ماکوانە چی ئیرهابیەکە ، حەقە بیکوژن.. ووتم کاکە
کەسێك نیە بیکوژێت نەجاتمان بێت بەدەستیەوە..؟

بەهرۆز کاکە ئەمریکا دەرقەتی ماکوان نایەت، کە وای ووت -
زۆر پێکەنیم قاقام لێدا سەیر بوو بەلایەوە.. کورە ووتم کاکە
بەهروز خۆتۆ دنیات دیوە، ئەمریکا فیلی ساحەیە ئەو قسە
مەکە ماکوانێك چیە، ئیتر واملێکرد کە تحلیلەکەو
شیکارییەکەی جێگای پێکەنینە..

بەهەر حاڵ مەلامحمد قسەکانی بەهەردووکمان بڕیو ..
کەوتینە ڕێ بۆ ماڵی میهناز خان خێزانی کاک عەبدوڵڵای

غەمگینی ولە ناو سەیارەکەی کاک مەلا محمد زۆر پیکەنیم، جەماعەت وایان دەزانی لە ئەخیردا من حەقی لێدەکەمەوە ..لێی ئەدەم.. یان دەیکەم بەشەڕ
چوینە ماڵی میهناز خان حوورمەتێکی زۆری لێگرتین و پێشتر کاک بەهروز میهناز خانی ئاگادار کردبوو بۆ ئەو کارە دەچینە !..ماڵیان
دوای دانیشتنێکی کەم .. ئینجا من رووکردە میهنازخان و کاک بەهرۆز لە تەنیشتم دانیشتبوو، ووتم میهناز خان من ناناسیت کێم..؟

.. میهناز خان : نەخێر بە خزمەت جەنابت نەگەیشتووم ماکوان چۆن من کوڕی جەنابتم و کاک عەبدوڵلا هاتوە بۆلام بەس لەبەر خاتری تۆ.. زۆر گۆڕاوە ئەوەی کە تۆ ئەتەوێت ئەو ..!ئێستا ئەوەیە
میهناز خان ووتی: دەنگت ئاشنایە لام بەس نازانم کێت..؟
ووتم: زۆر بیری لێمەکەرەوە.. من ماکوانم ئەوەی لە پاڵتاك ..قسە دەکەم
لە دوایی ئەوەی کە خۆم ئاشکرا کرد لە لای میهناز خان ، چونکە کاک بەهرۆز لە تەنیشتمەوە بوو، ئاگام لێی نەبوو دەموچاوی چی بەسەردا هاتوە.. بەهەرحاڵ من خۆم تێك نەداو بەردەوام بووم لەگەڵ میهناز خاندا، بەراستی ئافرەتێکی زۆر میهنازو بەڕیزو خاوەن حوورمەت بوو.. دوای نان خواردنێکی خۆش و بەلەزەتی سنەیی بەناوی فسنجان ..کە بۆیەکم جار بوو بیخۆم لە هەموو ژیانمدا
پاشان کاك عەبدوڵام هەڵساند بچێت لە مەتبەخەکە لەگەڵ ..میهناز خان هاوکاری بکات.. کاتی نوێژ هات
..کاکە عەبە پێش ئێمە هەڵساو ووتی: بانوێژەکەمان بکەین -
منیش بۆ خۆشی ووتم کاکە عەبدوڵلا لەبەر خوایە یان -

..لەبەر خاتری میهناز خانە
مۆڕەیەکی لێکردم پێکەنی.. ئینجا بیرم کەوتەوە پیاوێك لە
..تەنیشتمەوەیە بی دەنگ چرکە ناکات
ماکوان : کاك بەهرۆز با تا دەرەوە بڕۆین هەندێك قسە -
وباس بەکەین پیاسەیەك بکەین بەیەکەوە.. ئاگام لێبوو سڵی
کردەوە لە من، کاك مەلا محمد ووتی جاری دوایی هەموومان
بەیکەوە دەڕۆین پیاسە دەکەین دەچینە سەنتەری هانۆڤەر..
نا ووتم کاکە وازمان لێبێنن من حەز دەکەم لەگەڵ ئەو پیاوە
دوو قسەی تایبەتی بکەین لەدەرەوە.. ئەو هەڵساو کاکە
عەبدوڵلا وکاك مەلامحمدیش بە دوواماندا هاتن
..لەدووامانەوە دەرۆشتن
ماکوان : کاك بەهرۆز من ئەو ماکوانە ئیرهابیەم کە تۆ -
قسەت پێووت.. لە ماڵەکەی خۆشتا.. من نە ئیرهابیم و نە
پیاوکوژو نەخەڵك سەربڕ.. تۆ دەبوو منت بناسیبا، ئینجا
قسەم لەسەر بکەیت.. کوڕی باش تۆ من ناناسیت ، بە
خزمەتی مامۆستا کرێکار نەگەیشتویت، ئەم هەموو قسە
سوکەت بەئێمە ووت، ئاخر وەرە بزانم لەکوێ منت دیوە پیاو
بکوژم ؟ لە کوێ منت دیوە کارێکی خراپەم کردبێت؟ من
ناڵێم فریشتەی ئاسمانم، بەڵام لە چاو قسەکانی تۆ کە کردت
بەرانبەرم وەڵڵا من فریشتەم.. دەی سوێند بەخوا ئەتوانم
ئیستا لێرەدا بدەمە بەر چەقۆ لە دەستم دێت و ئەشتوانم،
بەڵام بە قولی خۆتان کاکە خۆ من چەقۆکێش نیم من
خاوەنی پەیامێکم، لە پاڵتاك لە کۆڕ و لە سمینارەکاندا هەوڵ
دەدەم و هەرچی بۆم بکرێت ئەم دینە دەیگەیەنم.. ئێوە بۆ
نایەن جارێك لەسەر پەیامەکە قسە بکەن ، بۆ شتم بۆ
دروست دەکەیت کە نامناسیت.. وویستی قسەبکات
..نەمهێشت، بەردەوام بووم لە قسەکانم

ماکوان :ئاخر تۆ و ئەوانەی وەك تۆ وان بۆیە ئێران توانی بە -
شیعەگەری خۆی سەرکەوێت بەسەرتاندا خۆشتان نەتان
دەزانی داوای چی دەکەن، ئەگەر وەك شیعەکان ئێوەش
مەزهەبی شافیعەیەکەتان زیندووبکردایەتەوە ،یاخود ئەهلی
سەلەفەکە..ئێستا حاڵتان بەم حاڵە نەدەگەیشت..

ئاخر تۆ کە چەپی دەبوو راستگۆ بویتایە لەگەڵ خۆتو
پەیامەکەشت، کاکی خۆم هەرچی دەکەیت بەس راستگۆبە..
مرۆڤ لەسەربنەمای درۆ هیچی بۆ ناکرێت، ئێوە درۆزنن و
درۆشتان لەگەڵ میللەتی خۆتان کرد قسەی زلتان بۆکردن
دوای هەمووشتان ساحەتان چۆڵکرد بۆ کۆماری ئیسلامی
ئێران.. بەهەرحاڵ دەمەوێت پێت بڵێم ئەوە منێکی ئیسلامی،
کە کێشە لەسەر من دروست بوو ئامادە بووم هەموو
خزمەتێك بە هاوشاریەکەی تۆ بکەم ، بەڵام ئێوە توانای
ئەوەتان نەبوو رەفیقەکەی خۆشتان هاوکاری بکەن.. ئینجا
بەخوای عەرزو ئاسمان کە ئەو قسانەت کرد قوبوڵم کرد، زۆر
گەورەنەبوو لەسەر دڵم، چونکە قسەت بە خۆم ووتو رێزی
ئیسلامەکەت گرت، هەرچەندە قسەکانت سەراپا درۆ بوو،
بەڵام من هاتمە ماڵەکەت نانم خوارد چام تێدا خوارد من خۆم
بە موسڵمان دەزانم پاشان عەشاییەرم بۆیە هیچ لەدڵمدا نیە،
کەسێکی بەرێزی لام.. فەرمو تۆش قسەی خۆت بکە..

کاك بەهرۆز ووتی: کاك ماکوان من موقەصیرم و خەجاڵەتم، -
بەڕاستی نازانم بڵێم چی(منیش ووتم هیچ مەڵێ و کۆتایی
بەو کێشەیە هات) بەردەوام بوویەوە لەقسەکانی ووتی کاکی
خۆم من هەڵەم کرد بەرانبەرت، تۆ لەگەورەیی خۆت قسەت
نەکردوە، پاشان منیش رەخنەیەکم هەیە دەبوو خۆت بە
ماکوان بناساندایە تا منیش مەوقعی تۆم دەزانی، بەهەر حاڵ

ئەمە مانای وانیە کە من ئیسلامم خۆش بوویت یان موسڵمانان، منیش خاوەنی پەیامێکم دەمەوێت بیگەینم کە مرۆڤ دۆست و خۆشنودی و ئازادی یە بۆ مرۆڤەکان..

ووتم: کاک بەهرۆز من کە نەموتوە ماکوانم - خۆم لە - راستیدا ناوم خەسرەوە و نازناوی نوسینو ئەدەبیم ماکوانە، درۆم لەگەڵ نەکردویت، گریمان خۆشم نەناسند تۆ هەر بەو شێوەیە مامەڵە دەکەیت؟، ئەوە کارێکی باش نیە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە لەخۆتەوە قسەمەکە تا کەسێك نەناسیت، خۆ من ناحەقی تۆ ناگرم بە تەنیا ئەوە تەبع و سورشتی هەموو کورد وایە .. رۆژ نیە لەم ئیسلامیانەی لای منیش نەچن و بچپێنن بەگوێی یەکتریدا، بەجاسوس لە قەڵمان ئەدەن بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان لە بەردەستابێت هەروەك تۆ یان لەبەر بەخیلیە یان قسە فرێدانە یان لەگەڵ حیزبەکانیان نیم، جا نازانم ئەم خوایە کە سوێندی پێدە خوات هەر وا ئاسانە ، تۆش هەر لەو تەبعانەی ئەوان جاروبار لەخوا دەترسن تۆ ئەوەیشت نیە کاکی خۆم.. ئینجا فەرموو وەرە من و جەنابت لەسەر دین و ئەم ئاینی ئیسلام و خوایە با موناقەشەیەك بکەین لە کوێ پێتخۆشە.. من ئامادەم؟

- ووتی: باشە؟..

ووتم بەو مەرجەی تەوەرە دیاری بکرێت، کە من تەواو بووم ئینجا تۆ قسە بکەیت، پاشان دەبێت خەڵکێکی حەکەم لە نێوانماندا هەبێت .. دوور لە بیروباوەڕێ هەردووکمان، ئەوە مەرجی منە.. تۆش چی دادەنیت لە تەوەروباس فەرموو من ئامادەم..

دوام کرد تەوەرەکان لەسەر چی بێت بۆ ئەوەی دیبیەتەکە لەگەڵ بەهروز دەست پێبکەی؟
..ووتی تەوەرکان با ئەمانە بن
.. لەسەر ئەوەی من بڕوام بەخوانیەو خوا هەر نیە -
زانست و قورئان -
دەسەڵاتی ئیسلامی و سەنگباران و کوشتنی خەڵکی و -
فەتحی ووڵاتان
.ئافرەت و مافی مرۆڤ بەگشتی -
کە گەڕاینەوە.. داوام کرد لە کاک عەبدوڵلا کە کێ دەناسێت..
..لەم دەوربەرە لە دکتۆر لە خەڵکی رۆشنبیر دەعوەتی بکات
ئەو شەوە کەسمان دەست نەکەوت دوامکرد لە کاک
..مەلامحمد و کە هیچ تەدخول نەکات بە چاك و خراپ
.. ئەو شەوە دانیشتین و دەستمان کرد بە قسە
ووتم کاک بەهروز تۆ چۆن بڕوات بە خوا نیە.. ئاخر لەم بوونەی ئێمەدا خەڵکێکی زۆر شاز بڕوای بەخوا نیە چۆن شتی وادەبێت..؟
کاک بەهروز..: دەستی کرد بە قسە.. ووتی ئەم ژیانە هەموو - لەسەر مادە بونیادنراوە.. مادەش بۆ خۆی کۆنە وعونصورێکی قەدیمە، ئەم هەموو سیستمەی کە ئیستا هەیە لەم گەردونەدا ناشێت دەستی خوایەکی بەسەروەبێت، کە ئەوەندە گەورەیە خاوەنی هێزە.. لە دوو تەوەر بەدەر نیە یان گەردون و مادە خوایە و بێگیانە.. یان خوا ووجودی نیە .. هەمو‌و خوایەك کە دروستی دەکەین دەستکردی خۆمانە چۆن خوایەك وەك مارکس دەڵێت: بزواتە و واتا (محریکە) پاشان نەزاوتیشە..! یان مومکینە یان غەیر مومکینە.. ئەمە فەلسەفەی سورشتە واتا مرۆیی ئەمەی ئیسپات کردوە کە نەخشاندنی گەردوون بە مادە رێکخراوە و نەخشێنراوە..
!..پاشان هەمووی سروشت بە ڕێکەوت رێکی خستوە

کەس دەتوانیت خوای موسڵمانان نیشان بدات، کەس دەتوانێت ئەو هەموو هێزە کیمیایەو تەفاعولە فیزیاییانە نیشان بدات کە چۆن خوا دەستی لەسەری هەیە لە بچوکترین بەشی ئەم گەردونەدا بە چرکە گۆڕانکاری دەبێت.. ئاخر ئەم خوایە چۆن ئاگای لەم هەموو ووردەکاریانەیە، پاشان لەسەر ئەم ژینەدا بێپایان کرم و زیندەوەرو نەباتی وهەمووی کار دەکات، هەموو ئەمانە بە گوێرەی سیستەمی سروشت .. تۆ بڵێی یەك خوا سەرپەرشتی بکات؟.. ئاخر لە ناو ئیسلامدا چی هەیە کە من والیبکات بڕوام بۆ دروست ببێت وەك مارکس باسی مادیەتو تەفسیری مادەو مێژووی مادە دەکات.. هەمووی بەزانست و پاشان لە رووی پێگەیشتنەوەو داروین و لە رووی کۆمەڵایەتی دۆرکایم و پاشان فرۆیدو هەموو ئەمانە دەتوانن وەڵامی پرسیاری رێکی و جوانی ئەم سیستەمە بدەنەوە، بەزانست، نەك بە تەنها ...ووشەیەك کە ئێوە خۆتانی لێ دەدزنەوە.. ناوتان ناوە خوا پاشان من وەڵامی ئەم گەردونەم دەوێت لای ئەو خوایەی تۆ؟

من دەمەوێت بزانم ئەو خوایە موسڵمان و ئیسلام چی بە من ..ئەدات

ئینجا ئەم قورئانەی ئێوە.. نابێت شتێك بدات بە من کە سودی لێوەربگرم، ئاخر مەنصوری حیکمەت قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت، من کە تۆم دەوێت تۆش دەبێت پێم بەخشیت بۆ ئەوەی تێر بم .. مارکسیزم و ئەدەبایتی چەپ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی منی داوەتەوە.. ئینجا مەرجی سەرەکی پێکهێنانی بەرهەمهێنان کۆمەڵگایە نەك ئاین .. ژێرخانو سەرخان ژیارو شارستانی دروست دەکات، چینە کۆمەڵایەتیەکان و خەباتی چینایەتی ململانێ دروست دەکەن ..نەك ئاین

پاشان شۆڕشی سۆسیالستی هاندانی مرۆڤە بۆ
دەستبەرکردنی ئازادیەکان .. بەدرێژایی مێژوو ئیسلام هەر
خەریکی کوشتن و بڕین بووە..
لێرەدا من وەستاندم..
ماکوان : بڕیارمان وابوو یەکتەوەر تەوابکەین ئینجا بچینە -
سەرتەوەرێکی تر..وایە؟
بەهرۆز: وایە؟ -
ماکوان: مادەم وایە قسەکانی خۆت تەواوبکە لەسەر خوا و -
ئەم گەردونە و فەلسەفە مومکینو ناموکین و ڕێکی
سیستەم و جوانی سیستەم و خراپیەکانی تەفسیری مادە
بکەو مێژووی مادە باس بکە،،
کاک بەهرۆز ووتی من پرسیاری خۆم خستە روو فەرموو -
وەڵام بدەرەوە..
من وەلامی ئەم شەش پرسیارەت ئەدەمەوە کە لەقسەکانتا
کردوە..
یەکەم: ئەم جیهانە چۆن سەری هەڵداوە؟
دووهەم: چۆن بە گوێرەی ئەو سیستەمە سەرسوڕهێنەرهە
ڵدەسوڕێت؟
سێهەم: ئایا سەرەتای هەیە؟ مێژووی مارکسیزم
چوارەم:ئایا کۆتایی هەیە ؟جەدەلی مارکسیزم
پێنجەم:ئایا بە ڕێکەوت هاتۆتە گۆڕێ؟
شەش:ئایا دروست کەرێك دروستی کردوە و هێناویتە دی؟..
بێ گومان بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئایدیای مرۆڤ
وتێگەیشتنی لەم بونەوەرە کەژیان پێك دەهێنێت،
بەشێوەیەکی کاریگەرانە هاوبەشی دەکات لە چارەنوسی
مرۆڤ و جۆری و شارستا نیەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی و
کەسایەتی تاك، ئارامگرتنی دەرونی ئەو کەسایەتیە، ئەگەر ئەم
وەڵامانە دەست نەکەوت مرۆڤکە توشی دڵەڕاوکێ و

سەرگەردانی دەبێت، تۆشی بێ چارەی و کەسێکی وێرانی لێ دەردەچێت.
بۆ ئەم مەبەستە زانایان و فەیلەسوفەکان و خاوەن بیرەکان هەوڵیانداوە هەریەکەیان لە ڕێگای عەقڵ و هۆشە وە لە ڕەوتی تاقیکردنەوە زانستەیەکان، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.
من دەمەوێت لەم باس ولێکۆلینەوەیەدا هەندێ لەو وەڵامانە بخەمە
مەرج نیە من بتوانم ئەم بابەتە بەو شێوەیە کە بیرمەندان توانیانە باشتر ڕوونی بکەمەوە، بەڵام هەوڵێکە تا بتوانم بیری خۆم بخمە ڕوو.
ئەم جیهانە چۆن سەری هەڵداوە:
کەواتە خاڵی سەرەتا لێرەوەیە، سۆنگەی بیر کردنەوە ئەوەیە کە چۆن سەرهەڵدانی ئەم جیهانەو سەرەتای ڕەوتی ئەم جیهانە بە ماکەکەی هەیئەتەکەی و یاساکانی لێکی بدەینەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە چۆن سەری هەڵداوە؟
بۆ باس کردنی ئەم بابەتە چەندین بەڵگەی ئەقڵی و ویژدانی هەن لەو بەڵگانەی کە مرۆڤ ژیانی ئاسایی خۆیان پێ دەست پێکردون، سەرباری لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسوف و زاناکان، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دروست کردنی ئەم جیهانەمان لە لایەن داهێنەرو بەدیهێنەرێکەوە یان خولقێنەرێکی کارساز دایناوە بۆی دەیسەلمێنێت هەروەك زانستیش بەتەواوی بەشەکانیەوە لە فیزیك و گەردوون ناسی و پزیشکی و ڕووەك ناسی زیندەوەرناسی و ....هتد.
توانیویەتی لایەنێکی گرنگمان بۆ دەربخات لایەنێك کە شاراوە بووە لە ئێمە لە تەفسیرو لێکدانەوەی ئەم جیهانەدا، هەروەک توانیویەتی تیۆرو کۆمەڵێك بیردۆز کە خوا نەناسەکان دایان ناوە هەڵی بوەشێنێتەوە بەڵگەکانیان بە درۆ

بخاتەوە کە بە درۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بەڵگانە قەڵاو کۆشکی بیرکردنەوەی بێ باوەڕەکان یان ماتریالیزمەکان داڕوخاوە، ئایدیای خوا پەرستی بە بەڵگە و تاقی کردنەوەی هەڵسپێراوەکانی زانست قایم و پتەو تر بووە، پاش ئەوەی بێباوەڕی تیۆری خۆی لەسەر دوو بنەمای فەلسەفی بنیاد نابوو وە ئەو دوو بنەمایەش کە بریتین:

یەکەم: تیۆری مادده دێرینەکان یان دێرینەی مادده:

ئەم بیردۆزە لافی ئەوە لێدەدات کە مادده کۆنەو هەر بووە، نە سەرەتای هەیەو نە کۆتای ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە مادده خولقێنەریکی نییە وە هیچ کارسازێك یان بەدی هێنەرێك نەیهێناوەتە گۆڕێ وە جیهانێکی تریش بەدوایدا نایەت!.

دووەم: پشت بەستن لەسەر تیۆری ڕێکەوت و ڕەفزکردنی بنەما هۆکاریەکان:

ئەم بیردۆزە وا دەبینێت کە جیهان لە ڕێگای ڕێکەوتەوە سەری هەڵداوە دروست بووە، داهێنەرو بەدیهێنەرێك نەیهێناوەتە کایەوە بێ نەخشەو پلان دروست بووە.

بەڵام بەداڕوخانی ئەم دوو تیۆرە بیردۆزیە بەدەستی زانستی تاقیگەری فەلسەفەی بێ باوەڕەکان هەرەسی هێنا هەرەسهینانێکی بە بەڵگە سەلمێنراو

وێڕای هەرەس هێنان و دارمانی ئەقڵی و فەلسەفی ڕووتە ماتریالیزمەکە ئیتر ئەم دوو تیۆرە لە دیدی زانستەوە بوونە ئەفسانە و گریمانێکی خەیاڵی، جا بۆ ئەوەی ئەم دوو تیۆرە نمونەکانیان لە بیروڕاکانی دیکە بخەینە سەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام باس و لێکۆڵینەوەکە لەسەر بناغەی تیۆرو بەڵگەی زانستی و فەلسەفیەکان بنیاد بنێین، واتا با بیردۆزی بێ باوەڕی بخینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بنچینەی وەك ئامازەمان پێ کرد بەڵگەی تاقی گەری ، یان بەڵگەی ڕەوتی

ئەقڵی بەم جۆرەی خوارەوە کە دەتوانین لەسەر سێ بنەمای زانستی و فەلسەفی ڕوونی بکەینەوە.
.یەکەم: بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم
دووەم: بەڵگەی جوڵەو بزواوتن و نەجوڵاندن لەخۆوە نەبزواوتن .
.(سێیەم: بەڵگەی پێچون و لەوانەیی (ئیمکان
:بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم
بێگومان نیگایەکی زانستی کە مرۆڤ دەینەخشێنێت بە جیهانی سروشت و مرۆڤ ڕووەك و ئاژەڵ و....هتد.
هەروەها بەوەی کە تێیدایە لە ووردی وکارسازی دەردەکەوێت کە ئەم جیهانە پێویستی بە نەخشەکێشان و ساز کردن و ویستگەیەکی پێش تر هەیە خۆی بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار کە خوایەکی داناو زاناو بە توانا زۆر بە جوانی و بە ووردی و بە ڕوونی، بە لە ناو بردنی بیری ڕێکەوت و پوچ کردنەوەی، یاخود ئەزەلیەتی مادديت بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە تیۆری بێ باوەری و فەلسەفەکەی بوو، بیرکردنەوەی پێچەوانەو دژ بە ئایدیا خوا پەرستیەکەی لەسەر بنیاد نراوە.
لێکۆڵینەوەو باسە زانستیەکان مەحاڵ بوونی پێکهاتنی جیهانیان بەڕێکەوت لە ڕووی کات و زەمەن و پێك هاتنی واقیعیەوە سەلماندوە کە ئێمە لەم باسەدا لایەنێك لە باس و لێکۆڵینەوە و بەڵگە زانستیانە ڕوون دەکەینەوە کە زانایانی سروست و زیندەوەر ناسی سەلماندویانە، تیۆری ڕێکەوتیان لە دوو بواری سروشت و ژیاندا بە درۆ خستۆتەوە بۆ هەر ئەقلێکی خاوەن هزری زانستی بوونی دانای و هودە زانی و وویست و نەخشەکێشانی پێشتر بۆ ئەم جیهانە دەردەخات
:جا لە بواری سروشتدا زانایان دەڵێن
ئێمە لە یەکەم لە سەرەتاوە ئەستێرەیەکی گەڕۆکی}

بچووکمان هەبووە کە ئەویش
زەوی یە ئەم ئەستێرەیە چەشنی نیشتمانێك بووە بۆ دروستکراوەکانی مرۆڤایەتی،کە پاش زنجیرەیەك گۆڕانکاریی لەماوەی دوو بلیۆن ساڵ یاخود زیاتردا بۆتە جێگایەکی لە بەر بۆ ژیانی زیندەوەری و ڕووەکیی کە ئەمانە یارمەتیی گەشە کردنی و هۆیەك بوون بۆ سەرهەڵدانی مرۆڤ،خرۆکەی زەوی لە هەر بیست و چوارکاتژمێرێکدا جارێك یاخود بەتێکڕای نزیکەی (١٠٠٠)میل لە کاتژمێرێکدا بە دەوری تەوەری خۆیدا دەسورێتەوە.
گریمان کە زەوی بە تێکڕایی (١٠٠)میل لە کاتژمێرێکدا دەسورێتەوە، بۆ وانەبێت؟ ئەگەر وابێت ئەوا ئەو کات شەوڕۆژمان بە ئەندازەی دە ئەوەندەی تر درێژ تر دەبێتەوە.
کەواتە لەم بارو دۆخەدا خۆری هاوین هەمووڕۆژێك ڕووەك وگژوگیاکانمان دەسوتێنێت و بە شەویش تەواوی ڕووەکی سەر زەوی وشك دەبن.
لە کاتێکدا ئەو خۆرەی کە سەرچاوەی تەواوی ژیانە. پلەی گەرمای کەی دەگاتە(١٢)هەزار پلەی فەرنهایت و خڕۆکەی زەوی ئێمە بە ئەندازەیەك لێی دوورە بە سە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاگرە زۆرە گەرمایی پێوستمان پێ ببەخشێت و لەویش زیاتر پێویستمان نییە ، ئەم دوورایيەش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕێژەیەکی نەگۆڕە، کە لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا گۆڕانکاری کەمی بەسەردا دێت
بەوجۆرێك کە بەردەوام بوونی ژیان بەوجۆرەی کە پێی ڕاهاتوین و مومکینە،کە ئەگەر بهاتایەوپلەی گەرما سەرزەوی لە ساڵێکدا بە تێکڕای پەنجا پلە زیادی بکردایە ئەوا تەوایی زیندەوەراکانی ساە زەوی هەمووی دەسوتان و یان لەناو دەچن.
خڕۆکەی زەوی بەتێکڕایی (١٨)میل لەخولەکێکدا

بخاتەوە کە بە درۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بەڵگانە قەڵاو کۆشکی بیرکردنەوەی بێ باوەڕەکان یان ماتریالیزمەکان داڕوخاوە، ئایدیای خوا پەرستی بە بەڵگە و تاقی کردنەوەی هەڵسپێراوەکانی زانست قایم و پتەو تر بووە، پاش ئەوەی بێباوەڕی تیۆری خۆی لەسەر دوو بنەمای فەلسەفی بنیاد نابوو وە ئەو دوو بنەمایەش کە بریتین:

یەکەم: تیۆری مادده دێرینەکان یان دێرینەی مادده:

ئەم بیردۆزە لافی ئەوە لێدەدات کە مادده کۆنەو هەر بووە، نە سەرەتای هەیەو نە کۆتای ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە مادده خوڵقێنەریکی نییە وە هیچ کارسازێك یان بەدی هێنەرێك نەیهێناوەتە گۆڕێ وە جیهانێکی تریش بەدوایدا نایەت!.

دووەم: پشت بەستن لەسەر تیۆری ڕێکەوت و ڕەفزکردنی بنەما هۆکاریەکان:

ئەم بیردۆزە وا دەبینێت کە جیهان لە ڕێگای ڕێکەوتەوە سەری هەڵداوە دروست بووە، داهێنەرو بەدیهێنەرێك نەیهێناوەتە کایەوە بێ نەخشەو پلان دروست بووە.

بەڵام بەداڕوخانی ئەم دوو تیۆرە بیردۆزیە بەدەستی زانستی تاقیگەری فەلسەفەی بێ باوەڕەکان هەرەسی هێنا هەرەسهینانێکی بە بەڵگە سەلمێنراو

وێڕای هەرەس هێنان و داڕمانی ئەقڵی و فەلسەفی ڕووتە ماتریالیزمەکە ئیتر ئەم دوو تیۆرە لە دیدی زانستەوە بوونە ئەفسانە و گریمانێکی خەیاڵی، جا بۆ ئەوەی ئەم دوو تیۆرە نمونەکانیان لە بیروڕاکانی دیکە بخەینە سەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام باس و لێکۆڵینەوەکە لەسەر بناغەی تیۆرو بەڵگەی زانستی و فەلسەفیەکان بنیاد بنێین، واتا با بیردۆزی بێ باوەڕی بخینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بنچینەی وەك ئاماژەمان پێ کرد بەڵگەی تاقی گەری ، یان بەڵگەی ڕەوتی

ئەقڵی بەم جۆرەی خوارەوە کە دەتوانین لەسەر سێ بنەمای زانستی و فەلسەفی ڕوونی بکەینەوە.
یەکەم: بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم.
دووەم: بەڵگەی جوڵەو بزواوتن و نەجوڵاندن لەخۆوە نەبزواوتن .
سێیەم: بەڵگەی پێچون و لەوانەیی (ئیمکان).
بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم:
بێگومان نیگایەکی زانستی کە مرۆڤ دەینەخشێنێت بە جیهانی سروشت و مرۆڤ ڕووەك و ئاژەڵ و....هتد.
هەروەها بەوەی کە تێیدایە لە ووردی وکارسازی دەردەکەوێت کە ئەم جیهانە پێویستی بە نەخشەکێشان و ساز کردن و ویستگەیەکی پێش تر هەیە خۆی بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار کە خوایەکی داناو زاناو بە توانا زۆر بە جوانی و بە ووردی و بە ڕوونی، بە لە ناو بردنی بیری ڕێکەوت و پوچ کردنەوەی، یاخود ئەزەلیەتی ماددیت بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە تیۆری بێ باوەری و فەلسەفەکەی بوو، بیرکردنەوەی پێچەوانەو دژ بە ئایدیا خوا پەرستیەکەی لەسەر بنیاد نراوە.
لێکۆڵینەوەو باسە زانستیەکان مەحاڵ بوونی پێکهاتنی جیهانیان بەڕێکەوت لە ڕووی کات و زەمەن و پێك هاتنی واقیعیەوە سەلماندوە کە ئێمە لەم باسەدا لایەنێك لە باس و لێکۆڵینەوە و بەڵگە زانستیانە ڕوون دەکەینەوە کە زانایانی سروست و زیندەوەر ناسی سەلماندویانە، تیۆری ڕێکەوتیان لە دوو بواری سروشت و ژیاندا بە درۆ خستۆتەوە بۆ هەر ئەقڵێکی خاوەن هزری زانستی بوونی دانای و هودە زانی و وویست و نەخشەکێشانی پێشتر بۆ ئەم جیهانە دەردەخات
جا لە بواری سروشتدا زانایان دەڵێن:
{ئێمە لە یەکەم لە سەرەتاوە ئەستێرەیەکی گەڕۆکی

بچووکمان هەبووە کە ئەویش
زەوی یە ئەم ئەستێرەیە چەشنی نیشتمانێك بووە بۆ دروستکراوەکانی مرۆڤایەتی،کە پاش زنجیرەیەك گۆڕانکاریی لەماوەی دوو بلیۆن ساڵ یاخود زیاتردا بۆتە جێگایەکی لە بەر بۆ ژیانی زیندەوەری و ڕووەکیی کە ئەمانە یارمەتیی گەشە کردنی و هۆیەك بوون بۆ سەرهەڵدانی مرۆڤ،خرۆکەی زەوی لە هەر بیست و چوارکاتژمێرێکدا جارێك یاخود بەتێکڕای نزیکەی (١٠٠٠)میل لە کاتژمێرێکدا بە دەوری تەوەری خۆیدا دەسوڕێتەوە.
گریمان کە زەوی بە تێکڕایی (١٠٠)میل لە کاتژمێرێکدا دەسوڕێتەوە، بۆ وانەبێت؟ ئەگەر وابێت ئەوا ئەو کات شەوڕۆژمان بە ئەندازەی دە ئەوەندەی تر درێژ تر دەبێتەوە.
کەواتە لەم بارو دۆخەدا خۆری هاوین هەمووڕۆژێك ڕووەك وگژوگیاکانمان دەسوتێنێت و بە شەویش تەواوی ڕووەکی سەر زەوی وشك دەبن.
لە کاتێکدا ئەو خۆرەی کە سەرچاوەی تەواوی ژیانە. پلەی گەرمای کەی دەگاتە(١٢)هەزار پلەی فەرنهایت و خڕۆکەی زەوی ئێمە بە ئەندازەیەك لێی دوورە بە سە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاگرە زۆرە گەرمایی پێوستمان پێ ببەخشێت و لەویش زیاتر پێویستمان نییە ، ئەم دوورابیەش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕێژەیەکی نەگۆڕە، کە لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا گۆڕانکاری کەمی بەسەردا دێت
بەوجۆرێك کە بەردەوام بوونی ژیان بەوجۆرەی کە پێی ڕاهاتوین و مومکینە،کە ئەگەر بهاتایەوپلەی گەرما سەرزەوی لە ساڵێکدا بە تێکڕای پەنجا پلە زیادی بکردایە ئەوا تەوایی زیندەوەراکانی ساە زەوی هەمووی دەسوتان و یان لەناو دەچن.
خڕۆکەی زەوی بەتێکڕایی (١٨)میل لەخولەکێکدا

دەسوڕێتەوە، ئەگەر بهاتایەو تێکڕایی سوڕانەوەکەی"بۆ نمونە'' (٦) میل یاخود(٢٠) میل بوایە لە خولەکێکدا ئەو کات دووری یاخود نزیکی ئێمە لەخۆرەوە بە شێوەیەك دەبوو کە ژیانمان لەگەڵیدا دەیبەست، لە هەمان کات دا ئەستێرەکان بەوشێوەیە جیاوازیان دەبێت لە جۆری تیشکدانەوەیاندا، بەشی زۆری تیشکەکانیان هەموو جۆرە خانەیەک لە ژیان دا دەمرێنێت، هەروەها چڕی و بارستایی ئەم تیشکدانەوەیەش کەوا لە نێوان کەمتر لە تیشکدانەوەی خۆرەکەمان و زیاتر لە وەی دەهەزار جارە، ئەو کات دوریی و نزیکیی ئێمە لەخۆرەوە بەشێوەیەك دەبێت کە جوری ژیانمان لەگەڵ ئەو چەشنە رابهاتایە یان ئەگەر ئەم خۆرەی ئێمە تەنها نیوەی تیشکدانەوەی ئێستای بدایەتەوە ئێمە دەبووین بە سەهۆڵ، ئەگەر بە ئەندازەی نیوەی ئێستا زیاد بووایە ئەوە زۆر لە دێرینەوە ئێمە بوبوینە خۆڵە مێش، لە هەموو گرنگتر ئەوەیە ئەگەر بمانتوانیایە{پڕۆتۆ پلازمێك} (شانە) یەکمان بۆ ژیان دروست و

بەدیبهێنایە ئەوا تێدەگەیشتین کە تەنها هەر ئەم خۆرە ی ئێمە لە بارە بۆ ژیان لە نێوان ملیۆنەها خۆری ناپوختە لە گەردووندا .

پاشان هەر ئەم خڕۆکەی زەوییە لارە بە گۆشەیەك کە ئەندازەکەی (٢٣)پلەیە

ئەمە لە بەر چەند هۆیەکە کە خڕۆکەی زەوی دەخوازێت، بۆ نمونە ئەگەر ئەم زەویە مەیلەو لار نەبوایە هەردوو جەمسەری زەوی هەمیشەلە شەودا دەبوو لەم دۆخەدا هەموو هەڵم لە ئۆقیانوسەکانەوە هەڵدەسا بەڕاست و چەپدا یان بەرەو باکور یان باشور دەڕۆشت و لە کاردانەوەی خۆیدا بە چەندین کیشوەری بە سەهۆڵ دادە پۆشی، ڕەنگە بیابانێکی لە نێوان هێڵی یەکسان سەهۆڵ

بەندانێکی دروست بکردایە، ئەگەر ئەمە روویبدایە ئەوا لەم دۆخەدا چەندین ڕوبار لە سەهۆلبەندانەوە هەڵدەسان و لە ڕێگایی شیوو دۆڵەکانەوە دەڕژانەوە ناو ئۆقیانوسێکی بە خوێ داپۆشراو لەم حاڵەتادا هەموو زەوی دەبوو بە کانێکی خوێ حەوزێکێ پڕ لە خوێ لە سەر زەوی دروست دەبوو.
دووریی مانگ لە ئێمەوە (٢٤٠)هەزار میلە گریمان(٥٠)هەزار میل لەئێمەوە دوور بوایە لەم حاڵەتە هەموو زەوی دەکەوتە ژێر ئاو لە ڕۆژێکە دوو جار نغرۆ دەبوین، بەڵام ئاوێکی بە گوژم کە کێو چیاکانی ڕادەماڵی هەروەها سەر زەوی دەبووە گێژەڵوکە ڕەشەبا لەم ئارامیە ئێستا نەدەماو زەوی دەبوو بە ترسناکترین خرۆکە.
با نمونەیەکی زانستی تر بێنینەوە بۆ بە درۆخستنەوەی ڕێکەوت سەلماندنی پێوستی ئەم بوونە بە نەخشەکێشێك وکار سازێك کە لە ئەندازە گیری ڕێکی سیستەم دایڕشتوە.
بۆ نمونە لێکۆڵەرەوانی زانستیدا هاتوە کە:
با ئۆکسجین بکەینە نمونەیەك و بیگرین بە دەستمانەوە بۆ ئەوەی کارسازی و ڕێکو پێکی سیستەمی ئەم جیهانەمان بۆ دەربکەوێت کە خوایەکی بە هێزو دەسەڵاتدار دایمەزراندوە، ئەو هەوایەی کە لە ژوروی زەوییەوەیە بریتیە لە {ئوکسجین ونایترۆجین و ئارۆجین و نییۆن و کۆنسیۆن و کاریبتۆن} هەر ئەم هەوایە هەڵمی ئاوی گرتۆتە خۆی، هەروەها دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی بەڕێژەی (٠،٢)لە١ %یان سێ بەشی لە (١٠٠٠٠)تێدایە، گازەکانی تر خۆیان دەنوێنن لە شێوەی ڕەنگی سور وشین و سەوز دا، بەڵام ئارۆجین ئەو گازەیە کە بە ڕێژەی (٠،٦)لە%١لە هەوادا هەیە ڕووناکیەکی گەشاوەمان پێدەبەخشێت کە ژیاری بەرەو پێش دەڕوات لە هەر شوێنێکدا بە کاربێنرێت ئەوا ناترۆجین بەڕێژەی نزیکەی (%٧٨)لە هەوادا هەیە ،لە کاتێکدا ڕێژەی ئۆکسجین لە هەوادا

به (٢١%)دیاری دەکرێت ،هەوا بە تێکرایی خۆی گوشار
دەخاتە سەر زەوی نزیك بە ئەندازەی (١٥)رتڵ لە سەر هەر
قلانچکێکی چوار گۆشە لە ڕووبەری زەویی بە ئاست دەریا ،
کە هەر ڕەتڵێکیش بریتیە لە (٢٥٦٤)گرام، لە ڕاستیدا
ئۆکسجین لە هەوادا خۆی بەشێکە لەم گوشارو پاڵەپەستۆیە،
کە ئەندازەی دەگاتە (٣)رەتڵ لە سەر قولانچکێکی چوار
گۆشە.

بۆماوەی ئوکسجینەکەی تری گەمارۆیە لە شێوەی چەند
ئاوێتەیەك لە توێژاڵی زەویدا ، ئەم بەشە(٠،٨)ی سەرجەمی
ئاوی جیهانی پێکدەهێنێت لای هەمووان ئاشکرایە کە
ئۆکسجین شەماڵی ژیانە بۆ هەموو زیندەوەرانی سەر زەوی
بو ناسینی ئوکسجین جگە لە هەوا لە هیچ سەرچاوەیەکی تر
چنگ ناکەوێت .!

ئێستا لەهاوکێشەکان بپرسین: چۆن ئەم توخمە پڕلە چالاکیە
لە ڕووی کیمایەوە دەرباز بوو لەو یە کگرتنەی کە هەیەتی لە
گەڵ ئەو توخمانەی تردا و لە هەوادا نزیك بەهەمان ڕێژەی
پێوستی داناوە بۆ تەواوی بوونەوەر ە زیندوەکان .

گریمان ئۆکسجین لە بری ئەو ڕێژەیی کە ئاماژەمان پێکرد
ڕێژەکە لە (٥٠%)یان زیاتر بووایە ئەو کاتە هەموو مادەکان
قابیلی سووتانن لە جیهاندا بە ئەندازەیەکی خێراییەك گریان
تێ بەر دەبوو کە زەوی دەبووە جەنگەڵی گڕکان یان بە
پێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەکە لە (١٠%) یاخود کەم تربێت
ئۆکسجین، بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەو توخمانەی کە ئێستا هەن
بە بار نە دەهاتن بۆ نمونە ئاگر ئەگەر ئۆکسجین ئازاد ئەوتەنها
بە شەیشی لە نێوان چەندین ملیۆنەها بەشی مادەی زەوی دا
هەڵبمژبایە ئەو کاتە هەموو ژیانی زیندەوەر لە خێرا ترین
کات دەوەستا.

گریمانێکی تر بۆ بە درۆ خستنەوەی ڕێکەوت سەلماندنی

(داهێنەر واتا (خوا
ئەگەر زەوی بەدەوری خۆیدا خێرا تر بسوڕایەتەوە لە وەی کە ئێستا هەیەتی هەرچی خانوو بیناو شاخ و دارو هەمووی پرژوو بڵاو دەبووەوە بە جۆرێك کە زەوی خۆی لەت و پەت دەبوو ئەمە لە ئەنجامی سوڕانەوی زەوی بە دەوری خۆیدا بە شێوەیەکی خێرا وەك چۆن دەزووی کۆلارە بە دەست کەسێکەوە دەپسێت ئەگەر بەخێرایەکی زۆر بسوڕێتەوە دەبێتە هۆی تەئسیری هێزی ڕاوەنە لە چەقەکانیەوە یان ئەگەر بە پێچەوانەوە بە هێواشی بسوڕایەتەوە بە دەوری خۆیدا بۆ نمونە لەماوەی (١٠٠) کاتژمێردا بسوڕایەتەوە لە بری (٢٤)کاتژمێردا ئەو کات هەر چی لە سەر زەویدا بوو هەمووی دەمردن و لە ناو دەچوون بە هەموو زیندەوەرەکانیەوە بەهۆی گەمارۆی وێرانکاری خۆرەوە.
هەموو ئەمانە شایەتن لە سەر بەدیهێنەرێکی کار سازو باڵا دەست حیکمەتی ئەومان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە لە گەڵ گونجاندنی ژیان مرۆڤ وزیندەورەکانی تری سەر زەوی کە بێگومان لە توانای {ئانارشیستیدا } نیە کە بتوانێت ئەم بوونەوەرە پان و پۆڕە و فراوانەو گەردوونە ڕێکو پێکە بێنێتە بەرهەم ، بەڕاستی خوای گەورە کەدەفەرموێت:
{وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ}
واتە (هەر شتێك لای خوای گەورە بە ئەندازیە) سورەتی (الرعد ئایەتی (٨
هەروەها دەفەرمووێ :
{وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ}
واتە ( ئێمە لە نێو زەوێدا کێوە بەرزەکانمان چەقاندوە کە چەشنی مێخ بۆ ڕاگرتنی زەوی لە هەر شتێک بە کێشانە و گونجاندن لە گەڵ حیکمەت و دانایی دا گژوگیاو ڕوەکمان

(تیادا ڕواندوه ) سورەتی الحجر ئایەتی (١٩
یان ئەگەر بارستایی زەوی بە ئەندازەی چەند پێیەکی تر ئەستورتر بوایە لەوەی کە ئێستا هەیە ، هەرچی دووەهەم ئۆکسیدی کاربۆن وئۆکسجین هەیە هەمووی هەڵدەمژی، . ئەوکاتە ژیان مەحاڵ و ئاستەم دەبوو
خۆ ئەگەر زەوی لەقەباری خۆردا بوایە لەگەڵ ئەو چڕییەی کە هەیەتی ،ئەو کات هێزی موگناتیسی زەوی بۆ ڕاکێشانی ئەو تەنانەت کە لەسەریەتی (١٥٠) چەندان ودووچەندان دەبوو، هەروەها بەرزیی ئاتمۆسفۆری زەویی چوار میل دەهاتە خوارێ ئەو کات باهەڵم بوونی ئاو مەحاڵ دەبوو، هەروەك پاڵەپەستۆو گوشاری هەوا بەرز دەبووەوە بۆ زیاد تر لە (١٥٠)کیلۆ گرام لەسەر سانتیمێکی چوار گۆشە، کێشی ئەو زیندەوەرانەی کەئێستا ڕەتڵێکە دەگیشتە (١٥٠)ڕەتڵ و قەبارەی مرۆڤ کەمی دەکرد تا دەگیشتە قەباری مشکێک یان سمۆرەیەك ئەو کاتە ژیانی بە کۆمەڵی ئەم مەخلوق و .دروست کراوانە ئاستەم دەبوو
خۆ ئەگەر ئەم بەڵگەنەو نیشانانەی کە پێکهاتنی جیهانی مادین بە هەموو ئەو کەرەسانەی کە تێیدایە لە ئاساو سیستەم وفراماسیۆن وپەیوەندی نێوان کەرەسەکان لە ڕێگایی ڕێکەوتەوە رەد دەکاتەوە ، ئەو ڕێکیو پێکیی ژیانو مادەی زیندووو هەروەها دروست بوونی لە ڕێگای ڕێکەوتەوە زۆر دوورترە لەم گریمانەی کە بە مەعریفەو زانست .رەدکراوەتەوە
لەم بارەیەوە یەکێك لە زانیان و پسپۆڕەکان بۆ ڕونکردنەوەی : ئەم ڕاستییە نوسیویەتی و دەڵێت
پڕۆتینەکان لە کەرسەئاوێتە سەرەکییەکانن لە تەواوی شانە زیندەوارەکان‌دا، کە لە پێنج توخم پێکدێت وبرتین لە: کاربۆن و هایدرۆجین ونایترۆجین و ئۆکسجین وگۆگرد، کە ژمارەی

گەردیلەکان لەیەك بەشی بچوکی پرۆتینیدا دەگاتە (٤٠)هەزار گەردیلە .
وا دابنێین ژمارەی ئەو توخمە کیمیاییانەی کە لە سروشتدان ژمارەیان (٩٢)توخمە هەموو بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە دابەش بوون، ئەوکاتە ئیحتمالی کۆبونەوەی ئەم پێنج توخمە بۆ ئەوەی بەشێکی بچوك لە بەشە بچوکەکانی پرۆتین پێك بهێنێت پێویستی بە ژمارە هەیە بۆ زانینی چەندایەتیی ئەو مادەیە کە پێویستە بەردەوام تێك هەڵبوە شێنرێت بۆ ئەوەی ئەم بەشە بچوکە پێك بێت، ئەوجا بۆ زانینی درێژایی ئەوماوە کاتییەی کە پێویستە بۆ ئەوەی ئەم کۆبونەوەیەی نێوان گەردیلەکانی تەنها بەشێك ڕووبدات.

بۆ ئەم مەبەستە زانای ماتماتیکی سویسری (چارلزیوچین جای)هەڵسا بە ژماردنی ئەو فاکتۆرانە، بۆی دەرکەوت کە دەرفەت لە ڕێگای ڕێکەوتەوە نارەخسێت لە بۆ دروست بوونی تەنها بەشێکی بچووکی پڕۆتین لەوانەیە بە ڕێژەی (١)تا (١٠١٤٠) نەبێت واتا بە ڕێژەی (١تا ١٠) کە (١٤٠) لە خۆی دابێتەوە ئەو ژمارەیە کە بە ووشە نە قسەی لەسەر دەکرێت و نە لە هاوکێشەشدا بەکار دەهێنرێت وە دەرنابڕێت ئەوجا چەندایەتی ئەو ماددەیە کە پێویستە بۆ ڕودان و پەیدابوونی ئەم هاوکێشەیە لە ڕێگای ڕێکەوتەوە تەنها یەك گەردیلەی بچوك بەرهەم بێنێت، دەبێت زیاتر بێت لەوەی کە هەموو ئەم بوونەوەرە گرتویەتیە خۆی بە ملیۆنەها جا، هەروەها دروست بوونی گەردیلەیەك بەو شێوەیە لەسەر ڕووی زەوی لە ڕێگای ڕێکەوتەوە بە تەنها بلیۆنەها ساڵی پێویستە کە زانای سویسری ئەندازەی ئەمەی بە ساڵ داناوە لێکدانی ژمارە (١٠)لەگەڵ (٢٤٣) جار لە خۆی واتا (١٠٢٤٣)ساڵ.

پرۆتینەکان پێك هاتوون لە چەند زنجیرەیەکی درێژ لە ترشەلۆکی ئەمینیی، بەڵام ئایا گەردیلەکانی ئەم گەردانە چۆن پێك دێن ئەم پرۆتینانە ئەگەر بە شێوەیەکی تر جگە لەو شێوەیەی کە پێك هاتوە و پیک بێت ئەوکات ناپوختەو نالەبار دەبێت بۆ ژیان، بەڵکو لە هەندێ کاتدا دەشبێتە زەهر، بۆ ئەم مەبەستە زانای ئینگلیزی (ج. ب لیسز) هەموو ئەو ڕێگایانەی ژماردوە کە دەشێت گەردیلەکانی پێ یەك بگرێت لە تەنها گەردێکی سادەی پرۆتینیدا لە ئەنجامدا بینی کە ژمارەی گەردیلەکان بلیۆنەها (١٠٢٨) لە بەر ئەمە لە ڕووی ئەقڵەوە مەحاڵە کە هەموو ئەم ڕیکەوتانە یەك بگرن بۆ ئەوەی یەك گەردی پرۆتینی دروست بێت بۆیە دەڵێن تەنها خودا هەر خودا خاوەنی هەموو دروست کراوەکانە.

هەڵبەتە پرۆتینەکان جگە لە ماددەیەکی کیمیای بێ گیان

کەرەسەیەکی دیکە نین، ژیانیان تێدا نییە مەگەر پاش ئەوەی
ئەو ڕازە یان ئەو ڕۆحە سەرسوڕهێنەرەی تێ دەچێت و کە تا
ئێستا ئەقڵی هەموو بەشەریەت هیچ شتێك لە ماهیەتی
نازانێت ئەو ڕازەش ئەقڵ نەبڕیوە تەنها خوا خۆی نەبێت
ئەوەی کە توانیویەتی بەوپەڕی حیکمەت و دانای خۆی
دایبنێت و بیزانێت کە نمونەی وەها گەردێکی پرۆتینی بار
بهێنێت بۆ ئەوەی ژیان دابمەزرێنێت ئەوکاتە کە دروستی
کردوە وێنەی بۆ کێشاوەو ڕازو ڕۆحی ژیانی بەسەردا
ڕژاندوە.

ئێمە دەزانین کە مرۆڤ دارای چ ئاڵۆزی و ووردەکارییەکە لە
چالاکی ئەقڵی و دەزگای دەماریدا، کە ئەم ئاڵۆزی و
ووردەکارییە مرۆڤی شایستەی ڕێکخستنی هەست و بیر
کردنەوە و دەرك و هەڵسوکەوتەکان کردوە دەتوانێت ئەم
شسایستە ڕێك بخات هەروەك بوونی دەزگای دەماری و پلەی
دەرکی ئاژەڵ دەزانین، بەڵام مرۆڤ نەی دەزانی کە ڕوەکیش
دارای دەزگای مەرکەزی ئەوتۆیە کە چالاکیەکانی ڕێك دەخات
بەو جۆرەی کە دەزگای دەماری چالاکیەکانی لەشی مرۆڤ و
ئاژەڵ ڕێکی دەخات ئەمەش لەلایەن زانایەکەوە
دۆزراوەتەوە.

زانای سۆڤیەتی (جوبار) پاش ئەوەی کە بیست ساڵی بردە
سەر لە لێکۆڵینەوەی یەکاڵاکردنی ڕووەکدا ئاشکرای کرد و
دڵنیا بوو لە بوونی دەزگایەکی مەرکەزی وەها کە تەواوی
ئەرکە سەرەکیەکانی ڕووەك ڕێك دەخات کە ئەویش لە
مرۆڤ و ئاژەڵدا جیاوازی نییە، ئەم دەزگایە لە ڕێگای چەندین
تەوژمی کارەباییەوە کار دەکەن وە بەڕێوەی دەبەن هەست و
بەڵگە زانیاریەکان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تری ڕووەکەکە
دەگوێزنەوە خێرای ئەم تەوژمانە دەگاتە (١٩)م لە
کاتژمێرێکدا.

بەم جۆرە ئەم بەڵگە زانستیانە وا دەردەخەن وە دۆزیویانەتەوە لە تاقیگەوە بە ئێمەیان ڕاگەیاندوە و باوەڕیان هێناوە بە بوونی حیکمەت و نەخشەدانەرێك و ڕێکخستن و ڕەت کردنەوەی هەڕەمەکی (ئانارشیستی) ڕێکەوت لە هەر گەردیلەو شانەیەك، لە گەردیلەو شانەکانی ئەم جیهانە سەیرو سەرسوڕهێنەرەدا ڕێکی سیستەم و کار سازی ڕێخراوەیەتی ئەم جیهانە دەکەینە بەڵگە لەسەر بوونی خالق و دروست کەرێکی ڕێکخەری هوودە زان و دانا (الله).

ئاگام لێبوو دەمی داچەقاند بوو لەباسەکانمدا

پاشان من بەردەوام بووم لە قسەکانم لەگەڵ کاک بەهرۆزدا ماڵی کاک عەبدوڵلا هەموو گوییان گرتبوو، زوو زوو کاک عەبە ئەیوت چاك منتان خەڵتاند..

منیش بەردەوام بووم لەباسەکەم.. عەرزی مەجلیسەکەم کرد لە باسی..دووەم: بەڵگەی جوڵەو بزواوتن و نەجوڵاندن لەخۆوە نەبزووتن

بەڵگەی دووەم لەسەر بوونی خالق و دروستکەرێکی مەزن، بەڵگەی بزواوتن وخۆنەبزووتن.

لای هەمووان ئاشکراو ڕوونە کە ئەم جیهانە بونێکی بزەوت وپڕ لە جموجۆڵە بە تەواوی بنیات ودرووست بوون و پێکهاتنیەوە، هەر لە پێکهێنەرەکانی گەردیلەوەهەتا کەهکێشانە گەورەکان دەگرێتەوەبەشەکانی گەردیلە و زەوی وخۆرو مانگ و ئەستێرەو کەهکێشانەکان، هەموو بە گوێرەی سیستەمێکی وورد ورێك وجوان ئەندازەدار دەجوڵێنەوە لە هاتوو چۆدان.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت بزانین کە بزەوت جموجووڵی ئەم بوونەوەرە لەکوێوە هاتوە، لەکاتێکدا کەزانستی فیزیا یاسای لە خۆ نەبزووین دەسەلمێنێت، ئەو یاسایە، یاسای یەکەمی (نیوتن)ەو، دەقی ئەو یاسایە بەم جۆرەیە:

تەن لە حاڵی سرەوت و نەجووڵاندا دەمێنێتەوە ئەگەر }}
هێزێکی دەرەکی کاری نەکاتەسەری وبجوڵێنێت ،هەروەك
لەهەمان تیژی و خێرایی بزووتنی خۆیدا بەردەوام بێت
.{{ئەگەر هێزێکی دەرەکیی کار نەکاتە سەری و نەیوەستێنێت
خۆ ئەگەر هات و زانیمان کەمادده خۆی بزاوتی نییەو،
لەخودی خۆیەوە ناتوانێت بزووتن بەرهەم بێنێت، ئەی کێیە
ئەوەی کە ئەم جیهانەی بزواندوەو بزووتنێکی گەورەی
ڕێکوپێکیووردی تیا داناوە، بێگومان هەر دەبێت چاوگ و
سەرچاوە بزووتنەوەی هێزێکی دەرەکی بێت کە بزوتنی لەم
جیهانەدا دروست کردبێت، کە ئەوە دەسەڵاتی خوای تاك
. وتەنهایە
جا هەروەك بەڵگە لە خۆ نەبزووتن بەڵگەیە بۆ ئێمە لەسەر
ئەوەی کەجیهان جووڵێنەرێك-واتە-ڕێکخەرێکی هەیە ئەوا
یاسای دینامیکیی دووەمی گەرمایی، سەلماندنی کەجیهان
سەرەتاو کۆتای هەیە و بەم تیۆری{{دێرینەی ماددەو بوونی
لە ئەزەلەوە}} بەدرۆ دەخاتەوەو ڕووی خاوەنەکەی ڕەش
دەکات دەیداتەوە بە نێوچاوانیدا ماڵی قەڵب سەر
.!!بەساحێبی
لەم بوارەدا باش وایە بیرو بۆچونی زانایی گەورەی.......
:فیزیایی(کلۆد.م.هاشاوای)بەنمونە بێنمەوە کە دەڵێت
نەخشەگیری یاخود ڕێکی سیستەم یان سازدان و ڕێکوپێك]]
کردن،یان خۆت چیت پێخۆشە ناوی بنێ، مەحاڵە دروست
بێت مەگەر بە دووڕێگا نەبێت ،ڕێگایەکیان داهێنان و
نەخشەکێشان،ئەوی تریان ڕێکەوت ئیحتمالی ڕێکەوت زۆر
دوورە لێرەدا ماوە بڵێم لەنێو جەرگەی ئەم بێ بڕانەوەیەدا
هیچمان دەسەڵات نییە جگە لەوەی کە بڕوا بێهنین بە بوونی
.[[خوا
:بەردەوام دەڵێ

بەڵام خاڵی دووەم، ئەوخاڵەی کە دەمەوێت ئاماژەی بۆبکەم))
ئەوەیە کە سازێنەرو نەخشەکێشی ئەم بوونەوەرە مەحاڵە شتێکی ماددیی بێت،جا من لەو باوڕەدام کە خوا شتێکی ناسکی نامادەیە و من بڕوام بەشتی بوونی شتی نامادده هەیە، پاشان من وەك زانایەك هەست بە پێویستی بوونی هۆیەکی یەکەمی ناماددیی دەکەم، فەلسەفەکەم ڕێگا بەبوونی شتی ناماددی دەدات، چونکە هۆی یەکەم بە حوکمی پێناسەکەی مەحاڵە دەرك بکرێت بە هەستە..... سرووشتیەکان، کەوابوو لە ڕووی نەزانیەویە ئەگەر بوونی هۆی یەکەم رەفزبکەم بەهۆی بێدەسەڵاتیی زانست لەدەرك پێکردن و دۆزینەوەی ئەودا، لە سەرو ئەویشەوە فیزیایی نوێ فێری کردووم کە شروشت بێدەسەڵاتە لەوەی کەخۆی سازو کۆك وڕێکو پێك بکات،یان دەسەڵات بەسەر خۆیدا .((پیدابکات
سیر ئیسحاق نیوتن)) ئەوەی دەرك پێ کردبوو))
کەسیستەمی بوونەوەر بەرەو ڕۆچون دەڕوات، سەرنجام لەقۆناغێك نزیك دەبێتەوە کە پلەی گەرمای هەموو پێکهێنەرەکانی تیدا یەکسان دەبێت لەمەوە گەیشتە ئەوەی کە ئەم بوونەوەرە دەبێت سەرەتایەکی هەبێت،هەروەك پێویستە بەگوێرەی نەخشەیەکی دیاری کراو سیستەمێکی ووێنە کێشراوی داڕێژرا بێت، کە لێکۆڵەرەوانی ئاوو هەوا بەتەواوی ئەوەیان سەلماندوە یارمەتی ئێمە دەدات لەسەر جیا کردنەوەی نێوان ووزەی ئاسان*و ووزەی دژوار*دا نیوتن بەدی دەکرد کە سیستەمی بوونەوەر لەکاتی ڕوودانی هەر جۆرە گۆڕانکاریەکی گەرمیدا، بەشێك لەوزەی ئاسان دەگۆڕێت بۆ ووزەی نا ئاسان، ئەوە هیچ چارەیەکی تری نییە بۆئەوەی کە ئەم گۆڕانکاریە ی سروشت بەشێوەیەکی پێچەوانە بڕوات، ئەمە بوویاسای دووەم لە یاساکانی

دینامیکیی گەرمایی.
وزەی ئاسان : بەوە ووزەیە دەڵێن کە ئاسان بیت بۆ (*) مرۆڤ یەخسیری بکات ودەستی بە سەردا بگرێت
ووزەی دژوار: ئەو ووزەییە کە یەخسیر کردنی و دەستبە (*) سەرا گرتنی بۆ مرۆڤ دژوارە .
پۆلتزمان)) بایەخێکی زۆری دا بۆ ڕونکردنەوەی ئەم.......)) دیاردەیەو، لەلێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا ئەوپەڕی بلیمەتی وبڕشتی ماتماتیکی خۆی بەکارهێنا، سەرنجام سەلماندی کەنەمانی وزەی ئاسان ئەوەی کەیاسای دینامیکی گەرمیی ئاماژەی بۆ دەکات، جگە لەحاڵەتێکی تایبەت لەدیاردەیەکی گشتی نییەو، نیشانەیە بۆ ئەوەی کەهەر چەشنە گۆڕانو گۆڕانکارییەکی سرووشتی هەڵتەکانێك یان کەمووکوڕی لە سیستەمی بوونەوەریی لەگەڵدایە، لەحاڵەتی گەرمیشدا گۆڕانی وزەی ئاسان بۆ شێوەو شکڵی نائاسان، خۆی بەنەمان و لەدەست چوونی یان بەکەم بوونەوەی لە ڕێکوپێکیی بەشە گەردیلەکان دادەنرێت، یاخود بەواتایەکی تر بەلێك هەڵوەشانەوەی و هەڵتەکاندنی هاوکێشەکەی دەژمێرێت.
مانای ئەمە بەشێوەیەکی تر ئەوەیە کە سرووشت ناتوانێت خۆی خۆی ساز بدات یان خۆی دابهێنێت، چونکە هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی سرووشتی هەردەبێت سەریکێشێت بەرەو جۆرێك لە فەوتان و لەدەست چونی سیستەمەکە، یان درز تێکەوتنی هاوکێشەکە،ڕەنگە لەهەندێ حاڵەتا سیستەمەکە لە سادەییەوە بەرەو ئاوێتە بڕوات، بەڵام وەها شتێك بەو ئاسانییە نابڕێتەوە مەگەر لەسەر حیسابی شەق بردن ودرزبردنێکی گەورەتر ی ڕێکوپێکیی کارەکە نەبێت لە شوێن و جێگایەکی ترەوە.
ئەم بوونەوەرە بریتیە لە کوتلەیەك و دەکەوێتە ژێر باری سیستەمێکی دیاری کراوەوە، لەبەر ئەمە هەردەبێت خاوەنی

هۆکارێکی یەکەم بێت، کە ئەو هۆکارە ناکەوێتە ژێر باری یاسای دووەمی دینامیکی گەرمیەوە، هەروەك دەشبێت کە ئەم هۆکارە یەکەمە ماددە نەبێت لەسرووشت و خۆڕسکی خۆیدا، بێگومان ئەویش خۆی خوای خاوەن لوتف و بەزەیی و ئاگایە، ئەوەی کەدیدی چاوەکان دەرکی پێ ناکەن و نایبینن.

لێرەوە بۆمان ڕوون بووەوە کە چۆن بوونەوەر بە تێکڕایی کەوتۆتە ژێر باری یاسای گواستنەوەو نەمان و لەدەست چوونی گەرمی لە تەواوی جموجووڵ و چالاکییو پێکهەلبوون وپرۆسەی پێکهاتنو هەڵوەشان لە سرووشتدا، هەروەها دەربارەی بێدەسەڵاتی سرووشت بەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی هەڵوەشاوەکەیداو، پێوست بوونی بە کار سازو ڕێکخەرێکی خاوەن زانست و دەسەڵات و حیکمەت و دانایی، ئەوە تەنها خوای گەورەیە.

(سێیەم : بەڵگەی پێچون و لەوانەیی (ئیمکان

بەڵگەی ئیمکان ئەو بەڵگە عەقلییە یە کە زانایانی ئایدیای ئیسلامی پەیڕەویان کردووە لە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر پێویستی جیهان بە خالق و درووستکەرێك کەناکەوێتە ژێر (باری یاساکانی مومکینەوە(جیەان.

لەم بوارەدا زانیانی ئیسلامی بوونەوەریان بەو جۆرەی کە عەقڵ دەرکی دەکات کردووە بە سێ بەشەوە :

(یەکەم:بوونی مەحاڵ(نەبوونەکراو.

(دووەم:بوونی مومکینی (جیهان.

(سێیەم:بوونی واجب(الله

ئەم دابەشکردنە لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێت کە هەموو ئەو شتانەی ڕەنگە ئێمە بیری لێ نەکەینەوە یان بەبۆ چوون بۆی بچین خۆیان بەگوێرەی بەدیهاتنی بوونیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم بوونی مەحاڵ: بوونی مەحاڵ بریتیە لەهەر شتێك کەبۆی دەچین و دێت بە خەیاڵماندا و، لەوانەیە و مەحاڵە بوونی دەرەکی هەبێت، چەشنی کۆبوونەوەی دووشتی دژ بەیەك: وەك بوونی شتێك و نەبوونی لەیەك کاتدا، چونکە وەها شتێك مەحاڵە، هەروەها وەك بوونی شتێك بەبێ فەراهەم هاتنی هۆکانی بوونی، چەشنی بوونی دەنگ بەبێ خاوەن دەنگوجووڵە بەبێ جوڵێینەرو...هتد

دووەم بوونی مومکین: بریتیە لە هەر شتێك کە ڕێژەی بوون و نەبوونی یەکسان بێت، جا نەئەوەیە لەبوون نزیکتربێت تا لە نەبوون، نەئەوەیە لە نەبوون نزیکتر بێت تا لە بوون، جا هەروەك قابیلی بەدیهاتن وبوونە، بەو شێوەیە قابیل بە نەبوونە، هەروەها ڕەنگە گیر بێت و ڕەنگە گیر نەیەت، بەڵکو بوون و نەبوونەکەی پێویستی بەهۆکارێك هەیە کەلایەنی بوون ونە بوونی شتە کە تاو یەکلا یی بکات، تەواوی ئەوەیش کە هاتۆتە دی و ئەوەیشی کە دێتەدی لە جیهاندا دەکەوێتە بازنەو جۆغزی ئیمکانەوە ، چونکە تەواوی ئەو شتانەی لەم جیهانەدان لەگەردو ڕووداوە کان بەر لەهاتنەکایەی‌ان لە قۆناغی ئیمکان و بوون ونەبووندا بوونە، هەروەك هەر ڕاستییەکیش لەڕاستییە گچکەو جوزئییە کانیشی لەقۆناغی بوون و نەبووندان بەر لە هاتنە کایەو فەراهەم هاتنی سەبەب و هۆکارە سرووشتییەکانی ئەم شتانە فەراهەم هاتوون وهاتوونەتە گۆڕێ وئیمکان و حەڵەتی بوون ونەبوون چوونەتە دەرێ بەرەو بوون، ئەمیش بۆ نمونە لە کورسی و پەرتوك وێنەیەك دەچێت بەر لە بوونیان، کە ئەم شتانە بەر لە بوونیان واتە لەم قۆنەغەیاندا چەند حەقیقەتێك بوونە لە حاڵەتی ئیمکانی بوون و نەبوون، هەروەك چۆن نەبونیشیان ئیمکانی بووە، بەڵام لەکاتی فەراهەم هاتنی هۆکارەکانیان، دارتاش ونوسەروهونەرمەند و ئەو ماددەیەی

شتەکانیان لێ دروست دەکرێت، ئەم حەقیقەتانە لە قۆناغی ئیمکان بوون و نەبوون دەرچوون بەرەو بوون و بوونەتە حەقیقەتێکی بووندار.

سەبارەت بە تێکڕای جیهان حاڵەتێکە هەر بەو جۆرە یە، چونکە جیهان بریتیە لە کۆمەڵێك ڕووداو و هۆکار و ئەنجام کەبەدوای یەکدا یەکیان لەوەیەکی ترەوە هاتوونەتە دی، کەوابوو هەرشتێك لەم بوونەوەر و گەردوونەدا هۆکاری شتێکی ترە، ئەنجامی هۆکارەکان لەیەك کاتدا، هەموو جیهان هەر بەو جۆرە لە وزەو بەشەکانی ئەتۆم وگەردیلە وتا ئەستێرەکان.

تەواوی بوونی ئەم جیهانە بە قۆناغی ئیمکان بوون و نەبووندا تێپەڕیوە، وەك چۆن کتێب و کورسی و وێنەکە نموونەکەی ئێمەدا بەم قۆناغەدا تێپەڕین.

هەڵبەتە سەرجەمی تاکەکانی جیهانیش بەم قۆناغەدا تێپەڕیون وپاشان ووردو شت لەدوای شت هاتوونەتەدی، هەندێکیان لە هەندێکیانەوە پیدا بوون و هاتونەتە گۆڕێ تا ئەم شێوە تەواو کاملەی لێپەیدا بووە، کە خۆی بریتیە لە کۆمەڵێک شتی مومکین و دەشێ و ناشێ، جا هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد مومکین لە قۆناغی ئیمکان دەرناچێت بۆ قۆناغی هاتنەدی، مەگەر لەپاش پەیدابوون و فەراهەم هاتنی هۆکارەکە نەبێت، دەنا هەروا لەقۆناغی ئیمکاندا دەمێنێتەوە و هەرگیز بوونی نایەتە دی، چەشنی حاڵی کتێب وکورسی و ووێنەکە لە نمونەکەماندا، کەواتە مومکین و فەلسەفەکەی چەندین تایبەتمەندی وسیفەتی خۆی هەیە کە بریتیە لە:

ا) یەکسانیی ڕێژەی بوون و نەبوون: ئەگەر هۆکارەکەی) پەیدا بوو ئەوا ئەویش پەیدا دەبێت، ئەگەر هۆکارەکەی پەیدا نەبوو ئەوا ئەویش لە رووی بوون ونەبوونەوە بەستراوە بە شتیکی ترەوە.

ب)دەرچونی لە ئیمکان بۆ بوون: پێویستی بە سەبەب و)
هۆکارێک هەیە، ئەو هۆکارەیش لە نێو چوار چێوەی
سرووشتییدا، خۆی بریتیە لە کۆمەڵێك هۆکاری سرووشتی
وەك ئەوەی کە لە تەواوی بوونەوەردا هەیە لە مرۆڤ ئاژەڵ و
ڕووەك و ڕوویداوە کردەوەکانی مرۆڤایەتی و.....هتد
چونکە جیهان لەناوەوەی بنیات و بیناسازی خۆیدا کۆمەڵێکە
لەو هۆکارو ئەنجامە مومکینانە پێو یستیان بە سەبەب
.وهۆکارێکی زۆری سروشتی هەیە
لەو حاڵەتەدا وا پێویست دەکات کە ئەم زنجیرەیە تا بێ
بڕانەوە بەردەوامی هەبێت، ئەمەش مەحاڵە، لەبەر ئەوەی کە
عەقڵ بەروونیی دەرك بە بێهوودەیی زنجیرەیی دەکات، کەوا
بوو هەر دەبێت هۆکارێکی یەکەم لە ئارادا بێت، کە خۆی
سەبەب هۆکارە لەپەیداکردن وهێنانە کایەی تەواوی
مومکینەکانداو، خۆی ناممکینە،واتە بوونەکەی زاتییە و
نەبستراوە بەشێکی ترەوە، ئەوەش واجب و بوونی واجب
پێویست دەکات
سێیەم : بوونی واجب: کۆتایی وەڵامەکەمانە، چونکە وەڵام
دانەوەی پرسیاری ئەو کەسەیە کە دەپرسێت لە هۆی تەڕ
بوونی جل و بەرگی کەسێکی تر و پێی دەڵێت: ئەم تەڕایە وا
بە جلەکانتەوە لە کوێوە هاتوە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی
دەڵێت: لەسەر فەرشێکی تەڕ دانیشتبووم تا تەڕاییەکەی
گەیشت بە جلەکانم، دیسان پرسیارێکی تر لە پرسیارەکەدا
دروست دەبێت دەڵێت: ئەی فەرشەکە لە کوێوە تەڕای پێ
گەیشتبوو؟، پرسیار لێکراویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت:
پەرداخێك ئاو ڕژایە سەر فەرشەکە لەبەر ئەوە تەڕ بوو ئیتر
پرسیار کەرەکە لە پرسیار کردن ڕادەوەستێ و هیچی تر
ناڵێت چونکە ناپرسێت: ئەی تاڕاییەکە لە کوێوە گەیشتوە بە
!ئاوەکە؟

چونکه ئاو سەچاوەی تەرپیە، کۆتایی وەڵامەکەشە (واجب الوجود) واتا (بوونی پێویست کە خوای پاك و بێگەردە) هەر بەم جۆرەیە کە کۆتای وەڵامەکە وەردەگیرێت هۆکارەکان هەر لا لای ئەوەوە کۆتاییان پێ دێت.

{{ هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ}}

سورەتی الحدید ئایەتی ٣

واتا (( هەر ئەوە سەرەتایە و کۆتای یەو دیارەو نادیارەو هەر ئەوە کە ئاگاداری هەموو شتێکەو ئاگایی و زانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)).

بەم جۆرە دەگەینە دۆزینەوەی دەرك كردن کۆتای فەلسەفە لێرەدا دێت یاخود ئالێرەوە فەلسەفە سەر دەبڕدرێت هەموو هاوکێشەی فەلسەفەی لێرەوە دەبێت خۆی بخاتە ناو تابوتی مەرگ، چونکە کە دەرك كردنی مرۆڤ بە دەرك كردنی بوونی واجب وەك هۆکارێك بۆ تەفسیر كردن و لێکدانەوەی کەرەسە مومکینەکان، وە هەروەك زانیمان بەشی ئەقڵ و هۆشی دەرك کەرەکانیش دان بە بوونی ئەم پێویستەدا دەنێن من ئا لێرەدا فەلسەفە ئەتك دەکەم کۆتای بە گەڕان بە دوای بوندا دەهێنم و ڕوو دەکەمە تاکە خوایەك کە دروست کەری هەموو ئەرز و ئاسمانەکانە.

ئەم هۆکارەش بە نیسبەت تەفسیر کردنی جیهانەوە ئەو کەرەسەیە کە ئێمە زاراوەی( بوونی پێویست)ی لێدەنێین و، ئەو بوونی پێویستە خوای پاك و بێگەردە کەوا بوو دەرکی سێیەم هەموو قۆناغەکان دەبڕێت دەچێتە قۆناغی بوونی پێویست کە بوونی پەروەردگاری پەروەردگارە کەواتە لە ڕووی فەلسەفیەوە دوو بەشمان لە هاوکێشە کە وەرگرت

یەکەم: بوونی مەحاڵ

دووەم: بوونی مومکین

لێرەدا وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد فەلسەفە ئەژنۆی

دەشکێت لە سێیەمدا بوونی واجب خۆی فەرز دەکاو بە خەڵکی ڕادەگەیەنێت کە زۆر خەڵکێکی کەم هەن کە نەگەیشتونەتە بوونی واجب ئەوانیش کەسانێکی ناوازەو دەرون نەخۆشن.
بەم جۆرە دێمە کۆتای ئەنجامێکی ڕاگیرانەی ئەقڵی، بریتیە لەوەی کە جیهان پەیدابوێکی بوون مومکینە، وە پێویستی بە خالق و دەروست کەرێك هەیە ئەویش خوای بوونە کە پێویستە بەم پێیە بەڵگە زانستی و ئەقڵیەکان بریتی بوون (بەڵگەی ڕێکی سیستەم و، بەڵگەی بزواوتن لە خۆ نەبزواوتن، بەڵگەی ئیمکان)، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم جیهانە پێویستی بە خالقێك و داهێنەرێك هەیە لە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە کە ئەو پەروەردگارە دوورە لە سیفاتی ئەم جیهانەوە بەم سیفەتانە ناناسرێت ئەویش خوای پاك و بێگەردە ئەم بوونە لەوەوە دەرچوە هیچ شتێك لەو ناچێت وە ئەو تاك و تەنهایە بێ نیازە دەوڵەمەندە لە کەس نابێت و لە کەسیش نەبووە وە ئەو زیندووکەرەوە و مرێنەریشە وە ئاگادارە بەسەر هەموانەوە.
پاشان ووتم ئەم زانیاریانەم هەموو لەم سارچاوانەوە وەرگرتوە..
١/ کرێسی مورسن (زانست بانگێشە بۆ باوەڕ دەکات) چاپی پێنجەم بەشی یەکەم (جیهانی تاکمان)،(ئەو گازانەی هەڵیان دەمژین)، (بەشی هەواو دەوروبەر
٢/ ( الله یتجلی فی عصر العلم) ئامادەکردنی کۆمەڵێك لە زانایان/ وتاری فرانك ئالن/ وەرگێڕانی/ الدمرداش
٣/ عبدالرزاق نوفل/ الطریق الی الله
٤/ لەسەر ڕیگای ڕێنوینی وئاشتی بەرەو تێگەیشتنێکی دروست لە بونەوەرو ژیان/ کۆمەڵی بانگەواز..
ئیتر مەجلیس بێدەنگ بوو.. شەو بەسەردا هات .. من و کاك

مەلا محمد ووتمان دەگەڕێنەوە بۆ هالە.. بە هەرحاڵ ئەویش منی بە جێهێشت، بەڵام ووتم باسەکەمان تەواو نەکردوە یان تۆ وەرە بۆ لامان یان من دێم بۆلات..

- بەهروز: باشە بەپەلە رۆیشت..

ئێمەش گەڕاینەوە بۆ هالە وکاك عەبدوڵامان لای میهناز خان بە جێهێشت .. کەوتینە ڕێ ..

بەرەو هالە .. بەڕێگاوە بووین لەپڕ تەلەفون کرا کاك بەهرۆز ووتی فریاکەون.. کاك عەبدوڵا کۆچی دوای کرد.

من زۆرم بەلاوە سەیر بوو.. ترسام شەڕ روویدابێت، لە نێوانیاندا، تەلەفونم کردوە بۆ کاك بەهرۆز گوێم لە دەنگی گریان و قسەو باسی ئەڵمانی بوو، ووتم چیەو چی ڕوویداوە، ووتی پۆلیسی لێیە لەگەڵ ئەمبولانس وەرە دوای قسە دەکەین..

لەڕاستیدا کە ووتی پۆلیسی لێیە من پێم خۆش بوو، چونکە باشترە پۆلیس پێش رۆشتنی ئێمە بگاتە ئەوێ، بە هۆکاری ئەوەی ئێمە ئاگامان لە رووداوەکە نیەو نابینە شاهید تێدا هیچ نەبێت..

گەیشتینەوە ماڵی میهناز خان هەموو ئەم باست و خواستەو مردنی کاك عەبدوڵلا چەند سەعاتێکی کەمی پێچوو کە لە دوو سەعات وچەند دەقیقەیەك تێپەڕی نەدەکرد چوینە لای میهناز خان کچێکم بینی جلێکی زۆر عەجیبی لەبەردابوو چاوی ڕەش قژی ڕەش لێوی ڕەش لە شەیتان و شتی وا دەچوو فرمێسك بە چاویدا هاتبووە خوارەوە لەسەر دەم و چاوی جۆگەی ڕەشی دروست کردبوو، قاچی رووت شتێکی لە پێدابوو لە سفرە دەچوو هەموو ڕانی بەدەرەوە بوو.. هەموو گیانی ڕەش بوو.. ئیتر هەستم کرد ئەمە شەیتان پەرستەکانە، لە ئەوروپا پێیان دەڵێن "ساتانیست" من وامزانی ئەڵمانیە.. هیچی نەووت.

مەلا محمد ووتی: دەڕۆم بزانم کفن پەیدا ناکەم چوو بۆ - مزگەوتی تورکەکان لە هانۆڤەر و کفنی هێناو منیش لەوێ ئەو کاتەی کە پۆلیس و لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بە ئەمبولانس هاتبوون، هەر بێدەنگ بووم تەنها چوومە لای میهناز خان ووتم چی بووە لەبەر گریان وەلامی نەدامەوە کاك بەهرۆزیش بە ئەڵمانی قسەی لەگەڵ پۆلیس و خەڵکەی تردا

دەکرد، دیار بوو بڕیاریان دابوو کە دەبێت کاك عەبدوڵڵا بەرنە خستەخانەو فەحسی بۆ بکەن و هۆکاری مردنەکەی بزانن دوای ئەوە دەتوانین کفنو دفنی بکەین و بە خاکی بسپێرین، من ئەو مەسافەیە زیاتر خەریکی قورئان خوێندن بووم بەسەریەوە.. پاشان تەنها چوار ڕۆژ بوو کاك عەبدوڵڵام دەناسی بەڕاستی خۆشەویستی چووە ناودڵم هەستم کرد پیاوێکی زۆر سادەو بەڕێزە ئەو کاتەی کە دەستیاندایە وخستیانە ناو ئەمبوڵانسەکە ئیتر دەستم کرد بە گریان، من بۆ خۆم دەگریام زیاتر نەك بۆ ئەویش ڕاستە خۆشەویستی لە دڵمدا هەبوو، بەڵام بەڕاستی مردن سامێکی زۆر گەورەی هەیە، بەڵام ئێمە زۆر سەرکەشین زۆر بە دەگەمەن بیری مردن دەکەین.. بەهەرحاڵ ووتمان دەچین لەگەڵ تەرمەکەدا ....... دوای فەحس دەیهێنینەوە، کەچی
کاك بەهروز ووتی: کاك ماکوان ئەوە بەلای کەمەوە دوو - ڕۆژی پێدەچێت و تەرمەکەی لە سەلاجەدا دادەنێنن... (ئیتر منیش بێدەنگ بووم) چونکە ئیتر من خاوەنی ئەوە باست و خواستانە نابم لەبەر وەی کە من بۆ خۆم میوانم شارەزایش نیم و پاشان ئەوانە هەموو خزمو کەسوکاری یەکترن.. ووتمان مادەم وایە ئێمە دەچینەوە بۆ هالە و دوای دێینەوە.، بەڵام ووتم من پێناچێت بگەڕێمەوە .. چونکە منیش دووبەیانی تەیارەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج.. من خوا حافیزیتان لێدەکەم.. بۆ خۆتان خۆش بن کاك بەهروز ئاگات لە میهناز خان بێت ئافرەتێکی بەڕێزە.. تکا دەکەم بڕۆ پێی بڵێ و من داوای ئیزنی لێدەکەم..؟

.. کاك بەهرۆز زۆر بە ئەدەبەو خۆشحاڵی دەربڕی کە بمێنمەوە منیش ووتم بەخوا ئیلتیزامم هەیەو ئیشو کارو ماڵو منداڵم ..بە جێهیشتوە

چووە لای میهناز خان و هات بۆلام و.. بە دەم گریانەوە سەری خستە سەرشانم و بە کوڵ گریاو ووتی: ماکوان گیان ..مەڕۆ توخوا تۆ کاک مەلا محمد کفن و دفنی بکەن .. ووتم ئاخر من لەخزمەتاندام بەس ماڵو منداڵم تەنهان ووتی خۆم تەلەفونیان بۆ دەکەم .. منیش زۆر لەسەری نەرۆشتم .. تەلەفونم کرد بۆ خێزانم کە بلیتی تەیارەکەم بۆ بگۆڕێت.. بە میهناز خاتوونم ووت من لەخزمەتاندام.. لە خوارەوەی شوقەکەیان لەگەڵ مەلا محمد هاتینە خوارەوە هەندێك کەسی لێبوون من نەم دەناسین بێجگە لە خێزانی ..کاک بەهرۆزو منداڵەکانی و دو سێ کەسی تری لێبوو

لەپڕ شەر دەستی پێکرد لە دەرگای شوقوکدا گوێم لە هاواری میهناز خان بوو .. قژی ئەو ئافرەتەی گرتبوو کە هەموو جلو بەرگو قژو گیانی خۆی ڕەش کردبوو رایدەکێشاو دەیکردە دەرەوەی شوقەکە.. ئەیگووت:ئاخر کچم بەخێو کرد سەڵیتە دەرچێت، من نەم زانی- سەڵیتەچیە تا ئەو کاتە واتا ..(سۆزانی)..؟
بە پەلە ڕامانکرد کاک بەهرۆز دەستی ئەو کچەی گرتبوو ئەگریا چۆن گریانێك.. کاك بەهرۆز دەیووت بەو کچە" ئەفسانە " بە قسەی بکەو بڕۆ.. ئەویش بە کوردی قسەی ..دەکرد ئەیگوت بۆ کوێ بچم جێگام نیە ئاخر
منیش رامکرد بۆلای میهناز خان ووتم چیە؟ ووتی ئەوە نابێت لەماڵەکەمدا بێت.. ووتم ئەوە کێیە ووتی ئەوە کچم بوو، بەڵام لە ئێستاوە کچم نیە.. کاك بەهرۆز دەیگوت بڕۆ.. ئەویش بە گریانێکی زۆر سەیر دەگریا دەیوت جێگام نیە بۆ کوێ بچم.. منیش ووتم کە مادام جێگای نیە بۆ کوێ بڕوات ئەوە ئافرەتە.. من وا هەستم کرد لە ئاهەنگێك شتێك بووە گەڕاوەتەوە.. لەسەر جلو بەرگەکەی لێ تووڕەن.. - - ووتم بە

میهناز خان ئاخر خوا عەفوت بکات بۆ کوێ بڕوات ئەو بەسزمانە ئەوە هەر هیچ نەبێت باخۆی گۆڕێت هەمووگیانی رووتە بەم شەوە باوکی مردوە ئەوەندەی تر با لەسەری سەخت نەبێت ، بیبەخشە بەمن .. وتی لەبەر خاتری تۆ بابیتەوە سەرەوە منیش چوم بۆلای ووتم خوشکی من بڕۆ دایکت دەڵێ بێتە سەرەوە.. وامزانی دەڵێت: باشەماڵت ئاوابێت.. وەڵا ووتی: (دانکشن) منیش ووتم خوا موبارەکی کات.. کاك بەهرۆزم بانگکرد.. ووتم کاکە ئەوە چیە ئەوئافرەتە..

ووتی : ئەمە کچی میهناز خانە ناوی ئەفسانەیە.. هەمیشە لەگەڵ کاک عەبدوڵلا شەڕیان بووە ئەمشەو هاتۆتەوە دیسانەوە شەڕیان بووە، هۆکاری ئەو شەرە بوو کاك عەبدوڵلا تورە بووە ودەڵێن جەڵدەی لێداوە.،، بەڵام ئەم کچە کچی پیاوێکی ترە کچی کاک عەبدوڵلا نیە..

منیش ووتم : کاك بەهرۆز ئەم سەرو وەزعەی بۆ وایە ووتی کاک ماکوان ئەم کچە لە داخی کاک عەبدوڵلا وای کردوە.. ئەوە بۆ ماوەی چەندە هەر وا بوون.. باسەکەیان .. دوورو درێژە

کاک بەهرۆز کەوتە باسکردنی ئەفسانە بۆم. باسی ئەوەي کرد کە گوایە هەمیشە جەنگو هەرایان بووە لەگەڵ کاك عەبدوڵلادا..

پرسیاری ئەوەم کرد کە هۆکارەکە چی بووە..؟
ووتی : زیاتر کێشەی خانەوادەگی بووە.. منیش زۆر -لەسەری نەڕۆشتم پرسیارم لێنەکرد، گەڕاینەوە دوای ئەوە تەرمەکەی کاک عەبدوڵا بەرنەوە بۆ خەستەکانەو ئێمەش کەمێكماینەوە دوای ئەو هەڵساین و ئیتر بەرەو هالە ڕۆشتینەوە..

پاشان بۆبەیانی تەلەفونمان کردەوە بۆ کاک بەهرۆزو میهناز

خان ووتمان تەرمەکەیان داونەتەوە ووتیان نا پێدەچێت
سبەینێ وەریبگرینەوە.. چاوەڕێمان کرد تەلەفونکرا بۆ کاک
مەلامحمد ووتی با بڕۆین تا دەگەینەوە ئەوێ تەرمەکە
وەردەگرینەوە.. بەهەر حاڵ گەیشتین و تەرمەکەمان
وەرگرتەوە من و کاک مەلامحمد شۆردمان و کفنمان کردو
کردمانە سندوق تەسلیمی کۆمپانیای تورەکەکانمان کرد کە لە
مزگەوت بمنێتەوە تا گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن.. خزمانی ئەوان
هاتبوون زۆر خەڵکی لێبوو.. هەر کەسێکم ئەبینی لەو
مزگەوتە من نەمدەناسی کۆمەڵێك رەفیقی من و مەلا محمد
نەبێت هاتبوون هەمومان نەدەگەیشتینە دەکەس، بەڵام
ئەوان زیاد لە چەند خانەوادەیەك دەبوون، خەڵکی
کوردستانی رۆژهەڵات زۆر هاتبوو.. ئاگام لێبوو ئەوەی کە
منی دەناسی مۆڕەی دەکردو چپەیان بوو لە نیوانی خۆیاندا،
تەنها یەکێکیان نەبێت ناوی کاک سەلاح بوو خەڵکی مهاباد
بوو یەکێك بوو لە بەرپرسەکانی دیموکراتی ئێران هات بۆلام
و ووتی خۆشحاڵم کە ئەتبینم لێرە و زۆر دەمێك بوو حەزم
دەکرد بە خزمەتان بگەم .. پیاوێکی زۆر بەرێزبوو ئەو کاک
سەلاحە..

منیش زۆر مەمنونی بووم خۆشحاڵی زۆرم دەربڕی.. لە
تەعزێکە لە مزگەوتی تورکەکان ئاگام لێبوو کرابووە پێکەنین
و حلکەو قسەی بێمانا، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو یەك
دووبرا هاتن.. فاتیحەیان داخست ئاگام لێبوو پێدەکەنین..
منیش خۆم پێنەگیرا، ووتم ئەمە تەعزێیە کێ ئەوێت قسە
بکات با بڕواتە دەرەوە ئەویشی دەیوێت فاتیحە دابخات بۆ
کاک عەبدوڵلا بە حورمەتی فاتیحەکە بگرێت، ئەگەر بڕوای بە
مزگەوت و فاتیحا نیە رێزیشی ناگرێت، با بڕوات لە
دیسکۆیەك یان نادی و بارێك تەعزێکەی خۆی دابنێ.. !
دەنگ نەما کەس قسەی نەدەکرد بەس ئاگام لە هەندێکیان

بوون وەك قومبەلە دەیانویست بەسەر مندا بتەقنەوە.. کاک مەلا محمد ووتی کاک تۆ هەر خۆت تورە کردوە تازە قسەیەکیشمان بۆ بکە.. منیش دەستم کرد بە باسی مردن ووتم نەتان پرسیوە دوای ئەم ژیانە بۆ کوێ دەچن.. بیرم لەوە کردەوە کە باسێکی ئیمانی بکەم.. دەستم پێکرد..

ئاخر بەشەر بۆ بیر ناکەیتەوە هەروا بە عەبەسی وبێهودەی دروستکراوی ناگەڕێتەوە بۆ جێگایەك کە دروستکەرێکت هەبێت..

ئینجا باسی مردنمکرد.. کە مردن جۆری هەیە، هەیە دەمرێت بۆ ماوەیەك و پاشان زیندوو دەبێتەوە.. وەك گژو گیاوهەندێك لە درەخت و دار واتا ژیان و مردنیان دەوریە.. مرۆڤیش بە هەمانشێوە دەگەڕێتەوە سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە..

باسی ئەوەم کرد کە مرۆڤ دەمرێت بە دووجۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت..

یەکەم : ئەگەر کەسێکی بێدین و خراپەکاربوو.. چۆن رەفتاری لەگەڵ دەکرێت دوای مردنیی.. پێغەمبەر صلی الله علیەو سلم دەفەرموێت لەوکاتەی کە گیانی دەکێشن نارەحەت ترین کاتییەتی و ئەوەندە بە ئازارەوە گیانی دەکێشرێت، کوردەواری دەڵێت زوخاو هەڵدێنێتەوە.. پاشان دوو فریشتەی ناشرین و لەبەر چاوی ئەو ترسناك کفنێکی بۆگەناوی پڕ لە پشکۆی ئاگری بۆ دێنن بۆگەنی ئەو کفنە لە هەرچی لاکە تۆپیوی سەر ئەم زەمینە هەیە ناخۆشترە.. بەرزی دەکەنەوە بۆ بارەگای مەلەکوتی خوای

گەورە بە چ ناوێك پێناخۆش بێت بەو ناوە بانگی دەکەن، فریشتەکان تەریقی دەکەنەوە باسی خراپەکانی و گەندەڵیەکانی دەکەن.. خوای گەورە دەرگای مەلەکوتی خۆی بۆ ناکاتەوە ئەو فریشتانە لە ئاسمانەوە بەریئەدەنەوە خوارەوە .. لە فەرموودەدا هاتووە کە تەنها زریکەو هاواری ئەو مردوە ئاژەڵەکان دەیبیستن ئەوەندە بوسویّ و ئەوەندە قورسە، لەو کاتەدایە خوای گەورە پێدەڵێت ئەم کەسە لە دۆزەخییەکانە.. ئەم حاڵەتەی کە بەسەر ئەو مردوەدا دێت ئەوکاتە لەسەر بەردەشۆرە یان ئەوکاتەیە کە دەیشۆن ، دەموچاوی گرژ دەبێت خەڵکی وادەانێت ئازاری پێگەیشتوە، بەڵام ئەوە بۆ ئەوەی کە پێیان ووتوە تۆ دۆزەخیت، پەنا دەگرم بەخوا لەو ئاگرە، کە ئەگەر مرۆڤ بچێتە ناوی رۆژێك نیەو مانگێك نیە هەزاران ساڵ نیە بەڵکو هاتنە دەرەوەی نیە..

تا ئەو کاتەی کە تەواو دەبێت لە شۆردن وکفنی تێوە دەئاڵێنن دەزانێت ئەو کەسە مردوە حەزناکات بیبەنە ناو گۆڕەکەی، چونکە دەزانێت دوای حاڵو گوزەرانی چۆنە لە ناو گۆڕ بۆیە حەز ناکات بەزووی بیبەن باوەش دەکات بە ئەو خەڵکە ئەو دەیانبنێت، بەڵام خەڵکە ئەونابینن.. تا ئەوکاتەی ئەیخەنە ناو گۆڕەکەی خۆی و ئیتر دایدەپۆشن جارێکی تر رۆحی دەچێتەوە لاشەی هەڵدەستێت ڕاکات سەری دەکێشێت بە بەردی ئەلحەدا واتا ئەو بەردەی کە دانراوە یاخود ئەو گڵەیە بەسەریەوەیەتی ویاخود سندوقەکەی.. بەڵام ڕێگە نیەو .. ئیتر کاتی گەڕانەوەیە بۆ لای خوا.. دوو فریشتەی دەمو چاو ترسناك دێنەوە لای پێی دەڵێن خوای تۆ کێیە؟ ناتوانێت وەڵام بداتەوە .. چونکە خوای نەبو و.. یان هەوەس پەرس بووە یان شەخس پەرست بووە یان حیزب پەرست بووە..وەهەروەها .

دەڵێن ئەو کەسەی کە بۆمان ناردی ناوی محمد بوو شوێنی کەوتی.. ئەویش دەڵێت نازانم باسی کێدەکەن.. ئیتر دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە ناو گۆڕەکەی دەڵێن ئەوە جێگای تۆیە لەم جێگایەدا تارۆژی حەشر یاخود قیامەت.. ئەویش شیوێکە لە شیوەکانی جەهەنم، کە بە وەیل ناسراوە.

پاشان شێوەی دووەم: مرۆڤێکی دیندارو خواناسە کە دەمرێت چی لێدێت..
پێچەوانەکەی پیاو خراپەکەیە.. کاتێك کە گیانی دەکێشن وەك ئەوە وایە بۆنی سێوێك بکات.. ئەوەندە بە ئاسانی رۆحی دەردەچێت.. لەو کاتەدا دوو فریشتەی تر دێنە لایو کفنێکی بۆن خۆشی بۆ دێنن لە بەهەشتەوە.. بۆنەکەی لە بۆنی هەرچی بۆنی عەتری سەر زەوەی هەیە خۆشترە ناوی "حەنوطە" لە بەهەشتەوە بۆنی پێداکراوە.. پاشان کفنەکەی تێوە دەئاڵێنن بەرزی دەکەنەوە بۆ بارەگای مەلەکوتی خوای گەورە.. لەئاسمانەکاندا فریشتەکان بەچ ناوێك پێخۆش بێت بەو ناوە بانگی دەکەن و باسی بۆن خۆشی دەکەن.. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت.. ناوی ئەم کەسەم بۆ بخەنە لای پیاو چاکان و شەهیدان و راستگۆکاندا.. باسی چاکەو باشەکانی دەکەن، ئەوکاتەی کە مژدەی بەهەشتی ئەدەنێ لە ئاسمانەوە، کە دێتەوە ..ئەوکاتەیە لەسەر بەردەشۆرەکەیەو لە خۆشیاندا زەردەخەنە دەگرێت و خەڵکی دەوروپشتی کە دەیشۆن وا هەست دەکەن ماوە خوتوکەی دراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خۆشی موژدەی بەهەشتە بەلاشەکەیشیەوە خەڵکی دەیبینێت..
ئینجا ئارەزومەندە بیبەن زوو بۆ قەبرو گۆڕەکەی.. کە دەیخەنە ناو گۆڕەکەی ئینجا هەست دەکات مردووە.. پاشان دوو فریشتەی دێنە لایو بە جوانی و چاکی وەڵامی

پرسیارەکان ئەداتەوە دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە گۆڕەکەیدا کە باخێکە لە باخەکانی بەهەشت تا قیامەت لەو جێگایەدا دەمنێتەوە..

قسەکانم تەواو کرد پرسیاری زۆر کراو منیش ئەوەندی لە توانامدا بوو وەڵام داوە گەڕاینەوە بۆ ماڵی میهناز خان زۆرێك لە خەڵکە رۆشتنەوە ئاگام لە کاك بەهرۆز بوو رقێکی چووبووە دڵ کە بەو شێوە قسەم کرد هەستم دەکرد ئەیوست بمبوغزێنێت.. بەڵام ڕێگەم نەدا .. چونکە ئەوکاتەی کە قسەی دەکرد من یان سەرم دادەخستو ئیهمالم دەکرد یان یەکسەر موزوعەکەم پێدەگۆڕی ئیتر هەستی کرد ئەوەی ئەو دەیکات نەشیاوە منیش زوو رەدی ئەدەمەوە.. بۆیە زۆر بەردەوام نەبوو لەسەر کار و رەفتارەکەی.. ئێوارە نزیك کاتژمێر شەش بوو ماڵەکەیان چۆڵ بوو.. من و مەلا محمد کاك بەهرۆزو خۆیان بووین لەگەڵ هەندێك لە کەس وکارەکەیان.. چوومە دەرەوە بۆ گەڕانیکی کەم ..من سروشتم وایە زۆر لە جێگایەکدا ناتوانم دانیشم حەزم زۆر بە جوڵەیە.. چپاندم بە گوی مەلا محمد دا ووتم کاك بابڕۆین ئیتر تەواو تاقەتم نەما .. مەلا محمد ووتی کاکە هیچ نەبێت با تا سەعات نۆ ..لێرە بین نانێمان لەم ماڵە خواردوە.. ووتم ئاخر بۆیە لەگەڵ مەلا نەبیت باشە .. چونکە هەمیشە خەیاڵی لای نانە .. کردم بە فشقیات ووتم مەلامحمد ناشێ تەماعت نەکردبێتە میهناز خان ئێستا بێوەژنە.. مەلا محمد ووتی لە خوا بترسە .. ووتم باشە " اللهم اجعلنا من المتقین" من هەڵسام وهاتمە دەرەوە..

زۆرم نەمابوو لەسەر پلیکانەکانی شوقەکە بێمە خوارەوە.. گویم لە دەنگێك بوو .. ووتی کاك مەڵا ماکوان.. لە دڵی خۆم مدا ووتم مەلام بیستوە بەس مەڵام نەبیستوە، کە ئاوڕم داوە

تەماشام کرد ئەفسانەیە کچی میهنازخان ئەوە کە لە جەمعەتی شەیتان پەرستەکان بوو هات و.. ووتی کاک مەلا ،چی دەکەیت

-ووتم وەڵا ئەچم پیاسەیەك دەكەم..

- ووتی بیم لە تەکت..

– ووتم نەوەڵا..

- ووتی بۆ؟

- ووتم ئاخر من تەریق دەبمەوە بەو جلانەوە بێمە دەرەوە لەگەڵتا .. تۆ خۆت نافەرمویت مەلا ماکوان، ئاخر مەلات دیوە بەو شێوە لەگەڵ خەڵك بێتە دەرەوە..

- ووتی چیبکەم ؟

- ووتم دادە گیان برۆ دەرپێیەك بکەرە پێت یان تەنورەیەك.. ئینجا کراسێکو ئەو دەمو چاوەت بشۆ و پاشان ئەو تەلەو فسفۆرە بکەرەوە لە دەم و چاوت لە پاسکیلی جارانی من دەچیت، تۆ بەهەموو جوانیەوە بۆ وات کردوە لە خۆت.. تۆ دەزانی زۆر جوانی بەو هەموو ناسکیەتەوە بۆ خۆتت کردوە بە شیتان..

- ووتی: باشە .. بێسە.. بێسە ئێستا خۆم دەگۆڕم و دێمەوە..

هاتمە دەرەوەی شوقەکە و چاوەڕوانی ئەفسانەم کرد.. هاتەوە بینیم وابزانم پێنج دەقیقەی پێچوو.. تەماشای جلو بەرگەکەیم کرد قەمصەڵەیەکی زلی کردبووە بەریو ملپێچێکی لە سەریدا شۆڕکردبوە لە داهۆڵ دەچوو.. تەلو شتەکانی لە خۆی نەکردبوەوە ئەمجارە زیاتر لە هێستری قاچاخچی دەچو ئەوەندە گوڵنەی پێوەبوو..

- ووتم: ئەوە بۆ وا خۆت کردوە بە پەن..

- ووتی: ئەی تۆ نەت وت خۆ داپۆشە..؟

-ووتم: با وام وت.. پێشتر لە تەیری ئاوەڕوتکراو دەچویت.. ئێستا لە شێت دەچیت .. ئەگەر نازانیت خۆت گۆڕی بە

دایکت بڵێ بتگۆڕێ.... بەڵام بە پێکەنینەوە.. پێمووت..
بگەڕێوە خۆت بە جوانی بگۆڕە.. وەك ئافرەتێکی خاوەن
شەخسێت.. چاوەڕێت دەکەم، بەخوا رووم نایە ئاوایش بێمە
دەرەوە لە مرۆڤێکی ئاسایی ناچیت ئەفسانە .. بڕۆ خۆت
بگۆرە زۆر ئاسایی بە تکایە..

- ووتی : باشە ، بەس تۆزێکم پێدەچێت..
- ووتم: تا نیو سەعاتی تریش بۆ تۆ.. منیش دەبێت تەلەفون
بۆ خێزانم بکەم دەمەوێت بە ئیسراحەت قسە بکەم..
- ووتی : باشە.
من قسەم کرد لەگەڵ خێزانم و ئەویش تۆزێکی بۆڵاند
بەسەرمدا ووتی ئەوە بۆ نایتەوە ژنت هێناوە لە ئەڵمانیا و
ووتی- کیلۆنی دەرگای ماڵ دەگۆڕم تا دوو رۆژیتر نەیتەوە
ئیتر دەستمانکرد بە قسە وابزانم زۆرمان پێچو.. لەپڕ یەکێك
لە تەنیشتمەوە وەك جنۆکە پەیدا بوو بەدەنگی بەرز ووتی
مەڵا ماکوان من تەواو بووم..؟ خێزانم ووتی ئەوە دەنگە
کێیە ووتم ئەوە کچێکی شێتە توخوا .. بانگم دەکات بڕۆم
نانەکەم بخۆم.. چونکە نەدەکرا بۆی باس بکەم کێیەو چیە
ئافرەتیش بە سروشتی خۆی غیرەی هەیە لە دەنگی ئافرەتی
تر..
کە تەماشام کرد نەمناسیوە هەر چی قایشو قروشو تەلو مەل
بوو لە خۆی کردبووە.. سەرپۆشێکی سپی جوانی دابوو
بەسەریدا
- ووتم: ئەوە ئەم هەموو جوانیەت لە کوێوە هێناوە کچێ..
مەبەستم لەو قسەیە ئەوە بوو بڵێ خوای گەورە
پیبەخشیوم..
- ووتی: وەڵا بڵێم چی خۆم هەر جوانم..!
- ووتم : دەی وەڵا ناشرینی لە ئۆمەتی محمد ناچیت.. ئەوە

مجامله بوو به ئینگلیزی پێم ووت بۆ ئەوەی تێبگات ووتم (کۆمپلمێنت بوو) بەس بە خوا لە شەیتانی مێ دەچی..
..لەمەشدا هەر مەبەستم بوو باسی ئاینی لەگەڵ بکەمەوە
ووتی : راستە من شەیتانم!.. شەیتان ئەوهێزەیە کە توانای
!..بە من بەخشیوە

ئیتر ئەوە قسەیەی خوا دای بۆ من.. ووتم ناشێ ئەفسانە تۆ شەیتان پەرست نەبیت ساتانستەکانی..؟

- ووتی : ئەرێ

- ووتم: ئەرێت باقی نەبێت.. توخوا تۆی بەچکە موسڵمان لە خوا ناترسیت بوی بەشەیتان پەرست، ئەی دەزانی خوا نەفرینی لە شەیتان کردوە ئەی ئەفسانەی شەیتان.. بەڵام بە پێکەنینەوە، بە ئوسلوبی حیوارەوە..؟

- ووتی : ئاخر شەیتان خراپە کارە با ئێمە چاکەی لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی لە شەڕی بە دوور بین ..! شەیتان پەرستی مەبەست ئەوەیە کە ئێمە خەڵکی دوور بکەین لە شەڕی ..شەیتان

!..هەستم کرد ئەو من بانگەواز دەکات بۆ فیکرەکەی خۆی

- ووتم : ئێ ئەفسانە وەڵا قسەکانت مەعقولە ئەم فەلسەفەی ..ساتانیستەکانە چیتر پێیە بۆم باس بکە

ووتی: مەڵا ماکوان بەڕاستیتە یان شۆخی دەکەیت ..؟

- ووتم : ئەفسانە نەك شۆخی ..بەڵكو قەشمەریشم پێت دێت.. بە خوای ئەم عەرزو ئاسمانە خوشكی من بویتایە دەمكوشتی.. لە قەبرسانی موسڵمانایش نەمدەهێشت بتنێژن .. ئەزانی تۆ چەندە جینایەت كاری.. ئەزانی تۆ وا دەزانی من وەك خۆت جاهیلم.. تۆ دەزانی دواى چی كەوتویت..؟

ووتی: ئەرێ دەزانم بۆچی نازانم؟

- ووتم: وەڵا فرت پێوەی نیە.. ئەفسانە ، باشە پرسیارێك .. تۆ "كراولی" دەناسی؟..

كەوام ووت ڕەنگی زەرد بوو..

- ووتی: ئاشناس..

- ووتم : جا عەیب ناكەیت باسی مرۆڤ دۆستی و شتی وا دەكەیت.. تۆ دەزانی شوێن چی كەوتویت..؟

- ووتی: مەلا ماكوان چۆن ئەمە دەزانی ؟

- ووتم : توخوا مەلا .. مەلا بێت نابێت ئەوانە بزانیت..؟

ووتی : یاعنی .. هەرچی مەلایە ئەمانە دەناسێت.. ؟

خۆ من دەمزانی هەموو مەلا شتی وا نازانێت.. زۆربەی مەلا لە هەندێك كتێب زیاتر هیچی تری لانیە ناچار ووتم ئەرێ..

ووتم: بەڵێ ئەوەش دەزانێت کراول چەندە فاسد بوو خەڵکی بەریتانیا بوو ئەو ئەم فیکرەیەی و فەلسەفەی ساتانیستەی تنزیر کردوە ئەو کردوێتە ئایدۆلۆژیا.. لەگەڵ "ولیام پالتث" شاعیر ...!

- ووتی: بۆ مەلا ماکوان تۆ ولیام پالتث یش دەناسی ..

ووتم : تۆ پێت وایە من وەك تۆ بێئەقڵم.. ئەشزانم کراولی -
سەرۆکەکەی تۆ کە پیاوێکی زل بوو شوی کرد بە پیاوێکی تر
بەناوی" ئالم پێنکس" کە بەیکەوە هەرچی کاری خراپە بوو
دەیانکرد لە ئیتالیا لە بەر چاوی خەڵکی لە دوورگەی سیسیلیا
کاری نەشیاو و شازیان دەکرد بە ئاشکرا تا دەرکران و دوایی
چوو ملی شکاند بۆ سەحرای جەزائیر، لەوێ ووتی لەگەڵ
شەیتان قسە دەکەم و بیرێکی نوێیان دامەزراند هەر سێکیان
بەیکەوە واتا ( کراولی و ولیەم و ئالم)بە ناوی خاچی خونچە
گوڵ.. هەرسێکیان ووتیان خوا مانای نیە دەبێت ئێمە شەیتان
بپرستین ئەوەی لاشەمان پێ خۆشە بیکەین، چونکە
ئەیانووت خراپەکارو شەڕخوازی ئیتر دەست پێدەکات ئێمە
تۆ دەپەرستین شەیتان بۆ ئەوەی بە خلودی بمنینەوە.. ئەمە
بنەما فەلسەفیەکەیان بوو..

ئینجا کراولی لە فەرەنسا لە ناو شوشەی عارەق ئەو کەسانەی
کە مادەی هۆشبەریان دەخوارد مرد لەسەر شەقامەکانی
فەرەنسا لە دوای خۆی نوسیوبووی تا دەتوانن مەشروب
بخۆن تا دەتوانن هێرۆین بەکاربێنن بۆ ئەوەی لە شەیتان
نزیك بن..

ووتم : ها مەڵا ئەفسانە تۆ بۆ قسە ناکەیت...؟

ووتی : جا چی بێژم..-

ووتم :بۆ ئەوە بزانی من مێژووی هەموویان دەزانم و -
دەشزانم لەدوای ئەوان کەسێکی تر لە ساتانیستەکانو لە
جەمعەتی ئێوە بە ناوی "ئەنطۆان لیڤی" کە جولەکەیە
خەڵکی ئیسرائیلە بەڵام ئیسرائیل دەریکرد لە ئەمریکا دەژی

له ساڵی ١٩٩٩ به ڕەسمی کەنیسەی شەیتانی بۆ کرایەوە له ئەمریکا و پاشان چەند کتێبێکی نوسیوە لەوانەی که کراون به عەرەبی و زمانی فارسی و بەشێکیش کوردی..
یەکەم: کش شەیتان
دووەم: توقوصاتی شەیتان
سێیەم: حەشری شەیتان
چوارەم یاداشتەکانی شەیتان..

زۆری تر که بەداخەوە .. ئێستا له هەولێرو سلێمانی و کەلار ئەمانە ووجودیان هەیە ، بەڵام وەك تۆ بێ چاو و ڕوو نین خۆیان ئاشکرا نەکردوە..

ئەزانم که له کەناری دەریاو به کۆمەڵ پیاو ژنتان بەیەکەوە رادەبوێرن منداڵ که لەدایك دەبێت سەری دەبڕن و به ئاشکرا دەیخۆن و خوێنی یەکتر دەخۆن و هەرچی شتی خراپە دەیکەن و بەکارهێنانی مەشروب و جگەرەو و مادە هۆشەبەرەکان لای ئێوە ئەوە عیبادەتە گەورەیەیە که شەیتان له خۆتان ڕازی دەکەن.. دەزانم که لەناو ئەنتەرنێتدا زیاد له ٧هەزارو ٤ سەد ٧٥ ماڵپەرتان هەیە و له لایەن دەزگای مۆسادی ئیسرئیلیەوە پارە وەردەگرن وخۆم چوومەتە ناو ماڵپەرەکانتان، که بەناوی بەندەکانی شەیتان و کەنیسەی شەیتان و.. تاد..
ئەفسانە بۆ قسە ناکەیت؟
حەز دەکەم گوێم لێت بێت..
ووتی : کا ماکوان..
ووتم : ئەفسانە ... ڕۆڵە ئەوە تۆ زمانت پاك نەبۆتەوە به مەلا دەڵێت مەڵا و ئێستا له جیاتی کاك دەڵی کا.. ئەرێ ڕۆڵە تۆ بۆ نایەیت کۆرسێکی زمان بخوێنیت..

دەستی کرد بەگریانێکی زۆر .. چی لە وێوە دەڕۆشت تەماشی منی دەکرد وایانزانی لێماوە.. ئەرێ ووتم دادە ئەوە بۆ دەگری.. ئەرێ حەیای منت برد .. ووتم من دوور دەکەمەوە کە تەواوبوویت چڵمەکەو بسڕەو وەرەوە بۆلام .. من دورکەوتمەوە لە ترسا ئەوم بە جێهێشت.. ئەوەندە گریانەکەی قوڵ بوو..

لە دوورەوە تەماشام کردو خۆم لێوون نەکرد .. وەڵا ووردە وردە هاتەوە بۆلام پێدەکەین.. لە دوورەوە ووتم ئاقڵ بوویت بوی بە خواپەرست یان هەر لە جەماعەتی شەیتانی.. ئەفسانە گەڕایەوە بۆلام کە هاتەوە نزیك بوویەوە ووتم لە دڵی خۆمدا سوپاس بۆ خوا کاریگەریم هەبووە لەسەری.. ئەوە بۆیە دەگریا.. ووتم ئەفسانە چی وای لێکردی کە بگریت؟

- ووتی: ماکوان حەزم لە هێرۆینە نە پارەم پێیەو نە دەستیشم دەکەوێت بۆئەوە دەگریم ..
من بینیم گیانی دەلەرزێت.. وامزانی لە ترسی خوایە.. کەچی ئەمە نەمزانی موعتادە و وەك خۆیان دەڵێن گەردی بوو...

- ووتی: ماکوان توخوا چیت دەوێت ئەدەمێ ئەگەر بتوانی پارەم بدەرێ با هێرۆین بکڕم ..

زۆر گوناح بوو دەستی کردوە بەگریان ئەو کچە جوانە زەلیل بووبوو لەبەردەستی من ئامادە بوو بۆ دەرمان.. لاشەی خۆی بە من بفرۆشێت.. چونکە فێر بووە ئەو کارە ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی دەرمانەکەی!

- ووتم: ئاخر ئەفسانە من پارەم پێیە بەس نازانم لە کوێ

هەیە، ئەوە پارە جا چۆن دەستت دەکەوێت بەم ئێوارەیە..

- ووتی تۆ پارەکەم بدەرێ خۆم دەیکڕم ئێستا..!

- ووتم: باشە چەند دەوێت..؟

- ووتی: ٦٠ ئێورۆ..

- ووتم: فەرموو.. کە پارەکەم دایە یەکسەر بە جێهێشتم و رۆیی .. منیش وەك ئەهلی ئەم ئیسلامە و عەشایەر .. ووتم باشە خۆ ئەم ئافرەتە لەگەڵ مندا بووە هیچ نەبێت تا دەیبەمەوە ماڵەوە ئاگام لێیبێت.. لە دوورەوە ووتم ئەفسانە.. مەڕۆ با منیش بێم ... هەر وەڵامیشی نەدامەوە.. بەهەر حاڵ من شوێنی کەوتوم.. زیاد لە نیوسەعات رۆی سواری پاس بوو منیش سەرکەوتم چومە لایەوە..

- ووتی: مەڵا ئەوە بۆ هاتی..؟

- ووتم : ووتم ئاخر مەڵا پیاوە ئافرەتێك بە تەنها جێناهێڵێت، ١٠ ئێورۆم دایە ووتم بڕۆ بلیت ببڕە.. با نەگیرێین.. بە خوا ١٠ ئێرۆکەشی خستە گیرفانی..!

- ووتی: نایەوێت لە ئەڵمانیا کەس پارەی پاس نادات..

- خۆم چومە لای شۆفێرەکەی ووتم: بلیتێکم بدەرێ.. ووتی بۆ کوێ دەچی .. ووتم نازانم.. بەخوا جنێوێکی پێدام وای زانی پی ڕادەبوێرم..
دابەزین ..

من لەگەڵ ئەفسانەدا رۆیشتم خۆمانکرد بە دیسکۆیەکداو یان بارِ بوو.. کۆمەڵێك خەڵك دانیشتبوون چوە لایان پارەکەی دایەو یەکێکیان هەڵسا چوو بۆی هێناو بردیانە ژورێك.. سبحان الله، منیش لە دوورەوە تەماشای ئەو وەزعەم دەکرد هەستم کرد مرۆڤ لای ئەم ئەوروپیانە چەندە هەرزانە چەندە درِندەشن بەرانبەر بە مرۆڤ ناخۆشترین کات و ساتی ژیانم بوو.. هیچم بۆ نەدەکرا، ئەو ئەڵمانیانە تیایاندابوو بەقەدەر نیو لۆری دەبوو مۆرِەیان لێ دەکردم منیش هەر لە مۆرِە زیاتر دەسەڵاتم نەبوو، چونکە تازە ناچاریە ئێمە ناچاری دەرگای ئەم ئەخەڵکەین..

کورِێکی گەنج هاتە تەنیشتمەوە، ووتی تۆ چی ئەفسانەی..

ووتم تۆ کوردی .. ووتی: بەڵێ من لەم بارِە کار دەکەم..

ووتم: ئەوە بردیانە کوێ ئەو کچە بۆ خاتری خوا- ..

ووتی: ئێستا دەیهێننەوە تا دەتوێتەوە- ..

ووتم: برای باش چی دەتوێتەوە - ..

ووتی: دەرمانەکە لە لاشەیدا- ..

ئیتر خەریك بوو ئەو دڵەم شەقی دەبرد .. خۆم پێرِاگیرنەکرا- ناچار خۆم کرد بە ژورەکەدا تەماشام کرد ئەفسانە لەو عەرزەدا پاڵ کەوتووە.. هەر ئەوەندەم زانی منیش قاچم لە زەوی برِا سەیری خۆمم کرد بەدەست زلێکی ئەڵمانیەوەم هەموو گیانی نەخشونیگار بوو.. ئەو هەتیوە لە کەوانتەرەکەی ماڵی نەنکم دەچو... بۆیاخەکەی هەڵی دابوو باپیرم لەلایەکەوە خۆی بۆیاخی کردبوو وابزانم ٤٠ رِەنگ بوو..

ئەویش شینو سورو مۆر لەسەر دەمو چاوو گیانی بوو، وەڵا من لە تاو ئەوەی کە نەم خنکێنێت بە دەستیەوە بووم وەك تەزبێح، هەتا توانیم یەك کەلەم لێدا باش بوو دابنامەوە سەر

زەوی، ئەوەندەم زانی لەو دەمو چاوانەی ئەوان سیان چوارێکم بۆ هەڵسا منیش ڕامکردە لای ئەو کوڕە کوردە ...ووتم کاکە چەقۆیەکم بدەرێ خێرا بە خۆم دەربازکەم لەم سەگانە ؟
خوا هەڵناگرێت ئەویش هاتە دەست لەگەڵم بە ئەڵمانی دایبەیەکدا من هیچ تێنەگەیشتم.... بە خوا ئیشارەتی کرد بۆ چەقۆیەك لە پشتی خۆیەوە بوو دەستم پێگەیشت ئەو زلانە وەك بەفر توانەوە .. هاوارمکرد ئێستا سەرتان دەبڕم.. بە ئینگلیزی پێم وتن لە فیلمی ئەمریکی فێر بووبوم ئەو خێرەی ..هەبوو فیلمەکە بۆم

خواخواشم بوو خۆم دەرچم و ئەو کچە دەرکەم لە و تاریکستانە.. بەو کوڕە کوردەم ووت ئەی ئەو کچە چۆن بهێنمە دەرەوە.. ئاگام لێبوو ووردە ووردە چونەوە بۆ لای کابرا قەڵەوەکەی کە من کەلەم لێدابوو لوتو دەموچاوی ..خوێنی پێوە بوو بۆ ئەویان پاك دەکردەوە
ووتم :کاکە هەرچیت کردوە ئەفسانەم بۆ بێنە دەرەوە، زۆر- .. مەمنونت دەبم
ووتی: کاکە خۆ ئەفسانە ئەمە جێگایەتی.. یەکەم جاری نیە- ،دێتە ئێرە
ووتم: ئەزانم بەس بۆ نەگەبەتی ئەمڕۆ لەگەڵ من هاتۆتە- ..دەرەوە منیش میوانم دەبێت بیبەمەوە
ووتی ئاخر بێ هۆشە .. ووتم من دەچمە دەرەوە ، تۆ وەك - برایەکی باش ئەو کارەم بۆ بکە، ووتی بێخەم بە .. هاتمە دەرەوەی ئەو بارە ڕێك لە قەبر دەچوو، ترسام دیسانەوە ئەو ئەڵمانیانە هێرشم بۆ بێن.. ئەگەر چەقۆیەکم پێبوایە ترسم نەبوو هیچم پێنەبوو ئەوانیش زیاد لە ٩٠ بۆ ١١٠ کیلۆ دەبوون .. منیش ٦٨ کیلۆ بووم ئەترسام بەتەنها هیچم پێنیەو

ئەوانیش چوار پێنجێکن بەڕاستی لەوە دەترسام کەرامەتم بشکێنن.. بۆیە ناچار هاتمە دەرەوە لە دوورەوە وەستام خۆم کرد بە جێگایەکدا ناوی لیدڵ بوو.. دوو چەقۆی گەورەی مەطبخم کڕی و وەك سازۆکی خستمە پشتم و یەکێکی تریشم خستە بەر سکم.. زۆر داخم لە دڵدا بوو ..ووتم: دەگەڕێمەوە بۆ بارەکە، خۆم کرد بە باڕەکەدا بە توڕەیەوە تەماشی ئەو جەماعەتەم کرد هیچیان نەووت.. ئەوانیش سەیریان کردم و دەنگیان نەبوو نەجوڵان.. کوڕە کوردەکە ..هات بۆلام ناوی حەمید بوو..خەڵکی کەرکوك بوو

- ووتی: بۆ گەڕایتەوە؟

- ووتم: وەڵڵای ئەمەوێت شەڕ لەگەڵ ئەوانە بکەم ..

- ووتی: ئەو کوژن کورە ..

ووتم: هاتومەتەوە بۆ ئەوەی بکوژرێم زۆر داخم لەدڵدایە، جا- بەراستی زۆر بێتاقەت بووم.. ئەو جەماعەتە ئەڵمانیە ترسان هیچیان نەوت ..وایانزانی خەڵکم لە دەرەوە داناوە .. چونکە حەمید ووتوبی ئەم کوڕە کوردە ئێستا ئەچێت ڕەفیقەکانی ..دێنیتو دێتەوە بۆلاتان جا خۆشتان توشی پۆلیس مەکەن منیش ووتم حەمید گیان یەك دوو جنێوی ئەڵمانی باشم فێرکە با داخی دڵی خۆمیان پێ بڕێژم.. دوو شتی پێووتم.. ڕێك چوومە نزیکیان پێم ووتن سەیری هەر چواریانم کرد سەرو تفم تێکردن دەستم لەسەر چەقۆکەش بوو ئەترسام فریانەکەوم بیەوەشێنم.. وەڵڵا ئەوان چرکەیان لێوە نەهات.. حەمید دانیام لەسەر کورسیەك و ساردیەکی بۆ هێنام خواردم هەر ئەو دوو جنێوەی فێری کردبووم هەر ئەوەم دەووتەوە.. ئەوانیش هەر حسبایان بۆ نەکردم.. ئەفسانە هاتە دەرەوە سەرو گوێلاك خۆڵاوی سەریۆش لەمل، زەلیل.. گێژ ، دەکەوت بەملاو لادا چاوی فرمێسکی پێوە بوو زەردەخەنەش لەسەر ..لێوی بوو

من کەبینیم ئەوەندەی تر شێت بووم.. ئەوەی بەدەماهات ووتم .. هەرچی بەدەما هات ووتم.. بردمە دەرەوە.. سوپاسی حەمیدم کرد هەردوو چەقۆکەم دایە بۆ خۆی.. پارەشم پێنەما بوو هەمووی لەسەر کارتەکەم بوو.. ئەفسانەش ئاگای لە خۆی نەبوو پاش کەمێك .. ووتم تەکسی بگرە ناونیشانی و ئەدەرسی ماڵی خۆتان بڵێ ماڵت کاول بێت، کە تەماشای سەعاتم کرد یانزەی شەوە..!

گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بردمە سەرەوە بۆ لای میهناز خان

-.. کاک مەلا محمد ووتی: خۆ قەرار بوو من وتۆ زوو بڕۆین

ئیتر ووتم توشی روداوێکی بووم ئێستا بۆت باس دەکەم ئەفسانەم بردە ژورێك میهناز خان ووتی چیبوگە .. ماکوان گیان .. ووتم کورە میهناز خان تۆ بەڵات هەیە کەی ئەوە کچە خەریك بوو توشی شتێکی زۆر گەورەم بکات..

- ووتی ماکوان گیان ئەوە حالو گوزەرانی منە.. کاکە کەباسی ئەوەم گێرایەوە چی بووە مەلا محمد تورە بووبو دەیوت ئێستا دەچین ئەژداویان دەسوتێنین ..

-کورە ووتم وازبێنە خواخوام بوونەجاتم بێت..

- مەلا محمد ووتی با بڕۆینەوە بۆ هالە

-ووتم باشە بابڕۆین .. من هەڵسام خواحافیزی بکەم کۆتایی بە میواندارییەکە بینم بەڕاستی ماندوو بووم لە ئەڵمانیا .. من بۆ یە چووبوم بۆ ئەڵمانیا، ئەودەمە لە جێگایەك کارم دەکرد یەکەمی هەموو ئۆسلۆم گرت بۆ ئەو کۆمپانیایەی کارم تێدا دەکرد ناوی (سێڤن ئلێڤن) بوو ١٠ هەزار کرۆن و بلیتێکی تایلەندم بردەوە لەگەڵ مانگێك ئیجازە.. من حەزم لە تایلەند نەبوو، بەڵام گۆڕیمەوە لەگەڵ هاوکاریکی خۆم بەیکەوە کارمان دەکرد من بۆ ئەڵمانیاو ئەویش بۆ تایلەند، ئەمە بەحسابی خۆم بۆ خۆشی هاتووم ئەو شەوە خواخوام بوو

..ئەڵمانیاش بە جێبێڵم.. هەڵسام ووتم میهناز خان من دەڕۆم
ووتی: ماکوان گیان دەبێت تا شەس سەعاتی تر لێرە بیت-
..ئەوە قانونە
ووتم: بۆ؟
ووتی: ئاخر پۆلیسمان ئاگادار کردوە کە تۆ و ئەفسانە چونە
تە دەرەوە ، چونکە ئەفسانە لای پۆلیس دۆسیەی هەیە
دەبێت بمێنیتەوە تا بە ئاگا دێتەوە، چونکە تۆ لەگەڵیدا چویتە
دەرەوە ئاگاداری بوویت بۆ ئەوەی هەرچی رووبدات تۆ
شاهیدی لەو حاڵەتەدا، ئەم قسەیەشت بۆیە پێدەڵێم بۆ ئەوە
دوای خوانەخواستە شتێك روونەیات ئێمە رووزەردی لای تۆ
بین.. ئەوەندەی تر بێتاقەت بووم، ووتم مەلا محمد تۆ برۆ
بەیانی یەك دەبینینەوە.. شەو مامەوە زۆر ئاسایی من لەسەر
قەنەفەکەیان خەوتم و بەیانی هەڵسام میهناز خان نان و چای
بەیانی ئامادە کردبوو. منیش تێرو پڕم خواردو.. ئەفسانەم
هەر نەبینی نەیشم دەویست بیبینم .. خواحافیزم کرد لە
میهناز خان و ووتم من بەیانی دەگرێمەوە بۆ نەرویج..
خواتان لەگەڵ .. هاتمەوە بۆ ماڵی مەلا محمد.. دوایی ئەوە تا
شەو پێکەوە بووین پاشان مەلا محمد منی گەیاندەوە
..فرۆکەخانەی فرانکفۆرت و گەڕامەوە بۆ نەرویج.. ئۆسلۆ

لە دوای ١٢ رۆژ گەڕامەوە.. بۆ نەرویج .. ژیانی ئاسایی خۆم
..دەست پێکردوە
دوای چەند رۆژێك لەگەڵ مەلامحمد قسەمان کرد باسی ئەو
وەزعەمان کردەوە ووتم: تەلەفونت نەکردوە بۆ میهناز خان؟

ووتی: نەخێر -.

ووتم :باشە ئەگەر ژمارەکەت لایە بمدەرێ من با پەیوەندیان-

پێوە بکەم.. ژمارەکەم وەرگرت.. بەڵام دوای ٨ مانگ بۆ ٩مانگ رۆژێك تەماشای ژمارەی ناو مۆبایلەکەی خۆمم دەکرد .. ناوکەی میهناز خان هاتە بەر چاوم.. دەستم پێداناو ... راستەوخو تەلەفونم بۆ کرد.. هەڵیگرت میهناز خان ووتم ماکوانم هەر حەزم کردوە هەواڵت بزانم .. زۆر قسەمان کردو هەواڵی خێزانمی پرسی و، پاشان منیش هەواڵی .. ئەفسانەم لێپرسی

ووتی: ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێت مردوە-.

ووتم :چۆن بووە مردنەکەی؟ -

میهناز خان ووتی: خۆی کوشت-

ووتم: چۆن بوو خۆکوشتنەکەی -

ووتی: پۆلیس پێی ووتوین.. دەستی کرد بە گریان، بە کوڵ - دەگریا.. ووتی ماکوان گیان بێکەس خۆم لەم وولاتە. زۆر دەردە دڵی کرد.. منیشی خستە گریان .. زۆر ئازار گەیشت بە گیانم ووتم ئێستا چی دەکەیت ووتی تۆشی فەقەرات بووم لە جێگا ناتوانم کار بکەم ئێستا لەماڵی خۆمدا نیم لە ساڵمەندانم

..ووتم : واتا ئیستا لە خستەخانەی -

ووتی : خستەخانە نیە شوێنی پەکەوتەکانە..(لێرەدا ناتوانم- باسی هەندێك منداڵی بکەم ،چونکە ڕێگایەن نەداوە کە بەهیچ شێوەیەك باس بکرێن،.بۆ حورمەتی میهناز خان باسی .. (ناکەم

میهناز خان ووتی: ماکوان گیان بۆ نایت بۆلام وەرە تۆزێك-

قورئانم بەسەردا بخوێنە..

ووتم: بەخوا بۆم ناکرێت.. بەڵام پەیمان بێت هەر-دەرفەتێکم بۆ دروست بوو سەردانت بکەم..

شەو چوومە پاڵتاك لە ژووری دەنگی ئیسلام دەرسی مامۆستا باوەڕ بوو دوای تەواو بوون بە جووتە خۆمان کرد ە ژووری مەڵەبەندی پێشمەرگە دێرینەکان و تۆزێك سەر دڵی ئەوانمان گرتو هاتینە دەرەوە ئەو موزوعەم بۆ باس کرد.. ووتی ماکوان ئەوە بۆ نایت بۆ لامان بۆ ئەڵمانیاو حەز دەکەین لە نزیکەوە بت بینم..
- ووتم وەڵا دەمێکەیە نەهاتووم.. بەڵام هەوڵ ئەدەم بێم .. دوای دوو کەسی خزمی خۆم لە ئەڵمانیا بوون پورازیەکم و خاڵۆزایەکی باپیرم لە نۆرمبێرگ بوون ووتم با ئەوانیش گلەیی نەکەن.. کاتم ڕیکخستەوە دوای یەك دوومانگ رۆشتم بۆ ئەڵمانیا دیسان لە فرانکفۆرت دابەزیم ئەوەندە تامەزرۆ بووم پورزاکەم و ئەو خاڵۆزایەم هاتن بە شوێنمدا لە خۆشیاندا جەنتاکەم لەبیرچوو لەناو پاسەکە کاک فەهمی ووتی :ماکوان کوا جەنتات پێنیە؟ ووتم: بەرێ وەڵڵا بەس لە ناو پاسەکەدا جێمان هێشتوە ئەو پاسەی کە لە فرۆکەخانەوە دێتە ناو فرانکفۆرت جێماوە، بە دەستی بەتاڵ بێ هیچ بەیەکەوە ڕێکەوتین بۆ نۆرمبێرگ.. دوو شەو زۆر بە خۆشی لای کاک زاناو کاک فەهمی بووم لە فورد- نۆرمبێرگ بلیتم بڕی چوومە هانۆڤەرو چاوم بکەوێت بەو ئافرەتە بەرێزە تەلەفونم کرد کەسێك بە ئەڵمانی وەڵامی دامەوە هیچ تێنەگەیشتم..
چوومە چایخانەی تورکەکان نزیك مزگەوت بوو.. زۆری نەماوبوو بۆ نوێژی عەسر لەگەڵ کاک سەلمان بادینیەك بوومە

به ڕەفیق و ووتم لەم قسانە تێناگەم، بەڵکو -بۆم بکەیت بە کوردی.. تێمگەیاند ئەمە ژمارەی ئافرەتێکە لە شوێنی پەکەوتەکانە دەیناسم دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم وبڕۆمە ..لای

- ووتی : باشە .. دەستی کرد بە قسەکردن و دوای دایخستەوە ووتی ئەو ئافرەتە چی تۆیە ووتم هەر کوردەو لێرە ناسیومە.. باوەشی پیاکردم ووتی بۆ خۆت خۆشبی.. مردوە عەمری خوای بەجێهێناوە.. وایزانی دەگریم و باوکە ...ڕۆ دەکەم

- منیش ووتم ..خوا عەفوی کاتو ووتم بلیتیکم بۆ ببڕە بۆ ڤوبەتاڵ.. چومە ماڵی مامۆستا باوەڕ و دوو شەو لەماڵی ئەوان بووم ئێوارەیەك لە ماڵی کاک باوکی بەهەشت و شەوێکیش لە ماڵی کاک عومەر سەلەفی ناسراو بە کاک بڵند و.. ئەو چەند ڕۆژە زۆر خۆش گوزەراندم لە ئەڵمانیا حەقی جارەکەی ترم کردەوە.. کاک باوەڕ منی گەیاندەوە بۆ .فرانکفۆرت.. گەڕامەوە بۆ نەرویج

مەراقم بووە بزانم ئەم ساتانیستانە دەگەنە چی.. مەرگی ئەفسانەو و دایکی و کاک عەبدوڵڵا.. زۆر ناخۆش بوو.. ..کاریگەری خۆی هەبوو

هەموو ئەوەی کە گێرامەوە و بۆم باس کردن دەمەوێت ئەوەتان تێبگەیەنم لە کوردستان ئێستا لەم جۆرە بیروباوەڕانە زۆرە.. پێناچێت لە ناو کوردا دا بەو شێوە ..بڵاوبێت

- لە سابونکەران لە سلێمانی زیاد لە ٢٠ لاو گیراون کە هەموو

!..بەیکەوە کاری سێکسیان کردوە هەمووشیان کوڕن

- لە هەولێر بە ئاشکرا هەن و لە هەفتەنامەی باس دا چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتیان لەسەر کرابوو.. لە ناوچەکانی تر لە شێوەی گروپ و ڕێکخراودا دەردەکەون..

- ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو ئەم گروپەوە لە کۆتایدا دەبێت خۆیان بکوژن یاخود شێت بن..

- هەندێك زانیاری لەسەر ئەم گروپی شەیتان پەرستانە لە جیهاندا.. ئەمانە تەنانەت لە ناو شاری مەککەی پیرۆزدا هەن لە یەکێك لە کۆڵانەکانی شاری مەککە من ئارمەکەیانم بینوە لەسەر دیوار بۆیاخ کراوە.. کە ئەستێرەیەکی پێنج چوکڵەیە و بۆ خوارەوە شۆڕە پێچەوانەی ئەستێرەکەی داود..

- بارەگایی سەرەکیان لە ئەمریکایە و پاشان ئیسرائیل و ئینجا وولاتی میسر.. لە ئەوروپادا زۆرن، بەڵام پۆلیس چاودێریان دەکات لەڕاستیشدا کۆنترۆڵ ناکرێن..
ڕۆژێکیان هەیە لە هاویندا بەرواری ٦/٦ی هەموو ساڵێك یاد دەکەنەوە، چونکە پێیان وایە ڕۆژی لەدایک بوونی شەیتانە، هەموو بە کاری شازو ئاشکراو قیزەونەکانیان دێنە دەرەوە..

- ئەمانە ژمارە سفریان زۆر لا پیرۆزە ..

- هەموویان گۆرانیەکیان لەبەرە بەناوی ڕێگای فروانی دۆزەخ..

- لە کاتی عیبادەتیاندا بۆ شەیتان ئافرەتێکیان بە ڕووتی خۆی

خوێناوی دەکات و دەست ئەدات لە پێشی پیاو و ژنان بۆ پیرۆزی بەندایەتیەکەیان گوایە شەیتان ئەمەی پێخۆشە

- مۆسیقایەکیان هەیە بەناوی ڕێگا بەرەو بەهەشت کە دەبێت وەك مناجات و قورئانی موسڵمان و ئینجلی مەسیح و تەوراتی جولەکە گوێ لێبگرن رۆژانە..

- دەبێت تەنها گوێ لەیەك تیپی موسقا بگرن ئەویش ناوی "رۆکی "لیدز بینغن

- باشترین گۆرانی بێژیان کە دەبێت گوێ لێبگرن ناوی"ڕۆڵین ستونە" هەر گۆرانیەکەی قسە ووتنە بەخوا بەرز ڕاگرتی شەیتانەو فێرکردنی ئەو خەڵکەیە بە خۆوسیتی و ئەنانیەت

- جۆری مۆسیقاکان سێ جۆرە کە پزیشکەکان دەڵێن ئەمە جۆری مۆسیقایە کاردەکاتە سەر دڵ و مێشکی مرۆڤ وای لێدەکات کە خۆی بکوژێت بێ ئەوەی بترسیت، ناویان..بریتیە لە

(یەکەم: مەعدەنی ڕەش بەئینگلیزی پێدەوەترێت( بلاك میتڵ
(دووەم: مەعدەنی رەق بە ئینگلیزی پێدەوترێت(هارد میتڵ
(سێیەم: مەعدەنی مردن بەئینگلیزی پێدەوترێت(دەێث میتڵ

- دژی هەموو جۆرە ئاینێکن..

- ئەوکەسی کە دەیەوێت زیاتر لە شەیتان نزیك بێتەوە، دەبێت هەموو جۆرە مەی ومەشروب و مادەی هۆشبەر بخوات و بخواتەوە بۆ ئەوەی زۆر مەست بێت بۆ ئەوە لە

شەیتان نزیکە بیت، پاشان خوێنی یەکتر دەخۆن.. هەموو جۆرە سێکسێك دەکەن بە پیاو ژن و گەنجیان پیاو لەگەڵ پیاو ژن لەگەڵ ژن هیچ جۆرە قەدەغەکراوێك نیە، هەموو کارێکی نەشیاو دەکەن، بە کۆمەڵ دەیکەن پێیان وایە شەیتان ئەوکارەی پیرۆز کردوە.. لە کەناری دەریاکاندا ئەو کارەدەکەن

-ئافرەتیان کە سکی پڕ دەبێت لە پێنج مانگیدا سکەکەی پێ لەباردەبن دەبێت خۆی لە خوێنەکەی بخواتەوە..

-منداڵ سەر دەبڕن بە گۆشتەکەی دەخۆن دەیکەنە قوربانی بۆ شەیتان بەدەستی دایکی خۆی..

- هەوڵی زۆریان بۆ فێربوونی سیحرە و جادوە

-خاوەنی زیاد لە ٧٤٧٥ پێگەی خۆیانن لە هەموو دونیادا بەر-بڵاون

ئەمەی کەباسم کرد پەیامی منە بۆ دایك وباوکان بۆ لاوەکان خۆیان بپارێزن لەم جۆرە فیتنانە، بەتایبەت ئەوانەی لە ئەروپان نەهێڵن منداڵەکانیان تیکەڵ ببن بەم جۆرە خەڵکانە..

سالی ٢٠٠٦ له تۆڕی کۆمەڵایەتی پاڵتۆك چەند کۆڕیکم گرت له ژووری "کوردستان یونایتد"، "بۆتین" سەرپەرشتی دەکرد، کۆڕێك بوو لەسەر مافی ئافرەت، دوای تەواو بوون کەسێك پەیوەندی پێوەکردم بە ناوی.. گوڵی سور.. سڵاوی لێکردوم، وەڵام نەدایەوە تا درنگ لەبەر ئەوەی تایبەتی ترم زۆر لەگەڵ بوو لە پاڵتۆك.. دەرچوو لە پاڵتۆك، بۆ وەڵامی سڵاوەکەی دوای دەرچوونی منیش وەڵامی سڵاوم دایەوەو بەجێمهێشت، دوای ئەو لە تایبەت(پرایڤێت) نوسیبوو "ماکوان تۆ جاشی عەرەبی؟ پاشان نوسیبووی بۆ خزمەت بە کورد ناکەیت خزمەت بە ئیسلامی عەرەبی شۆڤێنی دەکەیت، بۆ خزمەت بە محمد دەکەیت کچێکی هێناوە تەمەنی ٩ ساڵ بووە".. وەڵامم نەدایەوە لای خۆم سڕیمەوە کە نەتوانێتهیچ .. نوسینێکم بۆ بنێرێت

پاشان بەناوی ..سورەگوڵ.. هاتەوە.. دیسانەوە بە ئەدەب سڵاوی کرد، وەڵام دایەوە(لە دوایدا زانیم ئەوە، زیاتر باسی دەکەم)، ووتی: کاك ماکوان جیاوازی یەهودی و ئیسلام چیە لە عونسوریەتدا، ئێوە وەلاءو بەڕائتان هەیە، ئەوانیش هەر وەلاءو بەرائیان هەیە خۆیان بە گەلێکی پێشەنگ دەزانن بۆ هەموو جیهانایان، ئیوەش هەروان؟

وەڵامی من.. بەرێز سورەگوڵ ئەم باسە زۆری دەوێت بە نوسین کات زۆر دەبات ئەگەر مایکت هەیە بە دەنگ بۆتی ...شی دەکەمەوە

.سورەگوڵ: ببورە میکم نیە

.وەڵامی من: ببورە منیش کاتم نیە

.سورەگوڵ: ئاخر من کچم مایك ناگرم

وەڵامی من- دەی خوشکی من تۆ قسە مەکە من قسە دەکەم بەس گوێگرە، من داوای قسەم لێنەکردویت؟

..بە جێی هێشتم و وەڵامی نەدامەوە

پەیوەندی پێوەکردمەوە ووتی ئاخر منداڵەکانم خەوتوون
..ئەکرێت کاتێکی تر بێت، بەڵێ ئاسایە
شەوێکیان ئەو ناوەم بینی لە ژووری دیدنویێ، من قسەم دەکرد باسی سیرەی پێغەمبەرم دەکرد، ئاگام لێی بوو دەینوسی بە حقدەوە، ئەمەش نوسینەکەی بوو" محمد هەرچی جولەکەی نیشتیمانی عەرەب و بووکوشتیو دەریکردن ئیتر باسی چی دەکەن کەی محمد ڕەحەمت
..!بووە
کاک ئاوات کەرکوکی ئەدمینی ژوور لە نوسین وەستانی و کە من تەواو بوو ووتی: بەڕێز هەر پرسیارێکت هەیە فەرموو میك بگرە با مامۆستایان ژوور وەڵامت بدەنەوە، ووتی من مایك ناگرم ئافرەتم، کاک ئاوات ڕێگای پێدا کە بە تێکست بنوسێت، نوسی بۆ عەلمانی بە کافر دەزانن و ئەوەی لە خۆتان نەبێت سەری دەبڕن، بۆ نابێت لەم ژوورەی ئێوە ئافرەت قسە بکات.. کاک ئاوات وەڵامی دایەوە- ووتی بۆ ڕاست ناکەیت ئەوە نیە ئێمە پێت دەڵێن مایك بگرە وقسە خۆت بکە تۆ خۆت مایکت نیە، کەچی دەڵێت ئێمە ڕێگەت نادەین، قسەیەکی بەکاك ئاوات ووت، لەوەڵامدا ووتی مادەم قسەت بە خۆم ووت هیچ ناڵێم، مرونەتی نواند چونکە خۆی ئەدمین بوو؛ کاك ئاوات وتی قسە بەخۆم ئاساییە بەڵام بەئیسلام سوردەکەم، منیش بۆ حورمەتی کاك ئاوات ووتم وەڵامت نادەمەوە، دواى لە تایبەت بۆی نوسیم .. من ناڵێم ئێوە عونسورین بەس خۆتان خۆشدەوێت..؟
..هیچ وەڵام نەدایەوە
دوای هاتەوە ووتی وەرە با بەمایك قسە بکەین، منیش هەر لەرووی فزولیەوە ووتم باشە، هەستم دەکرد ئافرەت نەبێت ، بەڵکو پیاوبێت، چونکە ئافرەت ئەوەندە لەسەر شت ناڕوات، پاشان من مایکم بۆ نارد، قسەی نەکرد ووتی مایکم

ئیشناکات، واهەستم کرد درۆدەکات، ووتم ئاخ کورد درۆو پارەو خیانەت، هەر بۆ خۆشی..

پاشان ووتی ماکوان، بۆ ئەوەی بزانیت من ئەفسەرم لە سوپای ئیسرائیل رۆژانە بەدەیان موسڵمان دارکاری دەکەم، رۆژێك دێت تۆش ئاوادارکاریکەم، زۆر رقم هەڵسا ووتم ئاخر ئەوکاتەی کە توانیت مایك بگریت و بوی بە پیاو لەئافرەتی دەرچوی دڵنیام دەتوانیت، من وا تەعامولم لەگەڵ دەکرد کە هەر پیاوە، بۆ ئەوەی بیشکێنم دەمگوت تۆ ئافرەتی، بەڵام دیاربوو بەوە تورە نەبوو، شانازی بە ئافرەت بوونی خۆیەوەکرد، چونکە پیاو بە تبیعەتی حاڵ بڵێت لەژن دەچیت پێناخۆشە، ئیتر هەستم کرد ئافرەتە و بلۆکم کرد، چونکە کاتی ئەو هەموو چەلەحانیەم نەبوولەگەڵی.

دوای چەندرۆژێك هاتەوە بۆلام بە ناوی "روسا" واتا بۆ ناو تۆری پاڵتۆك لە چاتی تایبەت.. دوای سڵاو ئەم پرسیارەی لێکردم، نوسی ئایا لە ئیسلامدا رێگا دراوە ئافرەت شوبکات بە پیاوی مەسیحی یان جولەکە؟

بەنوسینەکەیە هەستم کرد ئەمە سورەگوڵ و گوڵی سورە، بێ پەردە ووتم تۆ فوڵان کەسەی بە راشکاوانە ووتی بەڵی، ووتم لەبەر ئەوەی بێئەدەبیت کردوە وەڵامت نادەمەوە،

ووتی: من لەسەر دووریانێکدا وەستاوم دەموێت موسڵمان بم زۆریش لە ئیسلام دەخوێنمەوە ، بەڵام هەرچی دەکەم قەناعەتم بۆ دروست نابێت..

منیش ووتم : من ئامادەم وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بۆ دەستە بەر بەکەم، ئەگەر خۆشم نەمتوانی لە مامۆستاکرێکار دەپرسم بۆت، ئەودەمە مامۆستاکرێکار لە زینداندا نەبوو، بەڵام بە مەرجی ئەوەیت راستگۆ بیت لەگەڵمدا..

ووتی : من پەیمانت ئەدەمێ راستگۆ بم.

ووتم: چۆن بڕوات پێبکەم؟

ووتی : سوێند بۆ دەخۆم بەخوا؟
دەستم کرد بە پێکەنین و ئیشرەتی پێکەنینم بۆ نارد کە ئەوە باتاڵە ئەو قسەیە چونکە من هەست دەکەم بڕوات بە خوا نیە..
نوسی: لە تۆزیاتر بڕوام بەخوایە ماکوان، بەڵام بڕوام بە ئیسلام نیە..
بەڵام قسەیەکی کرد قەناعەتی پێکردم ووتی ئەگەر هەستت کرد راستگۆ نیم یان بۆ کات بەسەربردن قسەدەکەین ئەوا دەتوانیت ئیتر بەیکەوە قسەنەکەینەوە..!
ووتم فەرموو من ئێستا لە خزمەتام..
ئەو دوای کرد کە بچینە تایبەت بە مایك قسەو ئاخافتن بکەین..!
ڕۆشتین من مایکم نەگرت ئەو مایکی گرتوو زۆر بە جوانی سڵاوی کردو ووتی: من ناوم ئاڤانە خەڵکی کوردستانم بەڵام لە تەلئەبیب دادەنیشم خانەوادەکەم هەموو کوردن، بەڵام کوردستانم خۆش دەوێت حەز بەناوکورد دەکەم، چەند پرسیارێکم هەیە، لەناو تۆڕی پاڵتۆك تۆم دیوە حەز دەکەم پەیوەندیمان هەبێت و موتابعەم کردویت لە ژیناتدا جدی تو هیچ ڕۆتیناتو قسەوباسی ناو پاڵتاکت نیە تەنها بۆ مەبەست دەتبینم لەناو پاڵتاکدا لە کوێدا جدیات بوو تۆ لەوێداهەیتو دیفاع لە ئیسلام دەکەیت.. بۆیە رووم لە تۆ کردوە، من کچێکم تەمەنم ٢٦ ساڵە، پاشان مایکی ئازادکرد بۆ من ووتی فەرموو تۆش قسەی خۆت بکە.
منیش مایکم گرتو سڵاوم لێکرد، ئەوەندە ووتم راستە تۆ ئەفسەری ئیسرائیلی و ئازاری موسڵمانان ئەدەیت بەس ئەوەم بۆ روون بکەروە؟
ووتی : نا- بەس تەنها بۆ ئیستفزازی تۆ بووە ئەوکاتە، ئەگینا من تەنها ئەندازیارم و هیچ پەیوەندیم بە سەربازیەوەنیە

..حەزیشم پێی نیە
ئینجا من کەوتمە پرسیارو ئەوم هێنایە ژێر پرسیار، ووتم چی دەکەیت لە ئیسرائیل و کوردیشیت، لەکەیەوەلەوێت؟
لە وەڵامدا ووتی: لە ٣١ ئابەوە چوینە ئەمریکا و پاشان بە عەقدی کار باوکم هاتووە بۆ ئیسرائیل باوکم لەگەڵ یەکێك لە ڕێکخراوەکان کاردەکات..! ئینجا دەستی کرد بە قسە و باسو دەردە دڵ..

..هەستم کرد کاریکی موخابەرتی لەپشت ئەمەوەیە

.. پرسیارە موخابەراتیەکانی لەگەڵ مندا

ئەو شەوە کە قسەمان کرد باسی هەندێك ژیانی خۆی کرد کە ماڵیان لە سلێمانی لای ابوسناء وە بووە، ئینجا ئەوەی درکاند کە ئەمان مەسیحی بوون..! پاشان لە لەدوای ئەوەی لەگەڵ ئەمریکیەکان باوکی کاری کردوە، کە ٣١ ئاب پارتی حیزبی بەعسی هێناوە، ئەمان مونەزمەی ئەمریکی بە لجوئی سیاسی هەموو بەرەو ئەمریکا ڕۆشتوون و باوکی بە گرێبەندێکی کارکردن لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی کار دەکات لە ئیسرائیل و لە ساڵی ١٩٩٧ هاتونەتە تەلئەبیب، هەندێك ووتەی تری ئاسایی.. (کە ئەمانە هیچی نەچوو بە مێشکی مندا، (واهەستم دەکرد- درۆم لەگەڵ دەکات
ئەو شەوە منیش باسی خۆمم بۆ کرد کە لە ساڵی ١٩٩٨ لە ئەورپام بە هۆکاری نەبوونی کارو کەسابەت و بۆ بونیاد نانی کەسایەتی خۆم هاتومەتە ئەروپاو لە وڵاتی خۆم هیچ کێشەیەکی سیاسیم نەبووە وەك تەعاروف و یەکترناسین، ئەو شەوە یەکترمان بەجێهێشت من باسی هیچم بۆ نەکرد، چونکە لەگەڵ خێزانم کاتی تەماشا کردنی زنجیرەیەکی

ئێرانیمان دەکرد بەناوی "پاور چین" ..

بۆ رۆژێکی تر لە ناو پاڵتۆك هاتەوە بانگی کردم بۆ ژورێکی تایبەت، بە مایك ئەم پرسیارانەی لێکردم..؟

- سەلەفی جیهادی چیە؟

ووتم: ئەمە قوتبخانەیەکی فیکری ئەهلی سوونەتو جەماعەیە، باس لە مەنهەجێك دەکات، کە پێشینانمان چۆن رەفتاریان کردوە، خۆشیان بەو کۆمەڵە دەزانن کە لە ناو فەرمودەی پێغەمەبەری نازادارد(صلی الله علیه وسلم) بە تایفەی حەق یاخود (طایفه المنصوره) کە هەمیشەلەخەباتو شۆرشو کۆششدان دەزانن.

- ئیخوان کێن و چین؟

وەڵامی من: قوتبخانەیەکی ئەهلی سونەتە پڕلە شۆرش و خەباتە بۆ گەڕاندنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئایدۆلۆژیایی ئیسلامی، لەسەردەمی حەسەن بەنناوە- ڕەحمەتی خوای لێبێت- دامەزراون تا ئەم سەردەمی کە ئێستا من و تۆ تێدا قسەدەکەین و سوپاس بۆ خوا بە هێزو بازوی ئیخوان بوو کە سینا لە ئیسرایلی داگیرکەر پاك کرایەوە، (لەوکەتەدا پێکەنینێکی نوسی بۆم)، منیش مایکم ئازادکرد.

- حیزبی تەحریر کێن؟

وەڵامی من: کۆمەڵیك موسڵمانی ئازاو بە جەرگن، هەوڵ وخەباتیان بۆ گەڕاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامیە سوپاس بۆ خوا لە ناو فەلەستینیەکاندا زۆرن بە تایبەت لە ئەورپادا و تایبەت تریش لە دانیمارك، هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە حوکومەتو خیلافەتی ئیسلامی دابمەزرێنن تەنها بە ئەدەبیاتی ئیسلامی دوور لە هەموو ئەدەبیاتێکی تری رۆژئاوایی یاخود رۆژهەڵاتی، بەڵکو تەنها ئیسلامی.

کاك ماکوان تۆ کامیانیت لەم سێ قوتبخانە؟ -

ئیتر هەستم کرد ئەمە هەروا سادە نیە؛ بە دڵنیایەوە ئەمە پرسیاری موخابەراتیەو لە سەریکەوە سەردەردێنێت، ئینجا هەستم بەوە کرد کە ئەم ئافرەتە کەسێکی سادە نیە..!

وەڵامی من: جاتۆ ئەم پرسیارەت بۆچیە بۆ لە ژیانی شەخسی من پرسیار دەکەیت ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوەیە.

هیچی باس نەکردلەسەر ئەو مەوزوعە، چووە سەرباسێکی تر.. ووتی تۆ گوێ لە مۆزیك دەگری..؟ حەڵاڵە یان حەرامە..؟ هەستم کرد ئینجا ئەو خۆی دزیەوە لە پرسیارەکەی من..!
وەڵامی من: ووتم من بۆخۆم گوی لێدەگرم، بەڵام هانی کەس نادەم بۆ ئەوەی گوێی لێبگرێت، پاشان منیش نەمکردوە بە عادەت کە گوێ بۆ موزیك بگرم پێناچێت بە مانگیش گوێ لەموزیکێکی تایبەت بگرم، مەگەر دەنگی موزیکی دەنگو باسو تەلەفزیۆن بەگشتی، وە من باس لە حەڵاڵ و حەرام ناکەم، چونکەئەوە ئیختلافی لەسەرە.
رات چۆنە بۆ مافی ئافرەتان؟ -
هیچ بڕوام بە مافی ئافرەتان نیە.
ئەی چۆن؟!-
لەبەر ئەوەی من بڕوام بە مافی مرۆڤ هەیە، پیاو ژن لە ئەنجامی ئەومافی مرۆڤەوە دەبیبینم کە خوای گەورە بۆ ژنیش و پیاویش دەستەبەری کردوە لە ئیسلامدا ماف دراوە، بەڵام لەهەموو بەرنامەو ئاینەکانی تردا ماف بەزۆر دەسێنرێت، جیاوازیەکە ئاسمان و رێسمانە، تێگەیشتی یان زیاتر روونی بکەمەوە..؟
تێگەیشتم. -

باشه مایك ئازادە.. ئینجا هەستم کرد ئەمە ئافرەتە خەڵکی تر لە تەنیشتیەوەیە وفێری قسەی دەکات و پرسیاری فێردەکات، دەیانەوێت من بخوێنەوە، لە ئەنجامی قسەکانم من و ناخم باش بناسن و بخوێنەوە..
کاك ماکوان ئەگەر لە جەنگێکدا منت بەردەست بکەوم چیم -لێدەکەیت، دەمکەیت بە کەنیزەك بۆخۆت..؟

دەستمکرد بەپێکەنین.. بۆ خۆشی ووتم ئەگەر جوان بیت-بەڵێ ، خۆ ئەگەر ناشرینیش بیت ئەوە ئەوکوژم.. ئەمە تەنها بۆ پێکەنینە بە جدی وەرینەگری..
ئەویش پێکەنی بە ئیشارەتی پێکەنین...
ووتم وەڵامی من: بۆ ئەم پرسیارە موخابەراتیە ئەوەیە جاری زۆنی جەنگەکە دەستنیشانی دەکات، تۆ وەك جوندی وسەربازی ئیسرائیلی دەست من بکەویت، ئەوا مامەڵەی دیلت لەگەڵدەکەم، چونکە سەردەمی کەنزەک نەماوە ئەو یاسایە لە ئیسلامدا ئێستا کاری پێناکرێت، چونکە لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتانی جەنگیدا وەك مامەڵەی دیل کردی و یاسای کەنزەکی نەساپاند، لە جیهادی ئەفغانیشدا بەهەمانشێوە ئەفغانیەکان کە سەربازی ئافرەتی رووسیان دەگرت هەر مامەڵەی دیلی لەگەڵدا دەکرا، ئەگەر ان شاء الله من تۆم گرت ئەوا مامەڵەی دیلت لەگەڵ دەکەم، خۆ ئەگەر دوژمن کە ئێوەن.. مامەڵەی کەنیزەکتان لەگەڵ ئافرەتانی موسڵمان کرد.. ئەوکات ئەمیری موسڵمانان ئەمری دەرکرد منیش ئەوکات تۆدەکەم بە کەنیزەك بۆخۆم، یان ئەگەر زانیمان دوژمن کە دیسانەوە ئێوەن ئافرەتانمان دەکوژن ئەوە بەدڵنیایەوە منیش ئەتکوژم بۆ ئەوەی چیتر موسڵمانان نەکوژرێن وەك وەڵامێك بۆ کردارەکەی ئێوەی دوژمن، هەڵبەت ئەم باسانە زیاتر

.دەخوازێت، پێویستی بەڕوونکردنەوەی فقهی جیهاد هەیە

کاك ماکوان من شوت پێ بکەم دەمهێنیت دەبم بە -
موسڵمان؟
خێزانم گوێی لێبوو.. خەریکبوو بۆ بچێتە ناو
..کۆمپیتەرەکەوە

من و کچێکی ئیسرائیلی کورد .. جوانیەکەی سەرسامی

لەدوای ئەوەی کە پرسیاری کرد ئایا کاك ماکوان من ئەگەر موسڵمان ببم شوت پێبکەم دەمهێنیت؟، بە دەنگێکی ناسك و پاشان بە زەردەخەنەوە، هەستم کرد راست ناکات، بەڵام، سبحان الله- ئەو دڵە وەك فەرش لول بوو، خوا رەحەمی کرد خێزانم حازربوو لە تەنیشتمەوە، ئینجا هەستم کرد زانایانی ئەم ئیسلامە خەڵوەتی ئافرەتیان هەروا بە ئاسانی حەرام نەکردوە، بەتایبەت لەم چاتە ساردوسرانەوە.
..پاشان بۆ خۆم لە دووڕینێکدا بووم
..وویستم قسەکەی پێببڕم و بە جدی وەرینەگرم
وەڵام دایەوە.. ووتم خێزانم دانیشتوە بۆ حوورمەتی خێزانم هیچ وەڵامێکت نادەمەوە، هەرچەندە ئەمە بۆ خۆی رازی بوون بوو.. ئاگاشم لێیبوو خێزانم توڕەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی جارێ خێزانم هێوەربێتەوە، پەیوەندیم بە خوشکێکیەوە کرد کە شارەزابوو لە هاك کردن، پاشان کوڕێکی بەڕێزی ترم دەناسی "بارزانی" بوو نازناوی کاك "خرین" بوو، کوڕێکی بەرێزبوو لەو بوارنەدا شارەزابوو، هەلێکی باش بوو لەسەر خەت بوو، ئینجا داوای لێبوردنم لە "روسا" کرد ووتم خەڵکی ..ترم لەگەڵدایە قسە دەکەینەوە
خێرا لەگەڵ کاك خرین و تارای خوشکی خێزانم دەستمان کرد بە قسە و موزوعەکەم بۆ باسکردن کە من داوی لێدەکەم کامێرا بکاتەوە، پاشان ئێوە ووێنەیم بۆ بگرن، چونکە من ئەو شتانە نازانم، تارا ووتی من ئەوەت بۆ دەکەم، بەڵام دەبێت بێمە ناو کۆمپیترەکەتەوە، ووتم باشە.. داوام کرد لە خرین کە ئەویش ئایپی ئەدرەس و جێگاو مەکانیم بۆ ئاشکرا بکات..
ئەویش ووتی دەبێت من چاوم لە نوسینەکانی بێت تۆ ووێنەیکی خۆتی بۆ بنێرە با بتبینێت من بە ووێنەکەتەوە نازانم چی هاوپێچکرد لەگەڵیدا، گرنگ ئەوە بوو ئەویش ووتی دەبێت بێمە ناو پێ سیکەتەوە. ڕێگام دا بە

..هەردووکیان

..پاشان چومەوە بۆ لای رووسا
ئاگادارم کردوە ووتم جا ئەم قسەیەت بەراستە کە دەتەوێت
..موسڵمان بیت
..بۆی نوسیم بەڵێ
ووتم باشە ئەی بۆ شودەکەی بە من ئەوە چەند برای ترمان
هەیە ژنیان نیە بۆ شوناکەیت بەوان .. نمونەی دووبرام
هێنایەوە، یەکێکیانم باش لەبیرە کاك "ئەبودەردا"بوو، من زۆر
بە جدیم بوو، چونکە ئەو کوڕێکی جوان خاس بوو، ووتی نا
من شوو دەکەم بەس بە تۆ.. لەم حاڵەتەدا شتێکی زۆر
عەجیب ڕوویدا، برایەکی تر لە ژوورەکەدا پەیوەندی
پێوەکردم ناوی کاك "نەسرەت" بوو ئیزنم لێخواست کە خەڵك
لە پێسێکەمدایە ئەوم وەستاندا، پاشان بە رووسام ووت
باشە من چۆن بزانم تۆ راست دەکەیت من رازیم بەڵام
بەمەرجی ئەوەی ئەبێت بتبینم، ووتی وەرە بۆ ئیسرائیل ،
ووتم من ناتوانم بێمە ئیسرائیل، تۆ وەرە وولاتێکی عەرەبی ،
یان هەر وولاتێکی تری ئەوروپی من دێم بۆ لات.. ووتی
..باشە
دوای ووتم تۆ منت دیوە ووتی بەڵێ ووێنەی تۆم لە دەریا نور
بینەوە، خرپن ووتی پێبڵی، کە تۆ ئەوت نەدیوە با کامێرەت
بۆ بکاتەوە، منیش ئەوم پێوەت.. ووتی من کامێرەت بۆ
دەکەمەوە.. کامێرەی بۆ من کردوە چیم دی... ئافرەتێکی
نازادری جوانی قژ خاوی.. هەر زۆر جوان.. ئیتر لەو ئافرەتە
جوانەنە بوو کە ئیتر پەسەندکراون، کورە من خەریك بوو
دڵەکەم بگۆرێت.. باش بوو خوا رەحەمی کرد .. دەنگ تۆمار
دەکرا ووێنەی ئافرەتەکە گیرا ، منیش ووتم تازەترین ووێنەی
خۆمت بۆ دەنێرم ئەو ووێنەیەی کە کاك خرپن ئامادەی

کردبوو ناردی وەریگرتو ، پاشان ووتی هەموو ئایپی ئەدرەسەکەی بۆ دەرهێنام لە کوێ دەژیو تەنانەت ناوی گەرەکەیشی بۆ هێنام جۆری نێتەکەی کە بەکاریدێنێت ناوی ئەویشی بۆ هێنام..!

ماڵئاوایمان کرد لەیەك لە دوای هەندێك قسەی رۆتینی و سادە من خێرا هەڵسام دەستنوێژم گرت و دووڕکعات نوێژم کرد، تارا هەموو وێنەکانی لای خۆی خەزنکردو دایەوە دەستی من، کاك خرپن هات ووتی کاك ماکوان ئەو کەسە ساختە چیە ئەو ووێنەیە هی خۆی نیە، ووتم چۆن ووتی ئەو ووێنەیە لەپاڵتاکدا هەیە ئەوە ئافرەتێکی رووسیە ڕێکلامی پاڵتاکە دیسانەوە ووێنەکەی بۆ هێنام، زۆر بێتاقەت بووم ، نەمدەزانی بێتاقەتیەکەم بۆ ئەوەیە درۆی لەگەڵ کردوم..! یاخودئەم ئافرەتە جوانە دەرنەچوو، یان چی بوو .. بەهەر حاڵ بۆم نەدۆزراوە، بەڵام ئیتر بە جدی وەرمنەگرت زانیم درۆزانێکی عەزیمە، ووتم ئەی ئەدرەسەکەی کوێیە کاك خرپن ؟

ووتی کاك ماکوان ئەمە لە ئیسرائیلە و لە تەل ئەبیب و خەتەکەی نێتەکەی ووتو ئەدرەسەکەشی دامێ..!

زۆر پەس بووم.. چومە خزمەتی کاك نەسرەت ووتی کاك ماکوان قسەیەکی خۆشت بۆ باس بکەم؛ ..ووتم چیە برای خۆم- ووتی: ئافرەتێك هاتوە لەگەڵ مندا قسەی کردوە واتا بە کاك نەسرەت ووتویەتی دەمەوێت شوبکەم بە تۆ واتا کاك نەسرەت یان کاك ماکوان، زۆر داوام کرد لە کاك نەسرەتی برام.. ووتم: کێبووە ووتی خۆشکێك بووە ئیتر زۆر قسەم نەکرد، بەڵام تەوقیتەکەی زۆر سەیر بوولەلام بەس هەر بە سادەی وەرمگرت، کاك نەسرەت هەر پێنەووتم تا ئێستاش، لێرەوە رێزی زۆرم بۆیی هەیە هیچ کاتێکی تریش لێم

نەپرسیوەتەوە..
ماوەیەکی دورودرێژ ئەم ئافرەتە نازانم ناوی بنێم پلاستیك، یان ئافرەتی درۆ یان چ ناوێك، بەهەر حاڵ چەند مانگێك وون بوو تەقریبەن سێ مانگێك وون بوو، لەو رۆژەوە کە هاککرا زانیم وون بووە، بەڵام بەدڵنیایەوە زانیم کە ئەویش شارەزایە لە بواری ئەم هاکو جۆرە کارانەدا..
ووتم حەتمەن زانیویەتی بۆیە خۆی شاردۆتەوە، بەهەرحاڵ ، کات رۆشتو زەمن هات، من کۆریکم هەبوو لە ژووری کوردستان نەتەوەیی لای کاك دەرون و کاك شێخە بەرێز، ئاگام لێبوو لە ژوورەکەدا بوو لە کاتی قسەکانی مندا جنێووم پێئەدات، بەو ناوەی کە یەکەم جار بلۆکم کرد بە ناوی گوڵی سوور، قسەی سوك و ناشرینی زۆری بەئیسلام و خۆم ووت، کاك شێخە دەریکرد، دوام کردوە لە کاك شێخە ئەو کەسەبێنتەوەو وازی لێبێنت چی دەڵێت با ئازاد بێت، مامە شێخ زۆری بەلاوە سەیربوو، بەڵام ووتم وازی لێبێنە چی دەڵێت با بیلێت، ووتم تەڵەیە خوا هەڵناگرێت ئەو پیاوە بەرێزە زۆر حورمەتی منی دەویست چم بوتایە بەقسەی دەکەردم ، هەڵبەت لە پیاوەتیو وگەورەی خۆیان بوو، دوای ئەوەی کۆڕ تەواو بوو پەیوەندیم بە ناوەکەی کردوە ووتم باشە ئەوە کچی باش تۆ ئەو هەموو قسە ناشرینە چیە بەمنت ووت خۆ تۆ بە تەمابوویت شوم پێبکەیت، هیچ نەووتو ئینجا ئەو منی بلۆك کردوو لە خەت نەما، کەمێکی پیچوو بەناوی "رووسا" هاتەوە ئینجا من خۆم بۆ نەگیرا ووتم ئەی داوەشێت ئەوی بەدەماهات پێم ووت بە ئیسرائیل و دەوڵەت و ئیتر زۆر توەڕە بووم، جا یاخوا منیش تورە نەبم ئاگام لەخۆم نامنێت... لەبەر ئەوەی شەو قسەی زۆری ووتوبوو، ئینجا داخی ئەو ڤیدۆیەم لەدڵدا بوو کە ووێنەی ئەوئافرەتە جوانەی دانابوو خەریك بوو بمخڵەتێنێت، ووتم

وەرە تۆچیت- چیت دەوێت دەستەکەت کەشف بووە بۆ
..بەئاشکرا قسەناکەیت، پەیامت چیە بمدەرێ
نوسی ماکوان گیان ئاگاداری خۆت من لە دەزگای مۆسادەوە -
لەگەڵت ئەدوێم ئەو ناوە من نەبووم کە قسەی بە تۆ ووتوە
!..کەسیکی تر بووە ناوەکەی باکارهێناوە
چونکە من بڕوام بە هیچ قسەیەکی نەبوو، بەڵام هەستم
دەکرد بۆ وازی لێنایەنم وەك جگەرەو حەشیشی لێهاتبوو
خۆشە و خراپیشە.. ووتم من هەموو دەنگەکانم
تۆمارکردویت ئەو ووێنەیەشی کە بۆت داناوام زانیومە کە
ئەوە ئافرەتێکی روسی ناو پاڵتۆکە، کە وام ووت ووێنیەکی
گریانی ناردو نوسی توخوا دەنگەکەم بڵاو نەکەیتەوە باوکم
پێمبزانێت لەگەڵ کەسوکارەکەم دەمکوژێت، دیسانەوە
کەوتمەوە گومان، چونکە کەسێك موخابەرات بێت بەو
شێوەیە قسە دەکات دوای ووتم لەوانەیە هەر فیڵ بێت،
ووتم باشە تۆ چیت دەویت لە من برۆ خوات لەگەڵ ئیتر واز
..لە من بینە، ووتی باشە ماڵئاوای کرد
کە بەو سادەیە ماڵ ئاوایی کرد ئەوەندەی تر خەریك بوو دڵم
..ئەتەقەی.. رۆشتو بەجێیهێشتم
دوای چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەڕی.. شتێکی زۆر عەجیب
روویدا لە ئۆسلۆ بووم لەخزمەتی مامۆستا کرێکار جەنابیان
فەرمویان کاک ماکوان خەوم پێتەوە دیوە ، ووتم خێر
خەونەکەی بۆ گێرامەوە، تۆزێکی تر پێچوو لای مامۆستا
هاتمە دەرەوە لە ناو قیتاردا بووم دەگەڕامەوە بۆ شارەکەی
خۆم، کورێکی بەرێز تەلەفونی بۆ کردم لە بەریتانیا ناوی کاك
حەمە شوان بوو ووتی برایەکی من خەوی بەجەنابتەوە
بینیوە و خەونەکەی بۆ گێرامەوە، پاشان گەرامەوە ماڵەوە
چومە سەر کامپیتەرەکەم، رووسا نامەیەکی بە جێهیشتبوو
ووتی کاك ماکوان خەوم پێتەوە دیوە، چاوەڕێم کرد

وەرە تۆچیت- چیت دەوێت دەستەکەت کەشف بووە بۆ
..بەئاشکرا قسەناکەیت، پەیامت چیە بمدەرێ
نوسی ماکوان گیان ئاگاداری خۆت من لە دەزگای مۆسادەوە -
لەگەڵت ئەدوێم ئەو ناوە من نەبووم کە قسەی بە تۆ ووتوە
!..کەسیکی تر بووە ناوەکەی باکارهێناوە
چونکە من بڕوام بە هیچ قسەیەکی نەبوو، بەڵام هەستم
دەکرد بۆ وازی لێنایەنم وەك جگەرەو حەشیشی لێهاتبوو
خۆشە و خراپیشە.. ووتم من هەموو دەنگەکانم
تۆمارکردویت ئەو ووێنەیەشی کە بۆت داناوام زانیومە کە
ئەوە ئافرەتێکی روسی ناو پاڵتۆکە، کە وام ووت ووێنیەکی
گریانی ناردو نوسی توخوا دەنگەکەم بڵاو نەکەیتەوە باوکم
پێمبزانێت لەگەڵ کەسوکارەکەم دەمکوژێت، دیسانەوە
کەوتمەوە گومان، چونکە کەسێك موخابەرات بێت بەو
شێوەیە قسە دەکات دوای ووتم لەوانەیە هەر فیڵ بێت،
ووتم باشە تۆ چیت دەویت لە من برۆ خوات لەگەڵ ئیتر واز
..لە من بینە، ووتی باشە ماڵئاوای کرد
کە بەو سادەیە ماڵ ئاوایی کرد ئەوەندەی تر خەریك بوو دڵم
..ئەتەقەی.. رۆشتو بەجێیهێشتم
دوای چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەڕی.. شتێکی زۆر عەجیب
روویدا لە ئۆسلۆ بووم لەخزمەتی مامۆستا کرێکار جەنابیان
فەرمویان کاك ماکوان خەوم پێتەوە دیوە ، ووتم خێر
خەونەکەی بۆ گێرامەوە، تۆزێکی تر پێچوو لای مامۆستا
هاتمە دەرەوە لە ناو قیتاردا بووم دەگەڕامەوە بۆ شارەکەی
خۆم، کورێکی بەرێز تەلەفونی بۆ کردم لە بەریتانیا ناوی کاك
حەمە شوان بوو ووتی برایەکی من خەوی بەجەنابتەوە
بینیوە و خەونەکەی بۆ گێرامەوە، پاشان گەرامەوە ماڵەوە
چومە سەر کامپیتەرەکەم، رووسا نامەیەکی بە جێهیشتبوو
ووتی کاك ماکوان خەوم پێتەوە دیوە، چاوەڕێم کرد

خەونەکەم بۆ بگێڕتەوە، ئەویش هاتوو خەونەکەی بۆ گێڕامەوە، هەرسێ خەونەکە لە بەشی داهاتوودا بۆتان باس دەکەم لەگەڵ ئەم ئافرەتە بەردەوام دەبین بزانین دوایی خەونەکەی چیتر ڕوودەدات، خەونەکانیش ژیانی منیان بە ئاراستەیەکی تردابرد..

من و چەند کچێکی ئیسرائیلی کورد و پرسیاری جدی و معقول..گریانی بەکوڵ

خەونەکەی مامۆستای بەڕێز خوای گەورە لە زیندان ئازادی بکات، ئەو بۆی گێڕامەوە کە لە دووکەسایەتی ناوداری ئیسلامی دوو دەمانچەیان داوە بە من جەنابی مامۆستا، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە هەستم کرد مامۆستا زۆر خۆشحاڵە لە خەونەکەو ووتم مامۆستا هیچ ڕاڤەیەکم بۆ دەکەیت ووتی خەونەکە زۆر باشە، ئیتر هیچم نەگوت.
خەونەکەی براکەی کاک حەمە شوان لە بەریتانیا خۆی بۆیگێڕامەوە کە خەونی بە پێغەمبەرەوە بینی وە لە سلێمانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە ژێر پردەکەوە بەرەو سەرهاتووە و منیش لە تەنیشتیەوە ڕۆشتوم زیاتر منی نزیك کردۆتەوە لە خۆییو لە خەونەکدا فەرموویەتی با ماکوان لە نزیکمەوە بڕوات لە تەنیشتمەوە بێت، بەقەدەر هەموو دوونیا دڵم بەم خەونە خۆش بوو، لە خۆشیاندا دەستم کرد بە گریان کە بۆیان گێڕامەوە لە خۆشی ئەو خەونە سەفرمکرد بۆماڵیان بۆ شاری –سڵاو- نزیك لەندەنە..
پاشان ڕووسا هەر هەمان ڕۆژ لە ئۆفلاین نامەی بۆ بەجی هێشتبووم، منیش لەسەر خەت بووم ئەوەندەم زانی پەیوەندی پێوەکردمەوە، من هیچم نەووت تا خۆت سڵاوی کردو دوایی ووتم خەونەکەم بۆ باس بکە، خەونەکەی ئەوە

که گوایە جلی بوکێنی کردۆتە بەرو لە ڕێگادا بە سەیارە
وەرگڕاوە من چووم لە ناو سەیارەکەدا دەرم هێناوە، لێتان
..ناشارمەوە هەر بە درۆ وقسەی بێمانا لەوم وەرگرت
بە ڕاستەوخۆ راشکاوانە ووتم بە خوا بڕوای هیچم پێت نیە،
..خەونەکشت ئەوەندە بەلامەوە گەورە نیە
ووتی باشە ماکوان تۆ لە کام بەردو دارو دروست بوویت؟ -
ئەوەندە رەقی..؟
..وەڵامم نەدایەوە -
دوای ووتی ئەتوانم پرسیارت لێبکەم ؟ -
..بۆم نوسی ئەگەر پرسیارەکان معقولن وەڵام ئەدەمەوە -
ووتی بەس بۆم شی بکەرەوە بۆ لە ئیسلامدا ئافرەت وەك -
شەهوت تەماشا دەکرێت، بۆ تۆ بڕوات بە مافی ئافرەت نیە،
ئەوەتا من لە ئیسرائیل هەموو مافێکم هەیە، لە رۆژئاوا
هەموو ئازادیەك بەژن دراوە.. بۆ دوان بە شاهیدێك
ئەژماردەکرێت، بۆ دەبێت پیاو چوار ژنی هەبێت .؟

وەڵامی من: ووتم پرسیارەکانت بۆ دەکەم بەچەند -
بەشێکەوە ئینجا وەڵامەکانت ئەدەمەوە، بۆم کردە خاڵ.. خاڵ
وەڵامەکانم بە گوێرەی توانا و خوێندنەوەی خۆم بۆم
..باسکرد
یەکەم: ئافرەت لە ئیسلامدا شەهوتە، بەڵێ بە دڵنیایەوە
ئافرەت شەهوتە، چونکە زۆر جوان و ناسکە هەموو هۆرمۆنی
پیاو پێ بەرز دەبێتەوە ئەمەش عەیبە نیە بەڵکو لە شەدەلاری
و ناسك ونازاداری ئافرەتە، شەهەوەت بە واتای حەزە، ئەی
پیاو دەبێت هەر حەزی لە ئافرەت بێت، نەك رەگەزی خۆی
ئەگەر وابوو ئەوە شازە و نەخۆشە کە واتە ئیسلام
تەندروستانە پێناسەی ئافرەتی کردوە بۆ پیاو، چونکە
بیرکردنەوەی پیاو لەسەر بنەمای حەزە نەك خۆشەویستی

پێچەوانەکەی ئافرەتە کە پیاوی وەك خۆشەویست خۆش دەوێت نەك حەز، کەواتە لە بنەڕەتدا ئەمە گلەیی لە پیاوە نەك ئافرەت، چونکە خوای گەورە باسی ئافرەت دەکات لە قوراندا بە گوڵ ناوی ئافرەت بردوە، چونکە ترۆپکی خۆشەویستیە..

- رووسا بۆی نوسیم.. کوا لە کوێدا لە قورئاندا ناوی ئافرەت بە گوڵ هاتوە ؟

- لە وولامدا ئایەتەکەم بۆ خوێندوە خوای گەورە دەفەرموێت: ..أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنيَا.. سورەتی طه ١٣١..

بۆ وەڵامی برگەی دووەمی پرسیارەکەت کە من بڕوام بە مافی ئافرەت و ئەو قسە بی مانایانە نیە، بەم هۆکارەیە، بزوتنەوەی ئافرەتان کە دامەزراوە بە پێی فەرهەنگی جیهانی نویٚ کە لە هەناوی قوتبخانەی سەرمایەداریەوە سەرچاوەی گرتوە دەگرێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس، یەکەم جار لە جاڕنامەی ئافرەتێکی داوین پیس کە ناسراوە بە (ئۆلیم دی ژۆژیە) ی فەرەنسی لە ساڵی١٧٩١ هاتووە، پاشان لە ١٧ مادە پێك هاتووە یەکەم کەس کە راڤەی کردوە ئافرەتێکی ووجودی خێزانی سارتەرە بە ناوی (سیمۆن دی بوفوارە) کتێبەکە بەناوی رەگەزی دووەم نوسراوە، پاشان ئەم بزوتنەوە ژنانە نەهەمەتیە بۆ ئافرەت لە سەدەی نۆزدەدا ئەو یەهودیە پیسانەی لای تۆ.. جموجۆڵێکیان پێدروستکردن لە ئەوروپاو ئەمریکا نارەزای و تا چەند کۆڕو سمینارو شتی لەوبابەتەیان بۆ گیراو دوایی لەگەڵ گەشەی مارکسیەت و شۆرشی ١٩١٧ ئۆکتۆبەر زۆرگرنگی پێدرا لە لایەن مارکسیەکانەوە لە سەدەی بیستدا لە بەر کۆمپانیا گەورەکان

بۆ دەستەبەرکردنی کرێکاری زۆرترو هێنانە دەروەی ئافرەت لەماڵەکانیانو بەپارەی کەم، ئەو ڕاپەڕینەی سەرتاسەریەی پێ هەڵسێنرا کە لە ئێرلەنداوە دەستی پێکرد تا ئوستراليا، داوای ڕێزگرتو مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرا، کە بە درێژای مێژووی ئیسلام ڕێزو حورەمەتی لەئافرەت گرتوە لە هەموو کایەکانی ژیان بەشداری پێکردوە، مەگەر هەندیك پۆستی دژوارو سەرەکی نەبێت لەبەر سۆزو هەست ناسکی ئافرەت لە هەندێك پۆست دورخراوتەوە، لەبەریتانیا بەهەمانشیوە ئافرەتێکی دەمشرو داواین پیس لە بە ناوی(پانك هریست) کە لەبەر جوانی و شەدەلاری کچەکانی کە زیاد لە ١٩ کچی هەبوو هیچی کچی خۆی نەبوو ئەوئافرەتانە بوون بۆ لەشفرۆشی بەکار دەهاتن پیاوانی شەهوەت بازیش بۆ خاتری جوانی و تێری حەزی خۆیو ماستاوکردنی لەبەردەم ئافرەت بزوتنەوەکانیان بە ناوی کچەکانی میسز پانك ناونرا..!

لە ئەمریکای سەرمەیەداری لە وولایەتی وایۆمنگی لە ساڵی ١٨٦٩ مافی ئافرەت درا تەنها مافی دەنگدانیان هەبێت ئەویش ئافرەتی سپی پێست ئەوە ڕەش پێست هەر حسابی بۆنەدەکرا بۆ پیاوەکانیشیان، ئەویش لە ١٩٢٠ لە دەستوری ئەمریکی بووە قانون برپاری لەسەردراو تۆمارکرا ، لە نیوز لەندا ١٨٩٣، لە ئوسترالیا١٩٠٢، لە نەرویج وسوید دانیمارك ١٩١٣، لەکەنەدا١٩١٧، لە بەریتانیاو نەمساو پۆڵەنداو مەجەرو جیکسلۆفاکیاو روسیا ١٩١٨ بەلجیکا ١٩٤٥ بۆ زانیاریت وولاتی سەرمەشقی عەلمانی کەفەرەنسایە ١٩٤٦ تەنها مافی دەنگدانیان بەخشیە ئافرەت، دوای هەریەکە مەدرەسیەکی دروست کرد بەناوی قوتابخانەی شوعیەت ، وسوسیالستەکان، لیبراڵ دیموکراسی و مەدرەسەی ئاینی جولەکەو مەسیحی، کە مەسیحو جولەکە ئافرەت بە ڕۆحی پیس دەزان بۆ خزمەتی پیاو دروستکراوە..

رووسا:پرسی ئەی ئسیلام؟ .. کەمافی داوە بەئافرەت باسی -
نەکراوە لە فەرهەنگە جیهانیە؟
وەڵامی من- هەر باسی ئیسلامی تێدانیە لەوێشدا -
نەیانوێراوە باسی ئیسلام بکەن ، ئەوان بە بوچوونی خۆیان
ئیعتراف بە ئیسلام ناکەن..! بۆیە باسیان نەکردوە، من حەزم
دەکرد باس بکرایە، بەڵام دڵنیابە رووسا خاتون نەیانوێراوە
باسی بکەن کە چۆن مافیداوە بە ئافرەت، بۆیە بیانویان بۆ
دۆزیوەتەوە گوایە ئیعتراف بە ئیسلام ناکرێت، ئەوەیە
.! وولاتی پێشکەوتوی دوونیاو دیموکراسی خوازەکان
ئەنجامی ئەم بزوتنەویە فەمەنیستی دروستکرد کە گوایە
ئافرەتان لە بنەڕەتدا دژی پیاوان.. ئەوە بزوتنەوەکەیە و
!..دەرئەنجامەکەیەتی

دوای مایکی کرد.. بەنوسین ..مایکی گرتوو ووتی کاك -
ماکوان من بەڕاستی پرسیارت لێدەکەم و چەند هاوڕێیەکی
تریشم لەگەڵدایە ئەوانیش دەیانەوێت پرسیار بکەن، ئاسایە؟
ووتم: ئاسایە، بەڵام بە کورتی وەڵامی ئەو دووپرسیارەی -
تریشت بدەمەوە ئینجا پرسیاری تر بکەن .. بەنیسبەت
شاهیدی دان بۆ ئافرەت ڕاستە دووانتان بە شاهیدێك هەژمار
دەکرێن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا نیە، جاری واهەیە لەبواری
شیردان و.. هەندێك بواری تردایە تەنها شاهیدی لە ئافرەت
وەردەگیری حساب بۆ پیاو ناکرێت
بەنیسبەت چوارژەنە لەبنەڕەتدا پیاو دەبێت یەك ژنی هەبێت،
بە بەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە ئادەمی دروستکرد یەك
حەوای بۆ دروستکرد نەك چوار حەوا، بەڵام ٤ ژنە
ڕێگاپێدراوە تەنها روخسەتێکە، من چیبکەم تۆ حەز دەکەی
شووبکەیت بە پیاوێك خاوەنی خێزانە داوای لێدەکەیت
شوی پێبکەیت، خەتای پیاونیە ژنیش خۆی بەشدارە لەو

پرۆسەیەدا..!

دوای قسەکان من میکم ئازادکرد.. هەستم کرد چوار ئافرەتی ترلەگەڵدابووە ..
یەکێکیان میکی گرتو بە گریانەوە هەنسکی هەڵئەدا و قسەی بۆ کردم .. ئەی هاوار چی موعاناتێکی هەبوو دڵی منی کرد بە ئاو، ئەوانە هەموو سجن بوون کە قسەیان لەگەڵ مندەکرد کوردیش بوون، ووتم تۆ بڵێی ئەنفالەکان بن چوبێتنە ئەوێ؟

من و کۆمەڵێك خەم و خەفەت لە ئیسرائیلەوە.. ژیان بێ ئیسلام خەمۆکیە..

لەدوای ئەوەي هەندێك لە باسەکانی ئافرەتانەم لەگەڵ رووسا تاوتوێکرد، دەنگی ئافرەتی تری لەگەڵدا بوو دەهاتە گوێم ژنێکی سەرە.. ئافرەتێکی بەرێز بە دەم گریان و هەنسکەوە.. ووتی ماکوان باوکەکەم توخوا چی بکەین لێرە؟ ئەزانی من چەندەبێتاقەتم؟، ئەزانی ئەوەتەی لێرەم نەنانم نانە نەخەوم خەوە.. ئەزانی خۆمم لە دەست داوە منداڵم لەدەستاوە کەسوکارم لە دەست داوە دین وقیامەتیشم چووە..
یەکێك لە کەچەکان.. ئەو ئافرەتەیان بردیە ئەولاوە لە مایکەکە دوری خستوە.. بە منی ووت: ئەوە چیە ماکوانە فەنی دەبڕۆ ملت بشکێنەو وازمان لێبێنە..!
زۆر پەس بووم سور بوومەوە نوسیم خۆ بەزۆر من ئێوەم نەهێناوە ئێوە منتان بانگ کردوە، بەڵام بە هێمنی سڵاوم نارد بۆ ئەو ئافرەتەی کە دەگریا و ئەی تریشم بە تەعلیق و قسەی رەق شۆرد، چونکە بەراستیش ئەوان منیان بانگکرد قسەم لەگەڵ بکەن، بۆیە ژوورەکەم بە جێهێشتو هاتمەوە بۆ ژووری دیدی نوێ گوێم لە ووتاری یەکێك لە مامۆستاکان گرت.. زۆر

پەسیش بووم.

پاشان ناوییێك بە ناوی "باهۆز" پەیوەندی بە منەوە کردوە..
ووتی کاك ماکوان هەندێك پرسیارم هەیە، ووتم ببورە
مەشغوڵم سەرم قاڵە.. چونکە بەراستی توانا وەڵام دانەوەم
نەبوو، ووتم برۆ بۆلای کاك ئاوات یان مامۆستا ئەنصاری
.. ئەوان لە ژوورەکە وەڵامت ئەدەنەوە
ووتی من پرسیارەکەم لە جەنابتە..!؟
باشە فەرموو ..؟ چونکە من بۆ خۆم بۆ خزمەتی ئەو خەڵکە -
و پاشان بانگەوازو ، لە پاڵتاك بووم ، هەستم دەکرد ئەگەر ئەم
کارانەم نەبێت کات کوشتنە ، بۆیە بە ئەرکی قیامەتی دەزانم
.. هەر کارێك کە دەیکەم یان خۆم پێوە سەرقاڵ دەکەم

پرسیارەکەی نوسی.. ئایا دبلۆماسیەت لە ئیسلامدا هەیە؟
- نوسیم.. بەڵێ..
- نوسی.. شیکاریەکم بدەرێ کاک ماکوان گیان ؟
- نوسیم برای خۆم؛ ئەمانە بە نوسینی لاتینی نابێت و پاشان
منیش کاتم ئەوەندە نیە بە نوسین بۆت بنوسم پێویستە
ئەگەر بتوانیت بەدەنگ بۆت روون بکەمەوە جەنابت
گوێبگرە..
- باهۆز ووتی: باشە فەرموو..
من بانگم کردە ژورێك تایبەت، دەستم کرد بە قسە گفتوگۆ
بۆم شیکردەوە ئەوەندەی لێمزانی و لەفەرهەنگەکاندا
خوێندبومەوە لە ژیانی پیغەمبەرمان(صلی الله علیه وسلم)..
لێشارەزابووم
ئەم ووشەیە لە نبەڕەتدا دەگرێتەوە بۆ یۆنان و ووشەکە
"دیپلۆما" بووە واتە وەرقەی یان کاغەزی نوشتاوە یاخود
لولکراو، ئینجا فەرەنسا بەکاری هێناو بەناوی دیپلۆمات و یان

دیپلۆماتیك دیپلۆماسی ئەمانە هەمووی یەك سەرچاوەن ئەم چەمکە بۆ کەسێکی لێزانە کە لە نێوانی دوو دەوڵەتدا کار بکات، عەرەب بە سەفیر بەکاری هێناوە، لە ئیسلامدا پێغەمەبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سەرەتا خۆی ئەو کارەی ئەنجامداوە، چونکە بە زمانی ئەم سەردەمە بەشێك جیاکراوتەوە بۆ سەرۆکەکان بەناوی دیپلۆماسی سەرۆکەکان لە ١٩٥٠ "وینستۆن چەرچڵ" هەڵسە بەوە لەگەڵ هەموو سەرۆکەکان کۆبونەوەی کرد، بەڵام پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) خۆی سەرەتا لەگەڵ زەیدی کوڕی حارس ئەوکارەی ئەنجامداوە لە طائیف و پاشان لەگەڵ ئەبوبەکر لەگەڵ گەلو هۆزەکانی عێراق و بەحرین و یەمەن، دواجار خەڵکی بۆ تەعین کردوە، پاشان بۆ حەبەشە سەفیری ئیسلام جەعفری کوڕی ئەبی تالیب و بۆ ناو شاری مەدینە سەفیری هەبوو کە موصعەبی کوڕی عومەیر بووە، دواتر بۆ لای پاشاکانی دوونیا، هەریەکە سەفیری تایبەتی هەبوو هیچی لە قوریش نەبوو بۆ ئەوەی تواناو هێزەکان لە دیپلۆماسی ئیسلامیدا بەخاتە کار..

بۆ نمونە کە نامەی نارد پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) وەك سەرۆکی دەولەتی ئیسلامی و حاکم و فەرمانداری موسڵمانان لە ساڵی ٧ی کۆچیدا .. بەم سەفیرانەدا ناردی، بۆ هەریەکێکیان سەروەرمان قسەی تایبەتی بۆ کردوە پاشان ئوسولبی و ووتویژیان جیاوازو زمان زان بوون..!

- بۆ نەجاشی ئەصحمی – ڕەحەمەتی خوای لێبێت- پاشای حەبەشە.. عەمری کوڕی ضمری ناردوە – ڕەزامەندی خوای لێبێت..

- بۆ مقەوقیس.. پاشانی میسر.. حاطبی کوڕی ئەبی بەلتەعەی لەخمی ناردوە– ڕەزامەندی خوای لێبێت..

بۆ کیسرا.. پاشای فارس .. عەبدوڵای کوڕی حووزافەی -
..سەهمی ناردوە– ڕەزامەندی خوای لێبێت
بۆ هرقل.. پاشای رۆم .. دەحیەی کوڕی خەلیفەی کلبی -
..ناردوە– ڕەزامەندی خوای لێبێت
مونزیر کوری ساوا.. پادشای بەحرین، عەلائی کوڕی -
..حەزرەمی ناردوە– ڕەزامەندی خوای لێبێت
هەوزەی کوڕی عەلی .. پاشای یەمامە.. سەلیتی کوڕی -
..عەمری عامری ناردوە – ڕەزامەندی خوای لێبێت
بۆ حارسی کوڕی شەمری غەسانی .. پادشای شام و -
شوجاعی کوڕی وەهبی ئەسەدی ناردوە – ڕەزامەندی خوای
..لێبێت
وەهەروەها ئەمانە هەمووی نمونە بوون دەتوانی سودیان
لێوەربگری، سەفیری زیاتریش هەیە ئەگەر بگریتەوە بۆ
..سیرەکەی د. السرجانی و د. الصلابی و د.اباظة
نوسی باهۆز .. ئەی کە ئەمانە دەزانی بۆ دیپلۆماسیانە مامەڵە
لەگەڵ خەڵك ناکەت..! خۆ ئێوە دەمتان دەکەنەوە دەڵێن لە
ئیسلامدا هەموو شتێکی تێدایە، کە تێیدایە بۆ خۆتان پیادەی
!..ناکەن
قسەکەی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، من زۆر قسەم نەکرد زانیم
قسەکەی معقولە تەنها ووتم ئاخر دیپلۆماسیەت لە نێوان
دەوڵەت دەکرێت نەك خەڵك.. بەس ئەم قسە لە راستیدا
وانیە دەوڵەتیش پێکهاتەی خەڵکە..! بەس باش بوو ئەو
..قسەی نەکرد
داوای.. مایکی کرد..؟ -
..مایکم ئازادکرد -
دەستی کرد بە قسە: ووتی ببورە کاک ماکوان من رووسام -
ئەو کاتە ئەو هاوڕێیەم تورەبوو، من داوای لێبوردن دەکەم ..
ئەو ئافرەتەی کە گریا ئەوە بۆ ماوەی دووساڵە هەموو

شەووێک گوێ لە ئێوە دەگرێت لە ژورەکەتان..
من دوای لێبوردن دەکەم لە هەموو شتێک..
- دوای مایکم کرد.. دەستم کرد بە قسە ووتم رووسا ناتوانن
چەند سەعاتێک راستگۆ بن لەگەڵمدا بەس بزانم ئێوە
کێشەتان چیە؟.. رۆژێک خۆتان بە مۆساد نیشانی من
ئەدەیتو رۆژێک بە کافرو یەهودی و رۆژێکی تریش بە
گوێگرو قوتابیەکی گوێڕایەڵ، ئێوە چین؟ بەس تێمگەیەنە
ئەگەر کات بەسەر دەبەن، کات لای من زۆر پیرۆزە ئەگەر
پەیامێکت هەیە بیگەیەنەو تەواوی کە، ئینجا ئەو ئافرەتە بۆ
نەتانهێشت قسەبکات ، بەڕاستی قسەم بۆ بکە.. ئەوەمایک
ئازادە..

- باشە کاک ماکوان قسەت بۆ دەکەم ، بەڵام وەعەدمان بدەرێ
دەنگمان تۆمار مەکە..
- من داوای مایکم کرد، ووتم ئاخر رووسا ئێوە واتان کردوە
کە خۆتان خستۆتە جێگای شک و گومان وەک موخبەراتێکی
نەزان خۆت نیشانداوە منیشتان ترساندوە، من رۆژانە بە
سەدان خەڵکی قسەم لەگەڵ دەکات.. دەنگی کەسیش تۆمار
ناکەم سوێندبەخوا تۆش ئەگەر خۆت والێنەکردایە نەمدەکرد،
دڵنیابە تۆماری ناکەم..
- رووسا مایکی گرت و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشا و ووتی
جارێ با من خۆمت بە تەواوی پێبناسێنم.. و ئەوئافرەتەش و
بابناسیت کە دەستی بەگریان کرد و ئەو دووکەچەش هەر
کچی ئەو ژنەنن، ئینجا دەستی کرد بە قسەو باسەکان دڵم
بوو بە بریان بۆیان ..

گفتوگۆی من و رووسا لە ئیسرائیل و هەندێک دەردە دڵ..
چاوەڕوانم

روسا ئەوەی بۆ گێڕامەوە، کە ئەو ئافرەتەی کە گریاوە ناوی "نەوال" خانە تەمەنی ٥٤ ساڵە، فەرمانبەر بووە لە شاری سلێمانی، هاوسەرکەی لەگەڵ باوکی مندا بەیکەوە هاوڕێ بوون لە سلێمانی و هەردوکیان مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوون، کاتێك باوکی من دامەزرا لەو ڕێکخراوە بەهۆکاری برادەرایەتی هاوسەری ئەمی دامەزراند کە هاتن بۆ ئەمریکا بەیکەوە هاتین، هەر بە هەمان گرێبەندی کار هاتن بۆ ئیسرائیل، ئێمە لە ئیسرائیل ئەوە ماوەی چەندین ساڵە لەم وولاتەداین نەمانتوانیوە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەدا تێکەڵ بین، هەرچەندە من مەسیحم، بەڵام هیچ لەبارەی ئاینەکەی خۆمەوە نازانم، نەوال خانیش ماوەی دووساڵە دێتە ژوورەکەی ئێوە لە پاڵتۆك، دڵی زۆر دەکرێتەوە بە ژوورەکەتان، منیش تەنها خاوەنی یەك برام و لەگەڵ ئەم خێزانەدا تیکەڵ بووین، هەرگیز لەمان جیانەبومەتەوە بە هۆکاری کچەکانی کە هاوڕێمن و بەتایبەت کچەگەورەکەی کە هاوتەمەنین ئەوەی کە ئەورۆژە قسەی پێ ووتی.. ئەوە کچە بچوکیانەو دایکی زۆر خۆش دەوێت هەر کاتێک دایکی بگری ئیتر پەست دەبێت، دایکی زۆر خۆش دەوێت کە ئەو رۆژە قسەی بە تۆش ووت ئەوەبوو باسی ئیسلامەتیت کرد.. دایکی دەستی کرد بەگریان ، ئەویش لە داخا قسەی پێووتی، ئەو رۆژەی تریش کە لە ژوری ( کاك دەرون و کاك شێخە) قسەت دەکرد باسی پێغەمبەرت کرد لەسەرتاوە دەگریا و نەیدەهێشت لای بەرین ، کەچکەی بەناوی گوڵی سوور هاتبوە سەرخەت لەداخی دایکی قسەی بە تۆ ئیسلام دەوت، بەڵام ئێمە نەمنزانی بەس ئەو لە داخی دایکی وای دەکرد، زۆر ناڕەحەت دەبێت بەوەی دایکی فرمێسك لەچاوی بێتەخوار.. منیش کەوتم مۆسادی ئیسرائیلیە تەنها بۆ ترساندنی تۆ بووکاك ماکوان هیودارم بە راستگۆی لێم وەربگریت.

رووسا بەردەوامە لەقسەکانی ودەڵێت:
کاك ماکوان کۆمەڵگای یەهودی چەند بەشێکە، ئێمە لێرە زۆر بایزارین، بە ئێمە دەوترێت "ئەشکەناس" واتا ئەو کەسانەی یەهودی هاوردەن بۆ ئیسرائیل ویان یەهودی وڵاتی رۆژهەڵاتن(شەرقن)یاخود ئەفریقا..!
- لێرەدا قسەکەم بە روسا بڕی داوای مایکم کرد.. مایکم گرت ووتم باشە تۆ کە مەسیحی ئەوانیش خانەوادەی موسڵمانن یان مەسحین ؟ تکایە بە نوسین وەڵام بدەرەوە؟
- نوسی.. نا ئەوان موسڵمانن..!
- ووتم ئاخر من لەم لوغزە تێناگەم چۆن مەسیحی و موسڵمان لە تەلئەبیب جێگایەن دەبێتەوە؟ فەرموو ئازدە تێمبگەیەنە..؟ مایك بۆتۆ..
- ووتی کاك ماکوان وانیە لە ناو تەلئەبیب بە سەدان بەناو موسڵمانان و مەسیحی تێدایە، هەموو لە ڕێکخراوەکانی ئیسرائیلی کاردەکەن بۆ خزمەتی ئیسرائیل، بۆ نمونە ڕێکخراوی.. لیۆن و مۆسادو شەباك و..تاد، ئەمانە تەنها بۆ پارە کاردەکەن تەنها پارەیان دەست بکەوێت، ئیسرائیل وەك عونصور بۆ کاری خۆی بەکاریان دێنێتەوە..!
- لەوکاتەدا من بۆم نوسی کەواتە باوکی تۆ هاوسەری نوال خان جاسوسی بۆ ئیسرائیل دەکەن..؟
خوێندیەوە بەڵام ووتی: دوایی وەڵامت ئەدەمەوە..!
بەردەوام بوو لە قسەکانی ووتی : پەلە مەکە ئەویشت بۆ باس دەکەم .. بەڵام ئێستا من لە ماڵی نەوال خانم دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات..
- نوسیم لە خزمەتیام خۆشحاڵ دەبم..
- نەوال خاتون مایکی گرتو وتی: ماکوان کوڕی خۆم چۆنی باشی خوا عەمەر درێژت بکات.. ماکوان گیان پرسیارێکم لێت هەیە، من خۆم نوێژ دەکەم ئایا نوێژەکانم قوبوڵە لە

ئیسرائیل؟ لێرە هیچ کەس ناناسم بچم بۆ لایان.. ئەم جولەکانە زۆر خراپن ، زۆر دڵ تەنگم .. من چی بکەم باشە؟

قسە و باس و خۆشەویستی خۆی زۆر دەربڕی و باسی ئەوەی کرد کە رۆژانە گوێ لە ئێمەدەگرێت لە ژورەکەدا گوێش لە مەلا عومەر چنگیانی دەگرێت لە زاگرۆس..! دیارە ئەو کاتە بەرنامەی دەست پێکردبوو لە تەلەڤزیۆن.

وویستم وەڵام بدەمەوەو داوای مایکیان لێبکەم ، کەچی رووسا ووتی ببورە دەبێت بڕۆین، چونکە کاك شەماڵ هاتەوە با گوێ لە قسەکان نەبێت، ئێمە دەرۆین کاتێکی شاد.. ئەوەندی تر بێزار بووبوم .. داخو بەم کاتە ئەم پیاوە بۆ خۆی کردوە بەم ماڵیدا، بەهەر حال من چاوەڕێ بووم هیچ دەسسەڵاتێکم نەبوو، بە ناوی باهۆز چونە دەروە نیو سەعاتی پێنەچوو، رووسا بە ناوی خۆیەوە هاتەوە سەرخەت، داوای لێبووووردنی کرد.

- نوسیم بۆی.. ئاسایە رووسا، بەڵام تۆ چۆن هیچ لە دینەکەی خۆت نازانیت و دەڵێت.. من مەسیحیم لە کاتێکدا ئافرەتێکی رۆشنبیری؟ تۆش بڕوات بە سێگانە هەیە ؟ واتا خواو مەریەم و عیسای کوڕی مەریم ئەم سیانە بەخوا دەزانیت؟

- نوسی بۆم .. ماکوان من هیچ لە دینەکەم نازانم، هەندێك شتی سەرەتایی نەبێت..

- نوسیم ئەمجارە مەنوسە ماکوان .. کاکی پێوەکە خۆ ماکوان لە تۆ نەبووە، زیاتر مەبەستم بوو کە ئەدەب لە نێواندا هەبێت و بەچاوێکی قورسەوە تەماشای هاوڕێیتیەکە بکەت و ئینجا مەسیحیشە نەدەبوو بە بچوکەی من بانگ بکات، چونکە وەڵام نەئەدایەوە، بۆیە بۆم نوسی بە کاك ماکوان بانگم بکە..!

- نوسی ببورە کاك مامۆستا ماکوان.. لۆگۆی شەرمەزاریەکی دانابوو بۆم..

- منیش ووتم کاکە کە بەسە مامۆستاکەم ناوێت..
- نوسی.. ماکوان باقسە بەکەین؟
- نوسیم کوا کاکە ئێستا ئامۆژگاریم نەکردی؟
- نوسی.. ببورە
- نوسیم ئاسایە.. فەرموو با قسە بەکەین..
- ئەو بانگی کردم بۆ ژورێك و مایك بەدەستی ئەوە بوو، ووتی کاك ماکوان بەو خوایە لە تاو بێکەس و لە ژیانێکی زۆر بێماناداا دەسورێمەوە، لەبەر خاتری دایکم نەبێت ئەم وڵاتەم بە جێدەهێشت..
- نوسیم دایکت چیەتی؟
- ووتی شوی کردوە بە پیاوێکی عەرەبی جولەکەی میسری لێرەن بەیەکەوە؟
- نوسیم ئەی چۆن شتی وادەبێت؟..
- ووتی لە داخی باوکم خیانەتی لێکردوە..
- نوسیم ئەی تۆ لەگەڵ کامیان دەژیت..؟
- ووتی هیچیان من بۆ خۆم ماڵم هەیە؛ لە هەردوکایان جیام باوکم ئافرەتێکی رووسی هێناوە بەیەکەوە دەژین..
- نوسیم جولەکە،؟ (چونکە جولەکە شوونەکەن بە موسڵمان و بە مەسیحیش)
- ووتی نا بڕوا ناکەم دینی هەبێت
- نوسیم ئەی ئەی تۆ تۆ بارنامەت چیە بۆ ژیان..
- ووتی نازانم.. ئەی تۆ بەتەمانیت بمهێنیت..!، بە پێکەنینەوە..!
- نوسیم .. نا – بەتامای من نەبیت- چونکە من خێزانی خۆمم خۆ شدەوێت، هەستمکرد دەچینە بابی لەغو قسەی بێمانا،بۆ ئەوەی رێگای پێنەدەم بۆ هەندێك قسە وباس، ئەویشم پێووت ئەو رۆژە کە ئەو قسەیت کردوە ووت بمهێنە موسڵمان دەبەم، هەر قسەیەکی سەرزارەکی بوو، هیچمان

ئەوەندە لە خصوصیاتی یەکترمان نەزانیەوە، من تۆ ناهێنم لە
ئیسرائیل، بەڵام بە دڵنیایەوە دەتوانم ، برایەکی مرۆڤی تۆ بم
وەك هاونیشتیمانیەك هاوکارتبم یاخود هاوڕێیەکی باش بین
بەیکەوە لەسەر بنەمای راستگۆی هەموو خزمەتێکت
پێشکەش بکەم ..
خەریکی خوێندنەوەی نوسینەکەی من بوو.. بەڵام دەستی -
کرد بەگریان و ووتی ئەی تۆ وەعدت نەداوە من بینیت؟
ووتم: نەوەڵا من بەس وەعدم نەداوە.. -
ئینجا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ووتی باشە... شەوشاد -
منیش بۆم نوسی خوا هیدایەتت بدات.. -
هەدولا ڕۆشتین ، دوای ئەوە چۆن پەیوەندی دەکاتەوە چی
رووئەدات و وەڵامی پرسیارەکەی نەوال خان هەروا
دەمێنێتەوە؟
شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین.. شەڕی من و رووسا کاك
حەسەن و جەلال تاڵەبانی..
کات شەری نێوان فەلەستین و ئیسرائیلە ساڵی ۲۰۰۸ە هەموو
بێزارین رۆژانە بە سەدان خەڵکی فەلەستین شەهیدی دەبن
بە دەست هێزەکانی ئیسرائیل خوێن ڕێژ.. کاك ئارام ئەحمەد
خاوەنی ژووری ئۆپۆزسیۆن لە پاڵتۆك کۆرێکی سازدا بۆ ..
مامۆستا کرێکار لەسەر درندەی ئیسرائیل و کارە قیزەونەکانی
ئیسرائیل، ژوور جمەی دەهات لەخەڵك هەموو چاوەڕوانی
مامۆستا کرێکارمان دەکرد دەست بکات بە کۆرەکەی، بەڵێ
کۆڕ دەستی پێکرد؛ کۆڕێکی سەرکەتوو بوو.. تا تەواو بوو
ئاگاداری بووین ..
منیش لە ژوور بووم لە پڕ بە ناوی گوڵی سور پەیوەندیم
پێوەکرا.. دوای سڵاو ووتی کاك ماکوان من ..نەوالم
دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.. حاڵەتەکە ئەوەندە قورس بوو
ئەوەی ناوی ئیسرائیل بوایە رقم لێیبوو، چجای ئەوەی

کەسێك لە ئیسرائیلەوە پەیوەندیم پێوە بکات، ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە پیاوێکی بەرێز میوانم بوو، هەر زۆر یەکێتی بوو، لەوانە بوو کە دەڵێن خوێنەکەی سەوزە..

وەڵامم داوە ووتم ببورن کاتم نیە میوانم هەیە، بەڕاستیش حەزم بە کۆڕەکەی م.کرێکار بوو ئەو پیاوەش میوانم بوو دانیشت بووین دوو قۆڵی گوێمان لە مامۆستا گرتبوو، حەزم نەدەکرد بە هەندێك تایبەتی من بزانێت، بەڵام خوای گەورە.. کەس نازانێت چۆن پلان دادەرێژێت بۆ هیدایەتی کەسێك.. دوو جار منیان بانگ کردە ژوورێك من هەر هاتمەوە دەرەوە ، هەرچەندە ئەمە لەناو پاڵتاکدا جوان نیە بێ پرس بانگت بکەن ، یان بانگیان کردی ئیتر لەژور خێرا دەرچیت، من دەرچوم گوێم نەدایە، بەڵام بۆ جاری سێیەم هەربانگ کرامەوە ، دیاربوو ئەو چەندین جار منی بانگکرد هەر ئەو سێ جارە من دەستم بە دەعوەتەکەیدا ناو- بانگی کردم ، بەهەرحاڵ کۆتا جار چووم مایکی نەگرت منیش نووسیم لە ژوورەکەدا دەنگ نیە..

دوای یەکسەر مایکی گرت ، یەکێك لە کچەکانی بوو ووتی - دایکە قسە بکە ئێستا گوێی لێتە.. دەستی کرد بە قسەو ووتی ماکوان باشی ئەو رۆژە شەماڵ هاتەوە وەڵامی پرسیارەکانت نەدامەوە باوکی من، ئاڵتونیشم هەیە زەکاتەکەی چەندە باسی کرد کە چەند مسقاڵ زەکەت لێدەکەوێت ئیتر هەندێك قسەو باسی ترو، ووتی ئەوە بۆ "دالیات" عاجز کردوە..!

(ئیتر من لەوێدا بۆم ئاشکرا بوو کە رووسا ناوی دالیایە)..! بەردەوام بوو لە ووتەکانی .. ووتی.. ماکوان ئەو کچە گوناحە هیودارم ئاشتی بکەیتەوە، من وەك دایکی خۆت ئەو قسەت بۆ دەکەم..

ئینجا من داخ لە دڵم بەرانبەر بە جولەکە بەرانبەر بەوەشی

موناسەرەی دەکات، کاك حەسەنیش لەتەنیشتمەوەیە وە هیچ نازانێت.. مەعزەرەتم لێخواست و ووتم ببورە هەندێك قسەو باس دەکەم لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا، بەڵام ئەوەندە تورەم لە ناخی خۆمدا خەریك بوو بە کاك حەسەنی برژم ، بەڵام میوان بوو، بەس ئەزانم کە دەستم کرد بە قسە زۆر تورە بووم کە ..ئەو مایکی ئازاد کرد.. ئینجا من مایك گرتو ووتم نەوال خان: تۆ پێت وایە نوێژ دەکەیت، بەوە ئیتر خۆت بە - موسڵمان دەزانیت، تۆ کافری و کچەکانیشت کافرە و کاك شەماڵی هاوسەریش هەرزۆر کافرە ، ئاخر دایکی من تۆ لە وولاتێك دەژی کە خاکی موسڵمانی داگیر کردوە باسی ئیسلامەتی دەکەیت، رۆژانە سەدان منداڵی موسڵمان شەهید دەکرێت تۆ باسی زەکاتی ئاڵتونم لێدەپرسی، جارێ تۆ دەبێت بزانیت بیروباوەڕ چییە.. ئینجا باس لە نوێژ بکەیت، تۆ وەلائو خۆشەویستت بۆ یەهودە هاتووی باسی چی بۆ من دەکەی خۆشکی من، ئاخر هەر کەس خۆشەویستی بۆ غەیری موسڵمانان بوو ئەوە لەوانە و وەك ئەوان هەژماردەکرێت، ئاخر دایکی من تۆ ئیستا جولەکەیت، هاتوی چی باس دەکەیت بۆ من.. نەوال خان جاری من وەڵامی ئەو پرسیارەت ئەدەمەوە کە نەتکردوە.. تۆ ماڵو منداڵ دەبێت لە ووڵاتە بچنە دەرەوە، باشە ئاخر بۆ ناگەڕیتەوە بۆ ئەمریکا هیچ نەبێت خۆ ئەگەر موحاربیش بێت خۆ خاکی موسڵمانان نیە برۆ لە وێ ئەمانێکت هەیە، چی دەکەیت لە ئیسرائیلیکی خوێنرێژ سەرسەری.. من ئەگەر دڵم بسوتێ، دڵم بۆ شۆرەکچێکی شاری غەزەی موسڵمانان دەسوتێ، ئاخر بە رووسا بڵێ من ئەگەر هەر ژن بێنم ئافرەتێکی موسڵمان دێنم، کە لەسێبەری پیاوێکی موسڵماندا بحەسێتەوە، ئەصڵ وبنەچەی بناسم، تۆ کچەکانت فێری ئەوە بکە قسە بەخەڵك نەڵێن ئینجا پرسیاری ئیسلامەتی بکە، جا خوشکی من .. من زۆر تورە وازم لێبێنە

به زۆر بانگت کردم با هەمووی تێك نەدەم بەسەریەکدا، شەوت شاد خوات لەگەڵ .. من لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و ..چاوەڕوانی ئەوانم نەکرد

کە ئاوڕمداوە لەسەر کورسیەکەم ، تەماشای کاك حەسەنم کرد ڕەنگی زەرد بووبوو، وای زانی ئێستا ئەو سەردەبڕم.. من ..داوای لێبووردنم لێکرد عوزرخواییم بۆ هێنایەوە

- کاك حەسەن ووتی: ئەرێ ماکوان گیان چی بوو؟

- شتێکم بۆ باسکرد عەرزمکرد، خێزانێکن لە ئیسرائیلن هەندێك شتم بۆ باسکرد کە گشتی بوو نەچومە ناو ..تایبەتمەندیەکان

- کاك حەسەن: ماکوان گیان من جاروبار لە داخی ئەوەی عەرەب وولاتی داگیر کردوین، ئیسرائیلم خۆش دەوێت، ئەوە منیش کافرم..؟

- ووتم: کاك حەسەن ئەمە پێویستە لە بنەڕەتەوە بۆت باس !..بکەم ئەمە پەیوەندی هەیە بەسەر وەلائو بەڕەئەتی تۆوە

- کاك حەسەن: جا بەخوا من نازانم وەلائو بەرەئەت چییە ماکوان گیان؟

- ووتم: وەلاء، واتا خۆشەویست بۆ موسڵمانان دەبێت هەموو موسڵمانان کە ئەهلی سوننەتو جەمعەن خۆشت بوێت، ..پشتیانبگریت و بە ماڵ وسەروەت و سامانت

بەڕائەت، واتا بەڕائەت بکەیت لە هەرچی دووژمنی خوایە لەسەر ئەم زەوەیە بە عەلمانی و جولەکەو مەسیحی و.. تاد.. ..هەرگیز پشتیان نەگری

- کاك حەسەن: بەخوا بەو حساب و کیتابەی تۆ بێت منیش ..تۆزیك کافرم ماکوان گیان وایە؟

- ووتم کاك حەسەن گیان نەخێر- ان شاء الله تۆ موسڵمانیت بەڵام تۆزێك تاوانباریت، بەڵام مانای وانیە کە ووتمان وەلائو بەڕئەتت هەبێت ئیتر زوڵم بکەیت واتا دەبێت هەر

دادپەروەربیت، نا- ناشبێت خەڵکێك بۆ نمونە خاوەنی توانان
ئیتر مادەم موسڵمان نین با دوژمنیش بێت بە ئینسافەوە
باسی نەکەیت، بۆ نمونە من شێرکۆ بێکەس پێناچێت
پیاوێکی موسڵمان بووبێت، ئەو کوفرانەی کە کردویەتی لە
ناو شیعرەکانیدا ئەوە رقم لێیەتی و لەبەر خوا بەڕائەتی
لێدەکەم، بەڵام ناشێت بڵێن شیرکۆ بێکەس شاعیر نیە..!
دەبێت بە ئینسافەوە ئەوە بڵێن کە بەڵێ یەکێکە لە شاعیرە بە
تواناکانی ئەم سەردەمە لە شیعری حداثەدا، پاشان تۆ کە
عەلمانیت خۆ ناکرێت من بەڕائەتت لێبکەم و قسەت لەگەڵ
نەکەم .. روونە کاك حەسەن گیان..

- کاك حەسەن: ماکوان تۆ خۆت دەزانی من هەر یەکێتی بووم
تۆش رێزت لێگرتوم و لە دەریشەوە لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیت
کە پێشمەرگە بووم بەخوا نەم هێشتوە نوێژم بڕوات، بەڵام
ئەمەی تۆ باسی دەکەیت ئیسلامێکی زۆر گەورەیە، من وام
نەزانی بوو، تۆزیك دڵم جولا.. ئاتۆ شتێکی ترم بۆ روون
بکەروە بەخوا زۆر رون نیە..

- ووتم کاك حەسەن گیان ئێستا وەك جاران نیە تێکەڵییەك
هەیە لە نێوانی کوفرو ئیماندا دەبێت زانایان قسەی لەسەر
بکەن، تۆ واز لەوە بێنە من ئەم شەو تورە بووم بە ئارەزووی
خۆم ئەو خانەوادەیەم کافرکرد، ئەوە من هەڵەم ئەوە ئیشی
من نیە، کافرکردنی خەڵك بەگشتی کاری زانایانە، کەسی
تایبەتیش کە کافر دەکرێت لە ناو ئوممەتی موسڵمان ئەوە
کاری قازی موسڵمانانە کە دەستنیشانی دەکات کافرە یان
موسڵمانە، ، وەك عەرزمکرد، دەبێت روون بکرێتەوە بۆ
خەڵکەکە تێبگەینرێت لە غیری ئاینی ئیسلام هەر ئاین و
بەرنامەیەکت هەبێت ئەوا خوا لێت وەرناگریت و
بەکافرهەژمار دەکرێت ئەگەر زانی ئیتر ئەوە خۆی بەرپرسە
لە قیامەت، نابیت بێجگە دینی خوا موسڵمانان کەسی تری

هەڵبژێرێت و خۆش بوێت، بیجگە شەریعەتی خوای گەورە
نابێت هی چ بەرنامەو ڕێبازێکی ترت هەبێت..
کاک حەسەن: باشە ماکوان گیان تۆ ئیشەکەت لەسەر من -
قورس کرد من ئەوەتەی هەم.. مام جەلام خۆش دەوێت، ئیتر
لەمەولا چی بکەم ، یان دەبێت لەمەولا م. عەلی باپیرم خۆش
بوێت لە جیاتی مام جەلال..؟ وەڵامی ئەمەم بدەرەوە ماکوان
گیان ئیتر من هەموو شتێکم بۆ ڕۆشن دەبێتەوە..
لەم قسانەیە بووین لەگەڵ کاک حەسەن .. ڕووسا پەیوەندی
کرد لە پاڵتاکەوە نوسیبووی، ئەی ئەوکەسی لەخۆت ڕازیت
کاتت هەیە قسە بکەین؟..
ئەمە باست و خواستەو وەڵامەکەی حەسەن وباسی مام
جەلالەکەی و قسەکانی من و ئەو بەردەوام بوو..
ڕووسا دێت بۆلام لە ئیسرائیلەوە.. ئەوەی کە تۆ بەبیرتا
نەهاتوە..چاوەڕوان بن

من و کاک حەسەن قسەو باسمان دەکرد .. ووتی: تەنها ئەوەم تێبگەیەنە من هەموو کوردم خۆش دەوێت، بەڵام تا ئێستا هەستم بەو بەرپرسیاریەتە نەکردوە لە ئیسلامدا، من ئەوەی کە خۆشم دەوێت کار بۆ ئاین ناکات ئایا من کافرم؟

لەخزمەتی کاک حەسەن باستو خواستەکانم بۆ روون دەکردوە، عەرزمکرد: مرۆڤ بە سروشتی خۆی خەڵکی خۆش دەوێت، خۆشەویستی فیتری (سروشتی مرۆڤ)جیاوازە لەگەڵ وەلائی بیروباوەڕ، تۆ کە تاڵەبانیت خۆش دەوێت، ئێستا دەزانی کە بۆ ئیسلام کاری نەکردوە، بەڵکو بۆ نەتەوەو حیزبەکەی خۆی کاری کردوە، تۆیش ماوەیەك لەگەڵ ئەو حیزبەدا کارت کردوە هەستت بەم بەرپرسیارێتی بیروباوەڕە ..گەورە نەکردوە کە وەك ئێستا بۆت دروست بووە پاشان ئاسایە ئەگەر وەك خاوەن خەباتێك رێزی لێبگریت، تێکۆشانی بەکەم نەگریت، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).. ئەوبو تالیبی مامی کافر بوو بەڵام چەندە رێزی دەگرتو چەندە خۆشی دەویست(خۆشەویستەی فیطری بوو مامەیەتی)، پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لە هەمووومان زاناتر بووە بەئیسلام، یان کاتێك کە موتعیمی کوڕی جوبەیر ، پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) خستە جیواری خۆی(پاراستی لەدەستی قوریشێکان) دوای ئەوەی لە بەدردا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).. فەرمووی ئەگەر موتعیم بمایە لە بەدردا کوژار بوو لە موشریکەکان بوو، ئەوا ئەو داوای بکرادیە ئەو ٧٠ دیلەم لەسەر قسەی ئەو ئازاد دەکرد واتا موتعیم، مرۆڤی موسڵمان دەبێت خاوەنی وەفاش بێت، بەڵام لە ئیسلامدا کێت خۆشویست وەك وەلائو خۆشەویستی ئەوە لە قیامەت لەگەڵ ئەوکەسەداحەشردە کرێت، جا من بۆ خۆم پیاوانی ئەم دینەم خۆش دەوێت تۆش

دەبێت پیاوانی ئەم ئیسلامەت خۆش بوێت ئەمە وەلائە، بەرائەتیش واتاکەی ئەوەی کە نەفی هەرچی بیروباوەڕە بیکەیت بێجگە موسڵمانان، ئەمە راستی ئەم ئیسلامەیە، کاک حەسەن بەخوا خەڵك ئێستا ئاینی وەك کارێکی سادە وەرگرتوە بڕوابکە هەمووژیانی مرۆڤ بەندە بەم خواناسیەوە، هەر هەڵەیەك تێدا بەرەو هەڵدێرت دەبات، خوا هەروا بێ لێپرسینەوە دروستی نەکردوین بە بێهودەش نەهاتویین بۆ ئەم ژیانە..

کاك حەسەن سەری داخستوبوو بیری لە قسەکانی من دەکردەوە..
منیش ئاوڕمداوە بەلای کۆمپیتەرەکەمدا تەماشام کرد رووسا نوسیبووی .. " چۆن ئەو خانەوادەیەت ئەم شەو دا بەیەکدا.. شەماڵ زۆری لە نەوال خان داوە بە پەلە بردویانە بۆ خەستەخانە..!

خێرا پەیوەندیم کرد بە رووساوە، بردمە ژورێك و ووتم- مایك بگرە چی بووە بۆم روون بکەرەوە؟
- رووسا نوسی.. ببورە کاتم نیە.. دەبێت بڕۆم.. هەستم دەکرد بۆ ئیزعاج کردنی منە..
- دیسان مایکم گرتوە، ووتم من وەك ئێوەی لە ئیسرائیل مرۆڤ کوژ نیم هیچ نەبێت هەواڵێکی تەندروستیم بدەرێ؟
کاك حەسەن بەدیارمەوە دانیشتبوو دەستی خستبوە ژێر چەناکەیەوە چاوەڕوانبوو بزانێت چی روویداوە..! وامزانی هەڵدەسێت دەخەوێت، بەڵام دایار بوو موزعەکەی بەلاوە خۆش بوو قاچی کۆکردوە لەسەر کورسیەکە و لەسەر کورسیەکە بە چوار مشقی بۆی دانیشت..!

- رووسا مایکی گرت ووتی : ووتی نازانم چیت بە نەوال خان ووتوە کە شەماڵی هاوسەری هاتۆتەوە، بووە بە دەمەقاڵێیان ..ئیتر شەماڵیش لێداوە، بردویانە بۆ خەستەخانە!
- نوسیم بۆی .. ئەی وەزعی چۆنە؟
- رووسا ووتی کچەکەی لێرەیە هاتوە بۆ لای من با بۆت باس بکات.. کچەکەی زۆر بەئەدەبەوە سڵاوی کردو.. پاشان دەستی کرد بە قسەکردن..
ووتی : کاك ماکوان لەدوای ئەوەی جەنابت تورەبویت، دایکم حەپەسابوو، دوای ئەوەی کە تۆ رۆشتی باوکم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دایکم بردیە ژورەکەی خۆیان، ئەوەندەم زانی بە باوکمی دەوت جاسوس، جاسوس.. بەدەنگی بەرز، باوکیشم زۆری لێداو دەرگاکەش داخرابوو.. ئیتر هەر هاوارمان کرد من و بێریڤانی خوشکم بۆدواجار هیچ دەسەلاتمان نەبوو، بەلام باوکم لەدوای نیوسەعات دەرگای کردوە دایکمی بە باوەشەوە بوو بەپەلە بردیە ناو سەیارەکەو من و خوشکەشەکم لەگەلێدا رۆیشتن، دوای ووتم بابە چی بووە ووتی لەگەڵ دایکت بووە بەشەڕمان و ئێستا خوشکەکەم لای دایکەمە وباوکیشم منی هێناوە بۆلای رووسا و خۆی چووە بۆ ماڵەوە..
- من داوای مایکم کرد؟ مایکی ئازاد کرد..
- باشە ووتم خوشکەکەی من ئەی دایکت وەزعی چۆنە؟ نازانیت هۆکارەکە چی بوو، باشە من چۆن بتوانم هەواڵێکی دایکت بزانم، دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم..
- کچەکەی نەوال ووتی: نا کاك ماکوان شوکور وەرزعی باشە، باوکیشم زۆر خەفەتی خوارد هەستمان دەکرد پەشیمانە.. ژمارەی تەلەفونەکەی دایکی دامێ ووتی دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەیت..
بەهەر حاڵ ..شەو دەرنگ بوو منیش لەبەر کاك حەسەن پەلەم بوو شەو دەوربەری سەعات ٣ی شەوی ئێمە بوو، ئیتر

خوا حافیزم کرد لە پاڵتۆك هاتمە دەرەوە، بەڵام کاك حەسەن
ئاگام لێبوو زوو دەیوت ماکوان گیان من خەوم نایەت
..موزعەکەی بەلاوە خۆش بوو، جێگام بۆ داخست خەوتین
بۆ بەیانی وویستم تەلەفونی بۆ بکەم .. سبحان الله..
هەستێکی زۆر عەجیبم بۆ دروست بوو هەرچی دەمویست
تەلەفون بکەم.. بۆ ئیسرائیل وام دەزانی دەرزی دەکەم بەدڵی
خۆمدا وەڵا ئیتر نەمکرد هەرچی دەستم نا بە 00972.. هەر
..نەمتوانی لەوە زیاتر بڕۆم
کات ڕەحەمی بەکەس نەدەکرد تاماوەی چەند مانگێك ئاگام
لێیان نەما، پاشان زووزویش کاك حەسەن تەلەفونی دەکرد،
هەواڵی دەپرسین ئەوەندەی ئەو پەرۆش بوو من لەبیرم نەما
..بوو
- ماویەکیش ئاگام لە کاك حەسەن نەما رۆژێکیان تەلەفونم بۆ
هات کاك حەسەن ووتی کاکە ماکوان دێم بۆلات بۆ نەرویج،
ئەو لە شاری یەتۆبۆری لە سوید دەژیا..؟
- منیش زۆر بە خۆشحاڵیەوە عەرزمکرد یاخوا بەخێربێت،
چونکە یەکێك بووە لە پێشمەرگە دڵسۆزەکان لەگەڵ باوکمدا
لە بەرحورمەتی باوکم زۆر ڕێزم لێدەگرتو ئەویش باوکی منی
..زۆر خۆشەدەویست
لە وێستگەی قیتارەکە چاوەڕێ بووم: خوایە کاك حەسەن
هەر دانەبەزی، سبحان الله.. کاک حەسەن دابەزی ریشی
لەسەر سنگی بوو بەشەرواڵێکی جوانی کورت و سیمایەکی
ئیسلامی جوان هەر خەریك بوو شاهگەشکە بم.. باوەشمان
!..کرد بەیەکدا ووتی با سێ جارەکەبێت سوننەتە
- لەرێگاوە هاتین بەرەو ماڵ ووتی :کاکە ماکوان تۆ لەمن
..شارەزاتریت بۆ ریشت درێژ نیە
- منیش بۆ خۆشی هەموو گیانم پێئەکەنی ووتم: بە ریش نیە
..بە ئیشە

ووتی.. استغفرالله، برام ئەوە قسەی جاهیلەکانە، خەریبوو - کێشێت بە دەما

ووتم: بۆ خوشی بوو -

ووتی: براکەم کوا لە ئیسلامدا سوبعەت لەسەر عیبادەت - دەکرێت..

بەهەر حاڵ من هیچم نەوت، چونکە بە تەمەن زۆر لەمن گەورە تر بوو، دوای دانیشتینو نان خواردن (تەبعەن بێ تۆی خوێنەر ناخۆش)..

عەرزم کرد کاك حەسەن گیان ئەم ئیلتیزماتەت چۆن بۆ دروست بوو ؟ بەڕاستی زۆر خۆشحاڵم..

ووتی: کاکە ماکوان دوای ئەوەی ئەو شەوە لی تۆ رۆشتمەوەو تورەبونەکەت لەئەو ئافرەتە و قسەکانت زۆر کاریگەر بوون لەسەرم ، لێت ناشارمەوە، کە ئەو هەموو کتێبەم بینی لەماڵەکەی تۆ ، کە من بیرم دێت تۆ بەچ رۆژێك لە دایك بوویت، هەستم دەکرد قسەی زۆر جوان و ئیسلامیانەت دەکرد، ووتم باشە من چیم نوقسانە لەم کوڕەی عەبدولکەریم..!

رۆژێك چووم بۆ مزگەوت، لە مزگەوت کوڕێکی کوردم بینی ناوی م. عەبدولحەمید بوو.. (دوای بۆم رون بوویەوە ئەو مامۆستا بەرێزەم دەناسی ماوەیەکیش من لە خزمەتیدا بوو)، ووتی ئەویش وەك تۆ خنی بە مێشکمدا ئیتر لەو رۆژەوە لای تۆ رۆشتووم هەر بۆخۆم خەریکی لێکۆڵینەوەم لەم ئاینە..

زۆر خۆشحاڵیم بۆ دەربڕی و سوپاسی خوام کرد لەسەر ئەو - نیعمەتی ئیسلامە کەبەخشیویەتە جەنابت، بەڵام زووزویش ئەیوت ئەی توخوا نەوال خان چی بەسەرهات..! ئیتر سوپاس بۆ خوا ئێستا سەرقاڵە بە کارو کەسابەتی خۆیەوە..

گەڕایەوە بۆ سوید..

شەوێك وانەم هەبوو لە ژوری دید نوێ باسی سیرەی بۆن

خۆشی پێغەمبەرم(صلى الله عليه وسلم) دەکرد، رووسا لە ژوور بوو گوڵی دەنارد بۆم، بەردەوام.. کەقسەکانم تەواو بوو، ووتی ئەمەوێت چەند دەقیقەیەك قسەت لەگەڵ بکەم، عادەتەن ئەگەر ببوایە بە پرسیارو وەڵام لە ژوورەکەدا کاتی زۆری دەبرد، بەڵام ووتم ئیشەکەت چیە؟ چەند دەقەیەك دێمە خزمەتت و دوای دەچمەوە خزمەتی ئەو خەڵکە بەرێزانە، چاوەڕیم دەکەن،

- ووتی باشە

- بانگم کردە ژوورێك و بۆم نوسی فەموو مایك بگرە؟

- مایکی گرتو ووتی: ماکوان ئەمەوێت بێم بۆ ئەروپا هاوکاریم دەکەیت؟

- نوسیم ئاخر من ناتوانم بە قاچاچ بتهێنم؟

- ووتی : نا من پاسپۆرتم هەیە.. بە رەسمی دێم ، بەڵام من دەتوانم بێمە لەندەن، لەوێ ماڵی خاڵم لە کۆنەوە ئەتوانین لەوێ یەکتر ببینین؟

- منیش پەلەم بوو بۆ ژوورەکە.. ووتم باشە هەر کاتێك هاتم بۆ لەندەن دێمە خزمەتان لەوێ یەکتر دەبینین..

- رووسا زۆر خۆشحاڵی دەربریەوە ووتی : ماکوان ماڵی نەوال خان ئەوە بۆ ماوەی دوومانگە چونەتەوە بۆ ئەمریکا..! زۆرم پێناخۆش بوو کە دەیوت ماکوان، بەڵام هیچم نەوت و زۆر خۆشحاڵ بووم بەو هەواڵەو

- نوسیم شەماڵیش گەڕاوتەوە لەگەڵیاندا

- ووتی شەماڵیش گەراوەتەوە..

ووتم دوای بابەتی ژورەکە قسە دەکەینەوە من دەبێت بڕۆم بۆ ژوور

ماڵئاوایمان کردو هەرودکمان هاتینەوە ژورەکەو ئەوە چاوەڕی دەکرد من تەواوبم قسە بکەینەوە..

رووسا بەچکە موسڵمانە ..بەڵام..؟

دوای ئەوەی لە ژوری دید نوێ لە باس و سیرەی پێغەمبەرمان ..(صلی الله علیە وسلم) تەواو بووم.. ماندوویم حەسایەوە پەیمانم دابوو لەگەڵ رووسا قسە بکەم .. گەڕامەوە بۆلای چاوەڕوانی من بوو ، بانگم کردە ژورێك و مایكم گرت ووتم بەڵام گوێت بۆ دەگرم کە نەڵێت ماکوان ئەبێت بڵێیت کاك ماکوانی براگەورەم..؟ ئەوە مایك ئازادە وەرە قسە بۆ بکە..؟ رووسا دەستی کرد بە ووتەکانی خۆی ، بە منی ووت ئاخر - بەس بمزانیایە تۆ لە چی دروست بوویت، نە هەستت هەیە، نە ئەتیکێت دەزانی لەگەڵ ئافرەت قسەبکەیت، باشە توخوا ماکوان تۆ قەت لەگەڵ ئافرەت قسەت کردوە، یان چۆن خۆشەویستی ئەدەیت بە خێزانت، بەس پێم بڵێ تۆ چیت هەستو شتی وات هەیە لەگیانتا.. ئاگام لێ بوو بە ..برینداریەوە ئەم قسانەی دەکرد قورگی پڕ بووبو لە گریان هەستم بە وە کرد کە ئازاری ئەم کچەم داوە.. داوای مایكم کرد بە نوسین..مایکی ئازاد کرد
ووتم: رووسای خوشکم ، بەخوا لە هەموو ژیانمدا دووجار - دڵداریم کردوە، تەنها بۆ ئەوەی وەزعەکە هێور بکەمەوە هەستم کرد بێتاقەتە، تۆزێك دڵی خۆش بکەم .. ووتم جاری یەکەم حەزم لە کچێك بوو نامەیەکم بۆ نوسی بە برایەکی خۆم بۆمنارد لە نامەکەدا نوسیبووم بۆی بۆ خوشکی خۆم.. ئیتر چوو شکاتی لێکردم لای ماموٚستا.. ماموٚستایش ئەوەندەی شەق و زلەی لێدام ئیتر نەموێرا دڵداری بکەم هەتا چوومە پۆلی سێ ناوەندی.. دوای حەزم لە کچێك بوو نزیك قوتابخانەی کاوەی خۆمان قوتابخانەکەی نزیك کاوە بوو ناوی قوتابخانەی ئاشتی بوو، کابرایەك عەمەبەربەریدی دەفرۆشت، رۆژانەکەم نیودینار بوو، چووم ووتم ئەو

نیودینارەت ئەدەمێ، بەڵکو ئەوکچە بێتە دەروە قسەیەکی لەگەڵ بکەم .. لەبەردەم عەرەبانەکەدا دەوەستم تا ئەو کچەدێتە دەرەوە..بەڵێ هاتە دەرەوە کەچی ئەو ناپوختەیە بۆ فێڵ هاتە لامەوە ووتی بە من .. ئا خاڵە گیان بای روبعێک عەمەربەریدم بدەرێ..

ئاخر ئیتر قسەی چی لەگەڵ کچە .. بکەم

بە نیسبەت خێزانیشمەوە.. خەمەت نەبێت، ئەگەر هیچی بۆ نەکەم ئەزانێت کە چاوبازو خیانەتکارنیم.. ئافرەتیش.. بروا بکە ئەوەی بەسە..

مایکم بۆ ئازادکرد.. ووتم تۆ باسێکی خۆتم بۆبکە.. ژیان چۆن دەگوزەرێنی لەو کافرستانە خۆێنمژانەی ئیسرائیل..(من هەمیشە ئیسرائیلم لەبەر چاو ناشرین دەکرد).. ؟

- ووتی : ماکوان خۆم زۆر بێتاقەتم .. نازانم چیە کە قسە لەگەڵ تۆ دەکەم هەست بە ئارامی دەکەم.،، بەڵام حەز دەکەم دەردە دڵێکت بۆ بکەم.. من نازانم کچی کێم.. رۆژێکیان ئەم دایکو باوکەی کە ئێستا هەمە شەڕیان بوو، دایکم بە باوکمی ووتی ئەی پیسترین مرۆڤ تۆ هەر ئەوە بوویت دالیات لە باوکی کرد و لەبەر سەروەت و سامانەکەی بردت بۆ خۆت..

- ئیتر من حەپەسام و هەموو گیانم بوبوو بە گوێ..

- دالیا واتا(رووسا) ووتی: ماکوان زۆرمکرد لە دایکم هەر وەلامی نەدامەوە، زۆرم هێنا بۆ باوکم هەر وەڵامیان نەدامەوە.. دایکم ووتی لە تورەیدا ئەو قسەیامان کردوە، بەڵام من نەچوو بە مێشکمدا، سەفەرمکردوە، بۆ سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٥ چومەوە گەڕەکی خۆمان.. ئەو ماڵانەی کە تێدا ژیابووین لەگەرەکەنماندا چومەوە لای دراوسێکانمان لە نزیك مولکەکانی حەمەی ئەورەحمانی ئاغا لە مەڵکەندی چووم

لای پیاوێکی بەڕێزی خەڵکی شاری سلێمانی پرسیاری کەسوکارو ئەوماڵە مەسیحەیم کرد کە منیان بەخێوکردوە ووتی ماڵیان لای ماڵی کەریمی ئەلەکەوە بوون، باسی ئەوەی بۆکردم کە باوکی من بە دۆلارەوە لە بەغداد لە ساڵی ١٩٨٢ ئعیدام کراوە.. ئەم ماڵەش زیاتر خزمەتی باوکی خۆمیان کردوە نزیك بوون لە باوکەمەوە دوای لە سێدارە دانی باوکم هەرئەمان منیان بەخێوکردوە دایکشم بەسەر منەوە گیانی لە دەستداوە، باوکم پیاوێکی دەوڵەمەندی شاری سلێمانی بووە، بەڵام هەموو سەروەت سامانەکەمان بە وەکلەتێکی عامە، ئەم باوکەی ئێستام کردویەتی بەناوی خۆیەوە بەڵام درێغیان لەمن نەکردوە بۆ هاوکاری، بەهەرحاڵ، دوو پورم هەبوون چوم بۆلایان ئەوانیش هەر بەدوای پارەوە بوون ، کوڕی پورێکم هەر خەریك بوو بە ئاشکرا لە بەرچاوی دایکی دەستدرێژم بکاتە سەر.. تا تووڕە بووم، ئیتر هەستم کرد سلێمانیش جێگای منی تێدا نابێتەوە.. گەڕامەوە بۆ لای دایك و باوکە مەسیحیەکەم کە هیچ نەبێت منیان بەخێو کردوە هەستێکم بۆیان هەیە، دڵم بە براکەم خۆش بووکە کوڕی ئەوانەو هیچی من نیە..

- من بۆم نوسی.. ئەی کە گەڕایتەوە چیت کرد باسی ئەو حاڵەت بۆکردن.. کە لەگەڵ تۆ ئەنجامیان داوە..؟ ئەم ژن وپیاوە مەسیحیە..؟

- ووتی : ئاخر ماکوان خۆ ئەوان پیاوەتیان کردوە، من کەزانیم خیانەت نیە.. ئیتر بۆ لەخۆمەوە تووڕە بم ، ئەگەر لای پورەکانم بوومایە ئێستا لەوانەو بوو شەرەفم بشکایە..!

- قسەکەی منطقی بوو.. ئیتر من هەر گوێم گرتبوو..نوسیم بە بەردەوام فەرموو ببورە..

- ووتی: ماکوان دەمەوێت بێم بۆ بەریتانیا لەوێ لەگەڵ

خالۆژنم قسەم کردوە لە کۆمپانیایەکی تەلەفون دامەزراوم لەوێ کارم وەرگرتوە..

- نوسیم.. ئەی ئەوان خالی ئەصلیتە؟

- ووتی: بەڵێ ..من رۆژی یەك شەممە دەچمە فرۆکە خانەی ستاندستێد لەوێ دادەبەزم.. زۆر بە خۆشحالیەوە باسی دەکرد واتا ئەو رۆژە سێ شەممە بوو..

داوای مایکم کرد.. مایکی ئازاد کردو ووتم: کچی باوکم تۆ کەی مەسیحیت..!؟ تۆ موسڵمانیت، بۆ وازت لە ئاینی خۆت هێناوە.. تۆ بەڕاستی خوشکی منیت.. ئیتر دەشڵێت ماکوان قوبوڵە سەرسەرو سەرچاوم (تەبعەن بە پێکەنینەوە)، دالیا گیان ئەگەر پێت خۆش بێت من ئەو رۆژە بە چەند برایەکی خۆمان دەڵێم لەوێ بێن بەدەمەتەوە هەرچیت پێویست بوو من لەخزمەتاندام ، ژمارەی تەلەفونی دووبرای دڵسۆزی وهاورێی خۆمم دایەو ووتم هەرچیت پێویست بوو ئەوان لەخزمەتتدان .. هەڵبەت دوایش من تەلەفونم بۆ ئەوبرایانە کرد خواهەڵناگریت زۆر پیاوانە هاتن بەدەمەوە..

شەو درنگ بوو منیش ماندووبوم.. خواحافیزم لێکرد .. ووتم ئەم ئایەتە ل کورسیە لەبەرکە زۆر باشە هەرچیەك هاتە رێگات ئەتپارێزێت.. بەدەنگی ساعد غامدی بۆمنارد وەعەدم لێوەرگرت، کەبچێت خۆی بشوات، بلێ پاشان.. شەیەتومان بێهنێت.. پەیمانی دامێو بە خۆشیەوە هەردوکمان رۆشتین خۆشترین رۆژی ژیانم لەوساڵەدا.

رووسا گەیشتە بەریتانیا.. منیش خەریکی بلیت کرین بووم..

تا ئەوچەند رۆژە پەیوەندیم هەر لەگەڵ رووسا نەپچڕاند، لە رێگای خوشکێکەوە لە تۆری پاڵتۆك کە یەکێک بوو لە خێزانی مامۆستا بەرێزەکان- تەکلیفم کرد کەهەندێك شت هەیە فێری

رووسای بکات ، چونکە ئافرەت لە هەندێك رووە خاوەنی پێداویستی تایبەتە پێویستیشە هەندێك شت هەیە ئافرەت خۆی رۆشنی بکاتەوە بۆ یەکتری..

رووسا گەیشتە لەندەن..
- لە لەندەن پەیوەندی بە منەوە کرد ، ووتی: ئێستا لە ماڵی خاڵمم..
- ووتم: تەلەفونەکەتم بدەرێ با ئەگەر هەر پیداویستێکت هەبوو لە خزمەتاندا بم .. ژمارەی تەلەفونی نەدەمێ..! ووتی لە پاڵتۆکەوە پەیوەندیمان هەر دەبێت، منیش کە نەیدا دووبارەم نەکردوە..
- دوای چەند شەوێك .. هاتە سەر خەت ئاگاداری کردمەوە کە دەستی کردوە بە کار کردن ، ووتی: بەڵام پێدەچێت من بگوازرێمەوە بۆ جێگایەکی تر دوور لە لەندەن ، ناوی شەرکەیشی ووتی ئەگەر هەڵە نەبم "پۆس مۆرس" بوو.. بەهەر حاڵ ئەوەندە گرنگیم پێنەدا ، چونکە هەستم کرد سوپاس بۆ خوا ئاسودەیە..

دوای ئەوەی پەیمانم دا بوو بڕۆم بۆ ئەوێ لەگەڵ خێزانم بە دوای بلیتی هەرزاندا دەگڕاین، بۆ ئەوەی بەرەو لەندەن بڕۆین.. قەدەری خوای پەروەردگار وابوو بلیتمان دەست نەکەوت..
پێشتریش لە یەکێك زانکۆی بەریتانیا خەریکی خوێندن بووم واتا لەوێ وەرگیرابووم بە موراسلە لە رێگای براکی بەرێزەو کە بەڕاستی زۆر بە منەوە ماندوو بوو ئەویش برای گەورەمان کاک(عومەر عەلی ) بوو.. دەبوو هەر بچومایە بۆ ئەوەی پارەو هەندێك کاری رۆتینات هەبوو بمکردایە، بەهەر حاڵ من سەرقاڵ بووم بە کاری رۆژانەو خوێندی خۆمەوە

هەر لە نەرویج و پاشان ئاگادار کرابوومەوە بۆ بحث و ئیمتحنات دەبێت بگەڕێمەوە بەریتانیا، چونکە سەرەتایش بوو ئەوەندەم بەلاوە گرنگ نەبوو بەڵام خێزانم زۆر حەزی دەکرد خوێندنەکەم تەواوبکەم لە بەریتانیا، پێشتریش زۆر هانی ئەدام..

ڕۆژێکیان لە پۆلیسی شارەکەی خۆمانەوە تەلەفونێکم بۆ کرا.. ووتیان ماکوان کەریم دەتوانیت تا پۆلیس بێت ؟، ووتم باشە نزیك بوو لە فەرمانگەی پۆلیسەکەوە چۆم..

کە چومە ژوورە وە کابرایەکی زل ئەگەر بتبرپیاتەوە ٤ کەسي وەك من تێدابوو ، هات بە دەمەوە بەگەرمی تەوقەی لەگەڵ کردم ووتی ماکوان کەریم ئێمە وەك نەرویج هێچمان لەسەرت نیە.. خۆشمان تێناگەین ئەمە چی و چۆن کێشەیەکە .. تەبعەن من هەر تێنەدەگەیشتم مەوزعەکە چیە..
- ووتی: لە سەفارەتی بەریتانیاوە هاتوون دەیانەوێت قسە لەگەڵ تۆ بکەن..؟
ووتم: کێ هاتووە ووتی نوێنەری سەفیری بەریتانی.. هەر زۆر کارەکە گەورە هاتە بەرچاوام.. دەستبەجێ لە دڵی خۆمدا وابیرم کردوە ووتم حەتمەن موخبەراتی ئیسرایلی ئیزعاج بووە بەم کارەی من و پاشان چاودێری من کراوە کە لەگەڵ ئەو کچە قسەم کردوە، یان دایک و باوکی رووسا سکاڵایان لێکردوو.! ئیتر سەد جۆر بیرکردنەوەی خراپم بۆ دەهات لەوکاتەدا.. ئەوەندەی پێ نەچوو نوێنەری سەفیر هات بۆ لام موتەرجمێکی نەرویجی ئینگلیزی لەگەڵ بوو .. نوێنەری موخابەراتی نەرویجی و پۆلیسی نەرویجیشم لەگەڵ دانیشتبوون .. ووتم بەخوا کێشکە زۆر گەورەیە، بەڵام زوو

نوێنەری پۆلیسەکە دەیوت وەك دڵخۆشی بۆمن ئەیگوت
ماکوان ئەمە کێشیە ئیلاقەی بە تەرویجەوە، نیە .. دەموت
کێشکە چیە؟ ووتی ئەوان بۆت باس دەکەن واتا نوێنەرەکەی
بەریتانیا..

بە هەر حاڵ نوێنەرەکە دەستی کرد بە قسەکردن ووتی:
کەریم.. مەبەستی من بوو.. ئێمە وەك حوکومەتی گەورەی
شاهنشای بەریتانیا رازیمان نیە بیتە وەڵاتەکەمانەوە..! پاش
هەواڵمان بەدەست گەیشتوە کە تۆ کەسێکی چالاکی
ئیسلامی و خەڵك کۆدەکەیتەوە ..! لەبەر ئەوە ئەویش بۆ
ئاسایسش ووڵاتی بەریتانیا خراپەو شکاتت لێکراوە نابێت
بێتە ووڵاتی ئێمە، زەرفێکی دامێ پر بوو لە وەرقە ووتی
ئەمە کێسەکەتە.. لەسەر چی و بۆچی ناهێڵین بێت..
بەهەر حاڵ من پەیوەندیم کردوە بە کاک مەلاعومەر(عومەر
عەلی) کردوە کە خوێندنەکەم نەفەوتێت ووتی باسی مەکە
ئەم قەزێیە تۆ لە زانکۆ وەرگیراوی ئەوی کە پێویست بە تۆ
بکات من بۆت دەکەم لە سوید لە مالمۆ ئەو زانکۆیە
نوێنەریان هەیە لەوی دەتوانی تاقی کردنەوەکان بکەیت،
باسی یاسایەکی "ستودێنتی" بۆکردن تێنەگیشتم بەو یاسایە
بەریتانیە دەتوانم بەردەوام ببم لە خوێند..

ساڵی ٢٠٠٩یە، بەڵام کاک عومەر عەلی پەیمانی لێوەرگرتم تا
خوێندنەکەم تەواو نەکەم باسی ئەم کێشەیە لای کەس
نەکەم.. منیش باسم نەکرد، تەنها چەند کەسێك دەیزانی کە
دەخوێنم لە بەریتانیا، لەوانە خێزانم و کەسوکاری خۆم،
نەمدەهێشت بزانرێت، هەندیکیش لە هاورێو ئەو دڵسۆزانەی
خۆم دەیانزانی کە لە بەریتانیا "مەمنوع دخولم" واتا بۆم نیە
برۆمە ئەو ووڵاتە.. بەهەر حاڵ بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیە
بوگزەرێن، سوپاس بۆ خوا پاشان هاوکاری کاک عومەرعەلی
توانیم سەرکەوتن بەدەست بێنم بە پلەی ئیمتیاز لە

لێکۆڵینەوەکەم لەسەر مێژووی شەریعەت بوو،
بەسەرکەوتووی" باکلۆریۆس" بەدەست هێنا، کاک مەلا عومەر
ووتی ئەتوانیت ماستەرەکشت بخوێنیت، بەڵام هەر بە
بێدەنگ هەتا بحثەکان پێشکەش دەکەیت، ئەوەی کاک عومەر
عەلی فەرمووی هەمووی م کرد تا کو ماستەرکەسم بە
سەرکەتوویو پلەی ئیمتیاز تەواو کرد لە مانگی ٦ساڵی
رابوردوو ، بەهەر حاڵ ئێستاش دەتوانم بۆ دکتۆراش
بخوێنم، بەڵام دەبێت ماوەیەک چاوەڕێ بکەم تا ئەوماوە
یاسایە کە ساڵێك و چەند مانێگی تر دەبێت بوستم تا
پێشکەشی دکتۆراکەشم بکەم..
بەهەر حاڵ بە بەگەڕینەوە.. بۆ روداوەکان بزانین چی بووە..
کە نامەم کردوە لە لایەن نوێنەری بەریتانیاوە هاتبوو،
نوسرابوو لە کاتێك تۆ هاتویت بۆ بەریتانیا خەڵکی زۆرت
لێکۆبۆتەوە ئەمە جێگای سەرنجە بۆ ئێمە، پاشان کۆڕت
گرتوە لە لیدزو لە کاردیف و لە لەندەن و لە بێرمنگەهام
خەڵکی زۆر هاتوون کۆبونەوت بە خەڵکی کردوە! ، ئێمەش
هەواڵمان پێگەیشتووە کە تۆ خەریکی دروستکردنی
!..ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەوی
..ئەمە هەموو کێسەکەی من بوو
پەیوەندیم کرد بە رووساوە کە ئەوە حاڵەتەکەی منە.. بڕوای
نەکرد.. منیش زۆر گویم پێنەدا، وا هەستم دەکرد سکاڵاکە لە
لایەن ئەوە بێت ئینجا هەستم بۆ دروست بوویەوە کە
..!موخابەراتە، کێشەکان لای ئەوە بۆم دروست بووە
پەیوەندیم کرد بە برایەکەوە لە بەریتانیا کە موحامیەکم بۆ
دابین بکات بۆ ئەوەی ئیستنافی ئەو موزعە بکەم، چونکە من
هیچ شك نابەم ئەوەی ئەوان باسی دەکەن بەڵگەشیان نیە و
هەمووی قسەی بێمانایە.. بە هەرحاڵ دوو موحامیم دەست
کەوت هەردووکیان هاتنە ناو کارەکەوە، لە کۆتایدا ئەوەمان

دەستکەوت، کە ئەمانە کوردن سکاڵایان لە سەر من تۆمار کردوە و پاشان بۆ مەرامی حیزبی خۆیان بووە وایان زانیوە من لە حیزبەکانی ئەوان دەبم بۆ خۆم..! ئینجا بۆم دەرکەوتەوە هی چپەیوەندی بە رووساوە نیە..!
پارێزەرەکەم : هەواڵێکی خۆشی بۆ هێنام: ووتی ئێمە دوو پارێزەرین یەکێکمان کە دەچێتە ناو کێسکەتەوە جارێکی تر قسە لەگەڵ تۆ ناکاتەوە، لە ناووە دیفاعت لێدەکەتا، چونکە ئەوان کەسەکان ئاشکرا ناکەن کە سکاڵایان لەسەر تۆ تۆمارکردوە، ناڕاستەوخۆ لەسەر موزوعەکەی تۆ قسە دەکەن بریاریش ئەدەن!.. پاشان ووتی یاسایەك خراوتە بەردەم بەرلەمانی بەریتانیا لەسەر ئەم کێسانە، ئەو کەسەی کە سکاڵای ئەمنی تۆمار دەکات، ئەگەر بەڵگەی نەبوو دەبێت رووبەروی تۆمەتبارەکە بینەوە، ئەگەر چاوەڕی ئەوەش دەکەیت ئەوە ساڵێك بۆ دوو ساڵی پێدەچێت، منیش بۆ ئەوەی بزانم ئەو گەندالانە کێن تا ئیستاش چاوەڕوانی ئەو یاسایەم، پەلەم چیە ئەم ساڵ نا ساڵێکی تر، لە دوای هەر بۆم ئاشکرا دەبن خۆ ئەگەر ئاشکراش نەبن سوپاس بۆ خوا قیامەت هەیە..(هەموو دەنگی پارێزەرەکان و مەترجمەکان تۆمار کراوی لای من هەڵگیراوە لە ئەرشیفدایە)

من ئەم حاڵەتەم بەسەر هات، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەر بە سەرکەوتوی هاتمە دەروە لیی ، پاشان لە دوای ئەم رەوشەی کە بەسەر مندا هات، لەم ماوەی ڕابوردا لە فەیسبووك کەسێك بەناوی (ش) لە ئەمریکاوە پەیوەندی بەمنەوە کرد ووتی ماکوان گیان من نەوالم .. ئەزانی چووم بۆ حیج و شوکور بۆ خوا لەگەڵ شەماڵ عەمرەیەکێشمان کردوە..، ئەی رووسا چی لێبەسەر هات کەوتەو کوێ ..

..لە نێوانی من و رووسا ماکوانێکی تر دێت

لە دوای ئەوەی کە پەیوەندیم پێوەکرا لە لایەن خانەوادی نەوال خانم وە لە فەیسبوك باسی ئەوەی کرد کە نەوال خان چووە بۆ بەحەج و باسی ئەوەی بۆکردم بە نوسین کە گوایە لەگەڵ کاک شەماڵی چوون بۆ عەمرەش.. زۆر خۆشحاڵیم دەربڕی و ، بەڵام مەجالی زۆر قسەم نەبوو لەبەر ئەوەی لەسەر کار بوو.. ناوەکەم لای خۆم یاداشت کرد، بەڵام دوای ئەو هەر نەهاتنە سەر خەت ، ئەوەندەش گرنگ نەبوو، بەلامەوە، چونکە دڵ خۆش بووم بەوەی کە خێزانێکی ..بەختەوەرن

من گەڕامەوە بۆ کوردستان بەتەنها واتا بێ ماڵو منداڵ هەمووی چەند رۆژێکە گەرەوامەتەوە کە ناچێتە مانگێك، لە کوردستان من ئەگەر خێزانم لەگەڵ نەبێت زۆر میوان نەبەمەوە بۆ ماڵەوە، چونکە خزمەتمان زۆر پێناکرێت، دالیکیشمان نەخۆشە توانی زۆر خزمەتی نیە، مەگەر خوشێکم لە ماڵ بێت یان بوکێکی دایکم، واتا براژنەکەم، بەهەر حاڵ من لە کوردستان ئەگەر خۆمم بم ئیتر لەگەڵ پێشرەوی برام زۆر زگوردیانە دەژین منیش و ئەویش زۆر لا موبالاتین هیچ نازانین دروست بکەین، بیشزانین تاقەتمان نیە.. بەهەرحاڵ من بە تەبیعەتی حاڵیش زۆر لادێی و عەشایەرم، حەزم لە کەبابی کوڕێکی پێنجوێنی لە سەعە تاکۆی و بورهانی ئەجێ و ئینجا حەزم لە قاورمەی سەرعەرەبانەیە و ئەو جۆرە شتانەیە، کە دەچەمە هەولێریش، هیوایەتی من ئیسکانەو خواردنی سەرعەرەبانەکانە لە کوبەو ستزەنوبو گەص.. وەرەوەها، زۆر حەزم بەشتی گران بەها نیە، کاروان ڕەحمان هاوڕێی

خۆشەویستم هەمیشە گلەیی ئەوەی دەکرد ئەیوت کاک ماکوان تۆ هەمیشەئەم کراسە شینەت لەبەردایە، ڕۆژێك چووین بۆ بازاڕی زانکۆ کراسێکیان کڕی بە ٥٥ هەزارد دینار.. منیش هاتمەوە بۆ لای بازاڕی ڕاپەڕین.. کراس هەراج بوو وەك ئەوکراسە بە پێنج هەزار دینار منیش ٥ کراسم کڕی بەقەدەر ئەو پارەیە بەخوا کەمن دەمردە بەرم خەڵك وای دەزانی لە ئەورپاوە هێناومە کە پێنج هەزاریشم پێدابوو، .. بەهەر حاڵ دایکم ووتی رۆڵە (خەسرەو) ناوی ئەسڵی خۆمە ئێستا رۆژگار کورتە زوو بگەڕێوە بۆ ماڵەوە ئیشم پێتە.. منیش لەدوای نوێژی عەسر زیاتر لە ئۆفیس دادەنیشتم.. ئەو ئێوارە ..سوبحان الله.. لە هەموو رۆژەکان لای من قەرباڵغتربوو هەموو فەیسبوك لای من بوو !.. ئەم پیاوانەی لێبوون.. کاک شوان جەبار، کاک محمد کاکە برا، کاک ئەسیر مەحوی وچوار لە هاوڕێکانی بوون، کاک توانا ئەحمەد کاك پێشەوا، کاك شکار مەحوی هەندێك لەیاریزانانی تیپی بزاڤ، کاك کاروان ، کاك ڕێبین، ئیتر میوانەکان خوای گەورە زیادیان بکات دەهاتن و دەچون کە میوانی تر دەهات هەندێکیان هەڵدەسان، منیش دایکم تەلەفون لەسەر تەلەفون بۆم دەکات و نازام مەوزوع چیەو ئەم هەموو ئەو پیاوە بەرێزەش لای من بوون هەمووی خۆشەویست و بەرێزن لای من ، هەر ئەو رۆژە کاك عیرفانی مامۆستا ئەحمەدی کاکەمحمود لەگەڵ کاك ریاز و برایەکی تریش تەشریفیان هێنا .. ئەگەر ناوی ئەوبرایانەی ترم بیر چوو بوو ببورن، بەهەرحاڵ دوای ئەوە لە ئۆفیس چوینە دەروە من وکاك کاروان لە ڕەشەمۆڵ سواری تەکسی بووم بەروەماڵەوە، هیچم نەخوارد ئەو رۆژە ووتم حەتەمن دایکم خواردنی بەدەستی خۆی دروستکردوە دەزانێت من حەزم لە نانی دەستی خۆیەتی بۆیە بانگم دەکات، چومە ماڵەوە نە بۆنی

خواردن دەهات هیچ نەبوو، دایکم فەرمووی ئەو ڕۆڵە من
نەموت زووبگەرێوە؟
- ووتم بەخوا میوانم هەبوو، بەهەرحاڵ ئەوەندەم زانی
جەمعات هەمووهاتن لە خوشك و خوشكە زاو زاواو براو
برازا .. ووتم مەوزوع چیە دایکم ووتی وەڵا هیچ نیە
مەطعەمێك هەیە تۆ ئەقڵت بەو جێگایانە ناشكێت ئەمانەوی
بت بەین بۆ ئەوی ووتم کوێیە ؟
ووتیان ناوی داوایە..!..

ڕۆشتین.. طبعەن بێ ئێوە ناخۆش خواردنەکەی زۆر عەجیبوو، هەرچەندە دەڵین خاوەنکەی کاک کۆسرەتە، بەس من نەمزانیبوو سیاسیەکان لەدوای ئیشی مەکتەبی سیاسی بە ئێواران فەقیرانە ئێشکێ تر دەکەن و مەطعەمیان داناوە.. بەهەرحاڵ دەستمان کرد بەخواردن بەڵام بەڕاستی خزمەتیان دەکردین خواردنەکەی خۆش بوو، هەمووئەوانەی کاریان دەکرد براکانمان بوون خەڵکی کوردستانی باکور.. خێزانێکم بەدیدەکرد هەر تەماشای منیان دەکرد، لە دڵی خۆمدا ووتم حەتمەن لە تەلەڤزیۆن منیان بینیوە .. بەڵام هەستم دەکرد سەرنجی زۆریان ئەدا من هەر ئاسای وەرمگرت، پێشڕەوی برام هات ووتی کاکە ئەزانی ئەو عائیلە تەماشای تۆ زۆر دەکەن لە ئاسایی دەرچوە، منیش بە فشقیات بە پێشڕەوم ووت ئاخر کاکت قۆزە بۆیە..

- ووتی نەوڵا تۆ بڕۆ سەرکورسیەکەی من خۆی لە جێگای مندا دانیشت ئیتر ئەو لە رووی ئەمنیەوە لە من ووریاترە ، منیش بەقسەم کرد، تۆزێکی پێچوو .. یەکێك لە لەو بەرێزانەی کاری دەکرد هات ووتی کاک ماکوان پارەی ئێوە دراوە.. جا ئێمەش زیاد لە ١٢ کەس دەبوین، زۆرم پێناخۆش بوو، چونکە یەك نەفریش لەو مەطعەمە بە ٢٥ هەزاردینار بوو، زۆر بێمانا گران بوو، بەهەر حاڵ خواردنەکەیو جێگاکەی راقی بوو، ووتم برای باوکم کێ داویەتی ووتی ئەو خانەوەدایە، کە هەڵسام بچم بۆ لایان چایان دەخوارد من دەستم چەور بوو، چونکە قوبوڵم نەکرد، ووتم بەپێشڕەو ئارامی زاوامان ووتم بڕۆن پارەکە بێنەوە لە دخیلەکەو بیاندەنەوە، چوومە خزمەتیان، گوێم لێبوو خانمێکی نازاداری زۆر جوانی دەم و جوان کە بەرو رویان دەرۆشتم پێدەکەنی ووتی بەخوا ماکوان هات منیش سڵاوم لێکردن ووتم بەخوا قوبوڵم نیە، لەئێستاوە دەبێت وەریبگرنەوە ئەگیان هەر

مرحەبایشاتان، ناکەم..؟ یان بەس قوبوڵمە پارەی من بەن..
پیاوێکی زۆر مەعول ووتی کاکە ئێمە چاوەڕی تۆین بڕۆ نانەکەت بخۆ دوای قسە دەکەین .. تەبعەن ئەو مەطعەمە ئوتێلیشە، ئەوان هەڵسان یەکێکیان ووتی کاك ماکوان لە میوانخانەکە چاوەڕێتین، ئەو جێگایە زۆر فاخر بوو دوای ئەوەی تەواو بوم یەکێکیان نارد بە شوێنماندا ووتیان لە میوانخانەکە چاوەڕێتانن، منیش لەگەڵ ئامینە خانی دایکم و جەماعەت رۆشتین.. لای من زۆر قەرەباڵغ بوو دەنگی منداڵو قیرەیان ئەو ئوتێلەیکرد بووبە حەمام خۆم و پێشرەو دڵشادو ئارام چوینە لایان ئەوان بەخێرهاتنی گەرمی منیان کردو ووتم بەئارام کاکە پارەکەیان بدەنەوە عەیبە، دوای بیرم کردوە ووتم لەوانەیە مەسولێکی گەندەڵبێت، لەم ڕێگایەوە بیوێت پەیامێك بگەینێت، بەهەرحاڵ دانیشتم ئەو خانەم جوانکە کە لە تەمەنی دایکمدا بوو رەحمم چوە سەری هەر پێدەکەنی، ماکوان رۆڵە من ناسایت
- ووتم نا..

- ووتی من نەوالم
ئێ وەڵا کاک شەماڵیشم بین و دەستمان کرد بە قسە چوون بۆلای دایکم و سڵاویان کردو دانیشتین و کاك شەماڵ و من و نەواڵ خانو ئەو خێزانەی تریش بەیکەوە بووین ، پاشان هەواڵی رووسام پرسی ووتم دالیا لە کوێیە چی بەسەرهات وئێستا چونە؟
ووتی شوی کردوە بە کوڕێکی.. خەڵکی سلێمانی و دوومنداڵی هەیە یەکێکیانی ناو ناوە بە ماکوان و ئەوی تری ناوناوە لانە واتا کچو کوڕێکن، ووتم چۆن پەیوەندی پێوە بکەم ، ژمارە تەلەفونەکەی دامێ ژمارەی کوردستان بوو..!
ووتی خۆی هاوسەرکەی لە یەکێك لەم کۆمپانیای

تەلەفوونانەی کوردستان کار دەکەن ماڵیان لە کازێوەیە.
- ووتم : بۆ زانیاریتان چەند ساڵە من لە سلێمانیم بەخوا نازانم کامە کازێوەیە، ئێستاش من بە سلێمانی پاڵاس دەڵێم حەسیب ساڵح.. دەستیان کرد بە پێکەنین و قسەوباسی زۆرمان کرد.. پاشان ئەخیرەن پارەکەیاندا.
منیش تەلەفونم کرد بۆ رووسا خاتون: هەواڵم پرسی ووتم دەمناسی من کوڕی خۆتم ماکوانم گەورە بووم..
- دەستی کرد بە پێکەنین ووتی ماکوان گیان تۆ نوری چاوی منی، وەی کە خۆشحاڵم تەلەفونت کردوە دوای قسەباسو هەوڵ پرسین دەیە دەست مێردەکەی ناوی کاك بەرێز بوو ، بەڵام بەڕاستی بەرێز بوو.. پەیمان درا کە یەکتر ببینین ، دەوامی بەردەوامی ئەوان و سەرقاڵی من یەکترمان نەبین من گەڕامەوە بۆ نەرویج ئێستا ئەوان لە کوردستان، واتا رووساو کاك بەرێز، ماڵی کاک شەماڵ لە ئەمریکان، هەموو ئەم نوسیانە ئەوانیش ئاگادارن هەموو ئەو بەڕیزانەی کە لەم نوسینەدا کارئەکتەری سەرەکین و بەشدارن ئاگادارکراونتەوە.

لەدوای ئەوەی دەرچووین لەو کۆڵەنەداو من خەیاڵ گرتبوومی پێشرەوەی برام ووتی ئەوە چوویت بۆ کوێ؟ وا خەیاڵت رووشتەوە دەمێکەیە ئاگات لە من نەماوە ، قسەت بۆ دەکەم ..

خەسرەو: لەم دەوروبەرە و ئەوروپا بووم ئەوە گەڕامەوە بۆ لات ، بەیان زۆر شتی بیر خستمەوە پێشرەوی برام، نیوەی ژیانی خۆمم بە فیلیم بینییەوە..؟

پێشرەو : ئەزانی بەیان شوی تری کردەوە ، دوای ئەوەی مێردەکەی تەلاقیدا ، ئێستا خێزانی ئەو کوڕەی رەفیقی خۆتە ، کاك مەزنی حاجی غەفور؟

خەسرەو: بەڕاست .. وەڵاهی ژیان سەیرە .. بەهەر حاڵ ئاسودە بن .. پیرو دڵخۆش بن بەیەکەوە.

پێشرەو : بڕۆین بۆ کوێ ؟ حەزدەکەیت بڕۆین بۆ سەر قەبران سەردانی باوکمو پابیرەکانمان نەکەکەنمان بکەین ؟

خەسرەو : ئەڕی وەڵڵا زۆر باشە زۆریش حەز دەکەم ..

ڕۆشتین تاچووینە گردی سەیوان و چووینە سەر گۆڕی باوکم و دوعای سەرقبرانم خوێندو سڵاوم کرد لە مردوان و لەسەر قەبری هەموویان دوعای خێرمان بۆ موسڵمانان کردوو بەتایبەتیش بۆ کەسوکارمان ..

لەگەڵ پێشرەوەی برام کەوتینە قسە ، پێشرەو ووتی :بۆ ئێستا وەك جاران رووداو دروست نابێت، ئەم گەنجانەی

ئێستا وەك جارانی ئێمە نین؟
جاران ئێمەو پێش ئێمەش لە ژیانماندا رووداوی زۆر رووی ئەداو دەمانگێراییەوە .. بەڵام ئەم جیلە هیچیان نیە بیگێرنەوە ..؟

خەسرەو : ئەم رەوەندە نوێیە ، بوونتە رۆبۆت ، بەدەست سیاسیەکانەوە ، پاشان تەکنەلۆجیای ساردو سری فەیسبوك و تۆڕەکانی دیکەی ناو ئەنتەرنێت هەمووی تەمەڵ کردوون ، مەشغوڵن بەو تۆڕانەوە هەموو مێژوویان بووە فەیسبوك و تۆرەکۆمەڵایەتیەکانی تر ئەوە هۆکاری ئەوەی کە رووداو لە ژانیاندا روونادات..

پێشرەو : راستە ، بەڵام دەبێت ئاوا بڕوات.. بەم شێوەیە ، خەڵك ئیتر مێژووی نەمنێت و هەموو وون بن؟

خەسرەو : نا - بەدڵنیاییەوە دەبێت چاکەکاران سەرلەنوێ ئەبدەیتی ئەو کۆمەڵگایە بکەنەوە ..گۆڕانکاری رووبدات، ئەم قسەو باسانەمان هەمووی لە سەر گۆڕستانەکە بوو ..

پێشرەو : چی بکەین بڕۆینەوە ؟

خەسرەو : با بڕۆین ..

هاتینە خوارەوە لە سەیوانەوە بەرەو شەهیدان ، سەردانی هەندێك گۆڕی ترمان کرد

تەماشامان کرد ژنێك لە نزیکی دووگۆڕەوە دانیشتوە دەستی لەسەر کێلی دوو گۆڕ داناوە دەگری .. بەدەم گریانەوە

دیانلاوێنێتەوە ، دەڵێت بۆ کامتان بگریم بۆ لای منتان چۆڵ کردوە ، بچمە لای کێ و کێ بەهاوارمەوە بێت..؟

ئێوارەیەکی ساردو ڕەشابایەکی زۆر قایم هەبوو، ووتم پێشرەو بابجینە لای ئەو ژنە ، فاتیحایەك بۆ مردوەکانی دادەخەین و دڵنەوایەیەکی دەکەین ..؟

پێشرەو : کاکە بۆ خاتری خوا ئێستا ساڵی نەوەدەکان نیە ، دنیا گۆڕاوە بانەچین ، نەکو پی ناخۆش بێت،حەقمان چییە بەسەرییەوە- کاکە ئەمە جاران نیە ..! ؟

خەسرەو : ئی باشە دەچین بەلایدا ، خۆ هیچمان لێ کەم نابیتەوە ، بلێن بۆ خۆت خۆش بیت .. مەگری و دوعای خێریان بۆ بکەو لەجیاتی ئەو لاواندنەوەیە فاتێحایان بۆ دابخە..!

پێشرەو : بە نا بەدڵی با بڕۆین ..!

ووردە ووردە نزیك بووینەوە لە ژنەکە و ڕەشابی سلێمانیش ئەوەندەی تر ماندووی کردبووین ، چووینە نزیکی پشتی لێمان بوو ، من سلاوم لێکردو ئاوڕی دابیەوە ، کە منو پێشرەوی بینی ووتی سوپاس بۆ تۆ خوا کوڕەکانم گەڕانەوە سوپاس بۆ تۆ خوا کوڕەکانم گەڕانەوە.. ..!

منیش زۆرم لا سەیر بوو ، دڵم نەشکاند ، زانیم حاڵەتێکی ئاساییە نیە ، ووتم بەدڵنیایەوە ئێمە کوڕتین ..!

ژنەکە تۆزێک ورد بووە لە منو پێشرەوی برام هیچی نەووت

گریانێك گریاوە بێ هیچ شتێك منیش دڵم پڕبوو ، ئەوەندە بەکوڵ گریا ، منیش بەگریانی ئەو تێر گریام ..

پێشرەو : خۆ تۆ هاتی دڵنەوای بکەیت خۆشت دەگریت؟

ژنەکە ، تەمەنی ٥٠ ساڵ دەبوو سەرپای ڕەش بوو ، دەموچاوی سورر بووبوو لە سەرماندا ، ئەوەندە گریا بوو لە سەر رووومەتی جۆگای فرمێسك دیار بوو، منیش دەستم کرد بە خوێندنی قورئان لەسەر قەبرەکان و چەند ئایەتێکم خوێند لە سورەتی واقیعە ..

دوای تەواو بوونم دوعای خێرم کرد . عەرزی ئەو ژنەم کرد ئەمانە چیتن ؟

ژنکە ووتی : وەڵا باوکەکەم ، ئەمە هەردوکیان کوڕمن و باوکیان ئەوەتا لەو پشتەوە قەبرەکەیان و کوڕێکی تریشم مردوە وا لای شێخ مارفەوە ناشتویانە ..

تێبینی : گردی سەیوان وشەهیدانو شێخ مارف هەموو لای یەکەوەن سێ قەبرستانن ..

خەسرەو : ئەی ئێستا لەگەڵ کێ دەژیت ..؟

ژنەکە : لە ماڵی زاوایەکمم دووڕۆژە دەریکردووم ، ووتیەتی مەیرەوە بۆ ئێرە بچۆ بۆ ماڵی کچەکەی ترت .. دوێنی شەو لەوێ بووم زاوەکەی ترم دەیوگوت بۆن لێدێت..!

..ئیتر من ئەوەندەی تر گریان، ژنیکی زۆر پاکو جوانیش بوو

..ئاگام له پێشرەو بوو ئەویش دڵی پڕ بووبوو

ئینجا هەردووکامان خستە گریان ، ژنەکە ووتی کەلەدوامەوە سڵاوتان ، لەوکاتەدا بیرم دەکردەوە ئەمگووت خوایە هەردوکوڕەکەم بۆ زیندوو بکەیتەوە، ئێوەش لەدوامەوە پەیدا بوون ، وامزانی کوڕەکانی خۆمن خەریك بوو باوەشتان پێدا بکەم .. بەڵام نائومێد بوومەوە ، بەڵام ئێوەش هەر !.. کوڕمن بەقوربانتانبم

من و پێشرەو بەو قسەی ئەو بەکوڵ گریان .. خێرا ووتمان .. بەدڵنیاییەوە کوڕتین

خەسرەو: ئەی چی بکەین ئێستا چیت دەوێت بۆت بکەین ؟

!.. ژنەکە : وەڵا باوکی من هیجم ناوێت بەس خۆشی ئێوە

پێشرەو : نابێت دایکە گیان خۆ هەروا لێرەدا بە جێت ناهێڵین ، فەرموو هەستە بابڕۆین بۆ ماڵی ئێمە ، لەخزمەتا دەبین ، من و کاکم و دایکمین ماڵێکی گەورەمان هەیە لە خزمەتا دەبین..؟

خەسرەو : بێزەحمەت ناوت چییە دایکە گیان ؟

!.. ژنەکە : ناوم مینایە

خەسرەو: مینا خان ئاخر خۆ ناهێڵین لەم سەرقەبرانە ئاوا دانیشیت ، بەدڵناییەوە ئەت بینەوە بۆ ماڵی خۆمان..؟

مینا خان : ئاخر باوکی من دەچمەوە بۆ ماڵی ئەو کچەم ، خۆ دەزانم ئەوان لێم ناپرسن بچم یان نەچم ، بەڵام هەر حەز دەکەم لەوێ بم ...

خەسرەو : ئەم کوڕانەت بەچی وەفاتیان کردوە میان خان؟

میناخان : بە رووداوی هاتوچۆ لەیەك ڕۆژدا لە ناو سەیارەیەکدا وەرگران هەردووکیان ، باوکیشیان مۆزەفی کارەبا بوو کارەبا گرتی ، کوڕەگەوەرکەشم گورچیلەی وەستا دووکچم هەیە شویان کردوە شکور بۆ خوا لە ماڵو مێردی خۆیاندان ، بەڵام زاواکانم زۆر خراپن ..!

هەستم دەکرد ناحەقی نەبوو لەگەڵ دووکرودا بۆ کوێ بچیتەوە ژنیکی ئاوا با تەمەنیشی هەبیت هەر دەترسێت..!

پێشرەو : ئەی کێ هاوکاریت دەکات ؟

مینا خان : خوا گەورەیە کاکە گیان خوا پەکی کەس ناخات.!!

خەسرەو : هەڵمانساند لەگەڵ خۆماندا‌هێنامانە خوارەوە و وورده وورده بۆ لای سەیارەکەی خۆمان کەوتینە ڕێ بەدەم قسە کردنەوە وبانگی مەغریبی دا ..

باسی ئەوەی بۆ کردم مینا خان لە بازیان خزمی هەیە پێیان ووتوە ژورێکت ئەدەینێ وەرە لەوێ بژی ، ژورەکە زۆر کۆنو خراپە منیش بێجگە تەقعودی مێردەکەم هیچی ترم نیە ، ئەویش بەچەند مانگ جارێك ئەمدەنێ ..

مینا خان نەهات لەگەڵماندا بۆ ماڵی ئێمە ، بەهەر حاڵ بردمانەوە بۆ ماڵی کچەکەی ونزیکی ماڵەکەیان داماناو ، عەرزم کرد هەر چۆن بووە دان بەخۆیدا بگریت لەم ڕۆژانەدا سەردانی دەکەینەوە ..

لە سەیارەکەدا لەگەڵ پێشرەو باسی ئەوەمان کرد کە هەرچیمان کردوە ئەو ژوورەی بۆ چاك بکەین و مانگانەیەکی بۆ ببڕینەوە ..!

هاتینەوە ، ئەو شەوە من میوانی زۆرم بوو لە خزمان هەموو هاتبون بۆ ماڵمان دایکشم گە گەڕاینەوە باشی کرد بە من و پێشرەو ، هەر نەیدەبڕییوە .. منیش ووتم بەخوا توشی ژنێك بووین ئەمە حاڵو گوزەرانی بووە .. خوای گەورە کردی یەکێك لەمیوانەکانم دەوڵەمەندێکی باش بوو .. ووتی داینێ بۆ خۆم .. مانگانەکەی لەسەر من بێخەم بن ..

منو پێشرەویش وەعدی چاکردنی ژوەرکەمان بۆ داو، بەم نزیکانە دەچێتە ناوی و هەموو کەرەستەیەکی بۆ دابین کراوە و دایکیشم نازانم چووە بۆ لای یان نا ، بەڵام وەعد بوو سەردانی بکات.. لە مکەینو بەیندا بووین من نەگەڕابوومەوە بۆ ئەوروپا زاوایەکی هاتە لام ووتی من ناوم بێستونە حەزدەکەم ، بەیەکەوە قسە بکەین ..

ووتم فەرموو .. هەندێك دەردە دڵی قەیرانی بۆ کردم و سوپاسی زۆری دەربڕی و ووتی حەز دەکەم ، سەردانێکمان بکەیت ..؟

ووتم باشه بەسەر چاو .. کەچووم تەماشای ماڵەکەیم کرد .. مامۆستا بوو .. تەلەفزیۆنی فرۆشت بوو .. سەلاجەی نەمابوو ، ئەڵقەی پەنجەی خۆیو خێزانکەی فرۆشتبوو ، بەو سەرمایە زۆپا و نەوت لەماڵیدا نەبوو ، خاوەنی ٣ منداڵ بوو .. ووتی کاک خەسرەو ئەوە حاڵو گوزەرانی منە، من خزمی سەرهەنگم ..!!

کەوتی خزمەی سەرهەنگم .. ئای چ برینێکی کولاندمەوە

منیش دانیشتم باسی رووداوی سەرهەنگم بۆ گێرایەوە

زۆر ماندوو بووم .. زۆر هەوڵمداوە، زۆر گریاوم .. زۆرم پەیدا
.. کردوە و زۆریشم لەدەست داوە
وا ئەم ساڵ کە ساڵی ٢٠١٧یە دەبمە ٤٠ ساڵ و ژیان دەکەم ،
..هەست دەکەم یەك سەدەیە من دەژیم

ئەوەی خۆشەویست بوو لەدەستم داون .. یان جوانتر بڵێم
خۆشەویستانی زۆرم لەدەست داوە، ئەوانەی کە ماون
وخۆشەویستن هێندەی ئەوانەنین کە ڕۆشتونتە جێگای
حەقی خۆیان.. ئەگەر هیوایەکی نوێ و پاشان ڕێگری نەکرایە
لە مردن بەدەستی مرۆڤ خۆی دەمێك بوو ئارەزووی چوونم
.. دەکرد بۆ لای ئازیزان

شەوێکیان بەدەم گریانەوە ئارەزووی مردنم دەکرد ، بەدەم
خۆمەوە سۆزیکم دەکرد دەمووت:

ئەوا ڕۆشتن ئازیزان .. بەجێیانهێشت هەوارگەی ژین
ساراو دەشت و کۆی دڵی من.. لەسایەیدا بوون بە برین
مردن وەرە و لام چۆڵ مەکە کەی میواندار من دەکەی
من ئازیزانم هەموو لای تۆن.. کەچی تۆ خۆتم لێ وون
دەکەیت
دە وەرە دەی هەوارگەی ژینی من پێ پەرژینە
ئەم غوربەتەو سەرماو سۆڵە هەناو منی لەتکردوە
..تۆ سەرێك بدە لەم ژینەم بزانە تامزرۆی چیە
کە تۆ هاتی بمبەرەوە بۆ خلودو دام بماڵە لەم ژینە نەهامەتیە

مانای وانیە ، کەسێکی فاشیلم لەژیاندا، .. نا- بلکو سوپاسی
خوای پەروەردگارم دەکەم. لەسەر ئەو هەموو نازو نیعمەتەی
.. بەمنی بەخشییوە

له پاره . له گەنجی ، له ژنی باش ، لەمنداڵی جوان ، له باشترین ژیان، له لەش ساغی ، له سومعەی باش ..هتد.

ئاواته خواستنیش به مەرگ ، تاوان نیه ، له قورئاندا چەندین کەسی باش ئاواتیان به مەرگ خواستوه .. وەك دایکی عیسا سەلامی خوای لێبێت خاتو مەریم .. وەك یوسف .. هتد.

لێرەدا .. ئامانج لەم بەسەرهاتانەی ژیان که بۆ ئێوەی بەڕیزم باس کرد ، مەبەست پێی پێگەیاندی ئێوەیه ، چونکه هەست دەکەم قسەی ئەکادیمی و چوونه ناو باسه ئاکاریەکان ، هێندەی چیرۆکێك کاریگەری ناکەته سەر ناخی ئێوەی هاونیشتیمانیم ..

لەڕاستیدا ناخ و سایکۆلۆژیەتی ئێوەم باش وورد کردۆتەوە، لیتان ناشارمەوه ، ئەگەر بڵێم یەك بەیەکتان دەناسم و له ناو ناخیشیتاندا یاری دەکەم ، بڕوا بکەن کەمم ووتوه ، نەك - لەبەر ئەوەی زانام و، یاخود خوانەخواسته له زانستی غەیبی دەزانم و، یان پەنا دەگرم بەخوا فاڵ بگرمەوه، نا - بەڵام دەرئەنجامی ژیانم لەگەڵتاندا و تێکەڵبوونم به کچان و کوڕان و به پیرو پیاوان و ژنان ئەو ئەزمونەی داومەتێ ، که بەڕاستی شانازی بەخۆمەوه دەکەم که لەخزمەتی ئێوەدام ، ئەمەش له ئێوەوه دەستم کەوتوه ، کەسوپاسی مەعوبدم دەکەم لەسەری ..

بڕوا بکەن؛ دەمتوانی بەزمانێك بنوسم کەس لێم تێنەگات و بڵێم ڕۆشنبیرم و دەتوانم ووشه ڕێك بخم، یاری به ئەدەبیات بکەم .. بەڵام زۆر حەزمکرد بەناختاندا شۆر ببمەوه و لەگەڵ ناخی ئێوەدا قسه بکەم ، هەست دەکەم سەرکەتووبوم

. ..دیسان سوپاس بۆ خوا

ئەم ئوسلوبە ڕاستە ئیرتجالیە گرتومەتە بەر ، واتا شتی ئاسایو سادەو زمانی ناو خاڵکی ئاساییە ئەدەبی ئیرتجالی ئەدەبی کلتوری ناو شەقامە ، ناوخنەکەی پڕیەتی لە رۆشنبیری قورس، بەڵام بەزمانێکی سادە ، وویستومە بۆ دکتۆرێك قسە بکەم ، لەهەمانکاتدا بۆ عەرەبانچیەکیش، لەگەڵ ناخی کچێکدا قسەم کردوە ، هەستم کردوە کوریش دڵی لامە ، قسەم بۆ قوتابیەکی زانکۆ کردوە، لەهەمانکاتدا بۆ دەیان کەسی سەرەتای کە تەنها توانای خوێندنەوەیان هەیە وویستومە ئەوانیش هەر بدوێنم .. ئەم ئوسلوبە- ئسلوبی قورئانیە ..!

چۆن؟

خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردوە کە باسی چیرۆك و مێژوومان بۆ دەکات دەفەرموێت بۆ ئەوانەی کە خاوەنی بیرن و هزرڤانن ئەوانە دەبێت بیری لێبکەنەوە، کەواتە ئەم ئاماژیە بۆ ئەوەیە کە وانەی زۆر گرنگی تێدایە وەك دەفەرموێت
{فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ } { الأعراف:176 }
چیرۆکو بەسەرهاتەکان دەبیتە هۆکاری پەند ئامێز بۆخەڵکی ..!

کەواتە مێژوو زۆر گرنگە دەبێت هەموو ڕەهەندەکانی بخوێنینەوە .. ئەمە چیرۆك نیە ، ئەمە رەهەندی واقیعی کۆمەڵگاکەمانەو مێژووە ..واتا زانستی مێژووە ، .. رەهەندەکانی خوێندنەوەی من بۆ مێژوو بریتیە لە

. ڕەهەندی یەکەم : توراسی میللەتە و گەنجینەیەتی
ڕەهەندی دوەم : پێوەری گەورە پیاوانیەتی بۆ دروستکردنی
. شارستانیەتی و رۆشنبیری
ڕەهەندی سێیەم: یادگارو ئەلبومی خەڵکەکەیە وەك شیعرو
. ژیانی رۆژانەیان
ڕەهەندی چوارەم: پەندو ئامۆژگاری لەسەر وەردەگیرێت و
.خەڵکی لەسەر پەروەردە دەکرێت
ڕەهەندی پێنجەم: ئەزموونی پیاوچاک و خراپەکاران ئاشنا
. دەکەیت بە ئەزموونت
ڕەهەندی شەشەم: مێژوو زانستێکی رابووردووە سودی هەیە
. و پاڵپشتە بۆ ئێستا، باشترین ئەزموونە بۆ داهاتوو

ئێستا لەوانیە هەست بکەن لەناو ئەدەبیاتێکی ئیرتجالیدا ،
ئەدەبیاتێکی ئەکادیمتان ناسیوە بەبێ ئەوەی ماندوتان بکەم
و هەمووتان حەزتان پێکردوە بە تەشویقەوە
!خوێندوتانتەوە..؟

لەهەمووی گرنگتر، وەرزشتان پێدەکەم بۆ ئەوەی سەر لەنوێ
کلتوری خوێندنەوە فێر بن ، کە ماوەیەکی زۆر دوورە درێژە
!لەناو ئێمەدا نامۆیە خوێندنەوە، ئەزانن؟

وویستم فێری ئەوەتان بکەم .. کەژیان بریتینیە لەکات ..
ژیان بریتیە لە ئێمە ، جوانتر پێتان بڵێم ئەوە کات نیە
!. کەدەڕوات ئەوە ئێمەین دەڕۆین

ئەمەوێت پێتان بڵێم خوای گەورە هەمیشە خۆشی دەوێن ،
بەومەرجەی تەکەبورمان نەبێیت و خۆمان بەزل نەزانین
.. لەئاستی توبەکردنو تاوانەکانماندا

..هاوینی ساڵی ١٩٩٥ .. زۆر تۆبەم کردو توبەکانم شاکاند شەوێکیان پەروەدگارم لە خۆم ڕەنجاند ..ئیتر وام زانی خوا خۆشی ناوێم..

چوومەناو جێگاکەم چەند دلۆپێك لە فرمێسك بەچاومدا هاتە خوارەوە و خەوم لێکەوت..

بەیانی .. دایکم خەبەری کردمەوە و ووتی: نازانی ئەم شەو چ بارانێك باری.

لەمەملکەتی عیشقدا ئەوەم بۆباسکردن ناڕاستەوخۆ کە خوای گەورە کەی پێت پێدەکەنێ..؟

ئەوکاتەی کەنزادەکەیت و لات وایە مەحاڵە و نزاکەت گیرانابێت.

ئەمویست پێتان بڵێم : ناوچاونمان هەموو بخەینە سەر خۆڵ بۆ سوجدە بردن ، تەنها شایەنی عەزمەتی مەعبودمان الله یە .. ، یاخود فێربن و بڵین

یا فتاح

.. واتا کلیلی دڵی من لەدەستی زاتی تۆدایە

بۆنی نایابی بەهەشتت لە هەموو ناوە و سیفاتە جوانەکانتایە..

ئەیانخەمە سەر برینەکانی دڵم..

فەرموتە.. الجبار..م

واتا تۆڵەی دڵشکاوان وەردەگرێتەوە..

فەرمووتە الشافی..م

واتا زاتێکە کە شیفای ، هەموو برینە قوڵ و بێدەرمانەکان ئەدات..

هەوای دڵمان سوك دەبێت .. کاتێك کە زمزمەی ناوە جوانەکانت دەکەین لەگەڵ سیفاتە بەرزەکانت..

ئەمەویّت لە مەملکەتی عیشقدا فێربین .. بڵێن حەزرەتی مەعبودی ئێمە .. تۆ نزیکی زۆر دڵنییان، بەڵام ئەوە ئێمەین .. ڕەگی گەردنمان نادۆزینەوە ، بمانبەخشە بەگەورەی خۆت بەجدی وویستم فێربین .. کە هەندێك جار خوای پەروەردگار ئەوەندە زوو بەدەم داواکاریەکانمانەوە دێت، کە بڕوا ناکەین، ئەوە لەلایەن خوای موتەعالەوە بێت.. دەڵێن بەخوا شانسێکی باشمان هەیە..!!

بۆیە دەبێت بڵێن : پەروەردگارا ئێمەی هەموو بێچارەین تەنها زاتی بەرزت چارەیە..
ئێمە هەموو بێدەسەڵاتین تەنها زاتی بەرزت دەسەڵادارە.
مەملەکەتی عیشق بریتی بوو لە :-
هەمیشە سەرم بەرزە، چونکە لای سەروومەوە خوای گەورەیە ..
کەواتە پێویستە بڵێن : اللهم اغفر لی..
کە ئەمانەتەکەتم پیس و ڕەش کردۆتەوە..
اللهم اغفر لی..
کە من ئەو منەنیم کە پێت سپاردم..
اللهم اغفر لی..
کە زاڵم دەرچووم ئەو پەیمانەی بەتۆم دابوو شکاندم
اللهم اغفر لی..
خوایە لێم خۆش بە، شکستەم بەخۆم، سەربەرزم بە زاتی تۆ.

کەواتە منیش وویستم لەم مەملکەتەدا بڵێم : کاتێك دەتەوێت ژیان و هەست و نەستی خۆت بنوسیتەوە ،ڕێگا مەدە کەسێکی دیکە لەجیاتی تۆ قەڵەمبگرێ بەدەستەوە..!

نمونەی وەك تۆ تەنها یەك دانە هەیە لەهەموو جیهاندا ،
.کەواتە قەدری خۆت بزانە هاوڕێ گیان
ئاگاداربن لەوەی مەملەکەتی عیشق پێ ووتین : ئەوەی خوای
پەروەردگار دەیبەخشێت کۆتایی نیە ، ئەوەی کەخەڵکی
.بیبەخشێت بەردەوامی نیە

ئەم مەملەکەتە ووتەی تایبەتی هەیە بریتی بوو لەوەی کە پێ
:ووتین

.. سختە قەڵەم بیت و دڵتەنگ نەبیت
.. لەگەڵ تیغدا ڕێ بەکەیت و بەرد نەبیت
..سختە کەدڵت بتاشن بەقەڵەمدادەر و پێبکەنیت
.. لەگەڵتا بجەنگو تۆ هەر لەخەیاڵدا بیت
..لە دەردی دڵی شاعیری عاشق بنوسیت
..لەگەڵ خەڵکی سەد ڕەنگدا هەمان ڕەنگ نەبیت
هەروەك قەڵەم پاڵبدەیتەوە بەیەك قاچ...بەڵام
..هاتە سەری خۆت شەل نەبیت
..سەختە بزانیت و لێو لە لێو نەترازێنیت
.. سەختە خۆت بیت و بێ ڕەنگ نەبیت
کاتێك کە قەڵەمی دایە دەستم حەزرەتی ئوستاز
.ووتی خوای پەروەردگار وویستویەتی کە دڵ تەنگ نەبێت

لێم تێگەیشتن ؟ کۆتایی پێبێنم ؟

.. نا بڕوا ناکەم تۆزێکی ترتان بۆ باس دەکەم

لێرەوە سەرەتایەکی نوێیە ؛ قۆناغێکی تر دەستپێدەکات ،
دەشێت لە بەشێکی تردا بێمەوە لاتان و ژیانێکی تر بۆ ئێوە

باس بکەم، کە ئەمجارە لێوان لێوبێت لە ئەزمونی پیاو وپیریەتی..

ئێستا وامان لێهاتوە لەم کۆمەڵگایەدا هەرچی دەکەین ئاساییە ، بەس گرنگ ئەوەیە خۆمان نەبین ، دەبی هەوەڵ بدەین کە خۆمان زیندووبکەینەوە ، چونکە ئەم جیهانە زۆر گەورەیە جێگای هەموومان دەبێتەوە ، پێش ئەوەی کە تۆ جێگای خەڵکی تر بگریت ،جێگای واقعی خۆت بدۆزیتەوە..

ئازیزانم ناتوانن باش بن .. ئەگەر باشترینیش بن .. هەندێك هەر باشتان نالێن ، کەواتە خۆت چۆنیت ئاوا خۆت دەربخە .. پێویست بە نیفاق ناکات ..

پێوییست ناکات هەموو شەوێك ئەو درۆیە بکەینو بڵێین دەچین دەخەوین..
ئەو سەرینەمان لببێتە سینەماو بە ڕابوردما بچینەوە ..
یان پەنجەرەیەکمان بۆ دەکریتەوە بەدەم گریانی رابووردمانەوە سەر دەنێینەوە ..
کێشەکەش لەوەدایە ناتوانین تا ئێستاش ئەوەی ئەمانەویت بیلێین .؟!!

ئینجا بە ماندووبونێکی زۆرەوە دەڵێموە پێتان بۆیە ناگەینە مەملەکتی راستی، حەتمەن خەلەلێك هەیە..
دوای تۆزێك لە ئارامی؛ هەست دەکەم چاکردنی خەلەلەکە دەبێت بە
بە چاکسازی وئیرادەی ئەبوبەکر بێت
دادپەروەی عومەری لەگەڵ بێت
بە بەخشینی عوسمان بوونی هەبێت

به ئارامی عەلی دروست دەبێت
واتا بە شۆرشی هاوەڵانی محمد چارەسەردەکرێت صلی الله علیه وسلم

تەواو بووم، بەڵام لە بەشی یەکەمدا لە کوێدا کۆتایی هاتووە ، لە بەبشی دووەمدا لەوێوە دەست پێدەکەینەوە .

کەواتە لێرەوە سەرەتایە.. نەك- کۆتاییی.. جاری دانیشن بەخێر..
فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ
جا لە ئایندە دا ڕۆژێك دێت، ئەم قسانەی منتان بێتەوە یاد، ئێستاکەش من خۆم و کار و بارەکانم دەدەمە دەست خوا و پشت بە خوا دەبەستم، چونکە بێگومان خوا بینایە بە بەندەکان.
چاوەڕوانی مەملەکەتی ئاتیستەکان بن ، واتا مەملەکەتی ئیلحاد کەناونیشانی بەم شێوە دەبێت، بەپشتیوانی خوای پەروەردگارم

مەملکەتی مولحیدەکان و سەراب ..

ئەی ئێوەی خوێنەر قسە بۆ من ناکەن ؟ چیت هەیە پێم بڵێ با بیخوێنمەوە ئەو ناودڵی خۆتم بۆ باس بکەو مەترسە ..چاوەڕێم وبەلاتەوە دانیشتووم؟ .. دەی بزانم چیت خوێندەوە چی لەمن تێگەیشتی؟

سلاو بەناوی خوای گەورە هاورێیان داوای لێبردون ئەکەم لە هەر
کەموکوریەک بمبوورن خوێنەرە بەرێزەکان 😳😳

